# کەلیدەر

مەحموود
دەوڵەت
ئابادی

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی
شەشەم



ناوی کتێب: کەلیدەر (بەرگی ئەکەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تایپکار: سەرکەوت فایەق
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان _ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# گەلیدەر

وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (٠٠٠ ـ ٠٠٠)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**




# بەرگی شەشەم

١٨٤١
کەلیـدەر
بەرگی شەشەم

# بەشی شانزەهەم

١٨٤٤
كەیدەر
بەرگی شەشەم

**بەندی یەکەم**

سەرخۆش و نەشە و گورجوگۆڵ، عەباسجانی کەلایی خواداد سواری ئەسپی ئەربابی داژووت و خاکی ڕێگەی بە سمی ئەسپی سەرمەست، ناڵکەن ئەکرد و تۆز و خۆڵی پاش کلکی ئەسپەکەی ئەدایە دەس سروەی دەمەو ئێوارە. بە فیشەی لووت و دەنگی سمی ئەسپ، شێرۆ کەرە ڕەشی لادا، بۆ ئەوەی سواری بەپەلە تێپەڕێ. بەڵام عەباسجان بیمێنێ بۆ لایان لەغاوی کێشایەوە، ئەسپەکەی هێور کردەوە و توێژێکی تۆز و خۆڵی کرد بە سەریاندا. شێرۆ بە لۆی هەورییەکەی دەم و لووتی گرت و بۆ ئەوەی سوار تێپەڕێ، چاوی لێکنا. بەڵام فیشەی پەڕەی لووتی ئەسپەکە و تەقەی لەغاو لە بن ددانیدا وای دەرئەخست کە سوارەکە بیر و مەبەستی تێپەڕینی نییە.

نە ماهدەروێش توانای ئەوەی هەبوو سەری لە سەر بوخچەکە بەرز بکاتەوە و سەیری عەباسجان بکات و، نە شێرۆش دڵ و دەماخی ئەوەی هەبوو، بەو جۆرەی عەباسجان بە شەوق و ڕووداماڵراوی ئەیویست، لێی بڕوانێ. وا باشتر بوو سوار بە هەمان خێرایی کە هاتبوو، تێپەڕێت، هەرچەند ئەو سوارە عەباسجانی کەلایی خوادادیش بێ. بەڵام وا نەبوو و وا دیاربوو کوڕی کەلایی خواداد ئەیەوێ خۆیەک گیڤ بکاتەوە و سوارە بوونی خۆی بدا بە چاوی شێرۆ و ماهدەروێشدا. هەرچەند ئەمان دڵ و چاوی بینینی

ئەو شانۆگەرییە خوێڕیانەیان نەبوو.

عەباسجانی کەلایی خواداد، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو سووکایەتیەی پێی کرابوو، قیت و قۆز لە سەر ئەسپەکە دانیشتبوو و لە بڵێندایی جێگەکەی خۆیەوە بە شێوازێک کە گفت و زمانی ئەو نەبوو، پرسی:

ـ هاوسەفەرەکانتان چییان لێهات، ئەی؟... لەپڕ بەجێیان هێشتی؟

هەرچەند عەباسجانی کەلایی خواداد شێوازێکی لە قسەکردنی خۆیدا بەکار هێنابوو، بەڵام ئەمە لە ڕادەی تەشەر و گەستنە مڵۆزم و خوێڕیانەکەی ئەوی کەم نەئەکردەوە. بەڵکوو، دزێوی و نگریسیەکی زیاتریشی پێ ئەدا. ڕوون بوو کە شێرۆ ئەبوایە شتێک لە وەڵامی عەباسجاندا بڵێ. بەڵام شێرۆ بەو گوشارەی کە لە بوونی عەباسجان بە سەر مێشک و گیانی خۆیەوە هەستی پێئەکرد، حەزی لە وتنی تەنها یەک وشە و یەک سات بینینی ئەو نەبوو. بە ناچاری بەڵام، خۆی بە لێخوڕینی کەرەکەوە خەریک کردبوو و وەک بڵێی لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ هەر کەس بە ڕێگەیەکدا ڕۆیشت.

عەباسجان بەو جۆرەی کە بڵێی پرس و جۆ ئەکات، وتی:

ـ نادعەلی بیستم لەگەڵ دەستەی جەندەرمەکان ڕۆیشت، بەڵام ئەو دوانەیتر، ئەوان چوون بۆ کوێ؟! پینەچی و ئەویتر؟

شێرۆ وتی:

ـ لە دواوە بوون. هاتی، نەیانت بینی؟

پرسیارەکەی شێرۆ، عەباسجان پشت گوێی خست و کەوتە دوای لێکۆڵینەوەکەی خۆی:

ـ ئەو دووانە هەر کامەیان بە جۆرێک لە خۆیان ئەترسن. هەر دووکیان چاویان ئەکەوێ بە جەندەرمە، خۆیان پیس ئەکەن؟ وەک وتراوە، تراو ئاگای لە خۆیەتی. خۆیان ئەزانن چ چەپکە گۆڵێکیان داوە بە ئاوا، هەه! سەرت دائەخەی شێرۆ؟ وائەزانی

ئاگام لە کاری هیچکامیان نییە؟ ها؟!
شێرۆ، ڕوانیە عەباسجان کە وەکوو ئەرباب زادەکان لە سەر ئەسپ دانیشتبوو و قنج لە سەر ئەسپەکە خۆی ڕاگرتبوو، وتی:
ــ من سەرم بە ڕۆژەڕەشی خۆمەوە بەندە، عەباسجان. غەمی خۆم کەم نییە دابنیشم و چاو ببڕمە کاری ئەم و ئەو.
عەباسجان بە تەوسەوە وتی:
ــ باشە ئیتر. ئەم فەرتەنەیە هەمووی لە بن سەری براکانی تۆدایە. لەژیر سەری کەلمیشیەکان‌دایە. تێکڕای ئەم ئاگرانە براکانی تۆ کردوویانەتەوە. بەڵام تۆ کە خوشکی گوڵمحەمەدی وا خۆت پیشان ئەدەی لەم دنیایەش‌دا نیت!
شێرۆ بەناچاری وتی:
ــ من ڕۆژێک لە کەلمیشیەکان بووم. بەڵام هەموو دەرودنیا ئەزانن کە ئەوان نکووڵیان لێکردم. تۆ خۆت لە هەموو کەس باشتر ئەزانی. پرچیان بڕیم، پەلکەی قژم کە براکەم بڕی، ئەوە ئەگەیەنێ کە من ئیتر لەوان نیم. لەوە زیاتر چیم بە سەر بێ تا تۆ باوەڕ بکەی من کارم بەوان نییە؟
عەباسجان بە مایەیەکی گەپجاڕییەوە وتی:
ــ شەیتان هەوساری ڕائەکێشام بچم بۆ بەردەرگای کاروانسەرا و بە خان نایب بڵێم تۆ خوشکی گوڵمحەمەدی، بەڵام لەپڕ دڵم بەزەیی پیاهات و نەحلەتم لە شەیتان کرد. ڕەنگە نازانی خان نایب و دەستەکەی بۆ کوێ و بۆ چ کارێک غاریان داوە؟ ها، زانیوتە؟
بە ئەنقەست شێرۆ وتی:
ــ نەء!
عەباسجان لە سەر ئەسپەکە خۆی بۆ لای شێرۆ دانەواند و وتی:
ــ نەء! یانی ئەوەندە کەم هۆشی؟!
لە خامۆشی شێرۆدا، عەباسجان خۆی ڕاستکردەوە و وتی:

ـ ئەوان لە گوڵمحەمەد ئەگەڕێن؛ تێگەیشتی؟!... ئا، بەڵێ، براکەت زۆر گرنگ بووە! خان نایبیان لە قۆچانەوە ناردووە کاری گوڵمحەمەد یەکسەرە بکاتەوە. ئەم برسیە گەدا پینەچیش ڕێی لار کردەوە، هەواڵ بۆ گوڵمحەمەد ببات. ئاخر ئەویش هاوڕێی گوڵمحەمەدە!

شێرۆ وتی:

ـ من نازانم کێ هاوڕێی گوڵمحەمەدە و کێ هاوڕێی نییە.

بە بێ گوێدان بە گوتەکەی شێرۆ و وەک بڵێی هیچی نەبیستووە، عەباسجان وتی:

ـ ئاخرەکەشی یەکێک لەو کەسانەی کە گوڵمحەمەد بدات بەدەست جەندەرمەکانەوە هەمان ئەو پینەچیەیە. لە بیرت بێ کەی ئەم قسەیەم پێوتوویت!

ـ بۆ ئەم قسەیە بە من ئەڵێی؟

ـ بۆ ئەوەی بە براکەت بڵێی بڕوا بەو ڕێویە نەکات.

ـ گوێت نییە کە وتم براکەم من نادوێنێ و لەگەڵ من قسە ناکات!

عەباسجان بە تەشەرەوە وتی:

ـ ڕەنگیشە کردی! دنیایە، کێ چووزانێ لەپڕ بینیت برا لەگەڵ خۆشکی خۆی ئاشتی کردەوە! خۆشک و برایی خۆ ون نابێ؟ لە نێوان خوشک و برا، برا و برا دڵتەنگی هەیە، دڵگیر بوون هەیە، ڕق و تووڕە بوونیش. هەندێ جاریش هەیە وەکوو سەگ و پشیلە بەرئەبنە یەکدی. بەڵام هەرچی چۆن بێ، کێرد دەسکی خۆی نابڕێ. کاتی تەنگانە یەکدی ئەدۆزنەوە. ئاتاجی و پێداویسی بەکەم مەگرە شێرۆ. من ئەو ڕۆژە ئەبینم کە گوڵمحەمەد پەنا بۆ قەرەچیش ببات، چ جایە تۆ کە خوشکی ئەوی.

لە ئاوڕدانەوەی شێرۆ بۆ عەباسجان، گلێنە ڕەشەکانی چاوانی شێرۆ وەکوو دوو سکڵی ئاگر چزان بە ناوچەوانی کوڕی کەلایی خوادادا. بەجۆرێک کە تەنانەت ئەوی، بە دەمامکی

بیشەرمیەوە کە نابووی بە ڕوخساریەوە، ترێق کردەوە. شێرۆ لە هەمان کاتدا کە ئەو نیگایەی بڕیبوویە عەباسجان وتی:

ــ تۆ ئیتر چ کینەیەکت لە گوڵمحەمەد هەیە عەباسجان؟!

عەباسجان وەک بڵێی چاوەڕوانی پرسیارێکی وای نەکردبێ، بە جاڕسی وەڵامی دایەوە:

ــ کینە؟!... هیچ!

ــ گوڵمحەمەدی کەلمیشی تا ئێستە دەرهەق بە تۆ خراپەی نەکردووە، کردوویەتی؟

ــ نا، چ خراپەیەک؟

ــ ئەی بۆ شیرت لێ هەڵکێشاوە؟ مووچە و پارەت ئەدەنێ لە بری ئەمکارەت؟ ها؟ کێ مزت ئەداتێ؟ ئەربابەکان؟ کامیان مز و مووچەی بۆ بڕیویتەوە؟ ئالاجاقی؟ یان... یەکی‌تر؟ ئەگەر مز و مووچەت ئەدەنێ، کوا بەز و دووگت؟ کوا قەفی گەردنت؟ تۆ خۆ لە ئێمە خراپتر قەت هیچت نییە! نەکا دڵت بەوە خۆش کردووە مووچەت بۆ ببڕنەوە؟ یان ئەوەی لە ئەسپ سوار بوویت و پێت وایە لەوانی؟ لەو سەرە دانیشتوویت و ئەندێشەی ئاغەواتی هەڵیگرتووی؟ ها؟ ئاخر تۆ چ جۆرە ئادەمیزادێکی؟ چ جۆرە مرۆڤێکی کە ئەتوانی بە خوتوخۆڕایی دوژمنایەتی بکەی؟ لاشت گرنگ نییە لەگەڵ کێ بووی بە دوژمن! ئاخر مەگەر تۆ لە مەمکی سەگ شیرت خواردووە؟!

ــ ئاو... ئاو... ئاو...

داوای ماهدەروێش کە دەرد و تینوێتی لە زمانی ئەتکا، قسەکەی شێرۆی بڕی و دەرفەتی دا بە عەباسجانیش تۆزێ بیر بکاتەوە لەوەی کە ئەیڵێ. شێرۆ کەرەکەی لادا و بۆ دەرهێنانی جەوەنەکە دەستی کرد بە ناو گیرفانی تێرەکەدا. ماهدەروێش سەر و سینەی بەرزکردبۆوە، دەمی داچەقاندبوو و زمانی وشکی دەرهێنابوو. شێرۆ ئەبوا لە سەر بەرزایی بوەستێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئاو بکات بە دەمی ماهدەروێشەوە. بۆیە کەرەکەی بردە

لای بەردێکی زلەوە کە لە خاک چەقیبوو بۆ ئەوەی جارێکی‌تر تینوێتی کام و زمانی دابمرکێنێتەوە. ماهدەروێش ئەمجارەیان خۆی گەرووی جەوەنەکەی گرت و ئەیویست هەر هەمووی بخواتەوە. بەڵام شێرۆ جەوەنەکەی نیوەکارە لە دەست و دەمی دەرهێنا و لە کاتی گرێدانی سیرمەی ملی جەوەنەکەدا بە توندی وتی:

ـ ئەتەوێ خۆت بتەقێنی؟!

ماهدەروێش ناڵاندی:

ـ کچێ لێم گەڕێ با دەمم تەڕکەم، بێ بەزەیی!

بەڵام چاوەڕێی وەڵامیشی نەکرد و سەری نایەوە سەر بوخچەکە و ئەتوت بوورایەوە. شێرۆ جەوەنەکەی خستەوە ناو تێڕەکە و بەو هیوایەی عەباسجان لە کۆڵی ببێتەوە و بڕوات، هەچەی لە کەرەکە کرد. بەڵام ئەسپی ئەربابی لەتەک شێرۆ هاوپێ ئەڕۆیشت و عەباسجان کە ئەتوت نایەوێ ڕێگە بەو بێدەنگیە بدات کە کەوتۆتەوە، وتی:

ـ ئەتوت، شێرۆ!

شێرۆ هەچەی لە کەرەکە کرد و وتی:

ـ لێم گەڕێ با بە دەردی خۆمەوە بتلێمەوە کوڕی کەلایی خواداد. مەگەر تۆ کار و ژیاننت نییە، ئاخر؟!

عەباسجان بە پێکەنینێکی چەپەڵ و مڵۆزمانە، ددانە ڕزاوەکانی دەرخست و بە گفتێکی‌تر وتی:

ـ قسەکانت کاریگەر بوون، نیشتن بە دڵمەوە. ئەزانی، سەری ڕاوەشاندم. چۆن بڵێم؟ تۆ ڕاست ئەکەی. قسەی هەق، هەقە ئیتر. خۆشم تیاماوەمەتەوە، تیاماوەمەتەوە بۆچی هەندێ کار ئەکەم و بۆچی هەندێ قسە ئەکەم! ڕاستەکەت ئەوێ، هەندێ جار دێمەوە بە خۆمدا و ئەبینم خووم بە هەندێ کار گرتووە. ڕاهاتووم. کە سەیری خۆم ئەکەم، بیری دووپشک ئەکەومەوە!

شێرۆ خامۆش و بێ وەڵام دەستی گرتبوو بە ماهدەروێشەوە و هەنگاوی ئەنا. عەباسجان وتی:

ـ بۆم بڵێ شێرۆ، بۆم بڵێ با زیاتر سەرم بجووڵێ. هەرچەند لای خۆم بیر ئەکەمەوە کە کاری من لەمانە تێپەڕیوە. ئیتر لەگەڵ ئەم خوو و ڕەوشتەی خۆم ڕاهاتووم. بووم بە شیاکەی بن پێی گا و گوێرەکە. بووم بە بەرد و ئیتر ناگۆڕێم. خۆ ئەزانی ئەمەویٚ بڵێم چی؟!

شێرۆ دیسانەوەش خامۆش بوو. هیچ هاوزمانی و پەیوەندییەکی لە نێوان خۆی و عەباسجانی کەلایی خوادادا نەئەبینی. نەخوازە لەوەش کە تا ئێستە وتبووی نارازی و ژێوان بوو. بەڵام وا پێ ئەچوو عەباسجان دەس هەڵناگریٚ. لە بەر ئەوەی نەشە و سەرخۆش بوو. ڕەنگیشە لە بەر ئەوەی نەی ئەویست ئەم کاتی سوارە بوونەی بە توندی و بە پەلە تێپەڕێنیٚ. بۆیە بە ئارامی سەر و شانی لە سروەکە وەرگێڕا، جگەرەیەکی بۆ خۆی داگیراند و قوتوە شەمچەکەی خستەوە گیرفانی ئێلەکەکەی و وتی:

ـ لەخۆڕا، هەڵبەت باش نییە مرۆڤ لەخۆڕا کارێک بکات یان قسەیەک بکات. بەڵام زۆر کەس هەن لەخۆڕا لەگەڵ گوڵمحەمەد دۆستی ئەکەن. وانییە؟... ئەی بۆ بێدەنگی؟ بۆ باسی ئەوان ناکەیت؟!

وا دیاربوو ئەو بێدەنگی و سەرڕەقیەی شێرۆ ڕادەی خۆڕاگری عەباسجانی تێپەڕاندبوو. چونکە شێوە و گفتی عەباسجان جارێکیتر سروشت و خووی خۆی دۆزییەوە و زمان و گفتی لە نەرمی لای دا و ڕووت و ڕووحیز وتی:

ـ وەڵامی قسەی هەق بۆ نادەیتەوە؟! چونکە بە قازانجت نییە؟ ها؟ خۆت باش ئەزانی باسی کام دۆست و هەڤاڵی براکەت ئەکەم. ئاخر گوڵمحەمەدی ئێوە دۆست و هاوڕێی جۆراوجۆری هەیە! ڕەنگە هەڤاڵەتی هەندێکیان بیٚهۆ نەبیٚ! وانییە؟ لەخۆڕا نییە گوڵمحەمەد لە ئەفغانەکان ئەیانپارێزیٚ؟ ها... زۆر بیٚ زمان بوویت شێرۆ؟ بۆچی کە قسەی هەندێک دێتە بەرەوە لاڵ ئەبی؟

ڕەنگە لە کەلاکی ئەم شووە تریاکیەت تریّق ئەبیتەوە؟ ها، چ بیریّکت کردووە؟ پیّت وایە ماهدەرویّش نازانیّ؟ ها؟ کام پیاو هەیە لە ڕیّ ڕۆیشتنی ژنەکەیەوە پەی بە زۆر شت نەبات!

شێرۆ ئیتر خۆی پیّ ڕانەگیرا و نەیتوانی لەوە زیاتر گویّ لە قسە قۆڕەکانی کوڕی کەلایی خواداد ڕابگریّ و هیچ نەڵیّ. بۆیە لەپڕ سەری هەڵێنا و بە کۆڵێک ڕق و تووڕەییەوە لە عەباسجان مۆڕ بوویەوە و وتی:

ــ ئەچی بە دوای کاری خۆتدا، یان هەر لێرە ئەم دارە ببڕمە قنت، خۆێڕی؟!

عەباسجان دای لە قاقای پێکەنین و بە شادمانیەوە هاواری کرد:

ــ بەقەد جوانوویەک زیرەکی تۆ، شێرۆ! ئافەرین! پیاو دەمی نەکردۆتەوە تۆ ئەزانی ئەڵێ چی. ئاخر خۆ من هێشیا ناوی شەیدام نەبردبوو! من خۆ هێشتا باسی شەیدام نەکردبوو کە تۆ بەو جۆرە جنێوم پێ ئەدەی؟! تۆ لە کوێی قسەکەی منەوە زانیت کە من باسی شەیدا ئەکەم؟ ها؟ خۆ من نەم ئەویست لای شووەکەت باسی کوڕی بوندار بکەم. ئاخر ئەمە ڕاست نییە کە... من خۆ ئەوە ئەزانم ماهدەرویّش کە ناوی شەیدا ئەبیسیّ حەوت بەندی لەشی تەزی پیادیّ! ئێستەش تۆ خۆت باست کرد ئەگینا من وەها نیم... من بەس ئەمویست گاڵتەیەکم کردبیّ. من خۆم کە پێم وانییە هەڤاڵەتی شەیدا و گوڵمحەمەد درێژە بکێشیّ. نەوەڵڵا! بۆچی ئەبیّ ئەم سەیدە ڕەبەنە ئەشکەنجە بدەم؟... هەرچەند ئەم جۆرە شتانە لەم دنیایەدا خۆ تازە نین؛ تازەن؟ سەیری ئەم برایەی من بکە، ئەم قەدیرە! مەگەر ئەو خوێرییە بیّنینۆکە، مەگەر ئەم برا شیرینەی من نەبوو کە لەگەڵ ژنی خاڵۆمان، لەگەڵ ژنی خاڵۆی خۆی؟ ها؟... بۆچی؟ هەموو قەلاچیمەن و هەموو ئەم مەڵبەندە هەواڵی ئەو ڕیسواییە ئەزانن. هیچیش نەبوو. ئەمکار و کردەوانە تازە نین!

شێرۆ وەک بڵێی وردە شووشـە لە بن ددانەکانی‌دا بێ، وتی:
ــ ئێوەی جووتە برا بۆ ئەوەندە، خوێڕی و هیچ و پووچن؟!
یەکتان لەوی ترتان نمەک بە حەرامتر و دایک قەحبەترن!
عەباسجان جارێکی‌تر پێکەنی. پێکەنی و بەس پێکەنی.
شێرۆ هیچ چارەیەکی نەدۆزییەوە جگە لەوەی ملی کەرەکە بگرێ و ڕایکێشێ بۆ قەراخ ڕێگەکە و بۆ دەربڕینی تووڕەیی بێ توانا و نارەزایی بێکەسانەی خۆی، لەوێ بوەستێ و نەفرەتی نیگای ببارێنێ بە سەر عەباسجان‌دا. عەباسجان بەڵام دەست بەردار نەبوو. دابەزی و داوای ئاوی کرد:
ــ زمانم بووە بە دڕکی بیابان!
شێرۆ جەوەنەکەی دا بە عەباسجان. عەباسجان دەم و گەرووی شۆرد، ئاوی خواردەوە و جەوەنەکەی دایەوە بە شێرۆ و وتی:
ــ بەڵام من... قەدیر نیم! من هەرگیز وەکوو ئەو خوێڕی و بێ نینۆک نەبووم. من لە شەرم و ئابڕوو تێ ئەگەم. بۆخۆم ماڵ و ژیانم هەیە. خێزاندارم، ژنم هەیە. لە مەشهەد ژنم هەیە و چاوحیزیش نیم. لە سەرەتاشەوە چاولەوەڕێن نەبووم. هەتا ئەمڕۆش پەڵەیەکی ڕەشم لە پاش خۆم بەجێ نەهێشتووە. بەڵام... هەندێ کاری وا ئەکەم بە دەستی خۆم نییە! بکەوینە ڕێ، بابڕوین. کاوێژی مرۆڤ ئاخافتنە ئیتر. قسە ئەکەین بۆ ئەوەی ڕێگەکە کورت کەینەوە!
شێرۆ بە ناچاری هەچەی لە کەرەکە کرد. عەباسجان لەغاوی ئەسپەکە بە دەستیەوە، لەتەک شێرۆوە و لە بەر لمۆزی ئەسپەکەیەوە کەوتە ڕێ و، شوێن قسەکەی گرت:
ــ نەء! من هیچکات خوێڕی و چاوحیز نەبووم. خوای بانی سەر ئاگای لێیە کە نموونەیەکیشم بە بیردا نایەت؛ یەکجاریش! بەڵام... هەندێ جار هەندێ شت ئەکەم بەدەس خۆم نییە! شەیتانێک لە دەروونم‌دا هەیە و ئەو شەیتانە ئەو کارانەم پێ

ئەکا. وام لێ ئەکا کاری وا بکەم کە هیچ حەزم لێی نییە. بەڵام کە ئەو کارانە ئەکەم و باش بیری لێ ئەکەمەوە ئەبینم لە بەر ئەوەیە کە لە بیرم نەچێتەوە... ڕاستەکەی هەندێ جار، هەندێ جار لە خۆم ئەترسم. نەک پێت وابێ کاتێک کە ئەو کارانە ئەکەم لە خۆم ئەترسم؛ نا! بە پێچەوانە کاتێکە هیچکارێک ناکەم لە خۆم ئەترسم! خۆف هەڵم ئەگرێ کە نەکا خوا منی لەبری دیوارە پووکاوێک ئافراندووە! بۆیە کاتێکە کارێک ئەکەم -کارم بە چاک و خراپەکەی نییە- تەنها ئەو کاتەی کە کارێک ئەکەم، تۆزێ ورە پەیدا ئەکەم و هیوادار ئەبم. واتە حەز ئەکەم کە کارێکم کردووە؛ کارێکم کردووە. هەرچەن ئەو کارە بە زیانی خەڵکیش بێ. بۆم گرنگ نییە ئەو کارەم بە زیان یان بە قازانجی خەڵکی بێ. ئەوەی ڕامی گرتووە، ئەو کارەیە کە ئەیکەم. ئیتر کارم بە بەهەشت و دۆزەخەکەی نییە. ئەڵێن بووم بە خوێڕی و گڵاو، دەیجا با ببم! نزمی و گڵاوی یان بڵێندی و پاقژی جیاوازی چییە؟ ها؟ من ئەوەتا سواری ئەم ئەسپە ئەبم... بەم جۆرە! ئەوەتا سواری ئەم ئەسپەم. سواری ئەسپی ئالاجاقی و ئەڕۆم تا کارێک ڕاپەڕێنم. خزمەتێک بکەم. جا چ جیاوازی هەیە ئەو خزمەتەی کە ئەنجامی ئەدەم بە قازانج یان زیانی خەڵکیتر بێ؟! هەرچی چۆن بێ ئەم خزمەتە بە زیندوێتی ڕام ئەگرێ. هەرچەندە ڕەنگە سەری یەکێکیش تیا ببات ئەمکارە. جا با تیایا ببات! بە من چی؟ سروشتی من ئەمەیە و منیش بەگوێرەی سروشتی خۆمی ئەکەم. تۆ ئەڵێی من چەپەڵ و بەدفەڕم؟ باشە چی بکەم کە چەپەڵ و بەدفەڕم؟ خۆ بەدەس خۆم نییە. لەم دنیایەدا شتێکی سەیر و سەمەرە هەیە کە ئێمە ئاگامان لێی نییە. شتێکی سەیر و سەمەرە هەیە کە بە سەر هەموو گیانەوەرێکی وەکوو مندا زاڵە. شتێکی سەیر و سەمەرە هەیە کە مرۆڤ تووشی تاوان ئەکات! ئەو شتە سەیر و سەمەرەیە چییە؟ ئەوە چییە بەو جۆرە ئەخزێتە دەروونی مرۆڤ و مرۆڤ ئەکا بە کۆیلەی خۆی؟

بە جۆرێک ئاوەزی مرۆڤ ئەدزێ کە مرۆڤ شانازی بە تاوانەکانی خۆشیەوە ئەکات! لەم دنیایەدا خوشکی من، مرۆڤ یان دەلووە یان تاوانکار. سەیر کە، سەیری ئەم ئەسپی ئەربابیە بکە چۆن باڵ ئەگرێتەوە! سەیری من بکە! ئا، سەیری من بکە!

لەبەر چاوانی حەپەساوی شێرۆدا، عەباسجانی کەلایی خواداد لەغاوی سووڕاند و ئەسپەکەی بەو ڕێیەدا کە هاتبوو، بەرەو کاروانسەرای زەعفەرانی دایە غار و ئەوەندە بە خێرایی ئەتوت ئەسپەکە باڵی گرتۆتەوە. لە چاوترووکانێکدا لە ئاسۆی خۆڵەمێشی ئێوارەدا، بوو بە هێڵێکی تۆز و لەچاو ونبوو. شێرو، واق و وڕ چاوی بڕییە ڕۆیشتن و ونبوونی سوار و هەندێکی پێچوو تا بێتەوە بە خۆیدا و هەست بکا، ماهدەروێشی بەرەڵڵا کردووە و کەرەش بە دەم خواردنی قنەگیاوە خەریکە دوور ئەکەوێتەوە.

شێرۆ، بەرەو کەرەکە چوو، دەستی گرت بە ماهدەروێشەوە و کەرەکەی گێڕایەوە سەر ڕێگەکە، بەو هیوایەی عەباسجان نەگەڕێتەوە و -هەمیش پەرۆشی ئەوەی بگەڕێتەوە- هەچەی لە گوێرێژەکە کرد، کە ئەگەر بۆ وچانێکیش بووبێ ڕێگەکە کورت بکاتەوە. بەڵام زۆری نەخایاند زرمەی سمکوتی خێرای ئەسپە هات و شێرۆ ئاوڕی لێدایەوە و ئەسپەکەی بینی کەف ئەچەرێنێ و بەجۆرێک ئەلووشێنێ و با کەوتۆتە لووتی، وائەزانی هەر ئێستە گیانی دەرئەچێ. بە کێشانەوەی لەغاو هەر دوو دەستی ئەسپەکە چوو بە حەوادا و تەختی پانی سینگی بەرز بوویەوە و ئەژنۆی قاچەکانی ئەسپ بۆ دواوە چەمایەوە. شێرۆ لە ترسی کێشەی ڕاگرتنی ئەسپەکە کە ئەتوت شێت بووە، کەرە ڕەشی بۆ لای ڕاستی ڕێگەکە کلدا و باوەشی کرد بە ملی گوێرێژەکەدا. هەر لەم غارە کورتە، بەڵام خێرایەدا، ئارەقە لە گوێ و گەردن و لەشی ئەسپەکە چۆڕەی بەستبوو و ڕوخساری سوارەکەش بە هۆی گەڕانی خێرای خوێن و گەرمای دەرەنگوەخت، شین هەڵگەڕابوو. لە ناو دەنگی فیشەی پەڕەی لووتی ئەسپەکە

-كە ئوقرەی لە بەر بڕابوو و نەی ئەویست بە هێوری هەنگاو بنێت- عەباسجان بە هەناسەی سوارەوە، هاتەدەنگ و وتی:

ــ چاوت لێیە؟! ئەسپێک کە باش کۆزەرە و جۆی خواردبێ و لەکاتی خۆیدا خەوتبێ. سەرخۆش و گورجوگۆڵە. کاتێکیش کە سەرخۆش بێ باش داژوێ. کاتێکە باش باژوێ، مرۆڤ زووتر ئەگاتە مەزڵ. جا مەزڵ و مەبەست هەرچی هەیە! جا تۆ کەرە شەلت لێخوڕە! من ئەڕۆم بە دوای کارێکدا و گیرام ئەو کارە شەڕ بێ!

جگە لەوە ڕانەوەستا. ئەتوت لە ناو پێستی خۆیدا بەند نابێ. لەغاوی شل کرد و سەر و شانی بە سەر کەللەی زینەکەدا چەماندەوە و بە ڕکێفێک -و ئەمجارە بەرەو قەڵاچیمەن- ئەسپی ئەربابی باڵ پێگرتەوە و نیگای مەنگ و ئەبڵەقی شێرۆی لە ناو تۆزی ئێوارەی ناوڕێدا بەجێ هێشت.

ــ شێرۆ... ئاو... ئاو، ئاو... ئاو!

## بەندی دووەم

خۆشی! هەڵچوونی ڕاهی بوون. شۆری سەرگەشتەیی. فیشقە کردنی کتوپڕی وزە شاراوەکانی دەروون، خۆزگەی ژیانەوە. جار و جارێکی‌تر بەخۆدا هاتنەوە. باوەڕ، یان لانیکەم حەزی باوەڕکردن بە خۆدۆزینەوە. هەڵقولان. سەرهەڵدانی ونبووە شەوق ئەنگێزەکانی ئادەمیزاد، بە بێ ئەوەی پێشتر ویستبێتی یان خۆی زانیبێتی. خافڵگیری خۆ بوون. خرۆشی بێ‌توانا یان حەزی خۆ هێورکردنەوە. کشان. هەڵکشان. سەرکەوتن، بۆ سەرەوە چوون. بازدان و پەڕینی کتوپڕ و سەد هەڵبەت نا بەردەوام. شاگەشکە بوونی مرۆڤ. گەشکە. دەرکەوتەی ترسناکی شەوق، تا ئەو سنوور و ڕادەیەی کە لە قەبارە و بارستایی خۆی‌دا جێی نابێتەوە. ئەڵێی پێست و کراژ ئەترەکێنێ، ئادەمیزاد. شەوق و هەبوون، هەبوونی شەوق بە تەواوەتی تێیدا بلێسە ئەکێشێ. ئەکرێتەوە و ئەخەملێ و وەها ئەڕوا لە خۆی دەرئەچێ. خەملاندن و گۆڕان. خۆ لێگۆڕان. خۆی بە یەکی دی ئەزانێ. بە یەکی‌دی ئەناسێ. وای دەرئەخات لەپڕ ڕواڵەتێکی تر، شکۆیەکی تازەی پەیدا کردووە؛ دۆزیوەتەوە. هەست و دارەتێک کە لەمەوبەر، وەک بڵێی تێیدا نەبووە. بەڵام ناکرێ تێیدا نەبووبێ. تێیدا هەبووە. بوونێکی مەنگ و نامۆ. بە بێ ئەوەی خۆی بزانێ لە هەناوی‌دا گەڕاوە و ئەوا ئێستە لەپڕ گەییوە و بۆ دەرکەوتن پشکووتووە؛ خافڵگیرانە.

تامەزرۆیی و حەز و شەوق و هەڵچوون، لەپڕ و لەکاتدا، خۆی خافڵگیر کردووە و ئەوەندە سەمەرە و سەیر، کە خودی خۆشت تووشی سەرسووڕمان ئەکات و بە ناباوەڕی لە شوێنی خۆت ئەت حەپەسێنێ.

«ئەمە منم، ئاخۆ؟! من، من؟!»

بێ ئەڤان و لەنکاو، لە گێژەنی گومان و بڕوادا، لە تەنگژەی دڕدۆنگی و سەلماندندا، عەباسجان وەها لەغاوی ئەسپی ئەربابی ڕاکێشا کە ئەسپەکە بە پاشدا شکایەوە. سمدەستی هەڵێنا، کەوانی گەردن تەنگ، دەم کەفچەرێن و پەڕەی لووت، بە فڕکە:

«چی ئەکەی پیاو؟ ئەسپی خەڵکی کات و ساتێکە شەق بەرێ!»

نەبیسی ترسی شاراوەی دەروونی، عەباسجان لەغاوی پچڕاندبوو و لەخۆی دەرچووبوو. جەوانی و جەوانسەری ڕابردوو ئەتوت جارێکیتر لە ناخیدا بڵێسەیان کێشاوە. کاروان، کاروانسالاریی، دەسەڵات. هێسری جڵەودار. کاروان بە باری کشمیشەوە. زەنگۆڵە و زەنگ و بۆڕە و دەسکەوساری هەورێشمین. حەفتا وشتر، کاراونسالاری، کەلایی خواداد. کاروان، بە ناوی کەلایی خواداد. جڵەودار لەگەڵ کوڕەکەی. هێسری گورج و خۆشڕەوی کەلایی خواداد. عەباسجان. ئەمە عەباسجانە کە ئاژووتووە و لە کاروانسەرای "تگە"ییەکانی عیشقاباد مەزڵی کردووە.

«کۆزەرە بکەنە بەر هێسرەکەی. چا و خاگینەی بۆ ئامادە کەن. بجووڵێ! ئافتاولانی ئاوی گەرم بهێنە. جڵەودار، شەکەتی ڕێیە. ئەبێ سەر و ڕووی بشوات. کاروان ئەمشەو ئەگاتە جێ!»

ماندوو و تۆزاوی، سەری پڕ لە ئەندێشە و نیگای پەرێشان، عەباسجان سەری هەڵێنا و سەیری دەوروبەری خۆی کرد. لە کوێ بوو و کەی بوو؟ ئەم گردە خڕە ئایە هەمان گردی خولامۆ بوو؟ بوو و ئەو کابرایەی کە بەو جۆرە بە دزەدز و بە پەرێزەوە بە لایدا ئەڕۆیشت و چاڵە و چاڵ و بەردە و بەرد بەرەو شۆراو ئەڕۆیشت کێ

بوو؟ ئایە هەمان دلاوەری، هاوسەفەری دەروێش و پینەچی نەبوو؟ بوو و ئەم دلاوەرە ئایە هەمان نەبوو کە لەگەڵ گوڵمحەمەد لە زیندان هەڵاتبوو؟ بوو و ئەم دزەدزەشی بۆ ئەوە نییە خۆی لە چاوی جەندەرمە بشارێتەوە؟ بوو و بێگومان بوو. وایە خۆی بوو. بوو و ئەڕۆیشت تا لە پێچی بزنە ڕێگەی شۆراودا لە چاوان ون ببێ؛ ئەو شوێنەی کە شیوەکە ئەچووە ناو نزارەکەوە.

کە وا بوو، هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدا بوو و نەشبوو و ئەمە خودی عەباسجانی کەلایی خواداد بوو کە هاتبۆوە بە خۆیدا و بە ئارامی ئەسپی بە بناری گردەکەدا داژووت، بۆ ئەوەی بە دڵخوازی خۆی بە قەراخەکەدا سەرکەوێ و دەرفەتی ئەوەی هەبێ ئارەقەی وشک بکاتەوە. بۆ ئەوەی لای جۆگەکە و ڕیزی ڕاستە بیەکانی بەرماڵی بوندار، بە ئاسوودەیی تێپەڕێ و چاوە زەقەکانی کوڕانی بوندار بە تاوەغار و چوارناڵەی ئەسپەکە نەزانێ.

ـ بۆ کوێی ئەبەی ئەو ئەسپە؟!

ـ ئەیگەڕێنم ئارەقەی وشک ببێتەوە!

ـ چیت بە سەر ئەو ئەسپە هێناوە، بێپیر!

عەباسجان لە بەر دەرگای ماڵی بوندار، کە پڕ بوو لە جەندەرمە و خان نایب و ژن و پیاوی کارەکەر و نۆکەر، نەوەستاو هەر بەو جۆرەی کە سینەی دابوویە پێشەوە و شانەکانی تۆزێ ـبەئەندازەی پێویستـ قنج ڕاگرتبوو و لەغاوی ئەسپەکەی لە پشتیەوە بە پەنجە ڕاگرتبوو، نەک وەک هەمیشە، بە لای ڕاستە بیەکاندا بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیشت. جارێکیتر شەیدا لە بانیجەکەوە ڕوو لە کۆڵان، عەباسجانی دەنگدا و وتی:

ـ ئەڵێم ئەو ئەسپە بۆ کوێ ئەبەی؟!

عەباسجان خۆی کرد بە کەڕەی شەربەت و بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت. بەڵام هێشتا چەند هەنگاوێک نەڕۆیشتبوو کە دەستەکانی شەیدا پڕیان کرد بە دەسکەوسار و قۆڵی عەباسجاندا. ئەسپەکە ڕاگیرا و عەباسجان بە تەکانێکی بازووی

شەیدا سووڕێنرا:
ــ وتم ئەو ئەسپە بۆ کوێ ئەبەی؟ مەگەر کەڕی؟!
عەباسجان دیسانەوەش خۆی نەدۆڕاند و وتی:
ــ خۆ وەڵامم دایتەوە! ئەیگەڕێنم بۆ ئەوەی ئارەقەکەی وشک بێتەوە.
شەیدا، هەوسارەکەی لە دستی عەباسجان دەرهێنابوو و خەریک بوو سەری ئەسپەکەی وەرئەگێڕا. عەباسجان پێی وت:
ــ ئەسپەکەم بە ساخی لێ وەرئەگری؛ ئاگات لێی بێ. بە ساخیش درابوویە دەس من، ئەسپەکە!
شەیدا سەری ئەسپەکەی بەرەو دەرگای ماڵی خۆیان سووڕاند و وتی:
ــ نایەوێ ئیتر خۆت شیرین بکەی!
شەیدا، بەرەو ماڵەوە بوویەوە. عەباسجان چووە بن دیوارەکە و لە دوای کوڕی بوندارەوە وتی:
ــ پەیامم بۆ بوندار هێناوە!
شەیدا وەرگەڕا و بەرەوڕووی عەباسجان وەستا:
ــ پەیام؟! ئەی بۆ نایەیتە ژوورەوە؟
عەباسجان وتی:
ــ ئەوێ قەرەباڵخە! بە بوندار بڵێ بێت بۆ ماڵی ئێمە پەیامەکە وەرگرێ!
ــ پێی وایە کێیە!
شەیدا ئەمەی وت و کەوتە ڕێ. عەباسجانیش بە قەراخی جۆگەکەدا کەوتە ڕێ، بە بێ ئەوەی قولاپی پەنجەی لە پشتەوە بکاتەوە و شانە چەماوەکانی وەکوو هەبوون، شۆڕ بکاتەوە.
ــ ئۆغر بەخێر عەباسجان!
عەباسجان بە ئاقاری دەنگەکەدا، سەیری سەرەوەی کرد. سەیدی تەلەفوونچی بوو. پەیژەکەی لە سەر بانەوە نابوو بە دارتێلەکەوە و لە سەر پەیژەکەوە خەریک بوو تەلی تەلەفوونەکەی

چاک ئەکرد.

ــ با لاری کردووە، ماڵکاول!

عەباسجان بە توانجەوە وتی:

ــ چ باسە؟ هەموو کردوویانەتە سەربان!

ــ هیچ باس نییە!... خۆ وتم با...

عەباسجان ڕابرد و بەهەمان مایەی تەشەرەوە کە لە گوتەیدا بوو، وتی:

ــ پێم وابوو دیسانەوەش دڵیان لە هێرشی جیهەنخان داڕماوە!

سەیدی تەلەفوونچی وەڵامی توانجەکەی عەباسجانی نەدایەوە و عەباسجان کاتێکە بە لای دیواری گەرماودا تێئەپەڕی، بیستی:

ــ خراپ گەردنت ڕەپ گرتووە، عەباسجان! بۆ وەکوو پیاو نایەی بۆ یارمەتی.

عەباسجان سەیری ئاراستەی دەنگەکەی کرد. لە سەربانی گەرماو کۆمەڵێک بە هەرەوەز خەریکی سواخدانی دوا پارچەی سەربانی گەرماو بوون. عەباسجان هەروا نیگای بۆ سەرەوە بە تەشەرەوە وتی:

ــ ئێوەش کردووتانەتە سەربان! ماندوو نەبن!

سەمەدی توونچی لە سەر بانەوە سەری کێشا و وتی:

ــ هەرگیز بووە تاقە جارێکیش دەستت بۆ کاری چاکە بچێ؟!

عەبە خڕە، وەستای سواخدان، ناوەی قوڕەکەی لە عەبدولە ڕەش وەرگرت، لە بەردەست و ماڵەکەیدا هەڵی ڕژاند و وتی:

ــ کێ دیوێتی کوڕانی کەلایی خواداد لە هەرەوەزی گشتیدا بەشداری بکەن؟ ئەو ساڵەش کە بڕیار بوو دیوارەکانی فێرگە بەرز بکەینەوە، پیاوێکیش نەهاتن بۆ یارمەتی. هەرچەن بۆ ئێمەش نەبوو بە فێرگە، بەڵام...

عەباسجان بە بێ وەڵام تێپەڕی. میرزای دەلاک، سەبیلەکەی

بابە گوڵاوی دایەوە دەستی و کاتێکە سەری جانتای کارەکەی دائەخستەوە، وتی:

ــ تۆیش قسەی سەیر ئەکەی، عەلی! دیواری فێرگە یەکێک بەرزی ئەکاتەوە کە منالّی هەبێ، نەک کوڕانی کەلایی خواداد کە...

عەبدولە ڕەش بنی ناوەکەی داکرد و وتی:

ــ من خۆ منالّم نییە، میرزا گیان! جگە لەوەش فێرگە بە دەرەک، ئەی گەرماو چی؟ بۆ گەرماویش نایەن؟!

بەراتعەلی، کوڕی سالار ڕەزاق، ناوە بەتالّەکەی لە عەبدولە ڕەش وەرگرت، لە کاتێکا لە بن دیوارەکە لە سەر بەرد دای ئەنا بۆ ئەوەی پاشماوەی قوڕەکەی بە دوو بێڵاسن تێبکات، وتی:

ــ نابێ چاوەڕوانی چاکە لەو دوو برایە بکرێ، هەرگیز.

بابە گوڵاو بەهۆی وازوازی بوونی خۆیەوە، جارێکی‌تریش دەستی کرد بە ئاوی جۆگەکەدا و سەرە تاشراوەکەی بە لەپی دەست و سەری پەنجە تاقی کردەوە و وتی:

ــ داوای خێر لە خوا بکەن، داوای خێر بابەگیان. خێر لە خوا، بۆ هەموان. خێر لە خوا، خێر لە خوا. مەگەر خوا خۆی ئەنجامی هەموو بەندەکانی خۆی بەخێر بکات!

چەپاوی شوان گەیشت. سیپەلاکێکی تازەی لە ناو پەنجە خوێناوییەکای‌دا پێبوو و لە بەر سەگەکەیەوە، داری بە سەر خاکی کۆڵانەکەدا ئەکێشا. لای دیواری گەرماو لە لای بابە گوڵاوەوە وەستا، چاوە خێلەکانی تێگرت و بە پێکەنینەوە، دەستە قەڵەشاوەکەی بۆ ڕاگرت و لە بن گوێی پیرەمێردا نەڕاندی:

ــ چی لە ناو دەستم دایە، بابە گوڵاو؟ ئەگەر هەڵت هێنا ئەیدەم بە خۆت!

بابە گوڵاو لە کاتێکا دەستی بە سەریەوە بوو بەرەو دەنگەکە سووڕا و بە بێ ئەوەی هەوڵ بدا ڕوخساری پیسی چەپاو لە تاریک و ڕوونی ئێوارەدا ببینێ، بزە لە سەر لێوی وتی:

ـ خوا دڵێکی خۆشترت پێ بدا، چەپاو. خوا دڵێکی خۆشترت پێ بدا! بڕۆ بە ڕانەکەت ڕابگە، بڕۆ سەر مەخەرە سەرم!

چەپاو کە چاوە خوارەکەی ئەمجار لە پیاوەکان بوو کە قوڕەکاریان ئەکرد، پێکەنینێکی بێمەزەننە بە دەمیەوە، بە بابە گوڵاوی وت:

ـ بە سەری خۆت گاڵتە ناکەم. ئەگەر وتت چی لە ناو مستم دایە، ئەیدەم بەخۆت. ئەمەوێ بزانم چاوەکانت لەکار کەوتوون یان هێشتاش بەکارن!

بابە گوڵاو کڵاوەکەی نا بە سەریەوە و بەرەو دیوارەکە گۆچانی کوتا و وتی:

ـ خوا چاکت بۆ بکا پیاو! خوا چاکت بۆ بکا! چاوی دڵی مرۆڤ بینا بێ؛ چاوی دڵی!

چەپاو پێکەنی و وتی:

ـ ئەمە سییە، بابە گوڵاو، جگەری سپی! تۆ چ غەیبزانێکی سی و پێنج سیر گۆشتی ساخ لە ناو مشتی مندا نابینی؟

لە ناو پێکەنینی هەرەوەزەکەدا کە خەریک بوون دەستیان هەڵئەگرت، بابە گوڵاو لە بن دیوارەکە دانیشت و وتی:

ـ خوا عەقڵ بە تۆ و ئیمانیش بە من بدات. خوا هەموو بەندەکانی خۆی ڕووسپی بکات، بە هەقی ئەم نوێژی شێوانە!

قوڕکارەکان بۆ دەسوپل شۆردن بە ڕیز لە سەر جۆگەکە دانیشتن. چەپاوی شوان دوور کەوتەوە و سەگەکەی کەوتە دوای.

عەبە خڕە پاژنەی پێی خستە ناو ئاوەکە، لە سەر بەردی قەراخ جۆگەکە دانیشت و وتی:

ـ خۆشبەخت؛ خۆشبەخت! بە جاشی هاتۆتە ئەم دنیایە و بە کەریش ئەڕوات. غەمی چییە؟!

عەبدولە ڕەش بنی ناوەکەی بە دەمی کەمچەکەی تاشی و وتی:

ـ بەو ژنەی کە هەیەتی! هەر کەس لالای بوایە هەتا ئێستە

لانیکەم چوار خوێنی کردبوو!

بەراتی سالار ڕەزاق دەمی بێلاسنەکەی شۆرد و هەڵیپەسارد بە دیوارەکەوە و وتی:

ــ پاش ملە قسە مەکە خاڵۆ گیان، غەیبەت مەکە. هەر کەس بە ڕێی خۆی.

سەمەدی توونچی لە دەرگای گەرماوەکە هاتە دەرەوە و وتی:

هیچکەس بە هیچ لایەکدا نەڕوات. شێوم ساز کردووە.

بابە گولاو، بەر لە هەموان لە بن دیوارەکە هەڵسا و دۆعای کرد:

ــ خوا سفرەکەت ڕەنگینتر کات، بابە سەمەد! هەر بەو دەستەی کە ئەیبەخشی، سەد بەرامبەری لە خوا وەربگریتەوە!

تاجعەلی کۆڵبەر، گیوەکانی لە بن دیوارەکە هەڵگرت و کردییە پێ تەڕەکانی، کەوتە ڕێ و وتی:

ــ من سووڕێک ئەدەم و دێمەوە. تا ماڵی سەنەما ئەچم.

عەبدولە ڕەش بە دوای تاجعەلیدا کەوتە ڕێ و وتی:

ــ پێکەوە بڕۆین. ئەگەر ئەتەوێ بچی بۆ ماڵی ئێمە. سەیریکە چەن قیت و قۆز ڕێ ئەکا. ئەڵێی کەوە ماڵکاول!

لە ڕێ تاجعەلی و عەبدولە ڕەش، چەپاوی شوانیان لە بن تاقی ماڵی کەلایی خواداد بینی خەریکی ئاخافتنە لەگەڵ عەباسجان و عەباسجان خەریک بوو پرسیاری لە چەپاو ئەکرد:

ــ کێن، ئەوانەی لەوێن؟

چەپاو سەیری تاجعەلی و عەبدولە ڕەشی کرد کە بەتەک یەکەوە ئەڕۆیشتن و وتی:

ــ کەوت! کەوت!

تاجعەلی کە دڵ و دەماخی گاڵتەی نەبوو؛ بەڵام عەبدولە ڕەش بە بێ ئەوەی لای لێبکاتەوە، وتی:

ــ هەڵیگرەوە و بیکە بەبەر پشتێنەکەتدا، کوێری بێ کتێب!

عەباسجان ڕێگەی لەوە گرت تا چەپاو، درێژە بە گاڵتەکە

بدات، پرسی؛

ـ ها؟ کێن؟ کێی لێیه؟

چەپاو وتی:

ـ بازاڕی شامه، ئەوێ. کەی دیوته چۆڵ بێ. جگه له جەندەرمەکان، خوشکەزاکەی بونداریش لەوێیه، کوڕەکانی، ژنەکەی و... زۆری تریش خەریکی کاروبارن. سالار ڕەزاقیش. ئەمەش سیپەلاکی ئەو بەرخەیه که خۆم سەرم بڕی و سالار ڕەزاق خەریکه لێی ئەنێ. ئیتر چی؟ نەکا تۆ بوویت به هەمەکارەی وڵات و من ئاگام لێ نییه، وایه؟

عەباسجان له چەپاو گەڕا به ڕێی خۆیدا بڕوا، خۆیشی دەرگای ماڵی کردەوه و چووه ناو هەشتیەکه، له حەوشه تێپەڕی، که تاریکی ئێوارانی له شەوی ئەکرد و یەکسەر چووه پشت دەرگای ژوورەکەی باوکی. نزیکی دەرگاکه، لای کەوشکەنەکه، کەلایی خواداد له سەر مەندەرەکەی دانیشتبوو و چاوه خامۆش و ڕەشەکانی ئەبریسکایەوه. عەباسجان بۆ ساتێک سەیری کرد و پاشان چووه ناو دەرگاکه، گورگانه چیچکانی کرد و پشتی دا به تای دەرگاکەوه. کەلایی خواداد هەروا چاوی بڕیبوویه دەرەوه و ئەتوت کوڕەکەی نابینێ و هەست پێ ناکا که له نیوروخی ئەودا دانیشتووه. عەباسجانیش هەروا بێدەنگ بوو. پاش تاوێک کڵاوەکەی داگرت و چەند جار دای به بەری دەستیدا و تەکاندی. پاشان پشت سەری خوراند، کڵاوەکەی کردەوه سەری و سەیری باوکی کرد. کەلایی خواداد، هەروا له ناو خۆیدا بوو. عەباسجان، دەستی برد بۆ ملی جەڕەکه ئاو بخواتەوه. جەڕه بەتاڵ بوو. داینایەوه و دەستی کرد به گیرفانیدا، قوتوه سیگاره تەنەکەکەی دەرهێنا و سیگارێکی بۆ خۆی داگیراند، قوتوەکەی خستەوه گیرفانی جلیسقەکەی و پرسی:

ـ کوڕەکەت له کوێیه؟!

کەلایی خواداد، سەری بۆ لای سووڕاند، تاوێ ڕاما و پاشان

چاوی بڕییە دەرەوە. عەباسجان وشەیەکیشی لەو هەموو قسەیەی لای خۆی ڕیزی کردبوو بە باوکی بڵێ، نەوت. خامۆش سیگارەکەی کێشا و هەڵسا. تۆزێ وەستا و پاشان پێی لە ناو دەرگاکەوە نایە هەیوان و چاوی بڕییە دەرگا نیوەکراوەکەی هەمار. سەرەنجام ڕووناکیەکی کەمڕەنگ لە درزی دەرگاکەوە خزایە دەرەوە. عەباسجان بەرەو دەرگاکە چوو و کردیەوە. قەدیر، لای فانۆسە هەڵواسراوەکە کشایەوە و سەیری ناو دەرگاکەی کرد و عەباسجانی بینی. داسە کۆنەکەی خستبوە ملی. لە سەر لێواری قورسیەکە دانیشت. داسەکەی لە ملی هەڵگرت و لە سەر چۆکی دانا و پشتی دا بە دیوارەکەوە. عەباسجان بە ئەسپایی چووە ناو هەمارەکە و، جەڕەی بن دیوارەکەی هەڵگرت ئاو بخواتەوە. جەڕە بەتاڵ بوو. داینایەوە و لە بن دیوارەکە هەڵترووشکا و وتی:

ــ داست لە پەنای کەنوو دەرهێنا وە؟!

بە وەڵامێک بە براکەی، قەدیر دەستی کرد بە ژێر دۆشەکەکەیدا و پاکەتە سیگارە پانەوە بووەکەی دەرهێنا. دوا سیگاری لکاو بە ناو پاکەتەکەی داگیراند، تۆپەڵی دووکەڵی هەڵمژی و پانیەی سەری نا بە دیوارەکەوە و لێگەڕا دووکەڵەکە، ئارام ئارام لە کونە لووتیەوە بێتە دەرەوە.

عەباسجان پرسی:

ــ ئەتەوێ ئەمساڵ دروێنە بکەی؟!

قەدیر پێڵووەکانی لە وەڵامی براکەیدا لێک نا و قاچی خستە سەر قاچی، جارێکیتر سیگارەکەی نایەوە بە لێویەوە.

عەباسجان لە سەر پاژنەی جووڵا. شانە و شانێکی کرد و لە ئەنجامدا هەڵسا و لە چاڵی بەر دەرگای هەمارەکەوە چووە ناو حەوشە، تۆزێ لای دیوارەکە وەستا. شەو خۆی دابوو بە سەر حەوشەدا. بەقەد بەری دەستێکیش لە هەموو دەروبان نەمابوو، شەوی لێ نەنیشتبێ. عەباسجان بەرەو دالانی حەوشە، پێی هەڵگرت. ترسی دواکەوتنی پەیامەکە وردە وردە لە دەروونی

عەباسجاندا سەری هەڵئەهێنا. پەیامەکە خێرا بوو و خۆیشی نەی ئەزانی بۆچی بەو جۆرە بادیهەوا لەگەڵ شەیدا دوابوو. کارێکە خۆشی باوەڕی نەئەکرد لەو ڕووی دابێ. کات و ساتێکیتر لەودا کەوتبوویە ئاخافتن و ڕەفتارەکەشی گۆڕیبوو. ئەو لەپەسا ئەهات و ئەچوو و بۆ بیانوویەک ئەگەڕا وەڵامی بوندار بداتەوە. بیانوو هەمان قەرەباڵخی ماڵەکە بوو و بەختی لەوەدا یار بوو کە خان نایب نەکەوتبوویە ڕێ و بۆ شێو دانیشتبوو. مابۆوە ئەو وەڵامە بادیهەوایەی دابوویەوە بە شەیدا کە بوندار بۆ وەرگرتنی پەیامەکەی بچێ بۆ بەر دەرکی ماڵی کەلایی خواداد:

«ئەبێ لاسەنگیی ئەو گوو خواردنەم بەجۆرێک ڕاست کەمەوە!»

لە گێرە و کێشەی ئەندێشە و گومانی عەباسجاندا، دەرگای حەوشە شەقەی لێوە هات و بەر لەوەی عەباسجان بتوانێ خۆی ڕاگرێ، ئەسڵانی بوندار بە خێرایی هاتە ناودالان و بە هەمان خێرایی و تووڕەییش وتی:

ــ ئێستە وات لێهاتووە خۆت بە ئادەمیزاد حەسێب ئەکەی؟! لەو قەرەباڵخی و بگرە و بەردەیەدا دەرفەتت گیر هێناوە و جووتە ئەخەی؟! یاڵڵا غار دە. هەڵێ بزانم! یاڵڵا بڕۆ کە باوکم کاری پێتە! هەڵێ هیچ و پووچی خوێڕی!

عەباسجان، بۆ خۆی کلکی خستبوویە ناوگەڵی و بە ترس و لەرزەوە ئەڕۆیشت تا لە دالانەکە تێپەڕێ، بەڵام ئەسڵانی بوندار دەرفەتی پێ نەئەدا و یەکبەند جنێو و ناونیتکەی لێ بار ئەکرد. عەباسجان لاڵ وەکوو سەگێکی لێدراو، بە قەراخ دیوارەکەدا کەوتە هەڵاتن. لەپێش ئەسڵانەوە غاری دا و خۆی گەیاندە حەوشەی ماڵی بوندار لای دیواری چێشتخانەکە وەستا تا ئەسڵان بگات یان بوندار خۆی بێتە حەوشە. هەوڵی ئەدا هەناسەی ئارام بکاتەوە و لێدانی دڵی لە ناو سینەدا دابەزێنێ کە لەپەسا توندتر ئەبوو؛ بە بێ ئەوەی سەرنج و نیگای هاتوچۆکەران

بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. کە ماڵەکە قەرەباڵخ بوو و هەر کەسە پەلاماری کارێکی ئەدا و لە هەر سووچە فانۆسێک هەڵواسرابوو و لە بەر تیشکی هەر کامەیان کارێک ئەنجام ئەدرا. ئەگەر ئەو کارە چاخواردنەوەی جەندەرمەیەک بوایە کە لە بن دیوارەکەدا هەڵترووشکا بێ یان ئەو کەسە مووسا بێ کە ئاورودوو ئەبا بۆ چێشتخانە. یان ئەو دەنگە هی سالار ڕەزاق بێ بۆ دەرکردنی بێکارەکان لە دەوروبەری مەنجەڵ و قازان. یان ئەو دوو ژنە لالا و سارای -کچە ئەفغان- بن بۆ هێنانی قاپ و دەفری شۆراو لە سەر جۆگەکە، بەرەو چێشتخانە. یان ئەو ژنە نوورجیهان بێ بۆ پڕکردنی قەندان لە بەر تیشکی فانۆسی ژوورەکەی خۆی. یان ئەو کەسە شەیدا بێ بە دابەزین لە پلیکانەکانی بانیجەوە...

ــ ئا؟ کارت چی بوو؟ پەیامەکەت چی بوو؟

عەباسجان نیگای لە ناو چێشتخانە گواستەوە و سەیری شەیدای کرد کە خەریک بوو ئاغزوونەی قایشەکەی توند ئەکردەوە و وتی:

ئەبێ خودی بوندار ببینم. بانگی بکە خوارەوە. پەیامەکە هی ئاغەیە!

ئەسڵان لە دەرگای حەوشە خۆی کرد بە ژووردا و خۆحەن هات بەرەو شەیدا و عەباسجان و بێمێنێ بۆ لایان، ڕوو لە عەباسجان وتی:

ــ دەی، بەڵێ، فەرمایش کە بزانم!

شەیدا سەیری ئەسڵانی کرد و بە عەباسجانی وت:

ــ ئیتر چی؟ هەر ئەوەندە؟

عەباسجان وتی:

ــ هەر ئەوەندە. ئیتر هیچ! ئەبێ بە خودی بونداری بڵێم.

کوڕەکانی بوندار هەر دوو لای عەباسجانیان گرتبوو و بە زاڵی بە سەریەوە وەستابوون:

ــ ناکرێ بە ئێمە بڵێی؟

عەباسجان وەک بڵێی لە نێوان کوڕەکانی بونداردا ڕۆچوو بە عەرزەکەدا پشت و شانی ساوییە دیوارەکە، چیچکانی کرد و وتی:

ــ نەء!

شەیدا بەرەو دالان هەڵات و ئەسلان بە سەر سەری عەباسجانەوە دەستی نا بە دیوارەکەوە و وتی:

ــ هیچی نەمابوو ئەسپەکە بدڕێنی، قەڵس!

عەباسجان سەری بەرز نەکردەوە و لە کاتێکا ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو نیگای بڕیبوویە عەرزەکە، وەڵامی دایەوە:

ــ کارەکەم گرنگ بوو! لە خۆشی خۆم نەبوو. لە شارەوە تا زەعفەرانی بە هەزار بەدبەختی، سوار و پیادە، لەوێش ئەسپەکەم وەرگرتووە بەڵکوو زووتر خۆم بگەیەنم و پەیامەکە بهێنم.

ــ ئەی بۆ یەکڕاست نەهاتی بۆ ئێرە و چووی بۆ کۆشک و سەرای خۆتان؟!

عەباسجان، سەر و نیگای هەڵێنا و خستیە سەر ئەسلان کە ئەتوت خێوەتی بە سەردا لێداوە و وتی:

ــ میزم ئەهات! باشە؟! خەریک بوو بتەقم. جا بڕۆ پاکەتێک سیگارم لە دووکان بۆ بهێنە. ئەگەر زۆر ئاغەی!

ئەسلان دەستی لە دیوارەکە کردەوە و وەک بڵێی دوا ڕستەی عەباسجان دایچڵەکاندووە، وتی:

ــ خۆت باش ئەزانی دەمێکەیە قەرز نەماوە!

عەباسجان بە قەڵسیەوە بە ئەسلانی وت:

ــ پارەم نەختە! ئاغەیەکەت تەنها لە پرسوجۆ کردن دایە. بڕۆ پاکەتێک سیگارم بۆ بهێنە!

ئەسلان بەرەو دەرگای ناو حەوشەی دووکان ڕۆیشت و وتی:

ــ ئەگەر شتێکت ئەوێ لە دەرگای کۆڵانەوە!

عەباسجان دەستی نایە سەر ئەژنۆی و لە بن دیوارەکە هەڵسا و بە دوای ئەسلاندا کەوتە ڕێ. بەڵام دەنگی بوندار لە ناو دالانەوە، ڕایگرت و وتی:

ـ ئا... عەباسجان؟

عەباسجان بەرەو بوندار گەڕایەوە و ئەماژە بەو جەندەرمەی لە بن فانۆسەکە دانیشتبوو و خەریک بوو سیگارەکەی دائەگیران، وتی:

ـ لێرە، بوندار... دوکان ئەسڵان خان؛ خەریکم ئەچم سیگار بکڕم!

ئەسڵان لە دەربیجەی دوکانەوە چووە ژوورەوە. عەباسجانیش تا لای دەرگا بە دوای‌دا ڕۆیشت و لەوێ چاوەڕێی بوندار وەستا. بوندار سەرێکی کێشایە ناو چێشتخانە و گەڕایەوە، ڕوو لە عەباسجان کە بۆ لای ئەچوو ئەماژەی پێکرد بچێ بۆ دوکان. عەباسجان پشت و شانی چەماندەوە و لە دەرگا بچووکەکەوە چووە ناو دووکان و بونداریش بە دوای‌دا. بەر لەوەی دەنگی نارەزایی ئەسڵان بەرز بێتەوە، پڵیتەی لامپاکەی ئەسڵانی هەڵکێشا، پاڵی دا بە تەختەی پێشخانەکەوە و چاوی بڕییە عەباسجان و پرسی:

ـ هەواڵەکان؟!

عەباسجان بە ئەنقەست سەیرێکی ئەسڵانی کرد و وتی:

ـ با ئەسڵان خان سیگارەکەی من بدا و بڕوات، چونکە کاری هەیە. پاشان خۆم بۆت باس ئەکەم!

ئەسڵانی بوندار ڕووی لە جامخانەی سەر پێشخانەکە وەرگێڕا، پاکەتە سیگارەکەی خستە ناو تای تەرازووەکە. عەباسجان بەخێرایی پارەیەکی خستە ناو تەرازووەکە و سیگارەکەی هەڵگرت. ئەسڵان کە نەی ئەتوانی نەفرەت لە عەباسجان لە پشت نیگای خۆی‌دا بشارێتەوە، دەستی برد بۆ هەڵگرتنی پارەکە؛ بەڵام بوندار بەر لەو پارەکەی هەڵگرت و خستیە گیرفانی جلیسقەکەی عەباسجان و وتی:

ـ دەی؟

عەباسجان سەری پاکەتەکەی هەڵچڕی و لە بن برۆوە سەیری ئەسڵانی کرد. بوندار بەناچاری، کوڕەکەی لە دووکان ناردە

دەرەوە و وتی:
ـ قسە ئەکەی یان نا؟!
عەباسجان بەرەو بوندار چوو و لە بەرامبەریدا، ئانیشکی نایە سەر پێشخانەکە و لەکاتێکا سیگارەکەی ئەبرد بۆ دەمی، بە کپی وتی:
ـ ئەبێ خان نایب بە ڕێگەی هەڵەدا بنێری. تیژیی تێخەکەشی ئەبێ کول بکەی. نابێ بتوانێ گوڵمحەمەد بدۆزێتەوە. ڕای ئاغەی گەورە ئەوە نەبوو کە نەچێ بە دوایدا. بەپێچەوانە، ئەبێ بڕوات. ئەبێ لە ناو خەڵکدا قاو بڵاو ببێتەوە لە گوڵمحەمەد ئەگەڕێن. بەڵام نابێ گوڵمحەمەد بدۆزنەوە. هەواڵی ئەم دوا کەوتنەش ئەبێ هەر جۆرێک بووە بگاتەوە بە گوڵمحەمەد. ئەبێ بزانێ بە دوایەوەن. بەڵام نابێ لەگەڵ خان نایب ڕووبەڕوو ببێتەوە. خۆ لە مەبەستەکە تێئەگەی؟ ڕای سەرۆکی جەندەرمەش هەر ئەمە بوو، جەنابی فەربەخشیش پەیامی ناردووە کە حەز ناکا لە نێوان گوڵمحەمەد و خان نایبدا تەقە بکرێ. بەڵام وادیارە نەیانتوانیوە ئەو قسەیە بە خان نایب بڵێن. گوایە لە قۆچانەوە نێردراوە و کەللەشی پڕە لە گەچ، لە خۆم خراپتر. کورتیەکەی...
بوندار نیگەران و قەڵس لە بن پێشخانی دووکانەوە چووە ئەودیو و لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:
ـ بزا کاری چۆن چۆن بە من ڕائەسپێرن؛ کاری چۆن! ئێستە من چۆن ئەتوانم ئەم کابرایە بە ڕێگەی هەڵەدا بنێرم؟!
بوندار وەک بڵێی بوونی عەباسجانی لە ناو دووکان لە بیر بردبێتەوە، شانی دانەواند لە دەربیجەکەوە بچێتە حەوشە، بەڵام عەباسجان فووی لە تەڵە شقارتەکە کرد و وتی:
ـ هەواڵێکی تریشم پێیە!
بوندار، دەستی بە باڵشەمەی دەربیجەکەوە، بە ئەژنۆی نوشتاوەوە ئاوڕی لە عەباسجان دایەوە و پرسی:
ـ ئیتر چی؟!

عەباسجان مژی دا لە سیگارەکەی و وتی:
ــ ستاری پینەچی! ئەویش لە زیندان بەربووە. خەریک بوو ئەهات بۆ ئێرە. بەڵام کە خان نایب و جەندەرمەکانی تری بینی، لای زەعفەرانیەوە لای‌دا و کەوتە لارێ.
ــ چۆنی بۆ ئەچی؟
ــ گومانی من ئەوەیە ڕۆیشت گوڵمحەمەد ئاگادار بکاتەوە!
ــ ها؟!
ــ با بزانین! هەر دەر ئەکەوێ!
بابقولی و بە دوای‌دا عەباسجان لە دەربیجەکەوە هاتنە حەوشە. بابقولی بەرەو داڵان هەنگاوی نا و بە عەباسجانی وت:
ــ شێو خۆ هەر لێرە ئەخۆی؟
عەباسجان سیگار بە لێویەوە بە لای شانی ئەسڵان‌دا کە لە بن دیوارەکە وەستابوو و خەریک بوو ئەتەقی، تێپەڕی و لە وەڵامی بونداردا وتی:
ــ با بزانین چۆن ئەبێ. ڕەنگە! ئا، ڕاستی، بوندار!
بابقولی بوندار لە ناوداڵان ڕاوەستا. عەباسجان لێی نزیک بوویەوە و وتی:
ــ ماهدەروێش و شێرۆش ئەوا بەڕێوەن. ماهدەروێش تازە نابێتەوە بە ئادەمیزاد. ئەگەر کەسێکت پێویستە لە بەر دەستتدا هەڵسووڕێ، ئەبێ بیر لە یەکێک بکەیتەوە!
بوندار کەوتە ڕێ و وتی:
ــ باشە، باشە... ئاگادارم!
عەباسجان لە ناوقەدی داڵانەکەدا، جارێکی‌تریش ڕایگرت:
ــ هەواڵێکی تریش!... غەزەنفەری هاشم‌ئاوایی دیسانەوەش لە بەر کاروانسەرای زەعفەرانی جووتکارەکانی کۆ کردبوویەوە و خەریکی ئاژاوەنانەوە بوو!
بوندار ئیتر ڕانەوەستا و لە کاتێکا بای ئەدایەوە بۆسەر پلیکانەکان بە عەباسجانی وت:

ــ زۆر چاکە، زۆر چاکە، با بوەستێ بۆ دوایی. بڕۆ لە چێشتخانە شێو بخۆ. بڕۆ تۆزێکیش یارمەتیان بکە!

عەباسجان چوو بەرەو چێشتخانە و بوندار پێی نایە بانیجە. شەیدا بەپەلە لە دیوەخان هاتە دەرەوە و سینگی تەقی بە سینگی باوکیەوە و وتی:

ــ خان نایب ئەیەوێ بکەوێتە ڕێ!

بوندار نیگای نیگەرانی لە دەرگای دیوەخان، بە کوڕەکەی وت:

ــ بۆ شێو ڕای ئەگرم. خۆت ئامادە بکە بڕۆی بۆ خوێناڵ. بە وشتر بڕۆ! خۆم دێم و پێت ئەڵێم چی بکەی! زووکە خۆت بەرهەڤ کە!

شەیدا غاری دایە خوارەوە، پاروویەکی لە چێشتخانە وەرگرت، چوو بۆ لای بەهاربەندەکە و کەوتە جیاز و قەمتەرکردنی وشتری ئەفغانی.

ــ بەرەو کوێ شەیدا؟

دەنگی سارا بوو. دەنگی کچەی ئەفغان و؛ چەند دڵنشین بوو. لەشی هاوینەی شەو ئەتوت بە هەورێشمی دەنگی کچە نەوازش کرا. شەیدا هەروا پشت لە کچە ما، بە بێ جووڵانی دەست یان بزووتنی شان. لە بەردەمیدا وشتر خەوتبوو و لای دیواری بەهاربەندەکە، ئەسپانی سوارانی خان نایب بەسترابوونەوە بە ماڵبەندی ئاخوڕەکانەوە. شەیدا لەو ئاژاوەیەدا، هیچ چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کچەی ئەفغان بەو جۆرە خافڵگیری بکات. بەڵام کە وای لێهاتبوو چاوەڕێ بوو کچەی ئەفغان شتێکیتر بڵێ. بەڵام سارا ئیتر هیچی نەوت. چاوەڕوانی وەڵامێک، خامۆش ببوو. شەیدا ورەی خستە بەر خۆی و وەک بڵێی گیرۆدەی تەوقێکی نامۆ ئاوڕی لە کچە دایەوە و لێی ڕوانی. بەژنی داتەکاوی سارا، لە نەمامێکی تەرچک ئەچوو لە سەر جۆگەیەکی نامۆ؛ بە نیگایەکەوە کە لە بەر تریفەی مانگ تۆزێک تار بوو و لە درزی پێڵووە تۆزێک خوارەکەیەوە هێشتاش ئەیڕوانیە شەیدا و تێرییەکەی لە ڕەنگی گیا ئەچوو

و وا دیار بوو غەمێکی قورس و هەرماو لەو مانداوەدا لەنگەری خستووە. پەژارەیەک کە گەنجێتی کچە لە ناوەوە ئەخواتەوە و خەریکە بریسکەی زیندووی چاوانی ئەمرێنێ. هەرچەند لەوێش، لە حەوشەی قەڵای بازخانیش، سارا ئەو تەمارەی لە سەر چاو بوو، بەڵام نەک بەم ئەندازەیە خەست و جەخاراوی؛ کە چاوانی لە ڕووناکی ڕۆژدا مێرگی سەوزەڵانی بوو لە سەر خاکی بۆری بیابان. مێرگێک ئەگەر نە هی سەرەتای بەهار، بەڵام هەی کۆتایی بەهاری ئەهێنایەوە بیر. ڕەگەیەکی گەشی هیوای پێوە مابوو، هەرچەند زۆریش ڕەخشان نەبوو. ئەم دەشتە ئێستە بەڵام، خەریک بوو بە درێخەوە کۆتایی هاوینی تێ ئەپەڕاند؛ وا خەریک بوو بە گوژمی سووتێنەری هەتاو هەڵپڕووکێت و خامۆش ببێ. کە خۆر و بیابان پێکەوە خەریکی خواردنەوەی ئەم دەشتە تینووە بوون و ئەیانویست بیکەن بە هی خۆیان. وشکی بکەن بەو جۆرەی کە خۆیان وشک بوون، ژاکاو و شین هەڵگەڕاو. سارا تا چ ڕادەیەک ژاکابوو؟

ــ گفتت دابوو باوکم، باوکی خۆم شان ئەدەی. جا کە ئەم گفتەت بە درۆ دەرچوو، خاکی گۆڕی باوکمم شان دە لانی کەم، ئەی جوامێر!

شەیدا سەر و شانی وەرگێڕا و دەست بۆ جیازی وشترەکە، نیگای داشۆڕاند.

سارا وتی:

ــ گفتت دابوو لێرە ئەم حەوێنیەوە، ڕێزم ئەدەیتێ؛ لەگەڵ خۆت و هاودڵی خۆت، هاوزمان و هاوسەرینت. هیوات دابوومێ، بێژەی شیرینت ئەگوت. تامەزرۆ و دڵ بەهیوات کردم. باوەڕم پێت هات. ڕاستیم لە دڵتدا دۆزیبۆوە. دڵ و زمانتم بەیەک زانیبوو!

شەیدا زیاتر چەمایەوە و ئانیشکی دادایە سەر جیازی وشترەکە و پەنجەکانی لێک هەڵپێکا و هەستی کرد نیگای کچە ئەفغان خەریکە شانەکانی ئەسمێ و بەهۆی ئازارێکی

نامۆوە، هەنیەی تێکنا. سارا لەو بێدەنگیە خرۆشاوەی شەیدا ملی لێ نابوو، بە پشت وشترەکەدا دەوری دایەوە و لای بەرۆکی وشترەکە، لە بەرامبەر سەری چەماوی شەیدادا وەستا و چاوی بڕییە دەستەکانی، پەنجەکانی کە هێشتاش لێک ئالاًبوون. شەیدا بە هەستی هەناسەی کچە ئەفغان سەری هەڵێنا و تەوێڵی ساف و خۆرسووتی خۆی بە ناچاری بڕییە نیگای تەماری سارا، بە بێ ئەوەی چاوەکانی لە باریکەی زێڕبەفتی بەر سینەی کراسە کارەباییەکەی کچە سەر بخات. سەرەڕای ئەمەش سارا ئەیتوانی قۆقزی ئێسکی برۆ و گۆنای و هەروەها نووکی سمێڵە نەرم و زەردباوەکی شەیدا ببینێ. وەک بڵێی جارێکی دی، ڕەنگە بۆ دواجار، ئەیویست لاوەکە هەڵسەنگێنێ. بەڵکوو بتوانێ لە گەوهەر و ناخی تێبگات. هیچ بەڵام تێ نەئەگەیشت، جگە لە خامۆشی و قورسی پیاوێکی گیرۆدە کە چاو نیگای زۆر ئالۆسکاو و پەرێشان و هەمیش سرک و ڕمۆک بوو. ئەو شتەی کە لەمەوبەر کیژی ئەفغان لە شەیدای‌دا نەبینیبوو. بەرلەمە ئەوەی شەیدا لای ئەو جێی هێشتبوو خەرمانێکی گڕ گرتوو بوو، نەک تەلەبەردێکی هەڵکەنراو لە شاخێکی ڕەق!

ـ ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ زێدی خۆم، ئەمکوژن شەیدا، ئەوە ئەزانی؟

شەیدا، گرژ و دۆش وەک ئازار، ناوچەوانی تێک نابوو و وەڕەز لە خۆی، بە چاوی سوور بە گڕی سەر، سەیری سارای کرد بە بێ ئەوەی یارا و توانای کەمترین گفت یان لانیکەم سەر ڕاوەشاندنێکی، لە وەلامی ژنەدا هەبێ. سارا نیگای خستە سەر خاکەکە و بە بێ سڵ کردنەوە لە ناوەرۆکی بە گلەیی قسەکانی وتی:

ـ لەوێ ئەمکوژن. جارێکە و، شۆر و شینیشی بەو یەک جارە ئەبڕێتەوە. بەڵام لێرە، لێرە هەر ڕۆژە و هەزار جار ئەکوژرێم؛ هەر ساتە و هەزار جار! من پشتم لەخاک و دیاری

خۆم کرد، پشتم لە بوون و نەبوونم کرد، بووم بە هاوپشت و هاوپێی تۆ، لەگەڵ تۆ ڕەدووکەوتم و هاتمە ماڵت، کەنیزیت بکەم. هاتم وڵم دابنێم، لەم ماڵە. بەڵام ئەم ماڵە... هەموو کەسی لێیە جگە لە تۆ! من کەنیزم، مەگەر کەنیزی تۆ! تانە و تەشەر، شەیداکەم؛ چزووی زمان! دایکت دڵسۆزە، سەر ئەنێ بە سەرمەوە، دڵم ئەداتەوە. زانای دەردمە، بەڵام... لێرە تەنها ئەو یەک ژنە نییە. ژنی شوانەکەش هەیە، ژنی تریشی لێیە، ئەوانی تریش هەن. پیاوی تریش هەیە. باوکت ڕووتاڵە. بە چاوی ڕێز سەیرم ناکا. لە بەر چاوی ئابڕوودار نیم! هەژار بووم با بووبێتم، بەڵام سووک و چرووک نەبووم. هەر کەس لە ناو خێزان و وڵات و زێدی خۆیدا، مرۆڤێکە. لای باوکی خۆم من ئازیز بووم. لای دەزگیرانم خۆشەویست بووم. بە ئەوینی منەوە سینەی ئەدایە بەر گوللە. بە هەوای دڵی من تفەنگی لە بازخان وەرگرت و بە نرخی خوێنی خۆی بوو بە تفەنگچی بازخان. من بێکەس نەبووم. لەگەڵ تۆ هاتم بێکەس کەوتم. بوون و نەبوونی خۆم خستە بن پێ و، دەستم دا بە دەستی تۆوە. وشتر... وشتری بازخان! هیچ ئەزانی بەهای ئەم وشترە چەندە کە من دەسەمۆی تۆم کرد؟! ئاخ... گومانم کردبوو ئەم وشترە، جیازی من ئەبێ بۆ ماڵی تۆ!

شەیدا، داهێزراوی بیستنی ئەو قسانەی کە خەریک بوو دای ئەڕزاند، خۆی ڕاست کردەوە، گرێی هەناسەی کردەوە، دەوری وشترەکەی دایەوە و بەرامبەر کیژە ئەفغان وەستا. هەڵوەستەیەکی کرد، بە ترسەوە دەستی بۆ لەچکەکەی برد، لۆی لەچکەکەی لەو بێدەنگیە بە تەوژمەدا گرت بە دەستیەوە، لە ڕوومەتی خۆی نزیک کردەوە و وەک بڵێی بۆنی کرد و لە ئەنجامدا چاوی بڕییە چاوە بۆرەکانی کچە و وتی:

ـ دەستم تێت ناچێ. دەستم... ئای! تۆ لەو کانیاوە ئەچی کە مرۆڤ حەیفی لێدێ دەستی تێ بخات! ئاخ...

لۆی لەچکەکەی بەردا، ڕووی لە کچە وەرگێڕا و وتی:

ـ هەرگیز ئەوەندە بەشەرم نەبووم!
چەندێکی پێچوو تا شەیدا بەرگوێی بکەوێت:
ـ تۆ منت کرد بە ڕکێفی خۆت؟!
شەیدا سەری هەڵێنا، سارا نەبوو. وشتر سەروملی بە دوای سارادا سووڕاندبوو و هەروا مابوو.
ـ شەیدای بوویت؟!
چەندە تێپەڕیبوو؟ ڕەنگە نەزیاتر لە هاتن و چوونێک، بەڵام لای شەیدا بە چەندە تێپەڕیبوو؟ شەیدا خۆشی نەی ئەزانی. بەس هەستی کرد دەنگی فراوێژی لالا ئەبیسێ. ڕووی وەرگێڕا و چاوی ترووکاند. لالا لە جێگەی کیژە ئەفغان وەستابوو. شەیدا نیگای لێوەرگێڕا و هەوڵیدا خۆی کۆ بکاتەوە و قەمتەر و هەوساری وشترەکە سوار بکات، بەناچاری. بەڵام خۆشی هەستی ئەکرد دەستی ناچێتە کار، ساردە و هیچ گەرمایەکی لەو هەوڵدانەیدا نەئەبینی.
ـ قسەکانتم بیست. قسەکانتم بیست. شەیدای بوویت؟!
ـ باوکم... باوکم ئێستە دێ!
ـ باوکتیان بانگ کرد بۆ تەلەفوون. دەی؟ وەڵامت نەدامەوە...
ـ تۆ چیت لێم گەرەکە؟
بە تووڕەییەوە مۆڕەی لە لالا کرد بەڵکوو لێی گەڕێ کارەکەی بکات. بەڵام لالا وەکوو قەرزی بە لایەوە بێ لای جیازیی وشترەکە وەستابوو و چاوی لە شەیدا نەئەترووکاند و هیچیشی نەئەوت. شەیدا، لە بن باری ئەو نیگایەی سەرتاپێی گرتبوو، دڕدۆنگ و دڵ لەمشت ئاوڕی لێدایەوە و جارێکی تریش پرسی:
ـ چیت ئەوێ؟!
لالا تەڕایی سەر گۆنای بە سەری پەنجە سڕییەوە و وتی:
ـ ڕۆژم، ڕۆژم شەیدا وەک با ئەڕۆن. گەنجێتیم ، گەنجێتیم ڕۆژ بە ڕۆژ، حەفتە بە حەفتە، مانگ بە مانگ و دەم بە دەم خەریکە لە دەستم ئەڕوات. مەگەر مرۆڤ چەنێ ئەژی؟ تاڵی

سپی لە ناو قژم پەیدا بووە! ئەترسم، ئەترسم بمرم بە بێ ئەوەی جەوانی خۆم ببینم. لە ناو خەڵکدا خۆشناو نیم، بەڵام خوا خۆی ئەزانێ هیچکات بەو شتە نەگەیشتم کە بە دوایەوە بووم!

بوغز گەرووی لالای گرتبوو و پێ ئەچوو نەرم و بێدەنگ ئەگری. دارەتێک کە باوەڕکردنی بۆ شەیدا دژوار بوو. نەء! لالا نەی ئەتوانی ئەو ژنە بێ. شەیدا هەرگیز ئەوی بەدەر لە جەغزی سەر جێگە و لەگەڵخەوتن نەناسیبوو و نەزانیبوو و لەوە زیاتریش نرخی بۆ دانەنابوو. لالا، ئەو تۆلازە بەئالۆشەی کە جگە لە تێربوونی خۆی لە ڕابواردن‌دا بیری لە هیچی‌تر نەئەکردەوە، ئەوا ڕواڵەتێکی تری پیشان ئەدا، کەسمێکی‌تری ئەنواند. بیچمێکی سەمەرە لە بەر چاوی شەیدادا. گریانە ئارامە سەیرەکەی لە بەر چاوی شەیدا زیاتریش نامۆ و بێگانەی ئەکرد:

ــ لە دوارۆژی خۆم زۆر بیر ناکەمەوە. دڵنگەرانی ئەوە نیم ڕۆژگارم چی بە سەر دێ. جیاوازی چییە؟ چۆن ئەبێ با ببێ. بەڵام ئەمڕۆ، ئەم ڕۆژانەم. چاوەڕێم کردی لە یەخسیری بگەڕێیەوە. گەڕایتەوە و دڵم داماوە باوکت بۆچی ئەیەوێ لە قەلاچیمەن دوورت بخاتەوە؟ ئەزانم؛ تۆ خۆیشت ئەمە ئەزانی. بەڵام نایخەیتە خۆت. دووری تۆ ڕەنگە بۆ هیچ کەس دژوار نەبێ، بەڵام بۆ من ئەشکەنجەیە. دووریی تۆ لە لایەکەوە و باوکیشت... باوکیشت کە تاوێک لێم ناگەڕێ. قاچ ئێشەکەی دایکتی کردووە بە بیانوو و منی هێناوە بۆ ئێرە و تێم...

ــ مەڵێ، ئیتر مەڵێ!

ــ ئەڵێم و ئەڵێم! ئەگەر بە تۆ نەڵێم، ئەی بە کێی بڵێم؟ من خەریکە پێشێل ئەبم؛ پێشێل! تیاچووم. ڕقم لە خۆم ئەبێتەوە. بێزار بووم لە خۆم. ئیتر خەفەت ناخۆم. ناتوانم خەفەت بخۆم! دڵتەنگی، بەس دڵتەنگی. دڵتەنگی و بێزاریی! دڵی من، پێشتر وەکوو کۆترێکی سەر هەڵکەنراو ترپەی ئەهات، بەڵام ئێستە...

ئەبینم خەریکە ئەبێ بە پەڕۆکۆن، پەڕۆیەکی بێنوێژی. هیوام بە تۆ بوو، دڵخۆشیم تۆ بووی؛ تۆ. نازانم، نازانم! ڕەنگە درۆم لەگەڵ خۆم کردبێ، بۆ ئەوەی بتوانم... بتوانم... ئاخر ئەم دڵە ماڵکاولەی منیش ئەبێ شتێکی بە نرخی تیابێ! ئاخر مرۆڤ ئەبێ چی بکات؟ من چی بکەم؟! بزا چیم بە سەر هاتووە؟ بووم بە ڕیسوای چاک و خراپ؛ ڕیسوای چاک و خراپ. بەڵام... بەڵام لای دڵی خۆم تەنهام. تاق و تەرا! لە کوندێک ئەچم لە سەر شانی خۆم نیشتبێتمەوە. لە سەر کەلاوەی خۆم. چۆن خراپ ئەبێ مرۆڤ! چۆن دائەڕزێ!

شەیدا ئیتر ژنەی نەئەبینی، بەس دەنگی ئەبیست:

ـ بە خراپ ناوم دەرکردووە؛ بەخراپە! بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە دڵم تەمەنێکە بە دوای جووتی خۆیدا ئەگەڕێ. بە دوای جووتی خۆیدا! ئەگەڕێ و ئەگەڕێ، بەڵام نایدۆزێتەوە. نایدۆزێتەوە. ئەستێرەی بەختی من مەگەر جووتی نییە؟ ئەڵێن کاتێکە باوکم مردبوو بەشەو ناشتبوویان! ئەو هەڵیت و پەڵیتانە چییە ئەیلێم! خۆ من بڕوام بەو قسە قۆڕانە نییە. بەڵام تۆ بەکات و سات خەنیمم بۆ ئەتاشی. هێشیا هەتوانم نەخستۆتە سەر برینێک، برینێکی‌تر ئەدەی لە گیانم! ئای... ئەگەر بتوانم لە دڵی خۆم تووڕت ئەدەم! ئەگەر بتوانم! بەڵام نا! نا! واناکەم. تۆ لە دڵی خۆمدا ڕائەگرم. ئەوانی‌تر لەم ماڵە، لەم قەڵاچیمەنە و، لەم مەڵبەندە، لەم خاکە ئەتەرێنم. ڕیسوایی بەرپا ئەکەم. ئەگەر پێش بێ خوێن ئەڕژێنم. کچە ئەفغان ئەخنکێنم. شەو لە لایەوە ئەخەوم و ئەیخنکێنم. گەرووی شێرۆ بە قەپ ئەپچڕم. دنیا تێک ئەدەم. هەموو لایەک ئەکەم بە خوێن و ئاگر. نەک پێت وابێ لە کوشتنی کچە ئەفغان‌دا لە بازخانی ئەفغان ئەترسم و نەک پێت وابێ لە چڕینی گەرووی شێرۆدا لە گوڵمحەمەدی یاخی ئەترسم؟ کاتێکە لە خۆم ببوورم کوڕی بوندار، لە دنیاش ئەبوورم. کاتێکیش کە لە دنیا ببورم، قورقوڕاچکەی تۆیش هەڵئەدڕم. ئەتکوژم و هەموو ژیانی خۆم ڕەشت بۆ ئەپۆشم و سەردۆلکەت

بۆ ئەهۆنمەوە! ئای... کوڕی بوندار، کوڕی بوندار. ڕقم بە گاڵتە مەگرە، بەو جۆرەی کە دڵت بە گاڵتە گرتووم!

ئێستە ئەوا خودی لالا بوو کە قسەی ئەکرد. ئەو لالایەی شەیدای بابقولی بوندار ئەیناسی. لەبەرامبەری شەیدا بەر بە بەریەوە وەستابوو و چاو لە چاوی شەیدا هەڕەشە و گوڕەشەی ئەکرد. ئەم ژنە خودی لالا بوو. ئیتر نەئەگریا. گریان بە گۆنایەوە تاسابوو و ئەو بەرخۆڵە نەجیبە لە ناو نیگای ڕەمیبوو و گورگی دڕ لە بیلبیلەکانیدا ئاخێز و داخێزیان بوو. ئەمە خودی لالا بوو، نەک ئەوەی پێشتر. تاوێک لەمەوبەر لالا بۆ شوێنێکی ون و نامۆ، جێیەکی غەوارە، قوژبنێکی نەناسراو لە ناخی خۆیدا سەفەری کردبوو، جێیەکی چۆڵ و بۆ ناو مەردمێکی پاکیزە. ئێستە بەڵام کتوپڕ هاتبۆوە بە خۆیدا، خۆی دۆزیبۆوە و بەزا و خۆشبەز بە ئاراستەی خۆیدا کەوتبوە غار و ئەیویست گەردەلوولی ئاگر بەرپا بکات. غەمی نەبوو و لە کوێ و لەگەڵ کێ و چ کات! وەستا و بەباڵا، بە ڕکێفێکی بەهێز لە هەژانی دەروونی، سەرەڕای ئەمەش ڕاهێژاو و ئامادەی پەلامار. ژنی ژن، وزەی بەگوژمی زەوی، هەموو کێشەری بەهێزی خۆی ڕاکێشابوو و ئەیویست ئاگر لە داوێنی ئاسمان بەردات. هەورە برووسکەی ئاوێتە بە ڕەهێڵە و شەستەیەکی خافڵگیر، مەگەر ئەم ئاگرەی بکوژانایەتەوە.

شەیدا سەری بەرز کردەوە و چاوی لە چاوی ژنەدا وەستا و، لالای لە بەرامبەر خۆیدا بینی بە پێکەنینێکی نامۆ لە سەر لێوانی و ڕەخشانەوەی هەموو ئەستێرەکان لە چاوانیا. درەوشانەوەیەکی ئەوەندە غەوارە کە شەیدا بە بێئاڤان لەپڕ، ڕاچڵەکا و بە پڕتاو بەرەو پشتی وشترەکە چوو و بە دارەتێکی بەرگریکەرانەی شاراوە لەوێ وەستا. ئەگەر ئەوساتە نەجووڵابا، کەش و کێشەری بە تەوژمی ژنە ڕای ئەکێشا و لە ناو خۆیا ئەیتواندەوە. هەرچەند لەرزینی سست و خێرای گریێ ئەژنۆی، متمانەی ئەوی بە خۆی کەم ئەکردەوە و گەڕانی خوێنی داخ لە دەمارەکانیدا، ڕێگەی لەوە

ئەگرت بیری و هۆشی و توانای گفتی چەق ببەستێ. بۆیە هەروا خامۆش و شەڵەژاو، لە کاتێکا گۆشەی سمێڵی نەرم و لێوی بەجارێک ئەجاوی بەر گوێی کەوت:

ـ شەو... شەو دێمە سەر جێگەت؛ هەر لێرە!

لالا نەبوو. دوور کەوتنەوەی لالا ئەتوت سێبەرێکی ڕەمیوە. شتێکی وەکوو تاپۆ و تەمار[1]، هەبوو و نەبوو.

شەیدا، قەبارەیەکی بێ ناوەرۆک هەروا لە شوێنی خۆی وەستابوو، چووبوویە ناوخۆی، کەڕ و لاڵ و وشک ببوو. چەندە بێکەس بەجێ هێڵرابوو و چەندە بێکەس جێیان هێشتبوو لەم خەڵوەتە تەنهایەدا. شەیدا، ئێستە ئەگەر بژیایەتەوە، ئەیتوانی بەس بە هاوارێک دڵی شەو شەق بکات، یان بە مشتێک سینەی دیوارێک داڕووخێنێ. بەڵام نە ئەمایان کرا و نە ئەوەیان بوو. شەیدا ئارەقەی لینجی لە هەنیە و بن کاکۆڵی سڕییەوە و بۆ تاوێک دانیشت، پشت و پانیەی سەری نا بە ڕانی وشترەکەوە، پێڵووەکانی لێک نا و لەوپەڕی داماویدا بیری کردەوە، بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ ئەچێ شێرۆ ئەبینێ.

تەنگژە. تەنگژە؛ ئەوسا کە دڕکی دڕدۆنگی لە بەستێنی تاریک و ڕوونی مێشک ئەچەقێ. خەسیانی ئەندێشە و ئەمە نەک بە پشکووتنی پەلەی بلێسەکردووی ئەوین، بەڵکوو ئەبێ بە هەوەسی هەڵپەی خۆ بە ئاگردادان، بە درێژەی حەزی دڵتەڕانە ناودێر بکرێ. تاوانی تامەزرۆیی، ئیشتیای بەردەوام کە بەو جۆرە سەر لە کادووی هەمارێکی نیوە کاول دەرئەهێنێ. لە هەر کوێوە و بەهەر کوێیەکدا ڕۆیشتبوو شەیدا، پەتێکی لە قاچی خۆی ئاڵاندبوو. زانستە و نەزانستە. ئەو پێوەنانەش بە پێیەوە، لەگەڵ خۆی ئەیانگێڕێ و بەس ئەوکاتە هەستیان پێ ئەکا کە ئازاری پێوەنەکە قولاپەی پێی ئەگووشی. لەو دەمانە بوو، ئەم دەمە. شەو خەوتنەکانی، لە باوەش گرتنەکانی، ئیشتیا و هەوەسی

١ ـ تەمار: thought تارمایی بەرچاو، ڕەشایی، تاپۆ ع خیال د گمان.

نیوەشەوانی کە بەو جۆرە پیاڵە پیاڵە ئەینا بە سەرەوە، چەندە ئاسان و بێ پاشەرۆک بوو لە گەرمای لەشی لالا، لەو کات و ساتانەدا. بێئاگا لەوەی هەر بۆنکردن و ماچێک، هەر جار خزاندنی ڕوومەت بە شیوی مەمکەکانی‌دا، هەر تێکەڵبوونێکی، هەر تلان و هەر خۆ تێساوینێکی قەیتانێک بوو لە کلافەی ژیانی هەردووکیان ئەئالا. جەوانی! لاوژۆک وا تێگەیشتبوو و بڕوای کردبوو کە زەرک هەڵئەگرێ و لە هەموو کانیاوێک ئەخواتەوە و تێ ئەپەڕێ. بەس چێژی چەشتن و بەس خۆشی پاشینەی نۆش. نۆشێکی سازگار، نۆشێکی خۆش. دامرکاندنەوەی حەزی دەم، بە بێ دانی هیچ بەهایەک لە کۆتاییدا. بێئاگا لە گەشت و گەڕانی ڕۆژان و شەوان و گونجانی گۆڕان و ئاڵوگۆڕی ڕۆژگار و خۆ و ئەوانی‌تر.

«ئایە ئیتر نامەوێ؟!»

وەها گێژ و دۆخە ببوو ئاگای لە خۆی نەمابوو. ئەوەی لە دەروونی‌دا تێئەپەڕی بە ئاشکرا تێ نەئەگەیشت. گەوهەری شەڵەژان بە سەر هەموو دەمار و جمگەی‌دا زاڵ ببوو. هیچی نەئەزانی و لەهیچ تێ نەئەگەیشت. تەنها هەستی ڕۆشنی، هەستکردن بە خەفەبوون بوو. تەم و دوومان. تەمێکی خەست لە بیابانی ونی ڕۆحی‌دا. تاریکی، گیانی ئاخنی بوو و هیچی نەئەدی. سارا، ئەو بوونەوەرە سەمەرەیە چۆن بەو جۆرە لە یادی چووبوو. لە بەر چاو و دەمی‌دا و لە ماڵ و لە ناو خێزانی شەیدادا چۆن کچە ئەفغان ون ببوو؟ ئەمە ڕاستیەکی ڕووت بوو کە کوڕی بوندار، تۆزێک پێش ئێستە پێی زانیبوو. تێگەیشتنی کتوپڕ لەو شتە، ئەوی لە سەرسووڕمانێکی ڕەش و تاریک‌دا نوقم کردبوو. گیرۆدی دارەتێکی ناباوەڕ. تازە هەستی ئەکرد کە لێوی بنەوەی لە بن گوشاری ددانەکانی‌دا ئەکزێنێتەوە.

«بەر لەوەی بڕۆم، شێرۆ ئەبینم!»

ئایە دڵی لای شێرۆ بوو، شەیدا؟ ئەمەشی نەئەزانی. بەڵام پێی وابوو ئەبێ دڵی پێوەی بێ؛ لە بەر ئەوەی خۆ ئەبێ دڵی بە

یەکێکەوە هەبێ! لەو ڕووەوە کە هەر کەسێک دڵی لە لای کەسێک بوو. چ جایە هەر کەسە و بە شێوەیەک شەیدای گرفتاری خۆی کردبوو و ئەی هەژاند. لە لایەک لالا، ئابڕو و ڕێزی ژنایەتی خۆی، ئەوەی بۆی مابوویەوە، بە جارێک ڕژاندبوویە بەرپێی. ئەوەتا قەدیر، ئەو کەسەی بە زیناکاری یەکەمی سەر جێگەی بەئالۆشی لالا ئەژمێردرا، لە ناکامیی زەبرخواردەی خۆیدا بووە بە دڕندەیەکی ڕقەون. دڕندەیەک کە لە بەر ئەوەی ناتوانێ قوت بدا، ئەیەوێ هەڵدڕێ. باشە باوابێ! بەڵام شەیدا تەنها پێی وابوو ئەبێ دڵی بە یەکێکەوە ببێ، لە بەر ئەوەی کە ئەبێ هەر کەسە و دڵی لای کەسێک بێ!

«کچەی ئەفغان، بەڵام...؟»

ئەویش هەرچەند نەک وەک لالا، لە سەر گیانی شەیدا بار بوو. ئەو بە ڕادەیەک بەزیبک و نەترسانە و ڕاستگۆیانە دەستی دابوویە دەستی شەیدا و بۆ ڕزگارکردنی شەیدا بوون و نەبوونی خۆی بەخت کردبوو، هەقی هەبوو پاداشتێکی گەورەی هاوسەنگی ئەوەش داوا بکات. پاداشتێک هەم بەو قورسیە و هەم هێژا بەو ڕادەیە. ئەو پاداشتەی کە هەرگیز لە تووش و توانای شەیدادا نەبوو. کە شەیدا، لانیکەم، ئەم خدەی خۆی باش ئەناسی و ئەیزانی جەربەزەی ئەنجامدانی ئەو کارە گرینگەی نەبووە و نییە. کیژی ئەفغان لەوپەڕی بێباکیدا، بە دەربازکردنی شەیدا، گیانی خۆی خستبوویە بەری دەستی. بەڵام شەیدا لە پێناوی ئەم خۆبەختکردنەدا هەرگیز ئامادەی ئەوە نەبوو یاریی بەگیانی خۆی بکات. ئەوە هەر هیچ، نەی ئەتوانی بیریشی لێبکاتەوە. ئێستەش بە تێگەیشتنی کتوپڕی ئەو جیاوازی و ئەو دوو ئەدگارە دژ بەیەکەی خۆی و کیژی ئەفغان، خەریک بوو لە بن گوشاری هەستی بێ هیممەتی خۆیدا ئەفلیقایەوە. چی ئەتوانی بکات؟

«بەر لە ڕۆیشتنم شێرۆ ئەبینم!»

ـ خەوت لێکەوتووە یان وەنەوز ئەدەی؟

شـەیدا هـەڵبڵۆقایەوە، ئاخێزی کرد و وەسـتا. بوندار لـەغاوی وشـترەکـەی گـرت و بـە نـەڕەیـەک هـەڵـیسـانـدە سـەرپێ. وشـتـر قنج بوویەوە و قاچـەکانی کردەوە و بـە نابەدڵـی بۆڕاندی. بوندار شـان بـە شـانی کورەکەی، هەوساری وشـترەکەی بەرەو دەرگای سـەرەکی بەهاربەند، کە بەرەو پەنای قەڵا ئەکرایەوە، ڕاکێشا و لەوێ هەوسارەکەی دا بەدەس شـەیداوە و دەرگاکەی کردەوە و شـەیدا، وشـترەکەی بردە دەرەوە. ئەوا باوک و کوڕ لـە دەرەوەی بەهاربەند، لای دیوارەکە وەسـتابوون و وشـتر قاچەکانی کردبۆوە و کلکی قیت کردبوو و بێ ئارام ئەینواند. بوندار لـەتی دەرگای بەهاربەندەکەی داخسـتەوە و بەکپی بە شـەیدای وت:

ـ محەمەمەدڕەزای گوڵخانم ڕەنگە ئەمشـەو هاتبێتەوە بۆ مالـەوە. لەگەڵی بکەوە ڕێ و بچۆ بۆ لای گوڵمحەمەد و پێی بڵێ شوێن بگۆڕێ. ئەگەر لە ماڵیشـەوە نەبوو، پەیامی بۆ دابنێ و بە ژنەکەی بڵێ چاوەڕێ بکات و بە گەیشـتنەوەی، ئەو پەیامەی پێ بدا کە ئەبێ بگەڕێتەوە و گوڵمحەمەد ئاگادار بکاتەوە. هەرچی چۆن بووە ئەمەوێ ئەمشـەو، بەر لەوەی کە ئەم خان نایبە شـێتۆکەیە هێرش بکات، گوڵمحەمەد پێ بزانێ. چونکە ئەم خان نایبە دەس هەڵناگرێ و ئەیەوێ هەر ئەمشـەو ڕاهێژێنێ و بدا بە سـەریاندا. ئاغەش هەر ئێستە بە تەلەفوون وتی ئەم هەواڵە ئەبێ بە گوڵمحەمەد بگات. جا بزانم چی ئەکەی! بادەرەوە؛ خوات لەگەڵ!

شـەیدا، بە بێ هیچ گوتەیەک بە شانی وشـترەکەدا هەڵگەڕا و لە پەنای قەڵاکەوە لە دەروونی شـەودا لە نیگای باوکی ون بوو.

بوندار لە درزی دەرگاکەوە خۆی کرد بە گەوڕدا، ئەڵقەرێزەکەی داخسـت و بەرەو قەڵەشـی دیوارەکە چوو و گەیشـتە حەوشـە و نەگەیشـت، بە گازندە دەنگی هەڵێنا:

ـ ئەی ئەم سفرەیە کەی ئامادە ئەبێ؟! ئەوەی باشـە ڕانێک خەڵکی لێیە، ماشەڵڵا! دڵ و جگەرەکەت سوورکردەوە کچێ؟

زۆر چاکە، بیکە ناو دەورییەکە. سەهۆڵ، ئەی سەهۆڵ کوا؟ وتم بچن چوار پارچە بەفر لە بەفرەچاڵەکان بهێنن! ئەی بۆ هەروا وەستاوی و خەریکی جگەرە کێشانی، عەباسجان؟ بجووڵێرەوە، سووچێک دەس دە! لالا! لەبری ئەوەی کارەکان بخەیتە ڕێ، هەر پرتە و بۆڵەتە! بڕۆ ئەو گۆزەیە پڕکە لە ئاوی تازە و بیهێنە! یاڵڵا، تۆیش سارا، چوار دەنک خەڵووز بخەرە ناو تاوڵەمەکە و بیگەشێنەوە، ئەگەر کاری ترت نییە! ئەی ئەوانیتر لە کوێن؟!... سەرکار، بۆ لە تاریکی دانیشتووی؟ کەس نییە نەوت بکاتە ئەو فانۆسە؟! مووسا... فەرموو سەرکار، بچورە سەر، فەرموو. خەمی چارەواکانتان نەبێ، ئێستە ئەڵێم جۆ بکەنە ناو ئاخوڕ بۆیان... ئەسلان، ئەسلان! پەیمانەی جۆی ئەسپەکان بکەرە بەریان. سەرپڕی کە، ڕەزیلی نەکەی! ئەسپەکانی خان نایبیش وەکوو هینەکانی خۆمانن. مووسا، فانۆسەکەت داگیرساند بڕۆ بۆ یارمەتی ئەسلان. لەملاوە سەرکار. کوڕەکان پێیان ڕائەگەن. فەرموو، خەریکن سفرە ڕائەخەن. نانێکی سەرپێیی...

بوندار بەدەست و باڵ و زمانێک کە بۆ ساتێکیش لە وتن نەئەکەوت جەندەرمە ڕەشتاڵەکەی لە ژێر دالانەوە بەرێ کرد بۆ سەرەوە و خۆی گەڕایەوە سەر بدا لە چێشتخانە:

ـ بجووڵێن ئیتر! بجووڵێن! خەریکی چیت سالار ڕەزاق؟... تۆ چی نوورجیهان؟!

لای کوانووەکە کە مەنجەڵێکی بچووکی لە سەر بوو، دایکی شەیدا ئاوڕی لە بوندار دایەوە و لە پشت توێژێکی دووکەڵەوە، ئاوی چاوی سڕییەوە و پرسی:

ـ بۆ کوێت نارد کوڕەکەم، بەم نیوەشەوە؟!

بوندار لە کاتێکا سەر و شانی لە دەرگاکە ئەبردە دەرەوە بە گاڵتەوە وتی:

ـ بە دوای شیری مریشکدا!

لالا گۆزە بە شانەوە خۆی کرد بە ناودالاندا و بوندار بە دوایدا

چووە ناودالآن و لەکاتێکا بە لای ژنەدا تێ ئەپەڕی بە پەسنەوە وتی:

ــ هەی ماشەڵڵا لە بەرخەکەی خۆم! سەیرکە چ دووگ و بەزێکی هێناوە، لە چاوی پیس بە دوور بێ! بیهێنە سەر گۆزەکە، بەرخەکەم!

لە پلیکانەکان سەرکەوت و هێشتا پێی نەنابوویە بانیجە، سینەی تەقی بە سینەی نادعەلیەوە کە ئەیویست لە پلیکانەکان بچێتە خوارەوە. نادعەلی هەڵوەستەیەکی ناچاریی کرد و لەپشت پەردەیەکی دڵێشاویدا و هەروەها لە بەر ئەوەی بە بێ قسە و تۆراو بە لای خوشکەزاکەیدا تێنەپەڕێ، وتی:

ــ بۆچی هەڵساي؟! نەئەبوا خان نایب بەجێ بێڵێ!

نادعەلی بە لای شانی خاڵیدا لایدا بەرەو پێچی پلیکانەکان و لە کاتێکا ڕێگەی بە لالا ئەدا تێپەڕێ وتی:

ــ من بەیانی ئەڕۆم، پارەم بۆ ئامادە کە. پێویستمە!

چاوەڕێی وەلامی نەکرد و چووە خوارەوە. لە دالآنەوە چووە حەوشە و مووسای بانگ کرد کە فانۆسەکەی داگیراندبوو و بەرەو بەهاربەندەکە ئەچوو:

ــ پەیمانەی ئەسپەکەی من سی سیرە. سی سیر جۆی پاککەردە. خۆت بیکەرە ناو ئاخوڕەکەی. مەیدە بە ئەسلآن کە سەر و قنی ئەکات.

ــ بە سەر چاو ئەرباب!

مووسا تێپەڕی و چووە ناو بەهاربەندەکە. نادعەلی بە دوای مووسادا ڕۆیشت و سەری کرد بە هەماردا و بە کیلەی پڕ لە جۆ لە هەمارەکە هاتە دەرەوە و بەرەو ئاخوڕی ئەسپەکەی نادعەلی چوو.

ــ هەواڵێکی خۆشیشم بۆت هەیە.

مووسا چاوی بڕییە دەمی نادعەلی، لە کاتێکا ئەسپەکە دەمی ئەهێنا بۆ دەنکە جۆکانی ناو کیلەکەی بە دەستیەوە بوو.

نادعەلی پەیمانەکەی لە دەس مووسا وەرگرت و کردی بە سەر کای ناو ئاخوڕەکەدا و وتی:

ــ هاوڕێکەشت خەریکە دێ بەرەو ئێرە. پینەچیەکە!

ــ ها؟!

نادعەلی وتی:

ــ لەبری ئەم مزگێنیە، برێ کۆزەرەش بهێنە بیکە ناو ئاخۆڕەکە!

ــ ئـــەی بە سەر چاو!

نادعەلی لە بابەتی ئالیکی ئەسپەکە ئەندێشەی ئاسوودە بوو. گەڕایەوە بۆ حەوشە و عەباسجان لە سێبەری تاریکی دیوارەکەوە، خۆی پیشانی نادعەلی دا و وتی:

ــ حەسایتەوە، ئەرباب؟

نادعەلی بە لای عەباسجاندا تێپەڕی و بەرەو دەرگای کۆڵان چوو. عەباسجان کەوتە شوێنی و وتی:

ــ ئەتەوێ بڕۆم قەدیر بانگ بکەم، ئەرباب؟ لە ماڵەوەیە.

نادعەلی دیسانەوەش بە بێ وەڵامدانەوەی عەباسجان چووە کۆڵان. لە کاتێکا عەباسجان و نیگای خوازیاری مووسا بە دوایەوە بوون. مووسا حەزی ئەکرد دەربارەی ستار زیاتر ببیسێ. بەڵام نە ڕووی ئەوەی هەبوو بە دوای نادعەلیدا بڕوات و پرس و جۆی لێ بکات و، نە ئەشی وێرا؛ چونکە بوندار نەی ئەتوانی لەو لاپرەسەنیە خۆش ببێ. نەشی ئەویست ئەم و ئەو و بەتایبەت نادعەلی لە خۆی بخاتە گومانەوە. بۆیە ئەبوایە لەسەرخۆ بێ و ئەهوەن و چاوەڕێ بکات. تەنها کارێکی لە بەر بوو. ئاگادارکردنەوەی بەڵخی لە هاتنی ستار. ئەمکارەش پێویستی بە بیانوویەک هەبوو بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە. کاتێکی لەبار. ئەو کاتەی دەم ئەجووڵێ و خەریکی خواردنن. دەست و کاسە، سەریان گەرم ئەکات. ئەو ساتەیە کە بتوانێ بە قەڵەمبازێک خۆی بگەیەنێتە ماڵی بەڵخی.

ــ ئا وەستا مووسا! حەپەساوی؟!

مووسا ئاوڕی دایەوە. عەباسجان بە پەنجەی چەور و خوێناوییەوە، لای شانیەوە وەستابوو:

ــ ئەگەر پێت عەیب نەبێ، تۆزێ ئاو بکەی بە دەستمدا!

مووسا مەسینەکەی هەڵگرت و لە بەر چاڵەکە وەستا. عەباسجان قۆڵی کراسەکەی بە یارمەتی کەشکەی ئەژنۆی بردە سەرەوە و لە سەر چاڵەکە دانیشت و مووسا ئاوی کرد بە دەستیدا. عەباسجان وتی:

ــ لفەکەت، شێرۆ بەڕێوەیە!

ــ لە کوێ بینیت؟

ــ کاروانسەرای زەعفەرانی. وچانێکیش پێکەوە هاتین؛ پاشان من غارم دا. ئەوەندەی نەماوە بگەن. ڕەنگیشە گەیشتبێتن.

ــ ماهدەرویێش چی بە سەر هاتووە؟

ــ چی بە سەر هاتبێ باشە؟ شێرۆ تەرمەکەی دابوو بە سەر کەردا و خەریک بوو ئەیهێنایەوە.

ــ تەرمەکەی؟! مەبەستت ماهدەرویێش مرد؟

مووسا مەسینەکەی ڕاگرت، عەباسجان لە سەر چاڵەکە هەڵسا و ئاوی پەنجەکانی داتەکاند و وتی:

ــ خۆزگە بمردایەت! مردوو بەڵا-زیندوو بەڵا، خۆ خراپترە.

عەباسجان چوو بۆ بن دیواری چێشتخانە و بە مووسای وت دوو پیاڵە چا بهێنێ، کە دەمی وەکوو کونەی وشکی لێهاتووە:

ــ ئەم نوورجیهانە بێ نوورەش خۆ ئەگەر شەو و ڕۆژێک لە بەر دەستیدا هەڵسووڕی، لێوی نابزوێ فەرمووی زەرکێک ئاوت لێبکات!

مووسا بە پیاڵەیەک چاو و دوو کلۆ قەندەوە لای دەستی عەباسجانەوە دانیشت. عەباسجان قەند و چاکەی لە مووسا وەرگرت، قەندەکەی لە چاکە هەڵژەند و خستیە سەر زمانی، بە حەزەوە تەڕیی قەندەکەی مژی و وتی:

ــ بەو جۆرەی بۆم دەرکەوتووە، نادعەلی کەرێکی بۆ

ماهدەروێش کڕیوە! ئێستەش ماهدەروێش بە سواری ئەو کەرە خەریکە دێتەوە. بەڵام سەرم لەوە سووڕ ماوە کە نادعەلی خانی چوارگوێشلی لەکەیەوە ئەوەندە بەخشندەی لێ دەرچووە؟ لە بیرم ناچێتەوە ئەو شەوەی کە نادعەلی مەست بوو و بە نەڕەنەڕ لە ماڵی ئێمە هاتبوویە دەرەوە و بەرەو ماڵی ماهدەروێش خۆی ڕاکێش ئەکرد. شەیدا، دیسانەوەش شەیدا! شەیدا ئەگەر بەری پێ نەگرتایەت خوا ئەزانێ چ فەرتەنەیەک لەم قەڵاچیمەنەدا ساز ئەبوو.

مووسا لای دەستی عەباسجانەوە هەڵسا و وتی:

ــ هەمیشەی خوا ئەندێشەی گڵاو لە ناو مێشکتدا ئەخولێتەوە!

عەباسجان دوا دڵۆپی چاکەی هەڵقوڕاند و بە دوای مووسادا کە دوور ئەکەوتەوە وتی:

ــ واتە بەم چاوانەی خۆم بڵێم کوێر بن و ئەوەی ڕوو ئەدا نەی بینن؟! یان ئەڵێی لۆکە بخەمە گوێم؟!

بوندار لە بانیجەوە پلاری تێگرتن:

ــ سفرە! سفرەکە بهێنە ئیتر! نیوەشەوە!

ئەسڵان بە دەنگی باوکی لە بەهاربەندەکە هاتە حەوشە. عەباسجان هەڵسا. مووسا سەری کرد بە ناو چێشتخانەدا، لالا لە ژووری نوورجیهان هاتە دەرەوە و دەنگی زەڵاڵی سالار ڕەزاق لە ژوورەوە هات:

ــ سفرەکان ڕاخەن، شێو ئامادەیە!

بونداریش، لە بانیجەوە وتی:

ــ زوو بن، زووتر باوکم!

هاتوچۆ، خێرا بوو. نان و سفرە و سینی و خوانچە. دەوری گۆشت و دەفری ئاوگۆشت. بەلەمی دڵ و جگەر بۆ خان نایب. پەرداخ. پەرداخی ئاو. دەس بە دەس لە چێشتخانەوە بۆ بانیجە.

ــ ئەسڵان! ئەسڵان! تۆ وەرە سەر خزمەت بکە!

زەنگی تەلەفوون. دیسانەوەش سەیدی تەلەفوونچی:

ــ ئاغە پەلەیەتی بوندار! ئەڵێن زووتر!

بوندار لە پلیکانەکانەوە هاتە خوارەوە و لە داڵان دەرکەوت و بە هەنگاوی بڵیند بەرەو دەرگای حەوشە، بە مووسای وت:

ــ بزانە نادعەلی چی لێهات کورە! بڵێ بێتەوە بۆ شێو. ئاخر ئێستە کەی کاتی دەرەوە چوونە؟!

مووسا چاوەڕێی ئەو دەرفەتە، بەرەو ماڵی کەلایی خواداد تاوی دایێ. قەدیر دەستی بە دەمیەوە باوێشکی ئەدا، دەرگای لە مووسا کردەوە و وتی:

ــ دیارە هاتوویت بە دوای نادعەلی خاندا؟

مووسا پەیامەکەی بونداری گەیاند:

ــ وتی بێتەوە کاتی نانخواردنە.

قەدیر وەک لە بەر خۆیەوە، وتی:

ــ بڕۆ پێی بڵێ دێین، بڕۆ!

مووسا کشایەوە و دەرگا داخرا. مووسا بە دزییەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد و بە تاریکی بن دیوارەکەدا بەرەو ماڵی بەڵخی خزا و سووک و چالاک، وەک پشیلە لە درزی دیوارەکەوە خۆی کرد بە حەوشەدا و بە بێدەنگ چووە بەردەرگای ژوورەکە. بەڵخی لەگەڵ کچ و ژنەکانی بە دەور لامپاکەوە دانیشتبوون و کابرا لە بن برۆ خەنجەریەکانیەوە چاوی بڕیبوویە پەڕەکاغەزێکی گنج و زۆر بە دژواری وشەکانی ساخ ئەکردەوە. مووسا پێی نایە ناو دەرگاکە و سڵاوی کرد. بەڵخی سەری لە سەر کاغەزەکە هەڵگرت و بە هەمان تووڕەییەوە ڕوانیە مووسا و لەبری وەڵامی سڵاوەکەی وتی:

ــ ناتوانم بیخوێنمەوە!

کاغەزەکەی لای سینی بن لامپاکە دانا و ناخودئاگا دەستەکانی دا بە یەکدا و پەنجە ئێسک درشتەکانی لێک هەڵپێکا و بۆ ئەوەی ناڕەزامەندییەکەی خۆی دامرکێنێ، جمگەی

پەنجەکانی وەرگێڕا، خرمەی لێوە هێنا و تەقاندی و دیسانەوەش بە کەسەرێکی ئاشکراوە وتی:
ـ ناتوانم... ناتوانم. ئەم گەردنەی من بشکێ تا مریشکە ڕەشەش نەڕۆیشتم. نەمخوێند و پەیشوێنم نەگرت. ئاخر چۆنم ئەتوانی؟ گوڵستانێکی کۆنەی سەعدیم هەبوو، بەڵام مرۆڤی کوێر کەی ئەتوانێ خۆر ببینێ؟ بۆ وەکوو سووخۆرەکان ناودەرگات گرتووە؟ وەرە ژوورەوە!... تۆ چی؟ تۆش لە من و ئەوانیتر کوێرتری؟ خۆم بە هەموو ڕەنگێک لێکرد بەڵکوو ئەم دەویتانە ڕازی بکەم فێرگەیەکی دوو کلاسی لەم کاولبووە دابمەزرێنن، بەڵام مەگەر هێشتیان؟ ئاخر ئەو زۆڵانە خۆیان لە شار فێرگە و نەخۆشخانەیان هەیە و... منداڵەکانی ئێمەش چەن کەرتر بن، بێ زمانتر باریان بۆ ئەبەن. دەی دەنگوباس؟
ـ ستار خەریکە دێ!
ـ ها؟!
ـ هەر ئەوەندە! هاتم ئەمە بڵێم و بڕۆم.
ـ ئەی کوا، لە کوێیە؟ کێ دیوێتی؟
ـ هەم نادعەلی و هەم عەباسجان. وابزانم لای داوە بۆ لای سەرەوە!
ـ سەرەوە؟! سەرەوە بۆ؟ ڕەنگە لە بەر جەندەرمەکان؟! هێشتاش لە ماڵی بوندارن؟
ـ جارێ لەوێن. بوندار بۆ شێو ڕایانیگرتووە.
ـ بۆ گوڵمحەمەد ئەچن؟
ـ وابزانم. من ئیتر... خواحافیز.
مووسا بەو خۆشبەزییەی کە هاتبوو لە دەرگا دەرکەوت و لەمبەری دیوارەکە سینەی تەقی بە سینەی بەراتعەلی سالار ڕەزاقەوە و بە بێ ئەڤان سڵاوی کرد و خۆی لادا، تا کوڕی سالار ڕەزاق چووە حەوشە و تێپەڕی:
ـ پاڵەوان لەماڵەوەیە؟

مووسا نیگای لە ڕۆیشتنی کوڕی سالار، بێ وەڵام ما و پاشان چووە کۆڵان، بە بێ ئەوەی ئەندێشەی لە پەیدابوونی کتوپری بەراتعەلی ئاسوودە بووبێ:

«ئەو ئیتر کاری چییە بە بەڵخی؟!»

ــ ئا وەستا مووسا ئەوە بۆ وەکوو پشیلەی گێژ بە دەور خۆتا ئەگەڕی؟!

دەنگ دەنگی خاکی بوو. بەڵام دەنگەکە، لە کوێی شەوەوە ئەهات؟

ــ ئەملا؟ ئێرە!

مووسا لە جۆگەکە پەڕیەوە و لەو بەرەوە لای قووڵکەی توونی گەرماو وەستا. عەلی خاکی لە شیوی ناو قووڵکەکەدا، ئانیشکی دادابوو و ڕاکشابوو.

ــ لێرە بۆ، سالار؟

خاکی وتی:

ــ ئێرەش بۆ خۆی جێگەیەکە! دانیشە، وەرە لە تاریکیا دانیشە!

مووسا لە سەر شیوی ناو قووڵکەکە دانیشت و وتی بۆچی چووە بۆ ماڵی پاڵەوان و دەسبەجێ باسی بەراتعەلی سالار ڕەزاقی هێنایە ئاراوە:

ــ ئەو بۆچی چوو بۆ ماڵی بەڵخی؟

خاکی بە ڕەزامەندییەوە وتی:

ــ لە ماڵی ئێمە بوو. پێکەوە نانمان لەماڵی سەمەد خوارد و چووین بۆ ماڵی ئێمە. تەمەنی نۆ قەران لەگەڵ باوکی جیایە. هەر ئەویش بوو پێی وتم ئەمساڵ پاش خەرمان هەڵگرتن ئەیانەوێ بە من بڵێن: بڕۆ لە ماڵی خۆت دابنیشە!

خاکی لێوە وشک و زبرەکەی، بە پێی خدە، بە نووکی زمان تەڕ کردەوە و وتی:

ــ ئێستەش خۆم داوام لێکرد بڕوا بۆ لای پاڵەوان و پێی

بڵێ ببێ بە سەرپاڵەی دەشتی ئەرباب. خۆ ئەزانی کە پاڵەوان دروێنەوانی ژمارە یەکی ئەم مەڵبەندەیە؟ بەڵام ڕای سالار ڕەزاق و بوندار ئەوەیە کە ئەمساڵ کار نەدەن بە پاڵەوان. ڕاستیەکەی ئەیانەوێ دەستی بە دەمی نەگات و ناچار ببێ بار بکا و بڕوات. یان هەر نەبێ لە قەڵاچیمەن نەمێنێ. پاڵەوانیش هەڵبەت نایڵێ، بەڵام من ئەزانم لە ناخی دڵیا حەز ئەکا ئەمڕۆ و بەیانی توربێن و مەڵەغانەکەی هەڵگرێت و بڕوا بەرەو قۆچان. جا با بزانین بەراتعەلی چ هەواڵێک ئەهێنێتەوە.

ــ ئەگەر سالار و بوندار قایل نەبن چی؟

خاکی لێوی بە زمان تەڕ کردەوە و وتی:

ــ قایلیان ئەکەین! سالار و بوندار خۆ نایانەوێ درەو بکەن. کاری دروێنە بە من و بەراتعەلیە. گیری کارەکەمان جارێ هەمان لە سەتا پانزەکەیە. شەوێک لەم شەوانە ئەبێ قسەمان بکەین بە یەک. تا ئەو کاتە ستاریش ئەگەر... وتت چووە بۆ لای سەرەوە؟ ئەبێ چووبێ بۆ لای گوڵمحەمەد، وایە؟

ــ وا ئەزانم!

ــ خۆشم لەم گوڵمحەمەدە دێ. خۆشم لە کارەکانی دێ. پەسن و چیرۆکم بیستووە لەمەڕ خۆی و کارەکانی. دەنگۆیە کێچی خستۆتە کەوڵی ئاغەکان. هەر ئەمەی چاکە. زۆریش چاکە. ئەم دەویتانە بە زمان قسەیان لەگەڵ نایە. بەس بە زمانی تفەنگ ئەبێ لەگەڵیان بدوێی. چەند بە بەلەنگاز و ڕەبەنترت بزانن، زیاتر لە خۆبایی ئەبن و زیاتر کارت لێ ئەکێشنەوە. چەندە بە نەرمی بچیە بن ددانیان، سەگتر ئەتجوون. هەرچەندە زیاتر دەمتەڕییان بۆ بکەی توندتر ئەدەن بە لمۆزتدا. پەرژین بێ، ڕووم لە دیوار، خووی ماکەریان هەیە، بۆیە ئەبێ بە قورقوشمەوە بچی بە گەروویاندا. تفەنگ! هەر بۆیەشە خۆشم لە گوڵمحەمەد دێ. ئەو کاری خۆی یەک لایەنی کردۆتەوە. زمان و دەمی بەستووە و بە تفەنگ قسە ئەکا. چیتە؟ جووڵەجووڵ ئەکەی! نەکا سپێ تێی

داوی؟ حەز ئەکەی شەوێک وەرە بۆ سەرتەنوورەکە...

مووسا سەری ڕاوەشاند و وتی:

ـ نا، نا! چووبووم بە دوای نادعەلیدا، خوشکەزای بوندار. پەیامم بۆ بردبوو بۆ شێو...

خاکی بە پێکەنینەوە وتی:

ـ تێ ئەگەم، تێ ئەگەم! ئەترسی دەنگی بەرز بێتەوە، تێ ئەگەم!

ـ خۆت باشتر ئەیناسی! دەمپیس و جنێو فرۆشە. لەپڕ لە بەر چاوی چوار بێگانە مرۆڤ ئەشکێنێ.

ـ هەڵسە، هەڵسە بڕۆ. تێ ئەگەم ئەڵێی چی. من جارێ لەم ناوانەم. خوات لەگەڵ.

ـ جارێ...

ـ خوات لەگەڵ!

مووسا تیژ و چالاک بە شانی دیوارەکەدا هەڵگەڕا، ڕۆیشت و لە جۆگەکە پەڕیەوە، دەستی بە دیوارەکەوە ڕاوەستا بەڵکوو ئەو دەنگە نامۆیەی لە پەنای دیوارەکەی بەڵخیەوە دێ ئاشکراتر ببێ. گومانی وابوو بەڵخی و بەراتعەلی بۆ بینینی خاکی دەرکەوتوون. بەڵام کە لەپەسا دەنگەکە ئاشکراتر ئەبوو، گفتوگۆکان لەوە نەئەچوو هی بەرات و بەڵخی بێ. گوێی تیژ کرد. دەنگ و گفتی نادعەلی ناسیەوە کە بە زەلاڵی ئەبیسرا:

ـ تا هیممەتئاوا بە سواری ئەڕۆین. لەوێ ئەسپەکە ئەدەین بەم مووسایە بیگەڕێنێتەوە و هەر لەوێ لە پێشی ماشینێک سوار ئەبین و ئەڕۆین. لەوێ ئەچین بۆ میوانخانە. فایتوونێکی دەربەس ئەگرین بە کرێ. خۆ وتم پێت... لەو ناوە ئاشنام زۆرە. هەواش زۆر لەبارە لەم وەرزەدا. ئا، ئەوەندەش گەرم نییە. لێی ئەدەین ئەڕۆین بۆ وەکیل ئاوا و کێوی سەنگی... شەو ئەگەڕینەوە...

ـ من ئەرباب، من قەت ڕازی نابم لە قسەی "تۆ"دا نا بڵێم، بەڵام...

قەدیر و نادعەلی، لەو بەری جۆگەکەوە، لە بن ڕیزی ڕاستەبیەکان و بە بەردەمی مووسادا کە ئێستە وەکوو گەڵایەک خۆی لکاندبوو بە تەختی دیوارەکەوە، تێپەڕین و چەند هەنگاوێک کە دوور کەوتنەوە، مووسا بە نەرمی کەوتە شوێنیان تا لەگەڵیان بچێتەماڵەوە:

ـ بەڵامی نییە، قەدیر!

ـ ئەمەوێ دروێنە بکەم ئەمساڵ ئەگەر بشێ، ئەرباب! ئەمەوێ شان بدەمە بەری و کار بکەم.

ـ بۆ کار، هەمیشە دەرفەت هەیە، بەڵام بۆ جەوانی؛ جەوانی تێئەپەڕێ هەڤاڵ. ئەمانەوێ بڕۆین و گەنجێتی بکەین، ڕابوێرین!

بیمێنێ بۆ بەر ماڵی بوندار، قەدیر پێی کشاندەوە و وتی:

ـ لێرەوە ئەبێ بمبووری ئەرباب. من لەم شێوکردنە دەراوێ. حەز ناکەم...

نادعەلی دەستی خستە بن بازووی قەدیر و وتی:

ـ هەر باسیشی مەکە! لە کاسەیەکدا پێکەوە نان ئەخۆین. هەر کەس منی ئەوێ چاوی دەرهات، ئەبێ هەڤاڵەکەی منیشی بوێ!

نادعەلی، قەدیری کێش کرد بۆ ژوورەوە و مووسایش بە دوایاندا ڕۆیشت خۆی پیشانی بوندار بدات. بەڵام هەر لەو کاتەدا، تارمایی ئەو گوێدرێژەی ماهدەروێشی بە سەرەوە بوو و شێرۆ بنی ڕەشمەکەی بە دەستەوە گرتبوو بۆ ئەوەی چاڵ و چۆڵی کۆڵانەکەی پێ بناسێنێ، مووسای لە سەر جێی خۆی وشک کرد. ئەوەندەی پێ نەچوو شێرۆ و ماهدەروێش نزیک کەوتنەوە و مووسا چەن هەنگاوێک بەپیریانەوە چوو. ماهدەروێش هەروا خۆی دابوو بە سەر بوخچەی بەردەمیدا و خەمناڵەی بە ئەسپایی ئەبیسرا. مووسا "ماندوو نەبوونی" لێکردن و بە بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام لە ماهدەروێش بکات. شێرۆش لەبری وەڵام کپ و لەسەرخۆ وتی:

ـ پەیامێکم لە هاوڕێکەت بۆ هێناوی. بەجۆرێک خۆت

بگەیەنە ماڵی ئێمە.

مووسا بە دەنگە بۆڕەکەی ئەسڵان، ڕووی لە شێرۆ وەرگێڕا و بەپەلە خۆی کرد بە حەوشەدا.

بە دوای نۆکە ڕەشکەدا ڕۆیشتبووی؟! ئەوەندەی ئەزانی کار هەیە خۆت ون ئەکەی. هەڵێ سەرەوە. پاشانیش بەپەلە وەرە ئەسپەکان ئامادە بکە ئەمانەوێ بکەوینە ڕێ. یاڵڵا زووبە!

لە بانیجە، لالا و بوندار لە هاتوچۆدا بوون. لالا سینی قاپ و دەفرە بەتاڵەکانی دایە دەس مووسا. لە ناوداڵان، مووسا خۆی لادا، نادعەلی و قەدیر تێپەڕن. نادعەلی و قەدیر لە سەرەخۆ تێپەڕین. مووسا سینیەکەی برد بۆ چێشتخانە و هەواڵی عەباسجانی لە نوورجیهان، کە کتری گوڵی زمانەگای لای نەرمە ئاگرەکە دانابوو، پرسی.

ــ چووزانم، نواڵەکەی قووت دا و ون بوو! ئەمیان، سالار ڕەزاقیش...

ــ لە کۆڵان کە نەمبینی!

ــ ئەبێ نوقمی عەرز بووبێ. شێوەکەی تۆم خستۆتە ناو مەنجەڵەکە، لە سەر تاقەکە.

مووسا لە دەرگای چێشتخانە چووە دەرەوە. بە بەردەم لالادا، کە سفرەکەی کۆ کردبۆوە و ئەیهێنا بۆ چێشتخانە تێپەڕی و، لە سەر قسەی ئەسڵان چوو بۆ بەهاربەند:

ــ ئەڵێی چی بکەین ئێستە؟

ــ بە نینۆک قەشاویان بکێشە، پەیکولێک، دڕک و داڵێک... هەرچی پێوە بێ... ئەبێ لەگەڵ خان نایب بکەوینە ڕێ!

ــ منیش؟!

ــ تۆبۆ کوێ؟! بۆ داڵانی قنی من؟!

ــ ئاخر تۆ وتت ڕێ ئەکەوین!

ــ ڕێ ئەکەوین، من و خان نایب!

لە هەمان کاتدا جەندەرمە ڕەشتاڵەکە پەیدای بوو، لەغاوی

لەدەس مووسا وەرگرت و وتی:
ــ بابزانم، برام! نەء، ئەم لەغاوە بکەرە... نا، لێیگەڕێ. خۆم چاکی ئەکەم. بزانە ئەتوانی قاپێک دۆ بهێنی؟ هەڵێ!
ئەسڵان، هاودەنگی جەندەرمەکە وتی:
ــ هەڵێ، هەڵێ بڵێ دۆ ساز بکەن!
مووسا لە بەهاربەندەکەوە فڕکەی کرد بۆ حەوشە و جەندەرمە لە ناو داڵانەکەوە هاتنە حەوشە، لە کاتێکا بوندار چراتۆڕ بەدەس لە بەریانەوە ئەهات. جەندەرمە جگە لە خان نایب بەرەو بەهاربەند ئەڕۆیشتن و بوندار لۆکسەکەی لە سەر پەرژینی بەهاربەندەکە دانا، بەجۆرێک کە هەردوو بەر ڕوون بکاتەوە. مووسا قاپی دۆی لە لالا وەرگرت و لای چەپەری دەرگای بەهاربەندەکە کشایەوە بۆ ئەوەی خان نایب و بوندار تێپەڕن. خان نایب کە تەنانەت کاتی هێواش ڕۆیشتنیش شەلیەکەی ئاشکرا بوو، لە بەر چەپەرەکە وەستا، سەیری قاپی دۆکەی کرد و پاشان چاوی بڕییە مووسا و پرسی:
ــ کێ داوای دۆی کرد؟
مووسا بە شەڵەژاوی سەیری بونداری کرد و وتی:
ــ یەکێک لە... یەکێک لە جەندەرمەکان، قوربان.
خان نایب نیوسووڕی کرد و پێی نایە ناو بەهاربەندەکە و پشت لە تیشکی لۆکسەکە وەستا و وتی:
ــ دۆ! کێ داوای دۆی کرد بوو؟! ها؟ کێ بەم شەوە ویستوویەتی دۆ بکا بە ژەهری ماری؟!
جەندەرمە خەریکی زین و لەغاوکردنی ئەسپەکانی خۆیان سەریان داخستبوو و وەها بوو کە خان نایب لەگەڵ دیوارەکەیەتی. ئەسڵان ویستی دەم بکاتەوە بەڵام جەندەرمەی ڕەشتاڵە بە دەنگی بەرز و ڕقاوی قەمچی ئەسپەکەی لێوەرگرت و وتی:
ــ ئەو فانۆسە بهێنە بەرەوە، کوڕی کوێخا!
خان نایب وەک بڵێی خۆی ئەیزانی وەڵامی پرسیارەکەی چی

ئەبێ، دۆکەی لە دەس جەوان وەرگرت، ڕژاندییە بن دیوارەکە و قاپە بەتاڵەکەی دایەوە بە مووسا. دەسڕی لە گیرفان دەرهێنا و ڕوو لە دەستەکەی وتی:

ــ سوار بن!

کابرای ڕەشتاڵە، لەغاوی ئەسپەکەی خان نایبی دایە دەستی و پاژنەی پۆستاڵەکانی کوتا بەیەکدا و تیژ بەرەو ئەسپەکەی خۆی چوو. بوندار لۆکسەکەی لە سەر دیوارەکە هەڵگرت و لە بەردەمی خان نایبەوە پێی نایە حەوشە و وتی:

ــ ڕاستەکەی دەزگیرانی ئەسلانیش لەوێیە، لە خوێناڵ. بۆ ئەسڵان کە لە خزمەتتدا دێت هەم فاڵە و هەم تەماشا!

خان نایب بە لەقاندنی سەر، کۆتایی بە قسەکەی بوندار هێنا و لە بن نیگای نادعەلی کە لە بانیجە وەستابوو، لەغاوی بەرەو دەرگای کۆڵان ڕاکێشا و لە دەرەوە، پێی لە ئاوەزەنگی خست و لەشە کوتراوەکەی چالاکانە هەڵدایە سەر زینەکە و سوارەکانی کە لە بەر ڕۆشنایی لۆکسەکەی بونداردا، بەڕیز ئەهاتن هەڵسەنگاند و لەغاوی سووڕاند. سەیدی تەلەفوونچی لە بانی ماڵەکەیەوە «ئۆغر بەخێر»ی لە خان نایب کرد و بە پێی ڕاهاتن دەستی برد بۆ پۆپەی کڵاوەکەی. بوندار وتی:

ــ چاوەڕوان ڕامانگرتن خان نایب. ئەڵێم جێگەشتان بۆ ڕاخەن.

خان نایب بێ وەڵام، دیسانەوە سەری لەقاند و ڕکێفی ڕاوەشاند. بوندار، ئەوا لە سەر سەکۆی بەر دووکانی ئەسڵان وەستا بوو و لۆکس بە سەر دەستەوە، دەستەی جەندەرمە بەرێز لە دەرگای ماڵەکەی ئەهاتنە دەرەوە و بەڕێیانی ئەکرد. دواکەس ئەسڵان بوو بە سواری ئەسپی ئەربابی، خەریک بوو ئاغزوونەی قایشەکەی تەنگتر ئەکرد. بوندار لە سەر سەکۆکە دابەزی و بەکپی بە ئەسڵانی وت:

ــ بیانگێڕەوە! ئەمەوێ بیانگێڕییەوە؛ بزانم چی ئەکەی!

ئەسڵان بە دوای دەستەی سوارەکاندا کە هێشتا لەسەرخۆ بە قەراخ ڕیزی ڕاستە بیەکاندا بەرەوخواری قەڵاچیمەن بەڕێوەبوون، ڕکێفی ڕاوەشاند و بوندار چراتۆڕ بەدەست، چووە ناوەڕاستی کۆڵانەکە و هەوڵی دا دوا خاڵی ڕۆیشتنی سوارەکان بخاتە ژێر چاودێری و ئەمکارەی نە بە ئەنقەست، بەڵکوو نیشانەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بوو.

لە بانیجە، کە ئەیڕوانی بە سەر کۆڵاندا، نادعەلی ئانیشکێکی لە لاکەلەکەی قەدیرەوە کوتا و ئەماژە بە بوندار کە هێشتا دیوار و داری بە تیشکی چراتۆڕەکەی چراخان کردبوو، وتی:

ــ سەیری کە! ئەڵێی چراتۆڕی بۆ بووک ڕاگرتووە!

قەدیر خەندەیەکی تەوساوی کرد و نادعەلی وەرگەڕا و بەرەو محاجەرەی ڕووە لە حەوشە چوو و لەوێش وەکوو ئاغەیەکی بەدەمار وەستا و وتی:

ــ ئەهۆی... شێوەکەی ئێمە بهێنن!

مووسا سەیری لالای کرد و لالا چووە ناو چێشتخانە.

بوندار، وەکوو گورگی بریندار، تووڕە و هەڵچوو گەڕایەوە حەوشە و وەک بڵێی جگە لە خۆی کەس جنێوەکانی نابیسێ، بە بێ پرینگانەوە نەڕاندی:

ــ شەلی بێ کتێب! ئەڵێی لە زمانی ئادەمیزاد تێ ناگا. گوێ لە قسەی مرۆڤ ناگرێ! لەگەڵ بەردیش بدوێی وەڵام وەرئەگری، کەچی ئەو ئەڵێی لە لووتی پڵینگ داکەوتووە! ئاژاوەگێڕ! گریمان هاوکاسەی شای بەرینیش بووبێ، هێشتاش ئەو هەمووە ترۆفیزەی پێ ناوێ. خۆ لەشکری خانی سمکۆت نەشکاندووە، ڕەحمە لە باوک! هەر ئەوەندەی لە قۆچانەوە ناردوویانە، کەس بە پیاو نازانێ! خوا لە باوکی نادر خۆش بێ، ئەیهۆۆۆ! ترن باب! جا برۆ تیر بنێ بە باوە با قنت فێنک ببێتەوە!... وەرە ئەم چرایەم لێوەرگرە کوڕە! یاڵڵا ئیتر! هەروا وەستاوی کە چی؟ ئەی ئەو عەباسجانە بۆ کوێ ملی شکاند؟ بابێ پاروە نانێکم بداتێ قوزەڵقورتی بکەم! خۆ

نەمزانی چ ژەهری مارێکم خوارد. یاڵڵا ئیتر! ئەهۆی کچێ... های ئەفغانی، تۆ لە کوێی؟ لالا، بڵێ تاوڵەمەیەک بگەشێنێتەوە ئەو کچە! خۆشت شێوەکە بهێنە سەر! تۆیش ئەو دەرگا بێ خاوەنە داخە!... زەرکێ ئاوم بدەرێ! هەمیشەی خوا ئەبێ کراسی ترس و لەرز لە بەر مندا بێ. زووکە... هۆی... بجووڵەوە بیبە سەر ئیتر!

بابقولی بوندار بە بێ ئەوەی خۆشی بزانێ ئەڵێ چی و لەگەڵ کێیەتی، پریشکەی تف و وشە لە دەمی دەرئەپەڕین لە کاتێکا لە دالانەوە بەرەو پلیکانەکان و بانیجە هەڵئەکشا:

ــ لەحنەتی خوا لە من بێ! بە قوزەڵقورت بێ ئەو جۆرە نانە...

قەدیر و نادعەلی هەروا لە بەر محاجەرەی بانیجە وەستابوون و بە هاتنی بوندار، ڕوویان تێکرد و بوندار وەک بڵێی پێشتر قەدیری نەدیبوو، لەپڕ داچڵەکا و بۆ ئەوەی نەیخاتە خۆی و وای دەربخات لە گفتی خۆی پاشگەز نییە، درێژەی پێدا:

ــ لە قسە تێ ناگا! ئاخر زمانێکی خۆش، ڕوویەکی خۆش... ئادەمیزادێکیان وتووە. نەخێر! دانیشن، دانیشن، هەر لێرە؛ خۆ بای نایە، هەر لێرە دائەنیشین. مسۆگەر ئێوەش نانتان نەخواردووە؟! پیاو لە دین دەرئەکات! ئەوا شێو ئەهێنن. خۆ من نەمزانی چیم خوارد. بوو بە زەهرم. یەک دوو پەمپ بدە لەو چراتۆڕە، قەدیر! دەی... دەی... بیهێنن ئەو پارووە نانە ئیتر!... لە قۆچانەوە هاتووە! هاتووە و ئەیەوێ لێرە شاکار بکات. هاتووە و ئەیەوێ بە شەوێک هەموو یاخیەکان ڕاو بکات و بڕواتەوە. فەرمانیشی لە مەشهەدەوە پێیە. بۆیەشە... وتم پارووە نانێک بەیەکەوە بخۆین باشترە. های... سەید، سەید!

سەیدی تەلەفوونچی لە سەر بانی ماڵی خۆیان خۆیا بوو. بوندار هەڵسا، گیوەکانی خستە سەر پێی و وتی:

ــ زەنگێک لێ بدە بۆ ئاغە. زەنگێک لێدە تا نانیان نەهێناوە.

بوندار، هەر بەو شەڵەژاوییە لە پلیکانەکان غاری دایە

خوارەوە، لە دالانەوە چووە حەوشە و هاواری کرد:

ــ ئەتانەوێ میوانەکان لەبرسانا دڵەکزێ بگرن؟! بجووڵێنەوە ئیتر!

مووسا بە سینی شێوەوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و بوندار تێی تەقاند بۆ کۆڵان و تای دەرگاکەی ماڵی سەیدی تەلەفوونچی دا بەیەکا و لە پلیکانەکان سەرکەوت و تاوێکیتر ناو بە ناو دەنگی کە لە بیستۆکی تەلەفوونەکەوە قسەی ئەکرد بەرگوێی نادعەلی و قەدیر کەوت.

ــ بیسمیللا. تا ئەو دێتەوە من و تۆ با خەریک بین!

مووسا گەڕایەوە بۆ چێشتخانە و لالا قاپی دۆکەی دا بە دەستیەوە و وتی:

ــ ئەمەش بەرە، پیر بی ئیشەڵڵا.

مووسا بە لای کچە ئەفغاندا کە تاوڵەمەی هەڵئەسووڕاند، لارەولار تێپەڕی، قاپی دۆکەی بردە سەر و دابەزییەوە و لە چێشتخانە جارێکیتر نوورجیهان مەنجەڵی ناو تاقەکەی پیشانی مووسا دا و وتی:

ــ تۆ ناتەوێ پارووەیەک بخۆی؟

مووسا دەستی برد بۆ مەنجەڵەکە و وتی:

ــ پەلەم نییە. کارەکەم کە تەواو بوو لەگەڵ خۆم ئەیبەم. با تۆزێ چۆڵ ببێ. بازاڕی شامە ئێرە!

نوورجیهان کتری زمانەگاکەی لای کوانووەلە هەڵگرت، دەستی گرت بە ئەژنۆیەوە و ناوچەوانی تێکنا، ڕابوو و لە چێشتخانە چووە دەرەوە و بەدڵ و بە زمان نەفرینی کرد:

ــ خوا شێتت کا پیاوی زاڵم، خوا شێتت کا!

لە دەرگاکە چووە دەرەوە، سەری کرد بە ژوورەکەی خۆیدا، شەکەت و ماندوو و نیگەران، بە کچە ئەفغانی وت:

ــ کچم، سارا! ئەو دەفر و دەوریانە کۆ کەرەوە و وەرە بخەوە. هەر لێرە جێگەت بۆ دائەخەم. وەرە، زووبە. من کە خەریکم

ئەمرم، مووسا. خوایە گیان... خوایە گیانم... ئازار... ئازار...

بوندار نە کەمتر تووڕە، بە جنێودان خۆی کردەوە بە ماڵدا؛ بەڵام ئەمجارەیان نە بە دەنگی بەرز، بەڵکوو زۆر بە کپی و وەک بڵێی لەگەڵ خۆی بێ:

ـ لە دەمی شەددەدا گیریان لێ هێناوم، ژن حیزانە! لە لایەکەوە لەشکر ئەنێرن و لە لایەکەوە فەرمان ئەدەن بەری بگرە! سەری لێ بشێوێنە! لە لایەکەوە گوڵمحەمەد ئەخەنە بەر گوللە و لە لایەکەوە بە من ئەڵێن ئاگات لێی بێ، بیپارێزە! ئاخر مەگەر من قونسووڵی ئینگلیزم؟! ئەو شێوە ئامادە بوو یان نا؟

مووسا لە بەر ناودالان خۆی لادا، ڕێی بۆ بوندار کردەوە و وتی:

ـ ئامادەیە بوندار، ماستاویشم برد. ڕاستی... ماهدەروێشیان لە شار هێنایەوە.

بوندار پێی لە سەر یەکەم پێپلیکان، گەڕایەوە و پرسی:

ـ ئیتر چی؟

ـ تاوێک بەر لەمە بینیانم شێرۆ ئەیبردەوە بۆ ماڵەوە، بە سواری کەر.

بوندار لە پلیکانەکانەوە چووە بانیجە و بەر لەوەی لەپێش سینیەکە دابنیشێ سەری وەرگەڕاند بەرەو خوارەوە و وتی:

ـ کارەکانت تەوا بوو بچۆ بە دوای شێرۆدا، مووسا.

هەڵچوونەکەی بوندار هێشتاش دانەمرکابوویەوە و وا پێ ئەچوو بە ڕادەیەک کلۆڵ بووە، کە سەرەڕای بوونی قەدیر و نادعەلیش ناتوانێ خۆی ڕابگرێ:

ـ منیان کردووە بە گزیچاری خۆیان، دەویت بابانە!

قەدیر وتی:

ـ هەر کەس لە بیری خۆی دایە بوندار! وا ئەزانی ئالاجاقی دڵی بۆ تۆ سووتاوە؟!

بوندار پارووەکەی لە دەمیدا ڕاگرت و وتی:

ـ باسی ئاغە نییە، قەدیر خان!

ـ ئەی لە کێ ئەوەندە تووڕەی؟ ڕەنگە لەم خان نایبە؟ ناوبانگم بیستووە کە زۆر گووزل و کەرخەسێنە!
ـ نەخێر قەدیر خان، نەخێر! خان نایب پیاوی دەوڵەتە و ئەرک و ڕاسپاردەی خۆی هەیە!
ـ کە وایە لە ئێمە تووڕەی کە خۆمان کردووە بە میوان!
ـ نانەکەت بخۆ قەدیر! نانەکەت بخۆ! من خۆ میوان نەدیوو نیم. ئەوەی چاکە ساڵ بە دوانگزە خۆت شایەتی!
ـ وابزانم ئەم ئاشنایەت گوڵمحەمەدی کەلمیشی، ئاخرەکەی دەستت بکا بە ڕۆنا! خۆت پێت وانییە؟
ـ من چیم داوە لە گوڵمحەمەد، براگیان؛ من چیم داوە لە گوڵمحەمەد؟ بۆ قسەکانت سووک و سەنگین ناکەی و دەری ئەپەڕێنی؟ کابرای ڕێگر چ پەیوەندییەکی بە کار و ژیانی منەوە هەیە لێرە؟ ڕۆژگارێک مامەڵە و کڕین و فرۆشم لەگەڵیان هەبوو؛ خوا عافووی کا ئەو ڕۆژگارە. ڕۆژگارێک بوو گوڵمحەمەدەکانیش وەکوو خەڵکی تر ڕەنجدەر بوون و پارووەنانێکی حەڵاڵیان ئەخوارد و سەریشیان بەکاری خۆیانەوە گەرم بوو. نەک ئێستە کە خەڵکی لە ترسی ئەوان خەویان نییە. ئیتر من چ کارێکم بەوان داوە؟!
ـ لەپڕ ئەبینی ئەوان کاریان بە مرۆڤ هەیە، بوندار!
ـ نۆشی کە قەدیر خان، نانەکەت نۆش کە. تا بەفر نەباریوە کەس ناکاتە سەربان. نانەکەت بخۆ بابەگیان!
قەدیر پەنجەکانی لستەوە و پاڵی دا بە دیوارەکەوە:
ـ خوا بەزیادی کا، بوندار. خوا فراوانی بخاتە ماڵ و سفرەت.
ـ نۆشی گیان... نۆش!
مووسا بە مەنگەڵی ئاگرەوە هات بۆ بانیجە و یەکڕاست چوو بۆ دیوەخان. مەنگەڵەکەی لە شوێنی هەمیشەی دانا و هاتە دەرەوە.
ـ چای تازەش دەم کە. سەماوەرەکە ئەبێ هاتبێتە کوڵ.
مووسا چووە دیوەخان و لای سەماوەرەکە دانیشت؛ تا بوندار

بانگی کرد:

ــ وەرە کۆی کەرەوە، مووسا!

مووسا هاتە بانیجە و بوندار لە سەر سفرەکە هەڵسا، گیوەکانی خستە سەر پێی و بەرەو دەرگای دیوەخان، وتی:

ــ وەرنە ژوورەوە. چا لێرەیە.

قەدیر و نادعەلی سەیری یەکیان کرد، هەڵسان و مووسا قاپ و دەوری خستە ناو سینیەکە، هەڵیگرت و بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە. نادعەلی و قەدیر بەرەو دیوەخان چوون و دەنگی بوندار لە ژوورەوە هات:

ــ ئەی ئەم پیاڵە نەشۆراوانەت لێرە داناوە کە چی، کوڕە!... مووسا!

لەبەر دەرگای چێشتخانە مووسا وەڵامی دایەوە:

ــ بەڵێ بوندار!

دەنگی ناڕەزایی بوندار بەرزەوە بوو:

ــ بڕۆ بە دوای شێرۆدا بڵێ بێت. چوار ڕۆژ ئەوی لێ نەبێ ئەم ماڵە ئەبێ بە کاروانسەرای چوار دەرگا! هەڵێ بانگی کە!

مووسا سینیەکەی بردە چێشتخانەی خامۆش، هاتە دەرەوە و لە دەرگای حەوشەوە بۆ کۆڵان و تا ماڵی ماهدەروێش یەکبین هەڵات.

ماهدەروێش تازە لە سەر جێگە خەوێنرابوو و شێرۆ ئەیویست پیاڵەیەک چای بۆ ساز بکات. بابە گوڵاو بەرامبەری ماهدەروێش پشت بە دیوارەوە دانیشتبوو، گۆچانەکەی لە ناو دەستیدا ڕاگرتبوو و نزای بۆ گیانی شێرۆ ئەکرد. مووسا لەگەڵ کابرای نەخۆش چاک و خۆشی کرد و وەڵامێکی کز و کەنفتی وەرگرت و پەیامەکی بونداری دا بە شێرۆ. شێرۆ کەرەسەی چاکەی لای دەستی ماهدەروێشەوە دانا، پڵیتەی لامپاکەی تۆزێ داکێشا و لە سووچی دیوارەکە داینا و بە بابە گوڵاوی وت چا بۆ خۆی و ماهدەروێش تێ بکات:

ــ دەس و چاوەت بۆ ئەوە ئەبن بابە گوڵاو؟

ــ هەر جۆر بووە پیاڵە چایەک لە کترییەکە هەر تێئەکەم، باوکەکەم. من لە ماڵی سەمەد چای خۆمم خواردووە. خەمت نەبێ، بابە گیان. من ئاگام لە سەید ئەبێ. بڕۆ باوکەکەم، بڕۆ. خوا تۆ لە سەید نەسێنێ. تۆ... خوا خۆی ئەزانێ کە... دڵی تۆ چەندە باش و پاکیزەیە، کچم. ماهدەرویش ئەبێ نرخی تۆ بزانێ. خوا دوارۆژی بەندەکانی بەخێر بکات. ئەم سەیدی ڕۆڵەی پێغەمبەریش چاک ببێتەوە. ئیشەڵڵا، چاک بێتەوە...

بابە گوڵاو بۆ خۆی هەر ئەیوت. چونکە مووسا و شێرۆ هەمانکات لە ماڵ دەرکەوتبوون و ئەوا بە تاریکیە ئەنگوستە چاوەکەی دالانە کۆندا تێئەپەڕین. شێرۆ ئەوسا بیری کەوتەوە تەنانەت بێژنگێک کای نەکردۆتە ئاخوڕی کەرەکە.

ــ کاتی گەڕانەوە... پەیامەکەت چی بوو؟

شێرۆ خاوی کردەوە و وتی:

ــ ستار ناوقەدبڕ چوو بەرەو قەڵاتی خوێناڵ. زانی کە جەندەرمەکان شوێنی گوڵمحەمەدیان هەڵگرتووە. ڕۆیشت بەڵکوو هەواڵەکەی پێ بگەیەنێ، وابزانم. وتی بە تۆ بڵێم نان و ئاوی یەک کەس ببەی بۆ نزار. دلاوەر لەوێ چاوەڕێیە. قسەی لفەکەت ئەوە بوو تا جەندەرمە پێیان لە قەڵاچیمەن نەبڕاوە، دلاوەر هەر لەوێ، لە نزارەکە بمێنێتەوە. هەر ئەوەندە.

ــ پاشان؟

ــ هیچی تری نەوت!

مووسا چاوی ترووکان و لێوی خۆی گەست و وتی:

ــ زۆر چاکە... زۆر چاکە... چاکە. بەڵام تۆ ئەبێ لە بەردەستی بونداردا بیت تا من بتوانم بۆ کاژێرێک خۆم ون کەم. بەڵام ئەی ماهدەرویش؟

ــ چوزانم؟! خەوی لێ ئەکەوێ ئیتر!

لە دالانەوە بایان دا بۆ مەیدانی بەر گەرماو و پێیان هەڵگرت.

خاکی و بەراتی سالار ڕەزاق، بە قەراخی ناسکی مانگەشەودا ئەهاتن. مووسا سڵاوی لێکردن و تێپەڕی. خاکی پێی ڕاگرت و لە ماهدەروێشی پرسی. شێرۆ ئاوڕی دایەوە و وتی هەر وەک خۆیەتی. مووسا لە هەمان کاتدا دەسبەجێ بە بیریدا هات داوا لە خاکی بکات سەرێک لە ماهدەروێش بدەن و تۆزێ لە لای بمێننەوە:

ــ پێی خۆش ئەبێ سەیدۆکە، دڵشکاوە.

خاکی وتی:

ــ خراپیش ناڵێی!... ئا، بەرات؟

تێپەڕین. کۆڵان و دەرگا و حەوشە. لالا نەبوو. نوورجیهان و کچە ئەفغان کپ بوون. ماڵ خامۆش بوو. ئەو خامۆشیە مەگەر جارجار بە فیشەی لووتی پاتاڵێک بلەرزیایەتەوە. مووسا شێرۆی بەرەو داڵان برد وتی:

ــ نادعەلی و قەدیریش لەسەرن، خۆت پیشانی بوندار بدە.

چوونە بانیجە. مووسا لای دەرگاکە وەستا و وتی شێرۆ لێرەیە. بوندار وتی با بێت پیاڵەکان ببا و ئاویان بکێشێ.

ــ خۆ کارت بە من نییە؟

بوندار وەڵامێکی ڕوونی بە مووسا نەدایەوە. ڕەنگە لە بەر ئەوەی لە هەمان کاتدا شێرۆ چووە ژوورەوە و پرس و جۆی ماهدەروێش هاتە بەرەوە. مووسا لێی نەوەستا. وەک پشیلە کشایەوە و چالاک و بەلەز بە پلیکانەکاندا شۆڕ بوویەوە، چووە چێشتخانە، مەنجەڵی گۆشتەکە و دوو نانی هەڵگرت، هاتە دەرەوە و چووە ناو بەهاربەندەکە و لە ژوورەکەی خۆی لە چارۆکەیەکی پێچا و گرێی دا. گرێی چارۆکەکەی گرت بە دەستیەوە و هاتە دەرەوە. بە سەر ئاخوڕی ئەسپەکاندا بازی دا و سووکەڵە سەرکەوتە سەر دیوارەکە و بەو دیودا خزایە خوارەوە. خۆی تەکاند و لە تاریکی شەودا بە لێژایی شیوەڵی چەمە وشکدا خزایە خوارەوە و بەرەوژوور بەرەو نزارەکە سەرکەوت.

لە پێچی چەمە وشک بەولا، بەرداوێژێک بۆ ڕێگەکە، لەو بەری گردەڵەیەکی نەوی و بەر بەرەوخوار بەرەو شۆراو، لێڕەوار بوو. چەمەکە ئەگەر وشک نەبوایە بەستێنی ئاوەکە بە ناو نزارەکەدا تیئەپەڕی. بەڵام بەستێنی وشکی چەمەکە، ئێستاکانێ شیوێک بوو کە دارستانەکەی ئەکرد بە دوو بەشەوە. مانگ ئەگەر چاردە بایەت، نەک بەم جۆرە گنج و کەمبەر، بەستێنەکە باریکە ئاوێکی پێدا بهاتایەت و سروەیەکی خۆشیش بهاتایەت، بە لەتە بەڕەیەک و مەشکۆڵەیەک ماستی خەسە و یەک دوو قاپی ئارەق و چەن پیاڵە، ئەکرا بە بەزمی خواردنەوەیەکی خۆشدڵانە، نزارەکە لەو خامۆشی و وشک و برینگیە دەربهێنرایەت. بەر لەمە، چەندەها بنە پیاڵە بە سەر خاکدا پرژێنرابوو. هەتا ئێستەش ناوبەناو، شووشە شکاو لەمبەر و ئەوبەر، نیشانی کۆنی ڕۆژانی نوێی نەورۆزان بوون. هەندێ جاران کاتی ئەو جۆرە بەزمانە، خودی بوندار ئاوی قەڵاچیمەن هەڵئەگەڕێنێتەوە بۆ ناو شیوەڵی نزارەکە و ڕایەخی خۆشخۆریی ئالاجاقی و میوانەکانی لە تەختاییەکەی ناو دارستاندا ڕائەخات. جەلیل ئاغەی کوڕی ئالاجاقیش، کە جارجارە لەگەڵ ژن و هاوپێکانی خۆی لە شار ئەدزییەوە، تەختاییەکەی ناو نزاری، بە ئێواران لە بانیجەکەی ماڵی بوندار پێ خۆشتر بوو. لە ڕۆژانی ئەوجۆرە سەیرانەدا لە کوڕەکانی بوندار شەیدا هاوپیاڵەی جەلیل بوو و عەباسجانی کەلایی خوادادیش بۆ فرمان ڕاپەڕاندن و سازکردنی بەزم و بەردەستی، لەو ناوە مشەی ئەکرد و خولەی ئەهات.

بەڵام ئەمشەو، نە مانگ ئەوەندە پڕبوو و نە ئاو بە جۆگەی لێڕەکەدا ڕەوان بوو؛ بۆیەش نە هەرای مەیخۆران لە ناو پۆپ و گەڵای درەختەکاندا ئەگەڕا و، شەوی ئەمشەویش نەک هەر وشک، لە هەمیشە وشکتر بوو. پەڵە پەڵەی پەڕاگەندەی مانگەشەوی تەماویش سێبەری چڕ هەڵیانلووشیبوو. جار ئاودڕە خاکیەکەی وەک ڕێی کاکێشانی ئاسمان، بە کەند و هەڵەتی

بیاباندا تێئەپەڕی تا سەر بکا بە ناو لێڕەکەدا و مووسا وەک شەوگەردێک ببا بۆ ناو نزارەکە. جێیەکی چڕ و گوماناوی، بە دەرخت و سێبەری شەوانەوە. تەنگەبەرێکی نامۆ. بەڵام کوێ؟

دلاوەر لە کوێی ئەم نزارەدا چاوەڕێیەتی؟ پێی نەوترابوو. لای سەرەوە یان لای خوارەوە؟ بەرەو شۆڕاو یان لە پێچی دۆڵی چەمەکە؟ لای گردەڵەکە یان تەختاییەکە؟ لای گۆلاوەکە یان... کوێ؟ دلاوەر لە کوێی شەوەزەنگی ئەم نزارە چاوەڕوانی مووسا ئەکا؟ گەشت و شەوگەڕی بێ ئەنجام. سپینداری سەر لە حەوا. دەنگی نامۆ؛ گومانی دەنگ. بۆژۆی کپی پێستی درەختەکان. ڕێ بەرەو کوێ ببات؟ ڕەنگە ئەوە دلاوەر بێ لەو ئەگەڕێ. بەڵام دڵی نەئەبوا بەو هیوایە خۆش بکات. بۆ بە ناو بانگی نەکات؟ بۆ نا؟

ــ ئەهۆی... ئەهۆی... دلاوەر های ی ی...

نەء. وەڵام نەبوو. سووڕێکی تر بە ناو دارەکاندا. جارێکی تر بەملا و ئەولادا. وەستانێکیتر لە بەرامبەر شەنگەبیەکدا و دیسانەوە ناوی دلاوەر بە دەنگی بەرز، جارێکی تریش. نەخێر! وەڵام نەبوو. بە شاخی چەماوی دارێکدا هەڵگەڕا و ناوی دلاوەری بە دەنگی بەرز بانگ کرد، بە هیوای دەنگدانەوەیەک. بەڵام هەر هیچ. جارێک و جارێکی تریش. نەخێر!

«ئاگرێک ئەکەمەوە. ئەبێ ئاگر بکەمەوە. دێ بۆ لای ئاگرەکە!»

مووسا لە دارەکە دابەزی. چارۆکەی نان و چێشتەکەی هەڵواسی بە لقی دارێکدا و کەوتە کۆ کردنەوەی چیلکە و گەڵا، پووش و پەڵاشێکی نایە سەریەک، دایگیراند و فووی لێکرد. ئەوەندەی پێ نەچوو گڕی ئاگر لە دڵی نزارەکەدا بڵێسەی کێشا و مووسا بۆ ئەوەی ئاگرەکە نەکوژێتەوە، کەوتە کۆ کردنەوەی دار و ئێزنگ لە لقە شکاوی دارەکان. دڕک و قنەلاشک و پێستی سپیندار. پاشان چارۆکەکەی داگرت و کردییەوە و مەنجەڵی لە سەر بەردێک لای ئاگرەکە دانا و بە لایەوە دانیشت. پشتی دا

بە قەدی دارێکەوە و تازە گەڕانی نەرم و خۆشی ماندوێتی لەژێر پێستیدا هەست پێ ئەکرد. وایزانی گەردیلەی نامۆ لە ناو گیانیدا کەوتنە جووڵە. شەکەتی، شەکەتی. ئەو شتەی بە درێژایی ڕۆژ دەرفەتی خۆ دەرخستنی پەیدا نەکردبوو. پانیەی سەر خۆبەخۆ پاڵی دا بە قەدی درەختەکەوە و کڵاوەکەی دابەزی بۆ سەر برۆی و چەناگەی کەوتە سەر چاڵی سینەی و ئەوەندەی نەبرد پێڵووەکانی لە ماندوویی خەودا قورس بوون.

ــ تۆ... کێی؟!

بە دەنگی خۆش ئاوازی کابرا، مووسا چاوی هەڵبڕی و وڕ و بێئەڤان، بە شەپۆلی ترسی خافڵگیر بوونەوە، پەنجەی نایە سەر عەرزەکە و لەشی ڕاکشاوی هەڵێنا و قاچەکانی کۆ کردەوە و دەستەکانی بە دەور ئەژنۆیەوە ئاڵقە کرد و خامۆش و -تۆ بڵێ حەپەساو- ڕاما.

کابرا، لەو بەری ئاگرەکە و لە پشت قەدی درەختێک و بەرامبەر بە مووسا، ئەتوت پەنای گرتووە. مووسا ئەیتوانی لە نیوە زیاتری ڕوخساری ببینێ، بە ڕیشی سیخی گەنمی و برۆ و برژانگی خاکی و هەروەها بریسکەی بەدگومانی چاوەکانی لە بەر ڕووناکی تێپەڕی بڵێسەی کز و کورتدا، هەرچەند ماوەی نێوانیان ڕێگەی بە ساخکردنەوەی ڕەنگی چاوەکان نەئەدا. دەستی کابرا بە قەدی دارەکەوە قاوەیی بوو و کوڵکەیەکی بۆری یەکپارچە باسکی داپۆشیبوو. دەستی ڕاستی لە نیگای مووسا ون بوو و ڕەنگە لە سەر چۆکی یان لە سەر عەرزەکە دانرابوو و هەموو لەشی دارەتێکی ئامادەی پەلاماردانی هەبوو؛ بەجۆرێک کە مووسای ناچار کرد شتێک بڵێ، یان کارێک بکات:

ــ تۆ... وایە خۆتی؛ دلاوەر! لەو شەوە، شتێکم لە بیر ماوە، بەڵێ!

دلاوەر داس بەدەس هەر بە دانیشتنەوە هاتە ئەمبەری دارەکە و بە بێ ئەوەی چاو لە مووسا بترووکێنێ، پرسی:

ـ چیت لەگەڵ خۆت هێناوە؟
مووسا سفرەی نان و مەنجەڵەکەی بۆ دلاوەر ڕاگرت و خۆشی لە نزیکیەوە دانیشت و وتی:
ـ لەوە زیاترم بۆ نەهات.
دلاوەر بە وەڵامدانەوە خۆی خەریک نەکرد. چۆکی دادا، دەستی برد و سفرە و مەنجەڵی هێنایە بەردەمی، نانەکەی کرد بە چوار پارچەوە و پارووی گرت. دلاوەر سەر و هۆشی بە خواردن بوو و مووسا ئەیتوانی جارجارە چاوە گردەکانی خافڵگیری نیگای خۆی بکات بەو گومانەوە کە لە بیلبیلەی چاوەکانی‌دا ئەلەرزا. زۆری پێ نەچوو، دلاوەر نان و چێشتی بە چوار پاروو تەواو کرد و پەنجەکانی لستەوە و چۆکی لە سەر عەرزەکە هەڵگرت.
ـ لەوە زیاترم بۆ نەهات.
دلاوەر، نە لە وەڵامی مووسادا پرسیاری کرد:
ـ نەیوت کەی ئەتوانم بێم بۆ قەڵاچیمەن؟ پینەچی ئەڵێم.
مووسا سووچەکانی چارۆکەکەی لە دەوری مەنجەڵەکەی گرێ دا و وتی:
ـ نەء. هیچی نەوت.
ـ خۆیت بینی تۆ؟
ـ نا خۆیم نەدی. پەیامەکەیم پێگەیشت.
ـ ئا، خۆیت نەدیوە؟ باشە... هەواڵی میوانەکانی ئەربابت؟ جەندەرمەکان ئەڵێم!
ـ ئەوان... جارێ ڕۆیشتن!
ـ ئەی... نەتزانی کەی ئەگەڕێنەوە؟ نەیانوت؟
ـ نەء. هیچیان ئاشکرا نەکرد.
ـ چوون... بە دوای گوڵمحەمەدەکان‌دا؟
ـ نازانم... من نازانم!
دلاوەر، تەڵاشە چیلکەیەکی وشکی کرد بە نێوان ددانەکانی‌دا و وەک بڵێی لەگەڵ خۆی، وتی:

ــ من ئەزانم... من، ئەزانم!
مووسا چارۆکەکەی گرت بە دەستیەوە، هەڵسا و وتی:
ــ پەیامێک... شتێک... کارێک؟ ئەکەومە درەنگ. من ئەبێ بڕۆم.
دەنگێکی پەرپووت و وشک، بە تەوسەوە وتی:
ــ دلاوەر بە تەنها جێ ئەهێڵی و ئەڕۆی؟! ئەرێ؟
مووسا گەڕایەوە بەرەو دەنگەکە. عەباسجانی کەلایی خواداد، ڕاست لە پشتی سەریەوە، لای درەختەکە وەستابوو. مووسا وەک بلێی ڕچا و دلاوەریش لە زمان کەوت و لە کاردانەوەی سروشتی خۆیدا، تەنها توانی دەس بۆ داسەکە ببات، ڕاست بێتەوە و وشک ڕاوەستێ. عەباسجان هەروا کە بوو، بە بێ ئەوەی دەری بخات ئاخێزە لەپڕەکەی دلاوەر دایچڵەکاندووە، بە سەریداخستووەوە هاتە بەرەوە، دوور لە ئاگرەکە دانیشت، چیلکە دارێکی لە بەرپێی هەڵگرت، هەڵیدایە ناو ئاگرەکە و وتی:
ــ زستان... زستان، ئاگر زێڕە. کەیفی هەیە. بەڵام ئێستە... تامی نییە. لە ماچی پاش گان ئەچێ؛ وانییە؟!
عەباسجان ئەوا سەری هەڵێنابوو و سەیری دلاوەری ئەکرد. دلاوەر، بەر لەوەی عەباسجان سەیری بکات، لە ئەهوەنی و سستی دەنگ و هەنگاوەکانی عەباسجان هاتبوویەوە بە خۆیدا و پەشیمان لەو کاردانەوە توندەی خۆی هەستی ئەکرد هەڵاواسراوە. دارەتێک کە عەباسجان زۆر بەباشی هەستی پێ ئەکرد و ئەیزانی بە دەربازکردنی کابرای شوان لەم دۆخە، ئەتوانێ متمانەی بەدەست بهێنێ و ڕایکێشێ بە لای خۆیدا. بۆیە جگەرەکەی بە چیلکەیەکی بلێسەدار کە لە ئاگرەکە هەڵیگرت، هەڵکرد و وتی:
ــ بۆ دانانیشی؟ ئاسوودە بە کاکی من!
لەم گوتەیەدا کە ڕووی لە دلاوەر بوو، هەڵبەت عەباسجان سەیری دلاوەری نەکرد. بەڵکوو ڕوو و نیگای لە مووسا بوو کە وەکوو هەمارێکی نەفرەت لە شوێنی خۆی وەستابوو و شانە زەلیل

و داشۆڕاوەکەی عەباسجانی بە نیگا ئەجاوی. ئەهوەنکردنەوەی هەڵوێستە سەرەڕۆکەی مووساش، کە بەو جۆرە خافڵگیری چاو و دەنگی عەباسجان بوو، کارێکی دژوار نەبوو. بۆیە بۆ ئەوەی دەرفەتی زماندرێژی بەم شاگردە تەونکەرە نەدابێ کە ئارامیەکە تێک بدات و هەمیش بۆ ئەوەی کە دەنووکی بە خەنجەری سووکایەتی قرتاندبێ، وتی:

ــ بە ئەربابت هیچ ناڵێم لەم بابەتەوە؛ ئەویش لە بەر گوڵی ڕووی دلاوەر خان، بڕۆ... بڕۆ ئەگەر ئەتەوێ بڕۆی!

رووی کردە دلاوەر و بەویشی وت:

ــ سەبارەت بە تۆیش هیچ ناڵێم. من ڕازدارم! دیارە داسەکەت تیژ کردووە بۆ دروێنە؟ بیدە با بزانم! ها؟ چاکە... با بەخۆت بێ. کارم پێی نییە. با بەدەس خۆتەوە بێ. باشە بۆ دانانیشی؟ دانیشە، بەڕاست...

لێرەدا عەباسجان دەستی کرد بە گیرفانیدا و وتی:

ــ ...منیش تۆزێک نانم بۆ هێناوی. بەڵام ئێستە ئەوا تێری. دەی، کە ئەتەوێ ئەمساڵ درەو بکەی؟ ڕەنگە لە سەر دەشتی ئالاجاقی، وایە؟... تۆ کە ئەتویست دروێنە بکەی بۆ لێرە ماویتەتەوە؟ بچوایەتی بۆ قۆچان خۆ زۆر باشتر بوو! باشتر نەبوو!

دلاوەر دووری عەباسجان شانی دا بە دارەکەوە و وتی:

ــ هاتووی شوێنی من هەڵگری، ها؟!

عەباسجان بە خواری سەیری کرد و بزەیەکی تەوساوی بە دەمیەوە وتی:

ــ شوێنی تۆ؟ بۆچی؟ مەگەر چیت کردووە تۆ؟ بەس لە بەر ئەوەی لە حەپس هەڵاتووی؟! نەء، تۆ خۆ زەرەر و زیانت بە کەس نەگەیشتووە. جگە لەوەش ئەم مەڵبەندە هەمووی ئەزانێ کە ئەوان، مەبەستم گوڵمحەمەدەکان تۆیان کردووە بە بەردی سەر سەهۆڵ و خودی گوڵمحەمەدیش ستاری پینەچی هەڵی هێنابوو. هەموو ئەمە ئەزانن. خۆیشت کە باشتر لە من ئەزانی، نازانی؟!

دڵاوەر تەختی ناوشانی نا بە دارەکەوە، نەرم و ئارام داکشا، سەری داخست و نووکی داسەکەی لە سەر خاکەکە وەک پەرگار گەڕاند. عەباسجان نەرم و خامۆش، بە بێ ئەوەی ئارامیی دڵاوەر تێک بدات، هەڵسا و چەند هەنگاو بەو ڕێدا ڕۆیشت کە مووسای پیا ڕۆیشتبوو. گوێی هەڵخست و نیگای لە تاریکییەکە زەق کردەوە؛ تاوێک وەستا و هاتەوە. لای دڵاوەرەوە لە سەر عەرزەکە دانیشت و وتی:

ــ منیش لەو ڕێگەیەوە هاتم کە تۆ هاتی. من، سوار بووم. بینیتم دات بە لاڕێکەدا. ئاژووتم لەگەڵت بدوێم، بەڵام بە خۆمم وت با تەنھاییەکەی لێ تێکنەدەم. بۆیەش بەڕێی خۆمدا ڕۆیشتم بۆ قەڵاچیمەن بۆ ئەوەی بزانم لەوێ چ باسە، پاشان بێم بۆ لات...

ــ بینیتم کاتێکە هاتی!

عەباسجان چاوی لە بەر نیگای دڵاوەر کە لێی مۆڕ بووبوویەوە داخست و وتی:

ــ دەی دەی... چاوت تیژە! جا بڵێ بزانم ئەتوانی ببینی مووسا لە پشت کام دار خۆی داشاردووە؟ سەیرێک بکە!

ــ ئەو ڕۆیشت!

ــ نەء! خۆشباوەڕ مەبە. من ئەو توخمی جنۆکەیە لە تۆ باشتر ئەناسم. سەیری ئەوەی مەکە خۆی کردووە بە مەڕە مردوو. نامەوێ گوێی لە قسەکانمان بێت!

ــ قسەی چی؟! خۆ ئێمە قسە ناکەین؟

ــ ئەمەوێ لە ئێستەوە قسە بکەین!

ــ ئەمانەوێ قسەی چی بکەین؟

ــ باسی کار. ئەتەوێ بچیتە سەرکاری ئاغەیی؟

ــ چۆن کارێک؟

ــ شوانی... ڕەنگیشە جووتیاری!

ــ جووتیاری؟ لەجێی کێ؟ جووتیارەکانی ئالاجاقی خۆ هەر

هەموویان کراون بە پەتەوە!

ــ ڕەنگە چارەنووس وابێ تۆ بچیتە جێی یەکیان. جێی عەلی خاکی!

ــ کە وا بوو... ئەمە خۆ ئیتر شاردنەوەی پێ ناوێ. بۆ وا بە دزەدز باسی ئەکەی؟ بەڵێ ئەمەوێ و لە خواشم ئەوێ!

عەباسجان نیوە جگەرەکەی کە بە سەری پەنجە کوژاندبۆوە. دیسان داگیرساند و تاوێک بە ئەنقەست وتووێژەکەی ڕاگرت و پاشان وتی:

ــ من ئەتوانم بۆت ڕێک بخەم. بۆت دروست ئەکەم. کە بۆشم دروست کردی خودی ئالاجاقی لە لای سەرۆکی جەندەرمە لە ڕووڕەشی دەرت ئەهێنێ. ئەمشەویش پێویست ناکا لێرە بمێنیتەوە؛ خۆم ئەتبەم و ئەتدەمە دەس بوندار. جگە لەوە خودی خان نایبیش لە خوای گەرەکە کە چاوی پێت بکەوێ. ئەتوانی زۆر یارمەتی بکەی؛ هەرچەند... پاشتر، پاشتر نەک هەر خان نایب، هەر کەسی‌تر کە ببێ بە بەرپرسی گرتنی گوڵمحەمەد، پێڵاوت ئەخاتە سەر چاوی. خۆت باش ئەزانی ئەم جەندەرمانە "پسپۆڕیان" لەگەڵ نەبێ، بزن لە پەمەتۆمە جیا ناکەنەوە. بۆیەشە نرخی یەکی وەکوو تۆ زۆر بەرچاوە. تۆیش خۆم ئەزانم دڵت لە گوڵمحەمەد پڕە. هەموو کەس ئەزانێ ماراڵی عەبدۆس ئەبوا سەر لە سەر سەرینی تۆ بکات نەک وەک ئێستە لە بن ڕانی گوڵمحەمەددا بێ!

ــ باسی ئەو مەکە! باسی کاری خۆت بکە!

عەباسجان، لە بن تووڕەییە شاراوەکەی لە چاو و گوتەی دلاوەرا بوو، هەڵسا و وتی:

ــ هەموو مرۆڤێکی بە ویژدان ئەزانێ ماراڵ ئەبوا ژنی تۆ بێ. چیرۆکی ماراڵ دزینەکەی گوڵمحەمەد هەموو کەس ئەیزانێ.

دلاوەر ددانی لە کیرەوە هێنا و وتی:

ــ پەمووت لە گوێ دایە؟!

عەباسجان وەک بڵێی هەر بە ڕاستی قسەکەی دلاوەری نەبیستووە، وتی:

ـ دەی... ئەتەوێ چی بکەی؟ هەر ئێستە دێی بچین بۆ لای بوندار و لە ڕووڕەشی دەرت بهێنم یان ئەوەی...

دلاوەر خێسەی لە خاک وتی:

ـ ئەمشەو ئەمێنمەوە!

عەباسجان پانتۆڵەکەی تەکاند. پارووە نانەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و لای دەستی دلاوەرەوە داینا و لە ڕۆیشتن‌دا وتی:

ـ دیداری ئەمشەو هەر لێرە ئەکەین بە ژێر خاکەوە. خوا حافیز تا بەیانی.

دلاوەر خامۆش ما و عەباسجان لە نامۆیی شەوەزەنگی نزارەکەدا ون بوو، بەو گومانیەوە کە مووسا لە پەنای یەکێک لەو دارانەدا خۆی حەشار داوە. بۆیە لە ڕۆیشتنی بە ناو چاڵ و چۆڵەکان‌دا، زۆر بە وردی لە نێوانی دارەکانەوە سەیری ئەملا و ئەولای ئەکرد.

مووسا، ئەگەر خۆشی داگرتبا، هیچی تازەی لە قسەکانی عەباسجان و دلاوەر دەس نەئەکەوت. سەرەڕای ئەمەش، خوێنی جەوان لەو خافڵگیربوونە وەها هاتبوویە جۆش کە ئەگەر پەرۆشی نەڕەنەڕی بونداریش نەبوایە؛ دیسانەوەش جەربەزەی ئەوەی لەخۆی‌دا شک نەئەبرد بەربەرەکانێ لەگەڵ عەباسجانی کەلایی خواداد بکات. خافڵگیربوونی مووسا لە لایەن عەباسجانەوە وای لێکردبوو، بیر و هۆشێکیشی ئەگەر هەبوو، ببێ بە ڕق و دوژمنیەکی دڕندانە. دەرکەوتنی بەوەختی عەباسجان لە ناو دارستان، نەک لە سەر بناغەی بیرکردنەوەیەکی ژیرانە، بەڵکوو بە هەست و گومانێکی خێرا مووسای تێگەیاندبوو کە کوڕی کەلایی خواداد پێشتر شوێنی هەڵگرتووە و هەر لە ئێوارەوە ئەوی خستۆتە بن چاودێری خۆی و ئاگای لەهەموو هاتوچۆیەکی بووە.

هەروەها ئەوەشی زانیبوو عەباسجان ئاگای لەوە بووە دلاوەر لە نزارەکە خۆی شاردۆتەوە و تەنانەت ئاگای لە بادانەوەی ستار بەرەو شارێی زەعفەرانی و کەوشەنی قەڵاتی خوێناڵیش بووە و بێگومان ئاگای لە پەیامی ستار بۆ مووسایش هەبووە. هەرچی چۆن بێ ئەوەی کە ئەگەر ڕووی نەدابا باشتر بوو، ڕووی دابوو و مووسا دەسەڵاتی ڕێگرتن لەو شتەی نەبوو کە ڕووی دابوو. خوخواردنەوە بێهوودە بوو و نەئەبوایە لە سەر چووە بچێ. بۆیە لە قووڵایی هەستی ڕەشی نەفرەت و دوژمنایەتی، تاقە ڕێگەیەکی ئەهات بە مێشکی مووسادا، ئەوەبوو کە لەیەکەم دەرفەتدا، ئەو ڕووداوە بۆ ستار و، ئەگەریش نەکرا بۆ بەڵخی یان خاکی بگێڕێتەوە. بەر لەوە بەڵام، مووسا ئەبوا خۆی پیشانی بوندار بدا، کە شەو تێ ئەپەڕی و بوندار هەزار کاری لەپێش بوو ئەمشەو. هەرچەند مووسا ماندووی ڕۆژی درێژ، ئەبوایە بە زووترین کات سەر بنێتەوە و بۆکاری بەیانی ئامادە بێ، شان بە شانی شێرۆ کە گەڕابوویەوە.

لە چەپەری بەهاربەندەکەوە هاتە حەوشە، مووسا دەنگی پێی نادعەلی چوارگوێشلی و قەدیری لە پلیکانەکانی بانیجە بەرگوێ کەوت. مووسا لە بن دیوارەکە ڕاوەستا تا ئەو دووانە لە دالان دەرکەون و بە ڕێی خۆیاندا بڕۆن، کە هاتن و بەرەو کۆڵان چوون. بە دوایاندا شێرۆ لە دالان هاتە دەرەوە و پاشماوەی قاپ و ئامانەکەی بە دەستەوە، بەرەو دەرگای چێشتخانە چوو. مووسا تارمایی بونداری بینی لە بانیجە و بەر لەوەی نادعەلی و قەدیر دەرگای حەوشە بە دوای خۆیاندا داخەن، تووڕە لە قەدیر، بە نادعەلی وت:

ــ جێگەت ئەڵێم لە دیوەخان بۆ ڕاخەن.

نادعەلی بە بێ گوێدانە گوتەی خاڵۆی، شان بە شانی قەدیر ڕۆیشت.

ــ مووسا! مووسا!

تووڕەییەکەی بوندار لە گفتیدا بەرامبەر خوشکەزاکەی،

بەجارێک بە هەموو تاڵی و تفتی خۆیەوە لە ناوی مووسادا خۆی نواندەوە:

ــ لە کامە جەهەننەمی تۆ، مووسا؟!

ــ لێرەم، بوندار!

مووسا لە بن دیوارەکەوە هات و خۆی پیشانی بوندار دا:

ــ بەڵێ... بوندار؟

بابقولی بوندار لە کاتێکا بای لە هەردوو کونە لووتی‌دا ئەسووڕاند و ئەمە نیشانەی هەمیشەیی خورینی مەلاشوو و بانی گەرووی بوو وتی:

ــ من ئەڕۆم ڕابکشێم و چاوێک گەرم بکەم. شێرۆ لە دالان بپەڕێنەوە و بیبەوە بۆ ماڵەوە. بڵێ تۆزێ قەند و چاش هەڵگرێ، هەم بڕێ نان و ئەگەر مابێ پەتاتە و گۆشتیش. پاشانیش... ژنەکان خەوتوون؟!

ــ بەڵێ بوندار.

ــ پاشان... وەرە بۆ سەر با پێت بڵێم!

مووسا هەلات بۆ دالان و خۆی گەیاندە بانیجە و لای بوندار. بوندار شێوەی ئاخافتنی گۆڕی و وتی:

ــ پاشان بچۆ سەرڕێی قەلات و بزانە هەواڵی ئەمانە هەیە یان نا. هەر نەبێ یەکیان ئەبێ بگەڕێتەوە. ئەسلان یان شەیدا. قوربان بەلووچ و یەکێک لە پیاوەکانی گوڵمحەمەد. بۆ وێنە کوڕی گوڵخانم، بڕیارە وشترەکان بار بهێنن ئەمشەو. ئەو ڕەنگە لە لارێوە بێت. دەنگی هەر کامیانت بیست خۆت بگەیەنە و هەڵمسێنە... شتێکی‌تر!

مووسا ئاوڕی دایەوە و ئەو وتی:

ــ ئاگات لە هاتنی بەلووچ و کوڕی گوڵخانم بێت. بڵێ بارەکان لە دەرگای پشتی بەهاربەندەوە بهێنن. دەرگای کۆلان بۆ خان نایب و جەندەرمەکانی کە گەڕانەوە. بە قوربان بڵێ وشترەکان هەر لەوێ یخ بدا و کالاکان ببات بۆ هەمار. گوێت لێیە چیت پێ

ئەڵێم؟

ــ بەڵێ تێ ئەگەم.

ــ ڕەنگە خان نایبیش بگەڕێتەوە. بە بەلووچ بڵێ نامەوێ چاوی بە هیچ بکەوێ!

ــ پێی ئەڵێم بە سەر چاو!

بوندار بە خرخرێک لە بنی لووتیدا، لە مووسا دوورکەوتەوە و خۆی کرد بە باڵەخانەدا. مووسا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە دابەزی و شێرۆی تەنها و کزۆڵە لە لای چێشتخانە بینی. مووسا بە شێرۆی وت:

ــ خۆ بیستت بوندار چی وت؟! قەند و چا و نان و ئەگەر مابێ خۆرشت بۆ ماهدەروێش. ئەوە ئیتر نکووڵی ناوێ. ئێستە ئەڕۆم ئەینێمە یەک.

بە بێ چاوەڕێکردنی وەڵامی شێرۆ، خۆی کرد بە چێشتخانەدا و تاوێکیتر بە هەمان چارۆکە و مەنجەڵەوە هاتەوە دەرەوە:

ــ مشتێک قەندیشم لە قەندانەکە کردە ناوی. بگرە با بڕۆین. مەنجەڵەکەی من بەیانی بهێنەوە. با بڕۆین. عەباسجانیش لە ناو لێڕەوارەکە خافڵگیری کردین. بڕۆ با بڕۆین!

ــ خافڵگیرتانی کرد؟!

مووسا دەرگای کۆڵانی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا و بە نەفرەتەوە تفێکی هاویشتە بن دیوارەکە و وتی:

ــ گڵاوی خوێڕی! هیچ و پووچ! لەوە ئەترسم ڕۆژێک هەر خۆم بیکوژم ئەو کوڕی زۆڵە، مێشی سەر گوو!

شێرۆ لە دڵەوە ئەکوڵا و لێوی بە مۆر، لەتەک مووساوە ڕێی ئەکرد. لە پێچی کۆڵان بۆ مەیدان، لە ناو دەرگای گەرماوەوە، سووری ئاگری جگەرەیەک ئەتوت قامکە چوو بە چاوی مووسادا. بە گومانی ئەوەی کە عەباسجانە و لە چاڵی گەرماودا خۆی مەڵاس داوە، تفێکیتری کردەوە و جنێوێکی لە بن ددانیەوە هاویشت و بە دوای شێرۆدا لە مەیدانەکە تێپەڕی و لە تاریکی

دالانە کۆندا ون بوو.

لە پشت دەرگا، مووسا وەستا و خواحافیزی کرد. شێرۆ چووە ژوورەوە و مووسا دەنگی دوعا و نزای بابە گولاوی بیست کە لە بەر پێی شێرۆ هەڵسابوو و دیار بوو ئەیویست بڕواتەوە. مووسا وەرگەڕا و پێی هەڵگرت. دالانە کۆن، ڕەنگە پێشتر ئەوەندە تاریک نەبوو. کەچی ئێستە نووتەک بوو و لە هەمیشەش نووتەکتر. ڕەش و قیر. شتێکی وەکوو ناو گۆڕ. هەستی ترس، مووسا لەپڕ هەستی بێگانەی ترسی لە تەنیشت خۆیەوە بینی. پێی تیژ کرد، بەڵام بە ناخافڵ دەستێک پڕی کرد بە قۆڵیدا. مووسا بە نەڕەیەکی ترسەوە کەوت بە دوادا و پشتی تەخت بوو بە دیوارە پووکاوەکەوە. هەستی کرد لەترسانا وەها ئەلەرزێ کە ناتوانێ بە سەر پێوە ڕابوەستێ؛ ئەژنۆکانی ئەتوت شەپلە لێی داوە و سینەی بە گوشاری لێدانی بێ ئوقرەی دڵی خەریک بوو بتەقێ.

ـ چۆنی... پاڵەوان!

بە تووڕەیی و هەڵشاخانەوەیەکی بێڕادە، قەڵس و وەڕەز، مووسا یەک بە خۆی نەڕاندی و وتی:

ـ تۆ چیت لە من ئەوێ خوێڕی؟! خەریک بوو دڵم بتۆقێنی! بۆ بووی بە بەڵای گیانی من، بۆ؟!

عەباسجان، بۆ ئەوەی تووڕەیی و هەڵچوونەکەی مووسا دامرکێنێتەوە، هیچی نەوت و لە بەر ناودالەنەکەوە بەرەو سووچی مەیدانەکە هەنگاوی نا، لەوێ بە بیانووی دەرهێنانی تای گیوەکەی وەستا و وتی:

ـ چاوەڕێم ئەکرد شێرۆ بگەیەنیتەوە و هەواڵێکی ماهدەروێشیش بپرسی!

مووسا، هێشتاش تووڕە لە ناودالەنەوە پێی نایە ناو مەیدانەکە و بەر لەوەی تیژ و وەڕەز بە بەرامبەر عەباسجاندا تێپەڕێ؛ بە هەمان شێوەی پێشوو بەڵام تۆزێک ئارامتر وتی:

ـ ئیتر کارت بە چیتری خەڵکی هەیە؟!

عەباسجان خۆڵی ناو گیوەکەی تەکاند، کردیەوە سەرپێی و وتی:

ـ منیش پێم ناخۆش نەبوو سەرێکی سەید بدەم. خێری هەیە. غەریبی ئەم گوندەیە، سەیدۆکە. بەڵام کە تۆ گەڕایتەوە، زانیم ئەبێ درەنگ بێ.

عەباسجان بە دوای قسەکەیدا کەوتبوویە تەک مووسا و دوابە دوای هەنگاوی ئەنا. لای سووچی دیواری گەرماوەکە، بیمێنێ بۆ جۆگەکە، مووسا پێی سست کرد و خۆی خڕکردەوە و ڕووی کردە عەباسجان کە بە دوایدا ئەهات، وەستا و بە دەنگێک کە هێشتاش لەرزینێکی پێوە بوو، بەڵام لاواز و ترساو نەبوو، ڕاست چاوی بڕییە ناوچاوی و وتی:

ـ قسەی کۆتاییت بکە! چیت ئەوێ؟!

عەباسجان بەرەو جۆگەکە بە بەردەم مووسادا تێپەڕی و وتی:

ـ کوڕی سالار ڕەزاقم بینی. لەگەڵ بەڵخی و خاکی ئەڕۆیشتن، لێرەوە. وابزنم چوون بۆ ماڵی خاکی. تۆیش وتم ڕەنگە... ناتەوێ بچی بیانبینی؟

مووسا بەرەوڕووی چوو و پرسی:

ـ ئیتر چی؟!

عەباسجان، بە بێ وەڵام بە شانی ڕاستی کۆڵانەکە، بەژێر ڕیزی ڕاستەبیەکان، بەرەو خوار کەوتە ڕێ و مووساش بە لای چەپی کۆڵانەکە پێبەپێی عەباسجان ڕۆیشت. عەباسجان بەو بیرەوە کە مووسا بەرەو ماڵی بوندار، بۆ خەوتن ئەڕوا، خامۆش ببوو و سەری داخستبوو. بەڵام ئەوا ئەیبینی کە مووسا بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو، بەرەوخوار بۆتەوە. هەنگاوی لەگەڵ ڕێکخست و نیگای لە دیوارە کورتەکەی باخچەی بوندار وەرگێڕا و بە مووسای وت:

ـ خۆ وتم بەڵخی لە ماڵەوە نییە، ئیتر ئەو پەلەپەلەت لە

چییە؟!

ــ کێ پێی وتی من ئەمەوێ بچم بۆ ماڵی بەڵخی؟!

ــ وام بیرکردەوە بەرەو ئەو لایە ئەچی! پێم وابوو نەخشەیەک لە سەرت دایە کە نەخشەیەکی خراپیش نییە!

ــ وردە وردە ناو مێشکی خەڵکیش هەڵئەکۆڵی؟!

عەباسجان بە پێکەنینەوە وتی:

ــ تەنها تۆ نیت. هەموو کەسێک نەخشەیەک لە سەری دایە کە بە ئەوینی ئەو نەخشەوە هەنگاو هەڵئەگرێ. ئەگەر تۆ لە ناودالأن بەو جۆرە ترسایت و قیژاندت، زیاتر لە بەر ئەوە بوو کردەوەکەی من، نەخشەکەی ناو مێشکی تۆی پچڕاند! کاری ناو مێشکی مرۆڤ جۆرێکە وەکوو کاری دەس و پێ و ئەندامەکانی تری ئینسان. ڕاچڵەکێ، باش کار ناکات. گوێت لێمە؟ بۆ وێنە تۆ، وای لە بیری نێرگزی کچە گەورەی پاڵەوان و خەریکی بە بیر و ئەندێشە لەگەڵی ئەدوێی. بەڵام لەپڕ چاوت ئەکەوێ بە ڕەشەمارێک! دیارە ئیتر، مێشکت دائەتروسکێ و هەموو نەخشە و بەرنامەکانی بیر و ئەندێشەت لێک ئەپچڕێ و تێک ئەچێ! هەڵبەت ئەمەش تێ ئەپەڕێ و دیسانەوە نێرگز دێتەوە بۆ ناو ئەندێشەت و دیسانەوە مێشکت کاری خۆی دەس پێ ئەکاتەوە. بەڵام... زۆر حەیفە کە برسێتی بەو جۆرە کچەی تواندۆتەوە و وای لێکردووە؛ ئەگینا کچێکی زۆر باش و ڕەنجدەرە. هەم گەنجە و هەم شۆخە، هەمیش هونەرمەندە. ئەم تەونکردنە بۆ خۆی هونەرێکی کەم نییە! ئەگەر ماوەیەک شێو و چاشتی تێر و گەرم بخوات و ئاو و ڕەنگێک بهێنێتەوە، ئیتر هیچ کێماسیەکی نییە. هەر دووکتان هونەرمەندن. ئەتوانن هەر لەم هەمارەی بەڵخی دار و تەونێک ڕایەڵ کەن و پێکەوە کار بکەن. باوەگەورەی نێرگز ئەوەندەی نەماوە بە سەر دنیاوە. بەڵێنت پێ ئەدەم ئەمساڵ نەگاتە جەژن. ئەمڕۆ بێ یان بەیانی ئەبێ تەرمەکەی لە گەوڕ بهێننە دەرەوە و بیبەن بۆ گۆڕستان. کاتێکیش کە پیرەمێرد

مرد ئەتوانن هەر لەو شوێنەی ئەو لێی خەوتووە، لێفە چڵ پێنەکەی بسووتێنن بۆ ئەوەی چی سپێ و بۆگەنیو لەو ناوە ماوە بسووتێ و پاشانیش، پاش چوار ڕۆژان هەر لەوێ دار و تەونەکەت هەڵئەخەیت و لێزگەی ورد و درشتی ژن خۆشکەکانت دێن و ئەکەونە تەونکردن بۆت. بەڵێنت پێ ئەدەم ئەم بابقولی بوندارە کارگەی مافوورەکەی دابخات هیچ، لە داخانا دیقیش بکات! ژیان و ڕۆژگار ئەمەیە ئیتر!

دەمێکە بوو بە بەر دیواری ماڵی بەڵخیدا تێپەڕیبوون. عەباسجان پێی ڕاگرت و بە سەرسووڕمانەوە ڕوانیە مووسا و وتی:

ــ دەی دەی... کە وا بوو من بە هەڵەدا ئەبەی؟! هەر بەڕاست پێم وابوو ئەچی بۆ ماڵی پاڵەوان!

مووسا لە عەباسجان تێپەڕی و وتی:

ــ منیش وام دانابوو تۆ ئەچیتەوە بۆ ماڵی خۆتان!

عەباسجان دیسانەوە خۆی گەیاندەوە بە مووسا و وتی:

ــ ماڵی خۆمان؟ من لە ماڵی خۆمان خۆ شوێنم نییە، کاکی خۆم! شانشینەکە خودی کەلایی داگیری کردووە؛ هەماریش کە قەدیر کردوویەتی بە پەردووی خۆی! ئەمێنێتەوە شوێنەکانیتر کە ئەوانیش داڕووخاون و بانیان بە سەرەوە نەماوە. تازەییش کە قەدیر بووە بە هاونشینی ئاغەکان ئیتر شوێنێک بۆ من نامێنێتەوە. خۆت کە بینیت نادعەلی خانی میوانی قەدیر؟! جگە لەمانەش من چاوەڕێی ئەم ئەسڵانی بوندارەی تۆم. چرووکی دەسقووچاو. مایینەکەی خۆیانی داناوە و ئەسپی ئاغەیی بردووە و لەگەڵ دەستەی جەندەرمەکان نازانم چوو بۆ کوێ! ئەترسم بە ئەنقەست بەڵایەکی بە سەر بهێنێ و بیخاتە ئەستۆی من کە ئەسپەکەم لەلا بووە. تۆ نایناسی ئەم کوڕەی بوندار چ مرۆڤێکی ڕژد و ڕەزیلە!

ــ نا، نا پێت وانەبێ! هەر هەمووتان ئەناسم!

لە دەرەوەی ئاوایی، لای سۆلاڤەکە، عەباسجانیش لای مووساوە وەستا و چاوی بە بەرایی بیابان‌دا گەڕاند و وتی:

ــ ئەگەر بڕیار بێ بێنەوە، ئەبێ هەر لێرەوە بێنەوە.

مووسا لە سەر بەردێک دانیشت، زیخێکی هەڵدایە ناو ئاوەکە و وتی:

ــ رەنگە!

عەباسجان کشایە بن دیوارەکە، دانیشت، پاڵی دایەوە، سیگارێکی داگیراند و وتی:

ــ راستی!... غەزەنفەری هاشم‌ئاوایی خۆ ئەناسی؟... نایناسی؟ هەه! ئەمڕۆ لە بن دیواری کاروانسەرای زەعفەرانی بەزمی ساز کردبوو. شتی وای ئەوت کە هەر کامیان گۆزەیەک خوێنی پێوە بوو. بەهرەی زەویدار! باسی ئەو لە سەداپانزەیە بوو کە ئەبێ بدرێ بە جووتیارەکان. زۆر توند بوو. ئەیوت ئەمساڵ ئەو لە سەداپانزەیە، جگە لە بەشی ساڵانە، لە سەر خەرمانەوە ئەبەنەوە بۆ ماڵی خۆیان. ئەیوت ناهێڵن بەروبوومم بکرێتە هەمارەکانی ئاغە، تا بەشی جووتیارەکانی لێ هەڵنەگیرێ!

مووسا نووشتایەوە بە سەر جۆگەکەدا و دەستی کرد بە ئاوا، شڵپێک ئاوی دا بە ڕوومەتی‌دا و گوێی لە کەروێشکەی دەشتی گەنم ڕاگرت کە سروەی شەو لەو بەرەوە ئەیهێنا. هەوڵی دا ئەگەرچی ناتوانێ چاوی بە خەو ئاسوودە بکات لانیکەم بە بێدەنگی پشوویەک بدات. عەباسجان بەڵام، زمان و دەمی وشک بە هۆی شیرەی تریاکەوە، لە خامۆشی‌دا ئۆقرە و ئارامی نەبوو:

ــ ناتوانم... ناتوانم! ئیتر توانای ئەوەم نەماوە. ئەگینا حەزم ئەکرد ئەمساڵ بچم دروێنە بکەم، دروێنە! تۆ قەت دروێنەت کردووە؟

ــ کەم.

ــ رەنگە ئەویش دروێنەی دێم بووبێ؟

ــ ئەریٚ و...

ــ ئەوەت زانیوە ئەم هاوڕێیەت، ئەم پاڵەوان بەڵخیە، لە یەکەم درویٚنەوانەکانی ئەم مەڵبەندەیە؟ ئەتزانی؟

ــ نەء. نەم ئەزانی!

عەباسجان بە مایەیەکی مخابنەوە وتی:

ــ زۆر جوان درەو ئەکات؛ پاک و چالاک! هیٚشتا کەس نەیتوانیوە، شان بدات لە شانی!... ئیٚستەش پیٚم وابیٚ خاکی و کوڕی سالار ڕەزاق سەبارەت بە درەوی ئەمساڵ چووبوون بۆ لای.

ــ ڕەنگە!

ــ بەڵام هەواڵیٚکی ناخۆشیشم هەیە بۆ پاڵەوان... نەئەبوا بیلیٚم، بەڵام چون تۆ هەڤاڵی منی و پاڵەوانیش بە هەڤاڵی خۆم ئەزانم، پیٚت ئەڵیٚم. هەواڵەکە لە شویٚنیٚکی بیٚشویٚنیشەوە نەهاتووە.

ــ چ هەواڵیٚک؟

وابزانم ئالاجاقی ئەرباب حەز ناکات هەندیٚ کەس نان لە دامودەزگای بخۆن!

ــ کیٚ بۆ ویٚنە؟

ــ هەمان ئەوانەی زمانیان بەدەستی خۆیان نییە. خۆت باشتر ئەزانی! هەر ئەم پاڵەوان بەڵخیە. سەرەڕای ئەوەی منالٚ وردە، یەکبەند لە پشت سەری ئەوانیتر قسە ئەکات. ئاخر ئەم قسانە بە جۆریٚک هەر بە ئالاجاقی ئەگاتەوە، وانییە؟

مووسا حەزی ئەکرد ڕۆژ بوایەت تا بتوانیٚ سەیری ناو چاوی عەباسجان بکات و لیٚی بپرسیٚ:

ــ کیٚ؟ کیٚ ئەم هەوالانە ئەگەیەنیٚتەوە بە ئالاجاقی؟!

بەڵام لیٚلایی شەو ڕیٚگەی لە نیگای ڕوون و سمیٚنەر ئەگرت. هەم ئەوەی کە عەباسجان شارەزا بوو و ئەیزانی لە بەرامبەر ئەو جۆرە پرسیارانەدا چۆن خۆی بپەڕیٚنیٚتەوە. بۆیەش بۆ ونکردنی ئەو پرسیارە هەڵیدایە:

ــ ئەم باوکە گەووادەی من، هەر ئەو ساڵەی کە وشتر لە باو کەوتن، ئەگەر یەکجێ بیانیفرۆشتایەت و سێ دانگی ئەم قەڵاچیمەنەی بکڕیایەت و بمان کێڵایەت، ئێمە بۆ خۆمان ئێستە پیاوێک ئەبووین و جێ و ڕێیەکمان ئەبوو. ئاخ... ئاخ... بۆنی ئەو گەنمە ئەکەی؟ ئاخ... ئاخ! بەڵام ئێستە... ئێستە ئەبێ بۆ پاروەوە نانێک، بۆ پاکەتە سیگارێک لەبەردەم هەر کەس و ناکەسێک، لەبەردەم هەر پیاو و ناپیاوێک دەست بەسینە ڕابوەستین! ئەم باوکە سەگبابەی من، هەم لە خۆی حەرام کرد و هەم لە ئێمەش. مرۆڤ خۆ نازانێ چی ڕووئەدا، خۆ نازانێ چی لە ناوچاوی ڕەشیدا نووسراوە، خۆ... خۆ پێم وتی ستارم بینی لە ناوڕێ بای دایەوە بەرەو خوێناڵ، ها؟... ڕەنگە چاوەڕێی ئەو لە سەر ڕێگە دانیشتووی؟

ــ نەء! چاوەڕێی شەیدام.

ــ شەیدا، ئا... لەگەڵ کچە ئەفغان چۆنە، شەیدا؟!

ــ تۆ خۆت لە کاری خەڵکی هەڵئەقورتێنی، من چووزانم!

ــ ئاخر تۆ لێیان نزیکتری.

مووسا لە سەر بەردەکە هەڵسا، لە جۆگەکە دوور کەوتەوە و لە سەر نەرمەلێژی خاکەکە دانیشت و پاش تۆزێک تەخت ڕاکشا و نیگای فڕاند بۆ ئاسمان و وتی:

ــ ئەوەندەی خۆت لە کار و ژیانی خەڵکی هەڵئەقورتێنی و مشەمش ئەکەی، بۆ ساتێکی بۆ کار و ژیانی خۆت تەرخان ناکەی؟!

مووسا چاوەڕێی ئەوە نەبوو عەباسجان وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. بەڵام پاش ساتێکی قورس کە وا دیار بوو بە خامۆشی بیرکردنەوەوە ئاوێتە بوو، دەنگی کوڕی کەلایی خوادادی بیست کە کورت و مەنگ و وەک بە خۆی بڵێ، وتی:

ــ کردوومە؟!

مووسا هەروا کە شل و شەوێق ڕاکشابوو، لەپڕ بە دەنگی

عەباسجان ڕووی وەرگێڕا و ئەوی بینی لە بن دیوارە ڕووخاوەکە هەڵسا، قنچکە سیگارەکەی هەڵدا ناو جۆگەی ئاوەکە، لە سەر بەرزایی سۆلاڤەکە وەستا و نیگای بۆ بیابان وتی:

ـ بەڵام ئەم گوڵمحەمەدەش باش ئاوی کردۆتە لانەی ئەم ئەربابانە، ها! حەز ئەکەم! زۆر پیاوەتی ئەویّ، بە ڕاستی. زۆر تێڕادیوی ئەویّ. بە ڕاستی کە ئەبیّ دەسخۆشانەی لێبکریّ. دەس خۆش، دەس خۆش!

مووسا، بۆ ئەوەی دیسانەوەش تێکەڵی ئەو بابەتە تازەیە نەبیّ عەباسجان دایمەزراندبوو، ڕووی وەرگێڕا و یەکسەر چاو و ئەندێشەی بە ئاسماندا فڕاند، بەو مەبەستەی عەباسجان نەبینیّ و نەبیسیّ. بۆ ئەوەی ئەگەر بۆ تاوێکیش بووە زمانی داخات، بەڵام وای لیّ نەهات. چونکە عەباسجان خۆیشی ماندوو لە خۆی، بۆ هەڵاتنی کۆتایی لە دەستی خۆی، دای بە دەشتەکەدا؛ هەرچەند مووسا -گیرۆدەی ئەندێشەی ئاڵۆسکاوی خۆی- دەنگی ئەسپایی دوور کەوتنەوەی هەنگاوەکانی عەباسجانی نەبیست. ئەو هەنگاوانەی کە لەم کاتەدا، بێگومان بە مەبەستێکی تایبەت هەڵنەگیرابوون. بەس ئەڕۆیشتن تا ڕۆیشتبێتن.

«گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەد!»

لەشی ماندوو، ڕاکشاوی سەرخاکی نەرم و شێداری شیوی دەرەوەی جۆگە. فێنکی نەرمی خاک، لە سروەی بەرەوخواری شەوی شۆراو. لەشی ماندوو، تەختی سەرخاک و نیگای قورس بۆ ئاسمان. شەکەتی ڕۆژ، سست و بەتام لە درزەکانی پێستیەوە دەرئەچوون. ڕاکشاو لە سەر شیوی شێداری تاڤگەکە و نیگای بۆ تەوقی ئاسمانی نیگاراوی. باسکی لە سەر هەنیە و چاوانی پڕ لە ئەستێرە بارانی ئاسمان و لووت لە سەر ڕێی بەرامە و بێنی ئاشنای دەشت کە بە سەر دەستەکانی سروەوە سووکەڵە دیّ و سووکەڵە تیّ ئەپەڕیّ. بەرامەی گەنم و خاک. ئاسمانی پڕ ئەستێرەی بە وریشەی بەربەرین و بیّ سنوور!

«ئەم ئەستێرانە... ئەم ئەستێرانە! چین... ئەم ئەستێرانە، ئەم ئەستێرانە!»

جووتیارەکان، گوڵمحەمەدی سەردار، ململانێ، ستار، دلاوەر، ئەوانیتر:

«گوڵمحەمەد خەریکە مەڵبەندەکە دائەگرێت!»

«گوڵمحەمەد، سەرگەردەنەکانی گرتووە!»

«گوڵمحەمەد، باج لە ئەربابەکان ئەسێنێ!»

«گوڵمحەمەد، دەستی لە دەستی خانەکان دایە!»

«گوڵمحەمەد، سایەی سەری بێکەسانە!»

«گوڵمحەمەد، هیوای دایکانە!»

«گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەد،گوڵمحەمەد!»

دژ و دژبەر. ئاڵۆز و پڕ لە ئاڵۆسکاوی. هەموو شتێک، یەکدی ڕەت ئەکەنەوە. هەموو شت لێک ئاڵاوە. مێشکی خرۆشاوی جەوانی، تاو بە تاو، زۆرتر و زۆرتر گیرۆدەی گیروگرفتەکانی ژیان ئەبێ. ستار کەوتۆتە بیری هاوسوێند کردنی جووتیارەکان لە بەرامبەر ئالاجاقیدا. کارێک کە زۆریش ئاسان نییە. گوڵمحەمەد؟ پێ کێشانی ستار بۆ لای گوڵمحەمەد ئەویش بەو جۆرە توندوتۆڵ ترسناکە. خان نایبیش بۆ گرتن یان کوشتنت گوڵمحەمەد خۆی تەرخان کردووە. خان نایب لە لایەن کێوە نێردراوە بۆ کوشتنی گوڵمحەمەد؟ بار و خەرواری گوڵمحەمەد بە کێ ئەگات؟ مەگەر نەئەوەیە بۆ بوندار و ئالاجاقی و سەرتیپ فەربەخش ئەمێنێتەوە؟ ئەی ئەمە چ یارییەکە دەستی پێکردووە؟ لە لایەکەوە گوڵمحەمەد بار و داراییان بۆ ئەنێرێ و لە لایەکیشەوە ئەوان گوللە و سواری بۆ بەرێ ئەکەن. لە لایەکەوە ستار بۆ ونکردنی گوڵمحەمەد، فڕکە ئەکا بۆ لای؛ لە دەستێکی ترەوە شەیدا بۆ هەمان مەبەست ئەنێردرێ. ئاراستە و ئاقارەکان تێکەڵ بووە. ستار، بۆ ونکردنی شوێنی گوڵمحەمەد لەگەڵ بوندار بەیەک ئاراستەدا ئەڕوا و، لە هاوسوێند کردنی جووتیارەکان لە بەرامبەر بوندار و دژی ئەو

هەڵوێست وەرئەگرێ. هەروەها لەم نێوانەدا ململانێی وەرزێر و دەرەبەگ پەرەئەسێنێ. ئەم هەمووە هەر زۆر ئاڵۆسکاوە و لەمەش زیاتر، ئالاجاقی و بوندار ئەیانەوێ گوڵمحەمەد و جیهەن خانی بەلووچ بکەن بەگژ یەکدا.

گوڵمحەمەد، ئایە لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدا وەستاوە؟

یا مووسا ماندوو بوو یان ڕووداوەکان زۆر قورس بوون. ئەگەر مووسا بەوەشی بزانیبایە کە سەرتیپ فەربەخش بە نیشانەی دۆستایەتی، دووربینێکی ئینگلیزی بۆ گوڵمحەمەد ناردووە و ئەویش بە هۆی ستارەوە. بێگومان گێژیی و سەر سووڕمانەکەی پتریش ئەبوو. لەم نێوانەدا و بەرهەمی هەموو ئەو پێچ و پەنا و گرێ و گۆڵە، ناوبانگی گوڵمحەمەد بوو کە گوند بە گوند و دەشت بە دەشت سەرانسەری مەڵبەند و هەرێمەکەی داگرتبوو:

«گوڵمحەمەد، تەنگی بە جەندەرمەکان هەڵچنیوە!»

«گوڵمحەمەد، لەغاوی لە خانی سەرومەدیش داوە!»

«گوڵمحەمەد، دەستی لە دەستی حکوومەتیەکان دایە!»

«گوڵمحەمەد، خەوی لە خەڵکی حەرام کردووە!»

«گوڵمحەمەد، بووە بە هیوای هەژاران!»

«گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەد!»

دژ و دژبەر، کۆک و ناکۆک. هەموو بینراو و بیسراوەکان، وا دیار بوون و لەم ناوەدا، بۆ مووسای تەونکەر، بەس ستار بوو کە بە ڕوونی ئەبینرا. ستاری پینەچی و بەس. بە ڕوونی و ئاشکرایی خاک. ئەوەندە سادە و ساکار کە نەی ئەتوانی بە سانایی لە ڕازی تێبگەی. خاک! بە سەریدا ڕائەبری، بە بێ ئەوەی سەیری بکەی. لە خاک ئەخۆیت و ئەخۆیتەوە، بە بێ ئەوەی بیری لێ بکەیتەوە، بیر لە سەمەرە بوونی بکەیتەوە. لە سەر خاک سەر ئەنێیتەوە، بە بێ ئەوەی پەرۆشی ئەمانداریيەکەی بی. لە خاکە بوونت، گیانت، بەڵام خۆت پێ نازانی. خاک، خاک! کە خاک، بەس خاکە. خوو و ئەدگاری تاقانە؛ گەوهەر و ناو، پێکەوە. بێ

ناوبانگ و گشت بەهرە و خەڵات، خاکە. بێ دەعیە و دەمار و بێ چاوەنوارِیی، هەموو بەخشین و بەخشندەیی. کانیەکانی پتر، دەشتەکانی سەوزتر، لووتکەکانی بەرزتر و ڕێژەنی بەپیتتر، خاک. دڵی زەوی چەند گەورەیە!

«ئەو هەموو هەوڵ و ماندوو بوونە لە بەر چی ستار؟!»

«ئەمەت ئەبێ لێ بپرسم، برایەکەم؟!»

«چونکە تاوێکیش ئارام ناگری، تۆ!»

«ئارام؟ ئارام، بۆ ئەبێ ئارام بگری؟ کاتێکە مردین خۆبەخۆ ئارام ئەگرین. بەر لەوەی کە بمرین خۆ نابێ بمرین!»

بە ئارامیەک بە دڵفراوانی خاک ئەمەی وت، ستار. دڵی زەوی چەن فراوانە!

گوڵمحەمەد بەڵام، شتێکی ترە. ئاگر! ئەو خودی ئاگرە!

ــ ئەوە چی بووە وا لێرە خەوتووی، مووسا؟!

ــ هەی... کاک قوربان، تۆی؟ ماندوو نەبی!

قوربان بەلووچ توربێن و دارەکەی لە لایەکەوە دانا و چووە سەر جۆگەکە، دەستی برد بۆ ئاو و پرسی:

ــ دەنگوباس؟

مووسا پشت چاوەکانی بە بەری دەستی هەڵگلۆفی و خۆی کۆکردەوە و وتی:

ــ جەندەرمەکان لێرە بوون؛ خان نایب.

ــ ئەمەیان ئەزانم، ئیتر چی؟

ــ بوندار وتی ئەگەر بارت پێیە لە پەنای بەهاربەندەکەوە بیبەیتە ژوورەوە و کێشیان کەی بۆ هەمار.

ــ ئیتر؟

ــ ئیتر هیچی وای نەوت. تۆ چیت لایە؟

ــ ئەوەی بەکەڵکی تۆ بێ ئەوەیە کە هاورِێکەت بووە بە وشترەوان ئەمشەو. ستار ئەڵێم. لەگەڵ وشترەکانە لە دواوەیە. خۆیشم هەم برسیمە و هەم تینوو. با بڕۆین پارووە نانێک بۆ

من ساز کە بیخۆم و بگەڕێمەوە بۆ بەر بارەکان. هاتووم چاوێک بگێڕم و زوو بگەڕێمەوە.

کەوتنە ڕێ. مووسا وتی:

ـ هەڤاڵەکەی تۆیش هاتۆتەوە، ماهدەرویش.

ـ ئەڕوا بەڕێدا؟

ـ بە سواری هێنایانەوە، بەڕێدا، پێم وانییە بتوانێ. نادعەلی چوارگوێشلی کەرێکی بۆ کڕیوە!

لە پەنای بەهاربەندەکەوە چوونە ژوورەوە. قوربان لە سەر لێواری ئاخوڕەکە دانیشت. مووسا چوو بۆ چێشتخانە و بە دوو نانەوە گەڕایەوە. نانەکانی قوربان لێوەرگرت، چوارکوتی کرد و پاروویەکی برد بۆ دەمی و ئەوی‌تری خستە گیرفانی و هەڵسا:

ـ خۆ بوندارت خەبەر نەکردۆتەوە؟

ـ بچم هەڵی‌سێنم؟!

ـ نا. چیت لێداوە؟ تا ئێمە دێینەوە خۆت سەر بکە بە هەماردا و شوێنەکان بەتاڵ کە. چەن فەردە ناوکە شووتی، دوو سێ تێڕ مێوژ، چەن فەردە ئارد. پێنج شەش تێڕ گەنم و جۆ. سی چل سەریش بەران. ئەم دوو ئاخوڕە خاوێن کەرەوە و جۆ و گۆزەرەی تێکە. بۆ پێنج وشتر و سێ هێسریش تفاق ئامادە کە. کاتێکە ئەمکارانەت کرد، ئەگەر پێت خۆش بوو بوندار هەڵسێنە. من ئیتر ئەبێ بڕۆم.

قوربان بەلووچ لە سەر لێواری ئاخوڕەکە هەڵسابوو، بە بێ توربێن و بەس دارەکەی بەدەستیەوە:

ـ ئیتر پێت ناڵێمەوە، مووسا! بەس شتێکی‌تر. ئەوەی کە ستاری هاوڕێت لەگەڵ من بووە، نابێ لە هیچکوێ باسی بکرێ. بەتایبەت بوندار. نەبیسی؟ گوێت لێیە چی ئەڵێم؟!

ـ دڵنیا بە، خەمت نەبێ!

قوربان پاروویەکی تری برد بۆ دەمی و بە هەنگاوی بڵیند بەرەو دەرگا چوو و لە دەرگا چووە دەرەوە و لە شەوی بیابان‌دا ون بوو.

مووسا توربێنەکەی قوربانی هەڵگرت و ڕۆیشت تا ئەو کارانەی بەلووچ وتی جێبەجێیان بکات. کردنەوەی شوێن بۆ ئەو بارانەی بەڕێوە بوون. پاش ئەوە، هاتە دەرەوە و فانۆسەکەی هەڵواسی و ئاخوڕی مەڕەکانی گسک دا. چوو بۆ بان و باوەشێک کۆزەرەی، نەوشک و نەزۆر تازەی لە لای دیوارەکەوە خستە خوارەوە. دابەزی و کەوتە کردنەوە و بڵاو کردنەوەیان بە سەر ئاخوڕەکەدا. چونکە ئەوەی ئەزانی ئەو پەزەی یەک وچان هاتبێت بە بێ ئەوەی دەرفەتی لەوەڕی هەبووبێ، ورگی لە برسێتیدا ئەگووشرێ و بە دوای ئالیکدا مل ئەنێ و -ئاخوڕ ئەگەر بەتاڵ بێ- بەهاربەند و ماڵ و چ جایە هەموو قەڵاچیمەن بە باعەباعی بەردەوامی خۆیان ئەنێن بە سەر سەریانەوە، ئەویش لەم کاتەی شەودا کە بوندار ئەیەوێ هەموو کارەکان بە دزی و بە نهێنی ئەنجام بدرێ.

ئیتر، پەمەتۆمە و کا و ئاردی هێنا کە ئەبوایە بۆ وشترەکان لە سەر سفرەیەک پێکیان وەردا و لە سووچی بەهاربەندەکە و دوور لە ئاخوڕی پەزەکان ئامادەی بکات تا وشترەکان بە بارەوە لای سفرەکە یخ بدەن. چەند وشتر؟ شەش یان چوار؟ نەء! ڕەنگە پێنج. وایە پێنج. مووسا وای بیستبوو. بەڵێ پێنج وشتر. ئەمەش کیلێکیتر. سفرەی کا-پەمەتۆمە، ئامادە. لۆی سفرەکەی دایەوە بە سەر یەکا، هەرچەند خۆ ڕۆژیش نییە کە مریشک تێی بورووژێن و بە چنگ و نینۆک پرش و بڵاوی بکەنەوە.

مووسا بیستبووی سێ هێسریش بەڕێوەیە. سێ جێ گوڵەجۆ، کار تەواوە. پڵیتەی فانۆسەکەی داکێشا و تۆزی ئارد و پووش و پەڵاشی لە خۆی تەکاند و ویستی لە بەهاربەندەوە بچێتە حەوشە و بوندار لەخەو ڕاکا، ئەگەر خەوی لێکوەتبێ؛ کە لەم کاتەدا دەنگی دوو دەرگا جارێک، مووسایان لە سەر جێی خۆی ڕاگرت. بوندار لە دیوەخانەوە هاتە بانیجە و شەیدا لە چەپەری بەهاربەندەوە هاتە ژوورەوە. لەغاوی وشترەکەی بە دەستیەوە، سینەی دابوویە پێشەوە، کڵاوی بردبوو بۆ پشت سەری و کاکۆڵی

لە سەر هەنیەی. مووسا پڵیتەی فانۆسی هەڵکێشا و بوندار هاتە خوارەوە، بەر لەوەی شەیدا دەسکەوساری وشترەکە گرێ بدا بە سنگی ماڵبەندەکەوە و عەگال لە دەستێکی ببەستێ.

ــ ئا، چیت پێیە؟

شەیدا بە شادمانی و بە بێ ئەوەی لە چاوی مووسای بشارێتەوە، لای وشترەکەوە چوو بۆ لای باوکی و وتی:

ــ خۆش! کاروانی ئەمجار مەزنترە لەوانەی پێشتر. پێموابێ پارەی نەختیشی بەڕێ کردبێ، هەرچەند قوربان بەلووچ لە منی شاردەوە.

بوندار پرسی:

ــ چیت دی و چیت بیست؟ تاکوێ ڕۆیشتی و لە کوێوە گەڕایتەوە؟

شەیدا کڵاوەکەی داگرت و ڕانی نا بە لێواری ئاخوڕەکەوە و کڵاوەکەی دا بەبەری دەستیدا و وتی:

ــ ئەوەندەی گەیشتمە قەڵات، دەنگی سمکوتی ئەسپەکانی خان نایبم بیست. هەر ئەوەندە دەرفەتم هەبوو کە بزانم گوڵمحەمەد لەوێ نییە. بەر لەوەی بڕژێنە ناو قەڵات خۆم کێشایەوە بۆ ئەوەی نەبینرێم. لەو پشتانە وشترەکەم خەواند و خۆم داگرت. سوارەکانی خان نایب ڕژانە ناو دێ و پاش تاوێک قریشکە و شیوەنی ژنان بەرز بوویەوە. من ئیتر خۆم پێ ڕانەگیرا. سوار بووم و وشترەکەم هەڵساند و غارم دا بەرەو سەرەوە بۆ ڕێی نەوبەهار. مەبەستم ئەوە بوو خۆم بگەیەنمە مەلامیعراج، پسپۆڕی لێوەربگرم و بچم بە دوای گوڵمحەمەددا. بەڵام لە ڕێگە قوربان بەلووچم بینی بار و پەزەکان ئەهێنێ. ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە و ویستم غاردەم، بەڵام قوربان ڕایگرتم و وتی پەیامەکە بۆ گوڵمحەمەد بەڕێ کراوە.

بوندار، بە شەڵەژاویی وتی:

ــ کێ پەیامەکەی بردبوو؟ کێ بەو خێراییە؟ جنۆکە؟!

ـ قوربان وتی کە محەمەمەدڕەزای گوڵخانم لەگەڵ بارەکان بووە، لە ڕێ یەکێکی تیرەی مەلا میعراجی پێگەیشتووە کە لە شارەوە هاتووە. ئەو هەواڵی هاتنی خان نایبی پێداون، کە لە قۆچانەوە هاتووە بۆ گوڵمحەمەد و ئێستەش خەریکە لای زەعفەرانیەوە لائەدا بەرەو بنار. جا کوڕی گوڵخانم بارەکان ئەداتە دەس بەلووچ و خۆی ئەگەڕێتەوە، پەیامەکە ببات بۆ گوڵمحەمەد. وەکوو وترا ئەمشەو لە "ملەی شکاو" ماوەتەوە.

بوندار، سەرەڕای بۆچوونی شەیدا کە چاوەڕوانی شادبوونی باوکی بوو، دوو پەنجەی کرد بە گیرفانی ئێلەکەکەی‌دا و بەدەستی چەپ تەقیلەکەی لە پشت سەریەوە بۆ بەرەوە خزاند. سەری داخست و بە ئارامی بەرەو چەپەری بەهاربەندەکە بەرەو حەوشە چوو و بێمێنێ بۆ دەرگاکە، پشتی لە شەیدا و مووسا ڕاوەستا، تۆزێ ڕاما و پاشان کوڕەکەی بانگ کرد:

ـ وەرە بزانم، خۆڵەمێشی بێدووکەڵ! وەرە!

شەیدا کە پێشتر ڕانی لە لێواری ئاخوڕەکە کردبۆوە، لە کاتێکا کڵاوەکەی لە ناو دەستی‌دا گرمۆڵە ئەکرد، نیگایەکی دڕدۆنگی هاویشتە مووسا و بە دوای باوکی‌دا هەنگاوی نا. بوندار، بەرلەوەی لە بەهاربەندەکە بچێتە حەوشە بە مووسای وت بچێ بە پێشوازی بارەکانەوە. بوندار بە هەستکردن بە هەنگاوی کوڕەکەی بە دوایەوە، بەرەو دالان چوو و بای دایەوە بۆسەر پلیکانەکان و سەرکەوت بۆ بانیجە و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ «لە ئاگر، خۆڵەمێش!»

لە بانیجە گەڕایەوە بەرەو کوڕەکەی وتی:

ـ بۆچی خۆت نەڕۆیشتی تا شوێنی مەبەست؟! مەگەر پێم نەوتی خۆت بڕۆی بۆ لای گوڵمحەمەد؟

شەیدا بە هەستکردن بەو لێکۆڵینەوەی کە خەریک بوو دەستی پێ ئەکرد، ڕووی لە نیگای باوکی وەرگێڕا و وتی:

ـ ئەگر مەبەست پەیامەکە بێ، پەیام بەر لە من گەیشتبوو

ئیتر!

بوندار بەرەو ئەو لایە چوو کە ئەیڕوانی بە سەر کۆڵاندا و وتی:

ــ ئەگەر مەبەست پەیامێکی خوتوخۆڕایی بوایەت، ئەمتوانی یەکێکی‌تر بنێرم؛ کەرە گیان! کەی تۆ و ئەو برایەت ئەبن بە پیاو؟

ــ ئاخر...

ــ ئاخر و هەوەڵی نییە! تۆ بۆ ئەبێ بڕوا بە قسەی قوربان بەلووچ بکەی؟ ڕەنگە ویستبێتی بەهەڵەتدا ببات! کێ چووزانێ ئەو قسەیە ڕاستە کە یەکێک لە مەلا میعراجەکان لە شارەوە هاتووە و ئەو هەواڵەی هێناوە و هتد؟ کێ چووزانێ؟!

ــ ئەی من بڕوا بە قسەی کێ بکەم؟!

ــ بە قسەی هیچکەس! تەنها ئەو قسەیەی خۆت ئەی بیسی یان ئەو شتەی بە چاوی خۆت ئەیبینی!

بوندار لە گێژەنی ئەو بێدەنگیەی بە سەر شەیدادا زاڵ ببوو، ڕووی وەرگێڕا و لە سەر لێواری محاجەرەکە دانیشت و تانە و توانج لە وشەیدا، وتی:

ــ کوڕی بابقولی بوندار! کوڕی بابقولی بوندار! پەککوو...! ئەگەر لە بەر کەرێتی جەوانیت نەبوایە حەزم ئەکرد دیسانەوەش بکەویتە گیری ئەفغانەکان بۆ ئەوەی لەوێ لانیکەم تۆزێ سەرت بجووڵایەت و ببوایەتی بە ئادەمیزاد. من ئەمەوێ تۆ وەکوو جێگە متمانە و هاوڕێی گوڵمحەمەد خۆت بنوێنی. لە بەر ئەوەشە کە تۆ ئەنێرم. کەچی تۆ لە نیوەی ڕێگەوە ئەگەڕێیتەوە کە... ئای...! مەگەر من نازانم کە گوڵمحەمەد دە کەسی هەیە هەواڵی بۆ ببات؟ مەگەر من نازانم کە خودی فەربەخشی سەرۆکی جەندەرمە، ئەتوانێ یەکێکی ناردبێ بە دەمی گوڵمحەمەدەوە کە ئەو پەیامەی پێ بگەیەنێ؟ مەگەر من وەکوو تۆ مەست و سەرتاساوم؟ بەڵام بۆچی ئەمەوێ کە تۆ، کوڕی بوندار، کەسێکە تا لابەلا بوونەوەی کێشەی ئەفغانەکان ئەبێ لە پەنای

کەلمیشیەکان دابێ، ئەو هەواڵە ببات بۆ ئەوان؟ دیسانەوەش ئەبێ بۆت شی بکەمەوە؟ هیچ ئەتوانی بیر لەوە بکەیتەوە ئەم قوربان بەلووچەی کە بەو جۆرە بێدەنگ و هەرا لە ماڵی ئێوە خزمەت ئەکا، کێیە؟ یەکجاریش بووە بیر لەوە بکەیتەوە؟ هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە کە ڕەنگە خودی ئەم بەلووچە ڕۆژێک لە ڕۆژان چلی وەکوو گوڵمحەمەدی خستۆتە گیرفانی؟! ها؟... نەخێر! نەخێر، ڕۆڵە خاو و خلیچکەکەی من! تۆ هێشتاش هەوایتر لە کەللەت دایە. ئەو سیگار و شەمچەی من لە ناو تاقەکە بهێنە.

شەیدا چووە دیوەخان و دەنگی باوکی بیست کە وتی:

ــ پلێتەی لامپاکە هەڵ مەکێشە!

سیگار و شەمچەی هێنا و دای بە باوکی و وتی:

ــ سی چل سەرێکیش بەرانی پێ بوو. وەک قۆچ و شەک ئەچوون!

بوندار قاچی خستە سەر قاچی، سیگارێکی داگیراند، لە ناو پەنجەکانیدا ڕایگرت و وتی:

ــ جلو بەرگی پێویست لەگەڵ خۆت هەڵگرە. بەیانی زوو، خۆت ـ ڕەنگیشە لەگەڵ قوربان ـ ئەبێ وشترەکان ببەیتەوە بۆ گوڵمحەمەد و هەر لەوێ بمێنیتەوە تا ئەم کێشەی ئەفغانانە کۆتایی پێ ئەهێنین. ئاگات لێبێ کاتێکە بارەکان گەیشتن. خۆ برسی نیت؟

ــ نەء!

ــ وەرگەڕێ بزانم!

شەیدا وەرگەڕا و بوندار وتی:

ــ کەست نەدی لەگەڵ بەلووچ؟

شەیدا وتی:

ــ وابزانم، یەکی لەگەڵ بوو کە پەزەکانی ئەهێنا لە پشت سەرەوە، وابزانم. لە دوورەوە دیم. تارماییەکەیم بینی.

ــ نەتناسیەوە؟

ــ زۆر سەرنجم نەدا؛ نەخێر! وامزانی یەکێک لە تیوورەکە کێشەکانی گوڵمحەمەدە لەگەڵی هاتووە.

بوندار، شەویلکەکانی لێک ترنجاند و وتی:

ــ باشە، زۆر باشە. بەگومانم! وامزانی! ئەی کەی ئەتەوێ بە چاوەکانت ببینی و دڵنیا ببی؟! بڕۆ ئیتر. بڕۆ! شتێک هەر ئەبێ، بڕۆ.

چقڵی وشەکانی بوندار لە دڵی شەیدا چەقین و بە توندی دڵی ئێشان. لەگەڵ ئەوەی کە لە خۆ نارِازی بوونیش ئازارەکەی پتر ئەکرد. هەر ئەوەش بوو نەک وەک هەمیشە دڵخۆش و شاد، بەڵکوو شەکەت و پیرانە لە پلیکانەکان چووە خوارەوە و لە دەرەوەی دالان لەخۆڕا وەستا، شانی دا بە دیوارەکەوە و مات و مەلوول چاوی بڕییە شەو. بۆ ماوەیەک لە ناو خۆیدا، لە تاریکی شەودا وەستابوو و کە دەنگی جووڵانەوەیەکی ئارامی لە پەنای بەهاربەندەکە بەرگوێ کەوت، هەنگاو هەنگاو بەرەو دیوارەکە چوو. مووسا بوو لە دەرگاوە خزابوویە ژوورەوە. شەیدا لاری کردەوە بەرەو دەرگای هەمارەکە و مووساش بەرەو ژوورەکەی خۆی. شەیدا لای دەرگای هەمارەکە دانیشت و کڵاوەکەی لە ناو دەستیدا گووشی و بە فیکەیەکی کورت، مووسای بانگ کرد. مووسا لە بەر دەرگای هۆدەکەی خۆیەوە ئاوڕی دایەوە و نەک بە هەنگاوی تۆکمە، بەڵام بە ناچاریی بەرەو شەیدا ڕۆیشت و لە نزیکیەوە وەستا:

ــ بەڵێ؟

شەیدا وتی:

ــ نادعەلی لە کوێیە؟

ــ لەگەڵ قەدیر لێرە بوون و ڕۆیشتن.

ــ بۆ کوێ چوون؛ نەتزانی؟

ــ نەء.

ــ هەواڵی شێرۆ؟

ــ هیچ. ئەویش لێرە بوو و ڕۆیشت بۆ لای شووەکەی.

جەختکردنی مووسا لە سەر وشەی "شووەکەی"، شەیدا بە نەدیت گرتی و تەنانەت بە بێ ئەوەی سەری دانەوێنێ، دیسانەوە پرسی:

ــ ژنەکانی تر چییان لێهات؟ ئەو...

ــ مەبەستت کێیە؟

ــ ئەوی تریان ئەڵێم... لالا؟

نازانم!

ــ زۆر چاکە؛ بڕۆ سفرەیەک تەیار بکە بۆ وشترەکە! پێشتر سفرەکەی باش بتەکێنە!

ــ بەڵێ باش!

مووسا چوو بە دوای فرمانەکەدا و خەریک بوو. بیری ئاسوودە بوو، هەرچەند لەشی کوترابوو. لە ماوەی وتووێژی بوندار و کوڕەکەیدا، بە بیانووی چاودێری ڕێگە لە ماڵ دەرکەوتبوو، خۆی گەیاندبویە ماڵی خاکی و هەواڵی هاتنەوەی ستاری پێدابوو و لە زمانی بەڵخی وەرگرتبوو:

ــ «ماڵی ئێمە. منیش خەریکم ئەڕۆمەوە!»

ئەوەشی وتبوو کە گوڵمحەمەد کاروانێکی وشتر باری بۆ بوندار و ئالاجاقی ناردووە و ستاریش لەگەڵ کاروانەکە گەڕاوەتەوە و بەڕێوەیە. بۆیە ئێستە بە دڵی ئاسوودە خەریکی لێکدانی کا و پەمەتۆمە و ئاردەکە بوو و یاری پێ ئەکردن. تەنها مایەی تاڵی کە هێشتاش لە بن ددانی و لە قووڵایی کامیدا مابوویەوە، بیری ئەو خافڵگیرکردنەی عەباسجانی کەلایی خواداد بوو و وڕی ئەوە بوو کە سەردەرهێنانی عەباسجان لەو کاتە بەجێیەدا چ بەرەنجامێکی بە دواوە ئەبێ. بۆیەش بوو کە نەی ئەتوانی ڕق و کینەی بەرامبەر بە کوڕی کەلایی خواداد لە دڵ دەربکات.

نواڵەی وشتر ئامادە. مووسا دەستی لە سفرەکە هەڵگرت و وشتر لە بەر سفرەکە چۆکی دادا. مووسا سەیری

شوێنی دانیشتنەکەی شەیدای کرد. شەیدا نەبوو. مووسا لە بەهاربەندەکەوە چووە حەوشە و یەکسەر بەرەو دەرگای حەوشە چوو. دەرگاکە تۆزێ کرابوویەوە. مووسا چووە کۆڵان و بەبن ڕاستە بیەکاندا بەرەوخوار هەنگاوی نا.

ـ بۆ کوێ، لەم لایەوە؟!

شەیدا بوو. لای سەرووی دەرگاکەوە، لە سەر سەکۆی دووکانی ئەسلان دانیشتبوو و پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە و کڵاوەکەی تا سەر چاوی هێنابوو و قاچی خستبوو بە سەر قاچیدا. مووسا لە وەڵامدا وتی:

ـ خەریکم ئەچم بۆ بەرقەڵا، بە پیری بارەکانەوە. بوندار وتی.

شەیدا هیچی نەوت و مووسا سەر و شانی لە کوڕی بوندار وەرگێڕا و بە ڕێی خۆیدا، لە سێبەری مەنگ و گرنجی مانگەشەودا ون بوو.

شەو سست و تەپیو. خامۆشی قورس و هەور پەڵە پەڵە و گەرمازێ. پەل و گەڵای ڕاستەبیەکان بە بێ جووڵە. ئاو خامۆش و یەکباو، بە سەر بەستێنی تەختی خۆیدا، بە بریسکە و دیمانەیەکی لێڵ کە جارجارە خۆی ئەنواند. ئاوی خامۆش بێگەم ئەرۆیشت تا دەشتی پەموو تێراو بکات و خوارتریش بەرەو کێڵگەکان و لەوێشەوە بۆ قەڵاتی خوێناڵ. شەیدا ئاخێزی کرد، قاچی لە سەر قاچی هەڵگرت، کڵاوی بردە سەرەوە، لە سەر سەکۆکە دابەزی و لە سەر جۆگەکە دانیشت. دەستی کرد بە ئاوەکەدا و بیری ناو مێشکی بە جووڵانی لێوەکانی دەربڕی:

ـ «بەر لە ڕۆیشتنم، شێرۆ ئەبێ ببینم. ئەبێ ببینم!»

## بەندی سێیەم

قوربان بەلووچ، دەنگی زەنگی وشترەکانی کپ کردبوو. واتە ناو کاسەی هەر زەنگێک پارچە پەڕۆیەکی تێ ئاخنیبوو.

قوربان، نانەکەی لەگەڵ ستاری پینەچی بەش کردبوو و ئەوا دەسکەوساری وشتری بەرکاروانی دابوو بە شانی‌دا و مەڕەکانی دابوویە بەر و لە باشووری دەشتەکەوە بەرەو بەستێنی چەمە وشک ئەکشا بۆ ئەوەی بار و بەران پێکەوە لە پەناوە بکا بە بەهاربەندەکەدا و لە هەمار تاقەتیان بکات. ستار، تا ڕۆژئاوای قەڵاچیمەن و نزیک دیواری پشت ماڵی بەڵخی، پێ بە پێ و شان بە شانی بەلووچ هاتبوو هەندێ جار دەمەتەقەیەک لەگەڵی و هەندێ جار بیری ئەو شتانەی لە ڕێدا بوون؛ دیار و پێوار. دووربینی لە دەسرە پێچراوی خستبوویە توربێنەکەی محەمەمەدڕەزای گوڵخانم و بە پەیامی هێرشەکەی خان نایبەوە، بۆ گوڵمحەمەدی ڕەوانە کردبوو:

«بۆ سەیزوشەو خۆم ئەگەیەنمە قەڵامەیدان بۆ دیتنی گوڵمحەمەد. بڵێ پسپۆڕێک بنێرێ بمبا بۆ لای. نیشان بە نیشانی ئەم دووربینە.»

محەمەمەدڕەزای گوڵخانم بە پێی پیادە، گەڕابوویەوە، بە بێ ئەوەی ستار شوێنی گوڵمحەمەدی لێ بپرسێ. پاشان باسی خان نایب و بەلووچ هاتبوویە ئاراوە و بەلووچ بە شێوەیەکی

نارِوون بە ستاری وتبوو کە خان نایب ئەناسێ. لە کەیەوە و لە کوێ؟!

ــ «لە شێروانەوە. ئەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵانی بیست و چوار. لەوێ... لە شێروانە. ئەرێ و نەرێ... ڕەنگیشە شاخمان لێک گیراندبێ!»

ــ «بەڕاست؟!»

ــ فەربەخشیش ئەناسم. بەڵام ئەو من ناناسێ. چونکە ئەو منی نەدیبوو ئەو ساڵانە.»

ستار، چنگی کردبوو بە قۆڵی بەلووچدا، ڕاوەستابوو و ئەویشی ڕاگرتبوو:

ــ «قوربان! قوربان قۆچ؟!»

قوربان سەیری ستاری کردبوو و بە وردی وتبووی:

ــ «بەڵام لێرە هیچکەس نازانێ، ها!»

ستار، شەقڵی بیابان و شەوی بە قاقای پێکەنین شکاندبوو:

ــ «هاوڕێ! هاوڕێی خۆم!... وەوو! سەد جار زیاتر لە خۆمم پرسیبوو من بۆ متمانەم بەم بەلووچە هەیە؟!... قوربان بەلووچ!»

کەوتبوونە ڕێ بە دەم ئەو پێکەنینانەوە کە وردە وردە خاو ئەبوونەوە و ئەو گیانە تازەیەی ئەڕژایە پێ و هەنگاویان:

ــ «بە منیان نەوتبوو!»

ــ «بە منیش!... لێرە ئەیکەین بە ژێر خاکەوە، هەر لێرە.»

ستار وتبووی:

ــ «بەڵێ کە ئەیکەین بە ژێر خاکەوە؛ مسۆگەر، مسۆگەر!»

بەدەم نەرمەی ڕێوە کە هەنگاوەکان وەکوو سروەی با ئەشەنین و بە سەر شەوقیاندا تاوێک ڕابردبوو، ستار لەسەرخۆ لێی پرسیبوو:

ــ «بوندار چی؟ ئەو شۆپ و ناونیشانت ئەزانێ؟!»

قوربان بە قۆشمەیی ڕوانیبوویە ستار و وتبووی:

ــ «ئەی... بڵێی نەڵێی! ئەوەندەی بۆ ترساندنی بەس بێ. هەر

ئەوەندەی کە بزانێ سەربڕینی چەقەڵێکی وەکوو ئەو، کارێکی ئەوەندە دژوار نییە! هەر ئەوەندە!»

ـ «ئا، بەڵێ!»

ستار سەیری ئاسمانی کردبوو و جەوانسەرانە مستەکانی قونجاندبوو:

ـ «دارەتێکی سەیرم هەیە! هەست ئەکەم توانایەکی سەمەرەم هەیە! چەن سەیرە! چی ئەتوانێ ئەوەندە شادم بکات، خوایە گیان؟! قوربان؟! قوربان!... حەز ناکەم لێت جیا ببمەوە ئەمشەو. بەڵام ناچارم!»

ـ «ئەزانم. دەی چیت لە مێشک دایە؟ بیستوومە خەریکیت جووتیارەکان هاوسوێند ئەکەی؟!»

ستار بەهێز و بەو جۆرەی کە نەتوانێ دەرکەوتنی ئەو وزەیە بشارێتەوە، دیسانەوەش بە شەوقەوە مستەکانی ڕاوەشاندبوو و وتبووی:

ـ «هاوسوێندیان ئەکەم! ئەمکارە ئەکەم! خۆزگە بت توانیبا هەست بەوە بکەی چ هێز و توانایەکت دا بە دڵم ئەمشەو! هەست ئەکەم پاڵم داوە بە کێوێکەوە! پشتم بە کێوەوەیە!... ئەبێ دەرفەت دەس بخەم و ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خوراسانم موو بە موو بۆ بگێڕیتەوە؛ موو بە موو!»

قوربان وتبووی:

ـ «سەرەتا ئەبێ کاری ئەمشەو بە جۆرێک پینە بکەین. هەر ئەم پەیام ناردنەی تۆ بۆ گوڵمحەمەد. جا، من لە پێشەوە ئەڕۆم و سەرێک ئەدەم بزانم لە قەڵاچیمەن چ باسە. سەرەتا کەسێک بدۆزمەوە کە هاتووە هەواڵەکەی داوە بە کوڕی گوڵخانم. پێت چۆنە؟ ئەم بوندارە لەم کارانەدا زۆر ئاگای لە خۆیەتی، خۆ ئەوە ئەزانی؟»

ستار یەکێکی داتاشی بوو و قوربان بەلووچ، داینابوو لە تیرەی مەلا میعراج بێ و چیرۆکەکە بەر لە گەیشتنی شەیدای

بابقولی بوندار بە پێشوازی بارەکانەوە ڕێک خرابوو:
ـ «جا ئەو پشتوێن و شەپکە لە خۆت بکەرەوە! لە قەڵات کە تێپەڕین من ئەکەومە بەرەوە و ئەچم بۆ قەڵاچیمەن. ئەم کوڕەی بوندار یاری بە گونی ئەکات.چاوت لێبوو چەن بەپەلە سەری وشترەکەی وەرگێڕا؟ ئێستەش ئەچێ و چیرۆکەکە بۆ بوندار ئەگێڕێتەوە!... تا تۆ نیو فرسەق بێی، من ڕۆیشتووم و گەڕاومەتەوە بە پێشوازتەوە. باشە؟»
ـ «تۆ چۆنت پێ باش بێ!»
بەر لەوەی کە قوربان بەلووچ، پێ هەڵگرێ، بە ستار وترا:
ـ «نانیشت بۆ ئەهێنم. بەس ئاگات لە مەڕەکان بێ بڵاو نەبنەوە لە ناو دەشتەکەدا.»
ـ «ئاگام لێ ئەبێ. دڵنیا بە!»
قوربان، دوا لەتە نانی لەگەڵ ستار بەش کرد و پرسی:
ـ ئەمشەو ئەتەوێ لە قەڵاچیمەن ببینرێی یان ئەتەوێ بە دزیکەوە خۆت بکەی بە درزی دیواری ماڵی بەڵخیدا؟
ستار وتی:
ـ نەبینرێم باشترە!
قوربان وتی:
ـ هەرچی چۆن بێ، ئێمە پێکەوە نەبووین.
ستار وتی:
ـ وایە؛ ئێمە پێکەوە نەبووین. قسەمان ئەوەیە.
قوربان پرسی:
ـ کوڕی گوڵخانم چی لێ ئەکەی؟
ستار وتی:
ـ ئەو لێگەڕێ بۆ من. بەیانی شەو هەر جۆر بووە ئەیبینم. ئێمە هاوڕێ نەبووین. هەر ئەمە! بەر لەوەی ڕۆژ بکاتەوە، لە قەڵاچیمەن دەر ئەچم. قوربانت، قوربان بەلووچ!
قوربان لە وەڵامی ماڵاواییەکی ستاردا دەستی ڕاوەشاند و

وتی:

ــ پایەدار بی!

ستار لە مانگەشەوی گرنج و خاڵخاڵاوی نیوەشەودا، چالاکانە وەکوو بزنە کێوی سەرکەوت و بەبن دیوارەکەدا ڕۆیشت و نەرم و بێدەنگ خۆی کرد بە ماڵی بەڵخیدا. لە پشت دیوارە ڕووخاوەکە ڕاوەستا مەگەر دەنگی پێیەک یان نیگایەکی دزانە لەو دەوروبەرە بناسێتەوە. چونکە بە پێی خوو و ئەزموون بۆی دەرکەوتبوو ئەوەندەی پێ ئەنێتە قەڵاچیمەن، سێبەری ملۆزمی کوڕەکانی کەلایی خوادادی بە شوێن خۆیەوە هەست پێ ئەکا. ئێستەش نەی ئەتوانی باوەڕ بەوە بکات کە لە نیگای ئەوان و ـلانیکەم لە نیگای یەکیانـ شاردرابێتەوە.

دەنگی پێکادانی تای دەرگاکانی ماڵی کەلایی خواداد، لێدانی دڵی ستاری توندتر کرد. سەری نەکێشا و نەشجووڵا. لە هەمان جێگەی وەستا بوو، ڕاوەستا تا بۆی ڕوون بێتەوە کێ چووە ژوورەوە، یان هاتە دەرەوە. زۆری پێ نەچوو دەنگی پێ لە کۆڵانەکە بەرز بوویەوە و لەگەڵ ئەوەشدا، دەنگی ئاشنای چوارگوێشلی هاتە بەرگوێی. بەڵام ڕاوەستا تا ئەوەش لەگەڵی بوو و ـجگە لە قەدیر کەسیتر نەبووـ بناسێ، پاشان بخزێتە ژوورەوە.

بەرامبەر ماڵی بەڵخی، نادعەلی دەستی بە قەدی ڕاستەبیەکەوە گرت و سەرنجی بڕییە ئاوی ڕەوانی جۆگەکە و نەک لەگەڵ قەدیر کە لە لایەوە وەستابوو، وتی:

ــ دایکم قەدیر! دایکم ئەبێ زۆر بێکەس بووبێ!

قەدیر هاتە ئەمبەری جۆگەکە، بن باڵی نادعەلی گرت و وتی:

ــ با بڕۆین ئەرباب، با بڕۆین!

نادعەلی سەیری قەدیری کرد و وتی:

ــ غەمگینم قەدیر، غەمگینم. دڵم ئاوساوە ئەڵێی. نەک پێت وابێ مەستم. نەء! من ئاگام لە خۆمە برام؛ ئاگادارم!... کەرێکم بۆ کڕین! تەنها ئەم کارەم پێئەکرا بۆیان بکەم. لە بەر

ئەوەی... لە بەر ئەوەی لە ڕۆژ لێم ڕۆشنترە کە ماهدەروێش تازەودوا پێی ڕێ ڕۆیشتنی نابێ. بەڵام تۆ... قەدیر! ئەڕۆین بۆ مەشهەد، بەیانی؟

قەدیر وتی:

ــ جارێ با بڕۆین ئەرباب. وەرە!

نادعەلی سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و وتی:

ــ خوا چەندە گەورە و سەیرە، قەدیر! چەندە گەورە و سەیرە! ئەو هەموو گەورەیی و مەزنایەتیە چۆن لەو نۆکە مێشکەی مندا جێی ئەبێتەوە؟ نەء! خوا لە مێشکی مندا جێی نابێتەوە!... پڵینگ... پڵینگ، ئەستێرەکان سەیرکە؟! نەء. دایکم... دایکم... ئەبێ بەرگی ڕەشی لە بەر دەربهێنم. ئەم ئەسڵانەی خاڵۆم، ئەی کەی ئەیەوێ زماوەن بکات؟!

قەدیر، نادعەلی خستە ڕێ و وتی:

ــ شەو تێ ئەپەڕێ ئەرباب. شەو تێ ئەپەڕێ.

لە ڕێ، نادعەلی پرسی:

ــ واتە تۆ ئەمساڵ ئەچی بۆ دروێنە؟

ــ وام بیر کردوەتەوە ئەرباب!

نادعەلی دەستی نا بە دەرگای ماڵی بوندارەوە و وتی:

ــ کار... کار... کار! دنیایەکی سەیرە، هیچی تێ ناگەم!

دەستی نادعەلی زنجیری دەرگاکەی بە نارێکی، بەڵام بە توندی کوتا بە دەرگاکەدا و پرسی:

ــ ئەم خان نایبە ڕۆیشت هەر بەم شەوە گوڵمحەمەد بگرێت و لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە! وایە؟ قژ و کاکۆڵی ئەبەستێ بە کلکی ئەسپەکەیەوە و بە سەر خۆڵ و خاکدا ڕای ئەکێشێ و ئەیهێنێ؛ گوایە وایە؟!

لالا دەرگاکەی کردەوە و نادعەلی خۆی هاویشتە ناو حەوشە و وتی:

ــ تا بەیانی هەڤاڵ!

لالا تای دەرگاکەی پاڵ پێوە نا، بەڵام دەستی قەدیر لە بەر دەرگاکەدا بوو و خۆبەخۆ ڕێگەی لە بەستنی ئەگرت. لالا نەی ئەویست بیخاتە خۆی کە دەستی قەدیر ڕێگری داخستنی دەرگاکەیە، قەدیریش نەی ئەویست لەوە زیاتر لە پشت دەرگای ماڵی بوندار ڕاوەستێ. ئەوەندە نەبێ کە وتی:

ــ وا پێ ئەچێ بووی بە خانەزاد!

لالا، تەنانەت دڵی وەڵام دانەوەی قەدیری لە خۆیا نەبینی، کە ئەمشەوەی لەگەڵ شەیدا و ئەندێشەی شەیدا ئەژیا. لە بەر ئەمەش بوو ئەگەر بە خرتەخرتی پیاوەکان، کە لە بەهاربەندەکە خەریکی داگرتنی بار لە چوار پێکان بوون، گێژ و ماندوو و خەواڵوو لە دەرگاکە هاتبوویە دەرەوە و لەمبەری دیوارەکە، لەتاریکیدا چاوی لە بارکێشانی بەلووچ و شەیدا و بوندار و مووسا ئەکرد. بۆیە دەرگاکەی پاڵ پێوەنا و لە قەدیری داخست و ڕۆیی تا شوێنی خەو پیشانی نادعەلی بدات:

ــ لە بانیجە ئەرباب!

ــ ئەزانم!

نادعەلی نزیکی دەرگا چەپەرەکە، دەستی نابوویە سەر دیوارەکە، وەستا بوو و سەیری هاتوچۆی بوندار و کەسەکانی ئەکرد. وشترەکان یخ درابوون و هێسرەکان بە بارەوە و پیاوان لە بێدەنگیدا خەریکی هەوڵدان بوون کە لای سەیر بوو. لالا کە دووری دەرگای بەهاربەندەکە وەستابوو جارێکیتر بە نادعەلی وت:

ــ سەرەوە ئەرباب. لە بانیجە.

نادعەلی، بە بێ کاردانەوەیەکی ڕوون، ڕووی لە بەهاربەندەکە وەرگێڕا و دەستی لە سەر دیوارەکە هەڵگرت و بەرەو دالان چوو. لالا بە دوای نادعەلیدا بۆ پیشاندانی جێ خەوەکەی ڕۆیشت، بە بێ ئەوەی هیچ لە وڕینەکانی نادعەلی تێ بگات. لە بانیجە، گەیشت و نەگەیشت، نادعەلی خۆی دا بە سەر یەکەم جێگەی ڕاخراودا و ڕوخساری چەقاندە سەرینەکە و لالا بە پێویستی

نەزانی جێگەکەی خودی نادعەلی پیشان بدات کە لای محاجەرەی ڕووە بە کۆڵان ڕاخرابوو.

لالا، ڕانەوەستا، هاتە خوارەوە، لە داڵان تێپەڕی و چوو بۆ چێشتخانە.

پاش تاوێک، بوندار و بەلووچ هاتن بۆ حەوشە و بوندار وتی:

ــ شێومان هەیە بۆ بەلووچ؟

لالا وەڵامی نەبوو و بەلووچ وتی تێرە و بونداری بە فانۆسەکەی دەستیەوە برد بۆ ناوداڵان. دەستی کرد بە گیرفانی باخەڵیدا و چەپکەیەک پارەی دەرهێنا، نایە دەستی بوندار و وتی:

ــ وتی شوێن و ئالیک بۆ سەد سەرێک مەڕی پەروار ئامادە بکەی.

بوندار فانۆسەکەی دا بە قوربان بەلووچ و کەوتە ژماردنی پارەکە و وتی:

ــ هەموو قەڵاچیمەن لە خزمەتی مەڕ و ماڵاتی گوڵمحەمەد دایە. پێی بڵێ، بوندار وتی ئێمە ماڵ جیاییمان نییە.

قوربان وتی:

ــ فیشەک. داوای فیشەکیشی کرد.

بوندار وتی:

ــ ئەمەش بە سەر چاو. ئەڵێم بۆی بەڕێ بکەن، ئیتر چی؟

بوندار دەستی لە ژماردنی پارەکە ڕاگرت، سەیری بەلووچی کرد و وتی:

ــ تۆ کەی ئەگەڕێتەوە؟ ئەمشەو؟

بەلووچ وتی:

ــ ئاشناکەم ماهدەروێش، بیستوومە لە نەخۆشخانە هێناویانەتەوە. ئەمەوێ بچم سەری بدەم، ئەگەر بکرێ.

ــ کە وا بوو، دەمەو بەیان خۆ ئەکەویتە ڕێ؟

ــ ڕەنگە زووتریش!

بوندار وتی:

ـ چاکە. زۆر چاکە. تۆ بڕۆ. بەڵام شتێکی تریش... سەبارەت بە جیهەن. پێی بڵێ جیهەن لە بیر نەکات؛ جیهەن!

بەلووچ بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ. دەسکی فانۆسەکەی کرد بە بزماری دیوارەکەدا و وتی:

ـ شەو کێ لە هەمار ئەخەوێ؟

بوندار، ڕووی لە ڕووناکی دیوارەکە و خەریکی ژماردن، لە وەلامی بەلووچدا وتی:

ـ شەیدا.

بەلووچ بەرەو دەرگای حەوشە هەنگاوی نا و بە دوایدا، بوندار وتی:

ـ بەیانی هەر دووکتان ئەڕۆن. پێکەوە.

بەلووچ دەستی برد بۆ ئەڵقەرێزی دەرگاکە و وتی:

ـ ئیشەڵڵا.

شەیدا هاتە ئەم دیو دیوارەکە و دەستەکانی بۆ تەکاندنی تۆزوخۆڵ دا بەیەکدا. بوندار، چەپکەی پارەی خستە گیرفانی هەراوی کراسەکەی، فانۆسی لە بزمارەکە کردەوە، سەیری شەیدای کرد و وتی:

ـ خۆ گوێت لێ بوو؟... بەیانی لەگەڵ بەلووچ ئەکەویتە ڕێ. جێگەشت لە بەر دەرگای هەمار ڕاخە... ئەویتر، مووسا لە کوێیە؟

شەیدا وتی:

ـ خەریکە کورتانی هێسرەکان دائەگرێ.

بوندار چووە بەر دیواری بەهاربەندەکە و بە مووسا کە خەریک بوو لەغاوی هێسرەکەی لە سەر سەمەرەی کورتانەکە دائەنا، وتی:

ـ چاوەڕێ بە بزانە ئەسەڵان کەی ئەگەڕێتەوە! گوێت لێ بوو؟

ـ بەڵێ، بوندار!

بوندار گەڕایەوە و پێی نایە داڵان. شەیدا نەوەستا و چوو بۆ بەهاربەند. مووسا دوا کورتانی لە بن دیوارەکە دانا، دەست و باڵی تەکاند و کەوتە ڕێ. بە بەردەم شەیدادا تێپەڕی، چووە حەوشە و بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکەی بوندار، یەکسەر بەرەو دەرگا چوو. کردیەوە و پێی نایە کۆڵان و بەرەو خواری ناودێ، بە قەراخ دیوار و بە ئاقاری ئاوەکەدا کەوتە ڕێ.

بەڵخی میوانەکانی برد بۆ گەورە چۆڵی ماڵەکەی وکتری چاکەی هەر لەوێ نایە سەر. خەزووری بەڵخی، هەر لەوێ لە سەر جێگەی، لە گەورەکە خەوتبوو و پیاوەکانیش لە بەر ئاخوڕەکە دانیشتبوون. بەڵخی نزیکی کترییەکە، ستار لە سەر ئاخوڕەکە، عەلی خاکی لە سەر لێواری ئاخوڕەکە و بەراتعەلی سالار ڕەزاقیش لە سەر بەردی قەراخ دەرگاکە. مووسا کە گەیشت کوڕی سالار ڕەزاق لە سەر ڕۆیشتن بوو و خەریک بوو پەیکوڵی لە شەرواڵەکەی ئەکردەوە:

ــ لەگەڵ یەکە یەکەیان قسە ئەکەم.

ــ ئەبێ کۆیان بکەینەوە شەوێک. یەک جێ.

کوڕی سالار ڕەزاق پێی نایە سەر بەردی قەراخ دەرگاکە و پرسی:

ــ تاکەی ئەمکارە جێبەجێ بکرێ درەنگ نابێ؟

خاکی سەیری ستاری کرد و وتی:

ــ روونە ئیتر. بەر لە دروێنە.

ستار وتی:

ــ دروێنە دەس پێ بکات باشترە. لەپڕ ئەبینی پێ ئەزانن و ئەوان دەسپێشخەری ئەکەن.

کوڕی سالار وتی:

ــ یانی چی؟ لە سەر دروێنە جووتیار ئەگۆڕن؟ ئەمە خۆ نابێ تا وەرزی کار تەواو نەبێ!

ــ پاڵەکان ئەتوانن بگۆڕن. مەبەست ئەوەیە کە پاڵە و

جووتیار لە زەرەر و زیاندا وەکوو یەکن. وای دابنێ دروێنەوانەکان وەرزێرن و جووتێرەکان کرێکاری سالانەن. مەبەست ئەوەیە ڕوون ببێتەوە کە جووتیارەکان لە ڕەشاییەکان نزیکترن یان زەویدارەکان. یەکیشیان ئەوەی کە ڕەشاییش بەشیان هەیە لە سەدا پانزەکەدا؛ لە بەشی ئاوەدان کردنەوەدا. یەکیش ئەوەی کە هەر دوو دەستە ئەیانەوێ بە جارێک و لە سەر خەرمان مزی خۆیان وەربگرن و بیبەنەوە بۆ ماڵی خۆیان. بۆیە ئەبێ بهێڵین سەرەتا کار دەست پێ بکا، واتە کار بە شێوازی خۆیدا بچێتە پێشەوە، ئینجا پاش دەسپێکردنی دروێنە هەموویان کۆ ئەکەینەوە.

خاکی وتی:

ــ نابێ دەست بخەین بە سەر دەستدا. هەر ئێستەش؟

ــ نەء. بڕیاری ئەمشەومان هەر ئەمەیە.

کوڕی سالار شەوباشی وت و ڕۆیشت و مووسا لە سەر جێگەکەی ئەو دانیشت. بەڵخی پیاڵەیەکی بۆ مووسا دەس بە دەس نارد و هاوکات سەرە قورسەکەی بەرز کردەوە، ڕوانیە ستار و وتی:

ــ من کە چاوم لەمکارە زۆر ئاو ناخواتەوە. من ئەم خەڵکە چاو برسیە لە ئێوە باشتر ئەناسم.

خاکی لە بەڵخی وەرگەڕایەوە و وتی:

ــ ئەوەندە بەدبین مەبە، پیاو! ئەوەندە «نا» مەهێنە ناو کارەکە. تۆ ئەڵێی لە ناو ئەو هەموو پیاوەدا دە دانە بەغیرەتی تیا پەیا نابێ؟!

بەڵخی نەیکرد بە مشتومڕ و وتی:

ــ دەرئەکەوێ! کا و کادێن وا لەبەردەستت دایە.

مووسا پیاڵەی چاکەی بەتاڵ کرد، چاوە ماندووەکانی هەڵگلۆفی و ئامادە بوو ئەوەی ڕابردووە، بگێڕێتەوە و گێڕایەوە:

ــ عەباسجان هێشتاش وەکوو کەمتیار لە سێبەرەکاندا خولەی دێ، ڕەنگیشە ئێرەی خستۆیە بن چاودێری!

بەڵخی سەیری گەنجەکەی کرد و وتی:

ــ خەمت نەبێ خاڵۆ گیان. ئەمڕۆش نەبێ، بەیانی هەموو شت ئاشکرا ئەبێ. وشتر دزین خۆ بە کووڕەکووڕ نابێ! یەکیش... ئەوەی کە ڕۆژێک هەقی عەباسجان ئەخەمە بەری دەستی. دڵنیا بە مزی ئەو کلکەسووتێ کردنەوەی وەرئەگرێ.

لە کۆڵان، دەنگی سمکوتی ئەسپ بەرزەوە بوو. مووسا هەڵبلۆقایەوە و وتی:

ــ ئەبێ خۆی بێ؛ ئەسڵان. منیان ناردووە چاوەڕێی ئەو بکەم! کەی ئەگەڕێیتەوە تۆ؟

ــ دوو سێ ڕۆژی تر.

مووسا غاری دایە و وەڵامەکەی ستاری لە کۆڵان بیست. لە سەر جۆگەکە، قەدیری کەلایی خواداد، دەست و چۆکی نابووە سەر خۆڵەکە و سەروقژی لە ئاو هەڵئەکێشا. مووسا، بە بێ گوێدانە قەدیر، لە بن دیوارەکەوە بەرەو ماڵی بوندار هەڵات و بەر لەوەی ئەسڵان خورجین لە تەرکی ئەسپی ئاغەیی دابگرێ، مووسا هەوسارەکەی گرت و ماندوو نەبینی لێکرد. بەڵام عەباسجان، کە ئەتوت مووت هەڵپڕووزاندووە، لە سێبەرەکەوە دەرکەوت و لەغاوی ئەسپی ئاغەیی لە دەستی وەرگرت و وتی:

ــ سەیرکە چ کەفێک بە لالەغاوەیدا هاتۆتە خوار ڕەبەنە. سەیرکە پەلکی لووتی چۆن لێئەدا؛ خۆ قەزاق بە شوێنتەوە نەبوون، پیاو! ئەگەر ئەسپی هەژار بترەکایەت کێ وەڵامی ئالاجاقی ئەدایەوە؟

ئەسڵان خۆرجینەکەی دا بە شانیدا، لەغاوەکەی لە دەستی عەباسجان بە توندی دەرهێنا و وتی:

ــ لای من بووە! کاسەی لە ئاش گەرمتر!

ئەسپەکەی برد ژوورەوە و بە مووسای وت:

ــ باوەشێک کۆزەرە بکەرە بەری! بگرە!

ئەسڵان هەوسارەکەی دایە دەستی مووسا و خۆی بەرەو داڵان

هەڵات و بە پلیکانەکاندا بەرەو بانیجە چوو. بە لای خەوتواندا تێپەڕی و خۆی کرد بە دیوەخاندا و لە پشت سەری باوکیەوە وەستا. بابقولی بوندار لە بەر پەنجەرەکە ڕوو بیابان وەستابوو و بە خامۆشی سیگاری ئەکێشا. ئەسڵان خورجینەکەی لە بن دیوارەکە دانا و بوندار لێی وەرگەڕا:

ـ ئا؟ چیتان کرد؟!

ئەسڵان وەک بڵێی قسەی ئامادە کردبوو، دەسبەجێ وتی:

ـ ئەم خان نایبە ئیتر چ دڕندەیەکە؟! جەللادیان بەڕێ کردووە! لە بەر خۆیەوە کاولی ئەکات و ئەڕواتە بەرەوە! ئەگەر کار بەو جۆرە بچێتە بەرەوە سەد ئاوایی کاول ئەکات تا بگات بە گوڵمحەمەد! ئەبێ بیرێکی بۆ بکرێتەوە. لە کوێوە هاتووە ئەمە؟!

بوندار، سیگارەکەی لە پەنجەرەکەوە هەڵدایە دەرەوە، لە سەر جێوبانەکە دانیشت و لەسەرخۆ وتی:

ـ ناودارە! ئەیەوێ ناو ناوبانگی گەورەتر بکات. ئەیەوێ پەرداختی بکات. زوڵفاوی یاخی ئەو کوشتوویەتی.

ئەسڵان زەرکی ئاوەکەی لە سەر تاقەکە هەڵگرت و وتی:

ـ ئاخر بەو جۆرە خۆ نابێ؛ ئەی کار و ژیانی ئێمەچی بە سەر دێت؟ چۆن ئەتوانین هەم دەستمان لە دەستی گوڵمحەمەددا بێ و هەم دوژمنی خوێنەخۆری لە سەر سفرەکەمان تەیار بکەین! ئەنجامەکەی چۆنی لێ‌دێ؟

بوندار پەنجە ئەستوور و درێژەکانی لە دەوری ئەژنۆی هەڵپێکا و وتی:

ـ کاری دنیا هەر بەو جۆرە بووە. بۆچی نابێ؟!... ئێستە بەرەو کوێ چوو، خان نایب؟

ـ ڕۆیشت بەرەو بنار. پاشتر بەرەو کوێ ئەڕوا، ئەوە نازانم! ئەگەر لەوێ نەبوایەتم ژنەکەی محەمەمەدڕەزای هەڵ تلێشاندبوو. ئەسپی ئاغەییم کرد بە بیانوو و گەڕامەوە هەواڵت بۆ بهێنم کارێک بکەی! لە شارەوە، مەگەر خودی ئالاجاقی یان

سەرتیپ فەربەخش ئەبێ پێشی پێ بگرێ.
بوندار لە سەر جێوبانەکە هەڵسا و وتی:
ــ ئەگەر ئاغە نەخەوتبێ! تۆ بڕۆ پشوویەک بدە، ڕەنگە پێویست بکات بەیانی بچی بەرەو شار و ئەم بارانە ببەی. سەرەتا ئەبێ بچی بۆ زەعفەرانی و هێسرەکانی ئاغە بهێنی.
بوندار لە دەرگاکە هاتە دەرەوە. بە لای خەوتووەکاندا تێپەڕی، بە پلیکانەکاندا شۆڕ بوویەوە و لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:
«سەگبابانە... سەگبابانە... دەستی من ئەکەن بە ڕۆنا. تەمەنێکە خەڵک ئەڕووتێننەوە، کەچی هێشتاش ناتوانن کارەکانیان ڕێک بخەن و بەرنامەی بۆ دانێن. لە لایەکەوە پشتگەرمی پێ ئەدەن و لێی ئەدزن، لە لایەکیشەوە سەگەلی تێ کس ئەدەن. لەم نێوانەشدا تەنها منم کە ئەبێ لەژێر گووشاردا بم!»
سەیدی تەلەفوونچی بە کراسە درێژ و سپیەکەیەوە هاتە بەر پاسارەکە و لە وەڵامی بونداردا وتی:
ــ ئاغە خەوتووە و وتوویەتی تا بەیانی بانگی نەکەن.
بوندار ددانی لە کیرەوە هێنا و بە خامۆشی گەڕایەوە. لە جۆگەکە بازی دایە بەر دەرگای خۆیان، بەڵام بەر لەوەی بچێتە ژوورەوە، عەباسجانی کەلایی خواداد لە بەردەمیدا قیت بوویەوە و وتی:
ــ بەیانی ئەمەوێ بێم و ئەسپەکە ببەمەوە بۆ زەعفەرانی، بوندار. بەیانی زوو!
بوندار، تووڕەییەکی لە وشەیەکدا هەڵڕژاند:
ــ پێویست ناکا!
دەرگاکەی بە سەر عەباسجاندا بەست و لە پشت دەرگاکەوە وتی:
ــ ئەسڵان خۆی ئەچێ بۆ زەعفەرانی بەیانی، گوێت لێیە؟!
پەنجەرەکەی ماڵی سەیدی تەلەفوونچی داخرا و عەباسجان

لە وەڵامدا وتی:
ــ بەڵێ... بیستم!
بابقولی بوندار، یەکپارچە تووڕەیی و گیر و گڕێ، یەکسەر بەرەو دالان ڕۆیشت بە بێ ئەوەی هەست بەوە بکات کوڕەکەی پێ بە پێی دێت.
ئەسلان، بە هەمان گوڕ و هەڵچوونی پێشترەوە پرسیاری کرد:
ــ ئەی ئەنجامەکەی بەچی ئەبێ؟!
بوندار، لە ناو دالانەکەدا، لەپڕ لە ئەسلان وەرگەڕا و نەڕاندی بە سەریدا:
ــ بە تۆ چی؟ وتم بڕۆ سەری مەرگت بنێرەوە و وەکوو تانجی ئەوەندە خۆت لە قاچ و قولی من مەئاڵێنە! تۆ لە سەری کێری من داکەوتووی، من خۆ لە تۆ دانەکەوتووم تا بۆ هەموو کارێک لەگەڵ تۆ ڕاوێژ بکەم و ڕات لێوەربگرم! دەبڕۆ دەی بتۆپە ئیتر! بەیانی زووش سوار بە و بچۆ بۆ زەعفەرانی، چوارپێکانی ئاغەیی هەڵگرە و بیانهێنە تا من بارەکان هاوسەنگ ئەکەم... گوێت لێیە؟
ئەسلان نەبوو، دەنگی هات:
ــ بەڵێ... گوێم لێ بوو!
بوندار بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و لالا، لە ژوورەکەی نوورجیهانەوە سەری دەرهێنا و ئەسلانی بینی بە شانی داشۆڕاوەوە بەرەو دەربیجەی دووکانەکەی ئەچێ و ئەیەوێ بخەوێ. لالا سەری بردەوە ژوورەوە و بۆ خواردنەوەی قومێک ئاو، دەستی دایە ملی جەڕەیەک و جگە لە پرتە و بۆڵەی ئەسلانی بوندار کە لە بن دانەکانیەوە جنێوی فڕێ ئەدا، هیچی بەرگوێ نەکەوت. حەزیشی لەوە نەبوو خۆی لە هەموو کەین و بەینی ورد و بچووکی ماڵی بوندار، هەڵقورتێنێ. چونکە بۆ لالا ئەوەی کە گرنگ بوو، ئەم گوتن و چەلەحانێ و هەڵڵا و بگرەی ماڵی بوندار نەبوو. چونکە

بە چاوی بینین بینیبووی و تێگەیشتبوو ئەم ڕەوتە زۆر ئاڵۆسکاوە و هەتا هەشبێ هەروا ئەبێ. بۆیە ئەوەی ئەی بیست بە ڕێکەوت بوو و ئەوەی گوێی لێ ڕائەگرت بەپێی ڕاهاتن بوو. مەگەر ئەو شتانەی کە ڕووی ئەدا پەیوەندی بە خۆی و دڵدارەییەکەیەوە هەبوایە. کە سەرنج و حەزی لەم کاتانەدا، چەق و تەوەرێکی تری هەبوو:

«دڵنیام ئەم پەتەرییە ئەفغانیە دڵی بە ئاگایە و خۆی داوە لە خەو. چاتر. خۆ من نامەوێ هیچ لەو بشارمەوە! باشتر وایە بزانێت و بشی بینێ!»

بەڵام مووسا؟ ئەو شەو لە کوێ ئەخەوێ؟ مووسا پاش لە کۆڵکردنەوەی ئەسپی ئاغەیی ئیتر نەبینرابوو و بە گومانی لالا، ئەو لە بن گوشاری ماندوێتی ڕۆژانەدا، ئەویش تا ئەم کاتە کە شەو خەریک بوو لە نیوە تێ ئەپەڕی، ئەبێ وەکوو کەلاک کەوتبێ و وەک وتوویانە، حەوت پەری بەخەو بینیبێ. هەرچەند ئەگەر واش نەبوایەت، مووسا هاودەمی شەیدا نەبوو. نە مووسا حەزی لە شەیدا بوو و نە شەیدا لە مووسا. کە چاو و زمانی شەیدا، هەرگیز نیشانەی میهری بۆ گەنجی تەونکەر پێوە نەبوو. شەیدا، ئەتوت بە خوو و بە گوێرەی پلەی کۆمەڵایەتی خۆی، هەمیشە و هەموو کات بە نەشتەری زمان و چاو مووسای لە خۆی تەراندبوو و ئەتەراند و؛ لە هەر دەرفەتێکدا توانجی تێ ئەگرت و سووکایەتی پێ ئەکرد. وا دیار بوو ئەیەوێ ئاغەیی خۆی لە سەر مووسا، گەنجترین خزمەتکاری ماڵەکە تاقی بکاتەوە. هەندێ جار وا پێ ئەچوو بە ئەنقەست و بە زۆر کردار و ڕەفتاری دوژمنانە بەرامبەر ئەو دەرئەبڕێ.

«مسۆگەر مووسا لە سەر بانی گەوڕ جێی ڕاخستووە و لەژێر ئاسمان خەوتووە!»

لالا، قۆپچەی کراسەکەی کردەوە، یەخەی کراسەکەی بە سەری پەنجە گرت و ڕایشەکاند و دای بە بادا. وەک بە

ئەنقەست، لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ چەن گەرمە ئەمشەو! ئۆۆۆف!

شەیدا، بێ ئەڤان دەستی برد بۆ گوڵی کەمەربەندەکەی، ئاغزوونەی ترازاند و هەستی کرد دەوری پشتێنەی لیزگەیەکی ئارەقەی کۆن، خووساندوویەتی. ئەتوت تازە بیری ئەکەوێتەوە شەوی هاوینە. شەپک و ئێلەکی داکەند، کڵاوی لە سەری هەڵگرت و لە سەر کیسەی ئاردەکە ڕاکشا و پاژنەی گیوەکانی خەواند و پێی ئازاد کرد. تاوێکی‌تر لە سەر فەردە ڕێک و نارێکەکانی ئارددا تراو ببوویەوە و هەستی ئەکرد ماندوێتی تازە خەریکە خۆی دەرئەخات. بەیانی، بەر لە خۆر هەڵات، ئەبوایە بکەوێتە ڕێ. ڕێ بەرەو دۆزینەوە و بینینی گوڵمحەمەد. بۆیە ئەبوا بخەوێ:

ــ «بەر لە ڕۆیشتن، ئەچم بۆ بینینی شێرۆ؛ ئەگەر پێویست بکا پێش کازیوەش!»

ــ تۆ بەخێڵیت لێ نایە شەیدا؛ بەخێڵیت لێ نایە ئەگەر بڵێم... ئەگەر بڵێم من گوڵمحەمەدیشم ئەوێ!

شەو، سەروگوێی خەواندبوو و دەستە خرپنەکانی لالا، لە سەر ڕانی شەیدا بوو و لە ڕووناکی کەمڕەنگی فانۆسەکەدا، هەوڵی ئەدا نیگای پڕ لە تاسە و تامەزرۆیی خۆی بڕژێنێتە ناخی چاوە گیرۆدەکانی شەیداوە. شەیدا خامۆش بوو، سەری داخستبوو و لە بیردا بوو. لە خۆی نە ئەشاردەوە بیری لە لای شێرۆیە. لە دەرفەتێکدا، لە پەنای دیوارەکەوە خزیبوو و خۆی گەیاندبووە پشت دەرگای ماڵی ماهدەروێش. تاوێک دوودڵ ببوو و پاشان گەڕابوویەوە؛ بە بیانووی بوونی قوربان بەلووچ لە ماڵی ماهدەروێش. گەڕابوویەوە و خۆی دابوویەوە بە سەر فەردەی بارەکاندا، بە ئەندێشەی شێرۆوە. بەڵام بێگومان ئەم ئەندێشە ڕەمەن و ئەم هەستە بە ئازارەی خۆی لە لالا ئەشاردەوە؛ چونکە نەی ئەویست لالاش لە خۆی بتەرێنێ. هەرچەند لالا ئەوەندە بەحەز و گڕگرتوو خۆی دابوو بە خەرماندا، شەیدا ئەگەر سۆزی

خۆی بەرامبەر بە شێرۆش ئاشکرا بکردایەت، دیسانەوەش پێ نەئەچوو، لالا دەستی لێ هەڵگرێ و سارد ببێتەوە. شاراوە نەبوو لالا ئەیویست بە ئاشکرا شەیدا بۆ لای خۆی بگێڕێتەوە؛ یادی چێژی شەوانە، تامی ئەو شیلە و نۆشەی نۆشاونۆش لێکیان چەشتبوو ئەو دوو شتە، وای لە ژنە کردبوو و تاسە و لەز و پڕکێشیەکی وای پێ بەخشیبوو لە هیچ شتێک نەپرنگێتەوە. کاتێکە لالا، سەرکەوتنی تەنانەت بە بەهای ڕیسوایی خۆی کڕیبوو، ئەو حەز و لەزە دووجار زیاتریش خۆی دەرئەخست. دیار بوو ترسی ڕیسوابوون و پارێزی تووڕ داوەتە ئەولاوە و بڕیاری ئەوەی داوە شەیدا لەغاو بکات و بیخاتە بن ڕکێفی خۆی و بۆخۆی ڕابگرێ. بە بێ سڵەمینەوە و غەمی قسەی ئەم و ئەو و تەوس و تانووتی ئەوانیتر. کێ چی پێخۆشە با بیڵێ! لالا شەیدای شەیدا، ئەوی بە هی خۆی ئەزانی و بۆ خۆی ئەویست. لالا و شەیدا:

تەپڵی ڕیسوایی بڵێ لە هەموو کۆڵان و گەڕەکێک بکوتن! شەرم و حەیای ژنانە تا ئەو کاتە شیاوە کە داوگەیەک هەبێ و وەی لەو ڕۆژەی ئەو شەرمە بخرێتە ژێر پێ! کە لەو ساتەدا ژن بە حەز و ئیشتیا "نۆ"یە و پیاو تەنها "یەک"! جا، کێ بوو لەم کاتەدا لالا بە خاوەن ئابڕوو دابنێ؟ پێشت وانەبێ لەم تەنگژەی تاسە و ئیشتیا هەڵسانەدا، لالا دڵ و نیگای لە دادوەری خەڵکی بێت. نەخێر! بلا دەروازەی بێ دەرگایان بێتەوە بیر ئەو فرەوێژە، زۆربڵێیانە، چوونکە لەم کاتەدا و لەم دەمەدا، شەیدا وا لە ناو مستیدا، تێبگە!

ـ ها؟ بەخێڵێت لێ نایە؟!

دڵی سەرپەنجەکانی شەیدا، بلێسەی گۆنای داخی لالا، گڕی تێبەردابوو و پەنجەی جادوو لێکراو لە گوێوە بەرەو بناگوێ و ناو کەزیەی ژنە ڕۆچوون. لالا، لەشی خوازیار و بەهێزی خۆی لە خاکەکە کشاندە سەر و کولمەی مەمکەکانی لە ڕانی شەیدا توند کرد و تێی ساوی و وەک ماینێک بۆ نێرەکەی، سەر و دیمی

بەرز کردەوە و بەرزتر، تا ئەو ڕادەی هەناسەی لە هەناسەی شەیدا ئاڵا و چاوەکانیان لە کورتترین مەودادا یەکدیان خواردەوە، نووک بە نووک و چەنە بە چەنە.

ــ هــا؟ بەخێڵێت لێ‌نایە؟

ــ هەموو پیاوەکانی دنیاش بەشت ناکەن!

بە پێکەنینێکی پڕ لە شەوق، ڕوخساری خڕ و گەنمووی لالا، بوو بە چرا و بە هەمان نەرمیی هەناسەی وتی:

ــ هەموو پیاوانی دنیا... لە پیاوێکدا؛ لە تۆدا، پیاوەکەی من!...

ڕستەکەی لالا تەواو نەبوو، لەپڕ و لە نکاو، شەیدا ئاخێزی کرد و فڕکەی کرد بەرەو دەرگاکە. لالا، لە ڕاکردنی جەواندا لە پشتەوە چنگی کرد بە کراسەکەیدا. شەیدا وەرگەڕا، دەستی ژنەی لە کراسەکەی کردەوە و هەڵاتە دەرەوە. بە دوای شەیدادا، لالاش چووە دەرەوە. بەڵام تازە درەنگ ببوو. تاوێک پێشتر، شەیدا ئەبوایە بجووڵایەتەوە. کچەی ئەفغان بە سواری وشترەکەی بازخانەوە، لە دەرگای ئاوەڵەی بەهاربەندەوە غاری دابوو و شوێنی بەتاڵی خۆی -دەرگا چەپەری ئاواڵە-ی بۆ بەجێ هێشتبوون. لە شەودا ئاژووت و شەیداش لە چەقی دەرگاکەدا، نیگای لە شەوەزەنگی بیابان، ئەتوت بە پێوە بووراوەتەوە. نەخێر! تازە هەوڵدان بێهوودەیە. نەء، ئیتر هەوڵدان و بیری هەوڵدان بێهوودە بوو. مخابن! تازە بایش بەپێی وشتری بازخان ناگاتەوە، ئەویش ئەو کاتەی کە سارا بەلووچ لێی سوار بێ. مخابن، وشتر و سوار، ئیتر نەبوون و بیابان بە هەموو بەرهەراوی خۆیەوە، لەبەردەم کچەدا و هی کچە بوو و؛ شەویش.

چەپەری هێنایەوە یەک شەیدا، کێلوونەکەی خست و بە خۆی وت:

ــ «نرخیم نەزانی، نرخیم نەزانی!»

لای شانی شەیداوە، لالا وەستابوو بە بزەیەکی بەهێز

و ڕوونەوە لە سەر لێوەکانی. لەو بابەتەی کە هیچ گوتە و کاردانەوەیەک شیاوی نەبوو؛ کە هاندەر و مەبەست و گوتە و وەڵامی گوتەی، یەکجێ و پێکەوە، لەخۆی دا کۆ کردبوویەوە. تۆر و وڕ، شەیدا بە بەردەمی لالادا ڕابرد و قاچی سست و لەرزۆکی بەرەو هەمار ڕاکێش کرد و لەشی بێوازی دا بە سەر فەردەکاندا؛ ئەندێشەی دزێو و کرێتی وەڵامی بەیانی و لۆمە و سەرکۆنەی ستەمباری بوندار.

بە سەر سەری شەیداوە، لالا لە سەر تێڕی کشمیشەکە چۆکی دادا و پەنجەی کرد بە کاکۆڵی جەواندا، قژی نەوازش کرد و بە دەنگێک بە ئاوازی نەرم و نیانی وەک لەشی مار وتی:

ــ جێی ئێرە نەبوو. ڕۆژێک ئەبوا هەر بڕۆیشتایەت لەم ماڵە. ئەو بێگانە بوو!

نیگای مۆڕی نەخش و نیگار و هێڵە نامۆ و لێڵەکانی بنمیچی هەمارەکە، باسکی لە سەر هەنیە، لێوی بە ددانیەوە و گومان لە گوتەیدا، شەیدا وتی:

ــ تێت گەیاندبوو، ماری فێڵەزان؟! تێت گەیاندبوو شەو دێیتە لای من!

وەڵامەکەی، لالا ماچێکی نا بە لێویەوە و لە هەناسەیدا زەمزەمەی کرد:

ــ جێی ئێرە نەبوو، ئەو. بێگانە بوو؛ بێگانە!... بێگانە ئەبوا بڕوا!

شەیدا بیری کردەوە:

«بەر لە ڕۆیشتنم ئەبێ شێرۆ ببینم! ئەبێ!»

# بەشی حەڤدەهەم

## بەندی یەکەم

ــ خراپم کرد، خراپم کرد، وەستا ستار! سەرنج ئەدەی؟ خۆم گوارەکانیم لە گوێی دەرهێنا؛ خۆم...! نازانم لە چ دارەتێکدا بووم! کچە ئەلەرزی و من گوارەکانیم دەرئەهێنا. لەو کاتەدا، نازانم چۆن بوو لەپڕ دەستەکانم گڕیان تێچوو. گەرم داهاتن. دەستم بە گەرمای کەزیەی داخ بوو. دڵی پەنجەکانم، پشتی دەستەکانم هێشتاش لە گەرمای گۆنا و بناگوێی ئەسووتێن. نەرمەی گوێی، نەرمەکانی گوێی وەکوو پێستی قۆخی گەیشتوو بوون. ئەتوت هەر بەو جۆرەش کورکی هەبوو. نازانم، نازانم چۆن بوو لە ساتێکدا هەستم بە هەموو ئەم شتانە کرد. ئەلەرزی، لە ترسان لە بەر خۆیەوە تەزووی پیائەهات و ڕەنگ و ڕوخساری ببوو بە کا. نازانم، نازانم! ڕەنگە وای زانیبوو ئەمانەوێ لە باوکی بدزین و لەگەڵ خۆمان بیبەین! خان بوو و من. هەر دووکمان بووین. خانئاپۆ سەرگەرمی جزدانەکەی باوکی لەیلێ بوو؛ حاجی سوڵتانخورد. من لەیلێم لە سەر هێسرەکە دابەزاندبوو. فرمێسکی ئەڕشت بەڵام چاوەکانی لە ناو کالانەدا مات ببوون. منیش زمانم گیرابوو. بە هیچ جۆرێک نەم ئەتوانی قسە بکەم. لاڵ ببووم، ئەتوت. بەس سەیرم ئەکرد و ئەمویست پێی بڵێم «مەترسە!» بەڵام زمانم لەگۆ کەوتبوو. لاڵی لاڵ. هەورییەکەی لە سەر قژی خزابوویە خوارەوە. کراسە ئەرخەوانیەکەی بەری.

ئیتر نەمتوانی، دڵم نەهات بازنەکانی لە مەچەکی دەربهێنم. قۆڵی کراسەکەیم داکێشا خوارەوە نەک خانئاپۆ چاوی بکەوێ بە بازنەکان. لەلاوە ڕامگرتبوو و بەس سەیرم ئەکرد. مابووی بۆ ئێوارە. لە پشت تەیمانەکەی لای خوارەوە بوو. لای خوارەوەی گوندەکەیان، خورسوف. خانئاپۆ کە کارەکەی تەواو کرد، هات بۆ لای من و لەو تەلیسمە ڕەهای کردم. ئیتر لە هیچ تێ نەئەگەیشتم. بەس ئەمویست گوارەکانی بدەمەوە و شتێک بڵێم. بەڵام تازە ڕابردبوو و کاتێک هاتمەوە بە خۆمدا، بینیم سواری ئەسپەکە بووم و شان بە شانی خانئاپۆ داژووم. خانئاپۆ ویستی گوارەکان بدەم بەو؛ بەڵام من نەمتوانی گوارەکان بدەم بە خانئاپۆ. نەم دا. بە گوڵمحەمەدیشم نەدا. گوارەکانم لای خۆم ڕاگرتووە، بەڵکوو ڕۆژێک بتوانم خۆم ئەم گوارانە بە نەرمەی گوێی لەیلیٚدا هەڵواسمەوە. خۆم، بەم دەستانەی خۆم. تێم ئەگەی وەستا ستار؟ ئەمەوێ قەرەبووی ئەو کارە خراپەی خۆم بکەمەوە. هەر ئەوەندەی کە ئەمەوێ... ئەمەوێ کە... کە... تۆ، هەرگیز شەیدا بووی، ستار؟!

ــ شەیدام زۆر بینیووە.

پاشان سادە و یەکرەنگ، بەگمحەمەد پرسیاری کرد:

ــ ڕێگە و ڕێبازی چۆنە، ئەوین؟

ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ من خۆ پیا نەرۆیشتووم، برام!

ــ ئەوانەی کە ڕۆیشتوون؟ ئەوان ئەڵێن چی؟

ستار وتی:

ــ ئەوانەی کە تا کۆتایی ڕۆیشتوون، نەگەڕاونەتەوە تا بتوانن باسی خۆیان بکەن!

ــ بەڕاست ئەپرسم ستار!

ــ منیش بەڕاست وەڵام ئەدەمەوە، بە گیانی هەر دووکمان. مەگەر تۆزێک بەر لەمە ئەوەت نەئەوت؟ نەتوت شێواو و لاڵ و

پەرێشان بووی؟ هەر ئەمەیە ئیتر. بەو جۆرەت لێهاتبوو کە خۆت لە خۆت خافڵ ببووی. جا وای دابنێ ئەو یەک «ساتە» ببێ بە «هەمیشە». ئەوسا هیچ وتەیەک بە سەر زمانتدا ئەگەڕێ تا بۆ خەڵکانیتری بگێڕیەوە؟ گیرام قسەیەکیش بە زمانتدا هات، وتنی ئەویش خۆ هیچ ڕوون ناکاتەوە. لێڵ و پێوار و نادیار، لێڵتر ئەکات. ها؟! وانییە؟

بەگمحەمەد بە مخابنەوە وتی:

ـ هەروایە، ئا، وەهایە!

پاشان، بەگمحەمەد خامۆش بوو و لە وەڵامی ستاردا کە لێی پرسی: «تا ملەی شکاو چەندەی ماوە؟» بە سەر و بەدەست ئەمازەی بۆ خۆراوا کرد؛ بە بێ هەوڵدان بۆ تیژ ئاژووتن.

تا بەگمحەمەد بۆ بردنی ستار بگات. ستار، لە سێبەری دیوارەکەی گۆڕەپانی قەڵامەیدان، لە پشت دەزگای کارەکەی خەریکی دوورینەوە و چاککردن بوو و کازمە شەل، کردبوویە سەربان و جاڕی ئەدا:

ـ «پینەچی هاتووە. ئای... ئاهای... ئای... کڵاشەکانتان بهێنن دەوری بگرێ. ئەهای... های... هەر کەس گیوە و پێڵاوی هەیە، هەر کەس ئەیەوێ بیهێنێ. ئاهای... ئەهای... های... پینەچی هاتووە!»

ستار، خەریکی بە سەر کردنەوەی کەرەسەکانی کار، لەو جاڕە پڕ بەدڵەی جەوانەکە ئەیدا، خۆیشی کەوتبوویە ڕوودەربایسی و نەی ئەزانی ئەگەر خەڵکی گیوە و کڵاش بەدەست لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە، چ وەڵامێکیان بداتەوە. بەڵام ئەوەی باش بوو خەڵکی جاڕێ لە مەزرا بوون و هیوای وا بوو بەر لەوەی خەڵک بگەڕێنەوە، بەگمحەمەد لە ڕێوە بێت و لەگەڵ خۆی بەرێ.

ـ «چ بایەکی خستۆتە کەللەی ئەم شەلی بێ کتێبە!... خوا قەوەت، وەستا!»

ستار بەرەو دەنگەکە وەرگەڕا و خاڵە قاڵاو، خیگێکی وشکەڵاتووی قەڵەشاوی بە دەستەوە بوو، بە نیگای تاقە چاوەکەی کە ڕوخساری خوار پیشان ئەدا، لە بەر تاوەکەوە هاتە بەر سێبەر و لای دەستی پینەچییەوە دانیشت و دەستی نا بە چەناگەیدا و وەک بڵێی گەڕانی زمانی بەدەستی خۆی نییە، پرسی:

ــ «ئەم نۆرەیە زۆرت پێچوو، وەستا ستار؟»

ستار بە سڵاوێک جێی بە جووتیاری یەکچاو دا و هەواڵی پرسی. خاڵو قاڵاو بەدەس دان ئێشەوە ناڵاندی و خیگە ترەکاوەکەی لە سەر دەزگاکەی ستار دانا و وتی:

ــ «هەموو ئەوانەی خۆی پێی داوی، یەکەیەکە و بە نۆرە لێت وەرئەگرێتەوە، ئەی بە قوربانی کەرەمی بم! سۆمای چاوت وا لێوەرئەگرێتەوە، ئەڵێی چرایە و ڕۆنەکەی وردە وردە تەواو بووە و پڵیتەکەی تاوبەتاو کز ئەبێت هەتا ئەمرێ. ددانی بەو ڕەختەییەت یەکەیەکە لێ ئەسێنێتەوە؛ جۆرێکیش لێتی ئەسێنێتەوە کە لەگەڵ هەر کامیان جارێک گیانت ئەکێشێ. قژ و کاکۆڵ، هێزی ئەژنۆ، توانای پشت، پسپۆڕیی دەست، چالاکی لاقیش بەهەمان شێوە، هێواش هێواش لێتی ئەسێنێتەوە و خۆی ئەزانێ چییان لێ ئەکات؟ ماشەڵڵا لە گەورەیی خوا، وەستا ستار!

ستار بە گاڵتەوە وتی:

ــ «پێم وانییە توانای پشتی لێ وەرگرتبێتی، جارێ؟... وەریگرتووە؟»

بە پێکەنینی ستار، خاڵو قاڵاویش بە دژواری پێکەنی و لە هەمان کاتدا دەمی کردەوە و پەنجەی بە لێوی خواریەوە، مەڵاشووی لە بەر چاوی ستار ڕاگرت، ڕیشەی ددانە ڕزاوەکەی پیشانی ستار دا و وتی:

ــ «ئەبینی؟ ئەبینی؟ ئەوا چوار شەو و چوار ڕۆژە گیانم ئەکێشێ. کە چڵ ئەدا ئەو دنیا بەچاوی خۆم ئەبینم. ئەڕۆم بەڕێدا

و ئەڕۆم بەڕێدا و بەس ئەڕۆم بەڕێدا. بەڵام تاکەی ئەتوانی بڕۆی بەڕێدا؟ ئەم دەلاکە ماڵکاولەش ئەوا بیست ڕۆژ ئەبێ لەم ناوە دەرنەکەوتووە. ئەویش سەری بە کەردوو و خەرمانەوە گەرمترە ئیتر. خۆم سێ جار پەتم بە دەوریدا قولاپ کرد، بەڵکوو بتوانم هەڵیکێشم. بەڵام هەر سێ جار پەتەکە پچڕا و ددان نەجووڵا. ئێستەش ئەو گازەتم بدەرێ بزانم. گازی بزمار هەڵکێشانەکەت. تۆ لە بن ددانەکە گیری بدە و کارت نەبێ، ئەوی کەی لەپای خۆم. بەس بیگرە. گازەکە گیر دە لە بنەکەی. ها... ئا... ئۆ...»

ئەسپە کشاوەکەی خان‌ئاپۆ، لەشە لاوازەکەی ستاری بە سەر پشتی خۆیەوە ئەلەقاند و یاڵ بە یاڵی ئەسپەکەی بەگمحەمەد، بە سەر چاڵ و بەرزی بیاباندا ڕێی ئەکرد و بەگمحەمەدیش هەروا خامۆش بوو. وا پێ ئەچوو گفت و پەیڤین بۆ ئەو دژوارترین کاری جیهانە؛ هەرچەند بێگومان مێشکی پڕ بوو لە ئەندێشەی ئاڵۆسکاو و پەرێشان، بەو جۆرەی کە ستار بۆی ئەچوو. ئەو خامۆشیە قورسە، بەگمحەمەدی قەبەتر ئەکرد و ئەم قەبەییە لە نیگای ستاردا ڕواڵەتێکی ڕەسەنی ئەدا بە کوڕە بچکۆلەی کەلمیشی. ئەتوت بەو جۆرە پەروەردە کرابوو بەگمحەمەد. ئەگەر بە تەنهاش بووە دەرەقەتی گەلەگورگی زستان بێت؛ بە گۆپاڵ سووڕاندن و قریوەیەک، لەگەڵ پەلاماری سەگاندا.

ڕێباز و ئاقاری ئەستێرەکانیشی ڕەنگە، بە تاقیکردنەوەی شەوانی ڕۆیشتوو باش ئەناسی و هەروەها باش ئەیزانی ئەو هەورەی لای ڕووگەوە دێ تەڕە و پاراو و لە هەوری سووکەڵە و بێبەر جیای ئەکردەوە؛ بە نیگایەک. هەروەها ئەیناسی هێرشی بێ بەزەیی تاڵ و تفتی ڕێژنەی بەهاران بە بۆنی هەناسەی هەوری ڕەشی بەهاریدا.

ئاشناش بوو بێگومان بە هەرچی گیایە، خۆرا و نەخۆرا. گیای مرۆڤ و گیای ئاژەڵ. زانای مار و مێروو و کوللە. تەنانەت بە ناونیشان و خوو و سروشت. شارەزای بەرەنگاربوونەوەی دڕندەی

کێو و بیابان. ئاوێتە و ئامۆی ڕان و دارەدەست و چگوور و ئالیک، هاوخووی خاک و هەتاو و بەیان. یاری مەل و ئەستێرە، هاودەمی سەگ و بزن، شاژەنی چگوور و پسپۆڕی هەموو هەوا و قامێکی کوردی. بزێو و چالاک و زەبەردەست؛ بۆ ژەندنی دووتار و تفەنگ. نە ڕەوان بەڵام -هەرچەندە نە تۆڕ- لە وتووێژ و گوتە و وشەدا. بەری بیرەوەری کەمبار و گەنجینەی پاشەکەوتی زۆر پز نەبوو. کەم گوت و بێژ و کەم تووشبووی پێچ و خەمی ڕۆژگار؛ هەرچەند قاڵی چەشتووی تەنگیی سفرە و نان. داخراو و پەروەردی دیاردە ساکارەکانی سروشتە بە مێشک، فێرکاریی سادە و ڕۆشن! بە دوور لە سێبەرە نامۆکانی ترس و ئەندێش، بەگوێرەی پێداویستی کاروبار و پیشەی و نە لەوە زیاتر. شوانی. مەڕ و سەگ و دارەدەست. بیابان و خێوەت و کۆچ. نواڵە و شەو. گورگ و چەم و دەوەن و بیابان. کێو و هەور و نان و شیر و وشتر. خاک و مەترسی. دەستەویەخە و ئامباز بوون. کێڵگە و گۆل و زوزان. بڵقیس و زێ و نسرم. بەگمحەمەد؛ ڕۆڵەی نەکراوەی بنەماڵەی کەلمیشی. بەهێز، بەکردەوە، بە بێ شێوە و فێڵ و گزی و ئۆینی هەزار توێ. بۆیە، تێماوی دەربڕینی سۆزی ئەوین بوو. گیرۆدەی ئاگری بڵێسەکردووی دڵی خۆی؛ بەو خامۆشیە تۆسنەوە. پیاوێک ڕووڕاست وەکوو تیغی دەبان. لەو پیاوانەی کە ئەتوانێ گیانی ئادەمیزادێک بکێشێ هەر بەو ئاسانیەی کە ئامادەیە گیانی خۆی ببەخشێ و بەخت بکات و، ئەمە لە گومانی ستاردا ترسناک بوو:

ـ بەر لە خۆرداچوون ئەگەینە جێ؟

بەگمحەمەد ڕووی تێکرد، بەخواری سەیری کرد و وتی:

ـ دڵنگەران دیاری؟!

ـ ها؟ دڵنگەرانی چی؟!

ـ وا هەست ئەکەم پێت وایە ئەتبەم سەرەونگوومت بکەم!

ـ لە کەییەوە بووە بەباو میوان بێ سەروشوێن بکەن؟!

ستار بە بێ ئەوەی خۆیشی ویستبێتی هەڵسابوو و دانی

خاڵو قالاّوی کێشابوو. بە گاز ددانی کابرای دەرهێنابوو و سەری لە کارەکەی خۆی سووڕمابوو. جا ئەبوا گازەکەی بشوا و ڕیشەی ددانەکەش لە سووچێکا بکا بەبن خۆڵەوە. لە سەر جۆگەی ئاوەکە لای قالاّو دانیشت و خاڵو قالاّو خوێناوی ناو دەمی ڕشت و بەر لەوەی ستار ڕیشەی ددانەکە فڕێ بدات، دەستی درێژ کردو و لە دەمی گازەکەی دەرێنا. لە ئاوەکەدا شۆردی، خستیە پەڕۆیەکەوە و خستیە گیرفانی کەواکەی و ستاری بەجێ هێشت دەست و گازەکەی بشوات.

دەنگی هیوابڕاوی کازمە شەل لە سەربان، کورت و کورتتر بوویەوە تا وای لێهات وتی:

ــ «خەڵکی لە مەزران وەستا ستار. هەرچەن جاڕ ئەدەم کەس دەرناکەوێ!»

بەگمحەمەد پێکەنی. بە شێوی دامێنی گردەکەدا سەرکەوت و ڕووی بەرەو ڕۆژئاوا وتی:

ــ ڕۆژی چەن قەران کاسبی، وەستا ستار؟ بەم پیشەیەی کە ئەیزانی؟

ستار وەڵامی دایەوە:

ــ ئەوەندەی کە بتوانم ئەم ورگە بێ هونەرە تێر بکەم. هەر چۆن بێ پارووە نانێک لە نووکی ئەم درەوشەوە هەر دەس ئەکەوێ!

بەگمحەمەد وتی:

ــ پیاوێکی قانعی!

ــ قانیع نەبم چی بکەم؟ چارەی تر هەیە؟

بەگمحەمەد پێکەنینێک بە سەر لێویەوە، وتی:

ــ من نازانم، نازانم! بەڵام خۆم زۆر بە قەناعەتی دنیا ڕازی نیم. نەء! مرۆڤ هەر چۆن بووە ئەبێ ورگی خۆی تێر بکات. من هەر کات ببینم ژیان خەریکە تەنگم پێ هەڵئەچنێ، تەنگە و هەوسار ئەپچڕێنم و سەر ئەنێمەوە و ئەڕۆم بە لایەکدا و نانی خۆم پەیدا ئەکەم. خانئاپۆش هەروا! ئەوە بوو کە چووم بۆ

گەدەگی لای تاڵاواییەکان ئیتر. هەندێ جاران ئەم ژیانە لە مرۆڤ تاڵ ئەبێ، ستار خان. تۆ تا ئێستە تووشی دژوارییەکانی بووی؟

ستار نیگای بڕییە نیوڕوخە بە خۆر و با سووتاوەکەی بەگمحەمەد و وتی:

ـ نەء؛ زۆر نا!

بەگمحەمەد، لە کاتێکا هەروا چاوی بڕیبوویە ئاسۆی ڕۆژئاوا، وتی:

ـ ئەرێ و نەرێ ئیتر. وایە؟ ئەمە ئەزانم! بەڵام ڕەنگە تا ئێستە... شەیدا نەبووبێتی. ها؟

ـ نەء! بەس باسیم بیستووە.

ـ چیت بیستووە؟

ـ بیستوومە کە سەختە، دژوارە و... هەندێ جاریش شیرین.

بەگمحەمەد لەپڕ لەغاوی ڕاکێشا و نیگای پڕ لە سادەیی خۆی بڕییە ستار و وتی:

ـ ئەمەت لە کێ بیستووە؟!

ستار بەڕوویدا پێکەنی و وتی:

ـ ئەویندارم زۆر بینیوە، ئاخر!

بەگمحەمەد سەری وەرگێڕا و وەک بڵێی لەگەڵ خۆی، زەمزەمەی کرد:

ـ خراپم کرد، خراپم کرد! هەڵە و بێجێ؛ هەڵە و بێجێ...

لە کاتی هەستانی لە سەر جۆگەکە ستار، گەڕایەوە بۆ لای دەزگاکەی، چاوی کەوت بە پیرێژنێک کە لەگەڵ ئاوی جۆگەکە ئەهات بەرەوژوور. ژنێکی وردیلە، بە سەرپۆشی ڕەش و کراسی ڕەش و، جووتێک گیوە بە دەستیەوە. ستار لە دەم کۆڵانەکەوە چووە نسێکە و لە پشت دەزگاکەی لە سەر کورسیە گەڕۆکەکەی جێی خۆش کرد. گازەکەی بە بەرکۆشەکەی واتە پەڕۆیەی کاتی کارکردن ئەیدا بە سەر ڕانیدا وشک کردەوە و خستیەوە جێی خۆی. خاڵو قاڵاو، بە دەم دەستی شۆڕاوەوە هات و بەرەو ستار،

دانیشت و پاڵی دا بە دیوارەکەوە و وتی:

ــ «رزگارم بوو، ئۆخەیش... دەست و پەنجەت ئەبێ بگرنە زێڕ وەستا ستار. ڕاستەکەی هەر پەنجەیەکت هونەرێکی لێ ئەڕژێ. تەمەنت درێژ بێ، ئیشەڵڵا!»

پاشان، خاڵو قالاو خیگە دڕاوەکەی لە بن دیوارەکە هەڵگرت و لە سەر دەزگاکە داینا و هەر بەو جۆرە -دەم داچەقاو- داوای لە ستار کرد خیگەکەی بۆ بدوورێتەوە. ستار جارێکی‌تر خیگەکەی هەڵسەنگاند، وشکی و ڕەقیەکەی بە سەری پەنجە تاقی کردەوە و وتی:

ــ «ئەبێ ڕۆژێک لە ئاودا بخەوێ جا درەوشی تێ ئەچێ، خاڵە گیان. زۆر وشکە. بیشی دوورمەوە، هەڵئەتەقێتەوە. لە بەر خۆرا وا ڕەق بووە!»

خاڵو قالاو وتی:

ــ «بەلایەکی بە سەر بێنە ئیتر. ئێستە بڕۆی خوا ئەزانێ کەی دێیتەوە!»

ــ «کاری نیوە کارە خۆ بە کەڵک نایەت، خاڵۆ.»

پیرەمێرد خیگەکەی لە دەستی ستار سەند و بە ناباوەڕییەوە ڕوانیە کونەکەی، یەک دوو جنێوی بە ورد و درشت دا کە ئاگایان لە شتەکان نییە و تفە خوێناوییەکەی هەڵدایە بن دیوارەکە و بە شێوەیەک کە بڵێی پیرێژنی بە هەمان یەک چاو کرد بە نیشانە، وتی:

ــ ئەها، دیسانەوەش پەیای بۆوە!

بە ئاقاری نیگای خاڵو قالاو، ستار ڕوانیە بی‌بی، کە وەکوو مێروولە ئەهات بەرەو لایان: هەم بە هەمان ئەندازە چرچ و لۆچ. شوێنەواری کەمڕەنگی سێ خاڵی شین هێشتاش بە چەناگەیەوە مابوو. جووتە گیوەی وەکوو نانێک بە وریاییەوە لە سەر دەستی ڕاگرتبوو و ئەهات لە دەزگاکەی ستار نزیک ببێتەوە. نزیک بوویەوە، هات و لە بەرامبەر ستار، لە بەر دەزگای کارەکەی

دانیشت و جووتە گیوەی خستە سەر تەختەکە و چاوی بڕییە ستار.

ـ «نان و ئاوت خواردووە، وەستا ستار؟»

لە وەڵامی خاڵۆ قالاودا کە لە بن دیوارەکە هەڵئەسا، ستار وتی:

ـ «ئەی... پارووییەک هەبێ ئەخۆین!»

خاڵۆ قالاو، دەستێک بە ددانیەوە خیگی وشک و بەتاڵ بە شانیەوە کەوتە ڕێ و وتی:

ـ ئەڵێم منداڵەکان بۆت بهێنن. دەسخۆش. خواحافیز.»

ـ «خوات لەگەڵ، بەخێر چی خاڵۆ!»

پیرێژن نیگای لە ستارەوە گواستەوە بۆ سەر گیوەکان. ستار بە دوو پەنجە گیوەکانی هەڵگرت، لە بەر چاوی‌دا سووڕاندی و وتی:

ـ «ئەم گیوانە خۆ نەدڕاون، زۆریش ساخ و باشن، دایە گیان!»

پیرێژن دەستە پان و چرچەکەی بە ئەنگوستە چەماوەکانیەوە خستە سەر گیوەکان کە ستار لە سەر تەختەکەی دانابوویەوە، بە دزیەوە سەیری هەر دوو لای کرد و بەجۆرێک کە تەنها ستار بیبیسێ وتی:

ـ «بۆ فرۆشە. هێناومە بیانفرۆشم. ئەیانکڕی؟»

ستار سەیری پیرێژنی کرد، بە بێ ئەوەی خۆیشی بزانێ بۆ وا بە وردی چاوی تێبڕیووە. پیرێژن لە یەکەم ساتی سەرنجەکەی ستاردا، سەری داخستبوو و سپیایی بن قژی لە بن سەرپۆشەکەیەوە، ئەیدا بە چاوا. ستار ئەی بینی گیوەکان زۆر لەپێ نەکراوە. لە هەمانکاتدا ئەیزانی ئەو دیاردانە تازە نین و دیاردەی لەو بابەتەی زۆر بینیبوو کە بەرەنجامی نەداری بوون. بەڵام ئەوەی لەم کاتەدا سەرنجی ستاری ڕاکێشابوو، کردەوە و ڕەفتاری بی‌بی بوو.

ـ «بۆ ئەتەوێ بیانفرۆشی، دایە؟ گیوەی چاکن!»

بیبی سەیری ستاری کرد و وتی:

ــ «گیوەی چاکن ئەزانم! هەڵیانگرە. خۆت نرخێکی بۆ دابنێ!»

ــ «بە چەنێ ڕازی ئەبی؟»

ــ «ئەوەندەی کە ئەهێنێ!»

ــ «بە چەندەت کڕیون؟»

ــ «نەمکڕیون. سەیر ناکەی گیوەکان پیاوانەیە؟ کوڕەکەم کڕیبوونی.»

ستار لە وتووێژ لەگەڵ بیبی، مێشکی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بزانێ لە مووچەی مانگانە چەنێکی بۆ ماوەتەوە. بەڵام دەرفەتی ئەم لێکۆڵینەوەی پەیدا نەکرد. پیرێژن، هیوابڕاو و زویر، گیوەکانی لە سەر دەزگاکە هەڵگرت، هەڵسا و بە ڕێگەی خۆیدا گەڕایەوە. ڕەنگە ستار ئەبوا ڕابێ، بکەوێتە دوای و بەهەر زمانێک بووە گیوەکانی لێ بکڕێ و وا بکا کە ئەو بە دڵی خۆش بچێتەوە ماڵەوە؛ بەڵام خۆشی نەیزانی بۆ توانای ئەو کارەی نییە. خۆشی نەی ئەزانی چۆن مات و حەپەساو چاوی بڕیوەتە بیبی کە دوور ئەکەوێتەوە. ئەو هێشتاش گیرۆدەی گرێی پرسیارێک بوو لە خۆیدا، کە وەڵامی نەدرابوویەوە.

ــ «خەڵکی لە دەشتن، وەستا ستار!»

ستار چاوی لە سەر بیبی هەڵگرت و پرسی:

ــ «ئەم پیرێژنە کێیە؟»

کازم قنی دایە سەر خۆڵی لێژایی بن دیوارەکە، پەتی پێڵاوە لاسیقەکەی خۆی کردەوە و لە کاتێکا دڕاوییەکانی پیشانی ستار ئەدا وتی:

ــ «لەمەوبەر هیچکام لە شتەکانی کوڕەکەی نەئەفرۆشت. بەڵام ئەمساڵ کەوتۆتە فرۆشتنیان. ئەویش نە بە خۆییەکان. بە خەڵکی قەڵامەیدانی نافرۆشێ. بە ڕێکەوت ئەگەر غەوارەیەک، ڕێبوارێک ببینێ، پارچەیەک لە شتەکانی پێ ئەفرۆشێ... سەیری

ئەکەی چۆن پووکاوەتەوە، وەستا؟ ئەمساڵ، هەموو شتە بەباییەکانی کوڕەکەی فرۆشت. ئێمە دراوسێین، لە ماڵێک داین، پێکەوە ئەژین. ئەم لاسیقانەش لە پێی مندا ئەبینی کە هەڵقەڵەشاون و قاچم لە ناویاندا گڕ ئەگرێ؛ ئەگەر پارەشم هەبێ و بمەوێ ئەو گیوانە بکڕم، بە منی نافرۆشێ! نەک هەر من، بە هیچکەسی خەڵکی قەڵامەیدانی نافرۆشێ. تا ئێستە نزیکەی هەموو شتەکانی فرۆشتووە، بەڵام تاقە یەک دانەشی لە ماڵێکی قەڵامەیداندا نادۆزیتەوە.»

کازم لە کاتێکا یاری بە پێڵاوەکەی ئەکرد، درێژەی پێدا:

ـ «ئەم هاوینە جوولەکەیەکی کوتاڵ فرۆش هاتبوو بۆ ئێرە. بیبی بردیە ماڵەوە و چەند پارچە لە شتە ئەنتیکەکانی پێفرۆشت. لێفەیەکی هەورێشمی بۆ بووکی کوڕەکەی دوورێبوو، لەو هەورێشمە ڕەسەنە کۆنەکان، لەگەڵ جووتێک پەردە کە ئەویش نەخش و نیگاری هەورێشمی لە سەر گوڵدۆزی کرابوو. جووتێک قاپی قووڵی چینی زۆر دێرینە لەگەڵ بنە نێرگەلەیەکی چینی. ئەم شتانەم من دیبوو. چەندە جوان بوون، فلانی! لە سەر پەردەکان، شوان و ڕان و درەخت بە هەورێشم چنرابوو. وات ئەزانی ئەو پەز و گیا و شوانە زیندوون. ئەم شتانەی لە باوکیەوە بۆ مابوویەوە. ڕایگرتبوو پاش زەماوەن بیدا بە کوڕەکەی. بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە دەستی لێ داشۆردن و کەوتە فرۆشتنیان. واتە پاش ئەوەی بووکەکەی، هەمان دەزگیرانی کوڕەکەی شووی کرد، بیبی یش دەستی داشۆرد و کەوتە فرۆشتنی ئەو شتانە بە غەریبەکان.»

ستار لە کازمی پرسی:

ـ «ئەی کوڕەکەی چی لێهاتووە؟ لە کوێیە؟»

ـ «کەس نازانێ! پێم وابێ نائومێد بووە لەوەی کوڕەکەی لە سەربازی بگەڕێتەوە. ئەوە سێ ساڵە مرادیان بردووە، ئاخر. گەنجەکانی ئێرە و گوندەکانی دەوروبەر ئەوە زیاتر لە ساڵێکە

گەڕاونەتەوە ناو کەسوکاریان. ماوەی ئیجباری خۆ دووساڵ زیاتر نییە؛ زیاترە؟... زۆر شت ئەڵێن. هەر کەس شتێک ئەڵێ. یەک ئەڵێ لە شەڕی خاکبەخش، دەسبەجێ گوللەی بەرکەوتووە و کوژراوە. یەک ئەڵێ لە سەربازی هەڵاتووە و لە پشتەوە لێیان داوە. یەک ئەڵێ هەڵاتووە و تا بگاتەوە لە گەرما و سەرمادا قڕ بووە. هەر کەسە و شتێک ئەڵێ. بۆ خۆشی... ئەوەتا ئەبینی چۆن ژاکاوە و تواوەتەوە! ئەم لاسیقانە قەرانێکیش ناهێنن. لە بیابان ناتوانم چوار هەنگاو پێیانەوە بڕۆم. ئا ئێرەی نییە، ڕەگی چێوپەمە دڕاندی!»

ستار، پێڵاوە لاسیقەکەی لە دەستی کازم وەرگرت و کەوتە دوورینەوەی. بە بێ ئەوەی وشەیەکی پێ بوترێ. جگە لەوەی بیری ئەکردەوە هێڵی خوێنی ڕژاو لە کەوشەنی وڵاتەکەیدا بە سەر خاکی وشکی هەموو مەڵبەندەکانەوە دیارە. شتێکی وەکوو دووکەڵ بەرچاوی لێڵ کردبوو و هەستی ئەکرد نایەوێ لەوە زیاتر گوێی لێبێ؛ بەڵام کازم کە ئەتوت ئەندێشەی لە دوورینەوەی پێڵاوەکانی ئاسوودە ببوو، درێژەی بە گێڕانەوەی سەربردەکەی دا:

ـ «بیبی، زۆرتر لەوە بێزار بوو کە بووکەکەی بینی دڵی لە مرادعەلی بەردا و شووی کرد. لەو کاتەوە کە کچە دڵی گۆڕا، ئەویش گوت و بیسی کەم بوویەوە. خۆیشی بە گومانم بڕوای کردووە و دڵنیایە کە کوڕەکەی ئیتر ناگەڕێتەوە. بەڵام دیسانەوەش لە بەر چاوی خەڵک نایخاتە خۆی. من لەوێ بووم کاتێکە مرادیان گرتبوو بیبەن بۆ ئێجباری. بیبی نانی ناوڕێی بۆ هێنابوو. لە بیرمە، ئا لەم مەیدانە، لەو بەرەوە. ئەڵێی دوێنێ بوو. هەموو شتێکم لە بەر چاوە. لە ئاواییەکانی دەوروبەریشەوە هێنابوویانن بۆ ئێرە. ئەڵێی دوێنێ بوو. مراد گیوەکانی داکەند و قایشەکەشی کردەوە و دای بە بیبی بۆی بشارێتەوە و خۆی بە پێی پەتی کەوتە ڕێ. هەڵبەت دووان دووان دەستیان بەستن بەیەکەوە و بەریزیان کردن بردنیان بەرەو نەوبەهار. ڕۆژ ئەم

کاتە بوو، قسە بە کاتی خۆی ئەگاتەوە. زۆریان پاش دوو ساڵ، هەندێک زووتریش گەڕانەوە. لە قەڵامەیدان تەنها مرادعەلی نەگەڕایەوە. یادی بەخێر بێ! هاوساڵ و هاویاری بووین لەگەڵ مراد. دایکی مرادعلی، کە کچی ئەم بیبی یە بێ -خوا لێی خۆش بێ- شیری داوە بە من. هاوشیر بووین، وەکوو دەستە برا. دایکی من کەم شیر بووە. ئەرێ ئیتر... پاشانیش بەڵایەک لە غەیبەوە هات و دەردی ئەژنۆ وتی بمگرە هاتم! لە بیرمە لە زۆریی ئازار قەپم بە بەرددا ئەکرد. پاشانیش ئاوام لێهات. هەر لە بەر ئەم قاچەم منیان نەبرد بۆ سەربازی. چونکە ناوی منیش هەمان ساڵ دەرچووبوو بۆ بێگاری لەگەڵ مراد. ڕاستەکەت بوێ... ئەو ڕۆژەی کوڕەکانیان ئەبرد، حەزم ئەکرد منیش ساخ بوایەتم و لەگەڵیان بچوایەتم. زۆر سەیر دڵم داگیرا ئەو ئێوارەیە... کچەکەی قاڵاو نان و ماستی بۆ هێناوی وەستا ستار!

کازم پاش ئەوەی پێڵاوەکانی لەپێ کرد و پەتەکانی بەست لەگەڵ ستار بوو بە هاوکاسە و سەربردە و چیرۆکەکەی خۆی گەیاندە گوڵمحەمەدەکان لەگەڵ دەستەی سەرکار عەلی ئەشکین و خۆی چەندە بوو، ئەوەندەی تریشی خستە سەری:

ــ «هەر ئەوەندەت بۆ بڵێم وەستا ستار، کە خۆمان کەلاکی هەژدە جەندەرمەمان کۆکردەوە، بە فەرمانی گوڵمحەمەد خان لە دەوروبەری ئەم گوندە و لەم کۆڵانەدا، بەڕیز ڕامانکێشان. ڕەنگە لە هەژدەش زیاتر بوو. چونکە ڕاستەکەت ئەوێ، کە چاوم بەو هەموو خوێنە کەوتبوو، بەرچاوم تاریک ببوو. بۆ ناخۆیت؟... ئەرێ وەڵڵا! ئەڵێی بەگمحەمەد خانە! بۆ لای ئێمە دێ، وەستا!... من... من ئیتر... خواحافیز!»

کازم، بە شەلەشەل بای دایەوە بۆ ناو کۆڵانەکە و بەگمحەمەد کە ئەسپێکی یەختەرمەی پێبوو، یەکڕاست هات، دووربینە نێراوەکەی فەربەخشی لە تەرکی خورجینەکەی دەرهێنا و پیشانی دا:

ــ ئەیناسیەوە؟!
ــ بەڵێ خان.
ــ کە وا بوو ڕابە. خان تۆی ئەوێ!
ستار هەڵسا، کەرەسەی کارەکەی کۆ کردەوە. دەزگاکەی دا بە شانیدا، لەغاوی ئەسپە زیادەکەی لە بەگمحەمەد وەرگرت و پێی لە ئاوەزەنگی نا.
ستار پرسی:
ــ لەم گوندانەی لای سەرەوە ئەڵێی درەو هێشتا دەسی پێ نەکردووە؟
بەگمحەمەد لە وەڵامدا وتی:
ــ هەوای ئەم ناوە تۆزێ فێنکترە. نەڵێی؟ نەکا پاڵەش بی؟!
لە وەڵامی پێکەنینە شاراوەکەی بەگمحەمەددا، ستار سەری ڕاوەشاند و وتی:
ــ کوڕە نا. هەر لە خۆمەوە پرسیم. لەمناوە بەرهەم زۆربەی میوەی سەر درەخیە. سەیری ئەو لایە بکە! ئەبێ خۆی بێ؛ خان نایب! خۆت دانەوێنە!
خۆیان دایە پشت بەرزاییەکە و لە ئەسپەکان دابەزین و خۆیان کپ کرد.
نیو فرسەق لەولاتر، نایبە شەل و جەندەرمەکانی بە شیوەڵەکەدا ئەڕۆیشتن. دوا سوار کە لە شیوەڵەکە دەرکەوت، بەگمحەمەد بەچاوی داچەقاوەوە ئاوڕی لە ستار دایەوە. ستار لە سەر خۆڵەکە هەڵسا، خۆی تەکاند و وتی:
ــ مەگەر کوڕی گوڵخانم هەواڵەکەی نەهێنا؟ دوێشەو لە قەڵاچیمەن دەرکەوتبوو؛ بە شەو.
بەگمحەمەد چۆکی ڕاست کردەوە، دەستی لە سەر دەسکی بڕنەوەکە هەڵگرت و وتی:
ــ دووربینەکەش ئەو هێنای بۆ گوڵمحەمەد. بۆچی نا. هەندێ شتیشم بەرگوێ کەوت. بەڵام... سوارێکی زۆر بوون؛ وانییە؟

ستار وتی:

ــ نابی لە دە-دوانزەیەک زیاتر بن.

ستار هەروا بەرەو دێوەرژەنی سوارەکان ملی ئەکێشا:

ــ من ئەم ناوە باش ناناسم؛ نەشارەزام. بەڵام تۆ... بەڕای تۆ خان نایب بەرەو کوێ ئەڕوا؟

بەگمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ــ بەو جۆرە، بە ئاقاری سینەی ئەسپەکانیاندا ئەگەر بڕۆن، یەکڕاست ئەگەنە ڕەوەندی مەلا میعراج. مەلا میعراج لای خواری دەشتی ملەی شکاو هەواریان هەڵداوە. دوێشەو ئێمە میوانی مەلا میعراج بووین. لە بەرنامەیدا بوو مەڕەکانی ببڕێتەوە.

ستار پرسی:

ــ شەوەکانی پێشتر لە کوێ میوان بوون؟

بەگمحەمەد وتی:

ــ شەوێک لە سەنگرد بووین؛ میوانی نەجەف ئەرباب.

ستار وتی:

ــ هەمان کە داواکاری کچی خورسوفیە؟

ــ تۆ ئیتر ئەمە لە کوێوە ئەزانی؟

ستار بە گاڵتەوە وتی:

ــ با، ئەم هەواڵانە بۆ من ئەهێنێ! جا بڵێ بزانم، لەوێ، لە ماڵی نەجەف ئەرباب، قسە و باسی مەلا میعراج نەهاتە بەرەوە؟

بەگمحەمەد وتی:

ــ من لە سەر بان کێشکم ئەدا. ڕەنگیشە باسی مەلا میعراج کرابێ. نازانم!

ستار جارێکی تر چووە سەر بەرزاییەکە و چاوی لە هێڵی کاڵەوە بووی تۆز و خۆڵەکەی پاش سوارەکان کرد و پرسی:

ــ ئێستە ڕێگەیەکمان هەیە، بە دوور لە چاوی جەندەرمەکان خۆمان بگەیەنینە ملەی شکاو؟

بەگمحەمەد دەستی بۆ هەوراز و نشێوی دەشتەکە ڕاکێشاو و وتی:

ــ بە لاریدا ئەڕۆین. لەو لایەوە.

بە شیوی گردەکەدا داگەڕان و ستار وتی:

ــ تا ئەگەینە ناو کەندڕەکە وا باشترە بە پیادە بڕۆین، ئا؟

بەگمحەمەد لە سەر قسەی ستار، شان بە شانی کەوتە ڕێ. ستار کاتێکە پێی نایە شیوی ناو کەندڕەکە، پرسی:

ــ نەجەف ئەرباب، هەمان ئەربابی سەنگردە؟

ــ وایە، خۆیەتی.

ــ دۆستایەتی لەگەڵتان هەیە؟

ــ لە کۆنەوە... نا. پێم وانییە. دەی مەبەست؟!

ستار ئەسپەکەی لە ناو کەندڕەکەدا ڕاگرت. کەللە و سەمەرەی زینەکەی گرت و بەر لەوەی پێ لە ئاوەزەنگی بنێ، پرسی:

ــ بەڕای تۆ، بۆ ئێوارە ئەگەینە ملەی شکاو؟

بەگمحەمەد سووک و چالاک قاچی هەڵبڕی، لە سەر زینەکە دانیشت و وتی:

ــ ئێوارە درەنگان، زۆری نەماوە.

**بەندی دووەم**

شوێنێک بۆ ئەسپان، شوێنێک بۆ پیاوان؛ لە پەنای زەرد و ماهی ملەی شکاو. لە پیاوەکان خانئاپۆ و کەلمیشی و سەبرخان لێرە نەبوون. لەگەڵ ڕان و لەگەڵ ڕەوەند. کەلمیشی و سەبرخان لە ناوەند و خانئاپۆ لە لاوە وریای ڕەوەند و ڕان. لێرە گوڵمحەمەد بوو و شەودێز، خانمحەمەد بوو و ئەسپە کەوگی گیراو. ئەسپە تالانیەکانیتر، خانئاپۆ لەگەڵ ڕەوەندی خستبوو. مەگەر ئەو دانەی بەگمحەمەد لەگەڵ خۆی بردبووی. لەو بەری هەردەکە، کوڕی گوڵخانم پاش ئەوەی پەیامەکەی بە گوڵمحەمەد ڕاگەیاندبوو، لە چاوان ون ببوو. ڕەنگە لێی خەوتبێ، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ماندوێتی شەوی بەرێ.

جووتە برا، لە پشووی پەنای شیوی هەردەکەدا، لە بەر نسێی ئێوارە، ساتەکانی چاوەڕوانی، خۆیان بە ڕێزێنەوە خەریک کردبوو تا ئەو کاتەی بەگمحەمەد و ستار بگەن. کە گەیشتن، بەڵام نەک لە پێچی بزنەڕێکەوە، بەڵکوو لە پەنا و پشتی گردەکەوە. لە نێوان دوو تەپۆڵکەی لمەوە. هەر بۆیەش کپ و بە دزەکردن ئەهاتن و ئەگەر بەرهەستیی گوێکانی قەرە نەبوایە و زیتەڵی چاوە تیژەکانی، ڕەنگە هەر بەو جۆر بە کپی تاسەر یاڵی هەردەکە ئەهاتن؛ خافڵگیرانە.

ــ خۆییە!

بە یەک ئاخێز، بەگمحەمەد و ستار لە ئەسپەکانیان دابەزین. بەگمحەمەد هەوساری گرت و هاتە پێشەوە و ستاریش قایشی دەزگاکەی لە سەروشانی ڕێکخست و لە سەرەخۆ هات. خانمحەمەد هەڵسابوو و ڕاست چاوی بڕیبوویە ناوچاوی ستار. گوڵمحەمەد بەڵام هەروا لە سەر لا چاوی لە هاتوان ئەکرد. ستار سڵاوی لە تێخی نیگای خانمحەمەد کرد، بەڵکوو ناوچەوانی گرژ و تێکچڕژاوی پیاو بکرێتەوە. بەڵام تاڵیی ڕووی و تیژیی بەدگومانیی نیگا، ئەتوت لەم پیاوە ئێسکدار و گەڵەگەتەدا، ساڵانێکی دوورودرێژ پاشەکەوت کراوە.

ستار، لە نزیکی گوڵمحەمەد قوتوەکەی لە شانی داگرت، لای گوڵمحەمەد لە سەر قوتوەکە دانیشت و ئێوارە باشی لێکرد. بەگمحەمەد کەوتە گەڕاندنی ئەسپەکان و خانمحەمەد هات بۆ لای گوڵمحەمەد و ستار. لای گوڵمحەمەدەوە، بەرامبەر پینەچی دانیشت و پەنجەی لە دەور ئەژنۆیدا هەڵپێکا، چاوی بڕییە چاو و دەمی ستار. دووربینەکەی فەربەخش، ستار بە بەرپشتوێنی خانمحەمەدەوە بینی و تێگەیشت بەگمحەمەد دووربینەکەی گێڕاوەتەوە بۆ برا گەورەکەی.

گوڵمحەمەد سەیری ستاری کرد و وتی:

ـ بڵێ!

ستار وتی:

ـ نایبە شەلم بینی بە سوارەکانیەوە خەریکی غاردان و تۆزکردن بوو.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ هەواڵی ئەوەم هەیە لە دوێشەوەوە یەک وچان داژوێ. غەم نییە. ماندوو ئەبێت و خۆی ناچار ئەبێ خاوی بکاتەوە. ئیتر چی؟ باسی فەربەخش بکە. قسەی ڕاستی چییە؟ تامی دەمی چۆنە؟ ئەیەوێ چی بکات؟ لە ناڵ و بزمار ئەدا یان بە ڕاستی لەو بیابانەدا ئەسپ داژوێ؟

ستار چۆنێتی ڕووداو و بەسەرهاتەکەی بۆ جووتە برا گێڕایەوە.

گوڵمحەمەد پرسیاری کرد:

ـ تۆ خۆت چۆن بیر ئرکریتەوە؟ ئەیەوێ چی من ببینێ؟ کەسمم، بیچمم؟ چی ئەوێ؟

ستار زەردەیەک کەوتە سەرلێوی و خانمحەمەد، بەدگومان لە پینەچی مۆڕ بوویەوە. نیگای بەدگومانی خانمحەمەد، ستار بەدزییەوە وەریگرت، لەو کاتەدا کە تیامابوویەوە چ وەڵامێک بە گوڵمحەمەد بداتەوە. بارودۆخەکە وای پیشان ئەدا خانمحەمەدی کەلمیشی لەبری ددان لە کیرەوە هێنان بکەوێتە قسە و بەپێی خوو و سروشتی خۆی وەکوو دووپشک بدا بە ستاری پینەچییەوە. بەڵام ڕێزی گوڵمحەمەد -هەرچەندە برا بچکۆلەشی بوو- ڕێگەی ئەو جۆرە کردەوەی پێ نەئەدا. بۆیە، خانمحەمەد لە کاتێکا ددانی لە کیرەوە ئەهێنا لەم هەڵ و گرێیەدا کە کەوتبوویەوە، چاوەڕێ بوو گوتەی دڵی لە زمانی براوە ببیسێ.

گوڵمحەمەد بە ستاری وت:

ـ شتێک بڵێ تۆ پیاو! ڕات چییە، چۆنی بۆ ئەچی؟ بەرپرسی جەندەرمەی ئەم مەڵبەندە بۆچی ئەیەوێ من ببینێ؟ من و تۆ پێکەوە نان و نمەکمان خواردووە. تۆ لە بەر من ئەو هەموو شەپازللەیەت لێدرا، لێت نەدراوە؟ پاش هەڵاتنی ئێمە لە حەپس ئەو پۆلیسە سوراوکەرە ئەشکەنجەی نەکردی؟ هەتا ئەمڕۆ ئەوەی تۆ بەرامبەر بە ئێمەت کردووە چاکە بووە، نەبووە؟ با بووە و ئەمەمان لا ڕوونە! بەس نازانم بۆچی؟ بە چ مەبەستێک؟! ئێستە کاتی ئەوەیە ڕاستیەکەیم پێ بڵێی؛ بڵێ! ئەمەوێ هەمووی بزانم. سەرۆکی جەندەرمە بۆچی ئەیەوێ من ببینێ؟ بۆ چی، ئاخر؟!

ستاریش بە هەمان ئارامی و ڕاشکاوی، وەڵامی دایەوە:

ـ سەرتیپ فەربەخش، من و پەروەندەکەمی لە پۆلیسەوە

گواستەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی جەندەرمە. لەوێ بانگی کردم بۆ نووسینگەی خۆی. لە نووسینگەی کارەکەی خۆی داوای لێکردم تۆ بدۆزمەوە و پێت بڵێم کە فەربەخش ئەیەوێ بت بینێ! لە هەر کوێ بێ و بە هەر شێوەیەک. پاشانیش ئەم دووربینەی دامێ بۆتی بهێنم. هەر ئەوەندە!

گوڵمحەمەد کە وردە وردە پیشی ئەکرد و ئەم پیش خواردنەوەیە بە دڵی خانمحەمەد بوو، ئەمجار لە سەر عەرزەکە هەڵسا و بە مایەیەکی هەڵچوونەوە وتی:

ـ چەن جار ئەو قسە پاتە ئەکەیتەوە، پیاو؟! ئەمە خۆ لە ڕۆژیش ڕوونترە. ئەوە زانیمان. ئەوەشمان زانی تۆ ئەو قسەیەت لەزمانی فەربەخش بیستووە. تا ئەم کاتەش کە لێرەی یەکبەند لە بیریدا بوویت. ئەی بۆ بیر و بۆچوونی خۆت لە من ئەشاریتەوە؟ بۆچی قسەت لە من ئەشاریتەوە؟ گریمان من هەر ئێستە سوار بم بەرەو سەبزەوار و یەکسەر بچم بۆ بەڕێوەبەرێتی جەندەرمە؛ تۆ هەوساری ئەسپەکەم وەرناگێڕی؟

خانمحەمەد، بە چاوی ئەبڵەق و تامەزرۆتر، سەیری ستاری کرد. ستار کە لە بن گوشاری قسە و گوتەی گوڵمحەمەددا سەری داخستبوو، ملی ڕاست کردەوە و نەک لەگەڵ ئەم یان ئەو برا، بەڵکوو چاوی بڕییە بەردەمی خۆی. گوڵمحەمەد، بە بێ هیچ ئەماژەیەک، ئاوڕێکی لە براکەی دایەوە. خانمحەمەد ڕابوو و بە سینەی شاخەکەدا هەڵگەڕا. گوڵمحەمەد بە دوای هەڵوەستەیەکی کورتدا، وەرگەڕا و لەمبەر ستار لە سەر خورجینەکە دانیشت و وتی:

ـ ئەمجار بڵێ!

ستار سەیری یافتی خانمحەمەدی کرد و درێخ لە گوتەیدا وتی:

ـ خانت لە من ڕەنجاند. نەکا پێی وابێ کە من متمانەم بەو نییە؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ قسەکەت بکە! تۆ سەبارەت بەو پەیامەی سەرۆکی جەندەرمە بۆ من، ڕات چییە؟ خۆ هەواڵی تیر و تفەنگەکەی قەڵامەیدانت بیستووە؟ هەروەها زانیوتە کە عەلی ئەشکین و سوارەکانی چییان بە سەر هاتووە؟ ئەریّ؟ ئەوان خۆیان کەوتنە ئەو چاڵەوە کە بۆ ئێمەیان هەڵکەندبوو! چیرۆکی گویّ بڕاوەکانیشت خۆ بیستووە؟

ستار ڕوانیە گوڵمحەمەد و وتی:

ـ بیستوومە، هەموویم بیستووە!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ باشە! سەرەڕای ئەو پێکادان و ڕووداوانەی ڕووی داوە، پەیامی سەرۆکی جەندەرمە و ئەم دووربینەی بۆ منی ناردووە و ئەیەویّ من ببینیّ، چ واتایەکی هەیە؟ چ واتایەک پەیدا ئەکا ئەم شتانە پێکەوە؟

ستار ئەمجارەیان ڕاستەوخۆ ڕوانیە چاوی گوڵمحەمەد و وتی:

ـ خۆت چۆن بیر ئەکەیتەوە؟

ستار لەگەڵ پرسیارەکەیدا، نیگای لە نیگای گوڵمحەمەددا مایەوە و گوڵمحەمەد لەپڕ وەک لە خۆی ڕامابیّ، سەری دانەواند و خامۆش ما. دیار نەبوو بێدەنگیەکەی گوڵمحەمەد بە پرسیارەکەی ستار چەندەی پیّ ئەچیّ و چی ئەڵیّ. هیچ شتێک ئاشکرا نەبوو. ئەوەی کە هەست پیّ ئەکرا و گومان بۆی ئەچوو ئەوە بوو کە خامۆشیەکەی گوڵمحەمەد بۆ ستار، ترسێنەر و ناخۆش نییە هیچ کە بە حەزیشەوە تێی ئەڕوانیّ. ئەنجام بەڵام نەزۆک دەرچوو. چونکە خانمحەمەد، بە شیوی گردەکەدا هەڵاتە خوارەوە و بە دەم دابەزینەوە، وتی:

ـ بزا چی ئەکەن ئەم بەدکردارانە! بزا چی ئەکەن. هەواریان گڕداوە، ئاگریان تێبەرداوە!

بە هاواری خانمحەمەد، بەگمحەمەدیش هەوساری ئەسپەکانی وەرگێڕا و هاتە لایان. کوڕی گوڵخانمیش لە پەناکە هاتە دەرەوە، پشت و قەراخ دەستی هێنا بە چاوی‌دا و لە نزیک ئەوانی ترەوە وەستا. گوڵمحەمەد بڕنەوەکەی بە دەستی چەپیەوە بوو و، کەمەربەند و حەمبەلی بەدەستی ڕاست ڕێک کرد. خانمحەمەدیش لۆخوندانی لە خورجینی هەڵواسراو بە شانی ئەسپەکەدا هێنایە دەرەوە و بە سینەی گردە قسڵدا، شان بە شانی ئەوانی‌تر سەرکەوت و بە محەمەمەدڕەزای گوڵخانمی وت ئاگای لە ئەسپەکان بێ. پاش تۆزێک، چوار پیاو، سێ برا و ستار لە بەرزترین شوێنی گردەکە وەستابوون، پشت بە خۆر کە خەریکی داچوون بوو. بەرامبەریان، لە خوار گردەکەوە، دەشتۆکەیەک کە ڕەوەندی مەلا میعراج لە جاڕە جۆکەدا سنگی ڕەشماڵیان لە خاک چەقاندبوو، دیمەنی بەرچاویان بوو.

پەردەی مژ و دوومانی خەستی ئێوارە هەوارە شەڵەژاو و شێواوەکەی داپۆشابوو. سواری زەردپۆش بە هەموو لایەکدا غاریان ئەدا بە دوای ژن و مناڵ و مەڕ و بزن‌دا. قریشکەی ژنان و شیوەنی مناڵ، پچڕپچڕ و نابەردەوام بە دەم بای ئێوارەوە ئەیدا بە گوێیان‌دا. شەڵەژان، پەڕەوازە بوون و پەرێشانی. هەموو تێکەڵ و پێکەڵ و هەموو لە پشت مژی ئێوارەدا. هیچ کردارێک ئاشکرا نییە، بەڵام هەموو کردار و هات و هەڵات بە ئاشکرا کێشە و بگرە و بەردەیە. پەز، ئەتوت بەر پەلاماری گورگ کەوتوون. باڕە و باعە و ڕەڤ و هەڵاتن. نۆساڵەکانیش وەکوو گەورەکان ڕاکەیانە و بۆ پەنایەک ئەگەڕێن. دوومان. دووکەڵ و ئاگر، بە کاکۆڵی ڕەشی ئاسمانەوە. دووان لێک ئالاون. یەکیان ئەدرێ بە عەرزدا.

خانمحەمەد چۆکی دادا؛ بەگمحەمەدیش. گوڵمحەمەد قاچێکی دا لە تفەنگەکەی براکەی و دەستی بۆ وەرگرتنی دووربینەکە ڕاداشت. خانمحەمەد دووربینەکەی لە بەر پشتێنەی دەرهێنا و دای بە دەست براکەیەوە. گوڵمحەمەد لەگەڵ ئەوەی

چاوی ئەنا بە چاوی دووربینەکەوە، وتی:

ــ گوللەیەک لە لایەن ئێمەوە بتەقێنرێ، ئەو بێغیرەتانە دەکەس ئەکوژن!

نیگای گوڵمحەمەد لە چاوگەی دووربینەکەوە لە سەر نایبە شەل بوو کە ڕیشی مەلا میعراجی گرتبوو و ڕاکێش ڕاکێش ئەیبرد بەرەو ڕەشماڵەکە. گوڵمحەمەد لەگەڵ خۆی ئەتوت، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ هێور کردنەوەی براکانیشی:

ــ لەسەرخۆ... خۆت ڕاگرە، کات فراوانە!

نیگای گوڵمحەمەد هەروا لە سەر نایبە شەل و مەلا میعراج لەگەڵیان ئەرۆیشت تا لە ڕەشماڵە گڕدراوەکە نزیک ببنەوە. نزیکتر. نایب دەستی برد بۆ چڵێکی نیوسووتی گڕاوی، هەڵیگرت و گڕەکەی گرت بەبن ڕیشی مەلا میعراجەوە. نیگای دووربین لە سەر جاکەتەکەی نایب و مەلا میعراج بوو. بە یارمەتی ئەندێشە، گوڵمحەمەد کەموزۆر ئەیتوانی دارەتی دڕندەی نایب و تووڕەیی برینداری مەلا میعراج هەست پێبکات. بەس بە هەمان هێوری و قووڵی بە براکانی وت:

ــ ئێمە گاڵتە بە خوێنی خەڵک ناکەین؛ ئەو شتەی کە حکوومەتیەکان ئارەزوویانە... مەلا میعراج، ئـای مەلا میعراجی پیاو چاک!

لە نیگای گوڵمحەمەددا، ڕیشی مەلا میعراج ئەسووتا. ژنەکان لە دەوری کابرا کۆببوونەوە، قژیان ئەڕنیەوە و شیوەنیان ئەکرد. سوارانی نایبە شەل دەستەکانی حەیدەری مەلا میعراجیان بەستبوو و جەوان دیار بوو ئەنەڕێنێ و، لە پەنای دەمی پڕنەعرەتەی حەیدەردا ڕەشماڵەکان ئەسووتان.

گوڵمحەمەد دووربینەکەی لە چاو کردەوە و سەیری براکانی کرد. خانمحەمەد لە ڕقدا شێت ببوو و شەویلکەکانی توندتر لەپێش کیرەیان لێوە ئەهات و بەگمحەمەد بە بێدەنگ ئەگریا. گوڵمحەمەد لە پشت شانی خانمحەمەدەوە کە چاوی لە سەر

فەرتەنەکە ئەبڵەق ببوو، تێپەڕی، لای شانی بەگمحەمەد وەستا و بە زەبرێک، بە لای ڕاستدا پاڵی پێوەنا. بەگمحەمەد، وەک تازە هاتبێتەوە بە خۆیدا، خۆی کۆکردەوە و بەرامبەر براکەی، لە کاتێکا سەرتاپێی ئەتوت شەپڵە لێی داوە، وەستا و نیگای پڕ لە فرمێسکی تێبڕی. گوڵمحەمەد بە ئارامی لە بەر دەمی براکەی تێپەڕی، لە کاتێکا ئەیوت:

ــ یەکەمجارە ستەم ئەبینی؟

بەگمحەمەد بە ڕقێکی پەنگ خواردووەوە ئاوڕی لە براکەی دایەوە و وتی:

ــ کاتێکە ئاوا دەست بەستراو لێرە ڕاوەستاوم و بەس سەیر ئەکەم، ئەبێ چی بکەم، ئەگەر نەگریم؟!

گوڵمحەمەد دانیشت و هیچی نەوت. دووربینەکەی ڕاگرت و جارێکی تر، وەک بڵێی هەڵیسەنگاند. پاشان ڕووی کردە ستار و بزەیەک لە سەر لێوی، وتی:

ــ ئێستە ئەزانم سەرتیپ فەربەخش بۆچی ئەم پێشکەشەی بۆ ناردووم!

ستار، نەی ئەتوانی گرێی ناوچەوانی بکاتەوە. دووربینەکەی لەدەس گوڵمحەمەد وەرگرت و چاوی نا بە چاوگەی دووربینەکەوە و کەوتە سەیرکردنی دەشتی جەنگ و هەڵڵاکە. ڕەشماڵ ئەسووتا و مەلا میعراج درابوو بە عەرزا و ڕیشی لە خاک ئەساوی. گوڵمحەمەد دەستی هێنا بە قونداخی تفەنگەکەدا، خۆی دا بە سەر ئانیشکی‌دا و تا ئەو بەڵایەی نایب دایگرساندبوو، دابمرکێتەوە، لێی ڕاکشا. ستار، دوربینی لە چاو کردەوە و وتی:

ــ خەریکن خڕی ئەکەنەوە کە بڕۆن. خەریکن ئەڕۆن.

گوڵمحەمەد دووربینی لە ستار وەرگرت، دای بە بەگمحەمەد و وتی:

ــ گریان شیاوی ئەو چاوانە نییە! شوێنیان هەڵگرە!

بەگمحەمەد دوربینی نا بە چاویەوە و گوڵمحەمەد ڕابوو.

لەگەڵ ئەودا، ستار و خانمحەمەدیش هەڵسان و هەر سێکیان بە یاڵی گردەکەدا شۆڕ بوونەوە. جووتە برا شان بە شان و ستار بە دوایاندا. لە ناوقەدی گردەکە، خانمحەمەد لەپڕ پێی ڕاگرت، چنگی وەردایە سەردەستی کراسی براکەی و لەکاتێکا بەهۆی ئەو تووڕەییەی لە هەناویدا پەنگی ئەخواردەوە، سەرتاپای ئەلەرزی، وتی:

ـ ئەم خان نایبە ئەمشەو ئەبێ بکوژم من! ئەبێ بیکوژم! ئەبێ بیکوژم، کاکە برا!

لە تاودانەوەی خامۆشی گوڵمحەمەددا، دەنگی وەک کۆتەداری پیاوەکە داکەوت و وتی:

ـ گڕ ئەگرم ئەمشەو، ئەگەر نەیکوژم ئەم خان نایبە!

گوڵمحەمەد سەیری ئاسۆی کرد. خۆر لە هێلانە نەمابوو. گوڵمحەمەد بە ستاری وت:

ـ ئەمەوێ کارێکم بۆ بکەی، وەستا ستار!

ستار بەرزتر لە جووتە برا و لە نێوانیان وەستابوو:

ـ چ کارێک، خان؟

گوڵمحەمەد ڕووی وەرگێڕا و بە لێژاییەکەدا کەوتە ڕێ و وتی:

ـ ئەمەوێ بچی بۆ ڕەوەندی مەلا میعراج، ڕەنگە بتوانی یارمەتیەک بکەی. یەکیش ئەوەی کە... خراپ نییە بە مەلا میعراج بڵێی ئەمشەو بۆ شێو ئەبین بە میوانی.

ستار بەرەو هەردەکە کەوتە ڕێ و پرسی:

ـ ئیتر چی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ زۆر پەلە مەکە. وردە وردە بڕۆ. لەوێ یەکدی ئەبینین.

ستار، دەزگاکەی لە بن هەردەکە هەڵگرت و قایشەکەی کردە شانی و نیگای لە جووتە برا بەرەوخوار بوویەوە. گوڵمحەمەد دەستی بۆ ڕاوەشاند و وتی:

ــ تا شەو!

ستار کڵاوی لە سەر داگرت و بۆ گوڵمحەمەدی ڕاوەشاند. گوڵمحەمەد زەردەیەکی نەرم بە سەر لێویەوە، ڕووی لە ستار وەرگێڕا و سەیری براکەی کرد. خانمحەمەد چاوی زەق و زۆپی بڕیبوویە ستار کە بە گردەکەدا ئەرۆیشتە خوارەوە، ڕامابوو و پێستی چیڕی ڕوومەتی وەکوو بەرتەنگەی ئەسپ لە هەڵەتدا، بە سەر ئێسکی نەپۆریدا کشابوو و نیگای تیژ و بەدگومانی وەکوو هەڵۆیەک پیشانی ئەدا، وتی:

ــ ئەو متمانەیەی پێت هەیە، زێدە نییە؟!

گوڵمحەمەد بەرەو شەودێز کشا و وتی:

ــ تەنگەکان باش بکێشن! کوڕی گوڵخانم با چاوەڕێی قوربان بەلووچ بکا!

ستار، کاتێکە لە دوا بەرەگەی ڕوانینی وەرگەڕا تا سەیری گوڵمحەمەد بکات. جووتە برای بە سەر ئەسپەوە بینی ئامادەی ڕۆیشتن بوو و بەگمحەمەدیش خەریک بوو خۆی هەڵئەدایە سەر ئەسپەکەی خانئاپۆ. ستار، ترسێکی شاراوە لە دەروونیدا، وەستا و سوارەکانی خستە بن نیگای خۆی. بەگمحەمەد بە بێ ئەوەی پێ لە ئاوەزەنگی بخا بۆ سواربوون، هەر لە دوورەوە گوڕی بەستەوە و دەستی کرد بە یاڵی پەخشانی ئەسپەکەدا و خۆی هەڵدایە سەر زینەکە و ئەوەندە بە خێرایی لەغاوەکەی سووڕاند کە ئەسپە چوارهەنگڵەکەی خانئاپۆ لە بن قەڵافەتی قورسی جەواندا خولێکی دا و کەوتە چوارناڵە بە دوای سوارەکاندا.

سێ سوار، سێ برا، شان بە شان و ڕکێف بە ڕکێف، پێچەوانەی ڕۆژئاوا، بە لۆقە ئەرۆیشتن. بە لۆقە، لە بەر ئەوەی کە زەوییەکە کەند و کڵۆ و باری چوارناڵەی نەبوو. یانیش سوارەکان لەنگی شەو بوون. هەرچی بوو و بە هەر ئەنگێزەیەک، تا لە نیگای ستار ون بوون، بە بێ غاردان بە سەر تەکووز و نارێکا داژووتن، بەرەو ئاسۆی فراوانی تاریک و ڕوونی هەوراز و نشێوی

بیابان.

ستار قایشی دەزگای کارەکەی لە سەر شانی ڕێکخست، سەری لە سوارەکان وەرگێڕا و بەرەو ڕەوەندی مەلا میعراج ڕۆیشت. ڕێ نا، لاڕێیەکی کەم هەڵەت کە لای پۆزی گردەکەوە بای ئەدایەوە، بە لێژییەکەدا بەرەوخوار ئەبوویەوە و لە تەختایی دەشتۆکەکەوە ئەچووە ناو جاڕە جۆکە و خۆی ئەکرد بە هۆبەکانی مەلا میعراجدا.

هەوارگە لە چاوی ستاردا تاپۆیەک بوو بە تەنوورەی دووکەڵی ڕەشەوە کە لە کاکۆڵی ڕەشماڵەکان بەرەو حەوا لوولی ئەدا. لێڵ و تەماوی؛ هەموو شتێک لێڵ بوو و ئێوارە درەنگان لە گەرووی شەودا قووت ئەدرا و، لەو مەودایەوە، لەو بەرزاییەی ستاری لێ وەستابوو، هیچ شتێک بە ڕوونی نەئەبینرا، مەگەر پاشماوەی ئەو دوومانەی لە ڕەشماڵە سووتاوەکانەوە ئەچوون بە ئاسماندا. تاک و تەرا کەسانێک کە لە هاتوچۆدا بوون، وەکوو تارمایی؛ کۆمەڵێک چوارپێ کە بە سەرگەردانی ئەسووڕانەوە و ڕانێک کە لە پەنادەستی ڕەوەند مۆڵ درابوو.

تاودانەوەی شەو، شەمەک و گیانەوەران، دەم بە دەم خۆیاتر ئەبوون. بەو شێوەیەی کە ستار بە بینینی ئەو شتەی تاوێک لەمەوبەر بینیبووی، ئەبوایە گوشار بۆ چاوی بهێنێ و ئەگەر ئاگای لە خۆی بوایە، بۆی دەرئەکەوت کە چرچ و لۆچی کەناری چاوەکانی زیاتر و قووڵتر بوون. دەمێکی تر ئەم نیشانە و نموودانە لە چرپی و نامۆیی تێری شەو ڕۆئەچوون و مەحف ئەبوونەوە. ڕۆچوون و مەحف بوونەوە.

شەو، ئەوا بە تەواوەتی شەو بوو. سەرجەلەی شەو.

ستار سەیری ئاسمانی کرد. ئەستێرە ڕووبەندیان لادابوو. ئەبوا بکەوێتە ڕێ. کەوتە ڕێ. ئێستە ئیتر نەخۆی ئەدی و نە ڕەوەند. دووکەڵ، لە ناو شەودا ون بوو. ڕەنگیشە دووکەڵ بە کوندەی ئاو و جامی خۆڵ دامرکێنرابوویەوە.

دامرکێنرابوویەوە. ئەستوندکی نیوە سووتاو، نەیان ئەتوانی خۆیان بە سەر پێوە ڕابگرن. ڕەشماڵی مەلا میعراج، ببوو بە جەرگی زڵێخا. کەلوپەل نیوەسووت. یەغان و جێوبان و لباد، فانۆس و تێڕ و توربێن و... هەر هەمووی ناکار و ناسۆر بوون. دوو سێ کەس -ژن و پیاو- خەریکی دەرکێشانی شتەکان بوون لە بن خێوەتەکە.

مرۆڤی ڕەوەند، ناتەواوتر لە هەمووان، مەلا میعراج بوو. مەلا میعراجیان لە ڕەشماڵی کچەکەی خەواندبوو و چەن ژن و مناڵ بە دەوریەوە خڕ ببوونەوە. ژنەکان هەر کام بە گوێرەی توانا هەوڵی دەوا و دەرمانێکی ئەدا. ئەم هەمووە بەڵام، ئەگەر خۆڕاگری و بەجەرگی کابرا نەبوایە، هیچکامیان چاری سووتاوییەکی ئەو نەبوو. ڕیشی، پەڵە پەڵە سووتابوو و جێجێش پێوەی مابوو. گۆنا و برژانگ و برۆ و پەڵەیەکی هەنیەشی، هەر بەو جۆرە سووتابوو. بۆ دامرکاندنەوەی کزەی ئاگرەکە ڕوخساری لە خاکەکە ساویبوو، ئەویش خراپتر. پێستی ڕوومەتی ڕووشابو و چاوەکانی بە هاڵاوی ئاگرەکە دەرپەڕیبوون و سوور.

بێگانەوار و خامۆش، لای ئەستوندکی ڕەشماڵە نیوە سووتاوەکە، ستار وەستا. دوو ژن و پیاوێک، جەوان و چالاک، خەریکی ڕاپەڕاندنی کارەکان بوون. کەلوپەلی ڕەشماڵە سووتاوی مەلا میعراجیان هێنابوویە دەرەوە و لە لایەکەوە هەڵیان چنیبوو خەریکی گەڕان بوون بە ناویاندا. ستار کە وەکوو تاپۆیەک خزابوو و لە لاوە سەیری ئەکردن، بۆ ئەوەی دایاننەچڵەکێنێ. ماندوونەبینی کرد. ژنەکان خۆیان کرد بە نەبیس و جەوانەکە ئاوڕی لە ستار دایەوە. لە هەڵوەستەیەکی دڕدۆنگی و سەرسووڕماندا، ئارەقەی ناوچەوانی سڕی و وەڵامی دایەوە:

ــ بەخێر هاتی!

ئەتوت یەکدی ئەناسن. لە شوێنێک یکیان دیوە.

«لە کوێ؟»

قوتوکەی بە شانی ستارەوە بوو هەندێ شتی ئەهێنایەوە بیری حەیدەری مەلا میعراج. بێگومان لە شوێنێک، لە ڕێیەکدا بینیبووی. لە ڕوخساری ڕەشتاڵە، چاوی قەڵەوی ڕەش و تایبەتمەندی نیگای کوڕی مەلا میعراجیش سێبەرێکی ناروون لە یادی ستاردا مابوو. بێگومان بەڵام هەندێ شت لە حەیدەری مەلا میعراجدا گۆڕابوو. ڕەنگە سمێڵە نەرم و خۆش فۆرمەکەی ئەوی لە دۆخی کاڵ و کرچی جەوانی دوور کردبوویەوە؛ یان هەر ئەم هەڵچوونەی لە تووڕەبوونەکەی پێشتر پێوەی مابوو. هەر ئەم کار و هەوڵدانە حەیدەری ئەگۆڕی. ستار لەوە زیاتر پەرەی بە دڕدۆنگیەکەی کوڕی مێعراج نەدا و دەسپێشخەری کرد:

ــ خەریک بووم لەو دوورەوە تێئەپەڕیم. چاوم بە ئاگر و دووکەڵەکە کەوت. پێم ست کرد، ویستم تێپەڕم، بەڵام نەمتوانی. شەو بوو و وتم بزانم چ باسە. ڕاستەکەی ویستم بزانم چی ڕووی داوە. خۆ هەر ئەشبوا شەو لە جێیەک سەر بنێمەوە. میوانتان ناوێ؟

حەیدەر هەروا چاو و گوێی لە کابرای ئامۆ-نامۆ بوو و خامۆش مابوو. ستار، بۆ ئەوەی قسەکەی نەکەوێتە زەوی، پرسی:

ــ لەم ئاگر و سووتمانەدا کەس برینداربوو؟ کارێک... یارمەتیەک بە من بکرێ؟ بەڕاست چۆن بوو...

حەیدەر لەوە زیاتر گوێی ڕانەگرت، لە نیوەی قسەکەی ستاردا، پشتی تێکرد و بەرەو ڕەشماڵەکەی ئەولاتر چوو و پاش تاوێک گەڕایەوە. ستاری لەگەڵ خۆی برد و فەرمووی لێکرد بۆ ژوورەوە و خۆی لە لایەکەوە وەستا. ژن و کچ دەوری مەلا میعراجیان چۆڵ کرد و ستار، سڵاو بە دەم و، نیگای لە چاوە سوور و هەڵاوساوەکانی مەلا میعراج هاتە پێشەوە و لە خوار جێگەکەی مەلا میعراج چۆکی دادا و دانیشت و تازە بیری ئەکەوتەوە کە ئەیتوانی دەزگاکەی لە بەر دەرگای ڕەشماڵەکە، لە شانی بکاتەوە و دای بنێ. بۆیە قایشەکەی لە شانی کردەوە و

به ڕووی خۆشەوە بە مەلا میعراجی وت:
بەڵا دوور بێ، مامۆستا!
ـ خوا چاکت بۆ بکات، وەستا!
ستار، ئاسوودە لە سەر لبادەکە دانیشت و وتی:
ـ میوانی ناکات وەکوو کەڵەشێری ناوەخت وایە.
مەلا میعراج، پێکەنینێک لە سەر لێوەی، وتی:
ـ میوان خۆشەویستی خوایە، وەستا ستار. بەخێر هاتی. ببوورە ڕۆژگارمان زۆر شپرزەیە. چا... پیاڵەیەک چا بهێنن. ماندووی ڕێیە، وەستا.
ستار خزایە بەرەوە. سەیرێکی سوتاویەکانی ڕوخساری مەلای کرد و وتی:
ـ بیرێکتان بۆ برینەکان نەکردۆتەوە؟
مەلا میعراج وەڵامی دایەوە:
ـ ئەوەتا لەپەسا پەڕۆ تەڕ ئەکەن و ئەیخەنە سەری.
ستار ڕووی کردە ژنەکان و وتی:
ـ ماست؛ ماستی شلەتێن ئەگەر هەبێ...
ماستیان هێنا. ستار، قۆڵی هەڵکرد و خۆی جارێکی تر بە دەسڕی تەڕ پاشماوەی خۆڵ و لمەکانی خاوێن کردەوە و پاشان قاپی ماستەکەی هەڵگرت و پەڵە برینەکەی مەلا میعراجی بە ماست داپۆشی:
ـ ئێستە چۆنی؟
ـ تۆزێ فێنکەوە بوو. برژاندنەوەکەی دەسبەجێ ئارامی گرت.
ستار وتی:
ـ ئەوەی باشە چاوت ئازاری پێ نەگەیشتووە.
مێعراج، پیرانە سەری لەقاند و وتی:
ـ هێمان دیار نییە. ڕەنگە پاشتر کاری تێ بکات. هەر ئێستەش ئەڵێی کای تیایە.
ستار وتی:

ـ ئەو ڕەشماڵە گەورەیە، زۆر خراپ سووتاوە!
دیسانەوەش بە بزەیەکەوە، مێعراج وتی:
ـ فیدای تاڵی مووت. شوکری خوا هێمان چوار بزن ماوە مووەکەیان ببڕینەوە و بەشی ڕەشماڵێک بکات. هیچ نەبووە خۆ، ڕووداوێکە و ڕووی داوە!
ستار وتی:
ـ دەستەکەی خان نایبم بینی بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتن.
مێعراج هەروا بە ئەهوەنی وتی:
ـ خوا بیخاتە سەر ڕێی ڕاست. هات، سووتاندی و ڕۆیشت. خوا بیخاتە سەر ڕێی ڕاست... دەمێکەیە نەهاتووی بۆ ئەمناوە؟
ـ گرفتاریی مەلا میعراج، گرفتاریی.
مەلا میعراج پێڵوەکانی نایە سەر یەک و وتی:
ـ تەمەن درێژ بیت، مامە گیان. پێت بەبڕشت بێ. بەرەو کوێ ئەڕۆیشتی؟
ـ لە قەڵامەیدانەوە ئەهاتم.
ـ سەرچاوان. بیابانی خوا فراوان و ئاسمانی خوا بڵیندە. پاروە نانێک پەیدا ئەبێ و پێخەفێکیش هەر دەس ئەکەوێ. هەواکەی خۆشە.
ستار چەند دەنک مێوژی خستە دەمی و پیاڵەی چاکەی هەڵگرت و وتی:
ـ تا نیوەشەو، ڕەنگە میوانی تریشت بۆ بێ.
مەلا میعراج شانی لە جێوبانەکە کردەوە و چاوی بڕییە ستار و پرسیارێکی شاراوە لە نیگایدا وتی:
ـ میوان ڕسقی خۆی بە هەنگاوی خۆیەوە ئەهێنێ، بەڵام...
ستار وتی:
ـ گوڵمحەمەد خان وتی سڵاوی ئەوتان پێ بگەیەنم و ئەم هەواڵەشتان پێ بدەم.
لە ئاخێزی مەلا میعراجدا، حەیدەر ماندوو و هێشتاش

شێواو هاتە ژوورەوە. ستار ئەمجار لە بەر ڕووناکی فانۆسەکە بینی ڕوومەتی حەیدەریش لە چەند لاوە ڕووشاوە و سپێنەی چاوی سوور هەڵگەڕاوە. یەخەی کراسە شینکیەکەی دادڕاوە و دوگمەی ئێلەکەکەی هەڵتەقیوە و وا دیار بوو لەشی هێشتاش گەرمی ئارەقەی کێشە و ململانێی لەگەڵ جەندەرمەکانە.

ئەو خەڵکەی کە ژیانیان لە تەوەری بازنەیەکی داخراودا ئەسووڕێتەوە، لە زمان هەڵبڕین و دڵ کردنەوەدا، شێوەیەکی زۆر ورد و شەرمنیان هەیە. بەڵام بە گومانی ستار، پەلاماری ناجوامێرانەی خان نایب و سوارەکانی بۆسەر ڕەوەندی مەلا میعراج، ڕقێکی وەهای لە دەمارەکانی پیاوی جەواندا هەژاندبوو کە بۆی هەبوو ئەم خوێنە تووڕەیە بە پڵتۆکێک لە ڕەگەکانیەوە فیشقە بکات. بۆیە پڵتۆکێک بەس بوو تا گوتەی حەیدەر ببێ بە هاوار، کە ئەو خۆی بە بێ ئەوەی لێو ببزێوێ هەموو گیانی هاوار بوو:

ـ بینیانم ئەرۆیشتن، سەرمەست داژووتن و ئەرۆیشتن. خۆ دەسیان لە ژنەکان بەرز نەکردەوە؟

حەیدەر ئارەقەی هەنیەی بە قۆڵی کراسەکەی وشک کردەوە و لە وەڵامدا وتی:

ـ پێت وایە شەرمیان لەو کارە هەبوو ئەگەر بیانتوانیایەت؟ کەمتیارانە! ڕۆژێک ئارامماان نییە بە دەستیانەوە. ئەوەندەی مرۆڤ خەریکە سەرقاڵی کار و ژیانی خۆی بێ، لەپڕ سەر و سەکوتیان دەرئەکەوێ. بۆ باج. بە بیانووی شتی دزراو. لە سەر سکاڵای خاوەن پەرێز. بە بیانووی ئاو. هی ئێجباری... چووزانم! بۆ هەر شت و هەر بابەتێک قەردێکیان لەسەرمانە. قەردی باوکیان بە لای ئەو خەڵکەوەیە. ئەو کاتەش کە بیانووەکەیان تۆزێ بەهێز بێ ئەوە ئیتر ڕازی نابن ئەگەر خوێنی مرۆڤیش بخۆنەوە. دالاشانە! مرۆڤ باوەڕ ناکا لە خوتوخۆڕایی بڕژێن بە سەر ماڵ و خێزانتدا و وەکوو لەشکری دوژمن ئاوری تێبەردەن! خۆزگە

ئەوەیان زانیبا بۆ سازکردن و بەرپا کردنی ڕەشماڵێکی ئاوەها چەندە ڕەنج کێشراوە و چەندە خوێنی دڵ خوراوە! هەه! ڕەنگە پێیان وابێ فوومان کردووە و ئەم ڕەشماڵانە چوونەتە سەر ئەو ئەستوونانە! کەللە کەرانە! نازانن، لە هیچ تێناگەن. بەس ئەزانن تاڵان بکەن و زەرەر لە خەڵکی بدەن. مووی بزن؛ بەس پێنج ڕۆژی گەرەکە تا مرۆڤ بتوانێ ئەو بزنانە لە گۆلەکە بشۆرێ. پاشان ئەبێ بیانبرێتەوە. پاشان زیاتر لە شەش مانگی پێئەوێ تا ئەم موانە بە دەست و تەشی برێسرێ. ئەوجا تازە کاری تەون و چنین دەس پێئەکا؟! چەن ژن لە ڕەوەند هەیە ئەبێ چەن مانگ لە پشت دەزگا دابنیشن و بەیانی تا ئێوارە تاڵ بخەنە سەر تاڵ تاکوونێ... هەندێ جار لە نیوە ساڵیش زیاتری پێئەچێ. بەڵام ئەو بێغیرەتانە پەلامار ئەدەن و ماڵ و ژیانت ئاگر تێ بەرئەدەن و ئەڕۆن! بۆچی؟ بۆ ئەوەی چاوترسێنت بکەن. بیانوو؛ بیانوویان چییە؟ ئەوەی کە... شوێنەکەیمان پیشان بدە. چییە؟ ئەوەی کە ڕۆژێک، شەوێک گوڵمحەمەدی کەلمیشی بەم لایەدا تێپەڕیوە... ئەی... داد و بێداد!

مەلا میعراج وتی:

ـ ئەمشەو میوانمان هەیە. لەبری ئەم سکاڵا کردنە بڕۆ بەرخە نێرێک سەربڕە. ڕابە... تا بگەیتە تەمەنی من لەم فەرتەنە و هەڵلایە زۆر ئەبینی.

حەیدەر هەڵسا و ژنەکان سفرەیان هێنا. شێوەکە خۆی سادە بوو. مەلا میعراج داوای لە ستار کرد ماستی سەر سووتاوەکەی بۆ تازە بکاتەوە. ستار وای کرد. مەلا میعراج بە ژن و منداڵی وت نانی خۆیان بخۆن، ئەو چاوەڕێی میوانە و وتی سفرەکە ببەن بۆ شوێنێکیتر. هەواڵی زاواکەی پرسی. وتیان مەڕەکانی بردووە بۆ جاڕەکە. مەلا میعراج سەیری ستاری کرد و وتی:

ـ خوا ڕەحمی کرد خوێن نەڕژا.

مەلا میعراج جارێکی تر چاوی نا بەیەکا و پرسی:

ـ تۆ هیچ دەنگێک نابیسی، ستار؟
ـ ها؟ دەنگ؟ نا؛ هیچ نابیسم.
ـ من ئەبیسم. من دەنگێک ئەبیسم. دەنگی گوللە ئەبیسم من، ستار!
ـ دەنگی گوللە؟! ئەی ئەم گوێچکانەی من...
ستار غاری دایە و لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە. حەیدەر بەرخەکەی دابوو بە عەرزدا و سەری بڕیبوو. خوێن لە گەرووی بەرخەکەوە فیشقەی ئەکرد. ستار لای شانی حەیدەرەوە وەستا و پرسی:
ـ دەنگ! هیچ دەنگێک ئەبیسی؟
حەیدەر کێرد و دەستی گرت بەبن لوولەی مەسینەکەوە کە دایکی بۆی ڕاگرتبوو و وتی:
ـ من هیچم نەبیست.
ـ تۆ چی دایە؟
ـ منیش نەم بیست.
ـ ئەی مەلا میعراج چۆن بیستی؟!
حەیدەر لوولەی مەسینەکەی بە پشتی دەستی لادا، ئاوی پەنجە و تێخی کاردەکەی ڕاوەشاند، وەراندی و بە ستاری وت:
ـ هەڵۆسە! یاوی کردووە ڕەنگە. هەڵۆسە و گومان هەڵیگرتووە!
ستار بە هەموو لایەکدا هەنگاوی نا و گوێی هەڵخست بۆ دەنگێک، بەڵام نامراد گەڕایەوە و وەستا. تاوێکیتر بۆ بەرپاکردنی سێپەک چوو بۆ یارمەتی حەیدەر و هەم یارمەتی دا بەرخەکەی پیاهەڵواسن بۆ کەوڵکردن. ستار کارەکەی بۆ حەیدەر جێ هێشت و خۆی چوویەوە ژوورەوە. مەلا میعراج هەروا چاوی داخستبوو و لێوی ئەجووڵاند. ستار لێی نزیک بوویەوە و پرسی:
ـ دیسانەوەش دەنگ ئەبیسی مامە مێعراج؟
بە بێ ئەوەی چاو هەڵبڕێ مەلا میعراج وتی:

ـ ئەبیسم. ئەبیسم. دەنگی گوللە. گوڵمحەمەد دەستی داوەتە برنەو. ئەیبینم. ئەیبینم. ئەیبیسم. زانیم. ئەمزانی گوڵمحەمەد بۆچی ویستوویەتی شەو بۆ شێوکردن بێ بۆ ماڵی ئێمە. هەتا گوتت زانیم. بە حەیدەر بڵێ خواردن ئامادە بکات. گوڵمحەمەد تاوێکی تر ئەگەڕێتەوە. ئەگەڕێتەوە. بە سلامەت بگەڕێوە، گوڵمحەمەد!

دەنگەکە دابەزی. خاو بوویەوە و بڕا.

ستار جارێکیتر لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە. حەیدەری مەلا میعراج دەست و کێردی لە کەوڵکردن ڕاگرت و نیگای بڕییە ئەوپەڕی هەوارگە، هەستی ئاژووتنی سواران، نەء. هەڵۆسە بوو. هەمووی هەڵۆسە بوو.

ـ وام هەست کرد نایبە شەل دابێتی لە سەری و دیسانەوە بداتەوە بە سەرماندا! ئاخر ئەو هەر بە ڕاستی پێی وابوو ئێمە گوڵمحەمەدەکانمان شاردۆتەوە!

ستار لە سەر بەردەکە دانیشت و سەیری حەیدەری کرد و پرسی:

ـ نەتشاردۆتەوە؟

حەیدەر ڕوانیە ستار و دەسبەجێ دەست و چاوی بەکاری خۆیەوە خەریک کرد:

ـ بۆ ئەپرسی؟

ستار وتی:

ـ چونکە من هاوڕێی ئەوم!

ـ هاوڕێی گوڵمحەمەد؟

ـ ئەیچۆن! ئێستەش ئەوە منم هەواڵم هێناوە کە ئەوان بۆ نانی شێوان دێن بۆ ئێرە.

حەیدەر، جارێکیتر لە ستار ورد بوویەوە و پرسی:

ـ ئەگەر هاوڕێی ئەوی پێم بڵێ ئێستە لە کوێیە؟

ستار وتی:

ـ وابزانم لە شەڕدایە لەگەڵ خان نایب!
ـ لە کوێوە ئەزانی؟
ـ لەوێوە کە من هاتم بەرەو ڕەوەندی ئێوە و ئەوانیش شوێنی خان نایبیان گرت و چوون بە داویدا.
ـ ئەی بۆ ئەمانەت بە باوکم نەوت؟
ستار وتی:
ـ ئەو خۆی ئەیزانی ئێمە لەو هەورازەوە سەیری ئێرە ئەکەین.
ـ لە کام هەورازەوە، ملەی شکاو؟
ـ بەڵێ، لەوێوە.
ـ بەس سەیرتان کرد؟ هەر ئەوەندە؟
ـ نەء. هەر ئەوەندە نا. خۆ پێم وتی... ئەوان ڕۆیشتن بە دوای خان نایبدا... تۆ سەربازیت کردووە؟
ـ هێمان نا. بەڵام ناوم دەرچووە. بۆ ئەپرسی؟
ستار هەڵسا و وتی:
ـ هیچ هەروا پرسیم.
حەیدەر دەستی ڕاگرت و ڕوانیە ستار و وتی:
ـ هەروا؟!
ستار وتی:
ـ جووتێک گیوەی چاکم پێ شکدێ. پڕ بەپێی تۆ ئەبێ. وتم ئەگەر بتەوێ بمێنیتەوە و نەچی بۆ سەربازی، ئەو گیوانەت بۆ بکڕم.
حەیدەر جارێکی تریش کێردەکەی خستەوە گەڕ و بە قۆشمەیی وتی:
ـ لەمن سەرخۆشترت دەست نەکەوتووە؟ نەخێر، من پێویستم پێیان نییە. گیوەی خۆم ئەم بەهارە دام پەرگەمای چەرمیان تێگرتووە. لانیکەم تا دوو ساڵیتر بەرگەم ئەگرێ.
ستار بەرەو خواری ڕەوەند ڕۆیشت و وتی:
ـ خۆت ئەزانی.

ستار چوو بۆ بیابان و لە سەر بەرزاییەک دانیشت. پەنجەی لە ئەژنۆی هەڵپێکا و نیگای سەرگردانی بە ناو شەودا ڕادا. لەپڕ ئەتوت مێشکی لە گێژەنی بەرایی گریمانەیەکی ناخۆشدا جەڕابوو. گریمانەیەک. مەرگی گوڵمحەمەد! گوللەیەک. گوللەیەکی قورقوشمین بەس بوو بۆ ئەوەی دڵی جوامێر لە لێدان بخات. کوژران! بە تاقە گوللەیەک. قەبارەیەکی بچووکتر لە دەنکە بادامێک و ئەوسا مرۆڤ، ئەم جیهانە بچووکە پەرش و بڵاو ئەبوو. گوڵمحەمەد ئەم جیهانە ئازیزە، شیرازەی لێک هەڵئەپچڕا. گوللە لە ئاقای خۆیدا پێت ناڵێ لە کوێوە دێ! ئەویش بە شەوی ڕەش.

ــ «نەء! نەء!»

ئەمە، ئەم گریمانە، ستار نەی ئەتوانی بڕوای پێ بکات. بەڵام ئەگەر وا بوایە چی؟ ئەی بۆ وا بێ ئوقرە دای بە دەشتدا؟ ئەوە ڕاست بوو دڕکێک لە گیانی چەقیبوو و ئوقرەی لە بەر هەڵگرتبوو. بێ ئارام و شاراوە نەبێ، پەرۆش و پەشێو. دڵی بە هەزار لادا ئەکولا و ستار خۆیشی نەی ئەزانی بۆچی وا لەپڕ شەڵەژاوە؟ هەستێکی نامۆ، بە سەر ئاگرەوە ڕایگرتبوو. وەسوەسەیەکی کوشندە و بە ئازار.

ــ «ئەگەر هات و تەرمەکەیان بە سەر ئەسپەکەوە هێنایەوە؟ نەء، نەء!»

هەڵسا، چونکە نەی ئەتوانی لە شوێنێک خۆی ڕابگرێ. تاوێک وەستا، چاوی بڕییە ئاسمان. بێ ئەڤان بەرەوخوار بوویەوە. بەو ئاراستەیەی سوارەکان ڕۆیشتبوون، ئەڕۆیشت. هەوڵدانێکی بێهوودە! چونکە ئەگەر بیانویستایەت بێنەوە، ئەوا ئەهاتن و ئەگەریش بەڕێوە نەبوون، خۆ بەحەزی ئەو نەئەهاتن. بەڵام ئەم ئەندێشە بەهێزە لە سەر ئاگری ڕاگرتبوو تا نەتوانێ ئوقرە بگرێ. ئەرۆیشت دابنیشێ بەڵام ڕائەبوویەوە. خۆزگەی دەنگێک؛ نەبوو. سەری وەرگێڕا. گڕی ئاگر لە بەر خێوەتەکەدا چووبوو بە حەوادا.

بەرەو ئاگرەکە چوو. ئەمە خۆی بیانوویەک بوو بۆ گەڕانەوە:
ـ لە کوێ خۆت ون کردووە سوا؟
گۆشتی تکە لە چیلکەی گزیچار درابوو و ئامادە لە ناو سینیەکە دانرابوو. حەیدەر دەستەکانی لە خوێن سڕییەوە و لە کاتێکا ئاگری ناو کوانووی سێ کوچکەی خۆش ئەکرد، وتی:
ـ ئەی ئاشناکانت بۆ نەهاتنەوە، سوا؟
ستار وەک بڵێی بۆ تاوێک خەڵەفابێ، بە بێ وەڵامدانەوەی حەیدەر، بەرەو ڕەشماڵەکە چوو تا هەواڵی گوڵمحەمەد و براکانی بپرسێ:
ـ بە سەلامەت دێنەوە، مامە مێعراج؟
مەلا میعراج پشتی لە جێوبانەکە کردەوە و وتی:
ـ دڵم وا بەرایی ئەدا، ئاشنا. دڵم وا بەرایی ئەدا. بەڵام...
ـ بەڵام چی؟
ـ ئەم نایبە شەلە لەو فێڵبازانەیە. تەمەنێکە خەریکی ئەو کارەیە. تەنها جارێک گوللەی بەرکەوتووە. لە کاری خۆیدا گورگە!
ـ مامە مێعراج... زۆر دڵم نیگەرانە. ئەترسم!
ـ جەنگە ئاشنا گیان. کاری مرۆڤ بە کات و دەمە. بەدەست من و تۆ نییە. لە هەوەڵ و سەرەتاوە هەر وا بووە.
ـ من... من مامۆستا، وەکوو منالم لێهاتووە ئەمشەو!
ـ نازانم... نازانم. ئەبێ بە چارەنووس ڕازی بین. تا چارەنووس چۆن نووسرابێ!
ـ من ئەڕۆمەوە بۆ دەرەوە!
ـ بۆ هەرکوێ ئەچی بچۆ. بەڵام ئەهوەن بەرەوە. ئارام بە... هەرچەند خۆم دڵم ئاگری گرتووە!
لە ناو دەرگاکە، ستار ئاوڕی لە مەلا میعراج دایەوە و پرسی:
ـ لەگەڵ منت بوو. مامە مێعراج؟
مەلا میعراج وتی:
ـ ئارام بگرە... ئارام!

ستار چووە دەرەوە. حەیدەر لای کوانووەکە دانیشتبوو و بە چیلکە دارێک دڵی ئاگرەکەی ئەهەژاند. ستار لە نزیکیەوە دانیشت و داوای ئاوی کرد. حەیدەر هەڵسا و ئاوی بۆ هێنا. ستار زەرکەکەی نا بە سەرەوە، نەرم نەرم خواردیەوە و نایە لاوە. حەیدەر لە سەر جێگەکەیەوە، بەلاری سەیری ستاری کرد و وتی:

ــ پێ ئەچی نیگەران بی؟

ستار هیچی بۆ نەوترا و بەس چاوی بڕییە ئاگرەکە.

ــ ئەتەوێ شیشێکت بۆ ببرژێنم؟

ــ نەء!

ــ برسیت نییە؟

ــ تینوومە؛ بەس تینوومە.

ــ ئاوی ترت بۆ بهێنم؟

ــ بێنە!

جارێکی تر زەرکێکی تر. ستار پرسی:

ــ لەم نزیکانە کارێز لە کوێیە؟ گۆلاو، کانی؟

حەیدەر وتی:

ــ حەزت لێیە خۆت لە ئاو هەڵکێشی؟

ــ ئا. ئەمەوێ تۆزێ دەس و پێ ڕاوەشێنم.

ــ نییە. تا فرسەقێک ئاوی لێ نییە. ئەم جارە دووراوەش کە ئەیبینی، بەراو نەبووە. دێمەکاڵە.

ستار ئارام بوو و وتی:

ــ ئەزانم، چاکە. چار نییە.

ــ بۆ ئەوەندە پەرێشانی سوا ستار؟ ئێوارە کە گەیشتیتە بەرەوە بە دەماخ بووی!

ستار وتی:

ــ نیگەرانم، کاکی برا. نیگەرانم. نەئەبوا ئەوەندەیان پێ بچوایەت.

ــ بۆ وا بیر ئەکەیتەوە؟

ــ نازانم!

حەیدەر وتی:

ــ هەندێ جار هەبووە ئەو جۆرە لێک هەڵشاخانەوە سێ شەو و سێ ڕۆژی پێچووە. خەریکن یەکدی ئەخلافێنن، ڕەنگە!

ستار توورە لە خۆی، مستەکانی لێک گووشا و ددانی لە کیرەوە هێنا، هەنگاوێک لە گەنجەکەی مەلا میعراج دوورکەوتەوە و بە خۆی وت:

ــ لە خۆم بێزارم! سەیری خۆت کە! بوویت بە منالێک! تۆزێک ورەت هەبێ! تۆزێک لە خۆت ڕابینە. ئاخر تۆ کێی پیاو؟ ئاوا ئەبێ؟

حەیدەر لە پەنای سەری ستارەوە وتی:

ــ ئەتەوێ چا بخەمە سەر، سوا ستار؟

ــ خراپ نییە. ئەویش شتێکە. بەڵام ئەوان بۆ شێو لێرە ئەبن!

حەیدەر کترییەکەی بە سەریدارەکە هێنایە پێشەوە، لای کوانووەکەوە داینا و وتی:

ــ شێو؟! شێو خۆ کاتێکی دیاریکراو نییە. هەر کات شێوت کرد ئەوە کاتی شێوانە. دانیشە تۆزێ قسە بکەین. دانیشە، دیارە دنیا دیدەی!

ستار دانیشت و ڕەخنە لە خۆی وتی:

ــ خۆزگە لەو هەموو شتەی بینیومە، بەقەد دەنکە گەنمێکی لێ تێگەیشتبام.

حەیدەر وتی:

ــ خۆ عەلی ئەشکینت لە بیرە؟ ها؟ ئەزانی چی بە سەر هێنا گوڵمحەمەد؟

ستار شانی هەڵتەکاند و وتی:

ــ هەندێ شتم بیستووە. دڕاو و مڕاوت نییە بۆت بدورمەوە؟ کەمەربەندێ، مەچەکبەندێ...

حەیدەر بە خۆشیەوە پرسی:
ــ ئەتوانی لە بەر ڕووناکی ئەم ئاگرە کار بکەی؟ ئەگەر ئەتوانی بازووبەندێکم بۆ دروست بکە. وتت چی؟ دەزگاکەت بۆ بهێنم؟

ستار وتی:
ــ بیهێنە!

حەیدەر ڕۆیشت و دەزگاکەی لە ڕەشماڵەکە هێنا، لای دەستیەوە بۆی دانا، ستار چەناگەی لە سەر کەشکەی ئەژنۆی بەرز کردەوە، پەنجەی هەڵپێکاوی لێک بەردا، قوتوەکەی کردەوە تا چەرم و تەبەنە و دەزوو و درەوش دەربهێنێ. حەیدەر گڕەکەی خۆشتر کرد و وتی:
ــ ئەمەوێ هەم جزدان بێ و هەم بازووبەند.

ستار دەزووی کرد بە تەبەنەوە و بەدەمی چەقۆ بڕی و وتی:
ــ تێ ئەگەم.

حەیدەر کتری لای ئاگرەکەی لە سەر بن سووڕاند و ستار پارچە چەرمێکی بە ئاوی ناو زەرکەکە تەڕ کرد و دەستی کرد بەکار...

ئەمەش بازووبەند، ئەمەش چا و ئەمەش کوانووی ئاگر کە دائەمردەوە. نەک هەر ژن و منداڵی ڕەوەند، تەنانەت مەلا میعراجیش ئەبێ خەو بردبێتیەوە.
ــ تۆ پێت وایە چەندەی ماوە بۆ ڕۆژ، حەیدەر؟

حەیدەر چاوی هەڵێنا، ڕوانیە ئاسمان و وتی:
ــ ماویەتی. هێشتا زۆری ماوە.

مەلا میعراج لە دەرگای ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە. دەستی گرت بە ئەستوندکەکەوە و وتی:
ــ دێنەوە!

ستار هەڵبلۆوقایەوە و بەرەو مەلا میعراج تاوی دا. مەلا

میعراج وتی:
ــ ئەگەر مەڕدز نەبن، ئەوە خۆیانن.
ــ لە کام لاوە دێن، مامە مێعراج؟
مەلا میعراج بە بێ ئەوەی وەڵامی ستار بداتەوە، بە کوڕەکەی وت:
ــ دارەکەت هەڵگرە و بچۆ بۆ لای ڕانەکە. بڕۆ بۆ لای شووی خوشکت و ساڵە. مەڕەکان کۆ بکەنەوە و وریا بن. توندتر بڕۆ، نەکا خەویان لێکەوتبێ!
حەیدەر وای کرد کە باوکی وتی و پاشان مەلا میعراج دەستی برد بۆ تەوێڵی و بە وردی لێی پرسی:
ــ تۆ خۆییت لەگەڵ گوڵمحەمەد؟
ستار وتی:
ــ ئەمە ئەبێ لە گوڵمحەمەد بپرسی، مامە مێعراج!
مەلا میعراج وتی:
ــ لە تۆ ئەپرسم!
ستار وتی:
ــ خۆم پێم وایە!
مەلا میعراج وتی:
ــ باوەڕ ئەکەم.
سەیری دووری کرد و وتی:
ــ دێتەوە. گوڵمحەمەد وا دێ. هیچ ئەبینێ چاوەکانت؟
ــ نەء؟
ــ لەگەڵ شەو ڕانەهاتووی. ئەوەتا، باش سەیر بکە!
ــ نایانبینم.
ــ جووڵە، جووڵەیان نابینی؟
ــ من هەر هیچ نابینم، مامە مێعراج!
مەلا میعراج وتی:
ــ ئەو ئاگرە بژیەنەوە. ئەگەر نازانی کەباب باش ببرژێنی با

یەکێک لە ژنەکان هەڵسێنم.

ــ نایەوێ؛ ئەمەیانم پێ ئەکرێ.

ــ کە وا بوو برۆ دەسپێبکە!

ستار بەرەو کوانووەکە چوو و کەوتە ژیاندنەوەی ئاگرەکە، بە بێ ئەوەی باوەڕی بەوە هەبێ کابرا، سوارەکان و هاتنی گوڵمحەمەدی بینیووە. هەرچی چۆن بێ، پڕکێشی نەکرد بە قسەی مەلا نەکات. بە ناچار گڕە مەشخەڵانێکی ساز کرد و کەوتە برژاندنی تکەی بە شیشەوە کراو، هەچەندە دەست و دڵیشی نەئەچووەکار. مەلا میعراج گەڕابوویەوە ژوورەوە، حەیدەر چووبوو بۆ لای ڕان و، خێزانی مەلا میعراج لە خەودا بوون و ئەوە تەنها ستار بوو لای ئاگرەکە دانیشتبوو و شیشی کەبابی بە سەر ئاگرەکەوە ئەسووڕاند. لە ناو ڕەشماڵەکەوە مەلا میعراج دەنگی هات:

ــ چەن کەسن؟

ستار هەڵسا و چوو بە بەرەوپیری سوارەکانەوە و وتی:

ــ هەمان سێ سوار و ئەسپێکی یەختەرمە!

دەنگی مەلا میعراج پرسی:

ــ ئەسپێکی یەختەرمە؟

ستار وەڵامی دایەوە:

ــ بەڵێ. سێ سوار و ئەسپێکی یەختەرمە.

مەلا میعراج هاتە دەرەوە. ستار هەنگاوێک چووە بەرەوە. مەلا، سەگی پاسەوانی بانگ کردەوە و چاوی بڕییە هاتوان. ئەسپی سپی یەختەرمە بە دوای شەودێزەوە بوو. مەلا میعراج لە کاتێکا هەوڵی ئەدا بە سەر سۆزی خۆیدا زاڵ ببێ، وتی:

ــ ئەسپی خان نایب!

هاتەبەرەوە. خانمحەمەد، بە بێ شەوباش و گوتە، سەری بڕاوی نایبە شەلی هەڵدایە بەرپێی مەلا میعراج و خۆی لە ئەسپەکەی دابەزی و کەوتە شۆردنی دەست و دەموچاوی.

گوڵمحەمەد لەغاوی شەوەی دا بەدەس برا بچووکەوە و خۆی چووە پێشەوە، دەستە گەورە قورسەکەی مەلا میعراجی بە هەر دوو دەست گرت و شانەکانی ماچ کرد و وتی:

ــ هیچ کارێک بە بێ پاداشت نامێنێتەوە. بە هەر دەستێک بیدەن بەو دەستەش وەری ئەگرنەوە!

مەلا میعراج کە نەی ئەتوانی چاو لە ئەسپە سپی هەڵبگرێ وتی:

ــ ئەمەش ئەسپەکەیەتی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بە پێشکەشی هێناومانە، مامە گیان!

چوونە ژوورەوە:

ــ لە سوارێکی وەکوو خۆت جوانە، گوڵمحەمەد!

دانیشتن:

ــ بۆچی و چییان ئەویست کە بەو جۆرە هەوارەکەیان ئاگر تێبەردا؟

مەلا میعراج سەیری گوڵمحەمەدی کرد و وتی:

ــ گوڵمحەمەدیان ئەویست! شوێنیان هەڵگرتبوو. وابزانم لە سەنگردەوە.

خانمحەمەد هاتە ژوورەوە و دەستە شۆراوەکەی هێنا بە ڕوومەتی‌دا و ئاوی دەوری سمێڵی بە دەنگەوە هەڵمژی بۆ ناو دەمی و بە براکەی وت:

ــ هێشتاش ماویەتی کە تۆ ئەم نەجەف ئەربابە چاوشینە بناسی! بەر لە نایبە شەل ئەبوا بچوایەتینە سەر ئەو ناپیاوە. شەرواڵەکەت هەڵکە با برینەکەت ببینم!

هەر لە سەرەتای هاتن و دابەزینەوە، ستار سەرنجی ئەوەی دابوو کە گوڵمحەمەد تۆزێک ئەشەلێ. بەڵام پرکێشی نەکردبوو پرسیار بکات. هەر ئێستەش هێشتا لە گێژەنی ناباوەڕی نەهاتبوویە دەرەوە تا بتوانێ لێو ببزێوێ. جار هەبووە ستار لە نێوان

ئەم پیاوانەدا کە زۆریش لەو زبر و زەبەلاحتر نەبوون، دەست و پێی خۆی ون ئەکرد و ئەمەشی بە زۆری بەرەنجامی غەریبییەکەی بوو کە هەندێ جار وەکوو ڕەشمار لێی ئەئالا و پەکی پێ ئەخست. هەستی دابڕاوی و بێ پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری بە ڕادەیەک تێیدا پەرەی ئەسەند کە خۆی لە پووشێکیش بە کەمتر ئەزانی و لەم ڕووەوە وەکوو منداڵێکی بێزمانی لێ ئەهات، ملکەچی فەرمانێک لە لایەن گەورەکانەوە. ئێستەش کە کاری کەباب برژاندن درابوو بە بەگمحەمەد، هاتبوویە ناو خێوەتەکە، خۆی بە هەمان منداڵە شەرمنەکە ئەزانی و لە لایەکەوە وەستابوو. نیگای لە ڕوخساری گوڵمحەمەد بوو و هەوڵی ئەدا خۆی لە بەر سۆی ئازارەکەدا ڕابگرێ. بۆیەش بوو گۆنا و ماسوولکەکانی قەراخ چەناگەی بە ئەسپایی ئەلەرزین، تا ئەو کاتەی کە خانمحەمەد توانی دەرەلنگی شەرواڵی براکەی هەڵداتەوە و قاچی ئازاد بکات.

ستار سەرینێکی هێنا و دای بە خانمحەمەد بیخاتە ژێر قاچی. فانۆسەکەی هەڵگرت و لای دەستی خانمحەمەدەوە ڕایگرت تا لە بەستنی برینەکەدا دەست و نیگای ڕەوانتر هەڵسووڕێ. گوڵمحەمەد پاڵی دا بە یەغانەکەوە، ڕووی کردە مەلا میعراج و وتی:

ــ ڕوومەتت خراپ سووتاوە، مامە.

مەلا میعراج ئەماژەی بە ستار کرد و وتی:

ــ ئەو تیماری کرد.

خانمحەمەد لە بەستنی برینەکە بوویەوە و بە مەلا میعراجی وت:

ــ ئەتەوێ دەنگی تەقینی کەللە سەرەکەی ببیسی لە ناو ئاگردا؟

مەلا میعراج لە وەڵامدا وتی:

ــ نە ئیتر، نا، خان.

خانمحەمەد ئاوڕی لە ستار دایەوە و وتی:

ــ کە وا بوو بیبە لە بن خاکدا بیشارەوە. بەڵام ئەبێ چاڵەکەی زۆر بۆ قووڵ بکەی، ئەگینا گورگ و سەگ بۆن ئەکەن

و دەری ئەهێنن.

ستار بۆ جێبەجێکردنی فرمانەکە ڕۆیشت، بەڵام سەری براو نەمابوو. بەگمحەمەد ئەماژەی بە پشت ڕەشماڵەکە کرد و پێکەنی:

ـ سەگی قەشمەر!

ستار، سەرە براوەکەی لە بەر کەڵپەی سەگەکە دەرهێنا، پێمەڕەیەکی دۆزییەوە و بەرەو بیابان ڕۆیشت بۆ شاردنەوەی کەللەسەرەکە. سەگەکەش دووراودوور بە دوایدا چوو.

بەگمحەمەد چەن شیش کەبابی بردە ژوورەوە، داینا و لە هاتنە دەرەوەدا گوێی لە گرمەی خانمحەمەد بوو:

ـ گوللەکە گیری کردووە. سەد نموونەیەم بینیوە. لە گۆشتەکە تێپەڕیوە و لەو دیوەوە نەهاتۆتە دەرەوە و لە ناو ئێسکەکەدا گیری کردووە. بۆیەشە ئازارەکەی زۆر بەسۆیە. ئەگەر بە من بێ پاش نانخواردن بە نووکی کێردەکە دەری ئەهێنم. تیابمێنێ چڵک ئەکات. خۆ ناتوانین بشیبەین بۆ شار. باشە؟

گوڵمحەمەد سەیری مەلا میعراجی کرد و وتی:

ـ تۆ ئەڵێی چی، مامە؟

مەلا میعراج لە وەڵامدا وتی:

ـ تا ئێمە پارووێەک ئەخۆین ئەم ئاشنا پینەچییەمان دێتەوە. وادیارە سەری لەو کارانە دەرئەچێ.

گوڵمحەمەد، داوای ئاوی کرد. براکەی بۆی هێنا. بەگمحەمەد دەوری دووەمی تکەی هێنا، پیاوەکان کەوتنە خواردن. دەنگی وەڕینی سەگی ڕەوەند هات و لەگەڵیدا قاقای پێکەنینی بەگمحەمەد بەرز بوویەوە.

ـ وەرە ئاو لێرەیە ئەگەر ئەتەوێ دەستت بشۆی.

ستار دەستی شۆرد و چووە ژوورەوە و لە سەر سفرە دانیشت. خانمحەمەد پێی وت:

ـ گوللەکە گیری کردووە لە ئێسکیدا. ئەتوانی کارێکی

لەگەڵ بکەی؟

ستار سەیری گوڵمحەمەدی کرد و وتی:

ــ ڕەنگە بکرێ دەری بهێنین. بەڵام ئازار... ئازاری زۆرە!

ئارەقەی ژان لە تەوێڵی گوڵمحەمەد نیشتبوو و هەر ئەمە شێوەکەی نالەبار ئەکرد. سینی درایە دواوە. ستار خزایە پێشەوە، قۆڵی هەڵکرد و داوای ئاوی گەرمی کرد. بەگمحەمەد کتریەکەی هێنایە ژوورەوە و کردیە ناو دەفرەکە. مەلا میعراج پێی وت حەیدەر بانگ بکات.

ــ لەم لاوەیە. لای سەرەوە. تێ ئەگەی؟

ستار پەڕۆی برینەکەی کردەوە و قاچی سووڕاند. لەگەڵ سووڕانی قاچیدا، گوڵمحەمەدیش خۆی سووڕاند و هەنیەی نایە سەر سەرینەکە. ستار سەرەتا خوێنە ڕەقەڵە بەستووەکەی پاژنەی پێی بە ئاو و دەسرێ شۆرد. پاشان داوای لە خانمحەمەد کرد دەمی کێردەکەی بگرێ بە سەر ئاگرەوە تا سوور ئەبێتەوە. ئەوسا لەگەڵ بەگمحەمەد بێن بۆ یارمەتی. خانمحەمەد چووە دەرەوە و دەنگی لە دەنگی بەگمحەمەد ئالاَ کە حەیدەری بانگ ئەکرد. پاش تاوێک دوو برا هاتنەوە ژوورەوە. کێردی ڕووت و داخ، خانمحەمەد دای بە ستار. ستار بە مەلا میعراجی وت فانۆسەکەی بۆ بگرێ و ئەماژەی بە براکان کرد بە جووتە توند ڕایگرن. بەگمحەمەد دەست و شانی توند گرت و خانمحەمەد ڕان و ئەژنۆی. خۆیشی کەوتە کردنەوەی دەمی برینەکە و بە نووکی تیژی کێردەکە، شوێنی ڕۆچوونی گوللوکەی تاقی کردەوە و ئاسنی کێردەکە لە قوڕقوشمی گوللە کەوت و دڵنیای کرد شوێنەکەی کوێیە. لە کاتی دەرهێناندا ستار ڕوانیە هەردوو برا و ئەوانیش بە هەموو توانوی خۆیان گوڵمحەمەدیان لە بن چۆک و بازوویاندا ڕاگرت و ستار نووکی کێردەکەی چەقاندە دەمی برینەکە، خستیە بن گوللەکە و بە زەبرێکی نەرم لە دەسکی کێردەکە گوللەی هەڵدایە دەرەوە و خۆشی ئیتر هیچی نەبینی. تەنانەت ئەو کاتەی کە نەعرەتەی

گوڵمحەمەد، هەمان نەعرەتەی وشترەکەی قەمەیان لە تەختی سینگی چەقاند، خەوی ورد و درشتی خێزانی مەلا میعراجی شێواند و حەیدەر بە ڕوخساری وەک گەچەوە لە ناو دەرگاکەدا وشک بوو؛ ستار خۆیشی کەوتبوو بەلادا. گیانی نیشتبوویە سەر ئارەقە و وەکوو نەخۆش ئەلەرزی و ئەشگریا و لەپەسا ئەیوت:

ــ بۆسۆ، بۆسۆ، بۆسۆ بخەنە ناو دەمی برینەکە، بۆسۆ!

دەسبەجێ سەرینێک هەڵدڕێنرا و هەر لە ناو خێوەتەکە، ئاگر نرا بە لۆکەوە. بەڵام ستار لە لایەکەوە گرمۆڵە ببوو، مستەکانی نابووە سەر خاک و هەنیەی نابووە سەر مستی و نەی ئەتوانی بەرز بێتەوە و سەیری کارەکەی بکات و بزانێ کردوویەتی یان نەیکردووە. بۆسۆ ئامادە بوو. ڕوومەتی چەقیوی ناو سەرینەکە، گوڵمحەمەد ئەڕاندی:

ــ بیبەسە!

ستار بێئەڤان وەکوو مار پۆپکەی کرد. تەختی ڕوخساری سڕییەوە و نیگای تۆقاوی بڕییە دەمی برینەکە کە خوێنی لێ ئەهات، بە بێ سڵکردنەوەی ئەوەی دەستی ئەسووتێ بۆسۆکەی تۆپەڵە کرد و لە سەر چۆک بە سەر برینەکەدا شۆڕ بوویەوە، بۆسۆی خنی بە دەمی برینەکەدا و شاڵی لەدەس خانمحەمەد، کە ڕەنگی وەکوو مردووی لێهاتبوو، وەرگرت و گورجوگۆڵ ئاڵاندی لە دەوری قاچی، گرێی دا، کشایەوە و ئەتوت پارچەیەک سەهۆڵە لە بەر هەتاو. گوڵمحەمەد سووڕا و براکان دایانیشاند. دەم و لێوی خڵتانی خوێن بوو. بەگمحەمەد دەستی چەپی گوڵمحەمەدی لە تەنیشتیەوە بەرز کردەوە. پێست و گۆشتی پشت دەستی، قەپکەن ببوو و لێوی بە ددان کون ببوو. خانمحەمەد دەسڕێکی لە ئاو هەڵژەند و نایە سەر تەوێڵی براکەی و مەلا میعراج گوللەی قورقوشمی بە دوو پەنجە ڕاگرت، پیشانی گوڵمحەمەدی دا و پێکەنی. گوڵمحەمەد بەڵام نەیتوانی لە ساتێک زیاتر سەیری بکات. چاوەکانی لێک نران. ڕەنگ و ڕوخساری هیچکامیان

کەمڕەنگتر لەویتر نەبوو. مەلا میعراج گوڕاندی بە سەر حەیدەردا:
ـ جگەری کاڵ، ئەگەر نییە، بەرخێک بکوژە. بە فڕکە بڕۆ!
جگەری کاڵ، بەگمحەمەد لە حەیدەری وەرگرت. لە ناو بابیەکە بە چەقۆ پارچە پارچەی کرد و کردی بە دەمی براکەیەوە.
ستار پانیەی سەری لە چڵەگەی ڕەشماڵەکە کردەوە و بە مەلا میعراجی وت:
ـ حەیدەرمان ئەوێ، مامە مێعراج!
مەلا میعراج پاش ساتێکی کورت وتی:
ـ ئەوە بەخشیم بە گوڵمحەمەد!
ستار سەیری حەیدەری کرد و وتی:
ـ خۆت چی حەیدەر؟
حەیدەر وتی:
ـ کار بفەرموو سوا!
ستار وتی:
ـ لە شەشتەمەد پیاوێکی لێیە سەرڕشتەی لە دەوا و دەرمان هەیە. ئەبێ بڕۆیت و بیهێنی بۆ ئێرە، بە کەرەسەی کاریەوە.
خانمحەمەد سەیری برا گچکەی کرد و وتی:
ـ تۆیش بەگمحەمەد بە سەر ئەسپەکەوە پارووبەک ئەخۆی.
هەڵسان، خانمحەمەد دوو جەوانەکەی بردە دەرەوە و وتی:
ـ ئەمەوێ بەر لە کازیوە لێرە بێ، تێگەیشتن؟
ستار لە بەگمحەمەد نزیک بوویەوە و وتی:
ـ لەگەڵ من ئاشنایەتیەکی هەیە. ئەگەر حەزت کرد بە زمانی خۆش بیهێنی ئەوا ناوی من ببە. ئەگینا لە ماڵ بیهێنە دەرەوە، بیدە بە تەرکی ئەسپەکەتدا و تا ئێرە لێی مەوەستە. لێرە گلەییەکەی لەدڵ دەرئەکەین.
بەگمحەمەد و حەیدەر سوار بوون و لەغاویان ئامادە کردبوو. خانمحەمەد کشایەوە و چوونە ناو ڕەشماڵەکە. دەنگی غاری

ئەسپ هات و خانمحەمەد لای براکەیەوە چۆکی دادا و پرسی:

ــ ئێستە چۆنی؟

گوڵمحەمەد چاوی هەڵبڕی، لێوە سپی هەڵگەڕاوەکەی بزواند و وتی:

ــ شێوتان خوارد ئەکەوینە ڕێ!

خانمحەمەد گوێی هەڵخست. زرینگەی زەنگی وشتر بوو. خانمحەمەد هەڵسا، دەستی دایە تفەنگ و چووە دەرەوە. پاش تاوێک گەڕایەوە و بە براکەی وت:

ــ میوان؛ میوان هاتووە. قوربان بەلووچ!

# بەشی هەژدەهەم

٢٠١٣
کەلیـــدەر
بەرگی شەشەم

## بەندی یەکەم

مەڵەغانەکەی، گۆدەرزی بەڵخی لە وشترخان هێنایە دەرەوە، لە بەر تاریک و ڕوونی بنمیچە کۆن، دەسکەکەی تاقی کردەوە. بەرەو دەرگاکە کەوتە ڕێ تا لە بەر ڕووناکی ڕۆژی درەنگ، ئێوارەی بێگەرد، گەردی یەکساڵە لە دەم و بەری ئامێری کارەکەی بسڕێتەوە. دەسرەی هەورێشمی کۆنی لە مەچەکی دەستی کردەوە. تا بگاتە بەر دەرگای کراوە، لە قەراخ ئاخوڕەکە، پیرەمێردی یەکچاو کوێر، خەزووری پیری پاڵەوان بە دەنگێکی تاساو وەک ڕوخسار و قەڵافەتی، زاواکەی ڕاگرت و وتی:

ـ دروێنە؟

بەڵخی بە سەر ئاخوڕەکەدا چەمایەوە و بۆ ئەوەی دەنگی بتوانێ لە پەردەی کپی گوێی پیرەمێرد تێپەڕ بکات، سەری نا بە بن گوێی پیرەمێردەوە و وتی:

ـ ئا. بەڵێ؛ دروێنە! ڕێکەوتین. لە بەیانیەوە دەس پێ ئەکەین.

پیرەمێرد بە خۆشیەکی کۆنینە لە غەمی ساڵاندا، بە مایەیەکی درێخمەندانەوە پرسی:

ـ دروێنەی گەنم؟

بەڵخی بە هەمان شێوەی پێشوو وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ؛ دروێنەی گەنم. ئەمساڵ زۆربەی زەویەکان کراوە بە گەنم. زەوییەکانی ئاغەیی یەکپارچە گەنمە.

پیرەمێرد پرسی:

ــ تۆ لە دەشتی ئالاجاقی کار ئەکەی؟

جێی ئەو پرسیارانە نەبوو وپیرەمێرد خۆی ئەمەی ئەزانی. خۆ دەشتی خەڵکیتری لێ نەبوو. پاڵەوان بەڵخی بەڵام ئەوەندە بەکەیف بوو کە کەیفی پیرەمێرد کوێر نەکاتەوە. بۆیە دەستی لە لێواری ئاخوڕەکە هەڵگرت، شانی ڕاست کردەوە و بە بێ گوێدانە ئەوەی پیرەمێرد ڕەنگە نەبیسێ، وتی:

ــ وردەمالیک و ناونجی خۆیان و ژن و مناڵیان ئەو چکە پووش و کلۆشەی خۆیان کۆ ئەکەنەوە و دەشتی ئاغەیی تریشمان خۆ لە قەڵاچیمەن نییە؛ هەمانە؟!

بە بێ سەرنجدانی زیاتری پیرەمێردی کەڕ و کوێر، بەڵخی بە دوای کاری خۆیدا کەوتە ڕێ و ویستی بچێتە دەرەوە، کە دەنگی پاڕانەوەی پیرەمێرد، ڕایگرت:

ــ پاڵەوان؟

ــ بەڵێ، فەرموو.

بەڵخی وەرگەڕا و چاوی لە ڕوخساری پیرەمێرد، ڕاما.

ــ تۆزێ دانیشە.

لە تاریک و لێڵی بن بنمیچی کۆن و قورم گرتووی ناو گەوڕەکە، پووکاو و داهێزراو، پیرەمێرد خۆی گرمەڵە کردبوو و بە سۆمای کزی تاقە چاوەکەی ئەیڕوانیە زاوا. نیگایەک کە بۆ خۆی ئەدوا. تا بەئەمڕۆ، تەنانەت تا کاتێکت پێش ئێستەش، خەزووری نیگای لە نیگای زاواکەی ئەدزییەوە و بەهەر شێوەیەک پێی بکرایە ڕووی لێ ئەشاردەوە، چونکە ئەیویست نەکراوە و نەبینراو بمێنێتەوە. ئەوەندە بێڕەنگ و بێڕەنگتر وەک بڵێی بوونی نەبێ. بەئەنقەست و بەمەبەست وای ئەکرد، نەک بڵێی ئاگای لە ڕەفتاری خۆی نییە. تاقیکردنەوەی سالانی درێژی پەککەوتەیی و دابڕان لە کار، ویستی خۆفەوتاندن و تیاچوون وای لێکردبوو. وەک بڵێی بەشێوەیەکی تایبەت بەو جۆرە خۆی بارهێنابوو. بەڕادەیەک

کە نەهێڵێ دەنگی هەناسەی سەرنجی کەس ڕابکێشێ. نە بزووتنێک بەنیاز و نە ناڵەیەک بەگلەیی، وابزانە کلۆیەک هەناسە ئەدا، لە سەمەرەیی ڕۆژگار. کەوتووی سووچی ئاخورە ڕووخاو، بە دۆشەکی کا و سەرینیش کورتانە شڕەی ئەو کەرەی دەمێکە بوو ئیتر نەبوو؛ لە چاوەڕوانیەکی سەرسووڕهێنەر بە نیگای تەماویی تەنها چاوەکەی! بەڵام چاوەڕێی چی و کێ؟ ئەمە شتێک نەبوو سەرنجی خەڵکی ماڵەکە ڕابکێشێ. نیگای پیرەمێرد ئیتر خەریک بوو لە بیری هەمووان ئەچوویەوە و ئەو دەستانەی نان و ئاوێکیان بۆ ئەهێنا، ئەتوت بە لەشێکەوە نەبوون و پارچەڵەیەکی دابڕاو بوون کە بەپێی ڕەوشت و ڕاهاتن، هاتوچۆیەکی بەردەوامیان لەگەڵ پیرەمێرد هەبوو. ئەم دەستانە ئایە هی گۆدەرز بوون؟ ئایە هی ژنەکەی گۆدەرز؟ یانە هی یەکێک لە کچەکانی گۆدەرز بوون؟ بە کردەوە هیچ جیاوازییەکی بۆ پیرەمێرد نەبوو. ئەو دەستانە ئەبوایە کارێک، ڕاسپاردەیەک جێبەجێ بکەن و جێبەجێیان ئەکرد. خۆشەویستیەکی تایبەت لە هیچکام لەو دەستانەدا نەبوو، تا بتوانێ لێکیان جیا بکاتەوە. دەستەکان دەست بوون و؛ پیرەمێرد پیرەمێرد بوو.

ئەم کاتە بەڵام، پیرەمێرد ئینسانێکیتر بوو. ئینسانێک کە ئەتوت لەپڕ گیانێکی تازەی پەیدا کردووە. نەک هەر بوونی بەئاشکرا هەست پێ ئەکرێ، بەڵکوو هەبوونەکەی شیاوی هەموو گیانلەبەرێکی زیندوو، داواکاریشی هەبوو:

ـ ئەمەوێ ئەمشەو لە دەرەوە بخەوم! دڵم حەزی لە ئاسمانە. ئەستێرەکان پاڵەوان. ئەمەوێ ئەستێرەکان ببینم. بەس لە دەرەوەی دەرگاکە، لە بن دیوارەکە ڕائەکشێم. باشە؟ گوێت لێم بوو؟ بیستت؟!

بەڵخی بە جۆرێک حەپەسابوو، لێوەکانی چفت ببوو. نەی ئەتوانی بە خۆی بسەلمێنێ کە ئەمە خەزووری ئەو، خودی پیرەمێرد؛ ئەمە خودی پیرەمێردە زمانی هەڵبڕیوە. لەوپەڕی

سەرسووڕماندا بۆی دەرئەکەوت کە دەنگی پیرەمێرد لە لای تازەیە و ئەهاتەوە بیری چەندە لەمێژە ئەو دەنگەی نەبیستووە. ئەوەندە سەیر بوو لە لای، وەک بڵێی مرۆڤێکی نوێ لەو قاوغە سەری دەرهێنا وە. نەء! ئەم کەسە ناشێ هەمان پیرەمێردی پەککەوتەی ساڵان و مانگان بێ. مسۆگەر شتێک لەودا بەراوەژوو ببوو، کراژی فڕێ دابوو. پیاوێک کە بە داڵانە نووتەکەکانی ژیاندا تێپەڕیوە، ئەوا ئەیەوێ پێ بخاتە بەرجەوەنێکی ترەوە:

ــ ئاسمان! ئەمەوێ ئەمشەو لە بن ئاسمان بنووم! ئەستێرەکان پاڵەوان؛ ئەستێرەکان. وەرە! وەرە بن باڵم بگرە!

بەڵخی لە قەراخ ئاخوڕەکە هەڵسا، مەڵەغانەکەی لە دەرەوەی دەرگاکە هەڵپەسارد بە دیوارەکەدا، دەسری لە دەوری مەچەکی ئاڵاند و گێژی گومان و دڕدۆنگی و فەرمانبەری، بەرەو پیرەمێرد چوو و لە لایەوە وەستا. پیرەمێرد دەستە چەماوەکانی وەکوو دوو مەڵەغان بەرزکردەوە و بەڵخیش دەستە گەورەکانی بردە بەرەوە و لە بن باڵیدا هەڵیپێکا و لە ناو ئاخوڕەکە هێنایە دەرەوە و نەک زۆر بە دژواری، لە دەرەوەی دەرگاکە داینا و لەکاتی هەڵگرتنی مەڵەغانەکەدا ئاوڕی لە ژوورەکە دایەوە و بە بێ ئەوەی لەگەڵ کەسێکی تایبەتی بێ، وتی:

ــ وەرە جێگە بۆ باپیرت داخە کچێ!

کچە خەریکی خاوێنکردنەوەی شووشە لامپا بوو، هاتە دەرەوە و لەگەڵ دایکی کە گۆزە بە شان لە کۆڵانەوە گەیشتە حەوشە، پێک گەیشتن. ژنی بەڵخی چاوی لە باوکی، گۆزەی لە شان داگرت و بەدەمی داچەقاوەوە سەیری مێردەکەی کرد و سەری بە پرسیار ڕاوەشاند. گۆدەرزی بەڵخی زەردەیەکی سەرسووڕمان لە سەر لێوی، بە ژنەی وت:

ــ ئەو هەسانە کۆنە بدۆزەرەوە و بیهێنە، کارم پێیەتی.

دەنگی پیرەمێرد بەرزەوە بوو:

ــ ئاو! زەرکێک ئاوم بدەنێ!

پاشان لە بەر خۆیەوە وتی:
ــ هەوای خۆش؛ هەوای خۆش!

بەڵخی دەمی مەڵەغانەکەی بە دەسرە هەورێشمەکەی سڕییەوە، بە قەراخ چاڵەکەدا ڕۆیشت و لە بن دیوارەکە، چاوەڕوانی هەسانە کۆن، کە ژنەکەی ئەبوایە بۆی بدۆزێتەوە و بۆی بهێنێ، لە سەر سندۆڵە بەردە شکاوەکە دانیشت و ناخودئاگا چاوی بڕییە پیرە پیاو. نیگایەکی ئەوەندە نامۆ وەکوو بڕوانێتە شتێکی تازە، ئادەمیزاد یان گیانەوەرێکی تازە. بەڵخی سەیری ئەکرد و تازە بۆی دەرئەکەوت چەندین مانگ و ڕەنگە ساڵیش زیاترە دەست و تێخی میرزای سەرتاش لە سەر و ڕووی پیرەمێرد نەکەوتووە. یەکەمجار بوو ئەتوت ئەیبینێ. خەرمانێک قژی خۆڵەمێشی لە سەر سەری پیرەمێرد کۆ بۆتەوە بە هەمان پڕی لە بنی ملیەوە تا بن کالانەی چاوەکانی موو داپۆشاوە و بڕۆکانی، دوو سەبەتەی وشک، سێبەری خستۆتە سەر چاڵی چاوەکانی و تاقە چاوی بینای پیرەمێرد، وەکوو کەللایەکی گرنج و پەرداخ نەکراو لە تەوەرێکدا بووە بە بەرد و ئەم کەسم و شکۆ ترسناکە بە هۆی بێدەنگیە مۆنەکەی کابراوە دوو بەرامبەر خۆیای ئەکرد.

ئێسکبەندی قەبەی کابرا کە ئەبێ لە ناوەوە پووکابێتەوە، بە باڵای بەرزییەوە کە لای پشت و چۆکی چەمابوویەوە، ئێسکی دەرپەڕیوی سەر و ئەو شانانەی گەردنی بەرزی کابرایان گرتبوویە خۆ، بە دەست و پەنجەی خوار و خێچ، نینۆکی درێژ و چڵکن، تووکی بۆری پشت دەست و پەنجەکانی، سەرقۆڵی شەقیلە بەستووی و ئەو جلیسقەی لە چڵکدا ببوو بە چەرم؛ وەک بڵێی هەزار ساڵە لەبەری دایە بە سەر کراسەکەیەوە کە کاتی خۆی سپی بووە، کەشکەی ڕەشی ئەژنۆکانی کە لە شەرواڵە هەڵتەقاوەکەیەوە هاتبوویە دەرەوە، لە بەر چاوی بەڵخیدا نموودێکی تازەیان هەبوو.

چەند ساڵ بوو ئەم کابرا لە گەوڕ خزابوو و لەوێ دامرکابوو

و لە نیگا دوور بوو؟ چەند ساڵ و چەند بەهار؟ چەند جەژن؟ ڕاستەکەی بەڵخی حەسێبی لە دەست دەرچووبوو! ئەم کابرا تۆبڵێی کێ بوو و چکارە بوو؟ سەرباری کام ڕەگەز و بنەماڵە؟ نەوەکەی نێرگز، کچی گۆدەرز، ئەوا پێ بەشوو بوو. کە وا بوو پیرەمێرد نزیکەی بیست ساڵ ئەبوو بە خەزووری گۆدەرز ئەژمێدرا و بەڵخی بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو کە ئەیبینی، ئەیناسی و ئەیدۆزییەوە.

بەڵخی، هەسانە کۆنی لە دەست ژنەکەی وەرگرت، بەڵام هەروا گرفتاری نیگای حەپەساوی خۆی بوو لە سەر پیرەمێرد.

پیرەمێرد. زەرکی ئاوەکەی نا بە سەرەوە و تا دوا دڵۆپ خواردیەوە و بەتاڵەکەی دایەوە. پاشان پەنجە لار و کووڕەکانی بە ئەسپایی بەرز کردەوە و بە مەبەستی "تەیەموم" هێنای بە ناوچەوان و گۆنا و ڕیشە ئالۆسکاوەکەیدا و وەک بڵێی لە بەر خۆیەوە بەڵام لەگەڵ گۆدەرز، وتی:

ـ درۆێنە... ئەرێ؟... درۆێنە!

گۆدەرز هەسانەکەی لە سەر دەمی مەڵەغانەکە ڕاگرت و چاو و گوێی تیژکرد بۆ بیستنی قسەکانی پیرەمێرد. کە قسەکردنەکەشی لە سەر و سیمای کەمتر سەیر و سەمەرە نەبوو:

ـ کام دەشتی ئالاجاقی بەرەڵڵا کراوە؟

بەڵخی بەناچار، بەڵام بێ حەزیش نەبوو، لە سەر ئاوەکە هەڵسا. مەڵەغان و هەسان بەدەست بە لای چاڵەکەدا تێپەڕی و بەقەد ناودەرگای گەورەکە، دووری پیرەمێرد دانیشت و پشتی دا بە دیوارەکەوە و وتی:

ـ دەشتی فەلەق!

ـ کام دەشت کێڵراوە؟

بەڵخی لە وەڵامدا وتی:

ـ دەشتی ئاجین!

پاشان بێدەنگی. بێدەنگی نامۆ. ئێوارە، بە بەستێنی هەمیشەیی‌دا ئەرۆیشت تا جێی خۆی بدا بە شەو. تەنها یەک ئەستێرە بە ئاسمانەوە بوو جارێ. چاوێک بە ناوچەوانی خۆڵەمێشی ئێوارەوە، شێوانگە. چاڵ و بەرزی دیوارە قەڵەشاو، کۆنە، دارووخاوەکە لە لێڵایی شێوانگەدا، نموودێکی ترسێنەریان پەیدا ئەکرد. ئەو پارچەڵە ڕووناکیەی لە لامپاکەی ژووری دانیشتنەوە دزەی ئەکردە دەرەوە، ڕەنگێکی کارەبایی ئەدا بە حەوشەی تاریک. هاتوچۆی هاوسەر و کچانی ورد و درشتی بەڵخی کە هەموو لە تەوەری نانی شێوان و خەو و جێ گەسکدان و فانۆس و زەرکی ئاو لە سەر بەرهەیوانەکەی ژووری دانیشتن‌دا ئەسووڕایەوە، نیشانەی سروشتی چوار دیوارە نیوە دارووخاوە بێ دەرک و پەیکەرەکەی گۆدەرز بەڵخی بوو.

دەنگێکی نەزۆر خۆش و هارمۆنیک لە سوانی هەسانە کۆنە بە سەر دەمی پانی مەڵەغانەکەدا بەرز ئەبوویەوە. بەڵخی نەک بەپەلە، بەڵکوو بە هێوریەکی پسپۆڕانە و پوخت بە ئەسپایی و هەمیش وەکوو جەنگاوەرێکی لێزان، خەریکی پەرداخت کردنەوەی ئامێر و چەکەکەی خۆی بوو. مەڵەغانی خۆشدەست، ئامێری دروێنە، هاوڕێ، هاوپێ و هاودەستی پیاوەکە بوو و لە هەموو دەشتەکانی قەڵاچیمەن‌دا خۆی ڕاوەشاندبوو و شانی لە عەرز خشاندبوو؛ ئێستە ئەوا دەمەساو ئەکرایەوە تا بۆ ساڵێک پەرداخت بێ. مەڵەغانەکەی بەڵخی هەرچەند قورس و پڕووکێنەر بوو، بەڵام ملکەچ و بە فەرمانی خاوەنەکەی بوو. مەڵەغانەکەی بەڵخی بە هەمان ئەندازەی دروێنەوانیەکەی بەناوبانگ بوو و هەم بە ڕادەی لێهاتوویی کابرا بەکار و خۆشدەست و کارامە بوو. لەگەڵ گەنجێتی بەڵخی دەستی بە کار کردبوو، لەگەڵ تاقیکردنەوەی ساڵانی، هاوپێی هاتبوو و ئێستەش هاوڕێی بۆ سەفەرێکی تر ئامادە ئەبوو، بۆ مەزڵگەیەکی تر. دروێنەی دەشتی ئاجین؛ بە کوێخایی و گزیری بوندار و سالار ڕەزاق.

ئەوەی کە کینە لە بابقولی بونداردا وەکوو هەستی بۆنکردن و بیستن بەشێک بوو لە خوو و خدەی، شتێکی ئاشکرا و ئاسایی بوو. ئەوەش کە بوندار ڕقێکی کۆنەی لە بەڵخی، ئەم پیاوە بێکارە، بێ زەوییە، فرەوێژە هەبوو، گومانی تێدا نەبوو. دەسکورتی بوندار، هەم ئەو ڕقەی لە ناخی دڵیدا بەرامبەر بە بەڵخی هێلانەی کردبوو، وای لێ ئەکرد تا دەستی پاڵەوان بۆ ئەو کارەی کە سەرەتا و کۆتاییەکەی یەکسەرە لە بن دەسەڵاتی بونداردا بوو، ئاواڵە نەبێ. ئەمە ئاساییترین شێوە و شێوازی بوندار بوو سەبارەت بە بەڵخی و بەرامبەر بە ئەو. وا چاوەڕێ ئەکرا و نیشانەکانیش وایان پیشان ئەدا کە بابقولی بوندار لە هەر کوێیەک دەستی بڕوا، نان لە گەرووی گۆدەرزی بەڵخی ببڕێ و بیخاتە تەنگانەوە. ئەوەندەی پێی ئەکرێ پاڵەوان لە چاوی خۆیدا سووک و لاواز بکات. ئەمەش لەگەڵ پێشینەی ئەو دووانە و دژایەتیان لەگەڵ یەکدی یەکی ئەگرتەوە. کێشە و پێکاهەڵپژانیان لە سەر هەموو شتێک ڕیشەی زۆر باریک و قووڵی هەبوو. دەسبەسەراگرتنی دەلاڵی و بڵاوکردنەوەی قاچاخ، تەرەکردن و دوور ڕاگرتنی بەڵخی لە هەموو دەرەتانێکی کار و پیشە، کە خۆی بەرەنجامی ترسێکی نامۆ بوو لە بونداردا. بێباکی بەڵخی لە بەرزەبڵێیی و ئاشکرا کردنی بوندار، هەڵشاخانەوەی ئەو دووانە لە سەر گرنگترین و بێ نرخترین دیاردەکان، کرداری وەکوو بێ خەم بوونی بەڵخی لەکاتی فڕاندنی شەیدادا، پشتگیری ئاشکرای بەڵخی لە کابرای ئەفغان و داڵدەدانی و شتی تری لەو بابەتە و، لە ئەنجامدا وەستان لە بەرامبەر بونداردا.

بەڵخی بۆ دژایەتی کردنی بوندار، شان بە شانی ئەو جووتیارانە بوو کە بەکار بوون بەڵام هەژار، ئەوانەی کە پێمەڕەیان لە سەر ئاوی ئالاجاقی و ڕیشیان لە گرێوی بەزەیی بونداردا بوو؛ ئاوێنەی شانازی کردنێکی سەرخۆشانە کە هەمیشە لە پاڵەوان بەڵخیدا زیندوو بوو، هەر هەموویان ئەیانتوانی ئەو هۆیانە بن کە ڕق و

دوژمنی بوندار، به بێ ڕەچاوکردنی ویژدان، پەرە پێبدا. ئەو هۆیانە ئەیانتوانی هاندەر بن -و بوون- کە بوندار چاوی دیتنی بەڵخی بە سەر زەوییەوە نەبێ. هۆ بوون بۆ ئەوەی شەو بەو هیوایەوە سەر بنێتەوە کە ئەو دیاردە ناقۆڵایەی ناوی بەڵخیە تۆوی نەمێنێ. بەڵام ئەوەی لە بەڵخیدا هەبوو و لە ئاستی باڵای پێگەیشتندا بوو و، لە چاوی دوژمن و دۆست شاراوە نەبوو، لێهاتوویی ئەو بوو لە کارکردندا. کارێکە لە جەوانیەوە پێی ڕاهاتبوو و لەکاتی پێداویستی دەشتدا، ئەو کارامەییەی بەڵخی وزەیەک بوو کە بە سەر هەموو کەند و کۆسپ و لەمپەرێکدا زاڵ ئەبوو. تەنانەت بابقولی بونداریش نیازی پێی هەبوو و نەی ئەتوانی چاوپۆشی لێبکات. تا ئەو ڕادەیەی کە بوندار سەرەڕای ئەو نەفرەت و ڕقەی لە دڵیدا هەبوو، بە زمانی نیاز، پەیامی بۆ بەڵخی ناردبوو با ئەمساڵیش بێت و دروێنەی دەشتی ئاغەیی سەرپەرشتی بکات. کە وا بوو بەڵخی ئەبوایە کەمەربەندی بجەڕێنێ و پوزەوانە ببەستێ، ئامێری کاری پەرداخت بکا و پاژنەی گیوەی هەڵبکێشێ، شان بداتە بەری و پێ بخاتە دەشتی دروێنە بۆ کاری وەرز، جا ڕۆژگار چ وازییەکی بە دەمەوە بێ؟!

خێزانی بەڵخی، جێگەی باوکی ئامادە کرد و پیرەمێرد بە بێ دەربڕینی کەمترین سپاسمەندییەک، بە دژواری لە سەر جێگەی دانرا و لە چەقی بێدەنگیەکەی خۆیدا جێگیر بوو. گۆدەرز هەروا خەریکی ساوینەوەی ئامێرەکەی خۆی، جار جارە لە بن برۆ خەنجەرییەکانیەوە سەیری پیرەمێردی ئەکرد و دیسانەوە نیگای وەرئەگێڕایەوە بۆ هەسانەکە و بریقەی دەمی مەڵەغانەکەی. وتووێژ لەگەڵ پیرەمێرد، لە بەر ئەوەی گوێی زۆر قورس بوو، دژوار بوو. بەڵام بۆ ئەوەی پیرەمێرد دڵی نەڕەنجێ، لە لایەوە دانیشتبوو و خەریکی بیرازکردن و تیژکردن؛ هەرچەندە ڕووناکی دووری لامپاکە دادی نەئەدا.

ـ هەوایەکی خۆشە ئەمشەو، پاڵەوان!

گۆدەرز دەستی خاو کردەوە، ڕوانیە پیرەمێرد و وتی:

ــ ئا، بەڵێ، ساماڵە. ساماڵێکی یەکپارچەیە.

ــ زۆر!... زۆر!... ئەستێرەکان ئەبینی؟ ئەڵێی سەد ساڵە ئاسمانم بەو جۆرە نەبینیوە!

گۆدەرز جارێکی تر ئاوڕی لە پیرەمێرد دایەوە و وتی:

ــ بەڵێ... ئەستێرەکان زۆر بە وریشەن؛ زۆر!

ــ زۆر!... زۆر!... ئەو سەردەمانە، تا درەنگان درەومان ئەکرد. تا مانگ بە ئاسمانەوە بوو، ئەگەر مانگەشەو بوایەت. ئای... ئای... بابە گوڵاو بوو، من بووم، باوکی بەرات بوو و لوقمان. مەڵۆکێشیش باوکی سەمەدی توونچی بوو. سەرەڕۆیی و ڕقەبەری جەوانی، کارمان لە خۆمان ئەکێشایەوە. مەڵەغانی لوقمان قورستر بوو. هەموو کەس نەی ئەتوانی دەستی بداتێ و نیو کاژێر دروێنەی پێ بکات. پاش نیو کاژێر کارکردن بەو مەڵەغانە، ئارەق بە حەوت بەندی لەشی کابرادا ئەهاتە خوارەوە. لەو سەردەمەدا کەم کەس هەبوو داس بەکار بهێنێ بۆ کێڵگە. لایان شوورەیی بوو درەوکردن بە داس. کەم کەس هەبوو وابکات، مەگەر چۆنها بوایەت. مەڵەغان، مەڵەغان! شەوانێکی خۆش بوون. شەوانێکی زۆر خۆش بوون. وەکوو ڕۆژی ڕۆشن ئەو شەوانەم لە بیر ماوە. درەنگان، کاتی زۆر درەنگ ئەکەوتینەوە ڕێ بەرەو قەڵاچیمەن. لوقمان، یادی بەخێر، دەنگی زۆر خۆش بوو. تا بگەینە قەڵاچیمەن چوارینەی بۆ ئەوتین. هی حوسەینا و هی نەجما... بابە گوڵاویش خۆش مەشرەب بوو. زۆر شۆخ بوو و سەری ئەخستە سەر باوکی بەرات. ئەگەیشتینەوە ماڵەکانمان خەو و شەکەتی ئەیخستین تا سپێدپەهنا کە ئەبوایە هەڵسین و تا گەرمی نەکردووە بڕۆین و لەکار بنەوین. بەر لە ئێمە پاشەرۆک چنەکان لە سەر مەڵۆکان دانیشتبوون و چاوەڕێیان ئەکردین. ئای... چ شانازی و دفرەیەکمان هەبوو! ژن و کچانی قەڵاسچن وەکوو کۆمەڵێک مەلی سەحرایی بوون. شەوقی کارکردنیان ئەدا بە مرۆڤ، ئەی... ئەی! گەورەترین

ئەدگاری شیاوی ژن ئەوەیە کە ئەتوانێ پیاو ببزێوێ و مەزنترین فرۆزەی خراپیشی ئەوەیە کە ئەتوانێ پیاو تووشی بێزاری بکا. ژنە، ئیتر!

بەڵخی بە نیگا و زەردەیەکی شۆخ، سەرنجی دایە و لە ڕواڵەتی ئاڵۆسکاوی پیرەمێرد ورد بوویەوە. ئەتوت حەزی ئەکرد ڕیشە یان نیشانەی ئەو جۆرە گوتە و قسەیە لە پیرەمێرددا بدۆزێتەوە و لەو بیرەدا بوو کە بە درێژایی ئەو ماوە دوور و درێژەی خزمایەتی تەنها یەک نموونەش لەو شێوە ئاخافتنەی لە خەزووری نەبیستووە! نەء. هیچی لەو بابەتە نەئەهاتەوە بە بیریدا. بەڵام بە ڕاستی بە دوور لە بڕوا و بیرەوەری بوو. نەء! هەرگیز نەی بیستبوو. بێگومان.

پیرەمێرد بێدەنگ ببوو. پانیەی سەری نابوو بە دیوارەکەوە و نیگای یەکانەی بڕیبوویە ئاسمان. بەڵخی تێخی مەڵەغانەکەی بەرز کردەوە تا لە بەر ڕووناکی لێڵی لامپاکە، کە ئێستە هێنرابوویە دەرەوە و لە سووچی بەرهەیوانەکە دانرابوو و کچەکانی وەکوو هەموو شەو لە دەوری خڕ ببوونەوە و دەستیان لە سفرەی ناندا بوو، سەیر بکات. بەڵام ڕۆشنایی بەس نەبوو. ئەبوا هەڵسێ و لە ڕووناکیەکە نزیک ببێتەوە، بۆ ئەوەی بەرهەمی کارەکەی ببینێ. بەڵام لە کاتی هەڵساندا، تاودانەوەی دەنگی بەهێزی پیرەمێرد لە شوێن خۆی ڕایگرت:

ــ ئەم دنیایە سەر و بنی نییە، گۆدەرز!

گۆدەرز ئاوڕی لێدایەوە، پیرەمێرد هێشتاش لە ئاسمان بوو:

ــ حەوتەوانەی کەڵان... حەوتەوانەی گچکە. کاروانکوژە... گەلاوێژ. کاکێشان. تاریکە ڕێی ئەسکەندەر. ئای... ئەڵێی هەزارساڵە ئەم شتانەم لە بیرە؛ هەزاران ساڵ!

ژنی بەڵخی، پێخەفەکەی باوکی لە وشترخانەکە هێنا و لە لایەوە داینا:

ــ دەمەوبەیان ساردی ئەکا؛ بیدە بە خۆتا.

پیرەمێرد بەڵام لە زەوی نەبوو:

ــ بەخێڵ نییە. ئاسمان بەخێڵ نییە. لەگەڵ مرۆڤ دوژمن نییە. نەء. دوژمن نییە.

ژنی گۆدەرز، لە بن گوێی باوکیدا بانگی هەڵدا:

ــ نانی ئاوکراومان هەیە، ددانەکانت گیریان هەیە بۆت بهێنم؟

باوک، نیگای لە ئاسمان وەرگێڕا و ڕاما. گۆدەرز بە ژنەکەی وت:

ــ بیهێنە لە بەردەستی داینێ. ئەوە ئیتر پرسینی بۆ چییە!

ژنە ڕۆیشت و بەڵخی تاوێکی دیش سەرنج و بیری لای پیرەمێرد بوو؛ پاشان هەڵسا و بەرەو بەرهەیوانەکە چوو و لە ناو هەڵقەی مناڵەکان دانیشت و بە بێ ئەوەی پیرەمێرد لە بیر بکات، بۆ تاقیکردنەوەی تیژیی مەڵەغان داوای چەقۆی لە ژنەکەی کرد. ژن نان و ئاوی لە بەردەست باوکیدا دانا و گەڕایەوە بۆ ژوورەوە و چەقۆی لە گیرفانی جاکەتەکەی دەرهێنا. کچەکان وەکوو جووجەڵە بە دوای دایکیاندا چوونە ژوورەوە بۆ ئەوەی هەر کەسە و چارۆکە و بەرهەڵبێنەی گەنم کۆکردنەوەی خۆی لە دایکی وەربگرێ و بیخاتە ژێر سەری بۆ ئەوەی لە تاریک و ڕوونی خەواڵووی بەیانیدا نەبێ بە منمن و تۆتۆ.

ژنە چەقۆی دا بە شووەکەی و باڵەکانی سفرەکەی هێنایە یەک و چووە ژوورەوە بۆ جێبەجێکردنی کاری کچەکان. بەڵخی دەمی چەقۆکەی کردەوە و هێنای بەتێخی مەڵەغانەکەدا و گوێی ڕاگرت لە قسەکانی پیرەمێرد کە خۆی گوتەیەک بوو بە بێ نیازی بیسەر:

ــ «سەیرە! سەیرە!... چییە ئەم دنیا؟ چیت تۆ، دنیا؟ چیت تۆ؟ تێنەگەیشتم! بوون... مناڵی... مێرمنداڵی... گەنجێتی... پسپۆڕی... پیری... پەککەوتەیی... مردن! ئایی... ژیان هیچ لێت تێنەگەیشتم! لە کوێوە هاتم؟ بۆ کوێ ئەچم؟ لە کوێم؟ لە

کوێ بووم؟ کێ بووم؟ چی بووم؟ ئایی... ژیان، لە بەر چاوما هەر هەمیشە پەردەیەک بووی. چاوی بیناشم کە هەبوو، ڕووی خۆشت هەر پیشان نەدام! هەزار چاویشم هەبوایە، ڕووت پیشان نەئەدام. ڕووی خۆت پیشانی چاوی هەموو دنیا، پیشانی چاوەکانی هەموو دنیا نادەی، پیشان نادەی. لەم بێ سەروبنیەدا، جگە لەم خاڵە هیچم نەزانی، ئەم تەنها خاڵە؛ بەس! لەم گەشتەدا کە خەریکە کۆتایی پێ ئەهێنم، جگە لە نەزانی چیم هەیە؟ چیم پێیە؟ چی؟ چیم لە بیرە؟ لە منالی، سەرما. لە جەوانی، گەرما. لە پسپۆڕی، ئارەقەی کار. لە پیریش، خاکی ڕێ. لە پەککەوتەییش، نسێ. سێبەر و تاریکی. هیچی ترم لە بیر نەماوە؟!... هەی ئەگەر شتێک بوایە، ڕەنگە لە بیرم ئەما، ئیتر! مەگەر ئەم ئاسمان و ئەم ئەستێرانەم لە بیر نەماوە؟ با. ئەوەندەی لە بیرمە، ئەمانە هەبوون. بێ سەروبن. بێ سەرەتا و بێ کۆتایی... بیرم لە سەر جێیەتی، دڵنیام. دەشتی ئاجین و فەلەق... ڕێگەی شۆڕاو... خانی زەعفەرانی... کازیوە. سروەم لە بیرە لە سەر نەیشاپوورەوە هەڵی ئەکرد. لە بیرمە دەشت لە بەری قیبلەی قەڵاچیمەن بوو، ئاو لە سەرەوە ئەهات و بە ناو شاکۆڵاندا تێ ئەپەڕی و لای خوار ئاوایی ئەڕژایە خوارەوە و ئەبوو بە دوو لقەوە. نەمامە ناسکەکانی ڕاستەبی خۆمان چاندمان. ئێستە ئەبێ قەدیان کێشابێ. ئاوی ڕەوان! ئای چەن ساڵ ڕابردووە؛ چەند بەهار؟ تەمەنی گەیشتۆتە چەن ساڵ؟ چەن پادشا؟ ئەمەم ئیتر لە بیر نییە. گزیرەکان ئەهاتن، سوارەی باج و خاوە ئەهاتن. باج. بە کڵاوی درێژ و عاباوە. پاشان کڵاو و عابایان گۆڕا. بەڵام بۆ وەرگرتنی باج هەر هاتن. لەو ناوەدا چاوەقووڵکە داکەوت. باش لە بیرم نییە ساڵی نەخۆشیەکە چەن کەس دەرچوون. لوقمان... ئای... لە بیرمە کە خۆم دەرچووم. چەن قەبرم هەڵکەند؟ چەن قەبرمان هەڵکەند؟ چەن کەس بووین کە قەبرمان هەڵئەکەند؟ بابە گوڵاویشمان لەگەڵ بوو؟ لوقمانیش...

ئای... لە پاش ئەوەش بوو بە قات و قڕی. چوارپێکان زۆر لەڕ ببوون. تفاقی ئاژەڵەکان خەڵکی خۆیان ئەیانخوارد. کەرەکان یەکپارچە ئێسقان بوون. ئەمردن. ئەکەوتن و ئەمردن. ئەگەر لە ناو کۆڵانەکانی قەڵاچیمەن بمردایەتن، ئێمەی جەوان ئارەقی ڕەش و شینمان دەرئەدا تا گوریسیان تێ بخەین و بیانبەینە دەروە و لە چەمەکەی گردی خولامۆ فڕێیان بدەین. هیلاک ئەبووین، بەڵام کارمان ببوو بەمە. کەرە تۆپیومان لە دێ ئەبردە دەرەوە، چاڵمان بۆ هەڵئەکەند و خاکمان ئەکرد بە سەریدا. مەڕەکانیش کە مردار ئەبوونەوە، هەر وامان لێ ئەکردن. خۆ گۆشتیان پێوە نەمابوو تا سەریان ببڕین. بۆیە پەتمان ئەبەست بە پاچکەیانەوە و ڕامان ئەکێشان تا لای گردەکە و لە لێژایی چەمەکە ئەمان ناشتن. پەزدارەکانیش ئەهاتن و مەڕیان ئەهێنا و مەڕێکیان بە مەنێ جۆ ئەگۆڕییەوە. بەڵام بە مەنێک کایش لێیان نەئەکڕین. تفاق نەبوو و ئەوەی هەبوو لە هەمارە گەورەکاندا بوو. لە موغیسە بوو، لە زەعفەرانی بوو و لە جێگەی تریش هەبوو. بۆیە پەزدارەکان، مەڕە برسیەکانیان ئەدایە بەر و دارەکەیان بە سەر خاکدا ڕائەکێشا و ئەڕۆیشتن. کاتێکیش کە ئەڕۆیشتن، لە ئێمە خراپتر بوون. ئەتوت کەسانێک بەپێی خۆیان ئەچن بۆ گۆڕستان. قاچی خۆیشیان ڕائەکێشا و بە دوای خۆیاندا ئەیانبرد. ئێمە حەزمان ئەکرد توانا و هێزی ئەوەمان هەبێ یارمەتیان بدەین، بەڵام لە وزەماندا نەبوو. چۆکمان هێزی ڕێکردنی نەبوو. دڵمان ئەخێورایەوە. ئەوان لە کۆڵانەکانی ئێمە ئەڕۆیشتن بۆ ئەوەی لە بیابان بمرن. ئێمەش لە بەر ماڵی خۆمان، لە ناو کۆڵانەکانی خۆمان ڕاکشابووین و چاوەڕێی مەرگ بووین. مەرگ! مەرگ، زۆر لە دەرەوە چاوەڕێی نەئەکرد. بە کۆڵانەکاندا ئەگەڕا. شەو و ڕۆژ، لە هەموو شوێن بوو. بەچاوی خۆم، من بە چاوی خۆم هەشت جار بینیم. هەشت جار هات لە بەرامبەرم ڕاوەستا و پاشان ڕۆیشت. جارێکیان هات لە سەر سینەم دابنیشێ، من

ڕاکشابووم. بەڵام لەپڕ لە پشت دیواری دراوسێکەمانەوە بانگیان کرد و پاش تاوێک لە دنیای زیندوو-مردووی خۆمدا هەستم کرد قیژە و هەرای کچەی هاوسێمان دامرکایەوە. پاش ئەوانیش لە ماڵی دراوسێیەکی ترەوە بانگیان کرد. ئەوە بوو ئەو ڕۆیشت بەرەو ئەولا، بۆ بەر باکە. پاشان من توانیم هەڵسم. لە ترسان هەڵسام و خۆم گەیاندە ماڵی دراوسێکەمان. مەرگ لەوێ نەبوو. مردوو لەوێ بوو. پووری خۆڵ بە سەر بە سەر کچەکەیەوە کز ببوو و وزەی ئەوەی نەبوو بیلاوێنێتەوە. خوشکی مامیشم لە سووچێکا دانیشتبوو و بە بێدەنگی سەیری ئاپۆمی ئەکرد. چاوەکانی ئاپۆم هێشتا ئاوەڵە بوون، دانەویمەوە و دەستم هێنا بە چاویا. سێبەر بوو. هاتمەوە بەر خۆرەکە و کەوتمە ڕێ هەرجۆر بووە دوو قەبر هەڵکەنم. بابە گوڵاوم دۆزیەوە. ئەو لە من گەنجتر بوو و هێشتا لەپێ نەکەوتبوو. گیرم هێنا. ئەو وتی ناپەرێزییان کردووە. وتی مامە و ژنەکەی چوونەتە لای گردی خولامۆ، خۆڵی بن چەمەکەیان هەڵداوەتەوە بەڵکوو پارچە گۆشتێکی مردارەوە بوو دەربهێنن و بیخەنە ناو مەنجەڵ و بیکوڵێنن. بێ ئاگا لەوەی ئاژەڵەکان گۆشت بە لەشیانەوە نەبوو، کاتێکە مردارەوە بوون. لە بەر ئەوەی بە دەستی بەتاڵ نەگەڕێنەوە، ڕەنگیشە لە داخی دڵیان، گەڵوگونی کەرەکەی باوکی عەلی خاکی ئەبرن و ئەیهێنن و ئەیخەنە ناو مەنجەڵ و ئەیکوڵێنن و بە نهێنی، بە دوور لە چاوی خەڵکی ئەیخۆن. پاش تۆزێک کۆڵنج ئەکەن و پاشانیش ئەمرن. چۆنیان ئەقیژاند و ئارام ئەبوون بۆ ئەوەی هێز بێتەوە بەریان و جارێکیتر هاوار بکەن و مەرگ لە خوا بخوازن. مەرگ تا بەیانی کاتی بەرچایی لێیان ڕاوەستا، پاشان لە سەر دیواری ماڵی ئێمەوە چووە سەریان و بە ئاسانی گیانی کێشان. وا پێ ئەچێ هەزار ساڵی لەمەوبەر بوو، یانیش دوێنێ بوو! قیژەکانیانم لە بیر ماوە و دەنگی خامۆش بوونیشیان. چیمان بکردایەت؟ سەرەڕای ئەوەی لاو بووین، بەڵام چون دەست و پێمان وزەی تیا نەمابوو، ڕۆژی دوو

قەبر زیاترمان بۆ هەڵ نەئەکەنرا. بۆیە تەرمەکان کەڵەکە ببوون و فریایان نەئەکەوتین. هەر ماڵە و لانیکەم تەرمێکی تیا بوو. ئێمە ئەبوایە هەموو قەڵاچیمەن بنێژین! تەرمەکانمان دەساودەس ئەبرد تا لای گردی خولامۆ. لای چەمەکە ئەمانخەواندن و بە ورگی بەتاڵ ئەبوایە پێمەڕە لە زەوی بچەقێنین بۆ ئەوەی بتوانین درێژە بە گۆڕ هەڵکەندن بدەین. هەموو ماڵێک کە هەیبوایە سوێندی خواردبوو مشتێک گەنمەشامیمان بداتێ. بەڵام نەبوو. نەبوو و ئەگەر هەشبوو، دوو بەشی خۆڵ بوو. چیمان بکردایە؟ چاومان ئەبەست و ئەمانکرماند. ڕۆژانی دوایی گەلەک زۆر ببوون. پیرێژن و پیرەمێرد و مناڵ. هەمووومان بەریز لەبنی چەمەکەدا خەواندبوو. چارەمان نەبوو ئەگەر لەوە زیاتر ڕامان بگرتایەتن، بۆگەنیان ئەکرد. بۆیە دەستمان لە قەبر هەڵکەندن هەڵگرت و خۆڵمان کرد بە سەریاندا. هەموو زیندووکانیشمان لە قەڵاچیمەن ڕاکێش کردە دەرەوەی قەڵاچیمەن و وتمان خۆڵ بهێنن؛ خۆڵ بهێنن. ژنەکان لە ناو لۆی چارۆکەکەیاندا خۆڵیان ئەهێنا و پیاوەکان بە توورەکەکانیان و، مناڵیش -ئەگەر مابوون- بە کڵاوەکانیان. هەندێک لە تەرمەکان هێشتاش قامکی پێیان بەدەرەوە بوو، کە ئێمە بەهۆی شەکەتی زۆر و برسێتیەوە لە سەر خۆمان چووین. پێمەڕە و توورەکەمان فڕێ دا و لە لای مردووەکانەوە بەربووینەوە. بەیانی کە هاتینەوە بە خۆماندا سیانمان لێ مردبوو. لوقمان یەکیان بوو. جێی شوکرانە بژێری بوو، ناچار نەبووین تەرمەکان بگوێزینەوە. چونکە ئەگەر لە ماڵەکانمان بمردایەتین، کەس وزەی ئەوەی نەبوو بمانباتە دەرەوە و بمانگەیەنێتە لای گردەکە و مسۆگەر بۆگەنمان ئەکرد. هەر لەوێ گڵمان کرد بە سەریاندا و خوا خۆی ئەزانێ چۆن هەندێ لە ئێمە ماینەوە. نازانم! ڕەنگە هێشتاش بەشمان بە دنیاوە مابوو. خوا ئەیزانێ!

ــ گۆدەرز، گۆدەرز، ئەو کوندە ئەبینی؟ ئەمە ئەو کوندەیە لەو ڕۆژگارەوە لەم قەڵاچیمەنەدا ماوەتەوە!

گۆدەرز نە ئەی ئەتوانی قسە بکات، نە وەڵام و نە پرسیار! بەس سەیری ئەو پیرەمێردە سەیرەی ئەکرد بە بێ ئەوەی بتوانێ چاو بترووکێنێ. تەنانەت هەستی بەوەش نەکردبوو کە قەدیر خشکەیی خۆی کردووە بە ژووردا. تەنانەت ئێستەش لە تەنیشت خۆیەوە هەستی بە بوونی نەئەکرد:

ــ «مناڵەکانی ئەو سەردەمە، ئەو مناڵانە کە مابوون، تا بە تەواوی پێگەیشتن نەیان ئەوێرا بەبن چەمەکەدا تێپەڕن. تەرمەکان چەندە زیاتر لە شوێنێک‌دا کۆ ببنەوە، سامناکترن. زۆر لە مناڵەکان ترسابوون. دایکان تا ماوەیەک دوای ئەوەش کاتێکە ئەیانویست مناڵەکانیان بترسێنن، ئەیانوت: «ئەتبەم ئەتخەمە ناو چەمەکەی خوار گردەکە!» پاشانیش ئەگەر لافاو نەهاتایەت ڕەنگە ئێسقانەکان لە بن گردەکە هەر مابوون. ئەمان. من کە هێشتاش ئەیانبینم. ئەء! من کۆتاییم نەکردووە. هەر کارێکم لەدەس هاتبێ بۆ ئەو خەڵکەم کردووە. بەڵام چی بکەم لەگەڵ مردنیان؟ چی بکەم؟ چی بکەم لەدەستی ئەم ژیانە؟! ئای... ژیان! ئەوانە ئێستە لە کوێن؟ ئاو بردوونی و دەستی یەکیان بە قەدی ئەوی ترەوە. چاوی یەکیان لە کاسەی سەری ئەوی دی‌دا. چووزانم؟ ئاو باشە. چووزانم؟ هیچ نازانم! چیم بینی؟ چیم بینی؟... نەزانی... نەزانی... هەزار ساڵە... چووزانم؟ توێشە بەرەی ڕێم نەزانیی. نەزانیی!... پەککەوتەیی، پیری، پسپۆڕی، جەوانی، مێرمنداڵی، منداڵی، کۆرپەیی، پیری، مردن! ئایی... ژیان! ئایی... خولقان! تێت نەگەیشتم. لێتم نەچەشت، مەگەر بە چێژی مەرگ. بۆنم نەکردی، مەگەر بە بۆنی مەرگ و هیوای گەنم. تێت نەگەیشتم، تێت نەگەیشتم! نە زانیم لە کوێوە دێم و نە زانیم بۆ کوێ ئەچم! ڕووت پیشانی من نەدا. ڕووت پێ پیشان نەدام. هەزار چاویشم ئەگەر بوایە، ڕووت پیشانی من نەئەدا. لەم بێ سەرەوبەرییەدا، جگە لەم خاڵەم دەسگیر نەبوو! بەس ئەمە! خاک بە خاک. نەزانی... نەزانی!...

هەڵسم، هەڵئەسم، با هەڵسم. تۆ ئەناسم. جارێکی کەش تۆم دیوە، بە هەشت کەڕەت!... دەستم بگرە!... با دەس بنێمە سەر شانت. ئاخ ئەژنۆکانم... ئیتر هێزیان تیا نەماوە. دەستم توند بگرە، دەستت ئەناسم. چل-پەنجا ساڵێک دواکەوتی؟! پشتم... پشتم. لێم گەڕێ با تەنها جارێکیتر سەیری ئەم ئاسمانە بکەم. ئاخ... هەرچی مەزن! هەرچی مەزن!... ئەستێرەیەک شکا. یەک ئەستێرە شکا. تەواو بوو. بڕۆم، بڕۆم. ئەبێ بڕۆم. با بڕۆین!»

لە کاتی هەڵساندا، لە بەر ڕووناکی لامپاکە، سێبەری پیاوی کۆنینە لە سەر دیوارە قەڵەشاوەکەی بەرامبەر بەقەد دێوەزمەیەک ئەبوو. ماندوو، تێک قرماو، شکاو و چەماو. دەستە خوارەکانی بە دیوارەکەوە، قاچە لارەکانی لێک هەڵبڕاو. پشت و شانی هەڵتۆقیو. کەللەی زل و قژی بنەگەون. خێوەتێکی نامۆ، بە کەمترین جووڵەی لەش یان ئەندامی، شێوەیەکی ترسناکی پەیدا ئەکرد. سەرەڕای ئەو هەموو دژوارییە ئەتوت ئەبوا خۆی بگەیەنێتە حەشارگە. تا چوارچێوەی دەرگای وشترخانەکە یەک تاقە هەنگاو زیاتر نەبوو. دەست و پەنجە خوار و تووکنەکەی کابرا، بە ئەسپایی و بە وریایی چنگی بە دیوارەکەدا ئەخزاند و وەکوو پەزپەزەکۆڵەیەکی ڕەش خۆی ئەخشاند تا خۆی بگەیەنێتە چوارچێوەی دەرگای وشترخانەکە. بن پێی زل و لە فۆرم کەوتووی بە پەنجە کورتەکانیەوە لکابوو بە عەرزەکەدا و هاوکات لەگەڵ دەستەکانی بەرەو ڕەشایی ناو دەرگای وشترخانەکەی ئەخزاند.

قەدیر سەرتاپا ڕق و تووڕەیی، بەردێکی لە مەلی شەوگەڕ گرت و لە سەر دیوارە ڕووخاوەکە هەڵیفڕاند. خۆیشی خەم لە ئەژنۆ، دەستی بە لێواری سەکۆی بەرهەیوانەوە، ئەفسوونکراو درێژەی دا بە سەیرکردن.

پیرەمێرد گەیشتبوویە ناو دەرگای وشترخانەکە و ئەوا نیوەی شانی و چۆکی خەریک بوو ئەچووە ناو تاریکیەکە. قەدیر ڕووی کردە بەڵخی، بەڵام بەڵخی ئاگای لە بوونی قەدیر نەبوو و

ئەتوت چاوەکانی بووە بە گوڵمێخ و دادووراوە، بەدەمی داچەقاو و لە بن برۆ ئەستوورەکانیەوە مات و حەپەساوی ئەو کردارە سەیرەی پیرەمێرد بوو. قەدیر خزایە بەرترەوە و لای بەڵخی وەستا. پیرەمێرد، ئەوا لە ناو تاریکاییەکەدا ون ببوو. دەنگی باڵندەکە لە دوورەوە ئەهات. قەدیر دەستی نایە سەر شانی بەڵخی. بەڵخی چاوی ترووکاند و هەناسەی کێشا و ڕەگ و جمگەی تەزی پیاهات و توانی ڕوخساری لەو حەپەسانە ڕزگار بکات. ئاوی داوا کرد. قەدیر ڕۆیشت و زەرکێک ئاوی بۆ هێنا. بەڵخی خواردیەوە و زەرکەکەی دایەوە بە قەدیر. قەدیر ماوەی ئاوەکەی پرژاند بە سەر خاکەکەدا و لە لایەکەوە داینا:

ــ تۆ هیچ لە گوتەکانی تێگەیشتی؟!

بەڵخی سەری لەقاند و دەستی هێنا بە تەوێڵ و چاویدا و سەری داخست. نەیتوانی سەیری قەدیر بکات، یانە خۆ دڵی سەیر کردنی نەبوو. قەدیر ئەمجار پرسی:

ــ تیژت ئەکرد؟

بەڵخی بە نەوایەکی هێدی و بەئاواز، نەک لەو جۆرەی خەیال ئەڕووشێنێ، بە کپی گوتن لە خەودا، وەڵامی دایەوە:

ــ کار، بەیانی دەس پێ ئەکا!

قەدیر داسە کۆن و سواوەکەی خۆی وەکوو قولێنگ بە دوو دەست گرت، نووکەکەی کوتا بە عەرزدا و بۆنی گلەیی لە پرسیارێکی گوماناویدا، وتی:

ــ هاتم... شتێکت پێ بڵێم گۆدەرز!... لە ڕاستیدا ئەمەوێ ڕاوێژت لەگەڵ بکەم. سەبارەت بە کاری خۆم. ئاگات لێمە... یان بڕۆم و کاتێکیتر بگەڕێمەوە؟... ها؟... ئاگات لێمە؟

ــ لێتە!

ــ هاتووم لێت بپرسم کە من... مەبەستم هیچکارێک لەدەس من نایەت؟ ها؟!... ڕاستەکەی ئەوەیە کە من بێکارەی بێکەڵک بارهاتووم و ئیتر تا دنیا دنیایە... واتە ئەبێ ئەوەی کە

خۆم ئاگام لێبێ بێکەڵک و بێ سوودم؟!

ــ بۆچی؟ هیچ ڕووی داوە؟

قەدیر چاوی لە داسەکەی و بوغزێکی پەنگ خواردوو لە گەروویدا وتی:

ــ کارم پێ نادەن.

ــ وایە!... ئەزانم!

قەدیر وتی:

ــ سەیری ئەم داسەی من بکە! خۆیشم لێی تریق ئەبمەوە. دەسکەکەی شکاوە. جێ دەسکەکەی پەڕۆم تێوەپێچاوە. چ سوود؟ دەمەکەشی لێی هەڵپەڕیوە. جگە لە هەموو ئەمانە ژەنگیشی هێناوە. سەیری کە ئەکەی ئەڵێی تەنەکە شکاوە! ڕۆژێکی تەواو وردەواڵەم داوە بەیەکا تا دۆزیمەوە. پاش ئەوەی کە دوزیشمەوە، شەوێک ساویمەوە، تازە ئەبینم بەکار نایەت. کە سەیری خۆم و ئەم داسە ئەکەم، ئەکەومە بیری کوڕە شەلەی ئەو پاوشایەی کە ئەیویست بە شمشێری دارەوە سواری ئەسپی دارینە ببێ! جا جیاوازییەکەی لەوەدایە ئەو باوەڕی کردبوو، بەڵام من... نا. من بەو ئەندازەیەش نەزان نیم. بۆ وێنە ئەوە ئەزانم تۆ ئەگەر دارکاریشت بکەن بەم داسەوە ناچیتە کێڵگە. ئەمە ئەزانم کە ئامێری پیاو، نیشانەی پیاوە. بۆ ئەمەش بوو کاتێکی لە پلیکانەکانی بانیجەی بابقولی بوندار سەرئەکەوتم، لە خۆم دڵنیا نەبووم. وام ئەزانی  ئەژنۆکانم ئەلەرزن. ئەتوت ئەچم بۆ لای پیاوێکی گەورە. دڵم لەپڕ داکەوت. لەوەی کە ئەو دارەتەم بە سەر هاتبوو لە خۆم نائومێد بووم. ڕاستەکەت ئەوێ لە خۆم بێزار بووم. تۆ سەیر ناکەی تۆ بیت و خوا! ئاخر بابقولی بوندار چ کەرێکە من لە بەردەمیا ئەژنۆم بلەرزێ؟! بەڵام بۆ وای لێدێ؟ بۆ؟ نازانم!

بەڵخی وتی:

ــ دروێنەوان نیت، ئەمە یەک. هەتا ئەمڕۆش ملۆزمی

بونداریت، ئەمە دوو. ئێستەش کە نیازت پەیدا کردووە و لە ناچاریا ڕۆیشتووی بۆ ماڵی بوندار، چ چاوەڕوانیەکت لە خۆت و لە بونداریش هەیە؟ ئەتەوێ چۆکت نەلەرزێ و ئەویش باوەشت بۆ بکاتەوە؟!

ـ تۆیش خۆ لەگەڵ بوندار دوژمنایەتیت هەبووە؛ بگرە چەندین ساڵە لەگەڵی دوژمنیت هەیە!

بەڵخی وتی:

ـ من هێشتاش لەگەڵ بوندار دوژمنم. خودی بوندار ئەمە لەتۆ باشتر ئەزانێ.

ـ ئەی بۆ پیاوی بە دوای تۆدا ناردووە و داوات لێ ئەکا بچی بۆ دروێنە؟

بەڵخی وتی:

ـ ئەبوا لە خودی بوندار بپرسی!

قەدیر پەنجە درێژەکانی لێک هەڵپێکا و بە تەکانێکی گرژ و تووڕە تەقاندی، کاکیلەکانی ڕێک گووشا و وتی:

ـ چونکە تۆ پسپۆڕی کاری خۆتی؛ پسپۆڕی دروێنە. ئەمە بڵێ خۆت! ئیتر بۆچی بڕۆم و لە بوندار بپرسم؟!

بەڵخی تیژیی دەمی مەڵەغانەکەی بە بەرهەستیی دڵی پەنجەی تاقیکردەوە و وتی:

ـ پاش سی ساڵ کاری دروێنە ئەتەوێ هێشتاش پسپۆڕی کاری خۆم نەبم؟ پاش تەمەنێک، ئەگەر شارەزای کاری خۆم نەبوایەتم ئەبوایە ئەم لەشە بە زیندوویی بخەمە بن گڵ.

ـ هەیت ئیتر، بۆچی نەبی؟! پسپۆڕی کاری خۆتی. هەموو ئەوە ئەزانن. ئەوان هەرچەند دوژمنی تۆن بەڵام خۆ ناتوانن کارامەییت پشت گوێ بخەن. هەر بۆیەشە تۆ ئەتوانی لە بەرامبەریاندا سینە بدەیتە بەرەوە!

بەڵخی مەڵەغانەکەی لە لاوە دانا و زۆر بە درێخەوە وتی:

ـ ئەوەندەش سینەم نەداوەتە بەرەوە لە بەرامبەریاندا.

نەء! لەم لایەنەوە زۆر دڵم بە خۆم خۆش نییە. کۆشێک کچ بە دەورمەوەیە و... تەنها باڵم. دەستێک بە تەنها کەی تەقەی هاتووە؟... بوندار لە وەڵامدا چی وت؟

قەدیر هەروا نیگای لە عەرزەکە دەستی بە دەسکی ئامێری ناقۆڵای درەوکردنی، لە وەڵامدا وتی:

ــ ئەتویست بڵێ چی؟ وتی «دروێنەوانەکانمان دیاری کراون!» یەک ڕستە!

ــ ئیتر چی؟

ــ هیچ!

ــ هەر ئێستە لەوێ بووی؟

ــ هەر ئێستە.

ــ هیچی تری نەوت؟

ــ تەنانەت سەیریشی نەکردم.

ــ ناوی دروێنەوانەکانی نەبرد؟

ــ نەء. یەک ڕستە و ئیتر هیچی نەوت. لە شوێنی خۆم تەزیم! نەمتوانی خواحافیزیش بکەم. خۆیشم نەمزانی چۆن توانیم لە شوێنی خۆم ببزوێم. هەر چۆن بوو، بەهەر کلۆجێک بوو لە سەر پێم سووڕام و کاتێک بە خۆم زانی بە پلیکانەکاندا شۆڕ ببوومەوە. لە داڵان دەرکەوتم ئەسڵانم بینی، لەگەڵ تاجعەلی کۆڵبەر گوریسیان ئەچنی. ئەوی کەش، شەیداش بۆ خۆی لای دیوارەکەوە دانیشتبوو و پێڵاوەکانی پەرداخت ئەکرد.

ــ شەیدا؟! خۆ وتیان ئەچێ بۆ ڕەوەندی کەلمیشیەکان؟ لە ترسی ئەفغانە...

ــ جارێ ماوەیەتی. چووزانم! ڕەنگە دیسانەوە دەمی بازخانیان بۆ ماوەیەک بەستووە. کێ چووزانێ ئەمانە چ کاسەیەک لە بن نیوکاسەیاندا هەیە؟ هەرچی چۆن بوو سەری هەڵنەهێنا سەیری من بکات. وەک بڵێی هەر نەمیدیوە. وەک بڵێی هەر پێکەوە... بەڵام تا لام کردەوە. غەیب بوو. لە سەر ڕێ قوربان بەلووچم بینی

لەگەڵ ئەولحەمی قاتمە ئەچوو بەرەو کاروانسەرا. قەرەچیە چەلەنگەرەکان وابزانم هاتوون و لە کاروانسەرا خستوویانە. دڵ و دەماخی قسەکردنم نەبوو. یەکسەر هاتم بۆ ئێرە. بەڵام وابزانم ئەولحەمیان لە نەیشاپوورەوە هێناوە بۆ دروێنە.

ــ بۆ دروێنە؟!

پەلەیەکی سەیر لە پرسیارەکەی بەڵخیدا هەبوو و خۆشی لەو پەلەیە ژێوان بوویەوە، چونکە ئەولحەمی قاتمە خەنیمی هاوتای درەو بوو.

ــ لە سەرکاری سەعیدی‌یەکان دەریانکردووە. لە کۆڵان و بازاڕی نەیشاپووردا ئاوارە بووە کە بەلووچ ئەبینێ و داوای یارمەتی لێ ئەکا. بەلووچیش هەڵیگرتووە و لەگەڵ خۆی هێناویێتی.

بەڵخی هاتەوە دۆخی ئاسایی خۆی و وتی:

ــ چالاک و بە دەستوبردە. سەیری ئەو قەد و باڵایە مەکە! ئەو ساڵانە نمرە یەک بوو. گورجوگۆڵ و کارامە. هەڤاڵەتیشی ناخۆش نییە. ماندوێتیت پتر ناکا. ئەوەش باشە مرۆڤ خەنیمی لێهاتووی هەبێ. ئەمێنێتەوە ئەوەی بوندار حەزی لێیە مرۆڤی بێ ڕیشە بگرێ، ئەگینا لە قەڵاچیمەن خۆ پیاو قات نییە!

قەدیر کە هەلێکی بۆ ڕەخنە دەربڕین دەسکەوتبوو، بزەیەک بە سەر زاریەوە وتی:

ــ دیارە ئاگات لەوەش نییە کە یەکی تر لە پاڵەکان دلاوەرە؟ هەمان دلاوەر کە لە حەپس هەڵاتووە!

بەڵخی تۆزێ ڕاما و پاشان پرسی:

ــ دەی، سێیەمی!

ــ ئەسلانی کوڕی.

بەڵخی بە خەندەیەک لێوی شیرین کرد و پرسی:

ــ پاشان؟!

ــ بەراتی کوڕی سالار!

بەڵخی وتی:

ـ ئەمەم بیستبوو. ئەو باشە.

قەدیر، هەرچەند بەخێڵی بە یەک یەکی پاڵەکان ئەبرد، بەڵام بەراتعەلی سالار ڕەزاقی لەوانیتر لە بەر گرانتر بوو. چونکە بەراتعەلی جووتیاری زەوی ئالاجاقی بوو و ئەیویست مووچەی دروێنەش وەربگرێ. بۆیە ئەوانیتر ئەگەر جێگەیان بە قەدیر -بە ئەندێشەی خۆی- تەنگ کردبوو، بەراتعەلی سالار ڕەزاق شوێنی قەدیری داگیر کردبوو. لەم ناوەدا، پاڵەوانیش بێ لایەن نەبوو. نەخوازە بە ئاشکرا پشتیوانی دوو ئاخوڕ بوونی کوڕی ڕەزاقیش بوو و قەدیر پێی وابوو بەڵخی پێ ئەنێ بە سەر هەقدا. بۆیە بە بێ ئەوەی هەوڵ بدات تووڕەییە نهێنیەکەی خۆی قەمتەر بکات، وتی:

ـ تۆ ئیتر بۆ وا ئەڵێی. چاکە! بەڵێ بەراتی ڕەزاق پیاوێکی چاکە. بەڵام مەگەر ئێمە لێرە باسی چاکی و خراپی پیاوەکان ئەکەین؟ ساڵێکە و دوێنەیەک! دروێنە مانی ڕەشاییە. ئەگەر هەر ئەم تاقە کارەش لە ڕەشایی وەرگرنەوە، ئەی هی وەکوو من چی بخوات؟ قوڕ؟ یان بای بیابان بخوا و کەف بداتە دەرەوە؟ ئەگەر پیاوی ڕەشایی نەتوانێ ڕسقی زستانەی لە پەنای خەرمان کۆ بکاتەوە، ئەی لە کوێی پەیدا بکات؟ ئەی سەر بنێتەوە و بمرێ؟ یان ماڵ و مناڵی بە هیوای خوا بەجێ بهێڵێ و بدا بە بیاباندا؟!

بەڵخی وتی:

ـ وایە کە ئەڵێی. خۆش نشین بە بادی هەوا بەندە. دروێنەشی بدەنێ هێشتاش سەرەنجامێکی ڕوونی نییە. خۆ واش نابێ کە بە مسۆگەری بدا بە بیابانەدا، یان سەر بنێتەوە و بمرێ. بەڵام چارەی کاریش ئەوە نییە کە دروێنەمان ئەدەنێ یان ناماندەنێ. دەردی ئێمە تەنها ئەوە نییە کە دروێنەمان ئەدەنێ. چارەی کۆتایی دەرد و ژیانی ئێمە ئەمانە نییە قەدیر. نابێ بەم جۆرە کارە بادیهەوایە دڵخۆش بکەین و پشتی پێ ببەستین. ئەمجۆرە کارانە هات و نەهاتی هەیە. مەگەر کەم ڕووی داوە کە

بەرهەم وەیشوومەی تێکەوتووە و گەنم بەری نەداوە و گوڵەکەی پووک و پواو بووە؟ دە بڵێ، کەم ڕووی داوە؟ نەخێر. خۆم چەندین جار ئەوەم تاقیکردۆتەوە و دیومە. گریمان ناچار بن و بیانەوێ نان بە ڕەشایی بدەن، گریمان بیانەوێ. بەڵام... نە برای من، چارەی ژیانی ئێمەمانان ئەمانە نییە. ئەمانە نییە!

قەدیر، گەیشتبوویە تینی، بە بێ سڵکردنەوە وتی:

ــ ئێوەش خۆ قسەی سەروبەرتان بە پیاو ناڵێن. ڕاستیەکەی بە مرۆڤ ناڵێن. یەک لایی ناکەنەوە. هەر چیتان هەیە لە ناو خۆتاندا شەن و کەوی ئەکەن. کوڕی سالار ڕەزاق چون لە ناو ئێوەدایە، باشە و مافی ئەوەی هەیە هەم جووتیار بێ و هەم پاڵەش بێ. ئەگەر یەکێکی تر بێ و بیەوێ ئەو کارە بکات هەزار بڕ و بیانووی بۆ ئەتاشن. بە من کە ئەگەن بە هێما قسە ئەکەن. لە پشت پەردەوە ئەڕۆن بە ڕێدا. بە مەتەڵ ئەدوێن. متمانەم پێ ناکەن، حەسێبم بۆ ناکەن. فەرموو! ئەم کاغەزە شڕانە لە کۆڵانەکاندا بڵاو ئەکەنەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ یەکێکی نادەن بە دەس منەوە. بە من ناڵێن چی بە چییە! ڕاستیەکەیم پێ ناڵێن. ئێوە چ جۆرە مرۆڤێکن ئاخر؟! لەگەڵ من دوژمنن؟ لە سەر چی؟

بە پێکەنینێکی کپ و کورت، بەڵخی کاغەزە گرمۆڵە کراوەکەی لە دەستی قەدیر وەرگرت، لە بەر ڕووناکی لامپاکە کردیەوە و بە وردی لێی ڕوانی. پاشان سەیری قەدیری کرد و چاو لە چاویدا ڕاما و پرسی:

ــ خوێندتەوە؟

قەدیر سەری داخست و وەکوو منداڵێک بوغزی کرد:

ــ کاتێکە ویستم بیخوێنمەوە، ئەوسا بۆم دەرکەوت کە ئەو کوێرە خوێندەواریەی قوتابخانەشم لە بیر نەماوە. باوەڕم پێ ناکەی ئەگەر بڵێم چاوەکانم پڕ بوو لە فرمێسک. نەفرەتم لە خۆم کرد کە بۆچی زیاتر لە مانگ و نیوێک لە قوتابخانەی ئەو پیرێژنە کۆمە خۆم ڕانەگرت. ئێستە تێ ئەگەم کە باوکم لە هەموو تەمەنی

خۆیدا جارێکیش لە بیری ئێمەدا بووە و ویستوویەتی خزمەت بە منداڵەکانی بکات. ئەو عەباسجانە نانەجیب و سپڵەیە نیو ساڵێک دەوامی کرد و هەندێ شت فێر بوو. هێشتاش پیتەکان ئەناسێتەوە و ئەتوانێ ئەو شتانە بخوێنێتەوە. بەڵام من... ملم بشکێ. ملت بشکێ قەدیر! هەر ڕۆژە و هەر ساتەی کە بە خۆمدا ئەچمەوە، زیاتر بۆم ڕوون ئەبێتەوە کە دەستم بەتاڵە، گیرفانم بەتاڵە، مێشکم بەتاڵە، دڵم، ڕۆژگارم بەتاڵە. کە... هەموو ژیانم بەفیڕۆ چووە. کە جەوانیم و ژیانم تیاچووە. ئێستە کە سەیری خۆم ئەکەم تازە ئەبینم هیچم نییە. نە هونەرێک لە بازووم دایە، نە ئاوەزێک لە سەرم دایە، نە پارەیەک لە کیسەم دا، نە ئەوینێک لە دڵم دایە و نە... نە هیچ شتێکی تر؛ هیچ؛ هیچ! ئەبینی جەوانی خۆمم چۆن سەگ گێ کرد و ڕۆیشتم، گۆدەرز؟! بەڵام...

بەڵخی مەچەکی قەدیری گرت کە هەروا دەسکی داسەکەی بە دەستەوە بوو. برایانە لێی پرسی:

ــ بەڵام چی قەدیر؟ بڵێ؛ چیت لەگەڵ من هەیە بیڵێ! جنێوی دۆستانەشم ئەگەر پێ بدەی نایگرم بە دڵمەوە. لە تۆی ناگرم، بڵێ!

قەدیر بەری دەستی نابوو بە تەوێڵیەوە و هیچی نەئەوت. بەڵخییش لێیگەڕا لە ناو خۆیدا بێ. دۆخ و باری هەر کەسیش بۆ خۆی خولێکی هەیە. خودی قەدیر ئەبوا خۆی دەم هەڵبڕێ. خۆی ئەبوا بکەوێتە قسە، لەو دارەتە کە تێپەڕی:

ــ دام بە سەیدی تەلەفوونچی بۆمی خوێندەوە!

ــ دەی؟

ــ هیچی وا کە بە قازانجی من و تۆ بێ، تیا نەنووسراوە.

ــ چی تیا نووسراوە؟

ــ گریمان ئەو قسانەش کە لەوێ نووسراوە بگاتە ئەنجام؛ ئەویش بە سوودی جووتیارەکانە نەک هی وەک من و تۆ. چیرۆکی

له سەدا پانزەکەیە، زێدە بەشی جووتیارەکان، چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟!

بەڵخی سەری ڕاوەشاند و وتی:

مرۆڤ کاتێکە ڕاستەوخۆ دەستی لە کارێکدا نییە، لە ڕێزی مرۆڤیش‌دا ناژمێردرێ. چی بکەین کە جووتیاریش نین! هەھ! ڕاست ئەکەی. هەموو ڕاستیەکە لەم پارچە کاغەزەدا نەنووسراوە. بەڵام بە ئەندازەی سەرە نینۆکێکی هەر تیا هەیە، بۆیە ئەوەش خۆی شتێکە.

قەدیر، بە هەڵچوونەوە وتی:

ـ من ئەو سەرە نینۆکە چی لێ بکەم؟ گریمان هەموو ڕاستیەکەشی تیا نووسرابێ، کاتێکە هیچ سوودێکی بۆ من نییە، هەموو ڕاستیم بۆ چییە؟! ئەو ڕاستیەی کە هیچ دەردێکی من چارە نەکا و بارێک لە سەر شانم هەڵنەگرێ، با سەری بچێتە گۆڕەوە. ئەمەوێ چی لێ بکەم؟ بیبڕمە خۆم؟!

بەڵخی لەگەڵ خۆی و نەک قەدیر وتی:

ـ ڕاستی... ڕاستەقینە! هەھ! دەشتی ئاجین... دەشتی فەلەق. موغیسە... زەعفەرانی... هەمارەکانی دانەوێڵە... ڕانە مەڕ... گامێشی سیستانی... هەڵسە و دانیشە لەگەڵ گەورەکانی شار و حکوومەت... هاودەستی دەستدارەکان... پۆلیس... جەندەرمە... بازاڕ... کاروانسەرا... قومارخانە... ورگی هەڵمساو... گەردنی ئەستوور. نۆکەر و کارەکەری ورد و درشت:

«ئاغە سڵاو، ئاغە سڵاو.»

«ئاغە سەرت لە سەری شا ئەچێ!»

ـ ئاغە فەرشێکی زۆر چاکیان هێناوە بۆ بەر حوجرەی میرزا مەشهەددی.»

«ئاغە پێڵاوت سەر چاوم!»

«ئاغە ئەمساڵ دەخڵەکە بکەینە کام هەمار؟»

«ئاغە ئەم ڕەبەنانە خەریکن لێ ئەبنەوە، ڕێگە ئەدەی دەست

و پێیان بکەینەوە؟»

«ئاغە فەڕڕوخ هیندی خانمێکی تازەی هێناوە، زۆر منالّە. تازە کەوتۆتە ناو کارەوە؛ تا زۆریان نەڕەتاندووە با...»

«ئاغە یەکێک لە کۆڵبەرەکان بووە بە ژێر فەردەیەک لۆکەوە و هەر لەوێ گیانی دەرچووە، دەستێکی گەورەیی ناکێشی بە سەر هەتیوەکانیدا؟

«ئاغە... ئاغە...!»

تاڵ و لەسەرخۆ، بەڵخی ڕوانیە قەدیر و بەو چاوانەوە کە وەک بڵێی سووریان ئەکردەوە، وتی:

ــ هەموو ڕاستەقینە هەتا ئێستە لە هیچ شوێنێک نەنووسراوە، برام.

ــ ئەی ئێمە، ئەی ئێمە چی؟

ــ ئێمە؟! شوێنێک بۆ ئێمەش لە سەر ئەم زەوییە هەیە، قەدیر. لەم ئاوە ڕەوانە، قومێکیش بە ئێمە ئەگات. بەڵام... بەڵا... ئەو ڕۆژە، ڕەنگە بەمزووانە نەگات. چارە نییە؟ ڕەنگە نەکرێ هەموو ڕاستەقینە بە جارێک بەدەس بهێنرێ، بەڵام ڕێگەیەکی ترمان نییە جگە لەوەی بەدەستی بهێنین. هەر ئەم جووتیارانەش ئەگەر بتوانن دەنکە جۆیەک لە مافی خۆیان بەدەس بهێنن، خۆی هەنگاوێکە. ئەم هەنگاوە ئەبێ هەڵبگیرێ. من و تۆ نابێ کۆتایی بکەین.

ژنەکەی بەڵخی، بەژن باریک و لەڕ و مۆن لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و بە شووەکەی وت:

ــ کچەکانم خەواند بۆ ئەوەی بەیانی زوو بتوانن هەڵسن و بچن بۆ دەشت. تۆ هێشتا نانەکەت نەخواردووە؟

بەڵخی دەستی بۆ سفرەکە برد، هێنایە بەرەوە و لە درێژەی قسەکەیدا وتی:

ــ راستەقینەیان داگیر کردووە، قەدیر. تالّانیان کردووە؛ هەمووی!

بەشە نانەکەی خۆی هەڵگرت و خستیە گیرفانی. لەجێ ڕابوو و مەڵەغانەکەی هەڵگرت و وەکوو شمشێر بە بزمارەکانی دیوارەکەدا هەڵیواسی، هەسانەکەی دایەوە دەست ژنەکە و وتی:

ــ جێگەم بۆ ڕاخە، دێمەوە.

قەدیر هەڵسا و داس بە دەست لەگەڵ بەڵخی چووە دەرەوە. لە کۆڵان، بەڵخی نانەکەی کرد بە دوو کوتەوە. قەدیر بە بێ شەرم لێی وەرگرت و پاروویەکی قەبەی خنی بە دەمیدا و بیستی کە بەڵخی وتی:

ــ ئەم نانە هی گەنمی کۆنە. جیرە، تۆزێ دژوار ئەجاورێ. لەم مانگەدا نان تازە ئەبێتەوە. چ بەرەکەتێکە، نان!

ئاوی زەلاڵی هەمیشەیی، ئاوی ڕوونی شەوانە، چ خوڕەیەکی دڵڕفێنی هەبوو لە ڕۆیشتن بە بەستێنی جۆگەکەدا. ئەگەر دڵ و دەروونیت هەبوایە، زەمزەمەی ئاو ئەیتوانی هەناوی مرۆڤ گەش بکاتەوە. ژیانەوەی گیان و سوکنایی دڵ. نیگایەک بۆ ئاوی ڕەوان و ئەندێشەیەک لە فڕین بەرەو ڕزگاریی. تێکەڵبوون بە زەلاڵی ئاو و ئاوێتە بوون لەگەڵ ڕۆیشتن. یەگانە بوون لەگەڵ هەبوونی ونبووی کات. یەگانە لەگەڵ خۆ. لەگەڵ هەبوون، بە بێ پچڕان و دابڕان، لەگەڵ ئاو ئەڕژایتە دەشت و لەگەڵ دەشتدا لە ناو گیادا ئەڕوایتەوە. لەگەڵ گیا لە بەر هەتاو دائەنیشتی لە بەر سروەی بادا. تێکەڵ ئەبوویتەوە لەگەڵ خۆت، لەگەڵ خاک، لەگەڵ خودی خاک. بێگانە ئەبووی لەگەڵ هەموو بوون، لەگەڵ تێکڕای هەبوون، لەگەڵ خودی خود. ئاوی زەلاڵ، ڕەوان، ئاوی پاکیزە و پیتێنەر بانگی ئەکرد و تۆ ئەبووی، تۆ ئەمای. درێخ بەلام، درێخ بەلام کە ژیانەکان بە بێ مایە بەتالان چووبوون. بە هەلی ڕاگەیشتن بە خۆیان. بە بێ دەرفەتی دانیشتن لە لای خۆوە و ڕوانینێک لە ئاوی پیرۆز بۆ دۆزینەوەی خود، بۆ دیسان دۆزینەوە و بەدەستهێنانەوەی خۆ لە یەگانەگی و یەکبووندا، بە هەستی شکۆداری ئاوێتە بوون. بەبڕین بچێ ئەو چنگ و نینۆکە چەپەڵەی

تالآنگەر، بەبڕین بچێ دەستی چەپاوگەر کە دەستی نێوان بوون و هەبوونی بەو بێ بەزەیی و بێ شەرمیە بڕیوە. بەو جۆرەی کە دوور ئەکەوێتەوە لێت ئەوەی کە تۆی. دوور ئەکەوێتەوە لێت دەم بە دەم و بەخێرایی پەرەگر، «تۆ»، لە تۆ؛ کە دوور ئەکەوێتەوە لە تۆی دەوروبەری تۆ، دەروونی تۆ. بەو ڕادەیە بێ بەزەییانە کە پێست لە سەرت و خوێن لە دەمار و نیگا لە چاوانت جیا ئەکاتەوە و خودی تۆ دوور ئەکەوێتەوە، دوور ئەبێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە «تۆ»ی و لەگەڵ تۆیە و لە ناو تۆیە، پەرەگر و بەردەوام. ئەوەندە تراژیک و وێرانگەر کە دەمی کۆرپەی برسی، بە بار و گەرمای مەمکی دایکی بە چاوی بچکۆلەی داچەقاوی ترس و تۆقان. تۆ دائەبڕی لە تۆ. برینی دابڕان و دابڕان و دابڕان، بە ئارەزووی ونبووی حەز و تاسەوە کە لە تۆدا بڵێسەی کێشاوە، تەنها نیشانەی بوونە بە گیانی پەنەمیاگی برینی نەپچڕان. بارانی خوێن. خوێنبارانی گورچووبڕی هەمیشەیی، لە بەند بەندی هەبوون و لە بەر چاوی وڕ و خۆفی هەمیشە نیگەرانی چاوخانەکان؛ بە بڕوای گوماناوی هەبوونەوە. دڕدۆنگی و بەدگومانی و دڵ پەشێوی و ئەفسوونی چۆن بوون؛ ڕێیان لە دڵنیایی و بڕوا بەستووە، لە سەر بناخەی هەبوون. دڵ بۆ تاوێکیش لەگەڵ خۆی نییە و ئاسوودە نییە، بەداخەوە. دڵ دەرفەتی دەسناکەوێ بۆ گەڕان بە دوای خۆیدا. بڕوانە! بڕوانە کە ئاوەکە چەند ئاسوودە تێ ئەپەڕێ!

ــ بۆ کوێم ئەبەی؟!

بەڵخی پارووە نانی وشک و جیڕی بە زۆر قووت دا. بن ددانەکانی بە زمان ڕادا و وتی:

ــ ماڵی بوندار.

ــ نەء! نەء... من...

بەڵخی ڕوانیە قەدیر کە پێی سست کردبوو و نیگای پرسێنەری تێ بڕیبوو و وتی:

ــ رووی لێ ئەخەم. ڕەنگە وتی باشە!

قەدیر لە شوێنی خۆی پێپەڵکەی کرد و بە دڕدۆنگیەوە وتی:
ـ نەء... من نا. نەء. پیم وانییە من بتوانم جارێکی تر لەو پلیکانانە سەرکەومەوە؛ پێم وانییە!
بەڵخی قەدیری لە بەرماڵی بوندار بەجێ هێشت و خۆی چووە ژوورەوە و قەدیر هەستی کرد بە تەنها لە کۆڵان بەجێماوە بە بێ پەیوەند و سەرگەردان. خۆی گەیاندە سەکۆکەی بەر دووکانی ئەسلان، لە بن دیوارەکە دانیشت. چۆکی هەڵێنا و وەکوو کوندەبەبوویەکی خامۆش، چاوی بڕییە دیواری ماڵی سەیدی تەلەفوونچی و هەستی کرد هەناسەی لە سینەیدا تاساندووە و پرسیارێکی زۆر دژوار و ئاڵۆز لە ناو مێشکیدا تاوتوێ ئەکا:
«ئەگەر بوندار ڕێگە بدا کە من... ئەگەر بوندار ڕێگەم بدا دروێنە بکەم، ئەوسا چی؟!»
ئەمجار، دڵەڕاوکە لە شێوازێکی تر خۆی دەرئەخست. دڵەڕاوکەیەکی بەکاکڵ و ڕیشەدا کە لەپڕ خۆی لە قەدیردا ئاشکرا کردبوو و خافڵگیری کردبوو و ئەیویست ڕەنگ و ڕواڵەتێکی تر بدات بە شپرزەییەکەی. یان، ڕاستتر ئەوەی کە شێواوییەکەی پتر بکات. ئەم بێ ئارامی و دڵەڕاوکەیە، کارتێکردنێکی توند و تیژی ئەبوو. ڕواڵەتێکی تۆخ و ناوەڕۆکێکی پڕ لە ترس و ڕاڕایی. ترس لەوەی کە ڕەنگە ڕووی بدایەت، شیرێکی لە کالان دەرنەهێنراو بوو، بەرەو ڕووی قەدیر ئەهات و قەدیر نەی ئەزانی چۆن بەرەوڕووی ببێتەوە. ڕاوەستێ و دەست هەڵێنێ یان هەڵێت و خۆی دەرباز بکات؟ دەرد ئەوە بوو کە نە ئەیتوانی ڕاوەستێ و نە قاچی هەڵاتنی هەبوو. گۆدەرزی بەڵخی بێگومان لەم کاتەدا باسی قەدیری لەگەڵ بوندار ئەکرد و ئەمە ئەو شتە بوو کە قەدیر خۆی داوای کردبوو. کە وا بوو خودی قەدیر بە -قەرداری- چووبوو بەرامبەر ئەو تێخە ڕووتە. خۆی داوای کاری کردبوو، بەڵام ئێستە کە کار پێ ئەچوو -ڕەنگە- وەری بگرێ، ترسێکی سەمەرە و نامۆ دایگرتبوو. ترسێکی وەکوو ئەوەی بە سینەی ڕووتەوە لە بەرامبەر تێخی دەبان ڕاوەستابێ.

نەء! بەڵام قەدیر نە پێی ڕاکردنی هەبوو و نە ورەی وەستان. ئەو کاتەی بەرەو ماڵی بوندار پێی هەڵگرتبوو؛ ئەو کاتەی بە دوای ئامێری دروێنەدا، شێتانە بە ناو ورتکە و پرتکەی سەد ساڵەدا گەڕابوو؛ ئەو کاتەی کە نیازی کار و حەزی کارکردن و دفرەی کرێکار بوون و متمانە بە خۆیی بەرەنجامی ئارەقەی کار، بیر و هۆشی ئاگردابوو و بێ گوێدانە ڕەوایی و ناڕەوایی، بەرەو ماڵی بوندار هەڵکشابوو، ئەوەندە بە جەربەزە بوو کە بۆ ساتێکیش بیری لەوە نەکردبوویەوە ڕەنگە بەم جۆرە ترساو و خۆفگرتوو و تەزیوو ڕووبەڕووی ڕاستەقینە ببێتەوە. ئەم سێبەرە ترسنۆکەی گومان. هەرگیز بە بیری‌دا نەهاتبوو لەو کاتەدا:

«ئەگەر بوندار وەرم بگرێ، چی؟ بەڵخی چی لێ بکەم؟! بەڵخی!»

لە قەڵاچیمەن زۆر کەم هەبوو گۆدەرزی بەڵخی بە خوو و خدە نەناسێ و لەم ناوەدا قەدیری کەلایی خواداد نەک کەمتر لە خەڵکی، بەڵکوو زۆر زیاتریش و بەرینتریش پاڵەوان بەڵخی ئەناسی. قەدیر ئەوا، وای لە پاڵەوان بەڵخی کردبوو تا بۆ تکاکردن پێ بخاتە سەر بەڕەی بابقولی بوندار. ئەو پیاوەی کە ئەگەر کڵاوەکەی بکەوتایەتە ماڵی بوندار، بۆ وەرگرتنەوەی پێی نەئەخستە چوارچێوەی دەرگای بوندارەوە، ئەوا دەسپێشخەری کردبوو تا لە بەر نیازی قەدیری کەلایی خوادا، خۆی بکات بە ماڵی بونداردا و ڕووی لێ بخات. ئەو شتەی کە بوندار ڕەنگە ماوەیەکی درێژە ئارەزووی ئەوەی هەبووە و ئەو ڕووداوە دڵی فێنک ئەکردەوە. بەڵخی ئەگەر -هەڵبەت بۆ داوای شتێک بۆ خۆی- بچوایەتە سەر بەڕەی بوندار، بۆ بوندار زۆر خۆشتر ئەبوو. چونکە ئەوسا سروشتی برینداری سارێژ ئەبوو و هەمیش وەکوو مامەڵەیەک سەیری ئەو داواکارییەی بەڵخی ئەکرد بۆ ڕازی کردنی زێدە خوازیی خۆی. هەروەها لەم داواکارییەی بەڵخی پردێکی دروست ئەکرد لە نێوان خۆی و گۆدەرزی بەڵخی‌دا کە هەرچەندە دەستکورت، بەڵام لە

شوێن و کاتی خۆیدا کۆڵەکەیەک بوو لە قەڵاچیمەن. ئێستەش، بۆ ئەوەی پاکڵەی ئەو پردە دابمەزرێنێ، دوور نەبوو ڕووی بەڵخی نەخاتە عەرز و داواکارییەکەی بۆ جێبەجێ بکات. چونکە بابقولی بوندار بەو جۆرەی کە قەدیر ئەیناسی، بەو ئەندازەیە نەرم بوو کە ڕەق خۆیای ئەکرد و ئەیتوانی هەر دوو ڕوو و سەد ڕووی شاراوەی تری بۆ مەبەستەکانی خۆی، بەباشی بەکار بهێنێ:

«ئەی ئەوسا چی؟ خوا بکا بڵێ نا!»

قەدیر، نیوە سیگارێکی لە گیرفانی ئێلەکەکەی دەرهێنا و نای بە لێوە چیرەکانیەوە. دایگیراند و بۆ ئەوەی دووکەڵەکەی نەچێتە چاوی و، هەمیش بۆ ئەوەی بتوانێ  بیری شێواوی لە شوێنێک و لە سەر شتێک بچەقێنێ. چاوی لێک نا و مژ لە سەر مژ دای لە سیگارەکە. بەڵام نە دووکەڵی سیگار و نە خۆ خەریککردن، هیچی لە شەڵەژانەکەی کەم نەئەکردەوە. کار، لەپێش بوو و پاڵەی کار و درەو و، مێردەزمەی زەبەلاحی ڕەنج و هەتاو، لە بەردەمی‌دا بوون. بەیانی، بە دەشتی بەرفراوانی ئاجینی خەملێوی پڕ گوڵ و لاسک بەرزی گەنم لە هەتاوی خەرمانان‌دا لە بەر چاوی بوو. دەست و بازوو، مەچەکپێچ بە مەچەکەوە، دەسرە بە دەوری ملیانەوە، مارنەگەزی ناسکی جاو بە دەور قولاپەیانەوە، لەگەڵ ئەو تۆز و خۆڵەی کە لە چاڵی ناوشانیان‌دا لەگەڵ ئارەقە تێکەڵ ئەبێ و لە ناو لیتەی پاش لافاودا ئەمێنێتەوە. ئەو پیاوانەی کاتی کارکردن، ئەتوت شان و باهۆیەکی تریان لە خۆیان‌دا بەدی ئەکرد. زەبەلاحی تێر نەبووی سالان کە تێپەڕینی ڕۆژان و حەفتە و مانگیان بە هیوای نانی دروێنە ڕوومەتیان چیڕ کردبوو و ددانیان لە لێویان چەقاندبوو. بەیانی دژوار و چاوانی خەوش بینی قەڵاسچنان، ژن و کچان. نیگاکانی لالا. ڕقی خاڵۆی قەدیر کە ڕقی خۆی لە دەمی مەڵەغانەوە بە سەر لاسکی گەنم‌دا ئەشکێنێتەوە. نەتوانایی؛ ڕاهاتن بە نەتوانین. دەشتی بەربەرینی گەنم و کاری پشوو درێژی هەرەوەز. هەوڵ، ئەو هەوڵدان و تێکۆشانەی لە

شان و باهۆی خۆش نشینەکاندا پاشەکەوت کرابوو. پێشبڕکێی کار. خۆدەرخستن لە کاردا. ئەوین لە کاردا و تاودانەوەی ئەوین لە کاردا. ئەوینداران، لە کار و لە دەشتدا لەیەک ئەگەڕێن. ئەڕوانن و شاراوە و ئاشکرا پێ ئەکەنن. مرۆڤ بە کار ڕوومەت ئاشکرا ئەکا و گاڵتە بە ماندوێتی ئەکا و لاواز بە سووک ئەگرێ لەو ململانێیەدا کە زیانی نییە و، ئەمە بوو ئەو شتەی تەزی بە حەوت بەندی لەشی قەدیردا ئەهێنا. چەندە سامناک بوو بەیانی بەو کوتە ئاسنە ژەنگاویەوە کە ئەو بەو جۆرە غەریبانە گرتوویەتی بە دەستیەوە. چەند سامناک و ترسێنەر بوو.

بەر لەوەی بچیتە مەیدان، پشتت لە زەوی دراوە، پاڵەوان!

ــ هەڵسە بابڕۆین! ئەمەش یەکێک لەو کاغەزانە. ئەڵێ خۆم ویستوومە بێم بۆ ماڵتان و بڵێم دەس لەم کارانەتان هەڵگرن! عەباسجانی برات بۆی بردووە و بۆشی خوێندۆتەوە... ئەی بۆ ناجووڵی؟! هەڵسە دەی! مردووی؟!

هێزێک لە گوتەی بەڵخیدا هەبوو. هێزی سەرکەوتن یان هێزی ڕق؟ قەدیر نەی ئەتوانی ئەمەیان بەباشی لێک جیا بکاتەوە. هەڵسابوو و بە دوای بەڵخیدا ئەڕۆیشت، بە بێ ئەڤان و هیچی نەئەوت. بەس گوێی ڕاگرتبوو لەوەی بەڵخی ئەیوت، بە بێ ئەوەی قسەکانی ببیسێ.

ــ بۆ ساتێکیش لە سوود و زەرەری کارەکەی خافڵ نابێ. بە ڕاستی کە مامەڵەچییە! ئەوەندەی دەمم کردەوە شتێکی لێ داوابکەم، دەستی کرد بە بن دۆشەکڵەکەیدا و ئەم لاپەڕەیەی پیشان دام. لە کۆتاییشدا کە ڕازی ئەبێ تۆیش بخاتە سەر دروێنەوانەکان، ڕووم لێ ئەخا: «پاڵەوان! ئاژاوە مەنێرەوە، گیانی ئەم سمێڵانە!» هەه! ڕەحمە لەباوک پێی وایە ئەوە منم ئەگەر بڵێم ئەو کارە ببێ، یان نەبێ. سەد ساڵی تریش نایانەوێ تێ بگەن، کە بە هەر دەستێک بیدەن بەو دەستەش وەری ئەگرنەوە!

«ڕازی ئەبێ! بەچی ڕازی بووە؟»

ـ مەبەستت منیش...

ـ ئا بەڵێ پێم سەلماند! مەگەر نایەوێ درەوەکەی سەربگرێ؟! ئەیەوێ؟ کە وا بوو ناچارە ڕازی ببێ! بیە بە من ئەو داسەت، ئەیدەم بە چەلەنگەرەکان بۆتی دەمەزەرد بکەنەوە. تۆ ئیتر کارت نەبێ.

بە دوای بەڵخیدا، قەدیری کەلایی خواداد، ملکەچ و بێ ئەڤان پێی نایە ناو دالانە کۆنی کاروانسەرا. چەلەنگەرەکان، لە سەر دوو سەکۆی ئەمبەر و ئەوبەری دالانەکە کەرەسە و ئامێریان داچنیبوو و خەریکی کار بوون. لە سەر سەکۆی لای چەپ کوورە ئەگڕا. کچە کاولی، لە سەر خشتێک دانیشتبوو و مووشەدەمەی ئەدەمان. پیرەمێردی قەرەچی بە مێزەری زەرد و ڕیشی خەنەیی، چاوی تێکناو و یەخەی ئاوەڵە، لای کوورەکە و لە سەر سندانە کورتەکەی خەریکی کوتان و پەرداختکردنی مەڵەغانێک بوو. لە سەر سەکۆی ئەوبەرەوە، گەنجی کاولی، بە کراسێکی بێ یەخەوە، لە سەر هەردوو چۆکی دانیشتبوو و خەریکی کوتانەوەی دەمە داسێک بوو و خەرمانی قژە ڕەش و لوولەکەی بە هەر زەبرێکی چەکوش لە سندانەکە، بە شەپۆلێکی بە ئاهەنگ ئەلەرییەوە و بە هەر وەستانێک ئەنیشتەوە. ژنێکی تەمەن ناونجی لای جەوانەکەوە -ئەتوت- بۆ یارمەتیدان دانیشتبوو. لەو سەری دالانی لای حەوشە، کوانوویەک داخرابوو و مەنجەڵێک لە سەر ئاگرەکە بوو. ژنێکی گەنج لای کوانووەکە دانیشتبوو، مەمکی خستبوویە دەمی مناڵەکەی و ئاگری کوانووەکەی خۆش ئەکرد. لە حەوشە، مریشک و کەڵەشێر و چەند چوارپێ ئەگەڕان و جاشەکەرێک دەمی کردبوو بە ناوگەڵی دایکیدا و کوڕیژگەیەک خەریکی کۆکردنەوەی پووش و چیلکە بوو بۆ کوانووەکە. دالانی کاروانسەرا، لە دوو لاوە ڕووناکی لێ دانرابوو و ڕووناکییەکە هەر ئەوەندە بوو کە بدا لە سندان و ئامێری کارکردن. هەر بۆیەش بوو کە خەڵکی ناودالان لە تارماییان ئەکرد، لە وەستان یان لە

هاتوچۆی خاو و لەسەرخۆیاندا. بەڵام بە زۆری دانیشتووی گۆشە و کەناری داڵانەکە و نزیکی چەقی ڕووناکی و کارەکە بوون.

پیرەمێردی کاولی سەری بەرز کردەوە، دەمی مەڵەغانەکەی بە سەری پەنجە تاقیکردەوە. دایە دەست قوربان بەلووچ و وتی:

ــ موویش ناتوانێ لەدەمی هەڵێ!

قوربان بەلووچ مەڵەغانەکەی دەستاودەست دایە ئەولحەمی قاتمە و وتی:

ــ خۆت تاقی بکەرەوە؛ بە دەستی تۆوە ئەبێ خۆشدەس بێ.

ئەولحەمی قاتمە مەڵەغانەکەی وەرگرت، بە شارەزاییەوە سووڕاندی و دەمە زلەکەی کە هەمیشە بە خەندەیەکی سارد ئاوەڵە بوو، داخست و وتی:

ــ دەس لەگەڵی ڕادێ؛ بەس ڕۆژی یەکەم تۆزێ دژوارە.

قاتمە کە لەپڕ هەستی بەبوونی پاڵەوان کردبوو، وەرگەڕا و سڵاوی کرد و وتی:

ــ ببوورە پاڵەوان. ببوورە!

قاتمە لە بێدەنگی پاڵەواندا چوو بۆ لای، دەستی نایە ناو دەستی گەورەی پیاوەکە و بە پێکەنینەوە وتی:

ــ کێو بە کێو ناگا پاڵەوان، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ ئەگات! ڕۆژگارە، ئیتر! تۆ سەیرێکی ئەم مەڵەغانە بکە، زۆر بەکار نییە.

بەڵخی دانیشت لە سەر لێواری سەکۆکە. مەڵەغانی لە قاتمە وەرگرت، هەڵیسەنگاند و وتی:

ــ دەسکەکەشی ئەلەقێ!

مەڵەغانەکەی دایەوە بو قاتمە. قاتمە کێشی مەڵەغانەکەی لە سەر دەستی سووک و سەنگین کرد و وتی:

ــ ناچارم پەڕۆی تێوە بپێچم و ئەمشەو بۆ کاژێرێک بیخەمە ناو ئاو. مەڵەغانەکەی خۆمت لە بیرە؟ ئەگەر بمایەت لەگەڵ سەد کەلەندەریش نەم ئەگۆڕییەوە. کاهوورێک بوو بۆ خۆی بەدکردار!

بەڵخی داسە ڕزاوی لە قەدیر وەرگرت و بەرەو کوورە و سندانی پیرەمێردی کاولی چوو و لەوێ لە سەر لێواری سەکۆکە دانیشت. مانوونەبینی لێکرد. ئەولحەمی قاتمە چوو بۆ لای وتی:

ـ تۆ خۆ مەڵەغانەکەت ماوە، پاڵەوان؟ دڵنیام تا تۆ مابێتی ئەو مەڵەغانە تیانابەی.

بەڵخی لە سەر پێ جێی خۆش کرد و لە وەڵامی قاتمەدا وتی:

ـ هەر دەسێک بە ئامێرێک ڕادێ، ئەولحەمی گیان. ئامێری کاری پیاو، ڕوومەتی پیاوە.

قاتمە وتی:

ـ بە ڕاستی، بە ڕاستی! ئێستە وەکوو سەگ پەشیمانم کە ئەو مەڵەغانەم فەوتان.

بەلووچ هەقدەسی کاولیەکەی بە ئارد دابوو و لە کاتێکا لە دەرگای کاروانسەرا ئەچووە دەرەوە، وتی:

ـ بونداریش کاری پێت بوو، ئەولحەمی!

ئەولحەمی بە دوای بەلووچدا ڕۆیشت و بیسرا کە وتی:

ـ بەدەس خۆم نییە بە گیانی قوربان. هەر کام لە ئاشنا کۆنەکانم ئەبینم چەنەم گەرم ئەبێ و حەز ئەکەم لەگەڵیان بدوێم.

بەڵخی داسەکەی قەدیری دا بەدەس کابرای کاولیەوە، سەبیلەکەی لە دەستی وەرگرت و وتی:

ـ ئەمەوێ جۆرێک دەمەزەردی بکەیتەوە لە ناو دەستی ئەم قەدیر خانەی ئێمەدا وەکوو مار هەڵبلۆقێتەوە!

خاڵۆ بە بیستنی ناوی قەدیر، لە تەنیشت جەوانی چەلەنگەرەوە ملە درێژەکەی ڕاکێشا و سەیری گۆدەرزی بەڵخی کرد و پاشان چاوی بۆ قەدیر گێڕا و دیسانەوە شانی نایەوە بە دیوارەکەوە و مژی دا لە قنچکە سیگارەکەی. بەڵخی بە نیگایەک خاڵۆی بینی و تێگەیشت کە خاڵۆش لە ڕیزی پاڵەکان دایە و قەدیر

نەیوستووە ناوی ببا. قەدیریش هەڵسا و بۆ ئەوەی لە بەر چاوی خاڵۆی نەبێ، بەرەو جەمسەری لای حەوشەی داڵانەکە ڕۆیشت و لەوێ خۆی خافڵاند بە یاری کردن بەیاڵ و گوێی جاشەکەری کاولیەکانەوە، بە بێ ئەوەی بتوانێ هۆشی لە خەڵکی ناو داڵانەکە دوور بکاتەوە.

بەڵخی بە نیگایەکی خێرا تێگەیشتبوو کە کچە کاولی چاو و نیگای لە شوێنێکی نامۆ ئەدزێتەوە. ئاوڕی دایەوە و لە سەر شانیەوە سەیری سەکۆکەی ئەوبەری کرد. لە بن دیوارە ڕووخاوەکە، لە لای خاڵۆی قەدیرەوە، شەیدای بینی ڕاکشاوە و تاو نەتاوێک زیخێک هەڵئەدا و بە دزییەوە سەیری کچە کاولی ئەکا. بەڵخی ڕووی لە شەیدا وەرگێڕا و وتی:

ــ لە تاریکی دانیشتووی کوڕی بوندار؟! هەڵسە وەرە بەر ڕووناکیەکە!

دەنگی شەیدا، وشک و زبر و موو لە گەرووی‌دا، بە زۆر بەرزەوە بوو:

ــ ئێرە باشە.

بەڵخی بە توانجێکەوە، بە شەیدای وت:

ــ چوویتەسە ناو قووریەکە و وە لوولەکەی سەیری دنیا کەی![٢]

تاڵ و ڕەق، شەیدا وەڵامی دایەوە:

ــ ئا، بەڵێ!

دیار بوو شەیدا نایەوێ چەلەحانێ لەگەڵ گۆدەرزی بەڵخی بکات. ڕەنگە لە بەر ئەوەی کە زانیبووی بەڵخی سەرپاڵەی دروێنەوانەکانی دەشتی ئاغەیە و نابێ بە گوتەی تەوساوی بیشەمزێنێ. چونکە کاری دەشت و دروێنە ئەو، ئەبوایە بیبا بەڕێوە و سەروبەری بکا. بەڵخیش نەیویست لەوە زیاتر سەر

٢ ـ بنزاراوەی کرماشانی: چوویتەتە ناو قۆریەکە و لە لوولەی قۆریەکەوە سەیری دنیا ئەکەی!

بخاتە سەر شەیدا، چونکە نە کاتەکەی بە لەبار ئەزانی و نە بێکاریش بوو. هەر ئەوەندەی کە لە شەیدای گەیاندبوو لە مەبەستەکەی تێگەیشتووە و ئەزانێ بۆچی لە تاریکیەکەدا دانیشتووە، لای بەس بوو. بۆیە وتی:

ـ بیستبووم بوندار ئەیەوێ بەڕێت بکات بۆ ڕەشماڵی کەلمیشیەکان؟!

شەیدا، دیسانەوەش بە هەمان وشکی وەڵامی دایەوە؛

ـ جارێ ئەوا لێرەم!

بەڵخی بە تەوسەوە وتی:

ـ خۆشت بێ!

خاڵۆی قەدیر هەڵسابوو و ئامادەی ڕۆیشتن، داسەکەی لە دەس جەوانی ئاسنگەر وەرگرتبوو، تاقی کردەوە، دەستی کرد بە گیرفانی ئێلەکەکەیدا، چەند تا قەرانی دەرهێنا، ژماردی و خستیە بن سندانی ئاسنگەر و لە بەر خۆیەوە خواحافیزێکی وت و خامۆش، وەک تارماییەک لە دەرگای کاروانسەرا چووە دەرەوە.

بە دوای ڕۆیشتنی خاڵۆدا، قەدیر لە حەوشەوە هاتەوە بۆ ناوەڵان. نیگایەکی بە سەرنجی دایە دەست و دەزگای پیرەمێردی کاولی و لە سەر پێ سووڕا بۆ لای شەیدا و وەکوو سێبەر بۆ لای خشا و لە لایەوە، لە سەر لێواری سەکۆکە دانیشت. سیگارێکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایگیراند. شەیدا هەروا شانی نابوو بە دیوارەکەوە و بە زیخەکانی ناو دەستی کایەی ئەکرد و بەڕواڵەت سەری داخستبوو. قەدیر مژێکی دا لە جگەرەکەی و پرسی:

ـ نەچووی بۆ لای ئاشناکانت، لە هەوارگە؟!

شەیدا تۆزێ جووڵا و لە وەڵامدا وتی:

ـ درۆێنە. تا خەرمان لێرەم!

قەدیر وتی:

ـ ئەگەر دیسانەوەش سەروکەڵلەی جیهەنخان پەیدا ببێ، چی؟!

شەیدا لە وەڵامی ئەو پرسیارە خۆی گێل کرد و پرسی:

ــ سەفەری مەشهەد خۆشتان ڕابوارد؟

قەدیر وتی:

ــ من نەڕۆیشتم. مامەوە بۆ درۆینە. خودی ئەویش مەرج نییە ڕۆیشتبێ!... بیستوومە ئاشناکەت، گوڵمحەمەد بریندار بووە.

شەیدا، بە کورتی وتی:

ــ ئاگام لێ نییە!

ڕەنگە بۆ ئەوەی وتووێژەکە درێژ نەبێتەوە، شەیدا هەڵسا و لە سەر سەکۆکەوە چوو بۆ لای دەزگاکەی جەوانی چەلەنگەر و لە دلاوەر، کە لە بن دیوارەکە دانیشتبوو و چاوی نیگای لە دەستی چەلەنگەر بوو، پرسی:

ــ پەرداخت بوو؟

چەلەنگەری جەوان سەری هەڵێنا، چاوە مەڕییە تۆخەکەی بڕییە کوڕی بوندار و بەچڕی وتی:

ــ ئەبێ!

جەوان کە سەری خستەوە سەر کارەکەی، شەیدا ـلە دەرفەتێک-دا جارێکیتر نیگایەکی خێرا و بە پڕتاوی کچەی کرد و، کچە بە ئاشکرا ڕووی دزییەوە و بە پەلە کەوتە مووشە دەمان. قەدیر لە بەر ئەژنۆی دلاوەر لە سەر عەرزەکە دانیشت و پێی وت:

ــ وا دیارە لە قەڵاچیمەن نیشتەجێ بووی؟!

دلاوەر وتی:

ــ خاکەکەی دڵگرە!

قەدیر نەیتوانی ڕێ بە زمانی فڕباز و پلارهاوێژی خۆی بگرێ و وتی:

ــ ناچاریی کاکە! کاتێکە ناچاریی یەخەی بە مرۆڤ گرت، خاکیش ئەبێ بە دڵگر!

دلاوەر، داسەکەی لە چەلەنگەری جەوان وەرگرتەوە و وتی:

ــ دەستت نەڕزێ. قوربان بەلووچ مزەکەی دا بە مامت، خواحافیز!

ــ خوات لەگەڵ!

دلاوەر لە سەر سەکۆکە چووە خوارەوە و لە ناو دالانەکەوە چووە دەرەوە.

مایەوە بەڵخی، شەیدای بوندار و قەدیری کەلایی خواداد لەگەڵ کاولیەکان. چەلەنگەری جەوان دەستی هەڵگرت و هەڵسا. قۆڵ و شەرواڵی تەکاند و تەوێڵی بە باسکی چەپی سڕییەوە و بەرەو سندانەکەی مامی لە سەکۆکە بازی دایە خوارەوە، دانەوییەوە بە سەر سندانی پیرەمێردی کۆمدا و وتی:

ــ بامن چاکی بکەم وەستا مامە، ئەگەر چاوەکانت سۆمایان نییە. هەڵسە بڕۆ دەست و چاوت بشۆرە، هەڵسە.

پیرەمێرد سەری لە سەر کار و داسەکەی قەدیر، وتی:

ــ تۆ کا و جۆ بکەرە ئاخوڕی چوارپێکان، خۆم تەواوی ئەکەم. ئەوەندەی نەماوە.

چەلەنگەری جەوان بەرەو حەوشەی کاروانسەرا چوو و پیرەمێرد جارێکی تر دەمی داسەکەی خستەوە ناو کوورە و ئاوی شۆڕەوەبووی لووتی بە قۆڵی هەراوی کراسەکەی سڕییەوە و ئەماژەی بە کچە کرد بیدەمێنێ.

ــ ئەوە خەوت لێکەوتووە نەبات؟! دەس بجووڵێنە!

کچە کاولی، دانیشتووی سەر خشتە شکاوێک لە نێوان دوو هەمبانەی هەوا و لە گەماڕۆی نیگای بێگانە و دگەردا، چاوی لە ئاگری کوورەکە و دەستەکانی ـدوو باڵی کۆترـ بۆ دەماندنی کوورەکە کردەوە و ئاگرەکەی گەشاندەوە. ئەوا بە دوور لە کوورەکە. بەڵام لە سەر هەمان سەکۆ، بەڵخی و شەیدا و قەدیر دانیشتبوون. شەیدا ـبەپێی سروشتیـ جۆرێک دانیشتبوو کە بتوانێ چاوی لە کچەی تازە پێگەیشتووی کاولی بێ و لەم حەز و تاسەیەی کوڕی بوندار، بەڵخی و قەدیر و کچەی کاولیش

بە ئەندازەی خودی شەیدا ئاگادار بوون.

ئاسنگەری جەوان لە کا و جۆی چوارپێکان بوویەوە، خۆی کێشایەوە و بەرەو ژنەکەی، بۆ لای کوانووەکە چوو و منداڵەکەی کە بە هۆی دووکەڵی ئاگرەکەوە ئەگریا و بێ ئارام ببوو، لە باوەشی ژنەکەی وەرگرت و هەڵێدا بە حەوادا و گرتیەوە. دەستێکی دا بە سمتی کوڕەکەی‌دا، لە بن گوێی هەندێ شتی وت و گورجوگۆڵ بەرەو دەرگای کاروانسەرا چوو و وتی:

ـ بەخە، بەخە کوڕی خۆم، زەنگۆڵەکانی بخۆم... ئەی، ئەی لە دەوری کوڕی خۆم گەڕێم. ئەی، ئەی، زەنگۆڵەکانی سەیر کە؛ زەنگۆڵەکانی، زەنگۆڵەکان!

قەدیر، بزەیەک بە سەر لێویەوە و شەوقێکی شۆخ لە نیگای‌دا، بەچاو ڕۆیشتنی کورەی کاولی سەیر کرد و پاشان ڕووی کردە پیرەمێرد و وتی:

ـ ئەبێ کوڕت بێ وەستا حسێن، وایە؟

پیرەمێرد دووکەڵی ناو سینەی دایە دەرەوە، سەبیلەکەی دا بە قەدیر و وتی:

ـ عەزیز ئەڵێی؟ نا... برازامە. برای ئەم کچەیە؛ نەبات. عەزیز زاوامە. بیدەمێنە کچێ! کچە گەورەکەمی هێناوە. لە کوڕم بۆم باشترە. خوا ئاگای لێی بێ. کوڕەکانم بەجێیان هێشتم و چوون بە دوای کاری خۆیان‌دا. بەڵام عەزیز، خوای لێ ڕازی بێ، لەگەڵم مایەوە. باشە، باشە. خەمخۆرە... بەسێتی کچێ، دەس ڕاگرە!

وەستا حسێن داسەکەی بە دەمی گیرەکە گرت بە سەر سندانەکەوە و بە نەرمەکوتی چەکوشەکە کەوتە پەرداختکردنی.

قەدیر سەبیلەکەی دا بە بەڵخی و بە گوتەیەک کە بۆ خۆشی بێگانە بوو، وتی:

ـ خوا بیانپارێزێ بۆت!

ـ خوا ئێوەی جەوانیش تەمەن درێژ بکات.

نیگای شەیدا جارێکی‌تر ڕۆیشتبوو بۆ ڕوخساری خڕ و باڵقی

نەبات کە لە بەر هاڵاوی کوورەکەدا، لە گونکە هەویرێک ئەچوو تازە لە فڕن دەرتهێنابێ. بە بێ ئەوەی کە گەرد و تۆزی خۆڵەمێش توانیبێتی بازاڕی بشکێنێ و گەشیەکەی داپۆشێ. لێوەکانی چەندە تەنگ و چەندە پڕ بوون. ئەوەندە سفت و تورت بوون، پێ نەئەچوو مژرابێتن یان تەنانەت ماچ کرابێتن. مەمکەکانی لە بن ئەو کراسە شیرییەدا چەند قوت و قیت بوون و پێشتر -کاتی دەماندنی کوورەکە- لەرینەوەی بێ هەوای چ تەزێکی نامۆی بە دەمارەکانی شەیدادا گەڕاندبوو و هەژاندبووی.

پیرەمێرد خەریکی بڕبەن کاری دەمی داسەکە بوو و ئیتر کاری بە کوورە نەمابوو. بۆیە بە نەباتی وت:

ـ تۆیش هەڵسە برۆ شڵپێک ئاو بدە بە چاوتا و چایەک سازکە. برۆ یارمەتی بکە.

نەبات هەڵسا و دەستی برد بۆ کەزیەی و ئەو چەپکەی کە ڕژابوویە سەر هەنیەی ئارەقاوی، خستیەوە ژێر لەچکەکەی، کۆشی کراسەکەی لە خۆڵ و خۆڵەمێش تەکاند و چوو بۆ لای ماموٚژنی کە خەریکی ڕاخستنی زیلۆکە بوو. مەسینە و سەتڵە بەتاڵی هەڵگرت و بەرەو دەرگای کاروانسەرا کەوتە ڕێ. شەیداش جووڵەیەکی کرد و هەڵسا. لە سەر پێ سووڕا و لە باوەڕێکی درۆیین‌دا کە گوایە ئەوانیتر سەیری ناکەن، چاوی بڕییە نەباتی کاولی کە بە پێی پەتی بە کراسە هێڵ و هەراوەکەیەوە، وەکوو کەو لەنجەی ئەکرد بە هەڵتەکانەنێکی لەبار و دڵخوازی سمتەکانیەوە.

شەیدا باوێشکێکی ساختەی کردە بیانوو و بە ڕاوەشاندنی بازوو و شانی خۆی کێشایەوە و بە قەراخ دیوارەکەدا بەرەو دەرگاکە خزا، بە بێ ئەوەی سەرنجی برای کچە کە مناڵەکەی نابوو بە قەڵاندۆشکانەوە و بە سەر و قژی تەڕەوە ئەهاتە ژوورەوە، بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ڕۆیشت و چووە بن تاقە ڕووخاوەکە و لەولاترەوە لە سەر جۆگەی ئاوەکە دانیشت و کەوتە شۆردنی

دەست و دەموچاوی. نەک هەر خودی شەیدا و نەبات، ئەگەر هەموو خەڵکی دنیاش کوڕی بونداریان لە سەر ئەو ئاوە بدیبایەت ئەیانتوانی تێ بگەن کە ئەو لە خۆڕا هەوڵ ئەدا وای دەربخات کە ئەیوەێ ڕوومەتی بشوات. چونکە شەیدا، پاش ئەوەی شڵپێک ئاوی دابوو بە چاویدا، دەستی لە بەر لووتی ڕاگرتبوو و بۆ ئەوەی وشەیەک بدۆزێتەوە مێشکی خۆی ڕێک ئەگووشی؛ بەڵام هیچ وشەیەکی -بۆ ئەوەی بە نەباتی بڵێ- تیادا نەئەدۆزییەوە. ئەتوت مێشکی جەوان بە تەواوەتی لە هەموو وشەکانی جیهان بەتاڵ ببوو. کە وا بوو، شەیدا بە بێ ئەوەی هیچ بڵێ، لە شوێنی خۆی مایەوە تا ئەو کاتەی نەباتی کاولی دەست و چاوی شۆرد، مەسینە و سەتڵی پڕ کرد لەئاو و پشت لە شەیدا کەوتە ڕێ بەرەو بەرتاقی نیوە ڕووخاوی کاروانسەرا و ئەوسا کە خەریک بوو لە نیگای شەیدا ون ئەبوو، جەوان کەوتەوە بیری کە ئەبوایە بیوتایەت:

«دەک لەو سمتانە قەڵبەزە ئەدات!»

شەیدا هەڵسابوو، چووبوویە ئەوبەر جۆگەکە و ئەیویست دیسانەوە بگەڕێتەوە بۆ کاروانسەرا، بەڵام نیگای بەڵخی لە ئەندێشەی شەیدادا، زۆر تیژ و تانووتاوی و دوژمنانە بوو. بۆیە پێی ڕاگرت و دیسانەوە لە جۆگەکە پەڕیەوە و بە سەریداخراوەوە بە قەراخ جۆگەکەدا کەوتە ڕێ و بیری کردەوە -ئەو بیرەی کە هەر ئێستە هورووژمی بۆ مێشکی هێنابوو- بچێتەوە بۆماڵەوە و بەرماوەی شێو، هەرچییان هەبێ، قاپێک پڕ بکات و بیهێنێ بۆ کاولیەکان. گومانی وابوو کە بە دوور لە چاوی ئەم و ئەو، شێو و نان بۆ کاولیەکان ئەبات و باسی ئەوەش ئەکا با ژنەکانتان بەیانی بێن بۆ قەڵاس چنینەوە:

«ئەوەی لە سەر من. بەڵێنتان پێ ئەدەم، بەرهەڵبێنەتان پڕ بێ لە گوڵەگەنم، کاتێکە ئەگەڕێنەوە.»

شەیدا، گوێی لە تەپەی پێ بوو لە کاروانسەراوە ئەهات.

خۆی کشانده بن دیوارەکە و وەستا. دەنگی وتووێژ و پێی بەڵخی و قەدیر بوو:

«خاڵۆشت لە ناو درۆێنەوانەکان دایە و ئەمەت بە من نەوتبوو؟!

قەدیر بە بێ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی بەڵخی، خۆی بە داسەکەیەوە خەریک کردبوو. دەستێکی ئەهێنا بە دەسکەکەیدا و دەستێک بە دەمەکەیدا و تاقی ئەکردەوە. بە لای شەیدادا تێپەڕین، بەڵخی وتی:

ـ وامزانی ڕۆیشتی، شەیدا خان!

بە بێ وەڵامدانەوە، شەیدا پێبەپێی بەڵخی کەوتە ڕێ بە ئەندێشەی خۆشی گەڕانەوە و، ئەم حەزە نهێنیە وەها بە خۆیەوە خەریکی کردبوو کە ئەیتوانی گوێ نەداتە بەدزمانی گۆدەرزی بەڵخی، چ جایە پلار هاویشتنی لەم بابەتە، هەرچەند تاڵیش بێ. بۆیە شەیدا نە لە بیری وەڵامدانەوەی بەڵخی، بەڵکوو لە بیری خۆشی قاپە خۆرشت کە بۆ کاولیەکانی ئەبات، هەنگاوی ئەنا. هەر بۆیەش بوو کە دەرکەوتنی مووسا و ڕاوەستانی بەڵخی بۆ چپەچپ کردن لە بن داربیەکەدا، هیچ سەرنجی شەیدای ڕانەکێشا و گیرام ڕاشی کێشابێ، شەیدا نەیخستە خۆی.

پێچەوانەی گیرۆدەیی سەرخۆشانەی شەیدا بە زیندەخەونە خۆشەکانی خۆی، چاو و گوێی قەدیر بۆ هەموو هەڵسوکەوت و گوتەیەک کراوە بوو؛ بە هیوای ڕووداوێک کە لەم گێژەنەی لە بەردەمیدا بوو دەربازی بکات. بەو جۆرەی کە پاڵەوان بەڵخی بە سەرفرازیی و سەرکەوتوویی لە ماڵی بوندار هاتبوویە دەرەوە و وەکوو برا قەدیری لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ دەمەزەرد کردنەوەی داسەکەی، قسەی تێدا نەبوو کە توانیبێتی قەدیر، وەکوو درۆێنەوانێک بە سەر بونداردا بسەپێنێ و ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە قەدیر، لەم سەرکەوتنە شادمان نەبوو.

بیمێنێ بۆ ماڵی بوندار، بەڵخی خاوی کردەوە و بە قەدیری

وت:

ـ بەیانی زوو دێم بە دواتدا. سپێدپەهنا. ئەگەر تۆ زووتر خەبەرت بوویەوە، تۆ وەرە. جارێ خوات لەگەڵ!

مووسا لە جۆگەکە پەڕیەوە و خۆی کرد بە ماڵی بونداردا و بەڵخی چاوەڕێی وەڵامی قەدیری نەکرد و قەدیر بە تەنها ببوو و تەنانەت لە شەیداش دابڕابوو. گومانی ئەوەی کە شەیدا خۆی ئەکا بە ماڵدا و ون ئەبێ، ترسێکی لە قەدیردا بەدی هێنا و وای لێکرد پێ هەڵگرێ. دوو هەنگاوی بمێنێ بۆ شەیدا، ناشیانە و زۆر بە خاوی، بە شێوەیەک کە ئەیتوانی ببێتە مایەی ترێق بوونەوەی خۆی، بە بێ هیچ زەمینەیەک دەستی کرد بە قسە:

ـ هەواڵی نادعەلیت پرسی لەوێ...؟ خۆت چ هەواڵێکت لێی هەیە؟

نەی بیست شەیدا و ئەگەر بیستی وای پیشان دا دڵ و دەماخی وتووێژی نییە. خۆی کرد بە ماڵدا و قەدیری بەجێ هێشت بە دەنگی ئاو و ڕیزی ڕاستە بیەکاندا، بۆ ئەوەی جنێوە بێئەڤانکەی -ئەگەر پێی خۆش بێ- لە بن ددانەکانیدا کاوێژ بکات:

«جلڤی لووسکەی سووراوکەر! سەیری من کە بە پیاوی ئەژمێرم. ئەم زمانەی من لاڵ بوایەت، باشتر بوو. ئەم زمانە درێژەی من ئەبوا لاڵ بوایەت. من ڕەوایە زوڵمم لێ بکرێ. هەقی خۆمە! ئێستە ئیتر قسەکەم نابیسێ! ئەوەندەی کە توانی خۆی لە وڵاتی ئەفغان ڕزگار بکات بەو وشترە، پێی وایە بووە بە پیاو! هەه! خافڵ لەوەی کە کچە ئەفغان ڕاناوەستێ لە سووچی ماڵە بوندار ببێ بە دەسڕی لووت سڕین. ئەمجار دەرئەکەوێ هەڵاتنەکەشی ئازایەتی خۆی نەبوو، لێهاتوویی کچە ئەفغان بوو. بەڵام کەی بەم شتانە فشی بن باڵی ئەم جۆرە کەسانە ئەنیشێتەوە؟ ئاخر ئەم جۆرە خەڵکە خۆ بەقەد مەنێک و دوو مەن ڕوودار نین! باشە، بە سەرتەوە وەستابێ کوڕی بوندار! ئێستە کە دەنگی قەدیر نابیسی، ئێستە کە قەدیر ناناسی با پێت بڵێم کە تا ئێستەش

قەدیرت نەبیستووە، هەتا ئێستەش قەدیرت نەناسیوە! باشە بە سەرتەوە وەستابێ هەتا ببیسی و بیناسی!»

قەدیر کە لە ئەندێشە و بۆڵاندن بوویەوە هەستی کرد داسەکەی وەکوو ئەمانەتیەک گرتووە بە دەستیەوە و بیری وەکوو با لە شەیداوە چوو بۆ لای دروێنەی بەیانی. بەیانی کێڵگە، بەیانی درەو:

«ئەبێ بەیانی بچم بۆ دەشت، وا دیارە. ئەبێ بڕۆم بۆ دەشت و شان بە شانی ئەوانیتر دروێنە بکەم؛ دروێنە! ئەویش نەک بۆ خۆم و لەگەڵ خۆم. ئەبێ دروێنە بکەم، ئەویش نەک لە سەر زەوی وردەمالیک و لەگەڵ چەن کەسی پیر و پاتاڵ و پەککەوتە، یان لەگەڵ چەن مێیینە. ئەبێ بەیانی بڕۆم و دروێنە بکەم لەگەڵ پسپۆڕترین پیاوانی دروێنە. درەو لەگەڵ خەنیم؛ خەنیمی کارامە. یەکیان ئەم پاڵەوانەی خۆمان. یەکی‌تر ئەولحەمی قاتمە. نابێ سەیری ئەو قەد و باڵایە بکەم کە بستێک و چوار قولاجیش نابێ. ئەڵێن لە بن لاسکی گەنم‌دا کە دائەنیشێ، لە بن گوڵەکان ون ئەبێ بەڵام ئەبینی لە چاو ترووکانێک‌دا دەشتەکە دائەماڵێ و ئەچێتە بەرەوە. دلاوەر یەکی‌تریان. لە مەچەک و باسک و باهۆیەوە دیارە کە چلی وەکوو من ئەبەسێ بە پەتی پووزەوانەکەیەوە. ئەو سەرە زلەی هاوار ئەکا لەو کەرکارانەیە. بەراتعەلی سالار ڕەزاقیش کە خۆی لە تۆوی کشتوکاڵ و وەرد و درەو کەوتۆتەوە. ئەوەندەی لە بیرم بێ دەستی بە هۆگری هەوجاڕ و دەسکی پێمەڕە و گەرکی کەلەندەرەوە بووە. ڕۆژ و شەوی لەگەڵ کشتوکاڵ و بەرهەم و وەرزی کار و درەو هەژمار کراوە. لەوانی کەش کەمتر لێهاتوو نییە. ئەسڵانی بونداریش کە کوڕی کوێخایە و خۆی بەجارێ بە خاوەنی دروێنە ئەژمێردرێ. ئەگەر هاوپێی ئەوانی‌تریش نەیەتەوە -کە دێتەوە- کێ ئەتوانێ لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێ. گریمان بەڵخی چوار پلاریشی تێگرت، خۆ لە قەڵاوە هەڵی نادەنە خوارەوە، خۆ لە درەو دەری ناکەن. ئەوەندەش

بەغیرەت نییە لەبەری گران بێ و کارەکەی بەجێ بهێڵێ. ئەم بەرچاوتەنگە گۆسارتمەیە بەس بۆ ئەوە خۆی تێکەڵی دروێنە کردووە کە دە مەن بار لە گەرووی بەدبەختییێکی هەژار دەربهێنێ. بەس لە بەر ئەمە! ئەمێنێتەوە ئەم خاڵۆ قورمساخەی من کە فێڵەبازی وەک خۆی نییە. نە توانای کاری هەیە و نە وزەی دروێنە، بەڵام ئەوەندە ئارام و گوێ لەمستە، ئەوەندە ماستاوکەرە کە ئەتوانێ قەرەبووی کەمکارییەکەی بکاتەوە. بە دەمە مۆنەکەیەوە کە ساڵ بە دوانزە ناکرێتەوە، کەس نازانێ چۆن بونداری خاو کردووە، رێگەی بدات بێ بۆ دروێنە. بەدبەختی چاوشۆڕ! جا تۆ قەدیر خان، ئەبێ شان بە شانی ئەم جۆرە پیاوانە دروێنە بکەی! ئەو پیاوانەی هەر کامەیان بە شێوەیەک سواری کاری خۆیانن. جا ئەوە گۆ و ئەوەش مەیدان، قەدیر خانی کەلایی خواداد!»

قەدیر، بە بێ مەبەست ئەخولایەوە و ئەرۆیشت کە تاجعەلی کۆڵبەری لە تەنیشت خۆیەوە بینی.

تاجعەلی کۆڵبەر، وردیلە و سووکەڵە، گوریس و کەڵەمەی کۆڵکێشانی دابوو بە شانیدا و وەکوو هەمیشە توند و خێرا بەرەو ماڵی سەنەما ئەچوو، بەو تەقیلە دەزووەیەوە کە هاوکێشی خۆی چڵک و ئارەقی لێ نیشتبوو و کەچەڵیە ڕووتەکەی تەوقی سەری دائەپۆشی. پێی ڕووت و پەت و پانی کە زل بوو و بە قەڵافەتی نەئەهات. کاتی ڕۆیشتن گورج و چالاک بوو، گەرچی بۆ ماڵی سەنەما ئەچوو کە خۆی نەشە بکات. هەرچەند وا دیار بوو کە خوماریش نییە، چونکە کاتێکە گەیشتە قەدیر، بەو دەنگە گن و ناسکەی وتی:

ـ نەمردین و بینیمان کوڕی کەلایی خوادادیش چووە ڕیزی دروێنەوانەکانەوە! ئەی ئیتر بۆ وەکوو پشیلەی گێژ بە ناو کۆڵانەکاندا خولەت دێ؟! بۆ کەسێک یان جێیەک ئەگەڕێ؟

قەدیر وشک و بە قوڵتەشی وتی:

ـ بە دوای شوێنێکی تەختدا ئەگەڕام لێی بمیزم کە تۆ

گەیشتی، تاجی! کڵاوەکەت داگرە و سەرت دانەوێنە!

تاجعەلی هەر بەو گورجیەی کە هاتبوو، تێپەڕیبوو و لە قەدیر دوور کەوتبوویەوە، بە مایەیەکی هەڕەشەی نهێنی لە گوتەیدا، وتی:

ــ بەیانی بەیەک ئەگەینەوە!

قەدیر پەشیمان لە زیز کردنی تاجعەلی، پێ بەنیاز کەوتە دوای و وتی:

ــ ئێستە بۆ کوێ ئەچی وا بەپەلە؟ ڕاوەستە کارم پێتە!

تاجعەلی کۆڵبەر لای دیوارەکە وەستا و پرسی:

ــ تۆ چ کارێکت بە من هەیە؟!

قەدیری کەلایی خواداد کە بە ڕاستی کاری بەکەس نەبوو، دەستی برد بۆ گوریسەکەی شانی تاجعەلی و وتی:

ــ چاوم لێ بوو ئەتان هۆنیەوە لەگەڵ ئەسلان. زۆر گشت و لەبارە!

ــ بەم گوریسە، لانیکەم ئەبێ چەن هەزار کۆڵ ڕایگوێزم بۆ خەرمانگە. گوریسەکەم ئەگەر پتەو نەبێ پەکم ئەکەوێ!

ــ وایە، کەرەسەی کاری مرۆڤ ئەگەر تەیار نەبێ خۆ کارەکەی ناچی بەڕێوە! تۆ سەیری ئەم داسە بکە، دامە بە وەستا حسێنی کاولی دەمەزەردی کردووە. واتە... تۆ سەیرێکی بکە توخوا، بزانە... بزانە هیچی پێ ئەکرێ؟

تاجعەلی داسەکەی لەدەستی قەدیر وەرگرت، هەڵیسەنگاند و وتی:

ــ بازووی پیاو کار ئەبا بەڕێوە، قەدیر خان! هەڵبەت ئامێری کاریش گرنگە، بەڵام دڵ و بازووی پیاو گرنگترە. خۆت ئەم شتانە باشتر ئەزانی!

قەدیر داسەکەی لێوەرگرتەوە و وتی:

ــ ئەوە خۆ ئاشکرایە، وایە. ئێستەش... ئێستەش ڕەنگە ئەچی نەشەی بکەی، وایە؟... چاکە، بڕۆ با بڕۆین. منیش

لەگەڵت دێم. بەڵام ئاخرەکەی پێت نەوتم ئەم داسەی من هیچی پیٚئەکریٚ یان نا؟

ـ بۆ پێی نەکریٚ؟ زۆریش لە داسێکی دەسخۆش ئەچیٚ.

ـ باشە، باشە، با بڕۆین. بە هیوای خوا!

قەدیر و تاجعەلی کە چوونە چاڵی حەوشەی ماڵی سەنەما، ئەبوا ڕاوەستن کە ماهدەروێش بەڵکوو خۆی لە هەورازی بەر دەرگاکە سەرخات و لەویٚ هەناسەی ڕاست بکاتەوە. چونکە بەو دوو دارەوە کە ئەو بە دەستیەوە گرتبوو و کردبووی بە لەنگەری لەشی لارولەوێر و لە قەوارە کەوتووی، ڕێکردن لە دژوارترین کارەکان بوو بۆی. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ماهدەروێش، ئەم ئێسقانە لەق و لۆقە، بە تاقی تەنها لە ماڵ دەرکەوتبیٚ و ئێستەش بیەویٚ بە تەنها خۆی بڕواتەوە بۆ ماڵەوە:

ـ تا بەیانی خۆ ناگەیتەوە ماڵەوە سەید گیان؟!

تاجعەلی، لە چاڵەکەدا باوەشی کرد بە ماهدەروێشدا، بردیە سەر لە بن دیواری کۆڵان داینا. ماهدەروێش هەناسەی هێور کردەوە و وتی:

ـ کەرەکەم... کەرەکەم... لێرە بوو، لە پشت ئەم دیوارە... تاجعەلی گیان. تا ئەو کاتەی... ڕەنگە خوا قوربان بنێریٚ بۆ یارمەتیم. خوا چاکت بۆ بکا تاجعەلی گیان!

تاجعەلی کەرەکەی ماهدەروێشی لە کەلاوەکە هێنایە دەرەوە، ماهدەروێشی هەڵگرت و باری کەرەکەی کرد و دارەکانی دا بە دەستیەوە و وتی:

ـ ئا ماشەڵڵا! بۆ خۆت خەریکە قیت ئەبیتەوە، سەید. ماشەڵڵا! نەمردین و بینیمان کە خۆت کەوتیتەوە سەرپیٚ؛ ماشەڵڵا!

ماهدەروێش دۆعای کرد و تاجعەلی کۆڵبەر بە دوای قەدیری کەلایی خوادادا، پێی نایە ناو دەرگای ماڵی سەنەما. بێگەمی ئەوەی کە ماهدەروێش دەستی لە ملی کەرەکەی ئالاندووە و

چوارپێکەی لە بن دیوارەکە ڕاگرتووە و بە گومان و دڕدۆنگیەوە سەیری ڕۆیشتنی تاجعەلی و قەدیر ئەکات:

«قەدیر نەبوو، ئەوی کەیان؟ خۆی بوو، نەبوو؟ ئا، خۆی بوو. ئێستە ئەڕۆن دائەنیشن و لە پشت سەرم قسە ئەکەن. بەڵێ غەیبەتم ئەکەن. غەیبەت! بۆ غەیبەت نەکەن؟! هەر کەس ئەبێ شتێک بکا. ئەمانەش، ئەم خەڵکەش پاش ملەی من قسە ئەکەن. هەر ئێستە دەرگای هەر ماڵێ بکەیتەوە، ئەبینی و ئەبیسی ئەوا پاش ملەی ماهدەرویێش غەیبەت ئەکەن. لە هەر شوێنێک چوار کەس کۆوە بن، ئەگەر لە پشت دیوارەکەوە گوێ ڕابگری، گوێت لێ ئەبێ کە خەریکن پاش ملەی ماهدەرویێش قسە ئەکەن. لە سەر ئاو، ژنەکان کاتی شیوکردن، هیچیان نییە بە یەکی بڵێن جگە لە غەیبەت کردنی ماهدەرویێش. کاتێکە دەسکەنە ئەکەن، کاتێکە زەوی ئەکێڵن، کاتێکە تەیمان هەڵئەبەستن و یان ئاو ئەبەن بۆ سەر زەوییەکەیان. کاتێکە هەر کارێک ئەکەن یان هیچکارێک ناکەن، کاریان نییە جگە لە غەیبەت کردن پاش ملەی ماهدەرویێش! زستان لە بن قورسی، هاوین لە سەربانان، پایز لە سەر پەرێز، لە ناو دووکان، لە ناو گەوڕی مەڕان. لە ناو دەشت و مێرگ، لە هەموو جێیەک، هەر هەموویان هەمیشەی خوا پاش ملەی ماهدەرویێش غەیبەت ئەکەن؛ غەیبەت ئەکەن، غەیبەت ئەکەن، غەیبەت ئەکەن! خوا زەلیلیان بکات؛ زەلیلیان کردم، خوا زەلیلیان بکات!»

**بەندی دووەم**

شێرۆ بە وڕێنەکردنی ماهدەرویش ڕاهاتبوو. ئەوانی کەش کە ماوەیەک بوو ماهدەرویشیان بە سواری کەرەکەی ئەبینی بە کۆڵان و بەرماڵاندا تێئەپەڕێ، خوویان بەم خووە تازەی ماهدەرویش ئەگرت کە بە دەنگی بەرز بیر ئەکاتەوە و هەڵبەت لە بەر خۆیەوە ورتە ئەکات. هەر بەو جۆرەی کە ئەبوایە لەگەڵ قەڵافەتی تازە، کەسم و بیچمی تازەی ماهدەرویش ڕابێن. کابرایەکی لارولەوێر، کۆم، گاوکراو و ناقۆڵا و خواروخێچ. تەپەقوڕێکی لە تەنوور دەرهێنراو؛ سووتاو.

ـ تۆ ئیتر کێی؟! سوارە، کوڕی پاوشای؟!

ـ خۆت کێی؟

ـ من... من ناناسی؟ من عەباسجانم!

ـ ئەی تۆ چۆن منت نەناسی، نارەسەن؟ من ماهدەرویشم!

ـ تۆ ماهدەرویشی؟! نەء... باوەڕ ناکەم! بە ڕاستی خۆتی؟ بە پیرۆزی کەوتوویتەتە سەرڕێ. دەی، ئەلحەمیلا، ئەلحەمیلا. ڕاستەکەی من هیوام لێ بڕیبووی! خوا یارمەتی داوی سەید! خۆ ئیتر ئازار و برینت نییە، ئەرێ؟ دەی چۆنی، چۆن نیت؟

عەباسجانی کەلایی خواداد، دەستی بە ملی کەرەکەی ماهدەرویشەوە مابوو، بەڵکوو وەڵامێکی لێ ببیسێ. بەڵام ماهدەرویش بیری لە کار و جێگەیەک بوو. بۆیە بە بێ ئەوەی گوێ

بداتە ئەوەی عەباسجان وتبووی، وشک و یەکڕوو، بەو شێوەی کە عەباسجان باوەڕی نەئەکرد ئەوە ماهدەروێش بێ وتی:

ـ ها؟ تۆ لێرە خۆت مەڵاس دابوو کە چی؟ لە بۆسەی مندا دانیشتبووی؟ کەچی؟ کە دیسانەوەش پاش ملە قسەم بۆ ساز کەی؟ ها... ها؟ ئەرێ؟ دیسانەوەش پاش ملە قسەم بۆ سازبکەی؟ ئەرێ؟

ـ سەید!

ماهدەروێش دەرفەتی ئاخافتنی بە عەباسجان نەدا و پرسی:

ـ لێرە، لەم کەلاوەیە، باسی منت ئەکرد؟ لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ کێت بوو خەریک بووی غەیبەتی منت ئەکرد؟ کێ بوو لەگەڵت لە دیوارەکەوە خۆی هەڵدایە ئەودیو؟

ـ ئەوە ئەڵێی چی سەید؟ باسی کێ ئەکەی؟

ـ ئەوەی کە لەگەڵت بوو. ئەوەی کە لە دیوارەکەوە خۆی هەڵدا و هەڵات!

ـ سەیدی گوڵ! وادیارە سەنەما زیادە سەری گەرم کردوویت. بۆ ئەندازە ڕاناگری سەید گیان؟! مەگەر چی ڕووی داوە کە هەموو شتێک بە دووان ئەبینی؟ من خۆ لەگەڵ کەس نەبووم. من لە بن ئەو دیوارە میزم ئەکرد و لە بەر خۆمەوە زەمزەمەم ئەکرد. نەکا سێبەرەکەیشم بە یەکێک حەسێب ئەکەی؟

ماهدەروێش، بەدار کەرەکەی خستە ڕێ و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ غەیبەت؛ غەیبەت! من خۆم بینیم، من خۆم بیستم. من خۆم ئەزانم تۆ بوویت و نانەجیبێکی تری وەکوو خۆت بە جووتە پاشملەی من قسەتان ئەکرد. من خۆم ئەزانم. خوا زەلیلتان بکات. من ئەزانم. چاو و گوێم هەیە منیش. باشە، باشە. چەندە پێتان ئەکرێ لە پشت سەری من غەیبەت بکەن. قسەم بۆ هەڵبەستن، گاڵتە بە نامووس و ویژدانی من بکەن. من بکەن بە گاڵتە جاڕی خۆتان. پلار باوێژن، غەیبەت بکەن، جنێو بدەن و

قسەی خراپم پێ بڵێن. ئەوەندە قسە بکەن تا زمانتان مووی لێ ئەڕوێ. منیش لێتان خۆش بم، خوا لێتان خۆش نابێ. خوا خۆ لێتان خۆش نابێ!

عەباسجان، حەپەساو و دەم داچەقاو سووک و بێدەنگ وەکوو پشیلە بە دوای کەرەکەی ماهدەروێش‌دا ئەرۆیشت و زۆر سەیر سەرنجی بۆ بیستنی قسەکانی ماهدەروێش ڕاکێشرابوو. بەڵام وڕینەکەی ماهدەروێش لەپەسا دائەبەزی و ئارام ئەبوو، بەو ڕادەیەی کە بەس خۆی ئەیتوانی گوتە و بیرکردنەوەی خۆی ببیسێ:

«چییان لێ بکەم؟ ئەتوانم چییان لێ بکەم؟ خۆ ناتوانم دەمبێنیان لە دەم بکەم؟ خۆ ناتوانم. من کەی ئەتوانم دەمی ئەم خەڵکی کووفەیە دادوورم؟ ئەتوانم؟ ئەگەر بمتوانیبا... ئەگەر بمتوانیبا ئەو کارە بکەم. ئەگەر بمتوانیبا بەر بە غەیبەت کردنی ئەم خەڵکە بگرم؟ ئەگەر... ئەگەر دەسەڵاتیم هەبوایە... یان ئەگەر بڕوام بەوە هەبوایە کە خوا ڕوو لە ئاهم وەرناگێڕێ، نەفرینم ئەکردن. بەڵام ودمی پاکی منیشیان گلاو کرد. ئەم حەشاماتە کووفەییە. ئەم حەشاماتە کووفەییە...»

عەباسجان نەیتوانی بەر بە کۆکینەکەی بگرێ و بە زەنگی دەنگی سینەی، ماهدەروێش ئاوڕێ لێ دایەوە. دەسبەجێ بیرێکی زیرەکانە هات بە مێشکی کوڕی کەلایی خوادادا. ئەوەی کە ماهدەروێش -بە بێ ئەوەی خۆی بزانێ- ئەتوانێ ببێ بە سێبەری ئەو لەو کارەدا کە لە پێشیەتی. هەم سێبەرە و هەم کردار. ئەو کەسانەی کە بەشێک لە کارێک ئەگرنە ئەستۆ، خۆ هەموویان بەرخۆ و ئاگادار نین. بۆی هەیە کەس یان کەسانێک دەست بدەنە کار و کارستانێک بە بێ ئەوەی خۆیان بزانن لەو کار و کارستانەدا بەشدارییان هەبووە. هەروەهاکەم کەسیش هەیە کە خەڵکانێکی تر بخاتە گەڕ بۆ زەرەر و زیانی خۆی. دۆزینەوەی هاوکار و هاوپێ لە کۆنەوە هەبووە. ئەوەندەی کە بتوانی یەکێکی

تر بخەیتە بەر تۆمەتی تاوان، نیوەی مەترسیەکەت لە خۆت دوور کردۆتەوە. لەم ناوەدا عەباسجان ئەیویست ئەو کارە بکات و کێ لە ماهدەروێش لەبارتر؟

ــ ئەگەر ئەتەوێ خۆت لە شەڕی ئەو بیرانە ئازاد بکەی، ئەگەر ئەتەوێ بە ڕاستی بۆت دەربکەوێ کێ پاش ملە غەیبەتت ئەکا، بدە لە دەرگای ماڵی عەلی خاکی، جەنابی سەید! بەس بە ئەندازەی چاوی ئاسکێک لۆی دەرگاکەی ماڵی خاکی بترازێنە، سەرت ببە ژوورەوە و خۆت ببینە و خۆت ببیسە کە چی لە پشت سەرت ناڵێن! هەموویان لەوێ کۆ بوونەتەوە. پێویست ناکا لە کەرەکەشت دابەزی.

ماهدەروێش هەچەی لە کەرەکەی کرد و وتی:

ــ خێر نابینن، لەم کارەیان خێر نابینن. ئەزانم، خۆم ئەزانم چ قسەیەک لە پشت سەری من ئەکەن. مەگەر من کەرم لەم شتانە تێ نەگەم؟ تۆ وا ئەزانی تەنها لە پشت دەرگای ماڵی عەلی خاکی باس باسی ماهدەروێشی ڕەبەنە؟ بەس لە پشت دەرگای عەلی خاکی؟ نەخێر. دەرگای هەر خانوویەک کە بکەیتەوە ئەبینی و ئەبیسی کە بابەتی دانیشتنەکەیان غەیبەت کردنی منی غەریبە. نەک هەر لێرە، لە چاخانەکانی سەر ڕێگەش باس باسی ماهدەروێشی کۆڵە کوتراوە. لە هەوو...

عەباسجان چووە بەردەم کەرەکە و دەستی هێنا بەملی چوارپێکەدا، قسەی لە دەم سەید سەند و وتی:

ــ نەخێر... کاکی من. هەموو قسەیەک لە هەموو شوێنێک ناکەن. هەر کەسیش هەموو قسەیەک ناکا سەید گیان، برای من. بگرە ئەو سیگارە بکێشە. با یەکیش بۆ خۆم بە سیگارەکەی تۆ داگیرسێنم و بزانم کاری دنیا بە کوێ ئەگات. نەخێر. نەء. قسەمان هەیە تا قسە، فەرموو. مژی لێدە تا نەکوژاوەتەوە. قسەمان هەیە تا قسە. غەیبەتمان هەیە تا غەیبەت. پاش ملەمان هەیە تا پاش ملە. جنێومان هەیە تا جنێو. هەر ئێستە

بەر لە تۆ دووانیان خەریک بوون ئەچوون بۆماڵی خاکی. سەیرت کردووە، ئەچن بۆ کاری خۆیان، بەڵام غەیبەتی خەڵکی ئەکەن. بێباوکانە! بڵێ بێباوکانە ئەو ژنە ڕەبەنە چ خراپەیەکی لەگەڵ ئێوە کردووە کە پشتە سەری قسەی بۆ ساز ئەکەن؟ هەرچەند غەیبەت کردن لە پاش ملەی ژنێکی وەکوو شێرۆ، گوناحەکەی ئەشواتەوە. بەڵام ئاخر... بڵێم چی؟ جگە لەوەیە کە ئەم هەژارە لە بەیانی تا ئێوارە بەقەد دوو پیاوی کارامە زەحمەت ئەکێشێ؟ ئەی ئەمە چ ڕەوشت و ئاکارێکە هەتانە، ئەی خەڵکینە؟ ئەمە چ خوو و خدەیەکە؟! ئەم ژنە، ئەم شێرۆیە، ئەم بەندە غەریبەی خوا کەی بۆ ئەوە ئەبێ بەخێڵی پێ ببەن و بەو درۆ و دەلەسانەتان بەدناوی بکەن؟ چیتان دەس ئەکەوێ؟ چ سوودێکی بۆ ئێوە هەیە؟ واتە ئەوە چاکەدانەوەی ئەو زەحمەتانەیە کە ئەو بۆ یەکە یەکەی ئێمەی کێشاوە؟ ئەمەیە هەقی ئەو ژنە؟ ئێستەش کە پیاوەکەی دراوە بە عەرزا و لە بەر ئێوەش ئەوەی بە سەر هاتووە، چ خوا بەرداره بەم جۆرە دەروازەی دەمتان بکەنەوە و ئەوەی شیاوی خۆتانە بەوی بڵێن؟ خوا پێی خۆش ئەبێ؟ لەبری ئەوەی بێن و یارمەتی ئەمجۆرە خەڵکانە بدەن، لەبری ئەوەی بارێکیان لەکۆڵ بکەنەوە، بە زمانی هەرزە بێژتان ئەتانەوێ باری نەنگیش بدەن بە سەر شانیا؟ ئەتانەوێ داخی نەنگیش بنێن بە ناوچەوانیەوە؟

بێدەنگی و بێدەنگی. بەدگومانی مرۆڤێکی شپرزە، لە خامۆشیەکی ترسێنەردا. سووریی ئاگری سیگار کە لەپەسا بە مژی قووڵ و بەردەوام ئەوریشایەوە. گوێ تیژەکانی عەباسجان و نیگا دزەکەی کە بە هەر بیانوویەک ئەیڕوانیە نیوڕوخی شکاوی سەید. هەنگاونانی ئارامی چوارپێ بۆ ئەو مەبەستەی عەباسجان ڕاکێشی ئەکرد. شەڵەژانی خۆف لە سات ساتی بارودۆخی ماهدەروێشدا. وڕینەی ئارام و نامۆ. بیانوو گرتنی ئەندێشە. نەتوانایی خۆ بە دەستەوەدان. دابڕان لە خۆ. لەخۆ دابڕان. دڵ سپاردن بە هیچ و خۆڕایی. پەرداختکردنی بڕوایەکی نامۆ بۆ خۆ

پیاهەڵواسین. داماوی بوون. داماوی بیر و هۆش هەڵواسین بە شوێنێکی نامۆدا. خۆدان بەدەست تارمایی پەنجەکانەوە. بە پەنجەی تارمایی خۆ سپاردن. هەموو لە بەر بەردەوامی بوون، ژیان و تاوهێنانی پرتە و بۆڵەی خۆی. هەرچی چۆن بێ، لە هەموو هەلێکدا، شتێک سازکردن لە ئەندێشەی خۆیدا، شتێک بە هەڵۆسە، شتێک بە درۆ. بۆ ئەوەی بڕوای خۆت لە ڕاستەقینە نزیک بکەیتەوە، خەنیمێکی نەناسراو بۆ خۆت ئەتاشی. دوژمنێک بۆ خۆت ساز ئەکەی. خەنیمێکی ساختە بە ڕەهەندی هەموو هێزی ئەندێشە، لەبەرامبەر خۆتدا قوت ئەکەیتەوە. هەموو خەڵکی بە دوژمنی خۆت ئەزانی، نیشانەی ئەوپەڕی زەلیلی و داماوی و سەرکزی و بەلەنگازیی. ئەوسا کە توانای بەربەرەکانەت لەگەڵ دوژمنی ڕاستەقینەدا نییە. کە جەربەزەی دەربڕینی کەمترین ناڕەزایی لە بەرامبەر ڕۆژەڤ و کردەوە، لە تۆدا سەرکوتکراوە و ڕێگەی دەرباز بوونێک لە دەروونی خۆتدا نادۆزیتەوە؛ کە وا بوو چ باک لە ئەندێشەی دوژمنایەتی؟ دوژمنایەتی لەگەڵ هەمووان، دوژمنایەتی لەگەڵ هەموو خەڵکی قەڵاچیمەن، دوژمنایەتی لەگەڵ هەموو ناوچەکە، دوژمنایەتی لە هەر جۆرێک. درۆی گەورە لەگەڵ خۆ کردن، چونکە ئەو درۆیە نەشەت ئەکات. بۆیە ئەو درۆیە چەندە قەبەتر، بەو ئەندازەیەش تین و تاوی لەش و گیانت، پتر. بڕوا کردن بەم درۆیە چەندە مسۆگەرتر بێ، تینوێتی ئەوینی بەتام و چێژی تۆ بەرامبەر بەو کینەیەی لەناخی خۆتدا دروستت کردووە، زۆرتر و تامەزرۆتر. ناخی خۆت پەروەردە ئەکەی بۆ هەڵایسانی زیاتری ئەو ئەندێشە ڕقاوییە کە هەم کاڵا بەقەد باڵای ئەندێشە بێ سەروبنەکەتە و، هەم ئەتوانێ جیهانی بێ سەروبن بگەڕێ ئەم سەر بۆ ئەو سەر. دەروویەک بۆ ڕەها بوون، لە گەڕان بۆ دژی خۆت، کە تۆ لەگەڵ ئەو، کە تۆ لەگەڵ خۆت ئەتوانی هەڵکەی، ئەتوانی بژی. هەرچەند کە لەم دژایەتیەدا، مشت لە بای ئەندێشە بدەی تۆ، ناوبەناو. چ خەنیمێکی شەرمن

و بەڕوومەت، چ دوژمنێکی لە بەر دەست، چ دژێکی خۆ بە دەستەوەدەر و بە دڵی تۆیە. بۆ ساتێکیش لێت دوور نییە و تۆیش. بۆ ساتێکیش لە دەرەوەی تۆ نییە، دوژمنەکەت. بۆ چاوترووکانێک لە بیر و یادی تۆ دوور ناکەوێتەوە، دژەکەی تۆ. مەیدانگەی خەبات وا لە دەسەڵاتی بەدەسەڵاتی تۆدا، بە ململانێیەکی سەرکەوتوانە هەم لە شکست و هەم لە شکاندا. کە چێژی شکستت، لە حەزی سەرکەوتن کەمتر نییە و، هەروەها غورووری سەرکەوتنت، لە بەزەیی شکست کەمتر نییە. جیهانت بەجارێ لە بەرێکەوە کەڵەکە بووە و لەو بەر جگە لە تۆ، کەسی لێ نییە، بە بێ جیهان و، نموود و تاودانەوەیەکت نییە مەگەر بە لێو بزواندن و پرتە و بۆڵەیەکی لە بەر خۆتەوە.

لە تاقیکردنەوەی چەند دە ساڵەی تەمەنی عەباسجاندا، ڕێ کەوتبوو کەسانی وەکوو ماهدەروێش ببینێ کە بەرەنجامیان گەیشتبوویە وڕێنەکردن و نەک -بە ئارامی ماهدەروێش بەڵکوو زۆر بێباک و بە بێ گوێدانە بوون و نەبوونی کەسان، کە زمانێکی دڕ و بوێریان لە گفت و گوتاردا هەبوو. بێ بەند و بێ گرێ. عەباسجان هەروەها، ئەگەرچی نە زۆر، بەڵام یەک دوانێکی لەم بابەتەی ئەهاتەوە بیر کە گلەیی و ناڕەزامەندی خۆیان دەرنەئەبڕی. هەرچەن جارجارە گلەییش لە بۆڵەیاندا هەبوو. زۆرتر بەڵام گفت و گوتاریان سەروخوار کردنێکی هەبوو بە گوێرەی هەڵچوون و داچوونی غەوارەی ناو دەروون. لە وتووێژی ڕۆژانەوە بگرە تا دەربڕینی یادەوەری بەرامبەرکێ، توندوتیژی و تووڕەبوون و تەنانەت جەنگ و پاشان دابەزین و دادوەری و ئامۆژگاری لە بەرژەوەندی ئاشتبوونەوە و ئەوسا دەمخەند. ڕۆشنترینیان کە لە بیرەوەری عەباسجاندا نموودێکی تازەی هەبوو. وردەمالکێکی شکاو و مایەپووچ بوو خەڵکی تاڵاوا، ماوە و داماو لە بنەماڵەی حاجی مەلا، کە پارچە زەوییەک و چۆرە ئاوێکی بە میرات پێگەیشتبوو. خەڵکی ئەیانوت بیست ساڵێک ئەبێ خەریکە حەسێبی داهات و دەرچووی خۆی

بکات بە یارمەتی پەنجە و زمانی. ئەویش بەرەنجامی قڕەی بەردەوامیەتی لەگەڵ ژنەکەی و هەم دوو کچ و کوڕەکانی، کە بە زۆری و بە شێوەی جۆراوجۆر حەسێبەکانی بە قسە و بە وڕێنە بە دەم ڕێوە ئەکرد. بە دەم ڕێ ڕۆیشتنەوە بە هەنگاوی بڵێند و لە کۆڵانەکاندا و دیسانەوە سەرلە نوێ حەسێبی ئەکردەوە. ئەوترا ماخۆلەی بەرەنجامی دەرچووی زۆر و داهاتی کەمیەتی، تێکەڵ بە نەریتێک کە ئەویش میراتی بنەماڵەیی بووە.

هەرچی چۆن و بە هەر هۆیەک عەباسجان کاری بەوە نەبوو. ئەوەی کە گرنگ بوو ئەو ئەیتوانی بە کاری بهێنێ. ئەزموونی بینینی ئەو کابرایە و شارەزایی لەو جۆرە نەخۆشیە هەبووکە ئەیتوانی یارمەتی بدات تا بتوانێ نموود و نیشانەیەکی ئاشنا لە بوونی ماهدەروێشدا ببینێ و لە کاتی خۆیدا بەکاری بهێنێ بۆ جێبەجێکردنی مەبەست و نیازی خۆی. چونکە ئەو دڕدۆنگی و بەدگومانیەی کە ماهدەروێش تووشی ببوو و ئاوا بەپەلە ئەرۆیشت تا وەکوو دوژمن سەیری هەموو کەس بکات، هەل و دەرفەتێکی بە کوڕی کەلایی خواداد ئەدا تا بتوانێ کاری خۆی لە سەر ئەو بناغەیە ڕێک بخات. بەختیشی لەوەدا یار بوو کە ئەو بەدگومانیەی ماهدەروێش، بە بێ زەمینەش نەبوو. ئەوە ڕاست بوو کە شەیدا و شێرۆ وەکوو دوو گای کەڵەمە لەملی بن جەنجەڕ، لە شەڕ و ئاشتیدا بە دەوری خەرمانێکدا ئەسووڕانەوە؛ جا کەی دەوێڵی کەڵەمە لێک هەڵبڕن و لە بەرامبەر یەکدیدا بوەستن؟

ــ خودی تۆیش هەر ئێستە خەریکی غەیبەت ئەکەی. بە زمان نایڵێی بەڵام غەیبەت ئەکەی. لە لای خۆت پاش ملەی من قسە ئەکەی. لێوەکانت خامۆشە، بەڵام من قسەی تۆ لە دڵتەوە ئەبیسم! ئەبیسم کە خەریکی غەیبەتم ئەکەی!

ــ سەید گیان، سەیدی گوڵ! سەید گیان، ویژدانت چووە بۆ کوێ؟ تۆ هەرگیز بینیوتە ئەم خەڵکە لەگەڵ من بدوێن تا من دەرفەتی ئەوەم هەبێ غەیبەت بکەم؟ کوا ئەوانە من بە

شیاوی ئەوە ئەزانن دەم بخەنە دەمم؟ کوا لە ڕیزی ئادەمیزاددا حەسێبیان بۆ کردووم؟ من لە تۆ باشتر ئەم خەڵکە ئەناسم. زۆر باشتر و زۆریش زیاتر لە تۆ. من لە ناو ئەم خەڵکەدا گەورە بووم. ژیانی خۆم لە ناو ئەمانەدا بەفیڕۆ داوە. لە پێناوی ئەمانەدا فەوتاوم. هاودەردی خودی تۆم لە ڕاستیدا. ئەم خەڵکە ڕواڵەت بینە سەیری سەردەستی کراسەکەی مرۆڤ ئەکەن. سەردەستی کراسەکەی ئەگەر کۆنە بێ، ئەگەر هەر وشەیەکی مرواریش بێ، لێی وەرناگرن. چیت پێ بڵێم من؟ باری ئەو دەرد و ئازارەی لە دڵی من دایە، سەد جار لە هی تۆ قورستر و تاڵترە. ڕۆژگارێکم هەبوو من. ڕۆژگارێک جگە لەوەی کە تۆ ئەیبینی. ئەو ڕۆژەی کە من بە سواری هێسر لە سەفەر ئەگەڕامەوە، کە لە بەردەمی کاروانسەراوە بام ئەدایەوە بۆ ناو کۆڵانەکە، ژن و پیاو ڕێزیان لێ ئەگرتم و ڕێیان بۆ ئەکردمەوە. نەیان ئەهێشت سڵاوم پێش سڵاویان بکەوێ، پیر و جەوانیان. دەس بە دەم لە سەر ڕێگەم بەڕیز ئەبوون و چاویان لە دەستم بوو کەی ئەچێ بە گیرفانمدا. لە ڕاستیدا ئەوان خۆیان ڕانابوو و من بە سواری هێسر سانم لێ ئەبینین. بۆیەش بوو گیرفانم پڕ ئەکرد لە پارەی ڕەش و کاتێکە بە بەردەمیاندا تێ ئەپەڕیم، پارەم بۆ هەڵئەدان. کام ڕیش سپی هەبوو لەبەرم هەڵنەسێ؟ بە زۆر بیست ساڵ ئەبووم، بەڵام پیرەمێردی نەوەد ساڵەش لەبەرم هەڵئەسا و سەری بۆ دائەنەواندم. بۆچی؟ چونکە سەردەستی کراسەکەم نوێ بوو! بۆچی؟ چونکە گیرفانم پڕ بوو لە پارە و سفرەم پڕ بوو لە نان! ئەوان ئەیانزانی کە من پێشەنگم و ئەو کاروانەی بەڕێوەیە، سەرچاوەی ڕسق و ڕۆزیان ئەکاتەوە. ئەیانزانی کاتێکە کاروان بە سڵامەتی بگاتە بەرەوە هەر ئەو شەوە لە ماڵی خواداد سفرە ڕاخراوە. بەڵام ئێستە... ئێستە وەڵامی سڵاوەکەم نادەنەوە. ئەڵێی بە گڵاوم ئەزانن! گڵاویشم؛ ئەمەیان خۆم ئەزانم! لە بەر ئەوەی ئاتاجم. مرۆڤی ئاتاج گڵاویشە. خۆم باوەڕم بەوە هەیە. مرۆڤی پاک و پیرۆز تەنها

ئەو کەسەیە دەسەڵاتی هەیە. دەسەڵات، دەسەڵات مرۆڤ پاک و پیرۆز ئەکات. ئەمەش لە ناخی دڵمەوە ئەڵێم و باوەڕم پێی هەیە. مرۆڤی دەوڵەمەند و بەدەسەڵات، ئەگەر دڵیشی پڕبێ لە چۆرتم و نەگبەتی، بە ڕواڵەتی ڕازاوەیەوە پاک خۆیا ئەکا. بۆ ئەم قسەم ئەزموونم هەیە، تاقیم کردوونەتەوە ئەم مەردمە. سەر و بنیانم ناسیووە، من! کەچی تۆ ڕووم تێ ئەکەیت و بە من ئەڵێی غەیبەت ئەکەم؟!... ئەی پیاوی بە ویژدان، ماڵت ئاوا! مەگەر کەس لەگەڵ من ئەدوێ کە من غەیبەتی تۆی لەلا بکەم؟ هەر خودی تۆ ڕووی داوە تا ئێستە یەک تاقە جاریش هەواڵی من بپرسی؟ ها؟ من خۆ یەکی وەکوو تۆ بووم ئاخر بێبەزەیی! هێشتاش ئەوە من بووم کاتێکە لە سەر جێگە کەوتبووی سەردانم کردی و هەواڵم پرسیت و وتم چۆنی سەید! گریمان دەستیشم بەتاڵ بووبێ. گریمان هیچ بە هیچ. بەڵام من وەکوو بەری دەستم لام دیارە ئەگەر من زەمینگیر ببم و لەجێدا بکەوم لە سووچی کەلاوەیەکدا، خودی تۆ قیزت نایەت پێ بخەیتە ئەو کولانە سەگەی منی لێ کەوتووم. پێت شەرم ئەبێ. وەک بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر ئادەمیزادیش نەبووبێتم!

ماهدەروێش قنچکە سیگارەکەی فڕێ دا و هەروا بە سەر کەرە وەستابووەکەوە وشک ببوو. چاوە بە قووڵاچووەکانی خستە سەر عەباسجان و پرسی:

ـ ڕاستیەکەی لە ماڵی عەلی خاکی... باسی چی ئەکەن؟

عەباسجان دەستی لە یاڵی کەرەکە کردەوە و هەنگاوێک بۆ دواوە، وتی:

ـ هیچی وانییە سەید گیان. باسی هیچ ناکەن. هەر لە خۆمەوە شتێکم وت. تەواو بوو و ڕۆیشت. بڕۆ سەر بخەرە سەر سەرینت و ئاسوودە بە. باس و قسە زۆرە و سەرەتا و کۆتایی نییە. بڕۆ برا گیان، بڕۆ و لەم ڕووەوە خۆت نارەحەت مەکە، من و تۆ هیچمان لەدەس نایە!... دێ؟ نەء، نایە! ئەی پیاو ئیتر بۆچی

قنی بداتە بەر شاخی گا؟ بیدەرە دەس خوا!

عەباسجان، هەر لەو ڕێگەیەوە کە لەگەڵ ماهدەرویێش هاتبوو، گەڕایەوە. بە بێ ئەوەی هۆش و گوێی لە کاردانەوەی ماهدەرویێش خافڵ بکات. ماهدەرویێش لەپڕ ئەتوت بە زمان و بە حەوت بەندی لەشی قفڵ بووە. بەڵام سەری کەرەکەی وەرگێڕا، هەچەی لێکرد بە دوای عەباسجاندا و بە نارەزاییەوە هاواری کرد:

ــ راوەستە. ڕاوەستە. لەگەڵ تۆمە، ڕاوەستە!

عەباسجان وەستا، هەرچەند زۆر دوور نەکەوتبۆوە. ماهدەرویێش مابێتی بۆ لای وتی:

ــ بڵێ! پێمی بڵێ! بە منی بڵێ!

ــ چیت پێ بڵێم، سەید؟

ــ هەر ئەمە، ئەمەی کە لەوێ چ باسە؟ هەر ئەمەم پێ بڵێ لەوێ چی بە سەر ژیانی من دێ؟ ئەمەم پێ بڵێ کە پاش ملەی شێرۆ چی ئەڵێن؟ شێرۆ ژنی منە ئاخر، بابە گیان! تۆ خۆ بڕوات بەوە هەیە؟! باوەڕت بەوە هەیە کە شێرۆ ژنی ماهدەرویێشە، یان تۆیش باوەڕت بەوە نییە؟!

ــ باوەڕم نییە؟! بۆچی باوەڕم پێی نەبێ، سەید؟ ئەم قسەیە بەو لە خوا بێ خەبەرانە بڵێ کە ئەیانەوێ قسەی خۆیان دەربارەی خەڵکیتر بێننە پێشەوە و ئەگەر بە زۆر و بە درۆش بووە بیسەلمێنن کە ڕۆژ شەوە و شەو، ڕۆژە! ئەم قسەیە بەوانە بڵێ کە ماست بە ڕەش دائەنێن و خەڵووز بە سپی! بڕۆ بەو بێغیرەتانە بڵێ قبووڵی بکەن کە شێرۆ هێشتاش ژنی ماهدەرویێشە، نەک بە من کە ئامادەم دەس بدەم بە قورئاندا! نەک بە من کە خۆم ئەزانم ئەوەندەش بێ ویژدان نیم! ئاخر چۆن ئەتوانن ئەو درۆ گەورەیە بکەن؟ چۆن ئەتوانن ئەو قسەیە بکەن و لە پاشیدا بوەستن و گەورەی بکەنەوە؟ من خۆ قسەی وا بەزمانمدا نەهاتووە، سوێند بێ بە جەددت فاتمەی زەهرا!

ــ کە وا بوو بیلێ! بیلێ! هەرچی ئەزانی بیلێ!

عەباسجان جارێکیتر لە ماهدەروێش نزیک بووبۆوە، تا ئەو ڕادەیەی کە سەید توانیبووی یەخی کراسەکەی بگرێ و شێتانە، بڵێتەوە:

ــ بڵێ! بڵێ! هەرچی ئەزانی، پیاو!

ــ چی بڵێم، سەید؟

ــ هەر ئەو شتانەی کە ئەیزانی! باسی ماڵی بوندار بکە. هی شەیدا، هی شێرۆ، هی ماڵی چۆڵ و هۆڵ! بڵێ بزانم چی ڕوو ئەدا لەم گوندەدا؟ چی ڕوو ئەدا لە ژیانی مندا؟ هەمووی بڵێ!

ــ سەید، سەید گیان! ئاخر من کەی ئاگام لە ماڵی بوندار هەیە؟ ئەمە لە خودی شێرۆ بپرسە. خۆی بۆتی ئەگێڕێتەوە، ئیتر! لێرەش، لە ماڵی خاکی کۆبوونەتەوە و ڕەنگە خەریکن قسەی خۆیان ئەکەن. مرۆڤ بۆ ئەبێ دڵی خۆی نیگەران بکات؟ من بینیم لە پاش هەموویان کوڕی سالار ڕەزاق چوو بۆ ئەوێ. بەڵام لە پشت ئەو دیوارە نازانم چی ڕوو ئەدا؟ بەس ئەوەندەم بیستبوو کە بوندار لە ترسی خۆش جسنی کوڕەکەی شەیدا، ئەیەوێ بینێرێ بۆ ڕەوەندی کەلمیشیەکان. بەڵام شەیدا بە کات و کاژێر بیانوو ئەهێنێتەوە کە لە قەڵاچیمەن بمێنێتەوە. بوندار لە جیهەنخانی سەردار ئەترسێ کە ئەیەوێ کوڕەکەی کوێر بکات. بەڵام شەیدا بزانە چی چەشتووە لەم قەڵاچیمەنە لە مەرگیش ناترسێ. من خۆ لەگەڵ شەیدا هەڤاڵەتیم نییە تا بزانم ئەو بۆ کوێ و کوێ ئەچێ؟ ئەوەندە نەبی کە هەندێ شەوان بینیومە بۆ خۆی شەوگەڕی ئەکا لە ناو کۆڵانەکانی قەڵاچیمەندا. ئەوەشم بیستووە کە ژنەکەی چەپاویش هەندێ شتی لێ بینیوە کە شەوێکیان لە ماڵی خۆی دەری کردووە. ئێستەش ئەگەر لە من ئەبیسی برۆ بۆخۆت بخەوە. تۆ هێشتاش نەخۆشی. ئەوەتا دیارە، پلت گەرمە و توند لێئەدا. یاوت هەیە. ئەم کارانەی کوڕی بوندار تا ڕادەیەکی زۆر پاڵەوان بەڵخی تووڕە کردووە. ئاخر ماڵەکەی ئەویش پڕە لە کچ. ناتوانێ ببینێ شەیدا بووە بە تەگەی

قەڵاچیمەن و لە هەموو کەس ئەپەڕێ. ئەڵێی چی ئیتر، هەر کەس ناموس پەرەست بێ وەکوو بەڵخی، پێی تێک ئەچێ. ئاخرەکەی بەڵخی داخی خۆی بە شەیدا ئەڕژێنێ. تۆیش لێیگەڕێ بۆ بەڵخی. ئێستەش لە ماڵی خاکی کێ چووزانێ باس هەر باسی ئەم شتانە نەبێ؟ چونکە بینیم مووساش چوو بۆ ئێرە، بۆ ماڵی خاکی. وابزانم بەڵخی بیەوێ شایەت کۆ بکاتەوە. پینەچییەکەش لێرەیە، ئەزانی خۆ، پیاوێکی بەویژدان و مەرد و ڕەندە. مەبەستم ئەوەیە کە کار ئەبێ بە کارزان بسپێردرێ. کەسێک ئەبێ دەس بداتە کارێک کە توانای ئەو کارەی هەبێ. هەڵبەت ئەگەر لە من ئەبیسی، بڕۆرەوە و بۆخۆت بخەوە. چونکە لێرە، لە بەر دەرگای ماڵی خەڵکیدا ڕاوەستان باش نییە. ئەوەندەت نەزانی لەپڕ یەکیان هاتە دەرەوە. لەپڕیش پیاو ئەدا لە سەری دەرگاکە بکاتەوە و خۆی بکا بە ژوورا. نەء! هەر چۆن بووە ئەبێ خۆت لەم کۆمەڵە بپارێزی. ڕاستەکەی من ئەترسم و ئەڕۆم سەرم بنێمەوە و لێی بخەوم. بەیانی، ڕۆژی یەکەمی درەوە. هەرچی بێ بێنە و بەردەیەک ساز ئەبێ. ڕەنگە شتێکیش لە دەوروبەری دەشت بەر ئێمە کەوت. هەرچەند ئاخرەکەشی نەمزانی ئەم پینەچییە چکارەی ئەم وڵاتەیە؟!

ماهدەروێش دەمێکە بوو عەباسجانی نەئەبینی و قسەکانیشی نەئەبیست. لە چوارپەڕی گومانی خۆیدا، سەری لێ شێوابوو و ڕاستیەکەی نەی ئەزانی چی بە سەر ئەودا دێ و چی لە قەڵاچیمەن ڕوو ئەدات. بە بێ ئەڤان کەرەکەی بەرەو ماڵی عەلی خاکی لێخوڕی. تاکانی دەرگاکەی کردەوە و بە سواری کەرەکەیەوە چووە ژوورەوە. عەباسجان کە بە چوونە ژوورەوەی ماهدەروێش بۆ ماڵی عەلی خاکی، کاری خۆی بە ئەنجام گەیاندبوو، لە دوورەوە لە ناو تاریکیەکەدا خۆی داگرتبوو و سەیری ڕەفتاری ماهدەروێشی ئەکرد. پاشان کشایەوە و بەرەو ماڵی بوندار کەوتە ڕێ. بەو ئەندێشە خۆشەوە کە بابقولی بوندار نابێ خەوتبێ:

«خەوتبێتیش، هەڵی ئەسێنم! ئەمجۆرە هەواڵانە ئەهێنێ بێخەوی بۆ بکێشی!»

لای دەرگای ماڵی بابقولی بوندار، عەباسجانی کەلایی خواداد، سینەی تەقی بە سینەی شەیداوە. شەیدا ڕاچڵەکا و ناخودئاگا قاپی چێشتەکەی لە بن باڵیدا شاردەوە و بۆ ئەوەی لەوە زیاتر نەشەڵەژێ، بە بێ دوان لەگەڵ عەباسجان بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت. بەڵام عەباسجانی کەلایی خواداد، ئەوەندەی کە خەڵک خۆیان لەو لائادا، ئەو بە پێویستی نەئەزانی ئەوەندە خۆی لە خەڵک لابدات. ئەویش لەو کاتەدا کە سەر بە خزمەتی هەندێ کەسیتر بوایەت. بۆیە بە شێوازێکی خزمانە وتی:

ــ ئەڵێی ئەڕۆی خێر ببەی بۆ هەژار و نەدار، شەیدا خان!

شەیدا هێشتا بەو ڕادەیە شارەزایی پەیدا نەکردبوو کە بتوانێ بەخێرایی زمان و بیری لێک جووت بکات هیچ، هەندێ جار پێی وابوو ئەوەی ئەو لە مێشکیدایە، خەڵکی لە پێشەوە پێیان زانیوە. بۆیە لە چوارمێخەی پرسیارەکەی عەباسجاندا گیری کرد و وتی:

ــ ڕەبەنانە شێویان نییە، ئەیبەم بۆیان.

عەباسجان نزای کرد:

ــ خێرت بنووسێ. دەستی بەخشندەت ئاتاجی نامەرد نەبێ.

شەیدا تێپەڕی و عەباسجان دای لە دەرگا.

ــ ئا... کێیە؟

بوندار بە کراسێکی سپی، یەخەی کراوە و سەری ڕووت، لە بانیجە بەرەو کۆڵان وەستابوو. عەباسجان سەری بەرز کردەوە و بە کپی وتی:

ــ هەموویان سەریان ناوە بە سەری یەکەوە.

بوندار بە سەر مەعجەرە کەدا چەمایەوە و پرسی:

ــ هەر لەوێ؟ لە ماڵی خاکی؟

ــ بەڵێ.

بوندار وتی:

ــ لەو دەوروبەرانە بە. ئاخرەکەی هەر دێنە دەرەوە. ئاگات لێبێ کەست لە دەس دەرنەچێ!... نانت خواردووە؟

بە دەم ئەم قسەوە بوندار دەستی کرد بە گیرفانی کراسەکەیدا و پاکەتێک جگەرەی بۆ عەباسجان هەڵدا. عەباسجان بە حەواوە گرتیەوە و بەرو ڕەبەتی ماڵی خاکی کەوتە ڕێ.

لە قووڵایی داڵانە کۆنەوە شێرۆ ئەهات بە فانۆسێکەوە. عەباسجان لە کۆڵانە داخراو هاتە دەرەوە و خۆی پیشانی شێرۆ دا. شێرۆ ویستی عەباسجان بە نەدید بگرێ. بەڵام عەباسجان بە دوای شێرۆدا کەوتە ڕێ و وتی:

ــ دیارە بە دوای ماهدەروێشدا ئەگەڕی، وایە؟

شێرۆ بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە عەباسجان بداتەوە، وتی:

ــ خەریکم ئەچم بۆ ماڵی سەنەما. ئەترسم لەوێ زەمینگیر بووبێ. تاوێک لە ماڵەوە بەند نابێ!

عەباسجان وتی:

ــ بینیم بە سواری کەرەکەیەوە بەرەو ژوور ئەچوو. تۆزێ زیاتر ئاگات لێی بێ تا گیانی دێتەوە بەبەرا.

شێرۆ پرسی:

ــ سەرەو ژوور؟

عەباسجان بە وەستانی شێرۆ، خاوی کردەوە وتی:

ــ وابزانم چوو بۆ شەوگەڕی کاولیەکان. ئاخر ئەوان لە کاروانسەرا بنەیان خستووە. زۆر دڵم بۆ سەیدۆکە سووتا.

شێرۆ ئاراستەی گۆڕی و وەک بڵێی لەگەڵ خۆیەتی وتی:

ــ ئەوێ ئیتر بۆ؟ داویەتی لە سەرت قوڕ بە سەر. ئەوە نییە زۆر وەرجا و زیت و زیندووی؟!

عەباسجان لە پشتەوە وتی:

ــ لێی تووڕە مەبە سەیدۆکە، زۆر گوناحە!

شێرۆ بە بێ گوێدانە عەباسجان، لێی دوور کوتەوە و بە

قەراخ جۆگەکەدا بەرەو کاروانسەرا پێی هەڵگرت، بە نیگای نیگەرانیەوە بۆ هەر کەلاوە و پەنا و پەسێرێک کە ڕەنگ بوو ماهدەروێشی لێ کەوتبێ. ماهدەروێش بەڵام نەبوو. شێرۆ سەری بردە ناو دالانی کاروانسەرا و شووەکەی بە ناو بانگ کرد. ماهدەروێش لە ناو کاولیەکاندا نەبوو. شەیدای لێبوو، لە هەڵقەی قەرەچیەکاندا لە سەر سفرەی شێو دانیشتبوو. شەیدا تاوێک لە شێرۆ ڕاما. کچەی کاولی وەرگەڕا و سەیری شێرۆی کرد. چاوەکانی دوو ژن بۆ ساتێک یەکیان لە ئاوێنەدا بینی. شێرۆ، بۆ کاتێک لە بیری چوویەوە کە بە دوای ماهدەروێشدا هاتووە، وشک ببوو. پاشان هاتەوە بە خۆیدا، وەرسووڕا و بە خێرایی برووسکە دوور کەوتەوە و بە قەراخ جۆگەی ئاوەکەدا و بەرەوخوار بوویەوە. لە شەڵەژانێکی کتوپڕیدا کە لە ژنەدا سەری هەڵدابوو، شتێک ئەفسوونی ئەکرد ئاوڕ لە دوای خۆی بداتەوە. بەڵام دفرەی زەبەلاحی ژنە لەو ساتەدا، ڕێگەی ئاوڕدانەوەی پێ نەئەدا. دەنگێک ئەبیسێ بە ناوی خۆی، بەڵام بڕوا بەو دەنگ و ناوە ناکا. دەنگی بەپەلەی هەنگاو نان بە دوای خۆیەوە کە ئەیانتوانی دەنگی پێی شەیدا بن. بەڵام بۆ ئەو دەنگە و ئەو کەسە نەئەوەستا، هەتا ئەوەی سەرپەنجەی توند و لەرزۆکی دەستێک سەرشانی گرت و وەستاندی:

ـ من نانم بۆ بردن شێرۆ؛ بەس نان!

شێرۆ وەڵامێکی نەبوو. بەس کەوتەوە ڕێ. شەیدا لە تەکیەوە کەوتە ڕێ و بەردەوام قسەی ئەکرد:

ـ ئاخر من خۆ... گوێ بگرە لە من! ئەوان نانی شەویان نەبوو!

شێرۆ گورج و توند ئەرۆیشت و شەیدا، هەزار پێچ لە وشەیدا، لەگەڵی ئەدوا:

ـ تۆ پێت وایە چی بووە؟ من تاڵە موویەکی تۆ لەگەڵ هەزاری لەو بێ سەروپێیانە ناگۆڕمەوە. نەت بینی کارێکم کرد کچەی

ئەفغان ناچار بوو سوار بێ و بڕواتەوە؟! ها؟... دە تۆ ڕاوەستێ تۆزێ. قسەت لەگەڵ ئەکەم!

بیمێنێ بۆ ناوداڵانە کۆنە، شەیدا تووڕە و هەژاو، بەندی دەستی ژنەی لە پشتەوە گرت، بای دا و کوتای بە تەختی دیوارەکەدا و خۆی وەکوو کەڵەشێرێکی جەوان باڵی کردەوە، بەڵام شێرۆ هەروا ڕانەوەستا و لەو گێرمە و کێشەیەدا شووشەی فانۆسەکە شکا و پڵێتەکەی دامردەوە. تاوێک خامۆش بوون و ڕووبەڕووی یەک. ئێستە کە خامۆشی دەرفەتی دابوو، شەیدا توانای قسەکردنی نەبوو. ئەتوت چی وشەیە لە مێشکی سڕاوەتەوە. بۆیە ڕامابوو و لە شێرۆ مۆڕەوە ببوو.

شێرۆ خۆی هەر لە پێشەوە خامۆش بوو و لە تاریکی شەودا ڕەنگ و ڕووی پەڕیوتر خۆیای ئەکرد و نیگای گڕ گرتووی لە نیگای شەیدا چەقاندبوو، کە شەیدا بە ئاشکرا لە چاوەکانیدا بوو. سووک و زۆر جڵف، بەڵام بوێر. کە ئەم بێباکیە دەمێکە بوو خزابوویە تان و پۆی ژیانی شێرۆ و لێی ئاڵابوو. نە ون ئەبوو لە گیان و ژیانی ژنەدا و نە توانا و لێهاتوویی داگیرکردنیشی هەبوو. نە دوور ئەبوویەوە و نە ئەیڕفاند بە زەبرێک. گریمان بە ویستی دڵی ژنەش نەبێ! کە ئەمە دواین داوا بوو لە تەنها نیشانەی چاک و خراپی کرداری کوڕی بوندار؛ بەو جۆرەی کە وشتر و کچەی ئەفغانی ڕفاندبوو و شێرۆ ئەو کردارەی لا پەسەند بوو. ئێستە بەڵام شێرۆ لەو کردارەشی بەدگومان ببوو. گومانی ئەوەی کە شەیدا بە جەربەزە و دلێری ئەو کچەی نەڕفاندبوو و، دڵنیا ببوو کە فریودان و فێڵەبازییەک لە ئارادا بووە. بۆیە شەیدا، پێش هەموو ئاکار و ڕەوشتێکی، سووک و جڵف ئەهاتە بەرچاوی نەک بوێر و گەڕناس. ئەم ڕاگرتنەی شێرۆش لە جەنگەی شەو و ناو کۆڵاندا نەک لە بێباکی ئەوەوە، بەڵکوو لە جڵفی و سەرسەرێتی ئەوەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەمەش بە دڵی شێرۆ نەبوو. پێشتریش ئەگەر ڕێگەی بە خزانی شەیدا لە پۆی ژیانی

خۆیدا دابوو، حەزی بەجەربەزەی ئەبوو، بەو هیوایەی ئەم خودە بە سەر جڵفیەکەیدا زاڵ ببێ. بەڵام لە بەرچاوی شێرۆ، ئەو سووکی و جڵفی جەوان بە سەریدا زاڵ ببوو. هەرچەند ئەگەر شەیدا ئەم دووانەشی بە یەکەوە هەبوایە، کچی کەلمیشی نەی ئەتوانی پێی ڕازی ببێ. چونکە ئەو ژنێک نەبوو کە بتوانێ نیوەی پیاوی خۆش بوێ. ئەگەرچی لە بەرامبەر پووکاویی و گیانمردوویی ماهدەروێشدا، شەیدا پڕ بوو لە وزە و توانای جەوانی. لەو ڕووەوە کە شەیدا کوڕی بوندار بوو و ماهدەروێش کوڕی بیابانی بەتاڵ و بێ کۆتایی.

ــ من بەس تۆم ئەوێ شێرۆ، بە گیانی دایکم، بەگیانی دایکم بەڕاستمە!

شێرۆ، لە کاتێکا هەستی بە لەرزینی دەستی کوڕی بوندار لە سەر مەچەکی خۆی ئەکرد، لێوەکانی هەروا دادوورابوو. ئەمە دوا گوتەی کوڕی بوندار بوو کە شێرۆ ئەی بیست و هیچ وەڵامێکی بۆی نەبوو. ئەمە کۆتایی خۆڕاگری شەیدا بوو بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام و ئەم کاتە بە هەزار ساڵ ئەچوو. شەیدا جگە لە گەڕانی لەرزینی مەچەکی دەستی کچی کەلمیشیی بە دەست و لەشی خۆیدا، کە زۆر پێوار و بێ نیشانە بوو، هیچ نیشانەیەکی بەواتای وەڵام وەرنەئەگرت؛ بەو پێیەی کە ڕوخساری ڕەنگ پەڕیوی شێرۆ وەکوو مردوو خامۆش بوو.

ــ ئەوەتان لەوێ... لە نزیکی خۆتەوە، برام. نایان بینی؟ لکاون بە دیوارەکەوە!

دەنگی گڕی عەباسجانی کەلایی خواداد، هەرچەند بە ئەنقەست کپ کرابوو، بەڵام لە خامۆشی شەودا، ئەویش لەو مەودایەی ئەو وەستابوو، ئەبیسرا و ئەمە خۆی ئاوێک بوو بە سەر ئاگردا. ئاوێک بە سەر ئاگری ویستی شەیدادا. هەم بە توانەوەی لە تەنگانە کەوتووی شێرۆ. دەست لە دەست ترازان و ڕوویان بەرەو ماهدەروێش وەرگەڕا کە بە سواری کەرەکەی

لە بن دیوارەکەوە بەرەو لایان ئەهات، بە دەنگی سمدەستی کەرەکەیەوە کە دەنگدانەوەیەکی زۆر شوومی لە گوێی شەیدادا هەبوو. شەیدا کشایەوە بۆ ناو تاریکیەکە و شێرۆ لە شوێنی خۆی مایەوە؛ لکابوو بە دیوارەکەوە. ماهدەروێش بە بێدەنگی نزیک بوویەوە، لە بەرامبەر ژنەکەی‌دا ڕاوەستا، لەشە لار و لاوازەکەی بە سەر بەرکۆی کورتانی کەرەکەدا چەماندەوە و وتی:

ـ سووک و چرووک نەبووی تۆ، شێرۆ؛ چرووک نەبووی! سووک بووی شێرۆ. سووک و ڕیسوا بووی، ژنە. سووک و جلّف! جلّف!

شەیدا نەبوو. عەباسجان کەوتە نێوانەوە، ملی کەرەکەی ماهدەروێشی گرت و لە بەردەم شێرۆ لای دا، وەری گێڕا و وتی:

ـ شەیتان بە نەحلەت بکەن؛ شەیتان بە نەحلەت بکەن!

ماهدەروێش ئەتوت ئەمەی ئەویست. وەرگەڕێنرابوو و ڕۆیشتبوو. عەباسجانیش لەچاو ون بوو. بەس شێرۆ لە شوێنی خۆی مابوویەوە و سەیری ئەکرد. بە بێ ئەوەی بزانێ چ کات پشتی لە دیوارەکە کردۆتەوە و کەوتۆتە ڕێ. چەند لە کۆڵان مابوویەوە، لە بێدەنگی و تاریکی‌دا! تا ئەو کاتەی -وەک بڵێی- تەپەی پێ کۆڵانەکەی پڕ کرد و گوێی شێرۆی بزواند. ئەتوت بە دەم خەوەوە بەرەو تەپەی پێکان، ڕووی وەرگێڕا. پیاوەکان لە ماڵی عەلی خاکی، لە جەمسەری باریکە کۆڵانی داخراوەوە ئەهاتنە دەرەوە. هاتبوونە دەرەوە و ئەوا لە ماوەی نێوان دالانە کۆن و مەیدانی گەرماودا بوون. شێرۆ هەر ئەیڕوانیە پیاوەکان کە لە تاریکی شەودا وەکوو تاپۆی ناو ئەندێشە لە هاتوچۆدا بوون. ئەو پیاوانەی لە نیگای شێرۆدا زۆر ئەستوورتر و بەهێزتر لە هەمیشە خۆیایان ئەکرد و ئەبینرا لێک جیا ئەبنەوە، هەر کامە بەرەو لایەک و بە ئاقارێک‌دا. لە شوێنێک کە شێرۆ هەستی کرد نزیکی ئەوە، پاڵەوان بەڵخی دەستی خستبوویە پشت ملی ماهدەروێش و هەنیەی ماهدەروێشی بەرەو برۆ خەنجەریەکەنی خۆی ڕاکێشابوو

و بە تووڕەییەکی ئاشکرا لە گوتەیدا، هەڕەشەی لە ماهدەروێش ئەکرد:

ــ بینیتم خەریک بووی شۆفاریت ئەکرد، سەید! ئەم کارە مەکە! تۆ ڕۆڵەی پێغەمبەری. نامەوێ لەم قەڵاچیمەنە شەرم داوێنت بگرێ. سیخوڕی مەکە. ئەمە دوا قسەی منە پێتی ئەڵێم. کاری وا مەکە!

دەنگ لە ماهدەروێش بەرز نەبوویەوە. شێرۆ هیچی لێ نەبیست. سەید زمانی چووبوویە بەست. بەڵخیش وا دیار بوو چاوەڕوانی وەڵام نەبوو. بەس ویستبووی قسەی خۆی لەگەڵ براندبێتەوە. بۆیە ماهدەروێشی بەجێ هێشت و ڕۆیشت. شێرۆ بە یافتی دەنگەکەدا لە شووەکەی نزیک بوویەوە. ماهدەروێش بە سواری کەرەکەی، لە ناو کۆڵاندا مابوویەوە. شێرۆ ملی چوارپێکەی گرت و وەری گێڕا. ماهدەروێش چەمایەوە، دەستی شێرۆی لە ملی کەرەکە کردەوە و وتی:

ــ نا! من ئیتر نایەمەوە!

شێرۆ جارێکیتر بە تاق کەوتەوە. کۆڵان لە دەنگی پێی پیاوان بەتاڵ ببوو و هەستی ئەکرد پەردەیەکی لێڵی فرمێسک و نەگبەتی، گلێنەی داپۆشاوە. توانای هیچ کار و کردارێکی لە خۆیدا نەبینی و هەروەهاحەزی سەیرکردنی هیچ شتێک و هەستی گوێ ڕادێران لە هیچ دەنگ و هەواڵێک.

ــ تۆ بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، شێرۆ. ڕەنگە بە جۆرێک هێنامەوە.

شێرۆ، وەکوو خەوگەڕێک کە عەباسجان ئەیبرد بەرێدا، بەرەو دالانە کۆن هەنگاوی نا، بە بێ هیچ گفت و کاردانەوەیەک، کە ئەتوت لەم کاتەدا هیچ بیر و ئەڤانیەکی لە دەروونیدا نییە، لەچاو ون بوو. عەباسجان ملی کەرەکەی ماهدەروێشی گرت و بە قەراخ دیوارەکەدا خستیە ڕێ:

ــ ئەگوزەرێ، سەید گیان. دنیا پڕە لەم ڕووداوانە. بڵێ بزانم تۆ ئەو وردیلەی بای دایەوە بۆ بن دالانە کۆن نەتناسیەوە؟ نەتزانی

کێ بوو؟... من پێم وایە مووسا بوو، مووسا نەبوو؟

بێگەم و سارد و سڕ، بێ ئەڤان و بە بێ هەستکردن بە چاک و خراپەی ئەوەی ڕووی ئەدا، ماهدەروێش وەڵامی دایەوە:

ـ نازانم، هیچ نازانم! چاوەکانم هیچ نابینن. نەمبینی!

ـ چی ئەڵێی سەید؟ بەڕای من خۆی بوو کە لە بەڵخی جیابوویەوە، بەر لەوەی کە بەڵخی بۆقەتەی ملت بگرێ!

ـ بەڵخیشم بە دەنگیدا ناسیەوە، نەک لە...

ـ کە چوویتە ماڵی خاکیش، نەیانت بینی؟ نەتزانی کێن؟

ـ با... بینیانم.

ـ دەی کێت بینی؟

ـ جووتیارەکان... زۆربەی جووتیارەکانی لێبوو.

ـ دەی، چییان ئەوت؟ چییان ئەکرد؟

ـ قورئان! قورئانەکە لەو ناوە بوو. ستار لەوێ بوو و جووتیارەکان سوێندیان بە قورئان ئەخوارد.

ـ واتە ستار سوێندی بە جووتیارەکان ئەخوارد؟

ـ نازانم.

ـ سوێندیان خوارد؟

ـ سوێندیان خوارد!

ـ تۆ خۆت بیستت؟ بینیت؟

ـ هەم بینیم، هەم بیستم. پەنجەرەکە کرابوویەوە و من...

ـ دەی؟

ـ من... خۆمدا بە سەر بەرکۆی کورتانەکەدا و سەیرم کرد.

ـ دەی ئیتر چی؟

ـ هیچ!

ـ هیچ؟!

ـ هیچ!... ئەوان پاش ملەی من غەیبەتیان نەئەکرد.

عەباسجان ڕۆیشتبوو و ماهدەروێش بە سواری کەری سەرگەردان لە ناو کۆڵاندا وڕینەی ئەکرد.

کۆکەی عەباسجان لە بەر دیواری بەر بانیجە، بونداری خەبەر کردەوە. دەرگای دیوەخان پێکادرا و عەباسجان دەنگی پێی بونداری لە بانیجەوە بەرەو پلیکانەکان بەر گوێ کەوت و پاش تاوێک دەرگاکە کرایەوە:

ـ شەیدات نەبینی؟

عەباسجان چووە ژوورەوە، زنجیرەکەی بە دوای خۆیدا کردەوە بە قوڵفەکەدا و وتی:

ـ وابزانم هەر لەوێ بێ، لای کاولیەکان. وابزانم لەوێ پارووی چەوری دەس خستووە!

بوندار عەباسجانی بەرەو دالان و پلیکانەکان بەرەو باڵەخانە برد و دەنگی ئەو لە بن بنمیچی دالانە تاریکدا، کاڵ بوویەوە و ون بوو.

ـ عەباس!... عەباسجان!... بۆ کوێ چووی تۆ، عەباسجان، هۆی؟!... عەباسجان... های... عەباسجان!

نائومێد و گرمۆڵەتر لە پێش، ماهدەروێش لە ناو مەیدانی بەتاڵ، عەباسجانی بانگ کرد و کاتێکە دەنگێک، وەڵامێکی نەبیست، کەرەکەی خستە ڕێ و گێژ و خافڵ و گەوج، کەرەکەی بە دەور خۆیدا سووڕاند و دیسانەوە بە هەموو لایەکدا گوێی هەڵخست. بە هەموو لایەکدا. لە شوێنی خۆی لە ناو مەیدانە چۆڵەکە مایەوە. بە بێ ئەوەی بزانێ یان بتوانێ بە لایەکدا ڕێ دەرباز بکات. دیواری خووی دێرینەی لە بەرامبەریدا قەدی کێشابوو. هەرچەند خوویەکی زۆر دێرین نەبوو، ئەم هەستی بەرەو ماڵەوە چوونە. ماهدەروێش ئەوە یەکەمجار بوو هەستی پێ ئەکرد و ڕەنگە ئەیناسی. هەستی ئەوەی کە ناتوانێ، توانای نییە بەرەو ماڵەوە بڕوات. لەمپەر؟ ڕەنگە ئەگەر پاڵی بە شێرۆوە نەنابوو و نەیوتبوو «ئیتر نایەمەوە.» دیسانەوە بە سەر ڕاڕاییەکی خۆیدا زاڵ ئەبوو و ئەیتوانی بەرەو ماڵەوە بیێتەوە. بەڵام، نەء. تازە نەئەکرا. نەک لە بەر ئەوەی وای بە شێرۆ وتبوو. بەڵکوو لە بەر

ئەوەی کە تامەزرۆیی لە ناخیدا کەم بووبویەوە. نەء! ئەو حەز و تاسەیە لە ماهدەرویێشدا کاڵەوە ببوو، بێڕەنگ ببوو و ژەنگی هێنابوو. نیازی تیماریش، هەرچەند پەیوەندی بە بوون و نەبوون یان لانیکەم بە چۆنێتی نیازەکەوە هەبوو، پیاوی تێکقرماوی هان نەئەدا. ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە ماهدەرویێش نە لە ژنەکەی، بەڵکوو لە خۆی نائومێد ببوو. کە وا بوو گرێی کارەساتەکە لە خۆیدا بوو و نەلە کەسیتردا و نە لە جێگەیەکیتردا. هەرچەند خەڵکی لە توندوتیژ کردن و تەقاندنەوەیدا دەستێکی -بالایان- هەبوو.

ئێستە نە سروشتی خۆڕسک، بەڵکوو کەوی بوونی ماهدەرویێش لەم داماویی و سەرگەردانیەدا ڕایگرتبوو و وای لێکردبوو بیر لە جێگەیەک، سەرپەنایەک بکاتەوە و هەوڵ بدات تیا بحەسێتەوە. بەلام لەو دۆخ و بڕوایەی بە سەریدا زاڵ ببوو، قسەی تیا نەبوو کە حەزی گەڕیدەیی و بێ سامانی، بەتایبەت لەم بڕگە و گێژەنەی ژیانیدا کە هیچ دەروویەکی بەرەو ڕووناکی شک نەئەبرد. حەزی بێ سامانی لە کابرای زەلیل و ڕیسوا بوودا، سەری هەڵێنابوو. کە سووکی و سەرشۆڕی، ڕەنگە بە هۆی ئەو ئاوارە بوونەوە، تێک بشکێ و بسووتێ بەو ئاگرە. دەروویەک ڕەنگە بەم حەز و ئارەزووی ئاوارەیی و بێ سامانیە بکرایەتەوە. شەو، ڕەنگە شەقی ببردایەت. ئەم سەرکەشی و سەرگەردانیە ڕەنگە ببوایەتە هۆی ژیانەوەی پاش ئەو کوولەمەرگیە. بەرفراوانی بیابان، لە شەودا. بەربەرینی دەشت و سەحرا، چ جایە باشتر لەم کۆلانە پڕ لە کەند و کلۆیە!

شەو؛ لەم شەوە ئەبوا بپەڕێتەوە. لەم تووشبوونە و هەم لەم سەربەستراوییە ئەبوایە ڕزگاری بێ. هەم لەم زەلیلی و تەنگانەیە ئەبوایە هەڵێ، بەڵێ هەڵێ. هەلاتن بەڵێ. بەڵێ، ئای... زەوی، کوێرە ڕێیەک لە سەر پێستی قەڵەشاوت ئایە بە نیشانە نەماوە؟ بیگرەوە باوەش، ئەم ڕۆڵەی خۆت، ئەم

بەلەنگازە عەبداڵەی خۆت ئەی خاک، ئەی خۆر. کە ئەبێ ڕزگار ببێ، یەکجارەکی! کە ئەبێ ڕێیەک ببینێتەوە، یەکجارەکی. بەس! بەس بەر لەوەی کە گەوهەر و شیلەی گیانت لە گەند و گووژاڵی زیندواندا بە تەواوەتی پووچ ببێتەوە. کە کرێتی و دزێویش ئەبێ مایە و ئەندازەیەکی هەبێ و ڕیسوایی و بێ ئابڕوویی سنوورێک و لە جێگەیەکدا ئەبێ ڕابگیرێ. کە ئەم گەوهەرە لە سەر خەرواێک گوو ڕاناگیرێ.

شێرۆ ئیتر هی تۆ نییە، ماهدەرویش. شێرۆ ئیتر نابێ هینی تۆ بێ. هەق نییە شێرۆ هینی تۆ بێ و ئەمە نە بە دەستی تۆیە و نە بە دەستی ئەو. ئەوەی کە شێرۆ هی ماهدەرویش بێ هەموو ڕێسای ژیان ڕەتی کردۆتەوە. قورینگ بە ئاسمانی خۆیەوە ئازادە، لێیگەڕێ. ئەم پاشەڕۆکەی بوونی خۆت، ئەم پاشماوە -شێتۆکەیە- لە بنا هەڵکێشە.

ـ «شێرۆ بۆ من خراپ نەبووە؛ نا! ئەو بۆ من خراپ نەبووە. ڕەنجی لەگەڵ کێشاوم. زەلیلی لەگەڵ کێشاوم. دڵی نەئێشاندووم بە نیازی شەڕ. ڕاست و ڕەوا بووە شێرۆ. شێرۆ، کە لەگەڵ من کەوت دزێو و ناڕێک بووین. بلا ئەو ڕواڵەتی خۆی وەربگرێتەوە. بەرلەوەی لەوە زیاتر ناڕێک ببێ و لە قەوارە بکەوێ. نەء، من ئیتر ناگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. هەرگیز!»

دەرگای ماڵی بەڵخی ئاوەڵە بوو. ماڵی بەڵخی دەرگای پێوە نەبوو تا داخرابێ! ماهدەرویش بەرەو دەرگای ماڵی بەڵخی چووبوو و ئێستە کە بە کەرەکەیەوە ئەچووە ژوورەوە، هەستی ئەکرد کاری لەوە بەجێتری پێ نەئەکرا. چونکە لە هەموو قەڵاچیمەندا، بەو هەموو پلارەی بەڵخی تێی گرتبوو، هەستی ئەکرد جگە لە بەڵخی کەسی تری نییە کە بتوانێ پەنای بۆ ببات. بە بێ ترسی ژێوان بوونەوەی بەیانی لەو کارەی کە کردوویەتی. خەڵکی ئێمەش ئەو بەشەی پاشماوەی ڕەسەنی عەیاران، چ حەزێکی سەیر لە چاوەکانیاندا ئەدرەوشێتەوە کاتێکە ئەو دەستە ئەگرن کە پەنای

بۆ هێناون!

ــ پەنام بدە پاڵەوان! بەس ئەم تاقە شەوە!

بەڵخی بۆ پێشوازی ماهدەروێش لە بن دیواری وشترخانەکە هەڵسا و چاوەکانی ستار بە بینینی قەڵافەتی ماهدەروێش کە سەر و شانی بە سەر بەرکۆی کورتانەکەدا چەمابۆوە، بریسکایەوە. مووسا هەڵسابوو و دڕدۆنگ و ڕاماو ڕاوەستابوو. بەڵخی، ماهدەروێشی لە سەر کەرەکە داگرت و لە بن دیوارەکە داینا. ماهدەروێش لەپڕ بوغزێکی دێرین لە گەروویا تەقیەوە. هەنیەی نایە سەر چۆکی و پشتی کووڕ و شانەکانی یەکپارچە کەوتنە لەرزین. نەی ئەتوانی قسە بکات، بەڵام بە ئاسوودەیی و ڕەهایی ئەگریا. مووسا لای سەیدەوە لە سەر زەوی دانیشت و بەڵخی بۆ هێنانی زەرکێکی ئاو چوو بۆ ژووری دانیشتن. ستاریش هەر بەو جۆرە ئەژنۆی لە قولاپی دەستەکانیدا ئەیڕوانیە ماهدەروێش.

بەڵخی زەرکی ئاوەکەی بۆ ڕاگرت و وتی:

ــ کێ زیزی کردووی سەید، دڵت زۆر پڕە؟ هانێ، بگرە. قومێک ئاو بخۆرەوە. بخۆرەوە، خراپ نییە.

ماهدەروێش تەوێڵی لە سەر کەشکەی ئەژنۆی هەڵگرت و بەو ڕوخسارەوە کە گرژتر و هەڵقرچاوتریش خۆیای ئەکرد، چاوی لە چاوی بەڵخی، لێو و گۆنای زیاتر کەوتنە لەرزین و کاسەی گەورە و بەقووڵاچووی چاوەکانی جارێکیتر پڕ بوون لە فرمێسک و لە وەڵامدا هیچی بۆ نەوترا. خامۆش مابوو، سەیری بەڵخی ئەکرد و بە ڕواڵەتێکی مناڵانە لێوی ئەلەرزاند و ئەسرینی ئەڕشت.

بەڵخی زەرکی ئاوەکەی خستە ناو دەستی ماهدەروێش و بە توندییەکی دۆستانەوە وتی:

ــ ئاخر شتێک بڵێ، پیاو! کێ لێت تووڕە بووە؟ بۆ قسە ناکەی؟

ماهدەروێش بە لەرزینێکی شەپڵەئاسا، بە دژواری زەرکی ئاوەکەی ڕاگرتبوو و هەوڵی ئەدا لە وەڵامدا شتێک بڵێ:

ـ ئەترسم پاڵەوان، ئەترسم. لە هەموان ئەترسم. لە هەموو کەس و هەموو شت!

ـ ئاخر چی ڕووی داوە پیاو؟ ئەندێشەی ڕەش هەڵیگرتووی؟ من قسەیەکم پێ وتی، خۆ نەمویستووە سەرت ببڕم!

ئەترسم پاڵەوان. ڕزگارم بکە. نەمتوانی ڕوو لە کەسیتر بخەم. ڕامبگرە تا بتوانم بکەومە ڕێ. تا غیرەتم بێتەوە بەر. من گومانم لە هەموو کەس و هەموو شت هەیە. لە هەموو کەس ئەترسم.

ـ باشە، باشە، ئەمە لە جێی خۆی. لێرە بمێنەوە، ئەمە ئەمەیان. بەڵام پێم بڵێ بۆچی وا شپرزە بوویت؟

ماهدەروێش لێو و کامی تازە کردەوە، زەرکەکەی دانایە سەر عەرز و بەگومانەوە سەیری مووسا و ستاری کرد و بە دەنگێکی سەیر و دزانە بە بەڵخی وت:

ـ پێت ئەڵێم. پاشان پێت ئەڵێم. ڕاوەستە جارێ. ئێستە نا. پاشان... پاشان. تەنها... تەنها با ئەوەت پێ بڵێم کە من سیخوڕیم نەئەکرد. عەباسجان منی نارد بۆ ماڵی خاکی بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانی ئێوە ڕابگرم. عەباسجان خاوی بەستم. وتی لە ماڵی خاکی باسی من و ژنەکەم ئەکەن. وتی غەیبەتی من ئەکەن. منیش کەڵکەڵە کەوتە گیانم. وەسوەسە بووم، باشە بۆچی خەڵکی پاش ملە غەیبەتی من ئەکەن؟ بۆچی؟ ئەوە بوو هاتم بۆ ئەوێ.

ـ پاشان؟

ـ پاشان کە گەڕامەوە، عەباسجان لێی پرسیم چیم بینیوە، چیم بیستووە؟ منیش ڕاستیەکەیم پێوت. وتم کە قورئانەکەم بەدەس وەستا ستارەوە بینی کە خەریک بوو هەموویانی سوێند ئەدا. هەر ئەمە، هەر ئەمەم پێوت.

ماهدەروێش وەرگەڕابوو و سەیری ستاری ئەکرد و درێژەی دا:

ـ پاشان پێی وتم شێرۆ بە دوامدا ئەگەڕێ. ویستم بڕۆم بە

دوای شێرۆدا، کە... هیچ... هیچ... ئەڵێم. پاشان بە خۆتی ئەڵێم پاڵەوان!

ماهدەروێش لە نیگای پرسێنەری ستاردا، جارێکی تریش کەوتەوە دوان:

ــ شتێکی تریشی لێ پرسیم.

ــ ئەوە چی بوو؟

ــ مووسا... پرسی کە مووسام بینیوە لەوێ هاتبێتە دەرەوە؟ من... وتم نەم بینیوە.

ماهدەروێش لووت و گۆنای بە بەری دەستی پاک کردەوە و مووسا بێ ئوقرە ڕابوو و وتی:

ــ لە بەیانیەوە کارگە داخراوە تا خەرمان هەڵئەگیرێ. ڕەنگە منیش بێم بۆ دەشت بۆ یارمەتی تاجعەلی.

ستار هەڵسا و بۆ بەڕێکردنی مووسا، لەگەڵی کەوتە ڕێ.

بەڵخی بە ماهدەروێشی وت نانی ئاوکراو هەیە بۆ شێو. ماهدەروێش داوای جگەرەی کرد. بەڵخی وتی ستار ڕەنگە سیگاری هەبێ. هەڵسا و بە دوای ستاردا ڕۆیشت و سیگارێکی بۆ ماهدەروێش هێنا. ماهدەروێش پاڵی بە دیوارەکەوە، سیگاری نا بە لێویەوە. بەڵخی لێی پرسی جێگەی لە کوێ بۆ داخات، لە دەرەوە یان لە وشترخان؟ ماهدەروێش وتی لە ناو وشترخان باشترە چونکە خۆری بەیانی ئازاری ئەدا.

ــ کە وا بوو بڕۆم بەڕەیەک و مەوجێکت بۆ بهێنم.

ــ شەرمەندەم، پاڵەوان. شەرمەندە.

بەڵخی بە پەلاسێکی کۆنەوە گەڕایەوە و جێگەی ماهدەروێشی لە ئاخوڕی لای ڕاستەوە، لە سەر توێژێکی کای کۆن ڕاخست و هاتە دەرەوە. ماهدەروێشی هەڵگرت و بردییە ژوورەوە. ماهدەروێش ویستی بەڵخی کەرەکەشی بهێنێتە ژوورەوە و لە نزیک خۆیەوە لای ئاخوڕەکە بیبەستێتەوە. لە بەر ئەوەی بەیانی خەڵک لە دەشتن و ئەو خۆی سەرخاتە سەر کەرەکە. بەڵخی

وای کرد و بەر لەوەی ماهدەروێش بەجێ بهێڵێ، وتی:

ــ وابزانم ئەم شپرزەییەت بە هۆی شێرۆوە بێ، سەید. بەڵام دڵنیام هەمووی وا لە بن سەری ئەو شەیدا زۆڵەدا.

بە دوای قسەکەیدا بە لای ئاخوڕەکەی ماهدەروێشدا وەرگەڕا و، وا دیار بوو لەگەڵ خۆی وتی:

ــ ئاخرەکەی من ئەم شەیدایە ئەکوژم!

ــ ئەوە ئەڵێی چی لە بەر خۆتەوە؟

ستار گەڕابوویەوە و لە بەر دەرگای گەوڕ وەستابوو و بزەیەک لە سەر لێوی بوو. گۆدەرز هاتە دەرەوە، سەری بە نیشانەی سەرکۆنە کردنی خۆی ڕاوەشاند و وتی:

ــ تۆ لە کوێ ئەخەوی؟ لە سەر بان جێگەت بۆ ڕاخەم؟ کەیفی هەیە، ها!

ستار وتی:

ــ من ئەڕۆم.

ــ ئەڕۆی؟ بەم درەنگانە بۆ کوێ ئەچی؟

ــ ئەڕۆم بۆ هاشمئاوا.

ــ بەم نیوەشەوە؟

ــ هێشتا زۆری ماوە بۆ نیوەشەو.

بەڵخی ڕۆیشت قوتووی کارەکەی ستار لە سووچی دیوارەلە بهێنێ. ستار، خۆی دەستی دایە، قایشەکەی کردە شانی و ئامادەی ڕۆیشتن وتی:

ــ لەگەڵ قەدیریش خەریک بە. گیانەوەرێکی مەترسیدارە، بەڵام ڕەنگە مشتومڕێکی لەگەڵ بکەی. بەس تەنها لە لایەن خۆتەوە.

بەڵخی قورسایی لەشی خستە سەر پێی چەپی و وتی:

ــ مەبەستت ئەوەیە...؟

ــ ئەبێ تێی بگەیەنی بۆ نزیک بوونەوە لەم جۆرە کارانە ئەبێ لە زۆر کار و کردەوەی خوێڕیانە دەس هەڵبگرێ!

بەڵخی جارێکیتر پێ گۆڕکێی کرد و بە دوودڵیەک لە گوتەیدا، وتی:

ــ لە خودی تۆ... زۆر جارم بیستووە کە ئەم جۆرە کەسانە... کەم نین!

ستار بە قەراخ چاڵەکادا بەرەو کۆڵان کەوتە ڕێ و بە دەمخەندێکەوە وتی:

ــ کەم نین و لە هەموو لایەکیش هەن. سەرەڕای ئەوەش زۆرایەتی بەوانە نییە. بەڵام لانیکەم تا ئەو جێگەیەی ئێمە لێی بەرپرسین چاو و گوێمان ئەکەینەوە. هاوڕێی وامان هەیە زۆر حەزی لە زۆر و بۆرە. هەشمانە حەزی لە زۆر و بۆر نییە. هەندێ شەوقیان حەز لێیە و هەندێ ئەوین!... بەڵام ئەم قەدیرەی ئێمە بریندار و قین لە دڵە. ئەمە لە شوێنی خۆیدا خراپ نییە، ڕەنگە باشیش بێ. بەڵام، قەدیر، شەڕانیەکی خوێڕییە و شەڕاژۆییەکەشی زیاتر بۆ ڕازیکردنی خۆیەتی. ئەو هێشیا ناتوانێ بیر لە خەڵکی بکاتەوە، مەگەر بە دوژمنایەتی. کەسێکی وا چەندە زیرەک بێ، نیوە ئادەمیزادێکە. ئەکرێ بوترێ، ناتەواوە، کێماسی هەیە. چونکە هێشیا ناتوانێ بە بێ دوژمنی بیر لە خەڵکی بکاتەوە. ئەو جۆرە ئادەمیزادە مەترسیدارە و ئەتوانێ زیانی سەیر و سەمەرە بەدی بهێنێ. ئەو جۆرە مرۆڤە لاواز و پشوو کورتە. بۆیەشە ئەتوانێ خوێڕی و ماستاوکەر و ڕووبین بێ. هەرچەندە بە ڕواڵەت بۆ سمێڵی ناسرەدین شایش کەڕەنا لێ ئەدا! بێکارەیە، بۆیەشە بێبڕوایە. چونکە مرۆڤ ئەگەر کارێکی نەبێ و کارێک نەکا، بڕوای بە هیچ پڕنسیپ و سەرەتایەک نییە. ژیان بە قەرزاری خۆی ئەزانێ، بۆیەشە ڕقی لە ژیانە و هەوڵ ئەدا بەم ڕقەبەرییەی، خۆی لە نەفرەت ڕزگار بکا و بۆ ساتێک ڕەزامەندی ئەندێشە بەدەس بهێنێ. بەڵام چەندە زیاتر نەفرەت لە ژیان بکات، زیاتر لە نەفرەتی خۆیدا نوقم ئەبێ. ڕەنگیشە هەرگیز لەمە تێ نەگا. لە ڕاستیدا هەموو ئاخ و داخی ئەوەیە کە بۆچی

باوکی ناتوانێ وەکوو سی یان بیست ساڵ لەمەوبەر بێنە و بەرەی هەبێ. هەر بۆیەشە هەموو بیر و ئەندێشەی لە تەوەری ڕابردوودا ئەخولێتەوە و بەو بیرەوەریانەوە ئەژی و یاریان پێ ئەکا. لە کاتێکا ئێمە پێویستمان بەو کەسانەیە کە خۆیان بە سپاسگوزار و قەرزاری ژیان بزانن، نەک بە قەرزدەری. پێویستمان بەو کەسانەیە کە ئەوینداری ژیان بن، نەک ڕقیان لێی بێ. پێویستمان بەو کەسانەیە کە بیر لە داهاتووی مناڵەکانیان بکەنەوە، نەک لە ڕابردووی باپیرانیان. ئێمە نابێ پێشوازی لە خوێڕیگەری و چرووکی بکەین، بەڵکوو ئەمانەوێ لە سەرەتاوە ئەو جۆرە ڕەوشتە نەخۆشانە تێک بشکێنین. سەرەڕای ئەمەش...

ــ سەرەڕای ئەمەش ئیتر بۆ ئەبێ لەگەڵ قەدیر خۆمان ماندوو بکەین؟

ــ بۆ ئەوەی وانەزانێ لە بناغەوە دوژمنی ئەوین. ئێمە خۆمان زیاد لە پێویست دوژمنمان هەیە! نامەوێ بەدەستی خۆیشمان دوژمن بۆ خۆمان بتاشین.

لای دیوارە ڕووخاو، کە قەڵاچیمەن تەواو ئەبوو، وەستان. تەوقەی ماڵاوایی. ستار بە پەنجە لەڕ و لاوازەکەی، دەستە گەورە و پۆرگدارەکەی بەڵخی گووشاو و وتی:

ــ ئەگەر بتوانین جووتیارەکان پێکەوە یەک بخەین، دیارە کوڵوگورج ورگیان تێر نابێ، بەڵام سەرکەوتنێکی گەورەیە. لەم کارەمان‌دا ئەبێ ئاگامان لە زمانگێڕ و تێکدەران هەبێ. بەرد ئەخەنە سەر ڕێمان. کارێکی ئاسان نییە.

ــ تێ ئەگەم!

دەستیان بەردا. ستار، تیژ و خێرا خۆی کرد بە ناو تاریکیەکەدا. بەڵخی هاتەوەبیری شتێکی لە بیر چووە، پێی توند کرد و کەوتە دوای ستار. لە پشت دیوارەکە ستار بە دەنگی بەڵخی ڕاوەستا. گۆدەرز بەڵخی خۆی پێگەیاند و وتی:

ــ لە بیرم چوو پێت بڵێم ئەم کاغەزانە، ئەم کاغەزانە

خەڵکی ناتوانن بیخوێننەوە. لە هەر گوندێک ئەبێ هەموویان کۆ ببنەوە بە دەوری یەکێکدا کوێرە خوێندەوارییەکی هەیە، تاکوو ئەو سەروپێ شکاو، هەندێ شتیان بۆ ساخ بکاتەوە. ئەویش ئەگەر لێی تێبگەن یان تێنەگەن!

ستار وەکوو تاوانبارێکی چارەبڕاو، قۆڵی بەڵخی گووشا و وتی:

ـ گرفتی گەورە، گرفتی گەورە، ڕێگەیەک ئەبێ هەبێ!

بەڵخی ڕاما و ستار بای دایەوە و لە شەو و دەشتدا وەک بڵێی ون بوو.

بەڵخی ساتەوەختێک ڕامابوو و -بە بێ ئەوەی هیچکوێ ببینێ- ئەیڕوانیە شەوی نووتەک وەک بڵێی خەریک بوو لە مێشکی خۆیدا گرێیەکی ئەکردەوە:

«باشە لە بەر چی؟ ئەو هەموو ڕەنجە لە بەر چی؟ ئەزانم، ئەزانم بۆچی، بەڵام ناتوانم... ناتوانم بڕوا بکەم. پیاوێک و ئەو هەموو هەوڵدانە بێوچانە. ڕاستە، ئەوە ڕاستە کە مرۆڤێک، کارێک و ئامانجێک بە خۆی ڕائەسپێرێ. بەڵام... بە ئەوینی چییەوە؟ بە ئەوینی کێوە؟ چ ڕازێک لەم کارەدا هەیە؟ ئەو چی ئەبینێ کە من، کە ئێمە نای بینین؟ هەندێ شت هەیە ڕوونە. ئەم شتانە بۆ منیش ڕوونە. وەکوو قەڵاچیمەنی بێ ئالاجاقی و بێ بوندار، دەشت و ئاو و کار و تۆو و کشتوکاڵ و دروێنە و... گریمان کەنووی پڕ و، سکی تێر. مەبەست، ئەوەی کە مرۆڤ ئاتاجی کەس نەبێ. ئەوەی کە مرۆڤ نۆکەری ناکەس نەبێ. ئەوەی کە مرۆڤ نانی باسک و بازووی خۆی بخوات و لای هەموو ناکەسێک ئابڕووی نەڕێژێ. کۆتاییەکەی بێگانە بەرهەمی ئارەقی ناوچەوانی مرۆڤ تالان نەکات. ئەم شتانە ڕوون و ئاشکرایە، بۆ ئێمە و مانان. بەڵام... بەڵام هەمووی ئەمە نییە کە ئاشکرایە. هەندێ شتی نهێنیش ئەبێ هەبێ. هەندێ شتیش ئەبێ هەبێ کە لە چاوی ئێمە و مانان شاراوەیە. ئەو شتە شاراوانە چین؟ ئەو

شتانەی کە ئەتوانن ببنە هاندەری ئەمجۆرە مرۆڤانە و گەش و زیندوو ڕایانبگرن، چ جۆرە شتێکن؟ ئێمە، هی وەک ئێمە شیاوی ئەوە نین لێی تێبگەین؟ یان ئەوەی هەر کەسە و بە ئەندازەی زانیاری خۆی شتێک لەم ژیانە تێ ئەگا؟»

ــ «ئا؟ ئەو شتانە چییە ستار؟»

ــ «زۆر سادە و زۆریش ئاڵۆزە. ئەمانەوێ ئەم خاکە بهەژێنین. ئەمانەوێ ئەم خاکە نۆژەن بکەینەوە!»

کار، دیسانەوەش دەرفەتی وتووێژی پێ نەداین، ڕابردبوو و دیسانەوە، باس هاتبووبە ئاراوە:

ــ «بۆ ئەوەی گەلێک بەچۆکا بهێنن، سەرەتا سەربە خۆیی لێ ئەدزن و بۆ ئەوەی بتوانن سەربە خۆیی گەلێک بدزن کارێک ئەکەن ئەو گەلە ببێ بە نیازمەندی ئەوان. ئەم ئاتاجیەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ خۆی بدۆڕێنێ. سەرکز و لارەمل ئەبێ و ئەبەسترێت بە بێگانەوە. ئەبێ بە نۆکەر و، وەکوو تاکە پێڵاوی ئەوانی لێدێ. وەکوو دارسیگاری ئەوانی لێدێ و، تەنانەت وەکوو دەمی شیرەکەی ئەوانی لێدێ و ئەگەر پێویست بکات ملی برا و مناڵەکەی خۆشی ئەبڕێ!»

ــ «دەستی ئێمەی خەڵک بەتاڵە ستار. بەتاڵ نییە؟ خەڵکێک بە دەستی بەتاڵ و پێی پەتی و ورگی برسیەوە چی پێ ئەکرێ؟»

ــ «شۆڕش! بەس ئەتوانێ شۆڕش بکات و هیچ کارێکی تر!»

ــ «شۆڕش؟!»

ــ «بەس شۆڕش! ئەگەر نەتەوەیەک ئەیەوێ بژی، ئەبێ بتوانێ بجەنگێ. جەنگ لەگەڵ ئەو دوژمنەی ڕاستەوخۆ ئەیناسێ. خۆت ئەڵێی ئێمە گەلێکین دەستمان بەتاڵە. پێمان پەتیە و ورگمان برسیە. باشە، لەم جەنگی شۆڕشەدا، ئێمەی گەڵ چیمان هەیە لە دەستمان بچێ؟!»

بەڵخی ڕاما بوو و خامۆش ببوو، پاش تاوێک دەمی هەڵبڕیبوو:

ــ «گیانمان، گیانمان چی؟»

ـ «گیانمان؟! گیانی مرۆڤ کاتێکە کۆیلە و پێشێلکراوە، ئیتر چ نرخێکی هەیە؟!»

نەء! بەڵخی نەی ئەتوانی بەم سادەییە بە خۆی بسەلمێنێ کە مەردمی وەکوو ئەو «هیچ شتێکیان» نییە لەدەستی بدەن. ئەمە ڕاستە کە «نۆکەرانی بێگانە، زەویداری مەزن و ئاغەواتەکان، شتێکیان بۆ خەڵک، بۆ من و تۆ نەهێشتۆتەوە.» بەڵام بەس «شتیان» نەهێشتۆتەوە. خەڵکیان برسی و ڕووت و قووت کردووە و لە نان و بەرگ و هێلانە بێبەشیان کردوون. بەڵام بوونی بە لانەوازیش دیسانەوە بوونە. برسی و بێ هێلانەش، هەمدیسان بوونە. بوون، خۆی بوونە و، ئەم «بوونە» کە بە «شت» ناژمێردرێ، گرنگترین شتە! بوون لە بەر تاو، بوون لە بیابان، بوون لە بەفر و تینوێتی‌دا، بوون لە ئاگریش‌دا هەر «بوونە». مەگەر باوکان و باوکانمان «بێشتی» وەکوو بەڵخی نەبوون و هەشبوون؟ مەگەر بە چاڵووکی بیابان لە ڕەشە سەرمای هەزار زستان نەپەڕیونەتەوە و بە مشتێک هەرزن و قومێک ئاو لە دەرووی تینوێتی هەزار هاوین تێ نەپەڕیون؟ خواردنیان ڕیشەی گیا و ئاوی مەنداوی گەن، بەرگیان پێستەی بزن و گورگ!

نەء! بەو مایە و شێوازەی ئەو چەمکە لە هەندێ جێ و لای هەندێ کەس هەڵهێنجرابوو، ئاشنای بیر و پێوانەی گۆدەرزی بەڵخی نەبوو. چونکە لە پێشینە و فێرکارییەکانی یەکی وەکوو گۆدەرزی بەڵخی‌دا، مرۆڤ بە هۆی «شت»ـەکانیەوە بە مرۆڤ نەئەژمێردرا، بەڵکوو ئادەمیزاد بەگوێرەی هەبوونی ئادەمیزاد بوو. چونکە «شت» بەس لە چۆنێتی بوون‌دا کاریگەر بوو، نەک لە گەوهەری بوون‌دا. جا بۆیە ئەو مرۆڤەی کە گۆدەرز بوو، نە لەگەڵ ئەو «شتانە» خزمایەتی هەبوو و نە نرخ و بایەخ و دەسەڵاتداریتی ئەو «شتانە»ی ئەناسی. بەڵخی هەرگیز چاولەبەری ئەو «شتانە» نەبوو و نەببوو، تا شتێکیان لێبزانێ، ئەندێشەی ئەو جۆرە ئەندێشانەش پێشکەشی ئەندێشە خوڵقێنەکەی.

گۆدەرزی بەڵخی بە درێژی و پانی ژیانی خۆی، ڕێگەی نەکەوتبوویە کارگە -ئەویش ئەو تاک و تەرا کارگانەی لە هەموو ئەم وڵاتەدا هەبوو- بەڵام شاری دیبوو. لەو شارەشدا کە ئەو دیبووی کارگە، بەو مانایەی کە فراوانی واتای وشە بیگرێتەوە، نەبوو. لە هەموو شاردا تەنها دەباغخانەیەک هەبوو و کارگەیەکی کارەبا، بە چەن تەلبان و خزمەتکار و دەرگاوانەوە. کارگەیەکی لۆکە ئەویش خەریک بوو بەرپا بکرێ. ئەویتر هەمووی ئەو دووکانانە بوون کە پێڵاو و کڵاو و لباد و قەند و گاسن و چوارلک و بێڵاسن و پاچیان دروست ئەکرد. لەبری کارگە بەڵام، کاروانسەرا هەبوو. ئەویش نەک یەک و دووان، زۆر. لەبری کومپانیای بەشکۆ و ماشین و پێچ و مۆرە و ئامێر و ئاسن و پۆڵا و هەرچی لەم بابەتەیە، حوجرە هەبوو و چوارپێ و ئێزنگ و داس. شتێک نەبوو کە مرۆڤ لە گەمارۆی شتەکاندا، لە گەمارۆی خولقاوەکانی خۆیدا، بە بێ شت و بێکەس بووبێ. سووکایەتی بوون و چۆڵگەی نەداریی تا ئەو ڕادەیەی کە ڕوانگەی زاڵبوونی نەداران بە سەر شتەکانیشدا زۆر بێنرخ و بێبایەخ خۆیای ئەکرد.

ئەمە ڕاست بوو کە گۆدەرزی بەڵخی هیچی بە دەستەوە نەبوو، بەڵام باری ئەوەی کە شتێکی بە دەستەوە بوو، لە سەر شانی زەوی بوو و لە بەستێنی ئاو و بە ئەستۆی باسکی جووتیار بوو. بۆیەش بوو کە کاتی سوێند خواردن بەڵخی دەستی خۆی لە سەر دەستی ئەوانیتر بە بێگانە زانیبوو و سوێندەکەشی ئارامتر لەوانیتر، تەنانەت ئارامتر لە دوودڵترین جووتێری ئالاجاقی، خواردبوو. سەیر ئەوە بوو کە چاوەکانی ستار سەرڕێژی شەوق و بریسکانەوە بوو.

«ئاخر... ئەو خۆ جووتیار نییە!»

بەرلەوەی سەرشێوان و ئاڵۆزی لەوە زیاتر سەری لێ ئاڵۆز بکات، رووی لە شەو و بیابان وەرگێڕا و بەرەو ماڵەوە بوویەوە.

بەڵخی کاتی تێپەڕێن بە لای دیوارەکەدا، هاتوچۆی تارمایی

ئاسای شەیدای لەو بەر جۆگەکەوە هەست پێکرد. بە بێ ئەوەی سەرە قورسەکەی بۆ سەیرکردنی بەرز بکاتەوە، کە زمانی توانای کەمترین چەقەچەقی نەبوو، چ بگا بەوەی کە بەرایی گاڵتە و تەوسی هەبێ، تەنانەت بە تاقە کۆکەیەک. بە تەواوی قفڵ ببوو؛ گای سیستانی بە کۆت و کەڵەمەی ئەندێشە ئاڵۆسکاوەکەی خۆی، تاق و تەنها بەرەو ماڵ بوویەوە. چواردیواری:

«تا چی ڕوو بدات!»

شەیدایش کە کاتی تێپەڕین بە بەردەمی بەڵخیدا، بە شێوەیەکیتر هەستێکی لەو بابەتەی هەبوو، بێواز و بێزار لە کەمترین وشە، سەرگەرمی ئەندێشەی ئاڵۆسکاوی خۆی، سووکەڵە و گورج لێی تێپەڕی و خێرا و بە پەلەیەکی جەوانسەرانە بەرەو ماڵی ماهدەروێش پێی نایە ناو داڵانە کۆنە و لە تاریکی نووتەکی داڵاندا ون بوو. پاش تاوێک لە سەر جۆلانەی دڵی، گوێی نابوو بە دەرگای ماڵی ماهدەروێشەوە، بەو گومانەی هەموو دنیا گوێیان هەڵخستووە بۆ بیستنی دەنگی هەناسەی، هەر بۆیەش بوو، ئاگا و نائاگا، ترسێکی نامۆ سەرتاپێی داگرتبوو. شتێکە ئەگەر دەرفەتی پیاچوونەوەی هەبوایە، لە لای خۆیشی -بێگومان- زۆر سەیر ئەبوو. دۆخ و دارەتێک بوو کە لەو جۆرە کاتانەدا، زۆر بە ڕێکەوت لە کوڕی بوندار ڕووی دابوو. سەیر ئەوە بوو کە شەیدا هەستی ئەکرد چاوەکانی باوکیشی لەم کاتەدا سەیری ئەکەن و ئەم خۆفە، بیرەوەری ترسی بەر لە باڵق بوونی خستبۆوە بیری و گومانی ترس لە بوندار کە خزابوویە گیانی بە هەستێکی نوێ ئەزانی. ڕەنگە ئەم خۆفە بە هۆی مەبەست و ویستیەوە، بە هۆی تەنگانەی هەڵچوونی جەوانیەوە لێی نیشتبوو کە ئەبووە هۆی ترس و شەیدا جگە لە باوکی هیچی تری بە نموودی ترس و تووڕەیی نەئەناسی. هەرچی چۆن بێ، لەم کاتەدا ئەوە ترس بوو کە خۆی لە ناخی ئەودا دەرخستبوو، هەرچەند لە ڕواڵەتی باوکیدا. شەیدا بەڵام، لە هەمانکاتدا، کوڕی ئەو باوکە

بوو بە ڕوخسارێکی تر و نەی ئەتوانی پێ بکێشێتەوە، ئێستە کە تا ئێرە و ئەم ڕادەیە هاتبوو. بۆیە، بۆ ئەوەی ئەو ترسە ناوەختە کار نەکاتە سەر ویست و ئەندێشەی، تەقەی لە دەرگا هێنا و ئەوەندەی پێنەچوو شێرۆ دەرگای لێکردەوە و ئەتوت ئامادەی دیدارە، بە زمانێکی وشک وتی:

ــ وەرە!

شەیدا بە بێ وشەیەک و تەنانەت بە بێ توانای سەیر کردنی ژنە، پێی نایە حەوشە بچکۆلە و شێرۆ ئاڵقەرێزەکەی هەڵپێکایەوە. شەیدا لە ناو دەرگانەی پشت دەرگاکەدا، تاوێک سەیری کار و کردار و هاتوچۆی خامۆش و چالاکی شێرۆی کرد و پاشان لە سەر سندۆڵە شکاوی بن دیوارەکە دانیشت. ئانیشکی نایە سەر چۆکی و پەنجەی لە پەنجەی هەڵپێکا، بە بێ ئەوەی بتوانێ نیگای لە هێڵی بڕۆی ژنە، کە ئەتوت زۆر تیژتر لە هەمیشە بوو بترازێنێ، وتی:

ــ بوخچە و بنە کۆ ئەکەیتەوە!

شێرۆ تای گۆرەوییە بەنە نیوە چنراوەکەی کە دۆزیبۆوە، خستیە سەر شتەکانی ناو چارۆکە ڕاخراوەکە و بە شێوەی ڕەفتارەکەی، وشک و دابڕاو وتی:

ــ ئەڕۆم!

ــ ئەڕۆی؟

شەیدا، پرسێنەر ئاخێزی کرد و ڕاوەستا. شێرۆ کەوتە بەستنی باڵەکانی چارۆکەکە و وتی:

ــ ئەڕۆم!

شەیدا پێی نایە بەرەوە و لە کاتێکا نەی ئەتوانی هەڵچوون لە دەنگیدا بشارێتەوە، پرسیاری کرد:

ــ بۆ کوێ ئەڕۆی ئاخر؟!

شێرۆ بە تووڕەیی و تەکانێکی توند گرێی چارۆکەکەی توند کرد و وتی:

ــ بۆ ئەو جێگەیەی کە لێی بووم.
ــ ئەچیتەوە بۆ ڕەوەند؟ بۆ ناو ڕەشماڵەکان؟
ــ رەنگە!
ــ بەیانی دروێنەیە. ناتەوێ دەسک و قەڵاس خڕکەیتەوە؟
ــ نەء!
ــ من خۆم وام بە سەر دروێنەوانەکانەوە، پاشەرۆک...
ــ نەء!
ــ چۆن ئەتوانی بڕۆی شێرۆ؟!

شێرۆ بە نیگاوە سەری هەڵێنا، بەڵام شەیدا تاوی نەهێنا. ڕووی وەرگێڕا و نەک لەگەڵ شێرۆ، وتی:

ــ من ئەم عەباسجانە ئەکوژم!

شێرۆ بە بێ بایەخدان بەوەی شەیدا لە بەر خۆیەوە ئەیوت، وتی:

ــ پێت وانەبێ لە تۆ ڕەنجاوم و لە بەر تۆ لێرە ئەڕۆم، نەء! ئەوەندە خۆشبین مەبە! لووسکەی وەکوو تۆ شیاوی ئەوە نییە کچی کەلمیشیەکان لێی بتۆرێ، تووڕە بوونی من لە هەمووتانە!

شەیدا بە داماوییەکی مناڵانەوە وتی:

ــ لە من... لە من بۆ؟!

دڕندەییەکی گووشراو لە وشە و نیگای شێرۆدا، وەڵامی دایەوە:

ــ تۆ؟! تۆ ئیتر کێی؟ من هەمووتان ئەڵێم! هەڵسە بڕۆ ئیتر!
ــ من دێم بۆ ئەوێ، بۆ سەر ڕەشماڵەکان.
ــ لە ترسی جیهەنخان، مەگەر لە ترسی جیهەنخان. بەڵام بیکە بە گوارە و بیکە بە گوێتدا، بە دەوروبەری مندا خولەت نەیەت؛ چونکە ئەت خەسێنم. هەڵسە بڕۆ! لە ماڵی من دەرکەوە، کوڕی بوندار!
ــ شێرۆ!

شێرۆ گەزلکی ئامادەی خستەوە ناو کالانە و کردی بەبەر

پشتێنیدا و وتی:

ــ کارێک مەکە لەوە زیاتر سووکت بکەم، هەر ئێستە هەڵسە بڕۆ! نامەوێ ئیتر بتبینم، بڕۆ! هەر ئێستە هەڵسە بڕۆ!

شێرۆ هەڵسابوو و وەک خەنجەری ڕووت ئەچوو. شەیدا تەز لە لەشیدا وەستابوو. نەک بە ڕاوەستاوی و خۆڕاگری، بەڵکوو بە ناچاریی. پووک و پووچەڵ، بە لەرزینی نهێنی لە ئەژنۆیدا. ڕووی ئەبوا وەرگێڕێ و ڕووی وەرگێڕا. لەشی لە سەر قاچە لەرزۆکەکانی ڕاکێش کرد بۆ دەرەوە و بە هەمان داماوی لە حەوشە دەرچوو تا لە کۆڵان لە سووچێکا دابنیشێ و سەری گرانی بخاتە ناو دەستیەوە، ئەگەر دەرفەتی دەسبکەوێ.

ئەو پەنا گرتنەی کوڕی بوندار زۆری نەخایاند. شێرۆ لە بەر نیگای بێ باوەڕی ئەودا هاتە دەرەوە، بە بەردەمیدا تێپەڕی و ڕێی بەرەو دالان گرتەبەر. تا تارمایی شێرۆ لە ناو ڕەشاییەکەدا ون بوو، شەیدا هەروا بە چاو لەگەڵی بوو و پاشان هەڵسا و بەپەلە کەوتە دوای، بە بێ ئەوەی بتوانێ ترسە مناڵانەکەی و شەرمی خۆی لە دابڕین لەو هەموو ئەندێشە خۆشانە لە خۆی دوور بکاتەوە؛ لەو هێرشە کورتەی کچی کەلمیشی کردبوویە سەری. بۆیە لە کەوشەنی بێ توانایی و بێ باوەڕیدا، ڕەنگە بەس لە بەر ئەوەی شوێنێک بۆ بوونی خۆی لە خۆیدا بکاتەوە، لە شەڵەژان و ئازارێکی گیانکێشدا -لەو بێبڕواییەی کرداری خۆی- بە دوای سێبەری ژنەدا ئەڕۆیشت، بە بێ ئەوەی وەڵامێک بۆ «بۆچی» دەرونی خۆی بدۆزێتەوە.

بەڵام شێرۆ، بە هەمان شێوە کە هەنگاوی ئەنا بۆ چوونەدەرەوە لە پێچ و خەمی کۆڵانەکانی قەڵاچیمەن، بەقەد تاڵە موویەک ڕاڕایی لە بڕوا و بەڵێنیدا، بۆ ئەو کارەی بڕیاری دابوو، بۆ کەس نەئەهێشتەوە. بۆیە چالاک و بەبڕوا هەنگاوی ئەنا و؛ ئاسکی دەشت بوو ڕەمیوی گومانی کەمانکێش. گرنگترین کاری ئەتوت دەربازبوون بوو لە کۆڵانەکانی قەڵاچیمەن و بۆ دەرچوون

لە چوارچێوەی ئەو دیوارانە ئوقرە و ئارامی نەبوو. بێزار لەوەی کە کوڕی بوندار، ئەو بوێرییە درۆینەی خۆی پەیدا بکاتەوە و ڕێگەی ناوکۆڵانی پێ ببەستێ و ناچاری بکا بکەوێتەوە ئاخافتنی دووبارە. بۆیەش بوو سەرەڕای ڕاست و ڕەوان ڕۆیشتن هێشتاش وریای دەوروبەری بوو. چونکە پێی وابوو شەیدا جارێ لە کۆڵی نەبۆتەوە و بە دوای‌دا دێت و ئەبوایە تا دەرباز بوون، تیژتر و خێراتر ڕاستەکۆڵانەکە تێپەڕێنێ. بەڵام شەیدا نەهاتبوو و لە دەرەوەی قەڵاچیمەن، شێرۆ کە پێی وابوو کوڕی بوندار هاتووە، دەستی برد بۆ دەسکی خەنجەرەکەی و ئاوڕی دایەوە، شەیدا نەبوو. شەیدا نەهاتبوو. شێرۆ دەمخەندەیەکی تاڵ نیشتە سەرلێوی، لە بیابان‌دا کەوتە ڕێ و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ سەگی دەسەمۆ، سەگی دەسەمۆ!

# بەشی نۆزدەهەم

## بەندی یەکەم

ماهدەروێش زۆر درەنگ لەخەو ڕابوو و، کاتێکە چاوی هەڵبڕی و لە ناو ئاخوڕەکەدا کەوتە سەرلا، هەستی کرد سکی لە برساندا قوڕەی دێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش دڵی ئەوەی نەبوو خۆی خڕ بکاتەوە. لە ناو ئاخوڕەکەوە خۆی بدا بە سەر کەرەکەدا و بە هەر دژوارییەک بووە، ڕۆژی دەس پێ بکاتەوە. لەمەوبەر نەک بیانوویەک، بەڵکوو ناچارییەک ماهدەروێشی وا لێ ئەکرد، لەکاتی خۆیدا ڕابێ، پشتوێن و کڵاو ببەستێ و بچێ بۆ ماڵی بابقولی بوندار و دەست بە کاری ڕۆژانە -هەرچی کەبوو- بکات. هەر لە خاوێنکردنەوەی ئاغەڵ و ئاخوڕەکانەوە تا دان دان بە مریشک و کەڵەشێر، بەسەرکردنەوەی ئەو مەڕانەی نەبرابوون بۆ لەوەڕ، پێژانی تەپاڵە و هتد... بەڵام لەوساوە کە جیهەنخانی سەرحەدی لە بانەوە هەڵیدابوویە خوارەوە، زۆری پێنەچوو لەوە تێبگا کە کارەکەی لێ سەندراوەتەوە و وردە وردە ئەوەندە لە کار و ماڵی بوندار دوور کەوتۆتەوە، هەستی ئەکرد ئەگەر قاچی ڕۆیشتنیشی هەبوایە، دیسانەوە نەی ئەتوانی بچێتەوە بۆ ماڵی بوندار. چونکە شوێنەکەی دەسبەجێ گیرابوو و ماڵ و گەوڕ و هەماری بوندار، پێویستی بەو نەبوو. خودی ئەم ئێسک شکان و نەخۆشیەش وەها ماندوو و بێوازی کردبوو کەوتبوویە لێژایی بەرەو سستی و تەمەڵی و پێی ڕاهاتبوو.

ڕەنگە ماهدەروێش پێویستی بە هێزێکی دەروونی هەبوو بۆ ئەوەی بیجووڵێنێ و ڕایچەنێنێ. بەڵام ئەو هێزەش لەودا بێهێز ببوو. دۆخ و دارەتی وەکوو شەوق و حەز و تامەزرۆیی و شادی کە پێشتر لە پەیوەند لەگەڵ شەیدادا واتا و نموودی پەیدا ئەکرد، ئەوا وردە وردە لە ماهدەروێشدا بە تەواوەتی ئەسڕایەوە. بەڵام نەء، مسۆگەر نەمابوو و سڕابوویەوە. ئەگەر وانەبوایەت و ماهدەروێش بە تەواوەتی نابووت نەبوایە، ئەی لەم وەرز و ڕۆژەدا کە دروێنەی دەشت دەستی پێکردبوو، ئەو نەئەبوا خولەکێکیش ئارام بوایە. هەرچەند بەو جۆرە شەق و شڕیش. چونکە دەروێشانی گەڕۆک لەم وەرزەدا، خەرمانێکی بچکۆلەیان لە مەڵۆی ودم و نزا پێکەوە ئەنا و ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵیان ئەدا بەشێکی گەورەتر لە سالارانی دەشت وەربگرن. ماهدەروێش بەڵام نە ئەو ماهدەروێشە بوو، نە ئەمیان و، نە ماهدەروێشێکیتر بوو کە هەرچی چۆن بووە پێ بخاتە ڕێگەیەکەوە. ئەو سات بە سات خۆڵەکانی خۆی، خودی خۆی، لێ ون ببوو. ئەو ئیتر «گەدا» نەبوو و نەی ئەتوانی «گەدایی» بکات. لانیکەم بۆ ئەوەی ببێ بە «یەکیتر» ئێستە ئیتر درەنگ ببوو. تەرمێک بە بێ دڵخۆشی ئەوەی دەستێک هەر ئەبێت، بیبا بۆ گۆڕستان.

لەبن دیواری ئەوبەر، لە بەرزاییەکی هاوقەد، پیرەمێردێک لە ناو ئاخوڕەکەدا کەوتبوو و چاوێکی لە ناو تۆپەڵی قژیدا ئەیڕوانی و ئەتوت ئەڕوانێتە تەونی جاڵجاڵۆوکەی بنمیچەکە. ماهدەروێش خۆی هەڵکێشایە سەر کورتانی کەرەکەی. لە ناو ئاخوڕەکە جگە لە تارماییەکی لێڵ هیچی نەبینی. بەڵام کە لە سەر کورتانەکە خۆی دامەزراند و باشتر لە کابرا ورد بوویەوە، پیاوێکی دێرینی بینی کە شەوی پێشوو نەی دیبوو و هەستی بە بوونیشی نەکردبوو لە ناو وشترخانەکە و خودی ئەم نەزانینە ترسەکەی چەند ئەوەندە ئەکرد. زیاتر لە بەر ئەوەی کە پیرەمێرد هەرچەندە ئەیڕوانیە بنمیچەکە، بەڵام ماهدەروێش هەستی ئەکرد لە سیلەی تاقە

چاوەکەیەوە سەیری ئەویش ئەکات. چاوی تەماوی کابرا تەواو لە یەکێک لە شووشە تەماوی و چڵکنەکانی سەربانی خەزێنەی گەرماو ئەچوو، بە هەمان قورسی و بە هەمان بێدەنگی. ڕانەوەستا. سەری کەرەکەی وەرگێڕا، لە دەرگای وشترخانەکە چووە دەرەوە و بە بێ ئەوەی سەیری پشت سەری خۆی بکات لە حەوشەی ماڵی بەڵخی -کە کەسی لێ نەبوو و تەنها قفڵی دەرگا و گۆزەی بن تاقی هەیوانی تەنوورەکە دیار بوو- بەرەو دەرەوە هەچەی لە کەرەکەی کرد.

کۆڵان لە بەر تاوی لای نیوەڕۆی خەرمانان‌دا، بە جارێک چۆڵ و خامۆش بوو. هیچ گیانلەبەرێکی تێدا نەئەبینرا. وادایار بوو هیچ دەنگێک لە هیچ لایەکەوە نایەت. ماهدەروێش دەستی لە ملی کەرەکەی‌دا لە ناو کۆڵان وەستا و هەستی ڕاگرت، بۆ ئەوەی بزانێ لە بێدەنگی مردووی قەڵاچیمەن‌دا، قوروسکەیەکی بەرگوێ بکەوێ. ماهدەروێش وردتر و بەرهەستتر گوێی هەڵخست. لوورەی پیاوێک لە پشت هەزار دیوار و دەرگای داخراوەوە وەکوو شتێ ئەبیسرا. سەری کەرەکەی وەرگێڕا و بەرەو خوار هەچەی لێکرد و بەرەو دەنگەکە ڕۆیشت و لە پشت دەرگای ماڵی کەلایی خواداد وەستا. ئێستە ئەوا دەنگی پیرەمێرد بە ئاشکرا ئەبیسرا کە ئەیلووراند و نەفرین و ناڵەی ئەکرد.

ماهدەروێش نەچووە بەرترەوە. ترس هەڵیگرتبوو. ترس بە هەموو توانایەوە نەک لە دەنگی جەخاراوی باوکی قەدیر، بەڵکوو لە خۆی ئەترسا. لە هەرچی هەبوو و نەبوو ئەترسا. ترسێکی نەناسراو لە ڕەگەوە ڕای‌شەکاندبوو و خۆیشی هەستی بەوە ئەکرد و باوەڕی کردبوو لە هەموو شت و هەموو کەس ئەترسێ. ئەیزانی کە ئەترسێ و ئەمە ڕێگە و ڕێبازی لێ ئەگرت. ترس و باوەڕی ترس تاو بە تاو کاری تێ ئەکرد و زیاتر لە دەروونی‌دا جێی خۆش ئەکرد و زیاتر بە سەری‌دا زاڵ ئەبوو. بە ڕادەیەک کە پێ ئەچوو کابرای دڕدۆنگ و تیکقرماو، وەکوو دورگەیەکی بچکۆلانە،

سات بە سات زیاتر ئەبێ بە ژێر ئاوی هەڵچووی ئۆقیانووسی خۆفەوە و ئەیەوێ لە چاوان ون ببێ. قوربان بەلووچ تاقە کەس و هاوزمانی لە لایەن گوڵمحەمەدەکانەوە پەیامی بۆ جیهەنخانی سەردار بردبوو و هێشتا لە سەرحەد نەگەڕابوویەوە.

ڕێی لار کردەوە و بە هەورازەکەدا سەرکەوت و لە مەیدانی بەر گەرماو، ئەو شوێنەی کە شەو قسەی لەگەڵ شێرۆ کردبوو هاتەوە بیری نابێ بەرەو ماڵ بڕوات. کەرەکەی ڕاگرت. ڕێگەیەکی کەی نەمابوو. یان دەشت یان ماڵەوە. هەروەها ئەوەشی هاتەوە بیر لە شەوێک زیاتر داوای یارمەتی مانەوەی لە گۆدەرزی بەڵخی نەکردووە. هەرچەند بەڵخی پیاوێک نەبوو دەست لە ڕووی ماهدەروێشەوە بنێ. بەڵام ئیتر باسی شێوێک و شەوێک نەبوو. کە خول و سەردەمێکیتر بوو. چاو لە هەموو شت نووقاندن، یان پشت لە هەموو شت کردن و دەست لە هەموو شت داشۆردن.

ــ ئەمە خۆتی ماهدەروێش؟

بابە گوڵاو لە ناو تاریکی داڵانە کۆنە هاتە دەرەوە و وتی:

ــ لەبەر سێبەرەکەوە باشتر ئەتوانم بەرخۆرەکە ببینم. باوەڕ ناکەم خۆت بی. ئەوە نییە هەموو لە دەشتن. وامزانی غەوارەی... من کە لە بەیانییەوە خەریکە دیق ئەکەم! گوێ هەڵخە... دەنگی هیچ گیاندارێک نابیسی. تۆ بۆ لە ناو گوند ماویتەوە؟ ڕەنگە پێت وایە بەرگەی هەتاو ناگری؟

ماهدەروێش خامۆش مابوو و بابە گوڵاو گۆچانی ئەکوتا و بەرەو ڕووی ئەهات:

ــ ئیتر لێبڕام بچم بۆ دەشت. هەرچەندە سەختیش بێ لەم خۆرەدا، لەم تەنهاییە، باشترە. لە بەیانییەوە لەم کۆڵانانەدا ئەگەڕێم یەک کەسیشم نەدی چاک و چۆنی لەگەڵ بکەم. ئەڵێی بە مەقاش دانە دانە هەموویان کۆ کردوونەتەوە. ئەم کاولیانەش توورەکە و بەرکۆشەکانیان هەڵگرتووە و چوون بۆ دەشت. شوکری خوا!

بابە گوڵاو گەیشتبوویە بەر قەپۆزی کەرەکەی ماهدەروێش و وەستابوو.

ــ دیارە بیستووتە ئەمشەو لە ماڵی بوندار ڕوزەخۆێنیە. ڕەوزە لە لایەن ئالاجاقیەوەیە، تێئەگەی؟ خودی بابقولی بوندار چووە بۆ موغیسە ڕەوزەخوێن بهێنێ. چونکە ڕۆژی یەکەمی دروێنەی دەشتە، لە بەر ئەمەیە ئیتر... ئەوەش بۆخۆی هەر خێرە. بەندەی خوا هەر کات بەرەو دەرگانەی ئێزەد بچێ، پەروەردگار نائومێدی ناکات. هەرگیز. ڕەنگە ئالاجاقیش کەوتۆتە بیری خوای خۆی و ئەیەوێ لەگەڵ ئەو هەموو تاوانانەی لەم دنیایەدا ئەیکا، تۆزقاڵێکیش چاکە بۆ ئەو دنیای پاشەکەوت بکات. ئەوەش باشە، هەر باشە... بەڵام خوا پێی خۆش نابێ هی وەک من و تۆ لەو خێرە بێبەش بکات. هەرچی بێ منیش ئەتوانم سەردۆلکەیەک بۆ ئەو شەهیدانە بخوێنم. تۆش خۆ کارت هەر ڕەوزە خوێنی بووە. سەمەدی توونچیش ئەو کارەی پێ ئەکرێ. کۆڕێکی ڕەوزە خوێندنە ئیتر! وتراویشە چاکەی وڵات شاکان ئەیزانن! بەڵام ئەمەش هەر لە کۆنەوە ماوەتەوە کە ئەڵێ: ئەو چرایەی کە بۆ ماڵی خۆت پێویستە لە مزگەوت حەرامە. بەڵام ئەڵێی چی... ئێمە گلەییمان نییە. بۆ هەروا لەو سەرە دانیشتووی و لچت شۆڕ کردۆتەوە، سەید؟ بیخەرە ڕێ بابڕۆین ئیتر! هەم فاڵە و هەم تەماشا. ئەتەوێ بڕۆین چارشێوێک هەڵگرین، بیکەین بە بەرکۆشی کەرەکەت بۆ ئەوەی بتوانی ئەو گەنمە خێرەی وەری ئەگری بیکەیتە ناوی؟ ئەرێ؟ بۆ وا حەپەساوی؟

ماهدەروێش وتی:

ــ گەدایی کردنیشم لە بیر چۆتەوە، بابە گوڵاو!

ــ ئەوە ئەڵێی چی؟ گەدایی چی. ئەمە هەقی خۆتە، بەشی جەددی تۆیە، سەید گیان! هەم سەیدی ڕۆڵەی پێغەمبەری و هەم دەستت لە هەموو کارێک بڕاوە و هەمیش پەککەوتە و زەلیلی. ئەمە ئەرکی ئەوانیترە بەخششت بدەنێ. ئەمە ڕاسپاردەیەکی

خودايیە. ئەويش لەم ساڵ و مانگەدا.
ماهدەروێش بە سووربوونەوە وتی:
ــ تێم نەگەیشتی بابە؟ من لە بیرم کردووە، پیشەکەی خۆم لە بیر کردووە!
بابە گوڵاو ملی کەرەکەی وەرگێڕا و بە تووڕەییەکی دۆستانە وتی:
ــ ئەمە چ قسەیەکە؟ کێ ئەتوانێ ئەو کارە بکات؟ هونەر شتێکە نە ون ئەبێ و نە دز ئەتوانێ بیدزێ، ئەمەیان لە کۆنەوە وتووە!
ماهدەروێش بەرگری نەکرد و لێگەڕا کەرەکەی بەو ڕێگەیەدا بڕوات کە بابە گوڵاو ئاراستەی کردبوو. لە قەڵات کە دەرکەوتن، بۆڕەی باوکی قەدیر، زیاتر و زیاتر دوور ئەکەوتەوە و ون ئەبوو:
ــ دووان هەڵناگرێ کەرەکەت، وانییە؟
ماهدەروێش ڕووی کردە بابە گوڵاو و وتی:
ــ کەرەکە ڕەنگە بتوانێ، بەڵام شان و پشت و کەلەکەی من... نابێ لە هیچ بکەوێ، زریکەم بەرز ئەبێتەوە.
بە سەر گڵە سوورەی بزنەڕێکەدا، کەرێک بە بارە گەنم و کابرایەکی وردیلە بە دوای کەرەکەوە، بەرەو قەڵاچیمەن شۆڕەوە ببوون. بابە گوڵاو چاوەکانی تەنگ کردەوە، بە دژواریی ڕوانییە کەر و کەردار و کاتی تێپەڕین، ماندوو نەبێنی لێکرد. بەڵام وەڵامی وەرنەگرت. بابە گوڵاو کە هێشتاش بە دوای کابرادا ئەیڕوانی، بە سەرسووڕمانەوە ڕووی کردە ماهدەروێش و وتی:
ــ ئەولحسێنی مێلوورە بوو، وانییە؟!
ــ با... پێموابێ!
بابە گوڵاو جارێکیتر ئاوڕی لە شۆپی کابرا دایەوە و وەکوو لەگەڵ خۆی بێ وتی:
ــ ئەی خوا چاکت بۆ بکا پیاو!... ئاخافتنیشی لە بەر گرانە. لاڵ بێ ئەو زمانەی وەڵامی سڵاوی موسڵمانان ناداتەوە!

پێغەمبەری ئیسلام دروودی خوای لە سەر بێ، هەمیشە پێش سڵاو بووە،ماڵکاول!

ــ مەیگرە بە دڵەوە بابە گوڵاو. گوێ مەدەرێ. ڕەنگە نەی بیستبێ.

بابە گوڵاو بە گلەییەوە وتی:

ــ ئەوە نییە... نا. ئەوە نییە سەید گیان. پیاوی چاوچنۆک زمانیشی چنۆکە. هەتا ئەمڕۆ تۆ تامی پارووە نانێکی ئەم کابرایەت کردووە؟ نەخێر! بۆ خۆم کە تەمەنێک لەم قەڵاچیمەنە ژیاوم، ڕەنگی سفرەی ئەم کابرایەم نەبینیوە. شوکری خوا، خۆشی چۆلەکە ڕۆزییە. لەو مرۆڤانەیە کە دراوسێکانی کاتی مردنی پێ ئەزانن کە یەکی وا لە پشت دیوارەکەیان ژیاوە. مرۆڤی ئەوەندە سرک و دەسقووچاو خوا هێشتا نەی ئافراندووە. ترسنۆک و لەخۆ بایی! ئەترسێ نەکا بەرێکەوت دەستی کوێرێکی وەکوو من بگرێ و لە سەر چاڵێک بم پەڕێنێتەوە. تۆ نەتناسیوە! هەر ئەوەندە بڵێم جاری وا هەیە چەندین مانگ تێ ئەپەڕێ و کەس نایبینێ. نەکەس ئەیبینێ و نەکەس دەنگی ئەبیسێ. دەرگای ماڵەکەی هەمیشە داخراوە. شانازی ئەوەیە کە خزمایەتیەکی دووری، ئەویش لە بەرەی ژنەکەیەوە، لەگەڵ ئالاجاقی هەیە. بۆیەشە ئەوەندەی ئالاجاقی دەرئەکەوێ، چاوت بە مێلوورە ئەکەوێ لە ماڵ دەرئەپەڕێ و ئەچێ بۆ دەس ماچکردنی ئاغە. بەڵام بۆی ناچێتە سەر. ئەو مەرایی و پێکەنینە سووتاوەشی ناتوانێ ڕزگاری بکات. ئەگەر ڕۆژێکیش لە تەمەنی مێلوورە مابێ، ئالاجاقی ئەو تۆزقاڵە زەوییەی لە چنگ دەرئەهێنێ. ئاخر زەویەکەی نەنگی زەوییەکانی ئاغەیە. خوا جۆیەک سۆز بخاتە دڵی ئەمجۆرە مرۆڤانە بەر لەوەی سەریان بخەنە سەر بەردی گۆڕیچە. بەردی خوا قازانجی بە خەڵکی ئەگا و ئەمجۆرە مرۆڤانە سوودیان ناگا. ئاخر مرۆڤ ئەو کاتەی کە لە گۆڕستانیش ئەگەڕێ، سەیری کێلەکان ئەکا و فاتیحایەک ئەخوێنێ. بەڵام ئەم کابرایە... لەحنەتی خوا... نەء،

بە غەیبەتی نەبێ... سی ساڵە، سی ساڵیش زیاترە لە کاتی بەزاوا بوونی تێ ئەپەڕێ، کەچی هێشتاش کە هێشتایە کاتێکە جەژناوجەژن ئەچێ بۆ شار بۆ دەست ماچکردنی ئالاجاقی، هەمان ئەو پاڵتاوە سەربازییەکەی شەوی زاوایەتی لە بوخچە دەرئەهێنێ و ئەیکاتە بەری. هەر بە بیریشیدا نایەت ئەوا سی ساڵ بە سەر ئەو جلانەدا تێپەڕیوە. دڵنیام ئەگەر شاقەلی پاڵتاوەکەی بگری و ڕایوەشێنی وەکوو کاغەز هەڵئەتەقێ. چاوت لێکرد. چاوت لێکرد متمانە ناکا گەنمەکەی لە دەشت بکا بە خەرمان. دڵی بەرایی نادا چوار دانە مێروولە نیومەن دانووی بگرن بە دەنووکەوە و پاشەکەوتی بکەن بۆ زستانیان. گەنمەکە کێش ئەکا بۆ ماڵەوە. لەوێ ئەیکا بە خەرمان و ئەیکوتێ و شەن کەوی ئەکا، نەکا پەڕی کایەک با بیبات. زەمینەکەشی شوکری خوا لە تەنیشت دەشتی ئالاجاقیەوە، لە سەری کەچەڵ ئەچێ. ئەڵێی خاکەکەی ڕێژەنی نییە. خواش کوڕێکی پێداوە ئەڵێی گزگلە... بەقەد گونی کەرەکەی تۆ!

ماهدەروێش وەک بڵێی گوێی لە گوتەکانی بابە گوڵاو نەبووبێ، ڕەمەکی پرسی:

ـ هیچ هەواڵی خەزووری بەڵخی ئەزانی، بابە گوڵاو؟

بابە گوڵاو وەک لەپڕ زنجیرەی بیری پچڕابێ، سەری هەڵێنا، سەیری ماهدەروێشی کرد و پرسیاری کرد:

ـ هەواڵ؟ خەزووری بەڵخی؟!... چۆن بوو لەپڕ بیری ئەو کەوتیتەوە؟... نەء، نازانم. ماوەیەک ئەبێ نەمدیوە. نەء. خستتەوە بیرم!... بە گەنجێتی پێکەوە هەڤاڵ بووین. ساڵی قاتوقڕییەکە، ساڵی وەباکە... ئەو سەردەمە زۆر بەوەج و لێهاتوو بوو. چوارپاچکەی لەشی ساخ بوو. ئالێرە... لە قەراخی ئەم چەمە، لای سەرەوە، زۆر سەرەوەتر، من و ئەو و لوقمان نیوەی دانیشتوانی ئەم قەڵاچیمەنەمان ناشت و کردمان بە ژێر گڵەوە. ئا لەوێ، خواری گردی خوڵامۆ، لە بن چەمەکە.

لەسەر گردەکە، ماهدەروێش کەرەکەی ڕاگرت. دەشتی گەنم، وا لە بەر ڕوانگە بوو. ئەمپەڕاوپەڕ خەملێبوو لە بن ئاسمانی خەرمانانڕدا، سەرانسەر وەکوو پەنجەی هەتاو.

بابە گوڵاو وتی:

ــ ...ئەمویست شتێک بە خۆت بڵێم، ماهدەروێش. گوێت لێمە؟

ــ ئا... بڵێ.

ــ من تۆ بە کوڕی خۆم ئەزانم. من لە جێی باوکی ئێوەم. تۆ... تۆ و شێرۆ. ئەمویست سەبارەت بە خۆت و شێرۆ قسەت لەگەڵ بکەم. گوێم لێ ئەگری؟

ــ نەء... نا!

ــ چی؟!

ماهدەروێش خامۆش بوو و بە خۆی ئەوت:

«بۆچی هاتم؟!»

دەشت و گەنم و تاو و مەردم. وژە وژی کەروێشکەی گەنم. دەنگی کێڵگە، هەوڵدانی خەڵک، ئاسمان و خاک و گەرما لێک ئەئالان، یەکدیان ئەشکاندەوە و لێک تێپەڕ ئەبوون و لەم هەمووە قرم و قاڵێکی نامۆ ئەڕژایە گوێی ماهدەروێشەوە و لە نیگایدا شەپۆلی ئەدا و ئەبوو بە نیشانەی نەناسراو و بێ نیشان و گرێ گرێ ئەتوت گەرووی ماهدەروێش ڕێک ئەگووشی.

زەردە زێڕینی دڵڕفێنی کێڵگەی گەنم، کەروێشکەی نەرم و لەسەرخۆی یاڵی دەشت -ژن و پیاو و مناڵ- چوارپێی بەردراو لە پەرێزی تازە دووراودا، خەرمانی هەتا ناوقەد، ئاسمانی ساوی سەر سەر تا دووری دووری بە سەر لووتکەی دووبراراندا تێ ئەپەڕی، لە چاو و لە نیگای ماهدەروێشدا، ئەتوت هەڵۆسە بوون و ئەتوت گومان بوون. تاودانەوەی ئەم هەمووە جگە لە گوشار لە سەر مێشکی ماهدەروێش، هیچ نەبوون:

«بۆ هاتم بۆ دەشت؟!»

بیرکردنەوە لە بیرکردنەوەی خەڵکی، ترسان لە بیرکردنەوەی خەڵکی دەربارەی تۆ، ئەمە سنووری بێخود بوونە. واتە تۆ لە ناو خۆتدا ئەوەندە سووک و سست بووی لەوە ئەترسی خەڵکی دەربارەی تۆ چۆن بیر ئەکەنەوە؟ لە بەر ئەمە هیچت لە بیردا نییە جگە لەوەی بە حەزی خەڵکی سەما بکەیت و خۆت بادەی. واتە بێخود بوویت و لە خۆت بوویت. واتە چەقی بڕوا بەخۆ بوونت ون کردووە، لە دەستت داوە و بوویت بە یەخسیری داوەری کردنی ئەم و ئەو. بەم شێوەیە ئەوە ئیتر تۆ نیت کە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژگار ئەبەیتە سەر بەو جۆرەی کە خەڵکی لەگەڵ تۆ؛ بەڵکوو ئەمە وێنەی ترس لێدراوی بوونی خەڵکیە لە تۆدا کە تۆی لە تۆ سەندووە. ئەمە ئیتر تۆ نیت کە هەنگاو ئەنێیت و سڵاو ئەکەی، بەڵکوو ئەمە گرێی گوناهە کە لە هەر هەنگاو و هەر وشەیەکدا ئەپارێتەوە بۆ پاککردنەوەی خۆی لە نیگای داوەریی خەڵکی، کە ئەم دادوەرانە تۆ خۆت بۆ خۆتت تاشیوە بۆ خاوێنکردنەوەی خۆت لە گومانی گوناه. ئەم نەخۆشیە نەخۆشی هەموو بێ ڕیشەیەکە کاتی بێکەسی و ئەم بێکەسیە سەدجار ڕوتتر خۆی دەرئەخات ئەوسا کە تۆ دەستت لە هەموو کارێک براوە. ئەگەر دەستت بە دەسکی داسێکەوە بوایەت ئا لەم کاتەدا، ئیتر دەرفەتی ئەوەت نەئەبوو لە نیگا و نۆڕینی ئەم و ئەو بترسی. چونکە بۆخۆت پاقژ ئەبووی لە هەر گوناهێک و گومانێک. ئەو پەیوەندی و پەیوەستە، ئەو ئاوێتە بوونەی پێست و نینۆک و گۆشت و تۆ لەگەڵ خاک و لەگەڵ کاردا، لانیکەم تۆی ناو هزر و بیری تۆی پاک ئەکردەوە. ئێستە بەڵام سەیر و سەمەرە خۆیا ئەکەی. بۆیەش سەیر و سەمەرەی چونکە لە هیچ خاڵێکدا چەقی پەیوەندی و موتوربە بوونت نییە. واتە بە زیادی لە سەر زەوی وەستاوی. بە زیادی لە سەر زەوی وەستاوی و بە زیادییش دەرئەکەوێ. کە وا بوو ترسی داوەری خەڵکی ئەتتەزێنێ. چونکە بەرەنجامی ئەو داوەرییە لە پێشەوە ئاشکرایە. تۆ تاوانکاری. ئەوەیە کە لە نیگا و گوتەی

خەڵکی ئەترسی و تەنانەت خۆت پێ ڕاناگیرێ کاتێکە پێکەوە دەربارەی بابەتی‌تر قسە ئەکەن. چونکە پێتوایە باسی تۆ ئەکەن، غەیبەتی تۆ ئەکەن، لەمەڕ بوون و نەبوونی تۆ ئەدوێن و ئەمە ڕادەی بێخودییە، سنووری بێخود بوونە.

ــ من ئەڕۆم بابە گوڵاو، من ئەڕۆم!

ــ ها؟!... ماهدەروێش!

وەڵام نەبوو. ماهدەروێش ڕووی لە دەشت و بابە گوڵاو وەگێڕابوو و بە لێژایی گردەکەدا بەرەو ڕۆژاوا دائەگەڕا بەو شێوازەی کە هاتبوو، لە بەر چاوی ئەبڵەق بووی بابە گوڵاودا.

ــ ئەوە... ماهدەروێش نەبوو لای‌دا و بەو لادا ڕۆیشت، بابە گوڵاو؟

لە ڕێگەی "قەڵاتی کاڵ"ـەوە نەقی مەزار بە نەرمە هەورازی گردەکەدا بە مانگایەکەوە سەرکەوت. نیگای لە یافتی ماهدەروێش، لای بابە گوڵاوەوە وەستا و درێژەی دا:

ــ دەشتی گەنم لەم لاوەیە و دەروێش بەو لادا ئەڕوا، سەیر نییە؟

بابە گوڵاو سەری بێ وەڵامی لە شوێنی ماهدەروێش وەرگێڕا و بە ڕێگەی بەرەو دەشتی گەنم هەنگاوی نا. نەقی مەزاریش لەگەڵی کەوتە ڕێ و شاخبەندی مانگاکەی بە دوای خۆی‌دا ڕاکێشا. بابە گوڵاو گۆچانی ئەکوتا و لە بەر خۆیەوە پرتە و بۆڵەی ئەکرد و ئەرۆیشت. لەپڕ پێی سست ئەکرد، سەیری شوێنی پاش خۆی ئەکرد و دیسانەوە ئەکەوتەوە ڕێ.

ــ ئەڵێن ئەمشەو ڕەوزەخوێنیە لە قەڵاچیمەن؟

بابە گوڵاو بە کورتی وتی:

ــ ئا وایە بابە گیان، وایە.

ــ لە لایەن ئالاجاقیەوە؟

ــ بەڵێ بابە گیان. ئەی ئەتویست لە لایەن کێوە بێ؟

ــ هیچ پێم سەیر نییە. ئەبی باری گوناهی سووک بکاتەوە.

هەه! پارچەیەک زەوی منی وەکوو مشک جاویوە و خەریکە هەڵی ئەلووشێ. خۆزگە چاو و چەوێڵت تەواو ئەبوو. ئەمبردیت بۆ سەر زەوییەکە بت دیبایەت. وا پێ ئەچێ سفرەی زەوی لار و لەوێر بووە، لە قەوارە کەوتووە. ئەم سالار ڕەزاقە من نازانم لەو دنیا چۆن وەڵامی خوا ئەداتەوە؟ هەر ساڵەی کە جووتێرەکانی دێن بۆ کێڵانی دەشتی فەلەق، باریکەیەک دێنە بەرەوە بۆ ناو زەویەکەی من. ڕسقی من خوا ئەیدا بەڵام ئەو زەوییەش کەرەسەی ئەو ڕسقەیە. ڕۆزیش کەرەسەی خۆی ئەوێ. ئالاجاقی ئەیەوێ ئەم کەرەسەیەشم لێ بسێنێ. خوا پێی خۆش نابێ.

بابە گوڵاو سەیری هاوددانەکەی خۆی کرد و وتی:

ــ بۆ بە منی ئەڵێی ئەم قسانە؟ بۆ بە خۆیانی ناڵێ؟!

ــ ئەترسم بابە گوڵاو، ئەترسم.

بابە گوڵاو وتی:

ــ ئێستە کە ئەترسی باسی شتێکیتر بکە. من زۆر پەرۆشی ئەم سەیدەم. دەی هێشتاش لە قەڵاتی کاڵ ئەژیت؟ چەن ماڵی لێیە ئێستە؟ ئەو سالانە لە سێ ماڵ زیاتر نەبوو.

ــ ئێستە بووە بە پێنج ماڵ.

ــ دەی... چۆن بوو هاتی بۆ ئەم ناوە؟

نەقی مەزار ئەمازەی بە گاکەی کرد، شاخبەندەکەی ڕاکێشا و وتی:

ــ ئەیبەم بۆ جارەکە بیلەوەڕێنم. ئاخر گوندێکە و ئەم مانگایە!

لە یەکەم پەڵەی دووراو، نەقی مەزار گاکەی بەردا و بابە گوڵاو لەو تێپەڕی و بە گۆچان کوتان چوو بەرەو دروێنەوانەکان.

ــ ماهدەرویش بۆ گەڕایەوە، بابە گوڵاو؟

تاجعەلی کۆڵبەر، قاڵنگەی گوریس بە تەختی پشتیەوە، لە خەرمانگە ئەگەڕایەوە، ئەوەندە تیژ بە لای بابە گوڵاودا تێپەڕی کە ئەگەر بابە گوڵاو بیویستایەت وەڵامیشی بداتەوە، ئەو

چاوەڕێی بیستنی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی نەئەبوو؛ چونکە ئەم پیاوە وردیلەیە ئەتوت فەنەر لە ئەژنۆی دایە. وەکوو هەموو ساڵ و هەموو کات تیژ و گورج و خێرا و خاوێن، کارەکەی خۆی جێبەجێ ئەکرد. لە کاتی کاردا، لێوە ناسکەکانی مەگەر بە نیاز، ئەگینا نەئەبزواند. تاجعەلی کۆڵبەر، سەر و گوێ و پشت و باخەڵی خووساوی ئارەقە، گەنمی ئەدا بە کۆڵدا، ئەیبردە سەر خەرمان و وەک ئاسکی سرک، بە هەمان پەلە و خێراییش ئەگەڕایەوە پشت هێڵی دروێنە. گوریسی هەڵئەدا بۆ سالار ڕەزاق، ئەژنۆی لە عەرز ئەچەقاند و پشتی ئەنا بە لۆدەیەکی تازە ئامادە کراوەوە بۆ ئەوەی سالار ڕەزاق و شەیدا کۆڵەکە بدەن بە سەر پشتیدا و ئەویش چوست و چالاک بەرەو خەرمانگە بڕوات. کۆڵەکەی بگەیەنێ و بگەڕێتەوە، بەر لەوەی لۆدەی تازە لە زەوی بکەوێ و چاوەڕێ بکات.

ــ ماندوو نەبی، تاجعەلی؛ خوا قەوەت با!

ــ تەمەنت درێژ بێ بابە گوڵاو. تەمەنت درێژ بێ. ماهدەروێش گەڕایەوە و ڕۆیشت بابە گوڵاو. ئەو نەبوو لەگەڵت هاتبوو؟

ــ با... با... بابەگیان، با...

تاجعەلی، دیسان دوور کەوتبوویەوە و دەنگی بابە گوڵاو نەئەگەیشتە گوێی. ئەگەر بابە گوڵاو سەربردەی ڕووداوەکەشی بۆ بگێڕایەتەوە.

بیمێنێ بۆ دروێنەوانەکان و ئەو پەڵەیەی قەڵاسچنەکان وەکوو پۆلێک مریشک خەریکی چینەکردن بوون تێیدا، لای دیوارە ڕووخاوی کوختێکی دێرین، بابە گوڵاو وەستا بۆ ئەوەی هەناسەی تازە بکاتەوە، لە کاتێکا بەردەوام خەریکی دۆعا و نزا بوو و نیگای ئەیڕوانیە دەر و دەشت. نزیک پێی بابە گوڵاو، لە سێبەری دیوارە ڕووخاو، قەدیری کەلایی خواداد دانیشتبوو و قولاپی پەنجەی خستبوویە دەور ئەژنۆی و چاوە قەڵەو و پڕ سپێنەکەی سووری ئەکردەوە. داسەکەی وەکوو پارچە ئاسنێکی شکاو، لای دەستیەوە

کەوتبوو. وەک بڵێی لەگەڵ خۆی و بۆخۆی قسەی ئەکات. ناوبەناو لێو و شەویلکەی ئەجووڵا و لەپڕ تفێکی حەوا ئەدا.

قەدیر ئەتوت هەستی بە هاتنی بابە گوڵاو نەکردووە، یان ئەگەر هەستیشی پێکردبوو ئەوەندە بە خۆیەوە و بیری ئاڵۆسکاوی دەروونیەوە خەریک بوو نەی ئەویست پیرەمێرد ڕەچاو بکات. بەس ئەیویست لە پەنای دیواری کەلاوەکە خۆی حەشار دا و لە چاوی کارگەرانی دەشت، دروێنەوان و قەڵاسچنان بشارێتەوە و کاری خۆی لەگەڵ خۆی یەکالا بکاتەوە. هەر لە بەر ئەوەش بوو ئەوەندەی هەستی بە بوونی بابە گوڵاو کرد، بەر لەوەی پیرەمێرد دەم بکاتەوە و چاک و چۆنی لەگەڵ بکات، قەدیری کەلایی خواداد تووڕەییەکی شاراوە لە گوتەیدا وتی:

ــ دروێنەوانەکان وان لەویٚ!

بابە گوڵاو وەک بڵێی ترسابیٚ، ڕاچڵەکا و بە توندی ڕوو و هەنگاوی لە قەدیر وەرگێڕا و بەرەو دروێنەوانەکان ڕۆیشت. تاجعەلی کۆڵبەر جارێکی تریش گورج و گۆڵ بە بەرامبەر بابە گوڵاودا تێپەڕی و بابە گوڵاو جارێکیتر ماندوو نەبێنی لێکرد و بە کەوشەنی دوو زەویدا سەرکەوت، لە سەر ستێرەکە وەستا، تەماشای دەشتی خامۆش و پۆلی قەڵاسچنەکانی کرد کە چالاک و بە دەستوبرد گوڵە گەنمەکانیان لە درز و قەڵەشی خاک و بن لاسکەکان کۆ ئەکردەوە:

«ئەی بەرەکەت بیٚ... ئەی بەرەکەت بیٚ... چ ڕێز و شکۆیەکی هەیە ئەم بەرەکەتە. ئادەمیزاد زیندوو ئەکاتەوە. سەیرکە... سەیرکە!»

لەبەر خۆیەوە، بابە گوڵاو دەستی برد بۆ قەیتانی تووڕەکەی بەتاڵ و کردیە شانی. بیری کردەوە ئەگەر کەر و هەگبەیەکی هەبوایە، ئەیتوانی بەشی خۆی لە دەشتەوە بباتەوە بۆماڵەوە:

«هەر کەس ڕسق و ڕۆزی خۆی پیٚ ئەگا، بەڵام ڕسق کەرەسەی ئەویٚ؛ کەرەسەی ئەویٚ. ماهدەروێش ئەگەر بهاتایەت

ئەمانتوانی ببین بە هاوبەش.»

ـ هەڤاڵەکەت بۆ گەڕایەوە بابە گوڵاو؟

ـ چی لێبکەم بابە گیان، وای پێ خۆش بوو.

مەڵەغان و داسی پیاوانی دروێنە، لە سەر زەوی دانرابوون و لە بن تاودا ئەدرەوشانەوە. دروێنەگەران چاشتیان ئەکرد. خواردنی نان و ژاژی و پیاڵەیەک چا. بە دەور یەکەوە، بەڵام هەر کامە و دەستی بۆ نان و سفرەی خۆی. بەس کتری چاکە هاوبەشی بوو. تەنانەت قەندیش هەر کەسی بوو. هەر کەسە مێوژ و قەندی خۆی بەجیا پێ بوو، لە بنی گیرفانیان یان لە گرێی لفکەی سفرەی نانەکەیان.

ـ بۆ دانانیشی بابە گوڵاو؟ بیسمیلا!

ـ نۆشی گیانتان، نۆشی گیانتان!

بابە گوڵاو هەرچەند لە ناو پاڵەکاندا دانیشتبوو، بەڵام دڵ و نیگای لە ناو قەڵاسچنەکان و گوڵە گەنمەکاندا بوو و بە هەڵگرتنەوەی هەر قەڵاسێک هەستێکی درێخ لە دڵی پیرەمێردا شەپۆلی ئەدا. چونکە ئەو دەستانە بەشەکەی ئەویشیان خڕ ئەکردەوە و لە بەرهەڵبێنی خۆیان ئەکرد. هەستی درێخ و درێخی نەتوانایی دەست و ئەژنۆ و سۆمای چاوی، کە نەیان ئەتوانی خۆ بدەن لە توانای ئەو پەنجە برسی و ئەو قاچە بزۆز و تامەزرۆیانە. پیرەمێرد ئەبوایە ڕێگەیەکی تر ببینێتەوە و بیانوویەکی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە توورەکەی پڕ لە گوڵەگەنمەوە بچێتەوە بۆ ماڵەوە. ئەو ڕێگە و بیانووەش ئەو دەستە بوو بۆ سالار ڕەزاقی ڕابگرێ، ئەگەر کوڕانی بوندار ڕێگر نەبوایەتن.

بابە گوڵاو ڕووی کردە ئەسڵانی بوندار کە بەجیا لە کۆڕی دروێنەوانەکان دانیشتبوو و چاوی بڕیبوویە قەڵاسچنەکان و وتی:

ـ ئەمشە ئیشەڵڵا ڕەوزەخوێنیە لە ماڵتان ئەسڵان خان؟

ئەسڵان بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە بابە گوڵاو بداتەوە و گوێی بداتێ هاواری لە قەڵاسچنەکان کرد:

ـ هۆی... هۆی... بۆ کوێ خۆت ڕائەوەشێنی و خۆت ئەلکێنی بە سەوڵە گەنمەکانەوە، لالا؟ یەکسەر مەڵەغان هەڵگرە و بۆ خۆت دروێنە بکە ئیتر! ئەیهۆ... خۆی بە غەوارەیماڵی خەڵکی نازانیێ!... تۆ چاوت لە کوێ ئەلەوەڕێ شەیدا؟ بەری بگرە دەی!

شەیدا لەگەڵ ئەوەی کە یاریدەدەری سالار ڕەزاق بوو و مەلۆکانی ئەخستە سەر لۆدە، بەڵام زیاتر چاوی لە قەڵاسچنەکان بوو، لە سنووری خۆیان تێ نەپەڕن و دەست بۆ گەنمی دووراو، نەخوازە گۆڵە گەنمی لاسکە دووراوەکان نەبەن. بۆیە تاو نە تاوێک وەک گاوانی هەڵفڕێنێ دەست و باڵی ڕائەوەشاند:

ـ ماڵکاول، تۆزێک ویژدانت هەبێ!

بەڵام لالا، بە ئاشکرا و بە ئەنقەست وای دەرئەخست کە نایەوێ ویژدانی هەبێ. بێباک و زۆر بە ئاشکرا لە سنووری خۆی تێ ئەپەڕی و لە هەر دەرفەتێکدا چەپکێک گەنمی دەرئەکێشا و ئەیخستە بەرکۆشەکەی کە پڕ ببوو و هەڵمسابوو و دیسانەوە بە هەمان شێوە خۆی مەڵاس ئەدا و هەرچەند شەیدا چاوپۆشی لێ ئەکرد بەڵام سالار ڕەزاق ئەیمڕاند:

ـ خوا لێت خۆش نەبێ کە ڕەوا و ناڕەوا نازانی چییە!

ـ ڕەوا و ناڕەوا؟ ئۆهۆ کەلایی، ڕەوا و ناڕەوا چین؟!

ـ چیت پێ بڵێم من؟ تۆ خۆ شەرم و ئابڕووت لکاندووە بە بنی پێتەوە و دین و ئیمانت بەستووە بە ناوقەدتەوە، قسەی پێ ناوێ لەگەڵ تۆ.

ئەی بۆ بە بووک و کچەکانی خۆت ناڵێی سالار؟ لای ئێوارە بابێن بەرکۆشەکانمان بگۆڕینەوە، چاکە؟!

بابە گوڵاو خۆی خستە نێوانەوە و لە بن گوێی سالار ڕەزاقدا چپەچپێکی کرد:

ـ کارت پێی نەبێ کەلایی. زمان بەزێنە و وشەی خۆی ناخواتەوە. کارت پێی نەدابێ، نایناسی.

لالا قوشقی ببوو و ئەتوت بۆ خەنیمی شەڕ ئەگەڕێ و لە

بەر ئەوەی تا ئەم کاتە خەنیمی خۆی -ئەو کەسەی ئەو لێی ئەگەڕا- نەدۆزیبۆوە، مەیدانداریی ئەکرد و بە بێ خەنیم و بەرگر بە هەموو لایەکدا شیپی ئەوەشاند و هێزی شاراوی بە هێرش و تالانی گوڵە گەنم -ئەوەی لە دەمی داس وەریبوو و لە سەر عەرز کەوتبوو قەلاس یان دەسک بوو و ڕەوا، ئەوەی کە کرابوو بە مەڵۆ یان بە لۆدە، بە ناڕەوا دانرابوو- دەرئەبڕی و لەم کارەدا بە ئاشکرا سینگی ئەدایە بەرەوە و لە شەڕ ئەگەڕا. بۆ ئەوەی هەل و دەرفەتێک بدۆزێتەوە بۆ پەلاماردانی کچە کاولی، کە خۆی دابوویە پاڵ نێرگزی کچی پاڵەوان و لێی دوور نەئەکەوتەوە و زۆر خامۆش و کپ خۆیای ئەکرد. ئەم خۆ مت کردنەشی دوو هۆی هەبوو. یەکیان ئەوەی خۆی لە شەیدا بشارێتەوە و یەکیش ئەوەی خۆی لە شەڕی لالا لابدات و بپارێزێ. بەڵام لالا بەو ئەندازەی کە کچە کاولی ئارام و بێدەنگ بوو و ئەیتوانی خامۆش بێ، ئوقرەی لە بەر بڕابوو و لە هەر دەرفەتێکدا ژەهری ئەپژاند:

ــ چەپکە گەنم ئەتەپێنن بە بەرکۆشی غەوارەکاندا و کەسیش نایان بینێ. ڕەوا و ناڕەواییەکەشی کەس هەڵی ناسەنگێنێ. بەڵام کە ئەگاتە سەر ئێمە هەموو کەس ئەبێ بە مەلای دوانزە عیلم!... لە جێی ئەو قەرەچیانە بم ئەگەر بهێڵم ئەو گەنمانە لە گەروویان بچێتە خوارەوە!... چ چاوەڕاو و چاو داگرتنێکیانە! دەی خۆشیان بێ! بەڵام هەموو خەندەیەک، گریانێکیشی بە دواوەیە!... پیاوەکانیان کەر و هەگبەیان هەڵگرتووە و کەوتوونەتە گەدایی بە دەور دەشتەکاندا و کچەکانیشیان لێرە بەجێ هێشتووە! خۆش غیرەتانە!

بەڵام ئەمانە هەموو بیانوو بوون و لالایان وا لێکردبوو بگرمێنێ. یان -باشترە بوترێ- ڕێگری دامرکاندنەوەی گرماندنی ئاشکرا و نهێنی لالا بوو. ئەوەی کە ژنەی خستبوویە سەر ئاگر ئەمە بوو کە ژنە بەگوێرەی هەست و ڕەمەکی ژنانەی خۆی لەوە تێگەیشتبوو کە شەیدا، وزە و سەرزیندوویی و گەشی خۆی،

لەم ڕۆژەدا و لەم دەشتەدا و لەم کارەدا، نە لە ئەو کە لالا بوو، بەڵکوو لە کچە کاولی وەرئەگرت؛ لە نەبات. گڕی ئەم گومانەش، لالا نەی ئەتوانی خۆی لێ لادا و پزیسکەی دڵپیسی و ئێرەیی خەریک بوو خەرمانێکی ئاگری ڕق و کینە بەرپا بکات:

«بەر لەوەی بچێتە پەردەوە ئەیکوژم! نایخەمە بەیانی!»

زرینگانەوەی دەنگی خۆی لە گوێیدا. ڕۆیشت تا گەنمەکانی ناو بەرکۆشەکەی بکاتە سەر چارشێوە چوارخانەکەی، لای پێڕکی کەوشەنەکە وای کرد و گوڕاندی بە سەر ئەسلانی بوندوردا:

ــ چیتە وا یەک بە خۆت ئەنەڕێ! تۆ کارت بە سەر چەن کارەوە هەیە؟!... لە خۆڕا نییە کە سەنگ و تەرازووی دووکانەکەت لەگەڵ خۆت نەهێناوە بۆ ئێرە!... ماڵکاولی بێ چاو و ڕوو، تۆ ئیتر خەمت چییە؟ ئەم گوڵە گەنمانە کاتێکە ببن بە گەنم و ببن بە ئارد، هەر هەمووی سەر ئەکەنەوە بە دووکانەکەی تۆدا! ئیتر بۆ حەپەت دێ؟

ــ ئەوە لەگەڵ کێتە وا لە بەر خۆتەوە گوڵ هەڵئەڕێژی؟!

لالا وەک بڵێی هەر هیچی نەبیستبێ، بەرکۆشەکەی بەتاڵ کرد و بای دایەوە بۆ ناو جاڕە دووراوەکە لای قەلاسچنەکانیتر و درێژەی بە قسەکانی دا:

ــ خۆ یەک و دووان و دە چاڵتان لە دەورمان هەڵنەکەندووە ئێوە؟ چ غەمتانە؟ لە هەر لایەکەوە بڕۆین ئەکەوینە ناو یەکێک لەو چالانەی خۆتان!

تاجعەلی کۆڵبەر لە دوا کۆڵی گەڕابوویەوە، لای کەوشەنەکە و لەخوار پێی ئەسلانەوە دانیشت و لەکاتی کردنەوەی چارۆکەی نانەکەدا، ئارەقەی ناوچەوانی بە باسکی سڕییەوە و وتی:

ــ ئەم گەنمەی ئەمساڵ چەندە دڕک و پەیکوڵی هەیە! کێ دەرزی پێیە؟... وەرە ژنێ، وەرە ئەم دڕکەم بۆ دەربێنە!

خاڵۆی قەدیر، دەرزی سنجاخێکی لە سەر گیرفانی ئێلەکەکەی کردەوە و دای بەدەست تاجعەلی کۆڵبەرەوە و وتی:

ــ بیدەوە بە خۆم!
تاجعەلی دەرزییەکەی لە خاڵۆی قەدیر وەرگرت، دڵی پەنجەی بە تف تەڕ کرد و کەوتە گەڕان بۆ دڕکەکە. نووکی دەرزییەکەی گەڕاند بەبن پێستە چیرەکەیدا و گوێی بۆ گفتوگۆی دروێنەوانەکان، کە پێ ئەچوو پێشینەی هەیە، ڕاگرت. ئەسڵان کە وا دیاربوو تا ئەم کاتە سەربەرز دەرچووبوو و توانیبووی شان بە شانی دروێنەوانەکانی تر دروێنە بکات، بە دەسەڵات و لووت بەرزیەکەوە کە بە هەقی خۆی ئەزانی وتی:
ــ تۆ بووی بە تکاکار ڕێگەی قەدیر بدەین بێ بۆ دروێنە پاڵەوان. ئەگینا هەم باوکم و هەم هەموو خەڵکی قەڵاچیمەن ئەیزانی قەدیری کەلایی خواداد قنی کاری نییە. کەسێکیش کە نەتوانێ ڕایکێشێ و شان بە شان دروێنە بکات، پەکی کارەکە ئەخات.
خاڵۆی قەدیر لێوەکانی لوول کرد و بە دوای ئەسڵاندا بە نەرمی وتی:
ــ هەر کەس بەشی بەرامبەری ئەوێ، ئەبێ بتوانێ کاری بەرامبەریش بکات!
ئەسڵان درێژەی دا بە هێرشکردنەکەی:
ــ خۆ خەڵکی مێشکی کەریان نەخواردووە بەری ڕەنجی خۆیان بدەن بە یەکی وەکوو قەدیری کەلایی خواداد بیخوا! لە بەر چی؟ پەککەوتەیە یان لانەواز؟
خاڵۆی قەدیر بە هەمان نەرمی و وردی وتی:
ــ ئەگەر باسی خێرکردن بێ، ئێمە خۆمان ئەوەندەمان بەرناکەوێ بەشی خەڵکی تریشی لێ بدەین.
لەو بێدەنگیەدا کە کەوتەوە، خاڵۆی قەدیر هەڵیدایە:
ــ بێکاریی و تەوەزەلیش شانازی نییە، پاڵەوان!
بەڵخی خامۆش بوو و خۆی دابوو بە سەر ئانیشکیدا لە سەر پێڕکی کەوشەنەکە و پەنجەی لە ناو خۆڵە پووک و ڕیزەڵۆکەکە، خۆی خەریک کردبوو. ئەولحەمی قاتمە و دلاوەریش بێدەنگ بوون

و گوێڕایەڵی ئەوەی کە ئەم وتووێژە بە کوێ ئەگا. ئەو دووانە سەبارەت بەوەی کە خۆیان بە غەوارە ئەزانی، پڕکێشی ئەوەیان نەئەکرد قسەی دڵیان بکەن. هەرچەن بۆشیان دەرکەوتبوو کە قەدیری کەلایی خواداد پیاوی درۆینە نییە و بەو داسە قوڵەیەوە جگە لەوەی گەنمەکە خەسار بکات و هەڵیوەرێنێ هیچ کارێکی تری لەدەس نایەت.

ــ سەیری ئە یافتە بکەن ئەو ئەیدوورێتەوە. وەکوو گەڵاڕێزان دەسک هەڵوەراوە! قەڵاسچنەکان پێشبڕکێیانە شوێنی قەدیر بگرن و گەنم خڕبکەنەوە!

بەراتعەلی سالار گوێی لە ئەسلانی بوندار ڕاگرت و سەری داخستەوە و هەروەک پێشتر -خامۆش- مایەوە. ئەویش لە سەرەتای گفتوگۆکەوە خۆی کەنار گرتبوو و بێدەنگ بوو. نەک بە خووی باوکی، بەڵکوو بە هۆی پارێز و وردبینیەوە. چونکە ئەو هەم جووتیار بوو و هەم پاڵە. کاتێکە خۆی سەری لە ناو دوو ئاخوڕدا بوو نەی ئەویست نانی خەڵک ببڕێ. جگە لەوەش ڕای بەڵخی ئەزانی کە ئەیەوێ قەدیر کار بکات و لەم ڕێگەیەدا هەوڵی بۆ دابوو. بۆیە بەراتعەلی دووری ئەوانیتر، بەرامبەر ئەسلانی بوندار، لە سەر پێڕکی کەوشەنەکە دانیشتبوو و بەو ئەندازەیەی کە ئەسلان زمانی هێرشکردنی درێژ ئەکرد، بەراتعەلی سالار بە نیگای خامۆش و چاوەڕوانەوە زمان و لێوی قفڵ کردبوو و جارجارە دەمی مەڵەغانەکەی بە پشتی دەمی چەقۆکەی پەرداخت ئەکرد.

ــ ئەگەر وابێ من درەو ناکەم! ڕاستەکەی بە باوکیشم ئەڵێم.

بە دوای ئەسلاندا، خالۆی قەدیر لێوی بزواند و بەنەرمی وتی:

ــ منیش هەروەها!

بەڵخی، هەروا ئانیشکی دادابوو و لە سەر خاکی کەوشەنەکە ڕاکشابوو. لە بن برۆی خەنجەرییەوە سەیری خالۆی کرد و تاوێک لێی وردبوویەوە. خالۆی قەدیر چاوی دزییەوە، ڕووی وەرگێرا و

دەستی برد بۆ هەڵگرتنی داسەکەی. بەڵخی لە کاتێکا نیگای لە کەسێکی تایبەت نەبوو، وتی:

ــ من مەڵەغانەکەم لەگەڵ داسەکەی قەدیر ئەگۆڕمەوە. ئەمە دەردی ئێوە دەرمان ئەکا؟

ئەسلانی بوندار، بە بێ ئەوەی سەیری چاوەکانی بەڵخی بکات، ڕووی تێکرد و وتی:

ــ باسی داس و مەڵەغان نییە، پاڵەوان. باسی جەربەزە و باهۆی کارکردنی پیاوە.

بەڵخی لە وەڵامدا هیچی نەوت. ئاشکرا بوو کوڕی بوندار مەبەست و بڕیاری خۆی ساخکردۆتەوە و ئەوەی کە بە ڕاشکاویی دەری ئەبڕێ، نیشانەی دوژمنی و کینەیەکی ڕیشەدارە کە نایەوێ بیشارێتەوە. ئەو کینەیەی کە بە ڕواڵەت سادە بوو، لە ناخی خۆیدا وانەبوو و ڕەگی لە دوژمنایەتی دوو بنەماڵەی ناسراوی قەلاچیمەندا هەبوو و ئەبوایە بە تیاچوونی یەکێک لەو دووانە کۆتایی پێبێ. لە هەمان کاتدا گیان گرتنی ئەویتر ئەو قڕەیەی پەرە پێئەدا و چۆنێتی و چلونایەتیەکەی لە لووراندنی کەلایی خواداد و نەڕاندنی بابقولی بونداردا بە ئاشکرا ئەبینرا. لە لایەکی قڕەکەوە باوکی قەدیر بوو. باڵکراو و دەست لە هەموو شت و هەموو کەس کورتکراو؛ لەو بەرەوە باوکی ئەسلان بوو. باڵ ئاوەڵە و دەست لە پەیوەندیی هەموو شت و هەموو کەسدا و لە بەردەوامی و پەرەسەندندا. لە تاغییەوە تا قەلاتی خوێناڵ، لە کەلیدەرەوە تاکوو سەرەخس و بەهنۆغان، لە فروومەد تا نەیشاپوور، لە موغیسەوە تا شامکان و نەوبەهار. پاڵی داوە بە دارایی عەلیئەکبەری حاجیپەسەندەوە. خەریکی خواردنی هەموو ئەو ئەمانەتیانەیە کوڕی کەلمیشی ئەیداتە دەستی، لەو باج و خاوەیەی کە بڕیوویەتەوە و لە خێوی زەوی و ئاوی وەرئەگرێ. وای لێهاتبوو بە یارمەتی دارایی گوڵمحەمەد و کوڕی حاجی پەسەند، خەریک بوو بتوانێ کێشەی بازخانی ئەفغان و

جیهەنخانی سەرداریش کۆتایی پێ بهێنێ. بۆیەش بوو ئەسڵانی بوندار، بە هەمان شێوە و ئامانجی باوکیەوە و بە هەمان پشت ئەستووریەوە ئەیویست خەنیمی مافنگی خۆی بە شەقێک و بە دوا پێلەقە لە سەر ڕێی خوی لادا:

ــ من لە کەس ناترسم، پاڵەوان گۆدەرز! نەء! قسەی سەرەتا و کۆتاییشم ئەوەیە کە قەدیری خواداد پیاوی کار نییە. هەموو ژیانی خۆی بە مفتە خواردوویەتی و بە مشەخۆری لەوەڕاو. فێرە کار نییە. ئارەقەی نەڕشتووە. لە بنەڕەتەوە بڕوای بەوە نییە کە مرۆڤ ئەبێ کار بکات. لە هەر کوێ ئەیبینی بۆت دەرئەکەوێ بە دوای پارووی مشەدا ئەخولێتەوە. بە دوای کەری تۆپیودا ئەگەڕێ ناڵەکەی لێ بکاتەوە. ئەتەوێ کەسێکی وا بتوانێ شان بە شانی من و تۆ دروێنە بکات؟ کەس دیبێتی ئەم کابرایە لە هەموو ژیانی خۆیدا داس و مەڵەغانی بە دەستەوە گرتبێ؟! کەس شتی وای لێ دیوە؟ هەرگیز! هەرگیزاوهەرگیز! بۆچی من یان یەکی دی ئەبێ بەری ڕەنجی خۆی بدا بەو جۆرە پیاوە بیخوا؟! ئەو لە کوێوە هاتووە؟ سەیدە کە پێنجە و زەکاتی بەرکەوێ، یان... پێت وانەبێ ئەوانیتر -ئەوانەی کە لێرە دانیشتوون و لێو نابزێون- نەیار نین ئەگەر یەکێکیتر بەرهەمی ڕەنجی شان و باهۆیان بخوات. سەیری ئەم بێدەنگیەیان مەکە، گوێ لە دڵی هەر کامیان بگری بۆت دەرئەکەوێ ڕازی نییە تەنانەت پاروویەکیش لە ڕۆزی مناڵەکانی ببڕێ و بیخاتە سەر سفرەی چەورەیەکی وەکوو قەدیر. باوەڕ ناکەی بپرسە! تۆ ڕازیت، خاڵۆ؟

ــ نەخێر!

ــ تۆ چی... دلاوەر؟

لەبری دلاوەر، کە ئەو ئیتر بەکارەوە بەستراوی بەردەرگای بوندار بوو، خودی ئەسڵان وتی:

ــ مسۆگەر پێت خۆش نییە!... تۆ چی قاتمە؟

ــ دیارە ڕازی نیم. من هاتووم بۆ ئێرە درەو بکەم و دەمەن بار

بۆ ژن و منالّم ببەمەوە. خۆ نەهاتووم...

ــ تۆ چی، بەراتعەلی؟ تۆ خۆت کە هەم پالّەیت و هەم جووتیاری؟ کوڕی سالار ڕەزاقیشی کە مشکولّوزمەیە ئەگەر گولّە گەنمێک لە دەمی داسی کەسەوە بوەرێنرێ!

کوڕی بوندار، بەراتی سالاری گرت و تووشی کرد. ئەو نە ئەیتوانی وەلّامێکی ڕوون بداتەوە، نە ئەشی توانی هیچ نەڵێت. ئەسلّانی بوندار ڕەگی هەستی بە دوو پەنجە گرتبوو و بەراتعەلی ئەبوایە هەڵوێستی خۆی ڕۆشن بکاتەوە. یان ئەبوایە دژی کوڕی بوندار بێ، کە ئەمەش بە واتای تیژکردنەوەی ڕقەبەرایەتی لەگەڵ ئەسلّان -کە لە بنەوە هێشتا مابوو- بوو. یان ئەوەی بە بەهای دۆڕاندنی خۆی -لانیکەم لەم کاتەدا- لایەنی ئەسلّان بگرێ؛ کە ئەویش نەئەگونجا. لە کاتێکا ئەوەشی ئەزانی کە کاری قەدیر یەکلایی بۆتەوە و لە سەر ڕۆیشتنی بەس ئەبێ بە ڕقەبەرایەتی و ئەمەش خۆی خراپتر. بۆیە وەک نەیاریی دەربڕین هەڵسا و وتی:

ــ هەرچی ئەوانیتر بڵێن، منیش پێی ڕازیم.

ئەسلّان بە ڕامانێکی زیرەکانەوە، نەترسانە چاوی بڕییە چاوی بەڵخی و وتی:

ــ تۆ خۆت چی، پالّەوان؟!

بەڵخی ئانیشکی لە سەر عەرزەکە هەڵگرت. خۆی کۆ کردەوە و دەستی دا بە یەکا، خۆڵەکەی تەکاند و وتی:

ــ تۆ کوڕی بوندار بە ڕاستی کابرایەکی بەرچاو تەنگی! ڕژد و دەسقووچاوی! زۆر چاکە، کەوایە خۆت بڕۆ و بە قەدیر بڵێ. چیت پێ خۆشە پێی بڵێ. ئەو کارە بەس بە تۆ ئەکرێ؛ یانیش بە... بە خالّۆ داوەر!

ئەسلّان ویستی شتێک بڵێ، بەڵام گۆدەرزی بەڵخی دەستی دایە دەسکی مەڵەغانەکەی، ڕاست بوویەوە و پلارێک لە ناپیاوەکان وتی:

ــ لەم ساتەوە... هەر کەس نەتوانێ شان بە شانی من دروێنە

بکات، قورمساخە ئەگەر نەچێتەوە لە ماڵی خۆی دانەنیشێ.

خاڵۆی قەدیر هەستی کرد گوێی لە بن تیرێژی نیگای بەڵخیدا سوور هەڵگەڕاوە. بە دژواری ڕاست بوویەوە و بەرەو گۆڕەپانی دروێنە کەوتە ڕێ.

بەڵخی، بە هۆی ڕقی دەروونەوە گڕی گرتبوو، مەڵەغانەکەی نایە سەر شان و پیلی، قولاپی دا لە بەندی مەچەک پێچەکەی، ئاغزوونەی گوڵی کەمەربەندەکەی توند کرد و لە سەر پێڕۆکی کەوشەنەکە، پاژنەی گیوەکانی هەڵکێشا و بەو جۆرەی کە سالارێک بەرەو مەیدان ئەبێتەوە، ڕاست و بڕوا بەخۆ بەرەو زاغی دروێنە هەنگاوی نا و ڕێک لە قەراخ ئەو مەیدانەوە کە خاڵۆ دەستی پێکردبوو، ئەژنۆی کاری چەماندەوە و کەرەمتوە قورس و گەورەکەی خستە گەڕ:

ــ ئەبێ شەکەت و هیلاکتان بکەم، ناجوامێرانە!

پاشان، دەست و بازووی پیاوانی دروێنە کەوتە گەڕ، لە بن تاوی خواری خۆردا.

قەدیر ئیتر نەبوو. شەش بوون. بەڕێز لە پەنای زاغێکدا و هەر کامە بەگوێرەی توانایی سووڕی قاچی لە ناو جەغزێکدا داسیان خستبوویە گەڕ. کار و سنووری کار خۆیا بوو. پانتایی کاری هەر پیاوەش بە ئەندازەی پانایی تەخی سینە و دەستەکانیان کە وەکوو دوو باڵ بکرێنەوە. درێژایی کار تا کۆتایی دەشت و پەڵە پەڵە. خاڵۆ، بەڵخی، دلاوەر، بەراتعەلی و قاتمە. چونکە ئەسڵان هێشتا نەگەڕابوویەوە لە دەرکردنی قەدیر. ڕەزڵەی پشتەکان ئارەقەی لینجی لێ ئەچۆڕا. خاکی ئارەقاوی ئاوێتەی تینی قورسی هەتاو لە سەر پشت و پیلیان.

ژنی تاجعەلی کۆڵبەر، پەنجەی مێردەکەی کردبوو بە دەمیدا و ئەو خوێنەی کاتی دەرهێنانی دڕکەکە لە بن نینۆلی هەڵئەزنا، بە لێو و زمان ئەمژی. بابە گولاو لە سەر پێڕکی کەوشەنەکە وەستابوو و نیگای نیگەرانی لە یافتی ڕۆیشتووی ئەسڵان بۆ

لای قەدیر، خەریکی لێو بزواندن بوو بە نزا کردن. ژن و مناڵی قەلاسچن پۆل پۆل دانیشتبوون بەگوێرەی نزیکی و هاودڵیان پێکەوە. بەرکۆشەکانیان ئەکردەوە و پووش و پەیکوڵیان لێ دەرئەهاویشت و گوڵە گەنمەکانیان ئەکردە ناو توورەکە و دەمیان بەگوێرەی دەستە لێهاتووەکانیان ئەجوولا و لە هەموو بابەتێک ئەدوان. ژنی گۆدەرزی بەڵخی کچەکانی -بێجگە لە نێرگز- لە دەور خۆی خڕ کردبۆوە. هەم بۆ پاقژ کردنەوەی بەرکۆشەکانیان و هەم بۆ فێرکردنی شێوازی کۆکردنەوەی دەسکەکان بە چالاکی و خاوێنی:

ــ چاوتان بکەنەوە. دەسکەوان ئەبێ چوار چاوی هەبێ بە تەوێڵیەوە. ئەوەندەی گوڵێک لە دەمی داسەکە هەڵپەڕی ئەبێ هەڵیگرنەوە و بیخەنە ناو بەرکۆشەکەتان. چاوتان لێکردووە مریشک چۆن دان لە ناو ئەو هەموو گەن و گووژاڵەدا ئەدۆزێتەوە و هەڵیئەگرێ؟ ئەوەندەش بە دوای باوکتاندا ڕیز مەبن. پاڵە چەندە نەشارەزاتر بێ قەلاسی زیاتری لێ بەجێ ئەمێنێ. کە وا بوو بۆ بە دوای باوکتاندا ڕیز ئەبەستن؟ ئەتانەوێ ناوی بزڕێنن؟ بۆ ئەوەی بەیانی بڵێن بەڵخی دەسک بۆ کچەکەنی ئەبارێنێ؟! بکەونە دوای ئەوانی‌تر. شوێنی نەشارەزاکان بگرن. تۆیش ئەوەندە دەس مەهێنە بە چاوتا، سدیقە. چاوت لەو ژێرزەمینەدا لەگەڵ سێبەر ڕاهاتووە. بۆیەشە بە هۆی خۆرەوە سوور بووە و تۆزێکیش ئاوساوە. ڕۆژی یەکەمە، وردە وردە ڕادێن. هیچ نییە. بیکەرەوە بزانم. ئا، تۆزێ سوور بووە و ڕەگیژەکانی پەنەمیاوە.

ژن و منالی جووتیار و ڕەشایی، بەو جۆرە پۆل پۆل لە دەوری یەک دانیشتبوون، زمان خەریکی وتووێژ و دەستیان بە کارەوە بوو. خێزانی سالار ڕەزاق، ڕەجەب گوزار، کەلایی بگەڕێم و... ئەوانیتر. کچە کاولی، جووتی خۆی -نێرگز-ی دۆزیبوویەوە. لە سەر پێڕەکە دانیشتبوون و خەریکی گفت و کەنین بوون. لالا لەگەڵ ژنی میرزای دەلاک سەریان نابوو بە یەکەوە و چپەچپیان

بوو. شەیدا زرت و زیندوو، لە ناو چاو و نیگای کچان و ژناندا، بە گیوەی شەمامەبەندی دەور چەرمین لە سەر پووش و پەڵاشە وشکە درەو کراوەکە بە هەموو بیانوویەک ئەهات و ئەچوو و خۆی ئەنواند.

ئەسڵان لە نیوەی ڕێوە گەڕابوویەوە، لای بابە گوڵاو وەستابوو و پیرەمێردی گرتبوو بەقسەوە:

ــ تۆ سەر و زمانت هەیە بابە گوڵاو. لەسەرخۆ ئەدوێی. ئەتوانی بەجۆرێک تێی بگەیەنی کە دڵی نەشکێ. خۆ تێئەگەی؟ من لە سەروزمانی خۆم دڵنیا نیم. هەندێ جار زمانم توندە. نامەوێ ببێ بە قڕە. گوێت لێمە؟ ئەوانیتر نایانەوێ لەگەڵی دروێنە بکەن. ئەڵێن قەدیر دروێنەوان نییە. ئاغەش پەیامی ناردووە نابی تەخشان و پەخشان بکرێ. تێ ئەگەی؟ منیش دروێنەوانم، هەم ئەبێ لەبری باوکیشم ئاگام لێبێ. ئەوەتا شەیدا سەری لەگەڵ گونی یاری ئەکا. قەدیر گەنمەکە خەسار ئەکات. خۆیشت ئاگات لێیە. جا بڕۆ و ڕاستیەکەی بە قەدیری کەلایی خواداد بڵێ. خۆیشی تێگەیشتووە کە هەر لەوێ ماوەتەوە و جێی خۆش کردووە. ڕەنگە خەویشی لێکەوتبێ! بڕۆ!... بڕۆ بزانم چی ئەکەی!

بابە گوڵاو ئەتوت پێی ڕۆیشتنی نییە. لە کاتێکا هەروا وەستابوو، وتی:

ــ خوا بەردار نییە، ئەسڵان خان. ئەویش جەوانە، نابێ ڕووی بخەیتە زەوی. دڵی ئەشکێ، خوا پێی خۆش نابێ!

ئەسڵان ئاوڕی لێدایەوە و وتی:

ــ ئیتر بەخۆت کەوتووە. ئەگەر نەتتوانی بیخەیتە ڕێ، خۆیشت مەگەڕێوە. جا ئیتر... خۆت ئەزانی!

بابە گوڵاو تۆزێکیتر پێپەڵکەی کرد و پاشان، بەر لەوەی ئەسڵانی بوندار لێی دوور کەوێتەوە، وتی:

ــ ئەڕۆم، ئەڕۆم ئەسڵان خان. خوا خۆی وای ئەوێ. ئەڕۆم تێی ئەگەیەنم. ئەوەتا... ڕۆیشتم! ڕۆیشتم!

درەو گەیشتبوویە قووڵایی دەشت. ئەسڵان دەستی پێکرد تا تەختە گەنمەکەی بەردەمی بدووریٚ و بگاتەوە بەوانیتر. بەڵخی دەستی ڕاگرت و سەیری لای دیوارە ڕووخاوی کرد کە قەدیر لەپەنای دانیشتبوو، بابە گوڵاوی بینی بە گۆچان کوتان بەرەو ئەویٚ ئەچیٚ. خاڵی قەدیر لای بەڵخیەوە، تۆزیٚ دواتر، خەریکی درەوی خۆی بوو و وای دەرئەخست کە کاری بەو کارانە نییە. بەڵام ئەو درۆ و دووڕووییەی خۆی بتوانیبا لە هەموو کەس بشارێتەوە، نەی ئەتوانی لەچاوی گۆدەرزی بەڵخی دابشاریٚ. کاتێکە قولی گەنمی ئەهاویشتە سەر مەڵۆ، نیگای پڕ لە ئاگری بەڵخی لە سەر گویٚ و گەردنی خۆی هەست پیٚ ئەکرد و لە گەڕانەوەدا نەیتوانی خۆی لەو چاوانە لادا و بەناچاری وتی:

ـ چییە؟ بۆ وا سەیرم ئەکەی؟

بەڵخی وتی:

ـ ئەگەر قەدیریش پارووە نانێکی لەم دەشتە ببردایەتەوە، هیچ لە من و تۆ کەم نەئەبوویەوە داوەر!

خاڵۆ ئاڵایەوە کار و وتی:

ـ ڕۆزی هەموو کەس بەدەس خوایە پاڵەوان! من سەگی کیٚ بم؟

بەڵخی دەمی نەخستە دەمی خاڵۆ، بەڵام بێدەنگیش نەبوو. بۆیە بە بیٚ ئەوەی لەگەڵ کەسێکی تایبەتی بیٚ، بۆڵاندی:

ـ ئێمەیان وەکوو دووپشک بارهێناوە، وەکوو دووپشک! ئێمە ڕاهاتووین لەو کاتەوە سەر لە سەر سەرین بەرز ئەکەینەوە تا ئەو کاتەی سەری مەرگمان ئەنێینەوە بەردەوام ئەدەین بەیەکەوە. بەخێڵین، بەخێڵ! حەزمان لێیە بەرد بخەینە سەر ڕێی ئەوانیتر. حەز ئەکەین خەڵکی بە سەرکز و لارەمل ببینین. ئەگەر یەکێک پارووە نانێکی هەبیٚ کە بیخوا، وا ئەزانین گۆشتی لەشی ئێمە ئەجویٚ. بەرچاو تەنگین، ئێمە. بەرچاو تەنگ و بەخێڵین. ڕژد و بەدخوازین. کاتێکە ئەبینین یەکێک بە برسێتی

سەر ئەنێتەوە، ئەڵێی ئەندێشەمان ئاسوودەترە. کاتێکە ئەبینین یەکێک دەسەوسان و ئاتاجە، ئەگەر یارمەتیشی بکەین، ڕەنگە لە بەر ئەوەیە خۆمان دڵنیا کردبێ. ئەڵێی لەوە ئەترسین یەکدی بە سەر پێوە ببینین! نازانم! نازانم ئێمە بۆ وا بارهاتووین؟ ئەڵێی بە مردنی خەڵکی دەوروبەرمان دەردمان سارێژ ئەبێ، ئەویش بە مەرگی لە خۆمان بەلەنگازتر! لە ناو زۆنگدا گیرمان کردووە، بەڵام وا ئەزانین چارەی کارمان ئەوەیە، خەڵکانێکی‌تری وەکوو خۆمان لەو زۆنگە بچەقێن و بمرن! ئەمە ئیتر زۆرە کە ئێمە بەرامبەر بە خۆمان ئەوەندە بەخێڵین و بۆ بێگانەش ئەوەندە دڵفراوانین! ئێمە ئیتر چ جۆرە مرۆڤێکین، ئاخر؟!

ئەوەی بەڵخی لە بەر خۆیەوە ئەیوت و ئەو سەد ئەوەندەیەی لە دەروونی‌دا بوو و نەی ئەتوانی دەریانبڕێ، زیاتر ئەوی هەژاندبوو و خستبوویە سەر ئاگر، بۆ ئەوەی هەموو وزە و توانای خۆی بەکار بهێنێ بەڵکوو هەم تووڕەییەکەی خۆی بتەکێنێ و هەم ئارەقە بە خاڵۆ داوەریش دربدات، کە لە تەنیشتیەوە درەوی ئەکرد. بۆیە بۆ "بن‌بڕ" کردن، ئاخێزی کرد و شانی دادا و وەکوو سەربازێکی تووڕە کە خوێن بەرچاوی گرتووە و دەستی لە خۆی داشۆردووە، خۆی دا بە ناو لەشکری دوژمن‌دا بۆ ئەوەی لە کوژراوەکان مەڵۆ و لۆدە و گیشە هەڵداتەوە.

لە دڵی کێڵگەدا، بەڵخی کاتێک ڕاست بوویەوە و ویستی ئەوەی بە دەمی مەڵەغانەکەی درەوی کردووە، هەڵگرێت و بیخاتە سەریەک، بینی و بۆی دەرکەوت کە کەنداوێکی دروست کردووە لە دڵی دەشتەکەدا و پاڵەکانی‌تری هەر کامە لە گۆشە و کەنارێک بەجێ هێشتووە. باخە گەنمی نایە سەر باخە، ئارەقەی هەنیەی بە دەسڕی دەور ملی سڕییەوە و چاوی بە ئەسڵان کەوت چاوی بڕیوەتە دیوارە ڕووخاو و هەروا ڕاوەستاوە. بەڵخی لە ناو گەنمەکە ڕاوەستا، چاوی بڕییە یافتی نیگای ئەسڵان. قەدیر پشت لە بابە گوڵاو بە هەنگاوی نەزۆر سست لە دیوارە ڕووخاو دوور

ئەکەوتەوە. داسە کۆنەکەی بە شانیەوە، بەرەو بزنەڕێی بەرەو قەڵاچیمەن ئەڕۆیشت. بابە گوڵاویش ڕووی لە ڕۆیشتووی قەدیر وەرگێڕا و بە سەر ڕێک و ناڕێکی دەشتدا بەرەو دروێنەوانەکان هات.

«من نەم ئەویست تۆ لەکار بێکار ببی قەدیر. بە شەرەفم!»

لەوە زیاتر بەڵخی دەرفەتی بیرکردنەوەی پەیدا نەکرد، چونکە قلێشایەوە و بوو بە فەرتەنە لە ناو ژنانی قەڵاسچن‌دا. لەپڕ قیژە و هەرای ژنانی قەڵاسچن بەرز ببوویەوە. ژنان تێکچرژابوون و دیار نەبوو بۆ شەڕکردن یان بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی کە شەڕیان ئەکرد. ترسی ئەوەی ژن یان کچەکانی بەڵخی شەڕیان تووش بووبێت، ئەوی بەرەو ئاپۆرەکە پەلکێش کرد و ئەوانی‌تریش لەگەڵی بەرەو هەڵلاکە، دروێنەیان بەجێ هێشت.

ڕووداوەکە سادە بوو. لالا ڕاهێژابوو، پەلاماری دابوو و نەباتی کاولی کوتابوو بە عەرزدا، گوڵەگەنمی ناو بەرکۆشەکەی بڵاو کردبۆوە و قژی کچەی لەدەور دەستی ئالاندبوو و بە دەم جنێودان و کەف چەراندنەوە، سەر و کەللەی کچەی ئەکوتا بە ناو خاک و خۆڵەکەدا. کچەی کاولیش لە لالا کەمی نەئەهێنا. چنگووڕی لە ڕوومەت و چەناگەی لالا گیر دابوو و زۆر دزێوتر وەڵامی جنێوەکانی لالای ئەدایەوە. لەم گێرمە و کێشەیەدا یەخەی کراسەکەی لالا هەڵدڕابوو و ڕوومەت و گەرووی بە چنگووڕی کچە کاولی سوور ببوو.

بەڵخی کچەکانی لە قڕەکە دوور کردەوە و سالار ڕەزاق کە دەشت و دروێنەی بەو جۆرە شەڵەژابوو، نەفرینی ئەکرد و بە دەور ئاپۆرەکەدا باڵی ڕائەوەشاند و داوای لە ژنەکان ئەکرد ئەو دوو "پەتەری"یە لێک جیا بکەنەوە:

ــ ئێسکیان خوارە. ژن بەجارێ ئێسکیان خوارە. خوار، لێکیان بکەنەوە ئەم دەڵە سەگانە!... قەبری بابی هەر هەمووتان!

ئەسڵانی بونداریش کەمتر لە سالار ڕەزاق نەشەڵەژابوو لە

شپرزەبوونی کاری دەشت. بۆیە ئەویش هاوزمانی سالار، جنێوی ئەدا و لە ناو ئاپۆرەکە ڕێی ئەکردەوە و ئەیویست نزیک ببێتەوە و قرەکە بخەوێنێ:

ــ لاچۆ بزانم، بڕۆ ئەو لاوە!

هۆی کێشەکە لە لای شەیدا ڕوونتر بوو لەوانیتر، بۆیەشە نەی ئەتوانی لەوە زیاتر بێلایەن ڕابوەستێ و سەبارەت بەوەی ڕووی دابوو و بەردەوام گەورەتریش ئەبوویەوە، هیچ نەڵێ و وەکوو کەو سەری بکا بە بن بەفردا، بەو ئەندێشەوە کە خەڵکی چاویان لێی نییە. بۆیە لەپڕ و لەنکاو چووە پێشەوە و چنگی کرد بە پرچی لالادا کە قەپی کردبوو بە قۆڵی کچە کاولیدا و قیژەی کچە خەریک بوو ئەبوو بە گریان. بە تەکانێک لالای لە نەبات کردەوە و دایە دەس ژنەکانی تاجعەلی و میرزای دەلاک و خۆیشی بە یارمەتی ژنەکەی خاکی نەباتی لە زەوی بەرز کردەوە و دەست و باڵی بە هەموو لایەکدا ڕائەوەشاند بۆ ئەوەی بڵاوە بە حەشاماتەکە بکات:

ــ بڕۆن ئیتر، بچن بە دوای کارتاندا!

بەڵام لالا دەستی هەڵنەئەگرت. ئەو چاوەڕێی دەستکردنەوەی کچە کاولی نەکردبوو. بەڵام ئەوا کە ئەیبینی سەروبەچکی بە چنگ و نینۆکی کچە شەقار شەقار بووە، پرچی ئاڵۆسکاوە و یەخەی کراسەکەی دادڕاوە؛ دەمی هەڵماڵیبوو و ڕیسواترینی ئەو جنێوانەی کە تا ئێستە لە بیری مابوو، دائەباراند و لەمناوەدا لە بنەوە ڕووی لە شەیدا بوو کە بێگانەیەکی ڕەگەز چرووکی ئاوەهای هێناوە بۆ دەشت:

ــ هەر سەڵیتەیەک لە گۆڕ دەری ئەکەن، ئەکەوێتە ڕێ و دێ بۆ دەشتی قەلاچیمەن! هەر لە قەرەچی و سۆزانیەوە بگرە تا... ئەڵێی سەروبنی دنیا هەر ئەم بستە جێیە! ساڵە و ساڵ دەمی خۆمان دائەدوورین بەو هیوایەی لەم دە ڕۆژەی دەشت و خەرماندا دە مەن بار ببەینەوە بۆ ماڵەکانمان. بەڵام کاتێکیش

کاتی ئەگا، لەپڕ ئەبینی یەکی‌تر قن بائەدا و ئەکەوێتە ڕێ بە دوای درووێنەوانەکان‌دا و... هەندێکیان چەپکە چەپکە گەنم هەڵئەوەرێنن و ئەیخەنە بەری! دزیی مەگەر شاخ و گوێی هەیە؟ هیچکەسیش نییە نووزەی لێوە بێ، ماشەڵڵای ناوی خوا!

کەس گوێی لە خێرخوایی بابە گوڵاو نەبوو، مەگەر ئەسڵانی بوندار کە قۆڵی پیرەمێردی گرت و بردییە لایەکەوە بۆ پرس و جۆ. دەمەدەمی نێوان لالا و کچە کاولی بەردەوام بوو و لەم ناوەدا شەیدای بوندار کە نەباتی هێنابوو بۆ دەشت، نەی ئەتوانی لێی نزیک ببێتەوە. خەجاڵەت و سەرلێشێواو نەی ئەزانی چی بکات و ڕێی دەرنەئەبرد.

سالار ڕەزاق بە ڕێنموونی کوڕەکەی لێبڕا یەکێک لە ژنەکان لە دەشت دەربکات و بیخاتە ڕێ بەرەو قەلاچیمەن. ئەو یەکەش هەڵبەت نەباتی قەرەچی ئەبوو. بۆ ئەوەش کە ئەم کارە بە بێ هەراوهوریا سەر بگرێ، سالار ڕەزاق مەلۆیەک گەنمی هەڵگرت و ڕۆیشت تا بیخاتە ناو کیسەی کچە کاولی و بەڕێی بکاتەوە بە دوای کاری خۆی‌دا. بەڵام لالا، خۆی لەدەس ژنەکان دەرباز کرد، ئاخێزی کرد بەرەو سالار ڕەزاق چوو، گەنمەکەی لە دەستی ڕفاند و وتی:

ــ ناهێڵم، ناهێڵم یەک دەنک گەنمیش لەم دەشتە ببات ئەو سۆزانیە. پێچکەشم نادەم بەو بیبرێتە خۆی! بۆ؟ بۆچی؟ ئەمە هەقی خۆمانە.

سالار ڕەزاق، جنێوێکی فڕێدا بۆ شووی لالا کە نان بە ژنی وا ئەدا، باوەشێکی‌تر گەنمی دا بە ژنی بەڵخی و وتی:

ــ بەڕێی بکە با بڕواتەوە، مامە گیان. ئەم پەتەرییە ئەمڕۆ خوێنی ئەوێ. بیخە ڕێ بابڕوات کچەی ڕەبەن. بڕۆ دەس و چاویشی خاوێن بکەرەوە با بچێ بە دوای قوڕبە سەری خۆی‌دا!

پاشان، سالار ڕەزاق ڕووی کردە لالا و بە تەوسەوە وتی:

ــ تۆیش بڕۆ خۆت داپۆشە ئیتر! بڕۆ قڕەمان لێ‌لادە. ئەیهۆ!

ڕەحمە لە باوک ئەڵێی خەریکە بمخوات. بڕۆ ئیتر!

شەیدا بە بیانووی بەستنی لۆدەکە کەوتە تەک تاجعەلی کۆڵبەر و ئەوەی کە نەیتوانیبوو هیچکارێک بۆ کچە کاولی بکات، خستیەوە بیری شەوی پێشوو کە لە بەرامبەر شێرۆدا هەروا بێ دەست و پێ بوو. ئەوسا بە بێ خۆ فریودان بۆی دەرکەوت کە کێماسی سەرەکی ئەبێ لە سروشت و ڕەوشتی خۆیدا بێ. ئەو ڕەوشتەی کە ئەگەر لە یەکێکی دیدا ببینیایەت، لە لای زۆر ناشیرین و دزێو ئەبوو. بەڵام ئێستە کە خۆی لە چەقی ڕووداوەکەدا ئەدی و لە ڕاستیدا لە دەرەوەی خۆی ئەڕوانی، هیچ ورە و جەربەزەیەکی لە خۆیدا شک نەئەبرد و نەی ئەتوانی لەو ڕاستیە ڕابکات کە ئەو شتەی خەڵکی بەناوی "شدی بوندار" ئەیناسی، هیچ نەبووە و نییە مەگەر تاپۆیەکی هەڵۆسە و گومان کە لە سەر ئەندێشەی ئەم و ئەو نیشتبوو. لە ڕاستیدا ئەو گەوهەرە نییە کە خۆیشی پێی وابووە. بە ئاوێنەی بەرچاوی بۆی ڕوون ئەبوویەوە، جەوانێکی خاو و زۆر بێ ئەڤانیە. ئەوەی هەیە و ئەوەی خۆیا ئەکا بەس دروستکراوی گومان و ئەندێشەی ئەو کەسانەیە لە بن دەستیدان شەیدایان نە بە ناسینی گەوهەری شەیدا، بەڵکوو لە سنووری هەبوون و دارایی ئەودا پەرداختیان کردبوو و ئەیکەن؛ کە پەرداخت کرابوو و پەروەردە ببوو:

«ئەو منەی کە من بم، لە سەر پێی خۆم نارۆم بەڕێدا. من لە دەرەوەی قەڵاچیمەن، لە دەرەوەی باوکم و ئالاجاقی چیم؟ ئەمانە ئەگەر لەگەڵ من نەبن، من چیم لەدەس دێ جگە لەوەی دابنیشم و قوڕ بکەم بە سەری خۆمدا؟»

بەڵام شەیدا هێشتاش ڕێگەی ئەوەی بە خۆی نەئەدا تا لە پێچ و چەم و خەمی ئەو جۆرە بیر و بۆچوونە دژبەر و چرووکەدا، بڕووخێ. ڕێگەی بە سەلماندنی ئەو ڕاستیە لە دەروونی خۆیدا نەئەدا، هەرچەند ئەوەش بڕگەیەک بوو لەو ململانێیە. ئەو تاودانەوەی بوون و ڕۆژەڤی خۆی بوو و هێشتاش جەربەزەی

ڕووبەڕوو بوونەوەی بوون و ڕۆژەڤی ڕاستەقینەی خۆی نەبوو. شەیدا هێشتاش لە خۆی هەڵئەهات بۆ ڕاگرتنی نموودی خۆی لە ئەندێشەی خەڵکیدا. بۆیەش بوو لە پاش بارکردنی کۆڵەکەی تاجعەلی، بە بیانووی تینوێتی، بە دزیەوە خۆی گەیاندە پێڕکەکە، جەڕەی ئاوی نا بە سەرەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە بێ ترسی نیگای ئەوانیتر سەیری ڕۆیشتنی کچە کاولی بکات کە کیسەیەکی پووش و پەڵاشی دابوو بە شانیدا و بەرەو قەڵاچیمەن ئەچوو. بەڵام لەم چاوەڕاوە دزیەشیدا نامەرد دەرچوو. چونکە بەر لەوەی جەڕەی ئاو دانێتەوە، هەناسەی لالای لە لای شانیەوە هەست پێکرد و دەستی لالای بینی کە هاتە بەرەوە و جەڕەکەی لێوەرگرت. پاشان نیگای لالای بینی کە یەکپارچە گڕ بوو و شەیدا نەی ئەهێشت هەڵسێ و دوور بکەوێتەوە:

ـ بەد ناوت کردووم، کوڕە شیرینەکەم! بەد ناوت کردووم. ئێستەش کە بووم بە ڕیسوای لای دۆست و دوژمن، لەپەسا خەنیمم بۆ ئەتاشی؟! چی خۆت ئەدەی بەچاوی مندا؟ کە ویستیارت زۆرە؟ کە کچان حەزیان لێتە؟ جارێک کچە کورد، جارێک کچە ئەفغان، جارێک کچە کاولی... یەکجار... ئا... پێت وایە کچی سەیدی تەلەفوونچیم کە بەدناوییەکەم لەگەڵ خۆم ببەم بۆ شۆراو و خۆم ببەستم بە یەکی وەکوو کابرای ئێسکبەندەوە! ئەرێ؟ بەدڵت نیم؟! نەخێر، سەدی لەم ڕەنگاورەنگانەشم بۆ قیت بکەیتەوە، یەک بە یەکیان ئەنێرمەوە لای بنەچەیان. هەموویانت بۆ ڕاو ئەنێم. شێرۆ ملی شکاند و ڕۆیشت، ئاگام لێیە. سوور لێم ڕوون بوو ئەویش ناچار ئەبێ بڕوات. سوور ئەمزانی!

بە بێ چاوەڕێکردنی وەڵام یان کاردانەوەیەک لە لایەن شەیداوە، لالا جەڕەی ئاوەکەی دانا. هەڵسا و لە کاتێکا هەوڵی ئەدا یەخە دادڕاوەکەی بداتەوە بە سەر یەکدا، دوور کەوتەوە بەرەو قەڵاسچنەکان. هەڵبەت شەیدا ئەگەر توانای ئەوەی هەبایە لەژێر ئەو بارەی درابوو بە کۆڵیدا، سەر ڕاست بکاتەوە و

سەیری ڕۆیشتەکەی لالا بکات، ئەیتوانی بە ئاشکرا سەرکەوتن و شانازیی لە هەنگاوەکانی ژنەدا ببینێ. بەڵام ڕاستیەکەی شەیدا دانیشێنرابوو.

کاری درەو-خەرمان وای پێویست ئەکرد، شەیدا ڕابێ و بڕوات لە شوێنی کاری خۆیدا وەکوو ئاڵقەیەکی زنجیرەکە، ڕابوەستێ. هەروەها ژیرانە ئەوە بوو کە شەیدا بە چوونەوە سەرکار و ڕاوەستان لە شوێنی خۆی لانیکەم وای دەربخات کە شەڕی ژنی چەپاو و کچە کاولی هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبووە. بەڵام ڕەفتارێکی ئاوا شیاو و لەبار لە گەنجێکی بەو ڕادەیە خاو و لەخۆ ڕازی کە شەیدا بێ، نەئەوەشایەوە. چونکە ئەوەندەی شەیدا خۆی دیبوویەوە پێشهاتەکان هەمیشە بە مرادی ئەو کۆتایی هاتبوو. ئەگەریش وا دەرنەچوایەت، بەر لەوەی بۆ چارە بگەڕێ، خۆی بە خنکاو لە ناو گەرداوێکی نائومێدیدا ئەدۆزییەوە.

شەیدا بە هەڵاتنە ئەفسانەییەکەی لە قەڵاتی بازخانی ئەفغان، خۆی بە بەرزتر ناساندبوو. هەم لە ڕوانگەی پڕ لە شانازیی کەسان و نزیکانی خۆیەوە و هەم لە ئەنجامی هەڵوێستی بەئێرەیی و دوژمنانەوە زیاد لە پێویست بڕوای بە خۆی کردبوو. ئێستەش زۆر لە بەری گران بوو کۆڵ بدا بەوەی کە بەو جڵفیە لە کار و کرداری خۆیدا شکستی هێناوە. ڕۆیشتنی شێرۆ بە تۆراوی لە لایەکەوە، بوونی کچە قەرەچی بە بەردی سەرسەهۆڵ کە کرابوو بە سەر داری شەیداوە لە لایەکەوە، کاردانەوەی بوێرانەی لالا لە لایەکیترەوە، سووک بوونی شەیدای لە چاوی خەڵکی دەشت ودەر و -لەوەش زیاتر لە چاوی خۆیدا- ئاشکراتر کردبوو. شەیدا کە خۆشی بەباشی ئەیزانی خەڵکی -هەر کامە و بەهۆیەکەوە- خۆشیان ناوێ؛ هەرچەند بەڕواڵەت ڕووشیان لەگەڵی خۆش بێ. ئێستە ئەیتوانی تاودانەوەی ناخۆشی چۆنێتی خۆی لە گومانی ئەواندا ببینێ. ئەو گومان و بیرەی کە بۆ ئەو ئاوێتەی هەڵچوونێکی زۆر بەئازار و جەخاراوی بوو.

بە گومانی شەیدا -کە زۆر لە ڕاستی دوور نەبوو- هەر لە ئەسڵانی برایەوە بگرە تا ئەگاتە گۆدەرزی بەڵخی، هیچکەس لە خەڵکی قەڵاچیمەن خۆشیان نەئەویست. تەنانەت ئەو دوو پیاوەش کە لە بێگانە ئەچوون، دلاوەر و ئەولحەمی قاتمە، لە گومانی شەیدادا دۆستی ئەو نەبوون. سالار ڕەزاقی پیریش کە ئیتر نەی ئەتوانی بەرگری لە لەقاندنی سەری بکات، دۆستداری شەیدا نەبوو. سالار هەرچەند زمان و کرداری ئارام و فەرمانبەر بوو، ئەو گزیری و سەرکاری و کوێخایەتیەی لە لایەن ئالاجاقیەوە درابوو بە بابقولی بوندار، بەڕواڵەت ملی لێنابوو. بەڵام لە ناخی خۆیدا، ئەگەر کوێخایەتیشی بە مافی خۆی نەزانیبا، لانیکەم گزیری ئالاجاقی بە هەقی خۆی ئەزانی. پێی وابوو مافی ڕۆژگاری درێژی کار و خزمەتی بەری نەداوە. لەو ڕووەوە کە سالار ڕەزاق پشتاوپشت، جووتیار و گزیر بوو و هەموو کاروباری کشتوکاڵی زەوییەکانی ئالاجاقی لە قەڵاچیمەن ئەو ئەیبرد بەڕێوە. تەنانەت بۆراوێژ ئەبرا بۆ گوندەکانیتری ئاغە و بۆ کێڵگەکانیتری. سەرەڕای ئەم هەمووەش، ئالاجاقی لە ئەنجامدا بونداری کردبوو بە کوێخا و بە گزیر بە سەریەوە. سالار ناوبەناو قورسایی ئەو بڕیارەی بە سەر خۆیەوە هەست پێئەکرد و ئەمەش لە چاوی شەیدا شاراوە نەبوو.

شەیدای بوندار بەگوێرەی سروشتی خۆی و بەپێی بوونی لە ناو خەڵکی قەڵاچیمەندا، ڕواڵەتە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی ئەناسیەوە، هەرچەند هەتا ئێستە ناچار نەبوو بیریان لێ بکاتەوە. ئێستەش ئەگەر مێشکی بە دوای ئەو جۆرە نیشانانەدا ئەگەڕا لە بن جۆرێکی گوشار و خۆبەخۆ بوو. هەروەها لەم ڕێگەیەوە بۆی دەرکەوتبوو بەراتعەلی سالار ڕەزاقیش لە هەموو ئەو ڕووداوانەی ببێتە هۆی ئابڕووچوون و ڕیسوایی بنەماڵەی بوندار، شادمان ئەبێ؛ هەرچەندە سروشتی بەپارێزی جووتیاریی ڕێگەی ئەوەی لێئەگرت بیر و ڕای خۆی دەرببڕێ.

لە ناو ئەم کۆمەڵەیەدا جگە لە تاجعەلی کۆڵبەر کە ئەدگاری بەرجەستەی کاری ماندووی نەناس و بێدەنگی بەرەنجامی خوماری و برسێتی بوو، تەنها بابە گوڵاو بوو کە شەیدا هەستی ئەکرد دوژمنایەتی لەگەڵ هیچکەس نییە و هیچکەسیش هەڤاڵەتی قووڵی لەگەڵی نییە.

تاودانەوەی ڕەفتاری خۆی لە ناو ژنەکانیشدا هەرچەند نە زۆر بە وردی، بەڵام ئەتوانی بەراورد بکات. کە ئەمانە لە لای شەیدا دوو تیرە بوون. تیرەیەک گیرۆدە و ئاڵوودەی نان و سفرە و پیاو و مناڵ بوون و تیرەیەکیتریش کە کەم بوون و خۆشیان ئەبوون بە دوو بەشەوە، بە دوو ڕواڵەت و دوو شێوازی کاردانەوە لە بەرامبەر شەیدادا. یان هی وەکوو لالا بوون کە شەیدایان بە هی خۆیان ئەزانی و دەستیشیان پێی ڕائەگەیشت. یان ئەوەی کە حەز و خۆزگەی لالایان لە دڵا بوو و ئەم خۆزگەیە تاسێنرابوو و بە ناچاریی ببوو بە کینە و ئەم کینەیە شەیدای بۆ خۆی ئەویست، یان بۆ هیچکەس؛ تەنانەت بۆ بای بیابانیش.

کە وا بوو ئەم جەوانیە سەرکەوتووە کە شەیدا هەیبوو، ئەم ڕواڵەتە بەروومەت و قەڵافەت و چالاکە، ئەو هەلومەرجە لەبارەی بۆی ڕەخساندبوو کە بتوانێ خۆی ڕادا و خۆی بنوێنێ؛ شتێکی بەدڵ و گرینگی بە دیاریی بۆ نەهێنابوو. لانیکەم ئەتوانرێ بگوترێ دیارییەکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەی پێشکەشی گوڵی تاقانەی بابقولی بونداری قەڵاچیمەنی نەکردبوو. کینە و بەدگومانی و بێ متمانەیی و خۆ بەکەم زانین. سەیر کردنی سووکایەتی خۆی لە ئاوێنەی نیگای خەڵکیدا. دارمانی ئەندێشە خۆشەکان، لە سەر بەرد بەردی چاوانی خەڵکیدا. باوەڕی دەرکران، دەس لە ڕووەوەنان لە ڕاستی دەروونی خەڵکیدا. گەیشتن بە نامرادی، لە سەر بەستێنی درۆزنانەی گومانی ساڵان.

ئەمەی... ئەمەی کە شەیدا خەریک بوو تێ ئەگەیشت، ناتوانێ بچێتە دڵی خەڵکیەوە. بەڵام خەڵکی بە درۆ وایان پیشان

ئەدا لێی دڵگیر نین. هەرچەند خەڵکی ڕوویان لەگەڵی کراوە بوو، بەڵام هیچ نیشانەیەک لە خۆشەویستی خۆی لە دڵ و چاویاندا هەست پێ نەئەکرد و نەئەبینی و ئەم جەوانەی کە ئەوا ئیتر نەوجەوانی خۆی تێپەڕاندبوو ئەم ڕاستیە، ئەوی تووشی دارەتێکی بێ متمانەیی ئاوێتە بە کینەیەکی دڕندانە ئەکرد.

ڕاستیەکەی شەیدا مرۆڤێک بوو کە نە توانیبووی لە خوو و نەریتی جەماوەری قەڵاچیمەندا بگونجێ و، نە توانیبووی لە ڕیزی سەرکەوتوو و تایبەت -لەو بابەتەی کە خەڵکی لە ترسان شەیدای ببن- جێگەیەک بۆ خۆی بکاتەوە. کاتێکە بیری لە هەستی تاقیکراوەی خۆی ئەکردەوە و هەمیش سەیری دیدەکانی خۆی ئەکرد، بە ئاشکرا بۆی دەرئەکەوت لە بەراود لەگەڵ کوڕی ئالاجاقی -جەلیل- بار و دۆخێکی زۆر نەشیاوی هەبوو. بە بێ شک و گومان، خەڵکی قەڵاچیمەن و بەگشتی ڕووت و برسیەکانی قەڵاچیمەن هەرگیز لە دڵەوە جەلیلی ئالاجاقیان خۆش نەئەویست، بەڵام بە بینینی جارجارەی ئەو لە قەڵاچیمەن، پێخۆشحاڵ ئەبوون. واتە لە کاتێکی کورتی -ڕۆژباشێکدا- هەستی بێ نرخترین خەڵک بەرامبەر بە کوڕی ئاغەیان نەک هەر پڕ لە نەفرەت نەبوو، بەڵکوو شەوقێکی نۆکەرانەی تیا بەدی ئەکرا. شەوقێکی تێپەڕ. بەرەنجامی ترسێکی هەمیشەیی. کە وا بوو لە سروشتێکی وەکوو جەلیلی ئالاجاقیدا دوو لایەنی حەز و دەسەڵات نیشانی نەبوو. ئەوەی کە هەبوو، هەمووی دەسەڵات بوو و هیچ و، هەرگیز گوێی لە دڵدانەوەی خەڵکی نەبوو؛ چونکە ئەو لە ناو خەڵکدا نەبوو.

بەڵام شەیدا گرفتاری ئەم دوولایەنیە بوو و وا دەرئەکوت دووانی بوون بووە بە سروشتی ئەو و ناڕوونی بووە بە تایبەتمەندی ئەو. چونکە شەیدا لە ناو خەڵکدا بوو و لەگەڵێشیان بێگانە بوو. لە خەڵک بوو و بە سەر خەڵکدا. واتە نە خۆیی بوو لە خۆیان و نە بێگانەی بێگانە. نە ئەم بوو و نە ئەو. لە نێواندا بوو

و دووڵایەنە بوو. ئەیبینی خەڵکی نە لێی بێزارن و نە ستایشی ئەکەن و نە لێی دڵخۆشن کە خۆشیان بوێ. بۆیە نە بێزارییەکەی خۆیان لە ئەو بە گرنگ ئەگرن و نە بۆ دەربڕینی دۆستایەتیەکەیان بایەخێک دائەنێن. بۆیە بوو کە کوڕی بوندار، هەرچەند نموود و نیشانەیەکی دیاریکراو -کوڕی بوندار بوون-ی هەبوو، بەڵام چەندە زیاتر بیری لە خۆی ئەکردەوە، قووڵتر لەوە ئەگەیشت چ بوونەوەرێکی لەنگ و بێ نیشانە. بوونەوەرێکی بەناوەرۆک سەرگەردان کە لە هیچکام لە توێژە ئاسایی و دیاریکراوەکانی کۆمەڵگەی بچووک و بەرتەنگی قەڵاچیمەندا جێی نەئەبوویەوە. بەم بڕوایە و ڕاستگۆیانە ئەگەر لە خۆی ورد بوایەتەوە، بێگانە بوونی خۆی لە لێکگیرانی نیگای لەگەڵ نیگای هەر کام لە خەڵکیدا بە ئاشکرا ئەتوانی ببینێ.

لەم بوارەدا، شەیدا تەنانەت بەخێڵی بە زڕبراکەی، ئەسڵانیش ئەبرد. چونکە ئەسڵان بە ئاسانی توانیبووی شوێنی خۆی بدۆزێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش بە ڕێبازی خۆیدا بچێتە پێشەوە و زیاتر دابمەزرێ. ئەو جێی خۆی گرتبوو و کار و خزمەتی خۆی بەو جۆرەی کە پێویست بوو ئەبرد بەڕێوە، بە بێ گوێدانە نیگا و بۆچوونی ئەم و ئەو. لە پشت پێشخانی دووکانەکەیدا ئەوەستا، خەڵکی ئەدۆشی و هیچ لە بیری ئەوەدا نەبوو کە چییە، چ دۆخێکی هەیە و ئەوانیتر چۆن بیری لێ ئەکەنەوە. هیچ بیری لەوە نەکردبۆوە کە بیر لە چۆنێتی بوونی خۆی بکاتەوە. ئەسڵان کاری خۆی  ئەکرد، بە ڕێی خۆیدا ئەرۆیشت و هیچکارێکیش لەوەی کە ئەو ئەیکرد ئاساییتر نەبوو. سڵاوی بە سڵاو و جنێوی بە جنێو وەڵام ئەدایەوە، بە بێ ئەوەی بیر لە شتێکی لەوە زیاتر بکاتەوە کە ڕووی داوە. بۆیە ئاسایی بوو کە سڵاوی خەڵکی بە نیشانەی ئاتاجی ئەوان بە خۆی بزانێ و، جنێو و تانووتیشیان بە ئەنجامی ئێرەیی و کینەیان، دابنێ.

ئەسڵانی بوندار، لە ڕاستیدا لەو دەستە لە مەردم بوو

کە نەی ئەویست ژیان و جەوانی و ئایندەی خۆی لە پێناوی ئەندێشەی بێ ئەنجام و بیری بێسوودا بەفیڕۆ بدات. ئەسڵان سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا -ئەتوانرێ بوترێ- جەوان بوو بەڵام ڕەفتار و کرداری وردبینی و شارەزایی پیرانی هەبوو. هەرچەند جگە لە ناو بازنە و هاوکێشەی سوود و زیاندا بیری نەئەکردەوە:

«قازانج و زیانی ئەمکارە بۆ من چییە؟»

بەڵام شەیدا ئاڵۆز بوو. لەو ڕووەوە کە ناچار بوو بیر لە خۆی و لە لایەنەکانی کاری خۆی بکاتەوە. بیری لە خۆی و لایەنەکانی کاری خۆی ئەکردەوە، کە وا بوو هەستی ئەکرد ئالۆز و دژوارە. بۆ ڕێگە و ڕێبازێک لە ناخی ئاڵۆزیدا ئەگەڕا، بۆیە دژوار بوو. ئەم تێگەیشتن و پێگەیشتنە تازە بوو. بۆیە بۆ دۆزینەوەی ڕێ چارەیەک دامابوو و خودی ئەم داماوییە ئەوی دژوارتر و ئاڵۆزتر ئەکرد. دژوار لەو ڕووەوە کە ئەگەر بتەوێ لەو ڕادەیەی کە ژیان خستوویەتە بەردەمت زیاتر بچیتە پێشەوە، گەڕان و ململانێی بەئازار تاوێکیش لێت ناگەڕێ. کە لە بووندا ئوقرەگرتن نییە، هەر بەو شێوەیەی کە لە ئارامگرتندا، نیشانەی هەڵدان و باڵاکردن نابینرێ. کە وا بوو شەیدا بۆ چی دائەمێنێ؟ سەری بە کامە دیواردا بکوتێ؟ چۆن ئەتوانێ خۆی دوو شەقە بکات؟ لە نێوانیشدا ناتوانێ تاسەر بمێنێتەوە. دڵی بە لایەکدا ئەبێ ڕادا؛ دڵ بە لایەکدا!

ــ هاتن... هاتن... گەیشتن! مەلای ڕەوزەخوێنیش سواری تڕومبیلەکەیە. چەن کەس لە بەخۆکان وەرن تڕومبێلەکە لە ناو خۆڵەکە دەربهێنن. ئاغەی گەورە بۆ خۆی وتی.

دەنگی قرخنی عەباسجان شەیدای هێنایەوە بە خۆیدا. عەباسجان هەروا لە سەر پێڕکی کەوشەنەکە وەستابوو و داوای لە دروێنەوانەکان ئەکرد بچن بۆ یارمەتی. دروێنەوان دەستیان ڕاگرتبوو و سەیری عەباسجانیان ئەکرد:

ــ تڕۆمبێلەکە لە خوار گردی خولامۆ لە ناو خۆڵەکە گیری کردووە. ئاغە ئالاجاقی و هاوڕێکانی خەریکن دێن بۆ سەرەوە. یاڵڵا

ئیتر!... تۆ... دلاوەر. ئەسڵان خان، بیانخە ڕێ ئیتر!

شەیدا بەرەو دروێنەوانەکان چوو. خاڵۆی قەدیر بەر لە دلاوەر داسەکەی دانابوو و ئامادی ڕۆیشتن، ڕاست بوویەوە. ئەولحەمی قاتمەش هەڵسا و ئەسڵانی بوندار سەیری بەراتعەلی سالار ڕەزاقی کرد و وتی:

ـ تۆیش ڕەنگە ناتەوێ بێی؟!

سالار ڕەزاق لەبری بەراتعەلی وتی:

ـ لە خۆتەوە قسە ساز ئەکەی؟ مەگەر بە خاکەناز لێی دراوە کە نەیەوێ بێت؟! بەراتعەلی!

بەراتعەلی سالار ڕەزاق هەڵسا و بەناچار کەوتە تەکیان. نزیکی ژن و منالی قەڵاسچن، ئەسڵانی بوندار وەک بلێی بە ئەنقەست، ڕووی لە بەڵخی کە کەوتبوویەوە دروێنەکردن، کرد و بە دەنگی بەرز پرسیاری کرد:

ـ تۆ چی پاڵەوان گۆدەرز؟ نایەی بۆ یارمەتی؟!

بەڵخی لە بن نیگای شەیدادا ڕوانیە ئەسڵان و هەر بەو ئاشکراییەی کە لێی پرسرابوو، وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر؛ من نایەم!

**بەندی دووەم**

تینوێتی، تینوێتی ئاو:

«ئاو، ئاو، ئاو؛ خوایە گیان!»

حەزێکی زۆر نامۆ بۆ گریان، بەو هەستەوە کە لەبری هەوا، ئاگر لە دەمیەوە دێتە دەرەوە. قورسایی باری ململانێ لە سەریدا، لەش لە حەشار و ڕاکشاوی سەر جێگەی هەمیشەی، تۆپەڵێکی ماندوێتی و دڵڕەشی و بێزاری، وێران و بێگانە و ڕیسواکراو. ورووژاو لە ئاگری تینوێتیدا، داماو و وشکەڵاتوو، بە دەم و گەرووی وەک خشتی سوور. خۆزگەی ئاو و حەزی فرە و فراوانی گریان. داماو بەڵام گەرووی وشکەڵاتوو. گەرما و تینوێتی تا. تینوێتی لە تاڵ تاڵی موو و لە پێستیەوە، هەڵئەزنی. خەفە بوون، هەستی خنکان لە هەڵچوونی یاوێکی نەخۆشانەدا. نەفرەت، نەفرەتی خەست. هەستی ئەوەی کە لێزگەیەک موو بە ئارەقەی تەوێڵی ڕەقەڵیەوە لکاوە، بێزکردنەوەی دوو بەرامبەر ئەکات. تینوێتی، تینوێتی ئاو. داوای ئاو و حەزی زۆر و سەمەرەی گریان. جلەکانی بە بەری تەنگن.

ـ «قەدیر، ئێمە پاشقولمان لێ نەگرتوویت، قەدیر. خۆشت ئەمە ئەزانی. خۆت شایەت بوویت و بینیت قەدیر. لە چاوی ئێمەی مەزانە!»

نەء! قەدیر وا دیار بوو نەی بیستبوو و تەنانەت ڕەنگە دەنگی

گۆدەرزی بەڵخی نەناسیبوو.

قەدیر، گریانی قەتیسماوی پشت چاوە وشکەڵاتووەکانی ناو کالانەی، بە بێ نیشانەی ئاشنایی و تەنانەت نە بەنیگایەک لە سیلەی چاویەوە، بە بەردەمی پیاوەکاندا تێپەڕی، چەماوە لە بن لەشی سستی باوکیدا بە کۆڵیەوە، بە هەستکردنی دڵۆپە فرمێسکی کەلایی خواداد لە سەر پشت ملی، بەرەو ماڵ ڕۆیشت. تینوێتی ئاو و حەزی زۆر و سەیری گریان.

ـ «قەدیر... قەدیر... پیاوی باش!»

قەدیر پێی نایە ناو داڵان، بەلەقەیەک دەرگای لە پشت خۆیەوە داخست. کەلایی خوادادی لە سەر دۆشەکڵەکەی دانا و هاتەوە دەرەوە. گرێی ئاڵۆسکاوی ماندوێتی و دڵێشان و بێزاریی. بەرەو کونەکەی، تووڕەیی و دوژمنی لە ناخیدا، دەستی برد بۆ بن خرت و پرتی ناو سنووقەکە، سوراحیەکەی دەرهێنا و شێتانە نای بە سەرەوە، یەک بین و خۆی دا بە سەر جێ خەوی هەمیشەیدا، بە حەزی زۆر و سەمەرەی گریانەوە. هەستی کرد لەبری هەناسە گڕ لە دەمیەوە بڵێسە ئەدا و جلەکانی بەبەری تەنگە. تینوێتی، تینوێتی:

«ئاو، ئاو، ئاو؛ خوایە گیان!»

مرۆڤی ڕیسوا کراو، خۆیشی نازانێ بیر لە چی ئەکاتەوە. ڕووخاو و بێگانە و نابەخۆ وا دیار بوو هەستی ئەکرد، هیچ شتێک پەیوەندی بەوەوە نییە کە بیرێک لەودا بهەژێنێ. ئێستە کە خۆی کردبوو بە کونەکەیدا و لە سەر جێگەکەی کەوتبوو، ئەهاتەوە بیری و تێ ئەگەیشت وشەیەکیش لە گوتەکانی مەلای نەبیستبوو. بیستبووی، بەڵام نەی بیستبوو:

«ئایی... براینە، ئەم دەنکە گەنمانە زمانیان هەیە!»

بەس ئەوەندە -چونکە ئەتوت ڕاستەوخۆ لەگەڵ قەدیریەتی- و نە کەسیتر. ئەمە خۆی مایەی سەرسووڕمان بوو. ئایە بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە وتاری ئەدا، قەدیر سەری داخستبوو و

جگەرەی ئەکێشا؟ ئەگەر وا بووە ئەی بیری لە چی کردۆتەوە؟

«لە چی؟»

بیری نەئەکەوتەوە. ئایە ئەوە ئەگونجێ کە مرۆڤ، لە کاتدا بیر لە هیچ نەکاتەوە؟ ئەی ئەم مێشکە؟ ئەم بیرەی ئەو لەوکاتەدا خەریکی چی بووە؟ لە کام گۆڕستان سەرگەردان بووە؟ ئایە ئەبێ کە دەرووەکانی مێشکی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی، هەرچەند کورتیش، قفڵ ببێ؟ ئێستە چی؟ قەدیر ئێستە بیری لە چی ئەکردەوە؟ هیچ! لە هیچ. مات و وڕ و گێژ و حۆل بوو و نیگای ئەگەڕا بە سەر هەر چی هەبوو و نەبوودا.

مێشکی ئایە نەی ئەتوانی هیچ ئەندێشەیەک بخەملێنێ؟

دەنگی دەرگا. قەدیر بە بێ ئەڤان لەشی لاوازی ڕاست کردەوە و دانیشت. تۆ بڵێی کێ بێ؟

دەنگی چەکوشی دەرگاکە. قەدیر بالآی بێوازی نووشتاندەوە، لە دەرگای نزمی هەمارەکەوە چووە حەوشە و وەستا. کێ بێ بڵێی؟

دەنگی لێدانەوەی دەرگا. قەدیر کەوتە ڕێ، لە دالآن تێپەڕی و لە پشت دەرگاکە، زنجیری لە قوڵفە دەرهێنا. تۆ بڵێی کێ بێ؟

نادعەلی چوارگوێشلی لە بەر دەرگا بوو. قەدیر وەکوو مەرگ، لە ناو تا دەرگا نیوەکراوەکەوە سەیری نادعەلی کرد. نادعەلی خۆی وەکوو مەرگ لە بەرامبەر قەدیردا وەستابوو. لە دەرەوەی دەرگاکە. قەدیر هیچی نەوت. نادعەلیش لێوی نەبزواند. دوو مەرگ لە ئاوێنەی یەکدا. ڕەشایی و ڕەشایی. شەو و شەو.

قەدیر دەستی لە دەرگاکە بەردا و نادعەلی خۆی هاویشتە ڕەشایی ناو دالآنەکە و یەکسەر، وەک بڵێی ناتوانێ هەنگاوەکانی خۆی ڕابگرێ، بەرەو کونی هەمارەکە ڕۆیشت. چووە ژوورەوە و لە سەر دۆشەکڵەکەی قەدیر، لە سەر ڕیزە کورسیەکە بۆی ڕاکشا و دای لە پڕمەی گریانێکی بێ ئوقرە. شێتانە. گریانی بەکوڵ. جەوانی چوارگوێشلی ئەوا لە قەدیر و لە دەروونی قەدیردا ئەگریا و

حەزی بەتەوژمی گریانی لەودا دائەمرکاندەوە. بلا بگری، بلا بگری. ئەو لەبری قەدیریش، لەبری هەموو گریانە قەتیسماوەکانی ناو چاوی ئەگریا.

قەدیر شەمچەیەکی دا لە پلیتەی فانۆسەکە و لێی گەڕا بە بزمارەکەوە بێ. پاشان سوراحیە بەتاڵەکەی لە سەر خاکی بەر پاچکەی کورسیەکە هەڵگرت، لە بەرامبەر نادعەلیدا ڕایگرت، ڕایوەشاند و لە سەر کەلوپەلی ناو باوڵەکە داینا.

ــ مرد، قەدیر! دایکیشم مرد! دیقی کرد، مەهسولتان!

قەدیر لە بن دیوارەکە. لە بن فانۆسە هەڵواسراوەکە، بەرامبەر نادعەلی چوارگوێشلی هەڵترووشکا و دەستی بە دەور ئەژنۆیدا هەڵپێکا، بە نیگایەک بە ڕەنگی خاک بۆسەر خاک. نە وشە و نە نیشانێک لە وشە. دووکەڵی جگەرە لە نێوان پەنجەکانیەوە هەڵئەکشا و بە لای گۆنا و ئەبرۆی گرژیدا بەرەو بنمیچەکە لوولی ئەخوارد. مەرگ، مەرگ بێدەنگ و خامۆشە. مەرگ تێکڕای تاریک و ڕوونی ناو هەمارەکەی داگرتبوو. چاو بە قووڵاچوو، گۆنای دەرپەڕیو، لێوی قڕوقەپ، پەنجەی درێژ و لەڕ و کاژەرەی ڕەق، وەستاو بە سەر زەلی ملیەوە. نەهەست و نەخوست. بێ تینوێتی، بێ برسێتی، بێ بزووتن. تەنها نیگا؛ تەنها نیگا. چاوەکانی کالانەی گۆڕ. گۆڕ، ڕەش.

ــ هەم ئەیکوژن، بە دیق ئەیکوژن. هەم دیقمەرگی ئەکەن و هەم پرسە و کۆڕی ڕەوزەخوێنیشی بۆ دائەنێن. ئەو ژانە سەیر بکە تۆ، پیاو! گاڵتە بە مەرگی مرۆڤیش ئەکەن. مەرگی مرۆڤ!

مەرگ و دیسان مەرگ. گیرۆدە بوون لە داڵانەکانی ئەندێشەی مەرگدا. ئەندێشەی بێ سنوور و هەزار تویی مەرگ. جارێکیتر سەری هەڵدابوو لە جەوانی چوارگوێشلی. هاتبوو و ئەیویست جارێکیتر لە چەم و خەمی ترسناکی خۆیدا تووشی بکات بە شێوەیەکی تر و، ئەمجارەیان بە ڕەخنەگرتن لە خۆی بۆ کێماسی و کەمتەرخەمی. لەو ڕووەوە کە مەهسولتان، نادعەلی

و تەنها نادعەلی، تاقە کوڕەکەی ڕایگرتبوو. دایک چاوەڕوان بوو لەو قڕە و گۆڵمەزەی کە ڕووی دابوو و بنەماڵەی حاجی حسێنی چوارگوێشلی کاول کردبوو، کوڕ و تاقانە کوڕ بتوانێ خۆی و ماڵ و خێزانی لە پەلاماری تالآن و چەپاو بپارێزێ. ئەو ویستبووی نادعەلی بەکاری کشتوکاڵ و مەڕدارییەکەیەوە خەریک ببێ و بە ڕێی باوکیدا بڕوات. دایکی نادعەلی ئەمەی بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی لە کوڕ ویستبوو. بەڵام ئەمە ڕووی نەدابوو. نەتوانرابوو ببێ. چونکە نادعەلی بە یەکسەری سەری لە کاری خۆیدا دۆڕاندبوو و لە خۆیدا ون ببوو. بۆیە مەهسوڵتان نەیتوانیبوو گرێی دژواری ژان و درێخ بکاتەوە و دیقی کردبوو. دیقی مەرگ.

مەرگ و دیسانەوەش دالآنی بێسنوور و هەزار تویی ئەندێشەی مەرگ.

ئەم مەرگە بەڵام لە کاتێکیتردا بوو و ژان و ئازارێکیتری هەبوو و ترس و گومانێکیتر. مەرگی مەدیار ئەگەر درێخی بێ دەرمانی خۆی نابوو بە ناخی نادعەلیدا، ئەم مەرگە ئەیویست لە ئازای خۆخواردنەوەدا نوقمی بکات. لە مەرگی مەدیاردا، نادعەلی جارێک مردبوو و لەو ڕێگەیەدا بە دژواریی زۆردا تێپەڕیبوو بۆ ئەوەی نیوەگیانێک بێتەوە بەبەریدا، ئەگەر بە خۆ ڕازاندنەوە بە شێوە و ڕواڵەتی مەدیاریش بووبێ. هەرچی چۆن بێ خۆی دەرکێشابوو لەو گێژەنە بەدژواری، لە بواری بەئازاری تێپەڕین بەناخی خۆیدا. بەڵام، مەرگی دایکی سووک و ڕیسوای کردبوو. نەک لە بەر چۆنێتی مردن، بەو جۆرە بێکەس، بەڵکوو لە بەر دابڕانی خۆی لەگەڵ ئەو دایکە غەوارەیە. کە ئەم مردنەی مەهسوڵتان لە غەریبایەتی مایەی دابوو بەدەس میرات دزەکانیەوە کۆڕی بۆ بەرپا بکەن و بۆ مەبەست و ویستی خۆیان کەڵکی لێوەربگرن. هەمیش بە بیانووی پرسەی مەرگی خوشکی بوندار ئەو دامودەزگایە بەرپا بکەن لە قەڵاچیمەن لە ماڵی بوندار، بۆ شاردنەوەی بێشەرەفی و خوێڕیەتیەکەیان. کە ئەمە بەس پرسەی دایکی نادعەلی و

خوشکی بوندار نەبوو کە چنرابوو و هەڵچنرابوو. ئەمە دواین شەقیش بوو لە نادعەلی بەمەبەستی بەتاڵکردنی لە هەموو دار و نەدار و ماڵ و خێزانی.

سەرەتا باوک. پاشان سەوقی. دوای ئەو زەوی و ئاو. دواتر مەڕ و ڕان و، ئەوسا مەهسوڵتان، دایک. لەم نێوانەدا و لەم کۆستکەوتنەدا، نادعەلی تووشی هەڵچوون و داچوونێکی سەمەرە ببوو لە سنووری نێوان بوون و نەبووندا. بەڕواڵەت و بەرچاو، بۆی مابوویەوە ئەسپێک و خانوویەک. کە خانووی بەتاڵ، بە بێ گەرمای کەسان و خودانی ماڵ، پێشکەشی ددانی مۆریانە بێ. کە وا بوو ئەسپێک و بەس. ئەسپیش وەکوو سوار، غەریب کەوتوو و ڕاهاتووی سەرگەردانی.

ـ بڕۆین بگەڕێین، قەدیر!

جیڕەی دەرگا و دەنگی پێ بە سەر خاکی شەوانەی کۆڵاندا.

ـ ئیتر چی قەدیر، ئیتر چی؟

شەو و خامۆشی و سەرشۆڕی. دوو مەرگ، دوو سێبەری مەرگ ئاوارەی کۆڵانەکانی قەڵاچیمەن. ئەتوت قورقوشم کراوەتە دەم و چاوی قەدیر. سارد و وسکوت، وەکوو تەرمێک، باڵا کشاو و ڕەقەڵە، ڕەوان. بڵێ دوومان، بڵێ سێبەر، بڵێ تاپۆ. پەنجەی هەڵپێکاو لە پشتەوە، نیگای لە کالانەی قووڵەوە، قووڵ و تاریک:

«ئایی... براکەم! ئەم دەنکە گەنمانە زمانیان هەیە!»

ئەوەی مابوو، هەر ئەوەندە بوو لە گوێی قەدیردا.

گوتە زۆر گوترابوو ئەمشەو و پەلوپۆی زۆری هاویشتبوو. بەڵام ئەوەی وەریگرتبوو ئاوێنەیەک بوو لە خوو و ڕەوشت و کرداری خۆی:

«ئایی... خوشکینە! ئەو گوڵە گەنمە هی تۆ نییە هەڵی ئەگریتەوە، ئەو دەسکە خاوەنی هەیە. دەست و چاو و دڵت پاک بێ. چونکە ئەبێ وەڵامی دانە دانەی ئەو گەنمانە بدەیتەوە لە ڕۆژی پەنجا هەزار ساڵدا. ئەم گەنمانە زمانیان هەیە!»

وتارەکە زۆری درێژە کێشابوو، بەڵام ئەوەی وەریگرتبوو ئاوێنەیەک بوو لە خوو و ڕەوشت و کرداری خۆی:

«ئای‌ی... براینە! تەماح مەکە! بە قسەی شەیتان مەکە! ئەم دەشت و ئەم خەرمانە و ئەم هەمارە، خاوەنی هەیە! هانت ئەدەن، مێشک و دڵت ئەهەژێنن، ئەگەر ژیری، فریو مەخۆ! ئاژاوە خوازن، هاندەرن، فریو مەخۆ!»

پیاوەکان لە بەردەمی قەدیر و نادعەلیەوە ئەڕۆیشتن. بەڵخی لە ناوەڕاست و بەراتعەلی و خاکی لەملا و ئەولایەوە و بەڵخی ئەیوت:

ــ شەڕە. شەڕیش هەزار فێڵی هەیە. ئاژاوە بەرپا بووە، ئەوەی کە ئەوەشێنێ، ئەزانێ و ئەوەش کە ئەخوا!

قەدیر و نادعەلی بە لای شانی پیاوەکان‌دا تێپەڕین، لەو کاتەش‌دا کە تێ ئەپەڕین، بە بێ نیشانەی ئاشنایی و تەنانەت نیگایەک بە سیلەی چاو و سەر لەقاندنێک. بەڵام گوێیان لێبوو خاکی وتی:

ــ قسەکانی خۆیان بە زۆر هاویشتبوویە دەمی. ئەوە نییە خۆشی لە ئێمە ڕووت و برسی‌ترە؟! زۆرداریە. زۆریش خۆ لە خوا ناترسێ.

«ئەم گەنمانە، زمانیان هەیە!»

ڕۆیشتبوون.

نادعەلی کە ڕوو و نیگای هەڵێنابوو. تێگەیشتبوو هەموو ڕۆیشتوون. ئالاجاقی و هەڤاڵەکانی زووتر لەوانی‌تر ڕۆیشتبوون و کوێخا حەسەنی زەعفەرانیش دیار نەبوو. ڕەنگە زووتر جووڵابوو و ڕۆیشتبوو. گوایە لە زەعفەرانیش کۆڕیان هەیە. هەر ئەمشەو لە ماڵی کوێخا حەسەنی زەعفەرانی. ئەوانی کەش نیشانیان نەبوو، مەگەر دوو چێوار کە دەمەو ئێوارە گەیشتبوونە قەڵاچیمەن، بۆ کڕینی بەرخ و کاژیلەی نێرینەی ئەمساڵ و لە تاریک و ڕوونی بن دیواری بانیجەی بونداردا دانیشتبوون و خەریکی چا

خواردنەوە بوون. جارجارە ئاوڕێکیان ئەدایەوە و بە دزییەوە سەیری کوڕی حاجی حسێن چوارگوێشلیان ئەکرد و چپەیەکی نامۆیان بەیەکەوە ئەکرد. نادعەلی ئەگەر دڵ و دەماخی دوانی هەبوایە، بە نیگایەک ئەیتوانی ئەو دوو چێوارە بناسێتەوە. چونکە بەر لەمە و ئێستاکانێش نادعەلی یادی مەدیاری ئەکەوتەوە بیر و ئەوانیشی ئەهاتەوە بیر.

ناسینەوەیان بەڵام، کە چی؟!

«کینە ئەتوانێ کێو لە بن بهێنێ، جەنگەڵەکان بکا بە قەقنەس و دەریاکان گڕ تێبەربدات! ڕق و تووڕەیی و سزا!»

نادعەلی ئەتوت لەگەڵ خۆی ئەدوێ:

ـ شەو کە گەیشتمە چوارگوێشلی، لە ناو جێگە کەوتبوو. ڕوومەتی ئەوەندە بچوکەوە ببوو بە ئەندازەی دوو قەرانیەکی لێمابوویەوە. چاوەکانی وەکوو مۆم پرتەیان ئەهات. دەمی وشک بوو. ئەتوت تینووە. دەستی وەکوو زەلێکی وشک بەرز کردەوە، خستیە سەر کاکۆڵم و خامۆش بوو. لە هەموو ئەم ماوەیەدا تەتۆی شوانمان کە کاری تەواو ببوو، بە لایەوە دانیشتبوو و پاشۆرەی ئەدا. بیری لێ بکەرەوە قەدیر! هەر وا مەزانە ژنی حاجی حسێن چوارگوێشلیش بووبێ!

لە گەرداوی مەرگ و لە گڕی ترسی نەماندا، بە هیوای تاوێک ڕزگاریی، نادعەلی ڕووی کردبوویە ئاسمان و پێی بە سەر خاکی کۆڵانەکانی قەڵاچیمەندا ڕاکێش ئەکرد:

ـ خەریکە ئاو لەسەرم تێ ئەپەڕێ، قەدیر. ئاو لەسەرم تێپەڕیوە!

لە ڕاستەی کۆڵانەکەوە، مووسا بەرەو ڕوویان ئەهات. گەیشت، ئێوارەباشی کرد و هەواڵی خاکی پرسی. نە نادعەلی لەوە ئەگەیشت کە چ پەیوەندییەکی بە جووتیاری ئالاجاقیەوە هەیە و نە قەدیر هەستی بەوە ئەکرد ڕووی دەمی مووسا لەو بێ. چونکە جەوان، لە کاتی تێپەڕیندا شتێکی وتبوو:

ــ بوندار کاری پیەتی!
ــ «بلا بڕوات!»

قەدیر، قولاپی پەنجەکانی لە پشتەوە و کاکیلەکانی ڕێک گووشا، دوو بزماری ڕەشی نیگای چەقاندە ناوچەوانی مووسا و مووسا لە بن قورسایی ترسناکی نیگای قەدیردا، دوو سێ هەنگاو پاشەوپاش چوو و بە بێئەڤان زمانی بە گلەیی هەڵبڕی و بە هەمان شەڵەژاوی کە ئەوی داگرتبوو، وتی:

ــ پێموابێ ئەیانەوێ خانە نشینی بکەن!

مووسا، ئەم قسانەی بە کێ ئەوت؟

تۆ بڵێی لە بەر ئەوە نەیوتبێ خۆی لە کەڵەوەی چاوە سەیرەکانی قەدیر و بێدەنگیە ترسناکەکەی دەرباز بکات؟

وابوو و جگە لەمە نەبوو. چونکە مووسا ئەوسا توانی ڕوو لە قەدیر وەرگێڕێ و تیژی بکات کە قەدیر نیگای لێوەرگێڕا و لەتەک نادعەلیەوە کەوتەڕێ بە بێ گوێدانە پرتە و بۆڵەکانی:

ــ ئاو کە لە سەر تێپەڕی، چ گەزێک و چ سەد گەز. هەهـ. پرسە بۆ دایکی من!... ئاخرەکەی سەرێک پێکەوە ئەچین بۆ مەشهەد. ئەم مەرگەش ئەبێ لە بیر بەرمەوە. بە تەتۆم ڕاسپاردووە کاژیلەکان پەروار بکات بۆ ئەوەی بیانفرۆشم. کلیلی هەمارەکەشم داوە بە خۆی. پیاوێکی بە ئەمەگە. وەکوو سەگ وایە. دەستی خوار نییە. قەت نەمبینیوە. سەدساڵیش ئەگەر منی لێ نەبم، تاقە دانەیەک گەنم خەسار ناکا. هەرچەن هەمارەکەشم زۆر پڕ نییە. پەروارەکان لە ناوەڕاستی زستاندا باش ئەکرن. بەڵام تا ئەو کاتە ڕایانناگرم. مانگێک. تا مانگێکی‌تر. چلەی دایکم. بۆ چیمە کاری ئەم دنیایە و دارایی ئەم دنیایە؟! هەموو ساڵێک لەم وەرزەدا ڕەوزەخوێنتان بۆ ئەهێنێ ئالاجاقی؟

بەو بێدەنگیەوە کە وا پێ ئەچوو قەدیر نایەوێ بیشکێنێ، لە قەڵاچیمەن دەرکەوتبوون و ئەوا لە سەر گردی گڵەسوورە وەستابوون و ئەیانڕوانی بە سەر دەشتدا. لە دووری دوور گڕی

فانۆسێک ئەلەرزا. جووتیارێک، ئاوی ئەدێرا. قەدیر دانیشت، نادعەلیش. شەو پارچە ببوو بە پارە هەور و مانگی شکاو و گەشتی ئەستێرەکانیان لێڵ کردبوو. قەدیر نیوە سیگارێکی لە گیرفانی ئێلەکەکەی دەرهێنا و دایگیراند. بێدەنگیەکەی قەدیر، نادعەلی لە قسە خستبوو. بۆیە وتی:

ــ بەیانی... ئەگەر کەوتمە ڕێ بەرەو چوارگوێشلی، دیسانەوەش... هەرچەند ڕایاننەگرتوویت بۆ دروێنە کردن، لەگەڵم نایەی؟

ــ نەء! من لە قەڵاچیمەن ئەمێنمەوە!

وەڵامەکەی ڕەق بوو. نادعەلی ئیتر هیچی نەوت. بنە سیگارەکەی لە قەدیر وەرگرت، نای بە لێویەوە و هەڵسا:

ــ تۆ لێرە ئەبی؟

ــ نەء!

گەڕانەوە. بێدەنگی، قەڵات و کۆڵان و ماڵی بوندار.

نادعەلی نە زۆر کامەران، لە جۆگەی ئاوەکە پەڕیەوە و لەتی دەرگاکەی کردەوە. لەم کاتەدا عەلی خاکی لە دەرگای ماڵی بوندار هاتە دەرەوە و دەرگاکە بە دوایدا داخرا. خاکی ڕێی خۆی گرت و قەدیر هەستی کرد لەگەڵ کابرای جووتیار شان بە شان ئەڕوا. لەبەری چەپی جۆگەکە و لەگەڵ خوڕەی ئاوی سەربەرەوخوار. ئەوا تەنها قەدیر خامۆش نەبوو، خاکیش بەو ڕادەیە خامۆش بوو و لە ناو خۆیدا. سەری خستبوویە ناو شانەکانی، دەستی هەڵپێکا بوو لە پشتەوە و چاو و نیگای لە سەر خاکی ئاشنای کۆڵانەکە. بەس جۆگەی ئاوەکە بوو بە نێوان دوو پیاودا ئەرۆیشت. زەمزەمەیەکی یەکدەست و ئارامی هەبوو و وا پێ ئەچوو ئەو دووانە هیچ نیازێکیان بە وتووێژ لەگەڵ یەکدی نییە، هەرچەند بە دەردێکەوە ئەتلانەوە.

قەدیر بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت و خاکی بای دایەوە بۆ ماڵی بەڵخی. خامۆشی شەقاری برد بە دوو لادا.

کچەکانی بەڵخی خەوتبوون. شەکەتی کاری ڕۆژ و پشوودان بۆ کاری بەیانی. بەڵخی خۆی بەخەبەر بوو. دانیشتبوو و چاوەڕێ لە سەر لێژایی نەرمی بەرهەیوانی بەر ژوورەکە. خۆی دابوو بە سەر ئانیشکی‌دا و تەزبێحە دەنک درشتەکەی ئەگەڕان کە وا دیار بوو دروێنە پەکی پێ خستبوو و هەوڵی ئەدا ئەو کێماسیە لە ماوەیەکی کورت‌دا قەرەبوو بکاتەوە.

ــ دەریان کردی، ئەریێ؟!

خاکی بەرامبەر بەڵخی لە سەر عەرزەکە دانیشت و پرسی:

ــ بەرات ڕۆیشتەوە؟

بەڵخی خەریکی گەڕانی تەزبێحەکەی، سەرێکی بە ئەرێ لەقاند و بزەیەک لە وشەی‌دا، وتی:

ــ ئەزانم! باسی بوو. نەبوو؟

خاکی، نەرمە کڵۆیەکی بە سەری پەنجەی کرد بە خۆڵ و وتی:

ــ دیار بوو. دەمێکە بوو، ئەزانرا. خۆت خۆ ئاگات لێ بوو. دروێنەش کە دەستی پێکرد منیان بانگ نەکرد بۆ دەشت. منیش ئەمڕۆ گاکانم کەڵەوە کرد و بردیانم بۆ شێوەردەکە. بەڵام بەر لە نیوەڕۆ پەیام هات گاکان ببەمەوە بۆ ئاغەڵ. منیش گاکانم گەڕاندەوە. کردیانم بە ئاغەڵدا و لێی خەوتم. کە دەرگاکەم بە دوای خۆم‌دا داخست، ماهدەروێشم بینی بە سواری کەرەکەی خەریک بوو ئەرۆیشت. بەڵام دڵی ئەوەم نەبوو بگەڕێمەوە بۆ کۆڵان و شتێکی پێ بڵێم. پیاو بڵێ چی؟ چیم پێ بوتایەت؟ مرۆڤ کاتێکە ناتوانێت کارێک بۆ یەکێکی‌تر بکات، کاتێکە هیچی لەدەس نایەت، لە خۆشی تەرێق ئەبێتەوە. ڕاستەکەی شەرمم کرد. دەرگام داخست و لێیگەڕام بڕوا بە دوای بەختی خۆی‌دا.

بەڵخی سەرە گەورەکەی بەرز کردەوە، لە بن برۆ خەنجەرییەکەیەوە سەیری خاکی کرد و وتی:

ــ هەمووی لەو بیرەدام کە دەرکردنی تۆ لە جووتێری، ئەویش

بەر لەوەی وەرز بگەڕێتەوە و خەرمان هەڵبگیرێت، لە بەر ئەوەیە کە ئەیانەوێ گەنم و کا بە بێ سەرئێشە ببەن بۆ هەمارەکانی زەعفەرانی. ڕەنگیشە بۆ هەمارەکانی موغیسە.

ــ ڕەنگە! بەڵام تا هەڵگرتنی خەرمان، من جووتیاری ئەم بەروبوومەم کە چاندوومە و بەشم پێوەی هەیە.

ــ منیش لەو ئەندێشەدام، بەڵام...

ــ بەڵامی نییە. من بە ئەندازەی توانای خۆم و بەقەد بەشی خۆم بەر بەو کارە ئەگرم!

بەڵخی جێگۆڕکێی کرد. دەنکێک مێوژی خستە دەمی و دەنکێکی خستە ناو دەستی خاکی و وتی:

ــ ستار ئەبێ لەم ڕۆژانەدا سەر هەڵداتەوە.

خاکی دەنکە مێوژەکەی بە پەنجە گووشی و وتی:

ــ من ئیتر ئەو عەلی خاکیەی ساڵانی پێشوو نیم کە بەشی جووتیارییەکەم وەکوو گەداکان، پێنج مەن پێنج مەن لە گزیرەکان وەربگرم. کاتی کێشەی خەرمان ڕەشمەی کەری ئاغەیی ئەگرم و ئەیبەمەوە بۆ ماڵی خۆم. بەش و مافی خۆمە. چی ئەبێ با ببێ. شەڕ لە لایەک و شیوەن لە لایەک. ئاو کە لە سەر لایدا، چ بستێک و چ سەد بست. چی ئەبێ با ببێ.

بەڵخی هەڵسابوو. خاکی، تۆزێ بە سەرسووڕمانەوە سەیری کرد. ئەتوت چاوەڕێی وەڵامێک ئەکات. بەڵام بەڵخی ئەندێشەی لە شوێنێکیتر بوو.

ــ وەرە، وەرە لەگەڵم!

خاکی هەڵسا و بە دوای بەڵخیدا کە فانۆس بەدەس بۆ وشترخان ئەچوو، ڕۆیشت. لە ناو وشترخان، ژنەکەی بەڵخی لە بن ئاخوڕەکە دانیشتبوو و سەری نابوویە سەر لێواری ئاخوڕەکە. بەڵخی لای ئاخوڕەکە وەستا و فانۆسی بردە نزیک ڕوخساری خەزووریەوە و بە خاکی وت:

ــ وابزانم هەر دویشەو مردبێ. دابووی لە سەرم بچم بۆ لای

ئاغەی ڕەوزەخوێن و داوای لێبکەم بۆ شۆردن و ناشتنی. بەڵام زانیم کە ئەو ناچارە بڕوات. بۆیە ئەبێ بە بابە گوڵاوی خۆمان ڕازی ببین.

بەڵخی، لە بێدەنگی حەپەساوی خاکیدا، دەستی لە لێواری شکاوی ئاخوڕەکە بەردا، شانی ڕاست کردەوە و وتی:

ـ سەیرکە تۆ بیت و خوا! تۆ بڵێ ئاخر ئەم ڕۆژانەش کاتی مردنە؟

خاکی هیچی نەوت. ژنی گۆدەرز هەروا لە بەر ئاخوڕەکە، لە نزیکی باوکیەوە سەری نابوویەوە و خەوی لێکەوتبوو. بەڵخی بن باڵی ژنەکەی گرت و بەرزی کردەوە. خاکی فانۆسەکەی لە دەستی بەڵخی وەرگرت، بۆ ئەوەی ئەو بتوانێ بە یارمەتی هەر دوو دەست ژنەکەی بباتە دەرەوە. لەودیو دەرگاکە، بەڵخی ئەماژەی بە هەڤاڵەکەی کرد زنجیری دەرگاکە داخات و خۆی ژنەکەی بەرەو ژووری خەوتن برد تا لە سەر جێگەکەی بیخەوێنێ. خاکی تا نزیک بەرهەیوانەکە چوو و لەوێ مایەوە. بەڵخی پاش خەواندنی ژنەکەی هاتەوە دەرەوە و وتی:

ـ نەمهێشت مناڵەکان بزانن. با بڕۆین بابە گوڵاو بانگ بکەین قورئانێک لە سەر سەری بخوێنێ تا بەیانی.

خاکی کەوتە تەکی. چوونە دەرەوە. لە کۆڵان بەڵخی هەڵوستەیەکی کرد، سەیری ماڵی کەلایی خوادادی کرد و وتی:

ـ هێشتاش حەز ئەکەم لەم قەدیرە تێبگەیەنم گلەیی لە ئێمە نەکات. نەمتوانی تێی بگەیەنم کە دەستی‌تر ئەویان دەرکردوە. خۆشی ئەوە ئەزانێ. بەڵام مرۆڤێکی حول‌حولیە. تا خراپ وەستابێ، ڕێگەی بیری چاک نادا خۆی بکا بە مێشکیدا. بڕۆین.

قەدیر، دەرگای لێ نەکردنەوە.

«ئای‌ی... براینە! ئەم گەنمانە زمانیان هەیە! ڕق و تووڕەیی و سزا!»

# بەشی بیستەم

## بەندی یەکەم

قەدیری کەلایی خواداد، لە چالاّیی نێوان دوو گومەزی بانەکە بە تەختی سینەدا ڕاکشابوو، دەستەکانی لە سەر گوێسوانەی بانەکە کرد بە خاچ، چەناگەی تیژی نایە سەر پشتی دەستی و چاوی بڕییە ئاپۆرەی ناو حەوشە. بە هەست و نیگایەکەوە کە خۆشی نەی ئەناسی ئایە جەخاراوییە، ڕقەبەرانەیە یان درێخ ئامێز؟ زۆر خامۆش و ڕەق و دژ، وەکوو شەو و بەرد. چەق و دەماری کشاو و شەویلکەی لێک قفڵ ببوون. زیاتر لە هەموو هەست و دارەتێک خۆی بە بێگانە و نیگای خۆی ئاوێتە بە ژەهری تەوس و پلاری شاراوەی ناخی ڕەشی ئەزانی. بێزار و لە هەمان کاتیشدا پەیجوور. دەردی لە مەردم دابڕان، بەرپلاری هەمان خەڵک. بە حەزی تاسەباری لە ناو خەڵکدا بوون و، لە ناو خەڵکدا نەبوو. قورسایی ململانێ و گرێ کوێرەی بەربەرەکانێی خۆی. بێزار و بەمەراق. سووکایەتی پێکراو و سووک بین. پڕ لە نەفرەت و داخدار. بێزەونی و شەوقی سەرکوتکراو. حەز و بێزەونی. تاسەی بوون و ڕاکردن لەبوون. بیانوو گرتن، بەهانەگر، بەئازار، قینەبەر و لە هەموو کاتێکدا، خۆشکێن. شکاو. دڵ بەنەفرەت و سووکایەتی و بێزەونی و پەشیمانی. ناکام و ڕق لە دڵ و بێگانە. بێگانە لەگەڵ خۆ. بێگانە لەگەڵ کەسوکار، بێگانە لەگەڵ برا، باوک، دۆست و هەڤاڵ، بێگانە لەگەڵ جەماوەر، بێگانە لەگەڵ قەلاّچیمەن

و خەڵکی قەڵاچیمەن. لە دۆست تا دوژمن. کە وا بوو دوژمن. چونکە لە سنووری بێگانەیی، مەگەر لە شێتی و بۆ شێی، ئەگینا ناتوانێ زۆری لێ بوەستێ. چونکە یان ئەبێ بۆ خزمایەتی هەنگاو هەڵگرێ و یان بۆ دوژمنی دەس هەڵێنێ. ئێستە، دوژمنی. دوژمنی تەنانەت لەگەڵ گۆدەرزی بەڵخیش. بەڵخی بە قەدیر، لە خودی خۆی بە خۆی هەرگیز نزیکتر نەبوو.

ــ ئێمە... ئێمە هیچمان نییە بمانەوێ لەم و لەوی بشارینەوە، پێویستمان بەم چاوشارکێیە نییە. چونکە لەم قەڵاچیمەنە -پەرژینی قایم بێ- پیاو ئەگەر شەو لە بن لێفەکەی ترێک بداتەوە، بەیانیەکەی هەموو خەڵکی پێیان زانیووە. ئیتر شاردنەوەی بۆ چییە؟ کێ هەیە لەم گوندەدا من نەناسێ؟ لە دۆست و دوژمن، کێ هەیە گۆدەرزی بەڵخی نەناسێ؟ ئەی بۆ ئەبێ بیشارینەوە؟ ئێمە خۆ نامانەوێ وشتر بدزین! بە پێچەوانە ئەمانەوێ شوێنی وشترە دزراوەکەی خۆمان بدۆزینەوە. لە ڕاستیدا ئێمە ئەمانەوێ دز، دزی ڕاستەقینە بدۆزینەوە و پیشانی ئەوانیتری بدەین. سەرۆکی دزەکان!

تەنها ئەولحسێنی مێلووره و بابقولی بوندار نەهاتبوون و، قەدیر نەی ئەبینین. نەبوون. ئەوانی دی، ئەوەی قاچی ڕێکردنی هەبوو، لە دۆست و دوژمن لە حەوشە بێ دەر و دیوارەکەی ماڵی گۆدەرزی بەڵخی کۆ ببوونەوە. خودییەکان لە ڕووناکی ناوبەناوی فانۆسەکاندا، ڕوخساریان خۆیا بوو و ئەوانیتر بەڵام زۆر حەزیان لەوە نەبوو دەرکەون و لە تاریک و ڕوونی گۆشە و کەناری حەوشە، لێڵیان ئەکردەوە. ون بوون، مەگەر شەیدای بوندار کە شانی دابوو بە دیوارەکەوە و دەست و بازووی لێک هەڵپێکابوو. بە بێ ئەوەی چاوەکانی بتوانێ کەسێک یان شتێک بەجوانی لێک بکاتەوە و بناسێتەوە، بە هۆی ترس و هەوا و هاڵاوی ئاپۆرەکەوە.

ــ دێینە ئەم دنیایە، بە کڵۆڵی ڕۆژگار ئەگوزەرێنین، تەمەنمان ئەبەینە سەر و کۆتاییەکەی، کاتێکە خەریکین دوا هەناسە

ئەدەین ئەکەوێتەوە بیرمان کە جارێکیش تەنانەت خۆشی ئەم دنیایەمان نەچەشتووە. ئەوە هیچ، کاتێکە دوا هەناسەمان ئەکێشین، تازە دێتەوە بیرمان کە نەمانزانیوە بۆچی هاتووینەتە ئەم دنیایە، بۆچی ئەو هەموو ڕەنج و ئازارەمان کێشاوە و پاش ئێمە مناڵەکانمان بۆچی ئەبێ هەمان ئەو ئازار و قوڕ بە سەرییە بکێشن! مامی من، خەزووری من، باوکی ژنەکەم، بەر لە مردنی، شەوی دروێنە مرد. شەوی یەکەمی دروێنە. خوا لێی خۆش بێ لەگەڵ مردووی ئێوە. کاتێکە خەریک بوو ئەمرد، من بینیم و زانیم کە پیرەمێرد کەوتبوویە بیری ئەوە و گوێم لێ بوو باسی ئەو بابەتەی ئەکرد. لەو شەوەوە ئەم بیرە، بیری ئەوەی کە «ئەم هەموو بەدبەختی و قوڕ بە سەرییە لە بەر چی؟» بۆ تاوێکیش لێم نەگەڕاوە. من... دروێنەوانێکی...

مووسا چای ئەگەڕان و میرزای دەلاک، لای کوانووەکە و نزیک کترییەکان دانیشتبوو و سیگاری ئەکێشا. قەدیری کەلایی خواداد تەنها نووکی سیگار و گوڵێنگی کلێتەکەی ئەبینی. عەباسجان لە قەراخی چاڵەکە دانیشتبوو و قەدیر ئەیبینی دەرەلنگی شەرواڵەکەی مووسای گرتووە و داوای پیاڵەیەک چای لێ ئەکا:

ــ دەس خۆش وەستا مووسا!

شەیدا، زیاتریش ئەیدا بەچاودا. پێی گۆڕابوو و هەر دوو شانی نابوو بە دیوارەکەوە و دەستەکانی هەروا بازوویان گرتبوو و ڕاست سەیری نیوروخی بەڵخی ئەکرد و لێوی خوارەوەی بە ددان گرتبوو.

بەڵخی درێژەی بە قسەکانی دا:

ــ سەرتان نەیەشێنم. من وتاردان نازانم. چیتر ئەزانم کە دووەمەکەی وتاردان بێ! بەڵام مەبەستم ئەوەیە بڵێم دروێنە خەریکە تەواو ئەبێ و گێرە دەستی پێکردووە و چوار ڕۆژیتر شەن ئەکرێ و خۆیان ئەدرێ بە دەم باوە. گەنمی پاکەردە، وا بڕیارە لە سەر خەرمانەوە ببرێ بۆ زەعفەرانی یان نازانم کوێ و

بکرێتە هەمار. من ئەمەوێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە... کە ئێمەی خەڵکی قەڵاچیمەن مەگەر دزین کە ئەیانەوێ گەنمی پاکەردەی ئێمە لە سەر خەرمانەوە بار بکەن و بیبەن بۆ هەماریتر؟ تا ئێستە ڕووی داوە کە ئێمە، یەکێک لە ئێمەی خەڵکی ئەم گوندە دەستمان بۆ دەنکە گەنمێک بردبێ؟ ڕووی داوە بە دیواری خەڵکیدا هەڵگەڕابێتین؟ ڕووی داوە دەستمان بۆ تەڵە کایەک لە هەمارێکی ئاغە، خەرمان یان دەشتی ئاغەیی بردبێ، بە بێ ئەوەی ڕەوا-ناڕەوامان لێکردبێ؟ بووە؟!

ــ نا!

ــ ئەی کێ لەم قەڵاچیمەنە دزە؟ دز کێیە؟ جگە لەوەیە کە خۆیان لە خۆیان بەگومانن؟ جگە لەوەیە کە دزەکانن خەڵکی بە دز دائەنێن، جگە لەمەیە؟!

ــ دەم خۆش!

بەڵخی درێژەی دا:

ــ من... من خۆم پاڵەم. ڕەشاییەکی ئاتاجی دروێنەوان. من و چەن سەر خێزان و نانخۆرم زۆرە. من مزی دروێنە کردنی خۆمم یەکجێ ئەوێ، لە سەر خەرمان! من ناهێڵم مزی ڕەنجکێشانی من بار بکەن و بیبەن لە هەر کوێ پێیان خۆش بوو کەڵەکەی بکەن و پاشان من ناچار ببم توورەکەی گەدایی بدەم بە شانمدا و بکەومە ڕێ بە دوای کارمزی خۆمدا و وەکوو سواڵ وەری بگرم؟ جووتیارەکانیش هەروەها! پەیامیان بۆ ناردووین کە ئەبێ بڕۆین بۆ کاروانسەرای زەعفەرانی و بە نۆرە، ئەویش نەک بەجارێک، بەڵکوو بە چوار جار مزی خۆمان لە کوێخای زەعفەرانی وەربگرین! بۆ لە کوێخای زەعفەرانی؟ لە قەڵاچیمەن کار بکەین و بچین کرێی دەسیمان لە زەعفەرانی وەربگرین؟! چ ڕازێک لەمکارەدا هەیە کە ئێمە ئەبێ نەیزانین؟ ئێمە لەو سەگانەین کە لە ماڵی خۆیان کەڵەگاییان پێ ناکرێ، چ بگا بەوەی لە ماڵی خەڵکیدا!...

بەڵخی سەری بۆ لای چەپ سووڕاند، بەچاو خاکی دۆزییەوە

و وتی:

ــ وەرە قسەی خۆت بکە تۆیش! وەرە. هەڵسە ئیتر. با ئێمەش لە هەموو ژیانی خۆماندا قسەیەکمان کردبێ.

قەدیر، کڵاوەکەی خاکی ئەبینی و ئەوانیتر بە بینینی ئەو ملیان ئەکێشا بۆ ئەوەی لە ناو حەشاماتەکەدا باشتر ببینن. مووسا ڕێگەی بۆ خاکی کردەوە بۆ ئەوەی بەرەو بەرزایی بەردەرگاکە بچێ. بەڵخی شوێنی بۆ کردەوە و شەیدا پێی گۆڕی و عەباسجان لە ناو شانە داتەکاوەکانیەوە ملی ئەکێشا و ستار چاوی لە ڕەفتار و کرداری عەلی خاکی نەئەترووکاند و وا پێ ئەچوو ترپەی دڵی توندی کردووە. ڕوخ و نیگای قەدیر لەگەڵ ئاقاری ڕۆیشتنەکەی خاکی لە بن دیواری وشترخانەکەوە بەرەو بەرزایی بەرهەیوانەکە، خوار بوو.

عەلی خاکی، ڕەنگ پەڕیو و تۆزێک هەڵچوو، بە چرۆچاوێکی مات و خاکی ڕەنگ، لە سەر بەرزایی بەرهەیوانەکە وەستا و ئەتوت گیرۆدەی تاقیکردنەوەیەکی دژوار بوو، چاوی بڕییە ئاپۆرەکە. بەڵام نەک چاو ببڕێتە چاو و ڕوخساری خەڵکەکە، بەڵکوو بۆ سەر سەریان، بۆ تۆپەڵەیەکی تێکچڕژاو کە لە بەرچاوی ڕواڵەتێکی ڕوونیان نەبوو. ڕەنگە هەرگیز بیری لەوە نەکردبۆوە، نەتوانێ بڕوانێتە ناوچاوی ئەو خەڵکەی تەمەنێک لەگەڵیان ژیاوە و لە ناویاندا بووە. ئەتوت کارێکی گرانی لەبەرە. پەنجەکانی کە هەر لە سەرەتاوە لێکی هەڵپێکابوون، تەقاندنی. بە بێ ئەڤان چاوی ترووکاند و لێوەکانی کە لە هەمیشە وشکتر ببوو بە نووکی زمانی تەڕکرد و ڕاما کە چۆن و لە کوێوە دەست پێ بکا.

تاجعەلی کۆڵبەر کە لەبەردەم شەیدا دانیشتبوو، قنچکە سیگارەکەی بە بنی گیوەکەی کوژاندەوە، تفی قوت دا و چاوی ترووکاند. بەراتعەلی سالار ڕەزاق قامکەکانی لێک هەڵپێکا و نووکی زمانی هێنا بە لێویدا. عەبدولە ڕەش چاوی لە ڕوخساری گڕگرتووی خاکی، ئانیشکێکی کوتایە لاکەلەکەی تاجعەلی و

وتی:

ــ گرێوت لەگەڵ ئەکەم زمانی چووەتە بەس!

دلاوەر دەستی برد بۆ ناو یەخەی، تووکی سەرسینگی خوراند و هەناسەی ئازاد کرد. خاڵۆی قەدیر بە ئەولحەمی قاتمەی وت:

ــ خەرمان بە هەموو بزنێک ناکوترێ، هەڵسە با بڕۆین!

خاڵۆی قەدیر ئەگەر هەڵسایەت و جووڵەیەک بکەوتایەتە ناو ئاپۆرەکە، ڕەنگە کارەکە ئاسانتر ببوایەت. ئەم کاردانەوەیە ڕەنگە پڵتۆکێک بوایە بۆ ڕاچڵەکاندنی مێشک و زمانی خاکی. بەڵام بەراتعەلی سالار ناخودئاگا قۆڵی دلاوەری گرت و لە سەر جێی خۆی ڕایگرت و بێدەنگی کوشندە درێژەی کێشا. لەم نێوانەدا عەلی خاکی کە ئەتوت مێشکی لە هەموو ئەندێشەیێک بەتاڵ بووە، هەروا لە سەر شوێنی خۆی وەستابوو و لە دەروونەوە گووشرابوو و بێ ئوقرە و بێ ئەڤان پەنجەکانی لێک هەڵئەگلۆفی و لەپەسا لێوە وشکەکانی تەڕ ئەکرد و تفی نەبووی ناو دەمی وشکی قووت ئەدا، ئەوەندە بە دژواریی وەک بڵێی خاک لە گەرووی‌دا گیری کردووە. ئەوەندە دامابوو وردە وردە خەریک بوو قەراخ دەمی ئەکەوتە لەرزین. لەو جۆرەی کە مناڵێک لە ترسی گەورەتر لە خۆی تووشی لێو لەرزین بووبێ.

قەدیر، چەناگەی لە سەر پشتی دەستی و نیگای لە کڵاو و شانی خاکی کە ئەتوت کلۆن و خەریکن ئەتلیسێنەوە، تفی دەمی قووت دا و چاوی ترووکاند. بەراتعەلی سالار ڕەزاق، ددانی لە کیڕەوە هێنا و بۆڵەیەک لە بەر خۆیەوە،پڕ بەدڵ وتی:

«یەکێک! یەکێک کارێک بکات، ئاخر!»

شەیدا قولاپی دەست و بازووی کردەوە و پەنجە گەورەی لە گوڵی قایشی کەمەری گرێ دا. گرێی دەسرەی هەورێشمی دەور ملی شل کردەوە و ڕوخساری خۆبەخۆ کرایەوە. مۆنی هەنیە و گرژیی برۆکانی ڕەوایەوە و نیگای، بە نیشانەی سەرکەوتن، نموودێکی تری بە خۆیەوە گرت. لەو بابەتەی کە ئەیویست دوا

وزەی پیاوی زمان لە گۆ کەوتوو وردوخاش بکات:

ــ بڵێ، بە هەموویان بڵێ عەلی! ئێمە سوێندمان خواردووە!

خاکی لای شانیەوە سەیرێکی بەڵخی کرد، بەڵخی بە توندی قۆڵی گووشی و دیسانەوە وتی:

ــ مەترسە، بڵێ! ئێمەش کەم نین، ئێمە زیاترین!

خاکی ڕووی لە بەڵخی وەرگێڕا، جارێکیتر تفی قووت دا و بە بێ ئەوەی بتوانێ بەرگری لە لەرزینی قەراخی لێوەکانی بکات، زۆر بە دژواری زمانی هەڵپچڕی:

ــ ئێمە سوێندمان خواردووە. ئێمە سوێندمان خواردووە کە کارەکە... کە کاری خۆمان -بەهیوای خوا- جێبەجێ بکەین. من... من هێشتا... من هێشتا...

لە ناو خەڵکەکەوە، بەراتعەلی سالار هاواری کرد:

ــ قسە بکە پیاو! خۆ ناتەوێ باسی زانستی کەسنەزان بکەی؟ قسەکەت بکە، قسەی دڵت بڵێ. زمانت بکەرەوە و ڕێگە بدە قسەکانت ڕێ دەرباز بکەن! قسە بکە، بڵێ!

خاکی تەڕایی سیلەی چاوەکانی بە بەری دەستە زبرەکەی سڕییەوە و وتی:

ــ م... من دوانزە ساڵە لە سەر زەوی ئاغەیی کار ئەکەم. هەمووتان من ئەناسن. من... من ئامادەم دەست بدەم بە قورئاندا، من ئامادەم دەست بدەم بە سەر بەرەکەتی خوادا، دەست بدەم بە سەر منداڵمدا و سوێند بخۆم... من سوێند ئەخۆم، منداڵەکانم لە بەر چاومدا پەڕ و پۆیان هەڵوەرێ ئەگەر بەقەد دەنکە جۆیەک درۆ لە قسەکانمدا هەبێ. سوێند بێ بە گڕی ئەم چرایە ئەوا دوانزە ساڵە و لە هەموو ئەم ساڵانەدا دەنکە جۆیەک یان پەڕی کایەک لە ماڵی ئاغەم ڕەوا-ناڕەوا نەکردووە. هەمووتان، ئێوە... من ئەناسن. هەقاڵەکانی دەشت و دەری من، من ئەناسن. ئێستەش زۆربەیان لێرەن و شایەتن، ئەتوانن هەر لێرە گەواهی بدەن کە من لە کارەکەمدا... هەم ئەوەی کە چاو و دڵم هیچکات

لە ماڵی ئاغە، لە ماڵی هیچ کەس نەبووە. هیچ کاتیش قورسایی کارەکەم نەداوە بە شانی هەڤاڵەکانمدا، هەمیشەی خوایش... حەزم کردووە بەرهەمێکی زیاتر وەبەر بێنم. بەڵام... بەڵام...

مووسا پەرداخێک ئاوی دەست بە دەست گەیاندە خاکی. خاکی زمان و گەرووی تازە کردەوە و درێژەی دا:

ـ ئێستەش... ئێستەش ئەوا هاتوون و بە من ئەڵێن پێمەرەکەت دابنێ! پێم ئەڵێن برۆ لە ماڵەوە دابنیشە! وەکوو ئاو خواردنەوەیە بۆیان. ڕاستە و ڕاست سەیری ناوچای مرۆڤ ئەکەن و ئەڵێن لە بەیانیەوە نان مەخۆ. دەمت ببەستە و نان مەخۆ! ئەی بەشە مافی جووتێری من چی لێدێ؟... ئەوسا ئەشیانەوێ گەنمی پاکەردە لێرەوە بگوێزنەوە بۆ هەمارەکانی زەعفەرانی. جا ئێمەش ئەبێ بکەوینە دوایان و بڕۆین بۆ ئەوەی مزی جووتێریمان سێ مەن پێنج مەن وەربگرین و بیکەین بە ئارد و بیدەینە دەرخواردی نانخۆرەکانمان! بەرەکەتی ئەو جۆرە گەنم و ئاردە لە کوێدایە؟ تا بیگەیەنینە سەر تەنوو، نیوەی ڕۆیشتووە! جگە لەوە جووتێک پێڵاویش ئەبێ لە ماوەی نێوان قەڵاچیمەن ـ زەعفەرانی بدڕێنین. ئەمەش لەبری سەتاپانزەی بەشی جووتیار و ئاوەدانی. ماڵەکانمان خەریکە ئەڕووخێ بە سەرماندا، مناڵمان دەرپێی لە پێیدا نییە. بە هۆی چڵک و گەن و گووژاڵەوە خەریکن خەنازیر ئەگرن. بەڵام... بەڵام ئەوان بە بیریشیاندا نایەت، نە گوێ لە قسەی خەڵک ئەگرن و نە لە قسەی حکوومەت. ئەی ئەو لە سەتاپانزەیە چی لێهات؟ ئەی ئەو ئاوەدانکردنەوەیە کوانێ؟ ئەی ئەو گفت و گەپانە بۆچی بوو؟ نەخێر، نەخێر برایان! من مزی ساڵانەی خۆم هەر لێرە ئەوێ. لە سەر خەرمان! لە دەنکە گەنمێکیش لا نادەم! تا بەشی جووتێری و لەسەتا پانزەی خۆم بە تەواوەتی و یەکجێ و هەر لێرە وەرنەگرم، ئەگەر خوێنیشم بڕژێ و مناڵەکانیشم هەتیو ببن، ناهێڵم هەگبەیەک گەنم بە کەری ئاغە لە سەر خەرمان بگوێزرێتەوە. بە عەلی مووسا سوێند بێ

مناڵەکانم هەڵئەدەمە ناو بڵێسەی ئاگر!

«ئاگر... خۆیەتی، ئاگر!»

قەدیری کەلایی خواداد بزەیەک کەوتە سەر لێوی، لە بەر خۆیەوە ورتەیەکی لێوەهات و بە نیشانەی نا سەری جووڵان. نەء، نەء. نەخێر ئەو نەی ئەویست بە گوێی ئەو گفت و قسانە بکات. ڕێگەشی نەئەدا ئەو جۆرە قسە و بۆچوونانە کاری تێبکات. نەء. تەنانەت ڕێگەی بە خۆی نەئەدا کەمترین پەیوەندی لەگەڵ هەق بوونی ئەو شتانەی لە لایەن عەلی خاکیەوە دەرئەبڕدرێ، هەست بکات. نە یەکدڵی و نە هاودڵی. خۆی نە لەگەڵ خاکی بە یەک ئەزانی و نە لەگەڵ ئەوانیتر و تەنانەت نە لەگەڵ خۆش نشینەکانییشدا. نەی ئەویست دەرچوو و داهات و زیانی خۆی لەگەڵ ئەواندا بکا بەیەک. جگە لەوەش، قەدیر هەموو ئەم شتانەی بە یاری ئەزانی. یارییەکی گاڵتەجار:

«گریمان مزی ساڵانەت یەکجێ و لێرەش وەرگرت، چ دەردێکت چارە ئەبێ مرۆڤی ساویلکە!»

چونکە نائومێدی و کینە، تا ئەوپەڕی خۆی لە ناخی قەدیردا هێلانەی کردبوو:

«هەم خۆتان کردووە بە گەپجاڕ و هەم دە قوڕ بە سەریتری وەکوو خۆتان؛ کەری خوا! سەیری ئەمەیان بکە!»

قۆیۆن جووتیاری شۆراویی ئەیویست بچێتە شوێنی خاکی:

ــ ڕەوا نییە میوان، ئامۆژگاریی خاوەن ماڵ بکات. من لێرە میوانم. ئێوە خانەخوێن. بەڵام چون هاودەردین منیش یەک دوو وشە ئەڵێم.

قەدیر، شەکەت و بێواز، بە بێ ئەوەی ئەو شتانەی تا ئێستە وترابوو کەمترین کاری تێکردبێ، چەنەی لە سەر پشتی هەڵگرت و خۆی کشاندەوە و پشتی دا بە ورگی گومەزی بانەکەوە، دەستی لە پشت سەری هەڵپێکا، پێڵووی نایە سەر یەک و ڕوخساری بەرەو ئاسمان ڕاما. ئیتر هیچی نەئەبینی. نە حەوشەی ماڵی

بەڵخی و نە ئەو خەڵکەی خڕ ببوونەوە. ئەوەی ئەیبینی، لە گومان و لە بیرەدا بوو. ڕاستیەکەی ئەوە بوو ئەی بیست، بەڵام حەزی لێنەبوو گوێ ڕابگرێ. وشەکان لەم گوێیەوە ئەهاتن و لەویترەوە دەرئەچوون و ئەو لە بیری خۆی و خەریکی کاری خۆی بوو. ئەوەی بەر گوێی ئەکەوت، وتار و قسەکانی قۆیۆن، جووتیاری شۆڕاوی بوو کە فارسی بە زاراوەی خوراسانی ئەوەندە بە خراپی ئەگوت کە ئازەری بە زاراوەی تورکی خوراسانی:

«...هەم گەدا. ئاو ئەدەین بە زەوی، ئەیکێڵین زەویەکە و ئەیچێنین و وەکوو خزن و چاکی بە دەوریدا ئەگەڕین و ئاگاداریی لێ ئەکەین. کاتی هەڵگرتنیش کۆی ئەکەینەوە و ئەیکوتین و خەلە ئامادە ئەکەین بۆ ئەوەی کەرەکانی ئاغە بێن و باری بکەن و بیبەن بۆ هەمار. ئەم کارانە هەمووی کە کرا ئەوسا تازە سواڵکردنی ئێمە دەس پێئەکا. ئیتر ئەبێ ئارەقە بڕێژین و ڕوو لە گزیر و سەرکار بخەین و بە تکا و پاڕانەوە، تۆزە تۆزە و بە دەسندە ماڵی خۆمان وەربگرین. بەڵام پاش ساڵێک ڕەنجکێشان، مرۆڤ حەز ئەکا چاوی بە دەمەن بار بکەوێ ئاخر! ئێمەی جووتیار...»

«دیسانەوەش هەمان قسەکانی پێشوو!»

قەدیر قولاپی پەنجەکانی لە پشت سەری کردەوە، پێڵووی بەرز کردەوە و ئوقرە لە بەر بڕاو پشتی لە گومەزی بانەکە کردەوە. دەستی لە دەور ئەژنۆی کرد بە کەڵەمە و چاوی بڕییە بەردەمی خۆی. ئەتوت دڕک لە چاویایەتی و تۆپەڵەیەک ئاگر دەروونی ئەهەژێنێ. جۆرێک شەڵەژان. لە ئاگری کینەیەکی بێبەزەییدا ئەسووتا. ئەبوا هەڵسێ و بچێ بە دوای کاری خۆیدا. بەڵام هەستێکی لەخۆوە ڕێگەی لە ڕۆیشتنی ئەگرت. ئەتوت ئەبێ تا کۆتایی ئەوەی لە ماڵی بەڵخی ڕوو ئەدا ڕاوەستێ و بۆی دەرکەوێ ئەنجامەکەی ئەبێ بە چی. لەو ڕووەوە کە بەرپا بوونی کۆڕێکی لەو بابەتە لە قەلاچیمەن بە ڕووداوێک ئەژمێردرا و ئەو، قەدیری کەلایی خواداد، سەرەڕای بێزاری و بێ پەیوەندی خۆی،

نەی ئەتوانی چاوپۆشی لێ بکات و لێی دوور بێ. بۆیە بە ناچار مابوویەوە و بەناچار بەر گوێی ئەکەوت. هەرچەند ڕا و بۆچوونی و بە ناچاریی ویست و بڕیاری نەگۆڕی خۆی سەبارەت بەو شتانەی کە وترا، لە پێشەوە دابوو:

ـ «سەرجەم نۆزدە جووتیارین ئێمە کە یەک لە پێنج بەشمان بەر ئەکەوێ. واتە ئێمەی نۆزدە کەس بەشێک لە بەرهەمەکە ئەبەین و ئاغە کە یەک کەسە چوار بەش ئەبا. سەد مەن گەنم ئەگەر لە بەرچاو بگرین، ئێمە بە نۆزدە کەس بیست مەن وەرئەگرین و ئاغە بە تەنها خۆی هەشتا مەن! بەو جۆرەی لێدێ کە من و نانخۆرەکانم یەک مەن لەو سەد مەنەم بەر ئەکەوێ و ئاغە هەشتا لە سەد مەن. ئەمەیە ویژدان و مرۆڤایەتی؟! بەو جیاوازییەوە کە منی تاقە کەس بە درێژایی ساڵ کار و بێگاری ئەکەم، بەڵام ئاغەی ئێمە تەنها لە تاپۆدا ئاگای لە سەروبنی زەوییەکانی هەیە. جگە لەوەش ئەمساڵ فەرمانی داوە مزی دەشتەوانیش لە خەرمان بدەین، یان خۆمان بە نۆرە دەشتەوانی بکەین! ڕەنگە ساڵی داهاتوو کرێی بارەبەر و شوان و کوێخاش ئێمە ئەبێ بیدەین؟! بەمەش ئەگەر ڕازی ببین، پێموانییە ئەو ڕازی ببێ. جگە لەمەش ساڵ بە دوانزە چاو لە دەس و ئاتاج ڕامان ئەگرێ. ڕاستیەکەی ئێمەی کردۆتە بەندە و خوڵامی خۆی. ئاتاجمان ئەکا بۆ ئەوەی هەمیشەی خوا دەستمان لە بن بەردی ئەودا بێ. ئاتاج تا ئەو ڕادەیە کە تەنها ژەمێکیش ورگمان تێر نەبێ. ئەوەندە چاولەدەس کە نەوێرین تەنانەت سەیریشی بکەین. ئیتر...»

قەدیر هەڵسا و بەرەو کۆڵان ڕۆیشت و لە سەر جۆگەکە دانیشت و گوێی لە زەمزەمەی ئاوەکە ڕاگرت. بەڵام زۆری پێ نەچوو دەنگی چەپڵەلێدان و پێکەنین و جەفەنگ و گۆڵمەز لە حەوشەی ماڵی بەڵخیەوە بەرز بوویەوە و بە دوایدا، قەدیر دەنگی لالای ناسیەوە کە ئەیوت:

ـ «شتێکیش دەربارەی ئێمە بڵێن. ئێمەی قەڵاسچن!»
ـ «خۆت، خۆت بڵێ لالا. ئەوە نییە خەریکی ئەیڵێی!»
ـ «ئەڵێم. بۆچی نەڵێم؟ مەگەر من زمانم نییە؟ یەکەمیان ئەوەی کە ئێمەش ئەبێ مافی ئەوەمان هەبێ بتوانین دروێنە بکەین. هەر کاممان کە ئەتوانێ. دووەمەکەی... ئێستە کە ئێمە قەڵاس کۆ ئەکەینەوە، دروێنەوان ئەبێ تۆزێ دەست و دڵی ئاوەڵە بێ. خۆ مرواری لە دەمی داسەکەیان داناوەرێ. تۆزێ جەربەزە و پیاوەتیان هەبێ و چوار گوڵە گەنم لە دەمی داسەکەیان هەڵوەرێنن، بۆ ئەوەی ئێمەش ناچار نەبین لە یەکدی بدزین. سێیەمەکەی ئەو جۆرە کەسانە ئەوەندە حەڵاڵ و حەرام نەدەن بە چاوماندا. چونکە ئێمە باش ئەزانین کە خۆیان ئەو هەموو داراییەیان بە ئارەقەی ناوچەوانیان نەناوە بەیەکەوە. ئێمە ئەزانین ئەو داراییە لە ڕێگەی ڕەوا و حەڵاڵەوە بەو جۆرە کەڵەکە نابێ. بەڵام بۆ ئەگاتە نۆرەی ئێمە ئەبێ بە شەڕی حەڵاڵ و حەرام؟! بۆچی ئەگەر وەلاخستنی گوڵە گەنمێک بێ بە حەرام حەسێب ئەکرێ، بەڵام ئەو کاتەی کە خەرمان خەرمان بێ بە حەڵاڵ ئەژمێردرێ؟ ئەرێ؟... وایە؟!»

قەدیر جارێکیتریش گەڕایەوە بۆ سەربان و ئەیبینی لالا لە ناو هەراوهوریا و چەپڵە لێدانی کۆڕەکەدا سمت با ئەدا و ئەڕوا بەرەو ئەو ژنانەی لای دیوارە ڕووخاوی دەرگای حەوشە وەستابوون.

ـ ڕەحمەت لەو شیرەی کە خواردووتە، لالا!
ـ بە ڕاستی ئافەرین، لالا!
ـ هوڕڕا... هوڕڕا... لالا!

شەیدا هەروا وەستابوو و سەیری ژنەکانی ئەکرد کە دەوری لالایان دابوو. خاڵۆی قەدیر سەری دانەواندبوو و قوربان بەلووچ، پێئەکەنی و ددانە سپیەکانی دیار بوون. گۆدەرزی بەڵخی، دەستی جووتیارێکی میوانی گرتبوو بە دەستیەوە و بە خۆشیەوە بەرەو دەرگا ئەیبرد و بە دەستەکەی تری داوای لە ئاپۆرەکە ئەکرد ئارام

بن:

ــ گوێ ڕاگرن، گوێ ڕابگرن! ئێستەش جەنابی... لە لایەن یەکێتی مەڵبەندی شامکۆوە قسەمان بۆ ئەکا.

قەدیر بینرا. قوربان بەلووچ چاوی پێی کەوت. عەباسجانیش بینی. ئیتر نەی ئەتوانی لە سەربان ڕاوەستێ. یان ئەبوا ون ببێ یان ئەوەی لە دیوارەکەوە بخزێتە خوارەوە و بێتە ناو کۆڕەکە. هەرچی چۆن بێ نەی ئەتوانی ئیتر لەوێ بمێنێتەوە. جووتیاری شامکانی کەوتبوویە ئاخافتن. خاڵۆی قەدیر هەڵسابوو و ئەیویست لە ناو دانیشتوانەوە خۆی بگەیەنێتە کۆڵان. قەدیر ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیشت تا لەو ڕێگەیەوە کە هاتبوو، بچێتەوە بۆ کۆڵان. لەوێ ئەیتوانی بڕیاری ڕۆیشتن یان نەڕۆیشتن بدات. دەنگی کابرای شامکانی لەو ئارامیەی بەرپا ببوو ئەبیسرا:

ــ «دوو دەستەیی، براینە. دووبەرەکی ئەو بەڵایەیە کە لەم ڕۆژانەدا پەرەی پێ ئەدەن...»

قەدیر ئیتر دانەنیشت. خۆی گەیاندە کۆڵان و لە بن دیوارەکەی پشت ماڵی بەڵخی ڕاوەستا. لە هەمانکاتدا، خاڵۆ داوەر لە ماڵی بەڵخی هاتە دەرەوە و لە کاتێکا قۆڵ و شەرواڵەکەی ئەتەکاند لە ناو کۆڵان کەوتە ڕێ. قەدیر هەروا لە بن دیوارەکە، لە سێبەری شەودا وەستابوو. خاڵۆی هات و بە بەردەمی‌دا تێپەڕی و ڕۆیشت. قەدیر بەرەو ماڵی بەڵخی ڕۆیشت و نزیک دەرگاکە، لای دیوارە ڕووخاو لە پشت سەری ژنەکانەوە وەستا. دەنگی جووتیاری شامکانی بە ڕوونی ئەبیسرا:

ــ «... بتەوێ و نەتەوێ لە هەر گوند و ئاواییەکدا ناکۆکیەک هەیە. بیانوویەک هەیە. ژیڵەمۆیەک لە بن خۆڵەمێش‌دا هەیە. ئاغەکان ئەو ژیڵەمۆیە ئەگەشێننەوە و دار و چیلکەی ئەخەنە سەر و باوەشێنی ئەکەن. بە کورتیەکەی ئەیانەوێ لە هەموو لایەک شەڕی حەیدەری - نەعمەتی هەڵگیرسێنن و سەرمان گەرم بکەن کە دار لە یەک بەرزەوە بکەین! یەکێک لە کوژراوەکانی

ئەم جۆرە جەنگە لە مەڵبەندی جوغتای، ژنێک بوو کە چوار مانگە دووگیان بوو. جا ئیتر حەسێبی لایەنەکانیتر بکەن.»

قەدیر لە بن دیوارە ڕووخاو، هەڵترووشکا و کەوتە کێشانی هێڵ و بازنەیەک وەکوو سەرگرمی. دەنگەکە گۆڕا و قەدیر ناسیەوە. ڕەنگە غەزەنفەری هاشماوایی بێ کە ستار لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ قەڵاچیمەن:

ــ «وەکوو مەڕی گێژ ئەمانبەنە سەر سنووقی دەنگدان! ئەمە چ واتایەکی هەیە؟ ئێمە لە کوێوە ئەیانناسین؟ تازە گیرام بشیان ناسین، ئەوان لە کوێ و ئێمە لە کوێ؟ ئێمەیان کردووە بە پێ پلیکانە و بە سەر پشتماندا ئەچنە سەر و چی و چی و چیتر. واتای ئەو کارەی کە ئێمە ئەیکەین چییە؟ واتای ئەوەیە کە ئێمە بووین بە ئامێری دەستی ئەوان. لەبری ئەوەی کە ببین بە دەسکەلای درۆزن و فێڵەبازەکان بۆچی بۆ کاری خۆمان هەنگاو هەڵنەگرین؟ یەکێتی...»

زۆربەی خەڵکی ناوچەکە غەزەنفەری هاشمئاواییان ئەناسی. پیاوێکی وردیلە و زیت و تیژ، بە مایەیەکی ئامادە بۆ جۆش و خرۆش و پەلاماردان. لە جێی خۆیدا بە یەکێک لە سەروزماندارترین کەسان ناسرابوو لە درێژەی ساڵاندا و بە تەواوەتی خۆی تەرخان کردبوو لە پێناوی بیروباوەڕیدا. بۆیەش بوو کە کوێخاکان و جەندەرمەکان غەزەنفەریان بە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕێکخستنی ئەم جۆرە "کۆڕ و کۆبوونەوانە" ئەناسی:

ــ «... چەندین جار لات و لووتەکانیان ناردۆتە گیانی من، بۆچی؟ لە بەر ئەوەی قسەری هەق ئەکەم. ئەبێ بڵێم. ڕاستەقینە ئەبێ بگوترێ. تا کەی ئەبێ سوارمان بن؟ تەنانەت قسەی خۆشیان نابەن بەڕێوە. مەگەر گەلاڵەی ڕێسای لە سەتاپانزە خۆیان نەیانبردۆتە پارلمان و پەسەندیان کردووە؟ بەڵام کاتی جێبەجێ کردنی هەزار بڕوبیانوو ئەهێننەوە. کاتی هەق دان ئەوەندە ئەنقێنن ئەڵێی ئەیانەوێ بزێن. بەڵام ئەبێ بزانن کە ئێمە

وەری ئەگرین. هەقی خۆمان بە تەواوەتی ئەسێنین. ئێمە پارەمان لایانە، قەرداریین. ئاگاتان لێیە؟! ئێمە لە گوندی خۆمان تێمان گەیاندن کە ئێرە سەر گەردەنە نییە وەرزا و وەرز بێن، تالانی بکەن و برۆن. زۆر سەیرە. بە درێژایی ساڵ ئەچن بە دوای ڕابواردنی خۆیاندا و... ئەوەندەی بەرهەم بەدی هات، وەکوو گیاکەڵە لەو عەرزەوە سەر دەرئەهێنن. هینەکەی ئێمە -بەقوربان خوای بم- لەگەڵ بازرگان دێتە سەر خەرمان و هەر لەوێ ئەیفرۆشێت و پارەکەی ئەبا بۆ قومار و کاریتر. هەڵبەت لەمەولا ئەبێ بەری پێ بگیرێت. دەوروبەری ماڵی خەڵکی خۆ شوێنی ڕابواردن نییە! هەڵئەسن لە قەراخ ئاوەکە فەرش ڕائەخەن و لۆتی ئەهێنن و ئەکەونە خواردنەوە و ڕابواردن. پەرژینی قایم بێ، ئێمەش بە گونیان نازانن. هەر ئەوەندە بڵێم کە ئێمە مافی خۆمان وەرئەگرین. چونکە هەق ئەبێ وەربگیرێ. تێگەیشتن؟! یەکێتی...»

ـ شیرین زمانی ئەکا! شیرین زمانی ئەکا!

قەدیر بە دەنگی کپی بوندار، سەری هەڵێنا و سەیری کرد. لەو بەری جۆگەی ئاوەکەوە ئاگری سیگارەکەی ئەبریسکایەوە -وەکوو شتێ- سەیدی تەلەفوونچی بە بێ جووڵە لە لایەوە وەستابوو:

ـ برۆین باشترە. گەرم داگیرساون. قڕە ساز ئەبێ.

لە کاتی کەوتنە ڕێدا بوندار ددانی لێک گیراند و وتی:

ـ بزا قن ڕووتی چۆن زمانیان دەرهێنا وە و خەریکن قسەی زل ئەکەن؟ یادت بەخێر ڕەزاخانی سپاسالار! لە کوێی کە خەڵکی لە ترسی تۆ لە باخەڵی ژنەکانیشیاندا ئەلەرزین!

قەدیر ڕووی لە ڕۆیشتنی بوندار وەرگێڕا و چۆوە ناو خۆی. شێوەی وتاردانەکەی غەزەنفەری هاشمئاوایی، زیاتر توند و هەڕەشەئامێز ببوو:

ـ «ئەمانترسێنن. لە هەموو شت ئەمانترسێنن. ئێمە ئەبێ لە چی بترسین؟ قوڕ بە سەرمان ئەگەر دەرەقەتی جەندەرمەی

شپرێو نەیەین. بۆچی کاتێکە لێک بەر ئەبین هەر هەموومان وەکوو بەران سەر ئەوەشێنین و کاتێکە ڕووبەڕووی ئەوان ئەبینەوە دەست و پێمان گۆچ ئەبێ؟ کە وا بوو ئێمە گۆپاڵەکانمان تەنها بۆ خۆمان خڕ کردووە. واتە ئەتوانین دارەکانمان لە سەر و بەچکی یەکدیدا بشکێنین و بەس؟! ئەی قوڕ بە سەرمان!... من خۆم لە بەرامبەر ئاغەکەماندا وەستام و پێموت ئەگەر بتەوێ دەسی دەسیمان پێ بکەی، ئەڕژین بە سەرتدا و ئەتکوژین. پێتان وایە وتی چی؟ نەیتوانی هیچ بڵێ. لاڵ بوو، لاڵ! سەری داخست و وەکوو مردوو چوو بۆ لای فایتوونەکەی. یەکێتی...»

چەپڵە بۆ غەزەنفەر لێدرا و هوڕڕایان کێشا. قەدیر پەنجەکانی لێک هەڵپێکا و تەقاندنی و بیستی لە ناو خەڵکەکەوە دەنگێک وتی:

ـ «شیرت حەڵاڵ غەزەنفەر، بڵێ! بڵێ!»

قەدیر گوێی لێ بوو غەزەنفەر سینەی ساف کرد و وتی:

ـ «حەیف کە ناتوانم ئەم کاغەزانە بخوێنمەوە و ئا لێرەدا ڕوونی بکەمەوە چ باسە. چی بکەم؟ ئاخر کەی هێشتیان ئێمە بچینە فێرگە؟ کەی هێشتیان ئێمە بخوێنین؟ کەی هێشتیان ئێمە سەرمان بلەقێنین و چاو و گوێمان بکرێتەوە؟ بە کوێری باریان هێناوین و ئێستەش ئەیانەوێ بە کەڕی ڕامان بگرن. مرۆڤ گریانی بۆ خۆی دێ. بە گری ئەم چرایە ئامادەم نیوەی بەری ڕەنجم بدەم بەو مەرجەی مناڵەکەم بتوانێ فێری خوێندن و نووسین بێ. بەڵام خۆیان، بۆ مناڵەکانی خۆیان کە مێشکیان پڕە لە بەز، بە نووکە چەقۆ نمرە وەرئەگرن یان بە ماست و قەیماخ و کاڵەک و بەرخ و کار. شایەتم هەیە. ئامادەیە لێرەکانێ و شایەتی ئەدا. جەنابی سەمەرقەندی خۆمان بەڕێوەبەری فێرگەیە و لەگەڵ ئێمە هاتووە ئەم لاپەڕانەمان بۆ شی بکاتەوە. هەمووی لێرەدا نووسراوە.»

قەدیر هەڵسا و سەرکەوتە سەر دیوارە ڕووخاو. لە سەر

یاڵی دیوارەکە وەکوو پشیلە بە چوار دەست و پێ چوو بۆ سەر بان و، لە شوێنێک کە بتوانێ چەنابی سەمەرقەندی ببینێ، هەڵترووشکا.

ــ من مامۆستام، خەڵکینە. لەوەی کە ئەبینم گوندەکەی ئێوەش وەکوو زۆربەی گوندەکانی ئەم وڵاتە، هێشتاش لە فێرگەیەکی سێ کلاسەش بێ بەشە لە ناخی دڵەوە غەمگینم و خۆم بە هاودەردی ئێوە ئەزانم. وڵاتی ئێمە پیاوان و تەنانەت ژنانی مەزنی لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کردووە. هەرچەن کەمیان لە تیغی جەللاد دەربازی بووە. بەڵام ئەمڕۆ تەنانەت دەرفەتی ئەوەش نادەن تا خەڵکی مەزن پەروەردە ببێ؛ چونکە بەر لەوەی پێ بگەن ئەیاندەن بەدەس جەللادەوە. لە سەردەمی ئێمەدا یەکێک لەو مرۆڤە مەزنانە، دکتۆر... بوو، کە مامۆستا بوو. ڕەنگە ئەم ناوە و ناوەکانیتر بۆ ئێوە ئاشنا نەبێ. هەرواشە. بەڵام ئێمە ئەبێ شانازییەکانی خۆمان بناسین. هەرچەن ئاغەکان ئەمکارەی ئێمەیان پێخۆش نییە. بەڵام چ کارێکی ئێمە هەیە ئەوان پێیان خۆش بێ؟ یەکێک لەو هەزاران تاوانانەی ئەمانە ئەوەیە کە خەڵکیان لە خۆیان و لە شانازییەکانیان دوور کردۆتەوە. کاریان ئەوە بووە تۆوی دوژمنی و دووبەرەکی بڵاو بکەنەوە. کینە و ڕقەبەری لە ناو خەڵکدا پەرە پێ بدەن. نەزانی و هەژاریی و بێ ڕەوشتی و خراپە...»

ڕاستیەکەی چەنابی سەمەرقەندی بۆ خۆی لە بەر چاوی خەڵکیدا وەک غەوارە خۆیای ئەکرد. لانیکەم، قەدیر وای ئەبینی و هەر لە سەرەتاشەوە زیاتر لەوەی گوێی لە قسەکانی بێ، لە کەسم و بیچمی سەمەرەی کابرا ورد ئەبوویەوە. ئەو بیچم و قەڵافەتەی کە جلەکانی لەبەریدا ئەگریان. جاکەتێکی کورتی ڕێڕێ، بۆینباخێکی گرێ ورد کە لە بن سێوکەی گەرووی، لە نێوان یەخەی کراسەکەیدا جێگیر ببوو. یەخەی کراسەکەی لە گوێچکەی کەروێشکێکی خۆڵەمێشی ئەچوون. پانتۆڵێکی

قاوەیی هەراوی لە پێدا بوو، ئەتوت سەرچۆکەکانی هەڵمساوە. دەرەلنگەکانی کەوتبوونە سەر پێڵاوەکانی. قژی ڕەشی ئەتوت بە شیلەی گۆچانی نوقڵ لکابوو بە یەکدا. سمێڵی کورت بوو لە بن کونە لووتیدا و، چەناگەی لە ڕادەی ئاسایی کورتتر بوو. لەشی لەڕ و لاواز بوو و سەرشانەکانی جاکەتەکەی داکەوتبوون و لە ناو قۆڵی هەراوی جاکەتەکەدا، لەبری قۆڵ ئەتوت دوو قامیشی باریکن جارجارە ئەجووڵێنەوە. کاتی کۆکین دەفەی شانی دەرئەپەڕین و ملە درێژەکەی لە ناو شانەکانیدا ون ئەبوو. کابرا وەکوو مشتێکی قووچاو گرمۆڵە ئەبوو، دیسانەوە ئەکرایەوە و درێژەی بە قسەکانی ئەدایەوە:

ــ ... سووخواردن، نەبوونی ڕێ و بان، نەبوونی هۆی هاتوچۆ، نەبوونی تۆو، نەبوونی ئامێری بیرلێدان، نەبوونی بیمەی کار بۆ جووتیارانی بەشدار، نەبوونی کار بۆ ڕەشایی، نەبوونی دەرمان و تەندروستی، بایەخ نەدان بە پیشەسازی بوومی، گوێ نەدان بە منداڵ و مێرمنداڵ و لاوان، گوێ نەدان و لاساری بەرامبەر بە کۆمەلانی جەماوەر، بەدیهێنانی ژینگەی دڕدۆنگ و بەدگومانی و بێبڕوایی، بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونی پڕوپووچ، بەدناو کردنی ئەو کەسانەی شەیدای گەل و وڵاتی خۆیانن، درۆ و دیسانەوە درۆکردن لەگەڵ جەماوەر، بەڵێنی درۆ و فریودان و دەغەڵی و گزیکاری، وڵاتفرۆشی و پەروەردە کردنی سیخوڕ و زمانگێڕ، بە پاشکەوتوویی ڕاگرتنی کشتوکاڵ لە سنووری دوو هەزار ساڵ لەمەوبەردا، هەڕەشە و سووکایەتی کردن بە مەردم، نۆکەر پەروەری، پێشێل کردن، پەرەپێدانی خۆ بەکەم بینین...

دیسانەوەش کۆکە. جارێکیتر دەفەکانی شانی سەمەرقەندی دەرپەڕین و ملە درێژەکەی لە ناو شانەکانیدا ون بوو. چەناگەی لکا بە سینگیەوە و بوو بە مشتێکی گووشراو. جارێکیتر لە کاتێکا ئاو لە هەڵقەی چاوەکانیدا کۆوە ببوو، سەری بەرز کردەوە و قۆپچەی جاکەتەکەی گرت بە دستیەوە و وتی:

ــ ببوورن، برایان. ببوورن!

ــ بیخوێنەوە جەنابی سەمەرقەندی. بیخوێنەرەوە و بۆمانی شی بکەرەوە.

جەنابی سەمەرقەندی ئەتوت تازە بەوەی زانیبوو کە پەڕە کاغەزەکەی لە ماوەی قسەکردندا ئەم دەستاودەست پێکردووە. بۆیە شەونامە چرچ و لۆچەکەی ساف کرد و بەرزی کردەوە. گرتی بە بەر چاویەوە. بەڵخی فانۆسەکەی لە دەستی ستار وەرگرت و لای شانی جەنابی سەمەرقەندییەوە ڕایگرت. جەنابی سەمەرقەندی لەپڕ نیگای لە سەر کاغەزەکە لادا، مشتی بەرز کردەوە، پەنجەی ئەماژەی وەکوو جووجەڵەیەک کە مل لە هێلانە دەرئەکێشێ، تێژ کرد و بە لێبڕاویەک لە وشەیدا، وتی:

ــ دە بەند! دە بەندی سەرەکی وەکوو بناغەی سەرەتایی، بۆ چاککردنی ژیانی کۆمەڵانی گوندنشینی ئێمە، بۆ بەدیهێنانی زەمینەیەک بۆ ژیانێکی لەباری جووتیاریی لە گوندەکاندا. ئێمە ئەم بەندانەمان لە ساڵی هەزار و سێسەد و بیست و سێ، واتە نزیکەی چوار ساڵ لەمەوبەر داڕشتووە و پێشکەشی نەتەوە و دەوڵەتمان کردووە و مەرجی جێبەجێ کردنیمان بە بەشداری ڕاستەوخۆی یەکێتی جووتیاران و چاودێری دەوڵەت زانیوە:

یەک! بەندی یەکەم: کڕینەوەی زەوییە گەورەکان و دابەشکردنی بە خۆڕایی لە نێوان جووتیارانی بێ زەوی و کەم زەویدا.

قەدیر خزایە بەر پاساری بانەکە. هەڵسا، هەناسەی ڕاست کردەوە و بیستی کە تاجعەلی کۆڵبەر بە دەنگە گنەکەی وتی:

ــ شی بکەرەوە جەنابی سەمەرقەندی، شرۆڤەی بکە. کێ بیکڕێ و کێ دابەشی بکات؟ ئەو کارە چۆن ئەکرێ؟

قەدیر لە سەر پاساری بانەکە پێچەوانەی دیوارە ڕووخاوی ماڵی بەڵخی شەکەت و قەڵس کەوتە ڕێ. ئەوا لە سەر بانی ماڵی ئەولحسێنی مێلloorە بوو و دەنگی وتووێژەکەی حەوشەی

ماڵی بەڵخی ئەبیست:

ـ «بەندی دووەم!...»

ماڵی ئەولحسێنی مێلوورە وەکوو گۆڕ تاریک و خامۆش بوو. وامەزانە گیاندارێک ـلانیکەم ـ هەناسەی تیا ئەدات. کەرەکەی ئەولحسێنی مێلوورەش دەنگی لێوە نەئەهات. لکاو بە بانی ماڵی مێلوورەوە، ماڵی حەمە جافری سدیقە تورومبۆ بوو و بە تەنیشتیەوە دیواری ماڵی "بگەرێم" کە دەرگاکانیان لە پشت و پەنای قەڵاوە بەرەو دەرگا گەورەکەی بابقولی بوندار ئەکرایەوە. بیمێنێ بۆ دیواری بانیجەکەی بوندار، ماڵە بچووکەکەی یۆنسی کەردار و ماڵی گودار بوو کە ئەتوت لێک ئاڵاون.

قەدیر هەرچەند ئەیتوانی بە سەر بانی ئەو ماڵانەدا کە دانیشتوانی بە زۆری لە ماڵی بەڵخی سەریان گەرم بوو، بە بێگەم[۳] بۆ خۆی پیاسە بکات، کەچی باڵا و هەنگاوێکی بمێنێ بۆ دیواری باخچەکەی بوندار، لە سەر لێواری دیوارەکە دانیشت، بۆ ئەوەی وردە وردە بخزێتە خوارەوە بۆ ناو کۆڵان. بەڵام پەلەشی نەئەکرد، هەرچەند ئارام و ئوقرەی نەبوو. چونکە ئەبوایە بە شێنەیی کاتەکە بکوژێ و، ئەیکوشت. ئەم کوڕ و گوت و بیسانە، بە گومانی ئەو ـئەم گاڵتەجاڕ و درێژدادڕییە ـ ئەبێ کۆتایی پێبێ و، تەواو ببێ. چونکە بە بڕوای قەدیر میوانەکان ئەمشەو، لە قەڵاچیمەن نامێنێتەوە و بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا بگەنەوە، ئەبوا لە کاتی خۆیشیدا بکەونە ڕێ. کە وا بوو ئەو کەسانەی کە ئەم کۆبوونەوەیان خستۆتە ڕێ، بێگومان کاتێکی تایبەتیشیان بۆ دیاریکردووە. سەرەڕای ئەمانەش قەدیر تا بڵاوەکردنی کۆڕەکە، هەرچەند کات زۆر بە قورسی و دژواری تێئەپەڕی، ئەبوایە خۆی ڕابگرێ. بۆیە لە سەر لێواری بانی ماڵی گودار، وەکوو کوندێکی خامۆش کڕ بوو و چاوی بڕییە تاریکایی شەو. دەستی لە دەور

---

۳ـ بێگەم: apathetic ئاوەڵناوی لێکدراو کەتەرخەمانە، بێتەوفیر، گوێنەدەر [ع] لا مبالي [N] apatisk [د] بی تفاوت، بی اعتنا.

ئەژنۆکانی هەڵپێکا و چاوەڕێ بوو.

لە بەرامبەر قەدیردا، تۆزێک لە سەرترەوە، بابقولی بوندار و سەیدی تەلەفوونچی لە بەر محاجەرەی بانیجەکەی باڵەخانەی ماڵی سەید ڕاوەستابوون. قەدیر باڵای بونداری لە کراسە سپیەکەیدا ئەناسیەوە. هەروەها ئەیتوانی قسە و باسیان ببیسێ، چونکە بوندار هێشتاش قەڵس و تووڕە بوو:

ـ ... هەروا نامێنێ. دنیا هەروا نامێنێ. ئەو بێ باوکانەی ئەم غەوارانەیان هێناوە بۆ قەلاچیمەن، ئەوانەی کە ئەم «گەپجاڕەیان» ساز کردووە، ئەگەر تۆزێک ئاوەزیان هەبوایە، ئەیانزانی کە ڕۆژگار هەروا نامێنێ. هەروا بێ دەر و دەروازەش نییە ئەم وڵاتە. خاوەنی هەیە. بەو جۆرە نییە هەموو قن ڕووتێک چ گوویەکی پێخۆش بوو بیخوات. بۆیان دەرئەکەوێ. پاشتر بۆیان دەرئەکەوێ. ئای... ئای... ڕەزاخان! ئەم جەوانە کوڕی تۆیە؟! ئەی خۆت لە کوێی؟ خەریکن وڵاتەکەت ئاگر تێبەر ئەدەن؛ سەر لە گۆڕ دەربهێنە! سەر لە...

تارمایی بوندار لە بەر محاجەرەی بانیجەکەی ماڵی سەیدی تەلەفوونچی ون بوو و وا پێئەچوو بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە بەرەو کۆڵان.

قەدیر، بۆ ئەوەی خۆی پیشانی بوندار بدات، نەرم و چالاک بە بازێکی سووکەڵە خۆی حەوا دایە کۆڵان و کەوتە تەک ئاوی جۆگەکە، بەرەوخوار. بە بێ گوێدانە دەنگی پێکادانی دەرگای ماڵی سەیدی تەلەفوونچی و هەنگاوەکانی سەید و بوندار. ڕێگەی قەدیر، بە ناچاریی بە قەراخ دیوار و دەرگای بەڵخیدا تێئەپەڕی. جگە لەوە و بە هیوای کۆتایی هاتنی کوڕەکە، قەدیر ئەبوایە بۆ خۆنیشاندان بەو خەڵکەی لەوێ کۆ ببوونەوە، تاوێکیش لەو ناوە بخولێتەوە و ناوبەناو ڕابوەستێ. لەم ڕووەوە بیمێنێ بۆ ماڵی بەڵخی خاوی کردەوە و گوێی هەڵخست. دەنگی جەنابی سەمەرقەندی سەبارەت بەو کاتەی دەستی پێکردبوو زۆر بەرزتر ببوو:

ـ «... دابەشکردنی دادگەرانەی بەروبووم لە نێوان زەویدار و جووتیار، هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی داسەپێنراوی ئاغە-جووتیار، دامەزراندنی بانکی کشتوکاڵ بە مەبەستی یارمەتیدانی جووتیارانی بێ زەوی، چاککردنی باری ژیانی گوندەکان، دامەزراندنی فێرگە و ناوەندی تەندروستی و، لە ئاکامدا... ڕێکخستنی خەباتی جەماوەریی گوندەکان دژی زوڵمی فەرمانبەرانی دەوڵەت و جەندەرمە و زەویدار و سەلەمخۆرەکان بە ئاقاری باشتر کردنی باری کۆمەڵایەتی و، هەڵوەشاندنەوەی بێگاری و هەڵبژاردنی کوێخا لە لایەن دانیشتوانەوە و...»

قەدیر، هەستی بە تێپەڕینی بوندار و سەیدی تەلەفوونچی کرد بە لای شانی خۆیدا. هەرچەند نە قەدیر دڵی ئەوەی هەبوو لەگەڵ بوندار ڕووبەڕوو ببێتەوە و نە بوندار شوێنێکی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قەدیر شک ئەبرد. بۆیە بوندار، دیدە و نەدیدە بە لای قەدیردا تێپەڕی و قەدیر، گوێی لە قسەکانی جەنابی سەمەرقەندی، لە سەر جۆگەی ئاوەکە دانیشت و بزەیەکی تەوساوی لە سەر لێوی، زیخێکی هەڵدایە ناو ئاوەکە و لە بەر خۆیەوە زەمزەمەی کرد:

«بناڵێنە!... دیسانەوەش بناڵێنە، پیاوی خۆشباوەڕ! پیاوی ساویلکە! ئەی... هەمیشەی خوا زمانباز و چەقاوەسوویان ئەهێنا گاڵتە بە خەڵکی بکات، کەچی ئەمجارە لە خۆمان کۆڵەوارتریان هێناوە! ئەمەیان قەشمەرێکە بۆ خۆی! کاتێکە دوو لایەنی وازیەکە هەردووکیان گەمژە و ساویلکە بن یارییەکە زیاتریش ئەبێ بە گەپجاڕ. دەی... ئیتر چی؟ بیرێسە با بزانین!»

درێژەی نەبوو؛ بەس هەرواهوریا.

جەماوەر وردە وردە ئەبوا لە ماڵی بەڵخی دەرکەون. دەرکەوتن. دوو دوو و سێ سێ و، هەرچی بێ بە تەنها نەبوون. قەدیریش هەڵسا و لە قەراخەوە کەوتە ڕێ.

ـ بەهەشتێکی خراپ نییە! خودی بەهەشتە ئیتر! زەویت

پێ بدەن و ئاوت پێ بدەن، فێرگە و نەخۆشخانە و کارەبا. دەستی خان و ئاغە کورت بکەنەوە و بەڵای جەندەرمە و سووخۆر نەهێڵن، گۆپاڵی گزیر و سەرکار و کوێخا بە سەر سەرمانەوە نەمێنێ، بیری ئاو و کارێزی جیاوازیش لێ بدەن... ئیتر چی ئەمێنێتەوە؟ هیچ وەڵڵا. قەلاچیمەن بۆخۆی ئەبێ بە بەهەشت! ئەبێ بە گوڵستان. لە خەوێکی خۆش ئەچێ، عەبدوڵە ڕەش. تۆ بڵێی تا ئێستە لە هیچ کوێی ئەم وڵاتە شتی وا ڕووی دابێ؟!

ــ وەڵڵاهی... وەڵڵاهی... خوا ئەیزانێ!

قەدیر بە دوای عەبدوڵە ڕەش و تاجعەلی کۆڵبەردا، هەنگاو هەنگاو لە گەڵیان ئەرۆیشت. عەبدوڵە ڕەش بە دەنگی پێی قەدیر ئاوڕی دایەوە. قەدیر پێی هەڵگرت و کەوتە پێشیانەوە بەرەو ماڵی خۆیان، چونکە دڵی وتووێژی نەبوو. بەڵام وا دیار بوو خۆشیەکەی تاجعەلی کۆڵبەر تووڕەی کردووە:

ــ تۆ لە کوێ بووی، قەدیر؟ لەوێ نەبووی؟

ــ بووم!

ــ بووی؟ بیستت؟ گوێت لە قسەکان بوو؟

ــ بوو!

ــ بەهەشت! بەهەشت قەدیر! بەهەشت مەگەر چییە؟

قەدیر لە پشت دەرگای ماڵیان، لە بن تاقی شکاوی ناوداڵان، بە بێ وەڵام ڕاوەستا تا عەبدوڵە ڕەش و تاجعەلی کۆڵبەر تێپەڕن. بێدەنگیەکەی قەدیر، دەرفەتی بە تاجعەلی نەئەدا هەستی خۆی دەرببڕێ. جگە لەوە عەبدوڵە ڕەشیش دڵ و دەروونی وەستانی نەبوو و وا دەرئەکەوت لە سەر بڕوای تاجعەلی نییە. یان بەو ڕادەیەی تاجعەلی دڵی بە شتەکە خۆش نییە:

ــ وەرە بڕوین ماڵکاول! ئاو بە لووتمەوە بەند نابێ.

تێپەڕین و دوور کەوتنەوە بەرەو ماڵی سەنەما، خوشکی عەبدوڵە ڕەش. قەدیر چاوی لە یافتیان وەرگرت و لەسەرخۆ دەرگای حەوشەی کردەوە، چووە ناو داڵان و دەرگای لە سەر

ئەو هوڕڕا و قیژە و قاژەی دیسانەوە بەرز ببوویەوە، داخست. بۆ هاتنەوە سەرخۆ و ڕێککردنی بیری، بۆ ماوەیەکی باش هەنیەی نا بە تەختەی دەرگاکەوە. ئەتوت ئەیەوێ لەو هەرا و هوریایە ئەوەی لە سەریدا ماوەتەوە لە سەری کاسی بکاتە دەرەوە. چاوی بەست و گوێی ڕادێرا بۆ چوونە دەرەوە و ،کازەکازی سەرلەنوێ. چەندێک بەو جۆرە مایەوە و پاشان، سەری بەرزکردەوە و لە دالانە تاریکەکە تێپەڕی و بە لای بیرەکەدا چوو بۆ هەمار.

دەنگی بابقولی بوندار کە وا پێئەچوو پلار لە شەیدا ئەگرێ بۆ تاوێک قەدیری لە سەر جێی خۆی ڕاگرت:

ـ «دەشت و خەرمانتان بە هیوای خوا بەجێ هێشتووە و هاتوون گوێ لە وتار و چەلەحانێ ڕائەگرن؟! کە چی؟ بزانە بۆ چ جەهەننەمێک چوو ئەم تاجعەلیە؟ هەڵێ بیدۆزەوە!»

قەدیر پێی هەڵگرت و دەستی نا بە دەرگای هەمارەکەوە. بە بێوازییەوە کردیەوە و پێی نایە ژوورەوە. هەمار تاریک بوو و قەدیر بێ حەزی ڕووناکی و تەنانەت توانای ئەوەی نەبوو بە شەمچەیەک فانۆسەکە داگرسێنێ. بە تاریکی لە سەر پاچکەی قورسیەکە دانیشت و ئانیشکی لە سەر چۆکی کرد بە کۆڵەکەی سەری. هەستی کرد حەز ئەکا سەری پەنجەی بنێ بە چاڵی لاجانگیدا و گوشاری بدات؛ بەزاندنی ژان بۆ ساتێکی کورت.

ئاگر!

ئاگر بە دەشتەکەدا ئەگەڕا. کەمانەی ئەکرد، هەڵئەهات، لە قووڵکە ئەکەوت، هەڵئەسایەوە و لە هەموو لایەک هێڵێک، چەند هێڵ، بوودرێکی ئاگری دروست ئەکرد. پزیسکە و بریسکەی سەر خاک، چەخماخەی برووسکە ئەتوت کەوتۆتەوە. برووسکەیەک بە هەزار لق و پۆپەوە. فڕینی بڵێسە و ئاگر لە سەر یافت و پەرێزی کێڵگەی وشکی خەرمانان. هەڵسوکەوتی بڵێسە لە قەراخ جۆگە و لە لاوە و لە ناوقەدەوە. فڕکەی گڕ و

بڵێسە بەرەو خەرمانەکان و خەرمانگە.

جۆگەی ئاگر، جۆگەکانی بەفرکە و سەر لێشێواوی ئاگر وەکوو ڤیزەکردنی هەموو ئەستێرەکان ئەیانویست دەست بدەنە دەست یەکدی و بیابان و دەشت بکەن بە ئەرخەوان. چەند تیژ و چەند بە شەڵەژاوی، چ خول و پێچپێکی ئەدا. چۆن یەکپارچە ئەبوو بە ئاگر. ئیتر ئەوا بوودڕ و هێڵی ئاگر نەبوو بە قەراخە لار و لەوێرەکانی دەشتدا، بەڵکوو لەهی ئاگر بوو کە خەریک بوو چاڵ و بەرز و تەختایی قووت ئەدا.

ــ گەوودینە. ژن حێزانە! ئاخرەکەی کاری خۆیان کرد؟!

خەڵکی هەر هەمووی کردبوویانە سەربان و دیواران، بە قریشکە و هەرا و جنێو و گریانی خەفە و خامۆشەوە.

شەیدا و تاجعەلی کۆڵبەر، شێتانە بەرەو قەڵاچیمەن هەڵئەهاتن و هاواریان لە هاوار دانەئەبڕا:

ــ فریا کەون، فریا کەون خەڵکینە!

بەڵام چۆن فریا بکەون؟

خەڵکی، هەر هەمووی ڕابوون و شەڵەژابوون و هەر کەسە و بە لایەکدا هەڵئەهات. بەڵام کەس نەی ئەتوانی و نەی ئەزانی ئەبێ چ بکرێ؟!

ــ ماڵوێران بووین، ماڵسووتاو بووین! ئاو، ئاو!

ئاو، دیارە ئەکرێ بە ئاگردا. بەڵام دەشتی ئاگر، خۆ بە گۆزە و دەفر دانامرکێتەوە!

ــ بابە... بابە گیان بە جۆرێک ئەم ئاگرە بکوژێننەوە. بیکوژێننەوە، خەڵکینە! بیکوژێننەوە بابەگیان!

بابقولی بوندار بە ئاشکرا ئەگریا و جنێوی ئەدا و داوای یارمەتی ئەکرد. سەری ڕووت و پێی پەتی. دێوانەیەکی پەت پچڕاو، بە ناو کۆڵانەکاندا هەڵئەهات، ئەوەستا و جنێوی ئەدا. یەخەی دائەدڕان و هاواری ئەکرد:

ــ بابە... بابە گیان، ئەمە ڕسقی خۆتانە کە ئەسووتێ!

خەڵکی، پیاو و ژن و منداڵ، گۆزە و جەوەنە و دۆڵچە بەدەس لە ماڵ هاتبوونە دەرەوە و بە پەلەیەکی دەست و پێگر لە سەر جۆگەی ئاوەکە چۆکیان دائەدا، دەفرەکانیان لە ئاوەکە ڕۆ ئەکرد و بە بێ ترسی خزانە ناو جۆگەکە، گۆزە و دۆڵچە بە شان و دەستەوە، بە ڕێ و لاڕێدا بەرەو دەشتەکە ئەرۆیشتن.

ـ هێشتا نەگەیشتۆتە خەرمانەکان؟ ئەرێ سەید؟!

سەیدی تەلەفوونچی لە سەر بانی باڵەخانەکەیەوە وەڵامی بونداری دایەوە:

ـ ئیشەڵڵا نەگەیشتووە، ئیشەڵڵا! خەرمانگە کوێرە. پێ ناچێ ئاگری گرتبێ!

بوندار بە دیوارەکەدا هەڵگەڕا و بە باریکە بانیجەی ماڵی سەیددا سەرکەوت و لە پشت پەردەیەکی فرمێسک و سەرسووڕمانەوە چاوی بڕییە دەشتی ئاگرەکە و هەر لەو سەرەوە هاواری کرد:

ـ خەرمانەکان، خەرمانەکان بپارێزن!

خۆشی دەسبەجێ بازی دایە خوارەوە و نەڕاندی بە سەر سەیددا:

تەلەفوون بکە. تەلەفوون بکە و بە ئاغە بڵێ کاری خۆیانیان کرد. بڵێ قوڕ چوو بە سەرماندا!

ستار لەم ناوەدا بونداری دۆزییەوە و بە بێ ئەوەی بتوانێ ئەو شەڵەژان و هەژانەی سەرتاپێی داگرتبوو، بشارێتەوە بە بونداری وت:

ـ خاک، بوندار خاک! بڵێ پێمەڕە هەڵگرن، پێمەڕە. ئەتوانین دەوری خەرمانەکان بە خۆڵ بکوژێنینەوە. بە خۆڵ!

بەر لەوەی بوندار فریا بکەوێ کاردانەوەیەک -کە نەی ئەزانی ئەبێ چۆن بێ- پیشان بدات، ستار لەگەڵ ئەو دەستەیەی پێیان گەیشت و مات و حەپەسا بوون، هاواری کرد:

ـ پێمەڕە. پێمەڕەکانتان دەرێنن! پیاوەکان، بێڵ و پێمەڕە.

دەوری خەرمانگە بە خۆڵ ئەکوژێنینەوە!

بوندار هەروا دامابوو. ستار خۆی لە ماڵی بوندار بۆ پێمەڕە گەڕا و بیستی بوندار جنێوی دا:

ـ نەحلەت لە باوکت پینەچی! نەحلەت لە باوکت!

ستار لەگەڵ چەند پیاو پێمەڕە بە دەست هاتنە دەرەوە و بە بێ وەستان بەرەو ئاگرەکە هاڵاتن و لە هەمان کاتدا بە بونداری وت:

ـ کەی کاتی ئەو قسانەیە بوندار! پێمەڕەکانی ئاغە بدە بە دەست ئەو خەڵکەوە. بیدە بەدەست خۆیانەوە! ئەوە خۆ ئیتر بەخێڵی پێ ناوێ!

بوندار بە بێ ئەڤان هاواری کرد:

ـ دەرگای ئاغەڵەکە بشکێنن! پێمەڕەکان، پێمەڕەکان!

سالار ڕەزاق، کە وا دیار بوو لەرزینی سەر و ملی توندتر بووە، لە ڕاستە کۆڵانەکەدا پەیدای بوو و لە کاتێکا بە دەست سەرنجی بونداری بۆ لای خۆی ڕائەکێشا وتی:

ـ بۆ ئاوەکە وەرناگێڕنەوە! حۆل بوون مەگەر؟ ئەهای... یەکتان لەگەڵ من بێ. بێڵەکەت بهێنە عەلی خاکی!

سەرەڕای هەموو پیری و کەم هێزی، سالار ڕەزاق خۆی قولەبێڵێکی لە بەڵخی وەرگرت و بە دوای عەلی خاکیدا داگەڕا بۆ خوارەوە:

ـ ئاوەکە وەرگەڕێنە؛ سەرەتا...

لە وەستان و ئەبڵەق بوونی بوندار لە چەقی کۆڵانەکەدا، نزیک ماڵی کەلایی خواداد، بابە گوڵاو بە گۆچان کوتان پەیدای بوو. فانۆس بەدەست ئەرۆیشت و دوعا و نزای ئەکرد:

ـ چ بەدبەختیەک بوندار! چ بەڵایەک! مەگەر خوا خۆی...

بوندار مشتەکانی ڕائەوەشاند و وەکوو هار و شێت ئەی نەڕاند:

ـ ئەمان، ئامان، ئەمان! ئەمان لە دەستی ئەم بێ دینانە!

هاتن، ئاژاوەیان بەرپا کرد و ڕۆیشتنەوە! هەم غەزەنفەر ئەناسم، هەم سەمەرقەندی کە لووتی خۆشی پێ هەڵنالووشرێ. ئەیکوژم. بە خواوەندی خوا ئەگەر دەستم پێیان بگات هەموویان ئەکوژم! ئەیانکوژم، ئەکوژم!

بوندار کە ئەتوت بۆ کوشتن، ئاخێزی کرد و بەرەو دەشتەکە غاری دا. بابە گوڵاویش -دواین کەس- فانۆسی دا بەر خۆی و بەرەو دەشتی ئاگر، کە بۆنی بۆسۆی گەیشتبوویە ناو کۆڵانەکانی قەڵاچیمەن، کەوتە ڕێ.

خەڵکی لە ڕێ و نارێوە، لە هاتوچۆیەکی نەپساو و بەلەز و پەلەدا بوون و بابە گوڵاو بە ناویاندا تێئەپەڕی و دۆعای ئەکرد:

ــ خوا فریاتان کەوێ بابە گیان. تەمەنتان درێژ بێ کوڕم. ڕووسوور بی کچم. خوا منداڵەکانت بپارێزێ. خوا لێکتان نەکا، ژن. خوا بکا قەت ئاتاج نەبی پاڵەوان!

خاکی و سالار ڕەزاق ئاوەکەیان لە دەشتی فەلەق وەرگێڕابوو بۆ کێڵگەکە و بە قەراخ جۆگەکەدا لەگەڵ ئاوەکە هەڵئەهاتن بۆ ئەوەی بەرد و کلۆ و خاکی سەرڕێی پاک بکەنەوە و ئاوەکە خێراتر بگاتە جێ.

ــ خوا قەوەتتان بات بابە گیان، خوا قەوەت!

قەدیری کەلایی خواداد ئەگەر بیتوانیایەت لە ڕوانگەی بێلایەن و بێگانەوە بڕوانێ، ئەیتوانی بەش بە بەشی سوتمان و وێرانیەکە تێ بگات. چونکە قەدیر لە بەرزایی بانەکە و لە پەنای تاقە شکاوی سەردەرگای ماڵەکەیان جۆرێک وەستابوو کە ڕێگە و کۆڵان و قەڵاچیمەن و دەشت لە بن نیگایدا بوو. هەر لەو ڕووەشەوە، ئەوەی کە قەدیر ئەیبینی، ئاگر بوو و تارمایی ڕەمۆک کە لە قەرەباڵخیەکەدا بە هەموو لایەکدا هەڵئەهاتن و قەدیر لێڵتریش ئەیبینین و دەنگیشیان نامۆتر لە هەمیشە بوو و خۆیشی لە گەرمای خەرمانان، لە سەرمادا ئەلەرزا. خۆی گرمۆڵە کردبوو و هەوڵی ئەدا بەرگری بکات لە تەقەتەقی ددانەکانی.

هەستی ئەکرد چەنە و لالەغاوەی خەریکن ورد ئەبن بە سەر یەکدا، لەو ترس و خۆفەدا کە خەریک بوو هەموو گیانی گۆچ و ئیفلیج بکات.

قەدیر بە گوێرەی حەسێبەکانی لای خۆی کردبووی، لەم کاتەدا، ئەبوایە لە ناو خەڵکەکەدا بێ و هەوڵ بدا ئاگر بکوژێنێتەوە و لەوانیتر زیاتر هەرا و هوریا و غەڵبەغەڵب بکات. بەڵام ئێستە هەستی ئەکرد بیرکردنەوە لە ئارەزووەکانی پێشووی وەهای تۆقاندووە، کە ئێسکەکانی وشک بوون و توانای جووڵە کردنیان نییە. هەر بەو شێوەیەی کە لێوەکانی پێ ئەچوو هەزار ساڵێک بێ دادوورابوون. تەنها دوو چاوی زەق لە ناخی دەروونیدا، لە قووڵایی کالانەی وشکەوە پرتەپرتیان ئەکرد وەکوو گورگێکی ڕەمیوی تۆقیو بە بێ کەمترین ڕۆژنەیەکی هیوا لە خۆیدا.

ــ قەدیر... قەدیر... ئەو هەرا و هوریایە چییە، قەدیر؟

دەنگی شکاوی کەلایی خواداد کە لە لێکگیرانی دوو زەلی وشک ئەچوو، لەشی وشک و گرمۆڵە بووی قەدیری لەرزاند و بە بێ ئەوەی بیەوێ لەجێ ڕابوو. تازە هەستی بەوە کرد ئەژنۆکانی ڕچاوە و هاتەوە بیری ماوەیەکی درێژە لە شوێنێک هەڵترووشکاوە.

ــ ها... قەدیر؟... ئەو قرم و قاڵە...

شتێک وەکوو تەرمێک لە دیوارەکە کەوتە خوارەوە. قەدیر بوو. بە دژواری خۆی لە بن دیوارەکە ڕاگرت و دەستی گرت بە لێواری تەنوورەکەوە. ئەژنۆکانی خراپتر لەمەوبەر ئەلەرزین. بە بێ ئەوەی خۆی بە ناچاری وەڵامدانەوە بزانێ، دەستی گرت بە دیواری حەوشەوە و وەکوو پیران خۆی گەیاندە بەر دەرگای هەمار. ئەڵقەریزی لە قوڵفەکەی دەرهێنا و خۆی هاویشتە ناو تاریکی ناو ژوورەکە و وەکوو تەرمێکی بێگیان و بێهەست، لە سەر جێگەکەی خۆی دا بە عەرزدا و هەستی کرد وردە وردە بوورایەوە.

ــ قەدیر... قەدیر... قەدیر، بابە گیان!

**بەندی دووەم**

کەلایی خواداد لە بەر خۆرەکە دانیشتبوو. لە سەر دۆشەکڵە چڵکنەکەی خەریکی دەرکردنی ئەو مێشانە بوو کە لە سەر و ڕوو و پشت دەستی ئاڵابوون و تەموورەیان لە مل و گوێی دابوو و بە مڵۆزمی چزوویان لە پێستە چرچ و لۆچەکەی ئەچەقاند. ئەویش ناوبەناو بە ڕاوەشاندنێکی سستی دەستەکانی هەڵی ئەفڕاندن. سەر و کەللەی کابرا دیسانەوەش مووی قرێژ داپۆشابوو، خووساوی ئارەقە بوو و هێڵی ئارەقە لە چرچەکانی تەوێڵ و بناگوێیدا -ئەو گوێیەی لە تەپە قوڕێک ئەچوو- ئەبریسکایەوە و لەو شوێنەوە کە عەباسجان دانیشتبوو ئەیبینی.

عەباسجانی کەلایی خواداد لەمبەری حەوشە، لە بەر سێبەری دیوارەکە، نزیکی تەنوورەکە چیچکانی کردبوو و پارچەیەک نانە ڕەقەی ئەقرتان. قەدیر، بە هەموو شەکەتی و ماندوێتی و بێزارییەوە کە ئەتوت بە شان و لالەغاویەوە هەڵواسراوە، لە دەرگا نزمەکەی هەمار هاتە دەرەوە. یەکسەر چوو بەرەو باوکی بۆ ئەوەی بە دۆشەکڵەکەیەوە بیباتەوە ژوورەوە و ئەگەر پێویست بێ بیبات بۆ سەرئاو.

عەباسجان، بە بێ ئەوەی ئاخافتن لەگەڵ قەدیر بە پێویست بزانێ، هەڵیسەنگاند. چونکە قەدیر کردارێکی زۆر خاو و بێزاری هەبوو و ڕاستیەکەی لە هەڵگرتن و دانانەوەی باوکیدا بەس

ئەیویست ئەرکەکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. عەباسجان وەک بڵێی جگە لەو کەسی‌تر لەو حەوشە نییە نانەڕەقەی ئەقرتاند و سەیری ئەکرد. چاوی شوێن و جێگەیەکی تایبەتی نەبوو. بەڵام ئەتوت بیرێک لە ناخی‌دا ئەوی بە خۆیەوە خەریک کردووە کە وزەیەکی پێ ئەدا. ئەم وزە نامۆیە متمانەیەکی سەیری بەم کابرا چەپەڵە خوێڕییە بەخشیبوو کە بەو جۆرە ئارام و بڕوا بەخۆ لە سێبەری دیوارەکەدا دانیشتبوو و دڵی دابوویە چاوەڕوانیەکی بەلەزەت.

دەست و چاو شۆردن خوویەک بوو کە قەدیر ئەبوایە ئەنجامی بدات. هەرچەند ئەرخەوانە سووری بەهارانیش نەی ئەتوانی ئەو زیزی و لێڵیەی لە سەر پێست و گیانی بوو، بشواتەوە. بەڵام خوو بوو و ئەبوا ئەنجام بدرێ. پاشماوەی ئاوی مەسینەکەی کرد بە سەری‌دا. ئاوەکە قژە ڕەش و سافەکەی خەواند بە سەر یەک‌دا و لە کاتێکا دڵۆپی ئاو تکابوویە بن یەخەی کراسەکەی، ڕابوو. بەو دەستە درێژانەوە کە کەوانەی کردبوو بۆ پشتەوە و ملە باریکەکەی بۆ بەرەوە، لە ناو کراسە چڵکنە هەراوەکەی‌دا، لە نیو سووڕێک‌دا بەرەو هەمار، لە شێتێکی تەواوەتی ئەچوو. شێتێکی ئارام و شەرمن.

عەباسجان بۆ ئاخافتن لەگەڵ براکەی، کونەکەی ئەوی لە هەموو شوێنێک بە باشتر ئەزانی. بۆیە بەر لەوەی قەدیر -بەهەر هۆیەک- بێتەوە دەرەوە، عەباسجان ئەبوا خۆی بکا بە ژووردا و لەوێ گیری لێ بهێنێ. ئینجا بە بێ ڕاڕایی ڕابوو و پرتکە نانەکانی لە شاقەلی جاکەتەکەی، ئەو جاکەتەی زستان و هاوین لەبەری‌دا بوو، تەکاندە بن دیوارەکە و بەرەو هەمارەکە هەنگاوی نا.

قەدیر ئاوی لە دەور مل و ڕوومەتی بە دەسر سڕیبوو، لە بەر کوتە ئاوێنەی دیوارەکە وەستابوو، لێوەکانی هەڵپچڕیبوو و سەیری ددانەکانی ئەکرد. ددانی سپی و ڕێک. ئەو شتەی کە نەی ئەتوانی درێخ و ئێرەیی عەباسجان نەوروژێنێ. هەمیش

تەنها نیشانەی تەندروستی جەوانی بوو کە قەدیر هێشتاش پاراستبووی. چونکە نەک هەر لاجانگەکانی قەدیر، کە ڕیشە تەنکەکەشی لە سەر چەناگەی پەڵەپەڵە و ناوبەناو بۆر ببوو و لەوەش غەمگینتر چرچە وردەکانی دەور چاوەکانی بوو کە زیاتر و قووڵتر ببوون؛ کەنارەی وشکەڵاتووی دەشتێکی سووتاو، بە بێ کەمترین نیشانەی بارانی ساڵان.

ئەبوا باوەڕی بکردایەت کە ڕووخاوە. هەم بە ڕواڵەت، هەم بە ناوەرۆک. ئەبوا باوەڕ بکات کە وردوخاش بووە. هەم بە لەش و هەم بە گیان. نەخێر! قەدیر ئیتر هەو نەبوو. هەرچەند ئادەمیزاد ئەوەندە قیرسیچمەیە کە هەرگیز نایەوێ خۆی لە ئاوێنەی ڕاستەقینەدا ببینێ و هەمیشە هەوڵ ئەدا ڕوخساری خۆی لە جوانترین ئاوێنەی ڕابردوودا ببینێ، ئاوێنەیەک کە ڕەنگە لەو سەردەمەشدا جوان نەبوو. بەڵام قەدیر لە گێژەنێکی وەهادا گیری کردبوو کە دڵ و دەماخی خۆ فریودانیشی نەمابوو. ئەو نەک هەر دڵی لە فریودانی خۆڕسک و قەڵافەتی خۆی داشۆردبوو، بەڵکوو خەریک بوو بە دزێوتر لەوەش کە هەبوو ئەیبینی. کە ئەمەش هەڵبەت هەوڵێکی‌تر بوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی‌تر بۆ خۆ فریودان و پیشاندانی خۆ بەهەق زانین. تێکۆشین بۆ دۆزینەوەی تەوەرێک بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ درێژەدان بە ژیان پاڵی پێوە بدات. هەرچی چۆن بێ بۆ ژیاندنی گیان، ئەبێ شتێک دابین بکرێ. هەرچەند لە کۆتایی‌دا لەوە تێبگەی، لە سات و کاتێک‌دا تێبگەی کە هەموو ئەو شتانەی کردووتە بە پەیژەی ژیان جگە لە ئەندێشەی خۆ فریودەر هیچی‌تر نەبوون. هەرچەندە کۆڵدان و سەلماندنی ئەو خاڵەش لەو کات و ساتەدا زۆر دژوارە مەگەر بە دۆزینەوەی ڕێگەیەکی‌تر بۆ خۆ بە هەقدار زانین.

بەڵام قەدیر ئەبوایە بڕوا بکات کە ڕووخاوە. ڕووخاو و سووتاو. بە بێ ئەڤان، ڕووی لە ئاوێنە شکاو وەرگێڕا و چاوی بڕییە سەبەتە بەتاڵەکەی سووچی دیوارەکە. شیوەن. قیژە و قریشکە

و هەڵڵا. دوو هێڵی سەرگەردانی ئاگر. بڵێسەی ڕەمیو و بەفرکە. دوو ڕمبی خێرا. دانەویەوە، بێ ئەڤان بە سەر سەبەتەکەدا چەمایەوە، بەڵام بەر لەوەی بتوانێ دەسکی سەبەتەکە بگرێ، هەستی کرد سێبەری عەباسجان کەوتۆتە سەر شانی. شانی ڕاست کردەوە، سەری هەڵێنا و ڕوانیە براکەی کە لە ئاستانەی دەرگا نزمەکەی هەماردا وەستابوو. عەباسجان پێکەنینێکی سارد و چڵکن بە ددانەکانیەوە، لە بن دەرگاکەدا دانیشت و لە کاتێکا چاوی لە سەبەتە بەتاڵەکە بوو وتی:

ـ لە تالاوا جەوانێکم ئەناسی، ناوی قەمبەر بوو. قەمبەر کۆتری هەبوو. باڵەخانەیەکی پڕ لە کۆتر. کۆترباز بوو. شەوێکیان لە بیری ئەچێ دەرگای کولانەی کۆترەکانی ببەستێ. پشیلەش خۆیان گەیاندبوویێ و کەوتبوونە گیانی کۆترەکانی قەمبەر و سەری زۆربەیان هەڵکەندبوو. بەیانی کە قەمبەر ڕۆیشتبوو کۆترەکانی هەڵدا، بینیبووی زۆربەی کۆترەکانی سەریان هەڵکەنراوە. پشیلەکەی ئەناسی. مانگێکی تەواو دوای پشیلە ئەکەوێ بۆ ئەوەی بیگرێ. لە ئەنجامدا پشیلەی خستبوویە داوەوە. خستبوویە ناو تەلیسێک و بردبووی بۆ بیابان. شووشەی نەوتەکەی کردبوو بە سەر پشیلەکەدا. ئاگری تێبەردابوو و پەتی تەلیسەکەی کردبوویەوە. جا بزانە پشیلە چی لێ بە سەر هاتبوو. لە زمانی خودی قەمبەرەوە ئەیگێڕنەوە کە پشیلەکە وەکوو ئادەمیزاد شیوەنی کردبوو!

قەدیر لە بن بنمیچی کورتی هەمارەکەدا چوار دەست و پێ وشک ببوو و دەستەکانی تەنانەت بەرەو لای گوێی لە نزیک سەریەوە ڕەق ببوو و ڕوومەتی بە گوشاری خوێن و تووڕەیی، وەک ڕوخساری گورگی لێهاتبوو؛ بە ڕادەیەک کە عەباسجان نەی ئەوێرا چاوی لێ بکات. بەڵام چاو و ڕواڵەتی قەدیر، نەئەبوا عەباسجان لە گۆ بخات. بۆیە پاش بێدەنگیەکی کورت وتی:

ـ قەمبەر... پاشتر گۆچ بوو. هەر دوو قاچی چووە لاوە!

قەدیر دەستی برد بۆ ئەژنۆی و بە لاوازی خۆی گەیاندە سەر لێواری قورسیەکە. بە بێ توانای بەرگری کردن لە لەرزینی پێستی ڕوومەتی، بە ئارامی پێڵووی لێک نا و هەناسەی لە سینەیدا قەتیس کرد، بەڵام نەیتوانی پەلکی لووتی ڕاگرێ کە لەپەسا ئەلەرزین و زلتر ئەبوون.

عەباسجان بەری دەستی نایە سەر عەرزەکە، چۆکی خستە سەر زەوی وهاتە بەرەوە. سەبەتە بەتاڵەکەی لە سووچی دیوارەکە هەڵگرت و کشایەوە. دەستی کرد بە ناو سەبەتەکەدا و بە سەری پەنجە گوو پشیلەکەی دەس لێدا و زۆڵانە وتی:

ـ ڕەبەنانە! ئێسکە سووتاوەکانیان لەو بەری دەشت لە نزیکی ئاوەنیاکە دۆزییەوە. عەلی خاکی وای بۆچووبوو کە پشیلەکان بوون، بەڵام...

عەباسجان قسەکەی ڕاگرت و سەیری قەدیری کرد. قەدیر سەری داخستبوو و تەوێڵی خستبوویە ناو دەستیەوە و وا دیار بوو ژێ بە کەلەبەری ڕەگ و دەمارەکانیدا تێپەڕ ئەبێ. لێوی ئەگەست و ئەگەست و گلێنەی چاوی بە بەری دەستی ئەگووشا و وەکوو وشتر فیشە فیشی بوو.

عەباسجان لەوە زیاتر سەیری ئەو ئەشکەنجەیەی نەکرد. بە دڵفرەوانی لێوی هەڵپچڕی و وتی:

ـ دروستم کرد خەمت نەبێ! گرتنیان!

ـ «گرتنیان؟!»

قەدیر چاوی لە چنگاڵی دەستی ئازاد کرد و نیگای گڕگرتووی گرتە براکەی:

ـ گرتنیان؟ کێیان گرت؟!

عەباسجان نیوە جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و وتی:

ـ وەستا ستار و عەلی خاکی. چوون بە دوای پاڵەوانیشدا. خەمت نەبێ!

ـ ئەوان خۆ پەیوەندییان بەمکارەوە نەبووە. ئەوانە خۆ

دەشتیان ئاگر نەداوە!

ــ تۆ پێت وایە کێ ئەبێ ئاگری دابێ؟ ها؟ کێ؟ تۆ؟ ئەگەر زۆر حەزت لێیە برۆ بە جەندەرمەکانی ئالاجاقی و لێکۆڵەرەکەی بڵێ کە تۆ ئاگرت تێبەرداوە! حەز ئەکەی بچیت؟ خودی ئالاجاقیش لەگەڵ جەلیل ئاغەی کوڕی لەوێیە. خوێن لە چاویان ئەبارێ. بۆ سەرێک ئەگەڕێن بە سەر لەشیەوە زیادی بێ تا بە قەپ هەڵیپچڕن!

وەڵامی قەدیر، خامۆشی بوو.

عەباسجان جارێکیتر بە دەنگی ئارام وتی:

ــ من پشیلەکانم ڕۆژی پێشتر لێرە دیبوو، بەڵام نەم ئەزانی براکەی من مێشکی ئەوەندە باش کار ئەکات. پشیلەکان... لێکۆڵەر لە خاوەنی پشیلەکانی پرسی. پرسی هی کێن؟ دیارە ئیتر. هەموو خەڵکی قەڵاچیمەن ئەزانن یەکیان هی عەلی خاکیە و یەکیشیان هی قەرەچیەکان بووە. قەرەچی هەمان ڕۆژی شەڕەکە، باریان کرد و ڕۆیشتن. کە وا بوو ئەمێنێتێەوە عەلی خاکی و ئەو کەسانەی تیژیان کردۆتەوە. واتە ستار و بەڵخی و یەکێتی جووتیاران کە خەڵکەکە ئەهەژێنێ.

ــ ئاخر چۆن باوەڕیان کردووە؟ ئاخر ئەوانە بۆخۆیان بەش دارن! هەم خاکی و هەم بەڵخی و هەمیش... ئاخر کێ هەڵئەسێ نانی خۆی ئەسووتێنێ؟ لەحنەت لە من بێ!

عەباسجان بۆ ئەوەی جارێکیتر قەدیر بە ترسەکەی خۆیەوە بتەزێنێ وتی:

ــ هەڵبەت ئەوان گومانیان لە تۆش کردووە.

قەدیر ئێستە توانیبووی هەڵسێت و لە بن بنمیچە نزمەکەی هەماردا بە پێوە بوەستێ. بەڵام هێشتاش تەواو خۆی نەبوو. عەباسجان وەک بڵێی گۆڕانی دەروونی سات بە ساتی براکەی لە بەر چاوە، خامۆش و چاوەڕێ چاوی بڕیبوویە لاقەکانی قەدیر و قەدیر، بە هەستی گیرۆدە بوون لە مەنگەنەیەکی سەخت و

بەحەزی پچڕاندنی هەموو بەندێک، لەپڕ بەرامبەر بە عەباسجان وەستا و بە تووڕەییەوە لە کاتێکا نەشی ئەتوانی بەر بە لەرزینی ئاشکرای ئەژنۆ و لێو و پێستی بن پێڵووی بگرێ قریشکاندی بە سەریدا:

ــ چ فێڵێک لە ژێر سەرتان دایە؟ من چیم کردووە کە خۆیشم ئاگام لە سەر و بنەکەی نییە؟... تۆ ئەم قسانە لە لایەن کێوە بە من ئەڵێی؟ تۆ سیخوڕی کێیت چەپەڵی خوێڕی؟!

عەباسجان پەنجە لار و لەوێرەکانی کرد بە گیرفانیدا، پاکەتی سیگارەکەی دەرهێنا و لە بەردەم براکەیدا گرتی و وتی:

ــ من برای تۆم قەدیر!... سیگار ناکێشی؟!

قەدیر، چەماوە و ناچار ڕووی لە برا وەرگێڕا و لە سەر لێواری قورسیەکە دانیشت. سەری خستە ناودەستی و لێگەڕا دەست و چۆکی بە ئاشکرا بلەرزن. بە بێ ترسی ئەوەی کێ چی ئەڵێ. عەباسجان سیگارێکی بۆخۆی پێکرد. پشتی دا بە دیوارەکەوە و نیگایەک بۆ دەرەوەی هەمارەکە وتی:

ــ ئارام بگرە. تۆزێ ئارام بە برام. ئەم گژەبایە ئەبێ تێپەڕێ و بڕوات. ئەم گژەبایەی هەڵیکردووە، ئەبێ بڕوات. بەڵام من...

عەباسجان لە سیلەی چاوەوە سەیرێکی براکەی کرد و درێژەی پێدا:

ــ ... من... گیانی تۆم کڕییەوە! مەبەستم ئەوە نییە منەت بکەم بە سەرتدا. نەء. من و تۆ براین. گۆشتی یەک بخۆین، ئێسکی یەکدی ناخەینە بەر ددانی بێگانە. کاتێکیش کە ئەڵێم گیانی تۆم کڕیوەتەوە، واتە گیانی براکەم ڕزگار کردووە. تۆیش ئەبێ شوکری خوا بکەی کە هەم ئالاجاقی، هەم بوندار، هەم جەندەرمە و هەم لێکۆڵەر بڕوایان بە من و بە قسەکانم هەیە. ئەوانە هەموویان لەماڵی بوندار کۆ بوونەتەوە. خەڵکی گوندیشیان بانگ کردووە. ڕاستیەکەی ئەیانەوێ هەر لەوێ دەستی خۆیان بوەشێنن و کارەکە بخەن بە لایەکدا. ئەگەر باوەڕم پێ

بکەی ئەوەش من فێرم کردن. ئەو ڕێگەیەم خستە بەردەمیان. ئەم بێ باوکانە ئاوەزیان لە کوێ بوو! بەڵام من قسەم خستە دەمیان. ئەگەر وام نەکردایەت ناچار ئەبوون بە دوای تاوانباری ڕاستەقینەدا بگەڕێن و خۆبەخۆ تۆیان ئەدۆزییەوە. من خۆم دڵنیا بووم تۆ ئەو شاکارەت کردووە. من ڕەگت ئەناسم. بەڵام ئەوەش ڕێ ئەکەوت ئەوان وا بیر بکەنەوە بکەن ئەو کارە لە بن سەری دوژمنەکانیان دایە. واتە عەلی خاکی و بەڵخی و ستار. ئەچێتە ئەقڵەوە. ئاخر زۆر دەمێکەیە پڵیتەکانیان پێکەوە شێی هێنابوو. بەس چڵە شەمچەیەکی پێویست بوو. ئەویش لێدرا. بەڵام هێشتاش مەترسی هەر ماوە. ئەویش ئەوەیە کە بیانەوێ لە زمانی خاکی و ئەوانیتری دەربکێشن کە کێیان پێش کردووە بۆ سووتاندنی دەشتەکە. چونکە ئەوان توانیویانە بیسەلمێنن کاتی ئاگرەکە لە قەڵاچیمەن بوون. هەموو خەڵکیش شایەتن کە ئەوان کاتی ئاگر تێبەردان لە قەڵات بوون.

قەدیر هەروا مۆڵەق و حەپەساو سەیری براکەی ئەکرد و عەباسجان بە بێ گوێدانە نیگای براکەی، تووتنی لکاو بە لچە شین و شۆڕەکەی بە ددان گرت و تفی کردەوە و وتی:

ــ لێرە دایە لەپڕ ئەبینی ناوی تۆ دێتە ناو ناوانەوە!

قەدیر لەپڕ و بەپڕتاو لە سەر قورسیەکە دابەزی و دەستەکانی نایە سەر عەرزەکە و وەکوو گورگێکی بریندار چاوی لە چاوی براکەی زەق کردەوە:

ــ مەبەستت لەم قسە قۆڕانە چییە تۆ؟ بۆ هاتووی بۆ لای من بەکرە شۆفار؟! چیت ئەوێ؟

عەباسجان بەس سیگارەکەی لە لێوی کردەوە و بە ئارامی وتی:

ــ چەندە زیاتر توورە ببی زیاتر بە زەرەرت تەواو ئەبێ. جارێک پێموتی ئارام بگرە. کە وا بوو ئارام بگرە و بهێڵە ڕێگەیەک بدۆزینەوە. هەرچی بێ من و تۆ لە مەمکێک شیرمان خواردووە.

یەکتریش بکوژین، نایدەین بەدەس بکوژەوە. وایە یان نا؟!

قەدیر کشایەوە و پاڵی دا بە پێچکەی قورسیەکەوە، ئانیشکی نایە سەر ئەژنۆی و چاوی بڕییە خاکەکە و هەستی کرد لە بەرامبەر ئارامی و دڵنیایی عەباسجان، ئەو کەسەی کە پێوقەدەمی بۆ قەدیر نەگبەتی بوو، بەزیوە. بۆیە هەوڵی دا ئارام بێ و ئوقرە بگرێ، بزابێ درێژەکەی بە کوێ ئەگات.

عەباسجان قنچکە سیگارەکەی لە بن پێیدا کوژاندەوە و وتی:

ـ ئەم دوو دەستەییە هاتووە و بەمزووانە بەردەوام ئەبێ. قەڵاچیمەن خەریکە ئەبێ بە دوو کوتەوە. گوندەکانی تریش هەروەها. جووتیار و نەدارەکان خەریکن ڕێگە بە ئاغەکان ئەگرن. ئیتر حەزیان لە سڵاوکردنیش نییە. پێش سڵاو نابن. باسی زۆر شتە. مەسەلەی مەرگ و ژیانە. زەوی و ئاو و دارایی بۆ خانەکان هەمووشتێکە. تێ ئەگەی؟! ئەوەی کە جووتیار خەریکن سەر بەرز ئەکەنەوە واتای ئەوەیە کە ئەیانەوێ ئەو بەرژەوەندیانە بخەنە مەترسیەوە. لە ڕاستیدا شەڕەکە لە سەر ئەم شتانەیە. لە سەر بوون و نەبوونە. لێرەدایە کە پێویستیان ئەکەوێتە ئێمە مانان. مرۆڤ ئەبێ کاتناس بێ. ڕۆژ و ڕۆژگار هەمیشە لە سەر شێوازێک نییە و مرۆڤیش هەمیشە بەنرخ نییە. مرۆڤ هەندێ جار نرخ پەیدا ئەکا. ئەو جار و بارەش ئەبێ نرخی خۆی بزانێ و بناسێ. ئاگات لە مەبەستم هەیە؟ من و تۆ ئەبێ لایەنێکی ئەو شەڕە بگرین و لە کاتی خۆیدا ئاگرەکە خۆش بکەین. هەر ئەو کارەی کە من ماوەیەکی درێژە ئەیکەم. من و تۆ دوو براین، برا! ئەمە قسەیەکی کەم نییە. دوو برا! ئەبێ پشتمان بە پشتی یەکەوە بێ و بتوانین لە ناو خەڵکدا پشتمان ڕاست بکەینەوە. مەگەر ئێمە چیمان لەوان کەمترە؟ چیمان؟ چیمان لەم کوڕانەی بوندار بۆ وێنە کەمترە؟ یەک شت، تەنها یەک شتمان کەمترە. واتە دەستمان بەتاڵە. مایەمان نییە. دەسمایە. ئێمەش ئەبێ

دەسمایەیەکمان بە دەستەوە بێ. ئێمە ناتوانین لە چاوەڕوانی مەرگی ئەم پیرەمێردەدا ڕیشمان لەوە زیاتر سپی بکەین. لە قسەکەم تێئەگەی؟! سەیری خۆت بکە! خەریکیت پیر ئەبی. ئێسکی چەناگەت دەرپەڕیوە. لووتت بووە بە قالۆرە و چاوەکانت چووە بە قووڵا. دەستەکانت ئەلەرزێ و سەر و کەللەت ڕەق هەڵاتووە. من چی؟ سەیری من بکە! من چیم لێماوەتەوە؟ من چی بووم و ئێستە چیم؟ کێ بووم و ئێستە کێم؟ من هەمان ئەوعەباسجانەم کە نانی بەرچاییم هێلکە و دۆشاو بوو و پەنجەیەک ڕۆنی زەرد لەسەری. شەدەی خەلیلخانیم ئەبەست. جۆی ئاخوڕی هێسرەکەم زیاتر لە خواردنی دوو بنەماڵە بوو. بەڵام ئێستە سەیرم ئەکەن و پێم پێ ئەکەنن! تۆیش لەبری ئەوەی لەم تەمەنەدا لە سەر کار و ژیانی خۆت دامەزرابێتی، بووی بە میز پاککەرەوەی ئەم پیرەمێردە.

نیگای قەدیر، ئەمجار لە سەر چاو و هەنیەی عەباسجان چەقی و پاشان بە خشێکی ماندوو لە دەنگیدا، بە ئارامی پرسی:

ـ مەبەستت؟! تێمگەیەنە! دوا قسەت!

عەباسجان چاوی بڕییە نینۆکەکانی و وتی:

ـ ئەو پارە زیوانە... ئەو پارە کاغەزانە. ئەوانە وان لە ژێر قنی پیرەمێرددا و خەریکن ئەڕزن و ئێمەش لە بەر چاوی پیرەمێرددا خەریکین دائەڕزێین و تیا ئەچین! تاکەی ئەبێ چاو لەبەری ئەو ڕۆژە بین کە کەلایی خواداد بە مەرگی سروشتی بمرێ؟ ها؟ تاکەی؟ ڕەنگە خوا ڕایگرتووە تا سەری ئێمە بخوات!

قەدیر بە دژواری لێوی بزواند. بۆیە لە کاتێکا نیگای لە هەنیەی عەباسجان چەقیبوو، وتی:

ـ تۆ چ جۆرە دڕندەیەکی ئیتر؟ باوکت، باوکمان؟!

عەباسجان لە کاتێکا هەروا چاوی لە نینۆکی بوو وتی:

ـ جیاوازی چییە؟ مردن، مردنە. مەگەر خەزووری گۆدەرزی بەڵخی لە ناو ئاخوڕەکەدا نەمرد؟

لە پاش بێدەنگیەکی کورت عەباسجان وتی:
ـ هەر ئەو سەرینە چەپەڵەی بۆ تاوێک بخەیتە سەر دەمی، هەناسەکێشانی لە بیر ئەچێتەوە. کەسیش پێی داناچڵەکێ. بڕیاری کوێخا و ڕیش سپیش لە سەر من! هەم لە بوندار و هەم لە ئالاجاقی ئەتوانم بەڵێ وەربگرم کە بە مردنی سروشتی مردووە. نایەوێ خۆت گیڤ بکەیتەوە. ئەگەر من بەو جۆرە بە ئاشکرا قسەت لەگەڵ ئەکەم بۆ ئەوەیە کە لە ڕاستیدا گیانی تۆ وا لە مشتمدا. تێئەگەی؟! من و تۆ لێرەدا خەریکین لە قومارێکدا ئەبین بە هاودەست. ئەمە خۆی جۆرێک مامەڵەیە. ئاڵوگۆڕێکە کە ئەمەوێ تۆش لە قازانجەکەیدا بەشدار بیت. جگە لەمە بێ، بۆ من کارێکی نییە بچم و ڕاستیەکەیان پێ بڵێم. پشیلەکانم لێرە دیوە، سەبەتەش شایەتە کە پشیلەکان لە ناویدا بوون. هەر ئەوەندەی بچم و پێیان بڵێم، خودی جووتیار و پاڵە و قەڵاسچنەکان ئەڕژێنە ئەمماڵە و هەر لێرە لەت و کوتت ئەکەن. تۆ ڕسق و ڕۆزی زستانی منالی خەڵکت ئاگر داوە! خودی عەلی خاکی ئامادەیە، پیاڵە پیاڵە خوێنەکەت بخواتەوە. ئالاجاقیش پێی ناخۆش نییە عەلی خاکی و سیان چوارێکیتر بە تاوانی پیاوکوشتن بخاتە زیندان! خۆت، ئەم دڕندە بێ شاخ و کلکانە لە من باشتر ئەناسی!

قەدیر بریندار و بێ ئوقرە، خۆی دا بە سەر کورسیەکانیدا، بە ڕوودا خۆی دا بە سەر جێگەکەیدا و قوڵپی گریان لە سینەیدا، وتی:

ـ بڕۆ، بڕۆ ئیتر توخمی زۆڵ! بڕۆ!

عەباسجان، خۆی ئەبوا بڕۆیشتایەت. چونکە پێویست بوو بیری بوندار سەبارەت بە قەدیر و بەڵێنەکەی ئاسوودە بکات:

«... دەرنەکەوێ. هەتا هەراوهوریاکە دائەمرکێتەوە با خۆی دەرنەخات. خۆی بدا لە نەخۆشی!»

لەم ویستە ئاشکرایەی بوندارەوە عەباسجان تێگەیشتبوو

کە ئەو ئەیەوێ "بینراو" بە "نەبینراو" بداتە قەڵەم. ئەمەش پێشنیاری عەباسجان نەبوو، بەو جۆرەی ئەو لە ئەندێشەی خۆیدا پێی وابوو. بەڵام ئەتوانرێ بوترێ کە عەباسجانیش لە سازدانی ئەم بۆچوونەدا بەشداری هەبوو. ئەوە گرنگ بوو کە عەباسجان بە خێرایی لە مەبەستی بوندار و ئەربابەکەی تێگەیشتبوو و زانیبووی ئەوان ئەیانەوێ چ جۆرە بەهرەیەک لەم زیانەی لێیان کەوتووە ببەن. بەم جۆرە؛

یەکەم، ئەوەی کە ئەیانویست حەسێبی خۆیان لەگەڵ دوژمنەکان، واتە هەموو ئەو جووتیارانەی کە ئەیانویست لە دەوری یەکێتی جووتیاران خڕ ببنەوە، یەکلایی بکەنەوە.

دووەم، ئەوەی کە بەشی جووتیاریی ساڵانەی خاکی، مزی دروێنەی بەڵخی و لە سەتاپانزە بقاچێنن.

سێیەم، ئەوەی کە قەدیر بخەنە گوشار و تەنگانەوە، بۆ ئەوەی لە خزمەتی خۆیاندا بەکاری بهێنن.

لەم ناوەدا عەباسجانیش کلاوێکی لەو لبادە بەرکەوت و هەوڵی ئەدا ئاراستەی ڕووداوەکان بە ئاقاری ویستی خۆیدا بباتە بەرەوە. هەرچەند تەوەری ئەم ڕێکخستنە، گەڵاڵە و جێبەجێکردنی تاوانێکی تازە بێ لە سەر لەش و ڕەوانی نەخۆش و تێکقرماوی قەدیردا:

ــ دەرگای هەمارەکە لە سەر خۆت داخە. من قاوم داخستووە تۆ نەخۆشیت. لەو ڕۆژەوە لە درەو دەریانکردی. تۆ نەخۆشی! هەڤاڵەکەت نادعەلیش هەواڵی پرسیت من وتم نەخۆشی. دەرگای حەوشەش ئەبەستم. ئاژاوەکە نیشتەوە دێمەوە بۆ لات. تا ئەو کاتە لە سەر پێشنیازەکەش بیر بکەرەوە!

قەدیر بیستی و نەی بیست، بە بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە یان وەڵامی بداتەوە، لە عەباسجان گەڕا بڕوات و لە ڕۆیشتنی عەباسجاندا، بە بێ ئەڤان دەستەکانی نایە سەر هەر دوو گوێی و گوشاری بۆ هێنا و کەوتەوە بیری، لەمەوبەریش شتێکی بیستووە

دەربارەی یەکێک بەناوی قەمبەر تاڵاوایی کە قاچی چووەتە لاوە. بیری کردەوە بەڵکوو بتوانێ ڕوخساری کەسێکە نەی بینیبوو -روخساری قەمبەر- بهێنێتە بەرچاوی، ئەگەر قریشکە و هەرای ناو گوێکانی ئارامیان بگرتایەت.

گۆڕەپانی خۆبادان هێشتا گەرم دانەهاتبوو.

جەلیلی ئالاجاقی پاش زەبری یەکەم -بۆ ئەوەی لێزانی خۆی پیشان بدات- بە بەردەمی پیاوە قۆڵبەس کراوەکاندا، بە تێڕادیوی ئەهات و ئەچوو و جارجارە هەڕەشەی ئەکرد. قسەی بێ سەروبن بە مایەی هەڕەشە و جنێوی پیس و کرێت. بۆیە بە هەر جنێوێک کە لە دەمی ئەم جەوانە جلْفە لووسکەیە دەرئەپەڕی، خوێن لە دەمارەکانی خاکی و بەڵخیدا گڕی ئەگرت، لاجانگەکانیان ئەکەوتنە لێدان و شەپۆل شەپۆل ڕق و تووڕەیی لە پشت چاوەکانیاندا ئەکەوتە کوتان. وەها بوو کە ڕەگی لاجانگ و هەنیەیان بە گەڕانی توندی خوێن ئەستوور ببوو و چاوەکانیان خەریک بوون کالانە بتەقێنن:

ـ من ئەمەوێ تەنها یەک شت بڵێم، ئەی خەڵکینە!

دەمی وشک بووی عەلی خاکی بە دوای وشەی "خەڵکینە»دا ئەتوت چاوەڕێی وەڵامێک، داچەقا؛ بەڵام خەڵکی هێشتا بە زمان خامۆش بوون و چاوەکانیان فرەفڕی ئەکرد لە بانیجەوە بۆ لای دیواری تەنیشت چێشتخانە و لە دیواری تەنیشت چێشتخانەوە بۆ بانیجە، تا وەکوو دەنگی ئالاجاقی لە بانیجەوە بەرز بوویەوە:

ـ لێی گەڕێن چ گوویەکی پێخۆشە با بیخوا!

جەلیل لە لایەکەوە وەستا و عەلی خاکی بەو چاوانەوە کە بە هۆی شەپلاخەی نەزانانەی لووسکەی کوڕی ئالاجاقیەوە هاتبوویە یەک و تەنگەوە ببوو، چاوی بڕییە جەماوەرەکە و گرێ

گرێ بوغز و تووڕەیی لە دەنگیدا، وتی:
ــ ئەگەر ئەیانەوێ من بکوژن، با بمکوژن. بەڵام ئێوە بزانن، ئێوە بزانن کە من... کە گەنم بۆ من، بۆ من ئازیزە. کە من، هەموو گوڵە گەنمێکم وەکوو سەری مناڵەکانم خۆش ئەوێ، ئەگەر هی دوژمنەکەشم بێ. نەء! من هەرگیز ئەو تاوانە مەزنە ناکەم. من ناتوانم ئازیزی خۆم، واتە دەشتی گەنم بسووتێنم. من خەرمانم ئاگر نەداوە، سوێندم بە عەلی. بە ڕاستی و ڕاستەقینە من ناتوانم ئەو تاوانە بکەم. با من بکوژن. بەڵام ڕەوا نییە کە ئەم نەنگە بە دوای ناوی منەوە بێ. بیر لێکردنەوەشی بۆ من ناگونجێ ئەو تاوانە. نەء! من ڕەنگە بتوانم جەرگی خۆم بسووتێنم، بەڵام ناتوانم گڕ بەر بدەمە گەنم. ئەوە کارێکی نەگونجاوە! خۆشتان ئەوە ئەزانن! ئەزانن کە...
جەلیلی ئالاجاقی، بە ئەماژەی باوکی دەنگی خاکی بڕی کە لەپەسا کاریگەرتر ئەبوو. لە بەرامبەر ستاری پینەچی، کە لە نێوان خاکی و بەڵخیدا بەسترابوویەوە، وەستا و ئەمەش بە واتای ئەوە بوو ستار ئەگەر قسەیەکی هەیە بیکات. ستار لە سەر پەنجەی پێی بەرز بوویەوە، بەڵکوو بتوانێ لە سەر شانی جەلیلەوە بڕوانێتە خەڵکەکە و قسەیان لەگەڵ بکات. ئەوسا وتی:
ــ ئەمە پیلانە، خەڵکینە! پیلان و ساختەگەریە دژی هەموومان؛ ئێمەش و ئێوەش. ئەم پیلانە، واتایەکی گرنگی سیاسی هەیە. ئەوانە ئەیانەوێ کینە و دوژمنی لە نێوان ئێمەدا بەدی بهێنن. ئەیانەوێ وای پیشان بدەن کە ڕسق و ڕۆزی ئێوە لە لایەن خەڵکی وەکوو خۆتان لە دەمتان گیراوەتەوە. ئەیانەوێ شەڕی ئێوە لەگەڵ خۆیان، هەڵگەڕێننەوە بە شەڕی خۆتان لەگەڵ خۆتان، خەڵکینە! ئەمە فریو و دەلەسە و گەلاجییە و...
ــ دەمت داخە، دایک جەڵەب!
ستار سەری ئارامگرتنی نەبوو. ئەوە بوو جەلیلی ئالاجاقی بە

پشتی دەست و بە زللەیەک، گوتەی لە دەمی ستاردا خنکاند.

ــ نا، جەلیل ئاغە. کارت پێی نەبێ، ئەو خۆییە.

ئەمە دەنگی کابرای جەندەرمە بوو، کە لای شانی ئالاجاقیەوە لە بەر بانیجە وەستابوو و بەردەوام لووتی هەڵئەلووشی. عەریف کەمالی جوینی. دەسبەجێ، نیگای جەلیل و ستار، بەڵخی، خاکی، مووسا، نادعەلی و تەنانەت چاوی هەندێ لەو خەڵکەی لەو کاتەدا گوێیان لە گوتەی ترسناکی عەریف کەمال بوو، وەرگەڕا بەرەو بانیجە و لە بەر چاوی ئەبلەقی خەڵکەکە، کابرای جەندەرمە هەنگاوێک هاتە بەرەوە و بە دەمخەندێکی نەرمەوە وتی:

ــ بیکەنەوە! قۆڵی بکەنەوە! من یەکەمجار نەمناسیەوە!

بوندار، هەر لەو خوارەوە کە وەستابوو، بە ناباوەڕییەوە ڕووی کردە بانیجە و وتی:

ــ قوربان... ئەو، هەموو ئاگرەکان لە زمان و کرداری ئەوەوە ئەکەوێتەوە...

جەندەرمە جوینی وتی:

ــ بیکەرەوە، ئاغەش ڕێگە ئەدەن!

بوندار، چوو بۆ یارمەتیدانی کردنەوەی قۆڵی ستار و پاش تۆزێک، ستار لە هەزار ئاوێنەی چاوەکاندا، داماو و بەرەڵڵا و بێهوودە لە مەیدانی گۆڵمەزەکەدا ڕاوەستابوو. بێهوودە و وەک گۆچ، بە هەستێکی وەکوو دردۆنگی، بێ بڕوایی و باوەڕی ئەم بێ بڕواییە. دارەتێکی وەکوو ڕاچڵەکانێکی نامۆی کتوپڕ لە خەون. چاوی تroووکاند و دیسانەوە چاوی ترووکاند. گومان و خەون و هەڵۆسە[٤]، لەو بابەتەی کە چاو و دڵ و دەست لە خۆیان ئەکەونە گومانەوە. گومان و گۆچ بوون لە ناو دڕدۆنگیدا. چاوەکانی ستار، ئێتر تووڕەیی تیانەمابوو. چاوەکانی ئێتر ئەو تیژییە هوشیارانەیەی

٤ ـ هەڵۆسە: hallucination ناو ساویر، ڕازاوی، ڕێشکەوپێشکە، بینینی تارمایی N hallusinasjon ع وهم واهی د توهم، مبهم.

نەمابوو، ون ببوو. ون و گێژ و گەوج. تاریک و لێڵ و سست و نەخۆش و بێگانە. جارێکیتر غەریبی و، ئەمجارەیان غەریبیەکی قووڵ و دوور. تەنها. تەنها لە پانتایی هەموو دنیادا.

مەگەر خاک دەم بکاتەوە!

زەبرەکە، بەر خاڵایی کەوتبوو. کاریگەر و بەجێ. ئەوەندە چاوەڕوان نەکراو، ئەوەندە بێباکانە و ئەوەندە بەهێز کە ستار توانای خۆ دەربازکردنی خۆشی ون کردبوو. لە خۆڕا نەبوو، ئەگەر بگێڕانی گۆڵمەزەکە بۆ ماوەیەک هەموو یارییەکەیان خامۆش کردبوو بۆ ئەوەی هەموو چاوەکان بڕوانێتە ستاری پینەچی. کابرایەک کە خەریک بوو جێگەیەکی بەرچاوی لە چاو و دڵ و زمانی خەڵکدا داگیر ئەکرد، ئەوا ببوو بە عەنتەرێک لە نێوان ئەو خەڵکەدا. گێژ و سەرگەردان ببوو و بە هەمان ئەندازەش زمان بەستراو و بێگانە.

خودی ستاریش ئەگەر چاوێکی‌تری هەبوایە و بیتوانیایەت لە ناو خەڵکەکەوە سەیری خۆی بکات، بە ئاشکرا ئەیبینی کە پشتی چەماوەتەوە. ڕوخساری لە ناو چرچ و لۆچدا ڕواڵەتێکی تازەی پەیدا کردووە. ئەژنۆکانی نووشتاونەتەوە و دەستەکانی -ئەو دەستانەی کە نەی ئەزانی لە کوێی حەوادا ڕایانبگرێ- زیادی بوون و بە حەواوە مابوونەوە و خۆی لە پیرێکی کلاوبازی ڕەبەن ئەچوو، لەو بابەتەی کە فێڵەکەی سەری نەگرتووە و دەستی ئاشکرا بووە. سووک و ڕیسوا و زەلیل لەو گۆڵمەزەی خۆی بەرپای کردبوو، ڕاوەستابوو. بۆیە لە بەر تیرێژی تیژی ئەو چاوانەی لە بانیجەوە سەر و شانیان بە مەتەی بێشەرمی کون ئەکرد، هەم لە بەر نیگای سادە و بێ بڕوای ئاپۆرەی تەماشا و هەروەها لە بەر گلێنەی دڕدۆنگی هاوڕێکانی‌دا وردوخاش و گێژ و سڕ و چەماو، بە ئەسپایی ئەخولایەوە و وەکوو پاڕانەوە و لالانەوە بە مایەیەکی نامۆ لە خۆ بەهەق زانین، نیگای لە نیگایان ئەگێراند و لە کاتی تێپەڕین بە بەر دەمیاندا، بە دەور خۆیدا ئەخولایەوە.

وەڵامی نیگاکانی ستار، بەس نیگا بوو. نیگا و تەنها نیگا. بە زۆری بەتاڵ و ناوبەناو دڕدۆنگ و چاوەڕوان و، تا ڕادەیەکیش پرسێنەر و گوماناوی. بەڵام لە هەموو دارەتێکدا، پرسێنەر؛ پرسا. ئەنجامەکەی، ستار بەرەو خەڵکەکە هەنگاوی نا و لە کاتێکا بە چاو و بەدەست سواڵی لێ ئەکردن، وتی:

ــ رزگارم بکەن... خەڵکینە! خەڵکینە... ڕزگارم بکەن! جگە لە ئێوە کەسم نییە من. ئێوە من ئەناسن. من... من هەمان پینەچییەکەی خۆتانم. من... ئەمانە ئەیانەوێ بمشکێنن. ئەیانەوێ گیانم بسووتێنن و خەریکن لە ڕیشەم ئەدەن. ئەی هاوار خەڵکینە... ڕزگارم بکەن.

ــ دەرەوە! بیکەنە دەرەوە!

دوو جەندەرمە شانەکانی ستاریان گرت و بەرەو دەرگای حەوشە بردیان.

هەر لەم کاتەدا، بەر لەوەی ستار بکرێتە دەرەوە، بەراتعەلی سالار ڕەزاق لە ناو جەماوەرەکە هاتە دەرەوە، شانی هەڵهێنا و بێ توانای دەربڕینی ئەو هەموو وزە خۆڕسکەی لە گیان و دڵیدا بوو هاواری کرد:

ــ نەء!... ئەمە بوختانە! من ناهێڵم بەدناوی بکەن. من ناهێڵم! من... ئێوە... ئەمە... ئەمە ستارە، ستار. ئەمە پینەچییەکەی خۆمانە، ستاری خۆمانە ئەم کابرایە. خودی ئێمەیە ئەو! نەء! نەء، من سوێند ئەخۆم کە هیچکەس بڕوا بەو تۆمەتە ناکات. باوەڕ مەکەن، مەردم.

جەندەرمەیەک لەم کاتەدا بەراتعەلی سالار ڕەزاقی گرتبوو و بەراتعەلی دەست و باڵی ڕائەوەشاند و ئەی نەڕاند:

ــ ئاخر دەنگتان دەربێت، هەق نەناسانە، ترسنۆکانە! زمانی هەمووتان بەبڕین چووە؟! بەو زمانە بڕدراوەوە ئەتانەوێ چی بڵێن؟ ئەتانەوێ ئەوە بڵێن کە شیاوی زوڵمن؟ کە لێتان ئەوەشێتەوە! ئێوە باش ئەزانن ئەم پیاوانە دەشت و خەرمانیان

ئاگر نەداوە. ئێوە خۆتان ئەزانن...

بەراتعەلی سالار ڕەزاق پاڵ پێوەنرا بۆ ئاغەڵەکە و لەوەپاش دەنگی نەبیسرا. بوندار و جەندەرمە لە گەوڕ هاتنە دەرەوە و سالار ڕەزاق بە لەرزینێکی خێراتر لە سەر و ئەژنۆی چەماوەیدا، توند و شەڵەژاو لە ناو دالانەکە هاتە دەرەوە و بەرەو گەوڕ چوو و لە چاوان ون بوو. هەر لەم کاتەشدا ستار، بەر لەوەی لە دەرگا فڕێ بدرێتە ناو کۆڵان، ئاوڕی دایەوە و وەک وزەی هاتبێتەوە بەر، هاواری کرد:

ــ من دیسانەوەش ئەگەڕێمەوە، من ئەگەڕێمەوە!

لەم ناوەدا و لەو بێدەنگیە ئاڵۆزەی کە کەوتبوویەوە، چاوەکانی بەڵخی و خاکی لە ئاوێنەی چاوی خەڵکدا ئەگەڕان و هەوڵیان ئەدا لە خەڵکەکە بگەیەنن کە نەشکاون و نەبەزاون و ئەیانویست ڕاوەستاو خۆیان ڕابگرن.

وتارە کورتەکەی عەریف کەمالی جوینی کە بە دەرکردنی ستار و بەراتعەلی دەستی پێکردبوو، خەریک بوو کۆتایی پێ ئەهات:

ــ قانوون بەزەیی ناناسێ. ئێمە بەزەییمان بەو کەسانەدا نایەتەوە کە بیانەوێ لەم وڵاتە، لە هەر قوژبنێکی ئەم وڵاتەدا ئاژاوە بنێنەوە. ئێمە نوێنەری قانوون و ڕاپەڕێنەری قانوونین. هەمووتان ئەم قسەیە بچێ بە گوێتاندا و بەوانی تریشی بڵێن! بانگەشە ئەکەن و خەرمان ئەسووتێنن؟!... ئەم وڵاتە خاوەنی هەیە! ئێستەش...

ئالاجاقی، بەر لەوەی دەستی عەریف جوینی بە نیشانەی جێبەجێکردنی فەرمان دابەزێ، ئەماژە بە بوندار وتی:

ــ بیانبەنە گەوڕ! ئەمانە شیاوی ئەوە نین ببرێن بۆ شار. هەر لێرە ئەبێ تەمێ بکرێن!

ئەسڵان و بوندار کەوتنە کردنەوەی دووسەری گوریسەکە لە چوارچێوەی دەرگای چێشتخانە و ژوورەکەی نوورجیهان و،

ئالاجاقی لەگەڵ عەریف جوینی بەرەو دیوەخان کشانەوە و نادعەلی چوارگوێشلی هەروا لە بانیجە مایەوە. پێی لە سەر لێواری دیوارەکە و مشتی لە بن چەناگە و، چاوی ئەبڵەقی ئەوەی لە بەر چاویدا ڕووی ئەدا.

عەباسجانی کەلایی خواداد، شووڵە بڕاوەکانی بیەکەی دا بەدەست جەلیلەوە و خۆی چوو بۆ چێشتخانە. بوندار سەری گوریسەکەی لە چوارچێوەی دەرگای چێشتخانە کردبۆوە و بەڵخی بەرەو گەوڕ ئەبرد. جەلیلی ئالاجاقی جاڕسی ئەوەی لە گەوڕ بینەری نابێ، شووڵەکانی نایە ناو دەستی مووسا و بە ئەماژە تێی گەیاند بە دوای بەڵخی و خاکیدا بڕوات. مووسا کە تا ئێستە وەکوو شەپڵەلێدراو لە سەر جێگەی خۆی وشک ببوو، کتوپڕ شووڵە بیەکانی بە هەموو هێزی خۆی و بە چالاکی هەڵدایە سەربانی چێشتخانە و بە بێ گوتە -بە بێ توانای گوتن- وەکوو جنۆکە لە چاوەکانی جەلیلی ئالاجاقی مۆڕ بوویەوە و بۆ ساتێک هیچکەس نەی ئەزانی چی بکات. بەڵام شەپلاخەی بە کاتی شەیدا لە پشت ملی مووسا، ئەو شەقڵەی شکاند و پاش ئەویش قامچیەکەی جەلیلی ئالاجاقی سەرسمی بە مووسا دا و کارەکە وای لێهات کە بە ئاقاری پێشوویدا درێژە پەیدا بکات. بەڵام وا پێ ئەچوو ئەمە بەس نەبێ. چونکە بوندار، پاش هەڵسانەوەی مووسا، دایە بەر لەقە، بە شێوەیەک کە جەوان بەربوویەوە، لوول بوو و کەوتە ناو چاڵی پڕ لە زبڵ و خۆڵەمێش و هەر لەوێ خامۆش و گرمۆڵە مایەوە، وەک بڵێی هەناسەکێشانی لە بیر چووبێتەوە.

بەڵخی چاوی لە مووسا نەترووکاند؛ وەکوو مانگایەک کە خەریکن گوێرەکەکەی لە بەر چاوە سوورەکانیدا سەر ئەبڕن. عەلی خاکیش لەو کەمتر نیگەران نەبوو. ئەسڵان، پەتی قۆڵی خاکی بۆ دەرگای ئاغەڵەکە ڕاکێشا و بونداریش بە بێ دەم داخستن لە جنێودان بنی گوریسە گرێدراوەکەی قۆڵی

بەڵخی گرت. بەڵخی هێشتاش سەیری مووسای ئەکرد کە تازە خەریک بوو ڕوومەتی لە ناو خۆڵەمێشەکە هەڵئەهێنا و ئەیڕوانیە ئەو. ئەسڵانی بوندار پەتی قۆڵی خاکی ڕاکێشا و ئەمە خۆبەخۆ بەڵخیشی پەلکێش ئەکرد. بەڵام بەڵخی شانی چەقاندە دیوارەکە و قاچی لە عەرز گیر دا و وەک سنگ لە عەرز چەقی.

جەلیلی ئالاجاقی کە بە درێژایی ئەو کاتانە لە بێدەنگیە ترسناکەکەی بەڵخی هەستی بە سووکایەتی کردبوو، دەسکی قامچیەکەی بە مشت کوتا بە بن چەناگەی کابرادا و لێی مۆڕ بوویەوە. چاوە زەقەکانی جەوانی لووسکە و هەمیش گوشاری گوریسەکە، بەڵخی بەرەو ناو گەوڕەکە ڕائەکێشا. بەڵام گۆدەرزی بەڵخی نیگای بڕیبوویە مووسا و ئەتوت چاوەڕێی مووزاتێک ئەکات. مووسا ئاخێزی کردبوو. دەستەکانی کردبوو بە کۆڵەکە و هەروا سەیری بەڵخی ئەکرد و ئەتوت بۆ باوکی خۆی، بۆ دایکی خۆی، بۆ هەموو کەسی نەبوو و نەناسراوی، بۆ هەموو مەردمی وڵاتەکەی، بۆ ستار و بۆ هەموو هاوڕێکانی لە چاوە شۆخ و ڕۆشنەکەی بەڵخیدا ئەگەڕێ.

ــ هەڵسە مووسا. ڕاست بەرەوە پیاو!

بەڵخی ئەمەی وت، پێی سست کرد و لێیان گەڕا بیبەنە گەوڕەکە.

ــ ئەی ئەم بەلووچە بەکرێگیراوە لە کوێ خۆی ون کردووە؟!

بوندار بێهوودە جنێوی ئەدا. قوربان بەلووچ دیار نەبوو و ڕەنگیشە لە ماڵی بوندار ڕۆیشتبوو. عەباسجان لە سەر بانی چێشتخانەوە شووڵە بیەکانی هەڵدایە بەر پێی بوندار، لە بەر دیواری ئاغەڵەکە. ئەسڵان جەمسەری گوریسەکەی بەرەو ماڵبەندی ئاخوڕی ئەسپەکان ڕاکێشا و بوندار بۆ هەڵگرتنەوەی شووڵە بیە تاشراوەکان دانەوییەوە و بە شەیدای وت:

ــ ئەوی تریش لە گەوڕ بهێنە دەرەوە، بەراتعەلی!

نادعەلی پێی لە سەر لێواری بانەکە هەڵگرت. بەرەو پلیکان و پاش تاوێک لە دالآن هاتە دەرەوە و ڕاست بەرەو چاڵەکە چوو. دانەویەوە و دەستی مووسای گرت و یارمەتی دا بێتە دەروە. مووسا هاتە دەرەوە و دەستی گرت بە لاکەلەکەیەوە. بە کۆمە کۆم خۆی کرد بە ناو جەماوەرەکەدا کە لێک هەڵبڕابوون و، لەچاو ون بوو. نادعەلیش بە دوای مووسادا چووە کۆڵان و وەک بڵێی بە دوای ستاردا ملی بۆ هەموو لایەک ڕاکێشا و سەرەنجام چوو بەرەو جیبەکەی ئالاجاقی کە لە تەختاییەکەدا ڕایگرتبوو و جەندەرمەیەک بە لایەوە لە بن دیوارەکە دانیشتبوو.

خەڵکی ئەوا هەستیان ئەکرد ناچار نین لەوە زیاتر لە بن خۆرەتاوەکەدا ڕاوەستن و زانیان ڕۆیشتنیان لە ماڵی بوندار نابێتە خاڵێک لەسەریان. چونکە ئەو چاو و زمانانەی داوای لێکردبوون بێن بۆ تەماشای شانۆکە، ئەوا لە بەر چاویان ون ببوون و بەوەی کە ویستبوویان گەیشتبوون. ئالاجاقی و جوینی لە بانیجە نەمابوون و چووبوونە دیوەخان. لێکۆڵەریش هەر لە سەرەتاوە لە دەرەوەی دیوەخان نەبینرابوو. بوندار و کوڕەکانیشی لە پشت دیواری ئاغەڵەکە خەریکی فەلاقەکردنی گیراوەکان بوون. مانەوە و وەستان و گوێڕاگرتن لە نەڕەی پیاوەکان کە -رەنگە- بەسترابوون بە گوڵمێخی ئاخوڕەکانەوە و لە بن زەبری قامچی و شووڵی بیدا ئازاریان ئەچەشت. ئەمەش نە شتێکی تازە بوو و نە شتێکی دڵخۆشکەر. بەس تەنها هەندێ کوڕوکاڵ کردیانە سەربان بۆ سەیرکردنی بەرنامەی تەمێکردنی خاکی و بەڵخی و کوڕی سالار ڕەزاق. ئەوانەی کەسوکاری پیاوەکان بوون، چاوەڕوانی کۆتایی کارەکە، ئەگریان بە بێ ئەوەی فرمێسکی گریانەکەیان پیشان بدەن. هەروەها لێرە و لەوێ ئەو ژنانە بوون کە لە کۆڵان ئەهاتن و ئەچوون و سەریان نابوو بە بن گوێی یەکترەوە و پچەپچیان ئەکرد و بە دزیکەوە سەیریان ئەکرد.

بابە گولاو، بۆ ئەوەی خەڵکەکە لە ماڵی بوندار بێنە

دەرەوە، شـوێنی خـۆی گـۆڕیبـوو و لـە بـن دیوارەکـەی ماڵـی سـەیدی تەلـەفوونچـی دانیشـتبوو، گـۆچانەکـەی ڕێک گرتبوو بە دەسـتیەوە و لـێـوی ئەبزوانـد. لای دەسـتی بابـە گـولاوەوە مووسـا دانیشـتبوو و هێشـتاش دەسـتی بـە خالاّیـی و تەوێڵیـەوە بـوو لـە ژان و ڕقدا لێـوی خـۆی ئەکرۆشـت.

لای سـەرەوەی کـۆڵان و نزیـک جیبەکـە قرەیەکـی کـورت سـاز بـوو و ئەوەنـدەی مووسـا جـووڵا و ئاخێـزی کـرد، هەڵڵاکـە نیشـتەوە. ئـەوا تفەنگەکـەی کابـرای جەندەرمـە بـە دەسـت نادعەلیـەوە بـوو و جەندەرمەکـەی بـە خامۆشـی ڕەتاندبـوو بـە دیوارەکـەوە. مووسـا بـە دژواری، بـەڵام بـە شـادمانیەوە لـە سـەر پـێ وەسـتابوو و چاوەڕوانـی بەرەنجامـی کارەکـە بـوو. زۆری پـێ نەچـوو بـەڵام کـە هـاواری بونـدار بـە تووڕەیـی لـە حەوشـە بـەرز بوویـەوە و وا پـێ ئەچـوو لـە ژنـەکان تـووڕە بـووە:

ـ بـڕۆن ون بـن ئیتـر! ژن و پیاوتـان سـەروبنی کلاشـێکن. ون بـن گـوو بـە قەبـری باوکـی هەمووتـان! ئـەم گونـدە ئێوە بـە قوڕتان گـرتووە!

مووسـا وەرگـەڕا و لـە بەرامبـەر دەرگای ماڵـی بونـدار وەسـتا. لای دیـواری گـەوڕەکـە و نزیـک دەرگای حـەوشـە، ژنەکـەی گـۆدەرزی بەڵخـی لـە بەردەمـی ئەوانیتـرەوە وەسـتابوو و وەڕەز و جـاڕس ئەیقیژانـد:

ـ ئیتـر چـی؟ ئیتـر چـی؟ هانـێ سـەری منالّـەکانیشـم ببـڕە! بیبـڕە! بیبـڕە سـەریان! هانـێ! هانـێ! هانـێ!

لەبـەر چـاوی ئەبلـەق بـووی مووسـا، ژنـی بەڵخـی کـە ئەتـوت شـێت بـووە، بچووکترین کچـی لـە عـەرزەکە بەرز کـردەوە و وەکوو جلشـۆرێک کوتـای بـە کەللـەی بونداردا کـە کچـە دەسـبەجێ لەسـەرخۆ چـوو و بونداریـش پاشـەوپاش ڕۆیشـت و پشـتی بـە دیوارەکـەوە ڕاوەسـتا. مووسـا هـاواری لـە نادعەلـی کـرد و خـۆی هەڵاتـە ژوورەوە و نادعەلـی بـە دوای خـۆیدا ڕاکێـش کـرد بـۆ

حەوشـە:

ـ بەس نییە؟ هێشتاش بەس نییە؟! هێشتاش بەس نییە؟!

نادعەلی بە غار هاتە ژوورەوە و بەرەو ئاغەڵەکە چوو و کاتێکە خاڵوی ڕێگەی پێگرت، بە قۆنداخی تفەنگەکە کێشای بە سینگیدا و ئەمجارەیان بابقولی بوندار لە بن دیوارەکە کەوت و بە ژنی بەڵخی کە شیوەن و گریانی بوو و ژنەکانیتر گرتبوویان، وتی:

ـ کارێک ئەکەم لەم قەڵاتە بار بکەن! تازە تەواو بوو. زستان ئەبێ گۆشتی مناڵەکانت بخەیتە سەر و بیخۆی! تازە تەواو!

ـ ئەی ناپیاو، ناپیاوی بێغیرەت!

تەقەی تفەنگ لەپڕ هەناسەکانی بڕی. تەنانەت کچەی شین هەڵگەڕاو بە دەستی لالاوە لە بیر چوویەوە. بوندار، لە بن دیوارەکەدا ڕەنگی وەکوو گەچی دیواری لێهات و هەناسەی بڕا. کێ چووزانێ گوللە دابێتی لە سینگی یەکێک لە کوڕەکانی. ئەوە نەبوو بێدەنگی مەرگ زاڵ ببوو بە سەر گەوڕەکەدا؟ هیچکەس نەئەجووڵا. دەرگای دیوەخانیش نەکرایەوە. ئەتوت هەموو مردوون. مووسا بە بەردەمی بونداردا تێپەڕی و خۆی کرد بە گەوڕدا. نادعەلی لای دەرگای ئاغەڵەکە و بەرامبەر بە ئاخوڕەکان چۆکی دادابوو و نیشانەی لە کوڕانی بوندار و جەلیل ئاغە گرتبوو و کەف لە لالەغاوەیەوە دابوویە دەرەوە:

ـ ئەتانکوژم. ئەتانکوژم! هەمووتان ئەکوژم! قۆڵیان بکەنەوە؛ بیانکەنەوە بێغیرەتانە!

پیاوەکانیان لە بەند و بەندیان لە پیاوەکان کردەوە. پیاوان هێشتا لەپێ نەکەوتبوون. بەس عەلی خاکی پەکی کەوتبوو و هەناسەی سوار ببوو. بەراتعەلی سالار دەستی گرت بە لێواری ئاخوڕەکەوە و بەڵخی ئەتوت شان و پانیەی سەریان

داکوتاوە بە دیوارەکەدا لەپەسا لاشەویلکەی ڕێگ ئەگووشا. نادعەلی ئەژنۆی ڕاست کردەوە و چووە بەرەوە و بە بێ ئەوەی بتوانێ وشەیەک بڵێ، هەروا شکاو و چەماو، وەک بڵێی ئەو تاوانەکەی ئەنجام داوە، لە بەرامبەر پیاوەکاندا ڕاوەستا.

کوڕانی بوندار و جەلیل ئاغە، وەک بڵێی هەر نەبووبێتن، ونبوون. بە خشکەیی بۆی دەرچوون و ونبوون. بەڵخی دەستی هەڵێنا و ئارەقەی لە پێڵووی سڕییەوە. نادعەلی هەنگاوێکی هەڵگرت. بەڵخی شانی دانەواند و خاکی بەرز کردەوە و ڕایوەستاند. بەراتعەلی سالار هاتە پێشەوە و شانی دایە بن باڵی خاکی. وا دیار بوو زیاتر لە هەموو شوێن، ئەسڵانی بوندار لە پووز و ئەژنۆی خاکی دابوو.

لە ناو گەوڕی بوندار، ئیتر بێگانەی لێ نەبوو. لە سەر بانیش. ڕەنگە لە پاڵەوە ئەماژە کرابێ کە کوڕانی بوندار و جەلیل خۆیان بکشێننەوە. بونداریش نەهاتبوو بۆ گەوڕ، یان نەی توانیبوو بێت. جگە لە نادعەلی و مووسا، سالار ڕەزاق بوو کە لە بن دیوارەکەدا وەستابوو، بە بێدەنگ ئەگریا و ئەتوت شەرم ئەکا بچێتە بەرەوە. لە ئەنجامدا سالار ڕەزاق بە سەر خۆید ازاڵ بوو، پێی هەڵگرت، هاتە پێشەوە و دەستی دایە بن باڵی کوڕەکەی. بەراتعەلی قۆڵی لە دەستە لەرزۆکەکانی باوکی دەرهێنا و وتی خۆی ئەتوانێ بڕوا بە ڕێدا.

کەوتنە ڕێ. گۆدەرزی بەڵخی، هەرچەند سەرە زلەکەی بەهۆی زەبری قامچی کوڕی ئالاجاقی ئاوسابوو و لە گێژەوە ئەهات، بەڵام بە تۆزێک وردبوونەوە و خۆڕاگری ئەیتوانی لە سەر پێ ڕاوەستێ و بڕوا بەڕێدا. بەراتعەلی سالاریش کە بەر پلی شەیدا کەوتبوو زۆری زەبر بەر نەکەوتبوو. لەم نێوانەدا عەلی خاکی بوو کە لە بن زەبری ڕقەبەرانەی ئەسڵانی بونداردا لەسەرخۆ چووبوو و زۆری ئازار پێگەیشتبوو. ئەسڵانی بوندار تەنانەت لە هەڵبژاردنی عەلی خاکیدا زیرەکی کردبوو. ئەسڵان،

بەراتعەلی سالاری بە جووتیاری ئاغە زانیبوو و لێی گەڕابوو بۆ شەیدا. بەڵخیش کەوتبوە بەر زەبری بێ بەزەیی جەلیل ئاغە، چونکە لە بەڵخی ئەترسا. گۆدەرزی بەڵخی هەرچەند بنج و بنەوانێکی لە قەڵاچیمەن نەبوو و هەروەها پشت و پەنایەکیشی نەبوو کە دەستە پێکەوە بنێ، بەڵام خودی خۆی توانیبووی ترس لە چاوەکانی کوڕی بوندار بچەقێنێ؛ کە نە لە زمان ئەکەوت و نە لە دەست و بازوو. جگە لەمانەش عەلی خاکی زیاتر لە بەر چاوی ئالاجاقی کەوتبوو و ئەسڵانی بوندار ئەیزانی کاری عەلی خاکی کۆتایی پێهاتووە. خاڵێکی ناسکی تریش ئەوەی کە بە لێکەوتنی خاکی -تەنانەت ئەگەر ئالاجاقیش ڕای بگۆڕیایەت، کە نەئەگۆڕا- خاکی خانەنشین ئەکرا و ئەو کەسەی کە لە زنجیرەی جووتیارەکانی ئالاجاقیدا جێگەی ئەوی پڕ ئەکردەوە، خودی ئەسڵانی بوندار بوو.

جەندەرمە، ژنەکانیان لە حەوشەی ماڵی بوندار پاڵ پێوە نابوو بۆ کۆڵان. ئەوە بوو ئەوان لە پشت دیواری ماڵی بوندار چاوەڕێیان ئەکرد. پیاوەکان لە دەرگاوە پێیان نایە حەوشە و ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆیشتنی جیبەکەی ئالاجاقی کە لێکۆڵەر و عەریف کەمالی جوینی، لە تەنیشت ئالاجاقی و جەلیل ئاغەوە لەگەڵ خۆی ئەبرد. وا دیار بوو ئەو جەندەرمانەیان بۆ یارمەتیدانی بوندار بەجێ هێشتبوو، لە ترسی کاردانەوەی برینەدارەکان.

لە ڕاستەی کۆڵانەکە و لە قەراخ جۆگەی ئاوەکە، تاک و تەرایەک خەڵکی لێرە و لەوێ وەستابوون. پیاوەکان لەگەڵ ژنان و منداڵەکانیان و مووسا، نادعەلی و سالار ڕەزاق بەرەو خوار بران. عەلی خاکی بە ئاشکرا ئەشەلی و ئەو دووانە پێکەوە ئەرۆیشتن. کچە بچووکەکەی بەڵخی هەروا بە باوەشی لالاوە بوو و دیار بوو هەناسەی هاتۆتەوە بەبەردا. هەر هەموو یەکسەر بەرەو ماڵی بەڵخی ڕۆیشتن. ستار لە بەر دەرگای

ماڵـی بەڵخـی دانیشـتبوو. عـەلـی خاکـی دیسـانەوەش بـەرەو خـوار کشـا، بە بێ گوێدانە نیگای پرسـێنەری بەڵخی و قسـە و گوتەی ژنەکـەی:

ـ تۆیش بچۆ بۆ ئەوێ ئەرباب! زۆر سپاسـت ئەکـەم، نادعـەلـی خـان!

ژنـی خاکـی و نادعـەلـی، لـە کابـرا گـەڕان. خاکـی دەسـتـی گـرت بـە دیوارەکـەوە و گـەڵاوگـەڵ، لـە بـن نیـگای ژنەکـەی و نادعـەلـی چوارگوێشـلـیدا ڕۆیشـت و کـە گـەیشـتـە بـن تاقـە شـکاوی ماڵـی کەلایـی خـواداد، وەسـتا. چـەکوشـی دەرگاکـەی کوتا و تـەوێڵـی مانـدوو و بەژانـی نـا بـە دەرگاکـەوە و هـەروا مایـەوە.

دەسـتـی لـەڕی قەدیر، بـەو ئەندازەیـەی ڕوخسـاری دەربکـەوێ دەرگاکـەی کـردەوە و چـاوی بڕییـە چـاوی عـەلـی خاکـی. ڕوخسـاری قەدیـر بـەو چاوانـەوە کـە زۆر زلـتر لـە قووڵایی کالانەدا سـەرگەردان بوون، تەنانـەت عـەلـی خاکـی کـە خـۆی لـە لـەرز و تـای ڕق و تووڕەیـیدا ئەسـووتا، گـەیانـدە ئـەو باوەڕە خێرایـە کـە قەدیری کەلایـی خـواداد پیـر بـوو. قەدیـر بەس سـەیری ئەکـرد بـە بێ ئەوەی بتوانـێ لێـو ببزێـوێ. هـەروەهـا بـە بـێ ئـەوەی هـەوڵـبـدا لـەرزینـی دەمارگیرانـەی گـۆنـا و چـەناگـەی لـە نیـگای خاکـی بشـارێتەوە.

خاکـی بـەڵام ئـارام بـوو. بـە ڕواڵـەت ئـارام بـوو. نیـگای هیـچ پەیامێکـی تایبەتـی نەئەنـارد بـۆ قەدیـر. ڕوخسـاری هـەڵاوسـا بـوو و ئـەو بەشـەی قـژی لـە بـن کڵاوەکـەیـەوە دابوویـە دەرەوە، خـۆڵ و شـیاکە بـوو. قـەراخ چـاوی ڕاسـتـی هاتبـۆوە یـەک و لـەشـی بـە خـواری بـە سـەر چۆکیـەوە وەسـتابوو و وا دیـار بوو بـە دژواری خـۆی ڕاگـرتـووە. قەدیـر بـە بـێ ئـەوەی بیـەوێ دەرگاکـەی کـردەوە و خاکـی کـە بـە هـۆی دەسـتیـەوە خـۆی دابـوو بـە سـەر دەرگاکـەدا و بـە زۆر خـۆی ڕاگـرتبـوو، لـەپـڕ بـەر بوویـەوە ژوورەوە و قەدیر بەناچاری گـرتـی و لـە سـەر سـەکـۆی قـەراخ داڵانەکـە داینـا و خـۆی لـە بەرامبـەریدا دانیشـت، بـە بـێ هـەناسـەدان و بـە ڕەنگێکـی وەکـوو کـا. خاکـی

بۆ ئەوەی هاناسەی بێتەوە بەر، چاوی لێکنا و قەدیر سەری نایە سەر باسکی و شانەکانی بە هۆی گریانێکی خامۆشەوە کەوتنە لەرزین. خاکی هەناسەی هاتبوویەوە سەرخۆی. پێڵووی هەڵبڕیبوو و ئازار لە هەموو لەش و بوغز لە گەرووی‌دا. بە خامۆشی ئەیڕوانیە قەدیر. ئاخرەکەی قەدیر خۆی پێ ڕانەگیرا، سەری لە سەر باسکی هەڵێنا، چاوی بڕییە چاوی خاکی و وتی:

ـ بە خوایەتی خوا نەم ئەویست... نەم ئەویست ئاوا لە ئێوە بکەن!

خاکی بۆ ئەوەی هەڵسێت، چنگی لە خشتە شکاوی دیوارەکە گیردا، بە دژواری خۆی ڕاست کردەوە و وتی:

ـ هاتم پێت بڵێم خۆزگە لەبری ئەمکارەت یەکێک لە منداڵەکانی منت سەر ببڕیایەت! نانی خەڵک، گەنمی خەڵک! ئەمە تاوانێکی بچکۆلە نییە، کوڕی خواداد. ئەمە گوناحێکی سووک نییە! من ئەگەر لەبری ئەو خەڵکە بوایەتم و بمزانیبا تۆ کردووتە، تەنها ساتێکیش لێی ڕانەئەوەستام و پارچە پارچەم ئەکردی. سەری خۆت هەڵگرە و لەم وڵاتە بڕۆ قەدیر! سەرت هەڵگرە و بڕۆ، یان سەر بنێرەوە و بمرە بۆ خۆت!

پچڕپچڕ خۆی گەیاندە دەرگاکە و ویستی بچێتە دەرەوە. لە دەرگاکە چووە دەرەوە و ڕۆیشت و قەدیری لە ناو داڵانەکە بەجێ هێشت. قەدیر جارێکی‌تر سەری کردەوە بە ناو قۆڵی‌دا و بە خامۆشی گریا.

ـ قەدیر... قەدیر... بابە گیان، قەدیر!

هەرچەند وەڵامدانەوەی تکا و پاڕانەوەی پیرەمێرد ئەیتوانی -لانیکەم لەم کاتەدا- دڵدانەوەیەک بێ بۆ قەدیر، بەڵام ئەو لە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کە ڕەنگ بوو تۆزێک لە ئازارەکەی کەم بکاتەوە بە توندی بەرگری ئەکرد. ئەتوت ڕزگاریی خۆی لەوەدا ئەبینێ ئازار بچێژێ. ئازار و ئەشکەنجەی

خـۆی، ئازاردانـی بێبەزەییانـەی خـۆی، تۆڵـە سـەندنەوە لـە خـۆی، لـە بوونـی خـۆی و تـا لـە نـاو بردنـی هەمـوو ئـەو شـتانەی لـە دەروونـی‌دا بـوو و خـۆی نـەی ئەناسـی. دەرکردنـی خـۆی لـە خـۆی. ئێـرەی قەدیـر لێـی وەسـتابوو، کـە قەدیـر وەسـتێنرابوو، دەمـی تیغێـک کـە کەوتـن بـە هـەر لایەکـی‌دا چاڵێکـی دۆزەخ بـوو. قەدیـر ئەبوایـە ئێسـتە و بـۆ یـەک جـار و بـۆ هەمیشـە لەگـەڵ خـۆی ڕووبـوڕوو ببێتـەوە، ڕووبەڕووبوونـەوە و ملـملانـێ. ملـملانێیـەک کـە ڕەنگـە ئەنجامەکـەی تیاچـوون بوایـەت. بەرەنجـام بـەڵام ڕوون نەبـوو. لـێ، ڕێگـەی دەربازبوونیـش لـەو ملـملانێیـە نەبـوو. لـەوە زیاتـر نەفرەتـی لـە خـۆی کردبـوو کـە بتوانـێ بـە خـۆی لـەم کاتـەی ئێسـتادا ڕازی ببـێ. ئـەو ئەوپـەڕی بێـزاری لـە خـۆی بـوو. بێـزاری و نەفـرەت. نەفـرەت و ڕق. ڕق و کینـە لـە هەمـوو هەبوونـی خـۆی، کینـە لـە خـۆی. بـە ڕادەیـەک کـە نـەی ئەتوانـی خـۆی ببەخشـێ. یـان ئەبوایـە خـۆی لـەو ڕووبـارەدا کـە نەی ئەناسـی خاوێن بکاتـەوە، یـان ئـەوەی کـە تاوانێکـی تـازە ئەنجـام بـدات. هەرچـی چـۆن بـێ و بـە هـەر ئاوایـەک ئەبـوا خـۆی بگـۆڕێ، ئەگـەر بـۆ خراپتریـش بـووە.

ــ قەدیر... قەدیر... بابە گیان، قەدیر!

قەدیـر بـە دەنگـی باوکـی سـەری لـە سـەر دەسـتی هەڵێنـا و گوێـی لـێ ڕاگـرت و کاتێکـە دەنگەکـە خامـۆش بـوو، هەڵسـا و لـە نـاو داڵانـەوە بـەرەو ژووی دانیشـتن چـوو و چـاوی لـە چـاوی پیرەمێـرددا لـە بـەر خۆیـەوە وتـی:

ــ «نـەء! بەڵێنـت پـێ ئـەدەم ئەمـەیان نـا، بابە گیـان. بەڵێنت پـێ ئـەدەم ئەمکارەیان نـا. ئەمـەیان ناکـەم. نـەء! باوکـم، باوکـم، ئـەم تاوانەیان نـا! ئـەء. بابـە گیـان. بەڵێـن بـێ نـا! نـەء... قـوڕ بـە سـەری دنیا!»

ــ لەگەڵ کـێ قسـە ئەکەی؟ لەگـەڵ خـۆت؟

قەدیر داچڵەکا و موچوڕکەیەک هات بە گیانی‌دا:

ــ ها؟ چی؟!

عەباسجان قۆڵی شۆڕەوە بووی براکەی توند گرت و وەکوو گۆچێکی بێ دەسەڵات ڕایکێشا بۆ لای تەنوورەکە و وتی:

ـ تۆیان ئەوێ!

قەدیر لە یەک کاتدا، هەم پیر ببوو و هەم مناڵ. پیری لە کۆمی پشتیدا و منالی لە قەراخ لێوەکانیدا نیشانەیان هەبوو. مناڵ و گەمژە چەناگەی بەرز ڕاگرت و ڕوانیە برا، بە بێ خەمی ئەوەی کە پێکەنینە سووتاوەکەی بە واتای بڕوا نەکردن و ترس بە لالەغاوەیەوە شۆپیان جێ هێشتبوو، پرسی:

ـ من؟ ها؟ منیان ئەوێ؟ کێ؟!

ـ ئەوان!

ترس و شەوق. شەوقی منالانە لە گلێنەی چاوەکانیدا. ئاوێنەی خۆفێکی کوشندە. شان و ئەژنۆی بە ئاشکرا ئەلەرزی و هێلی پێکەنینێکی سووتاو بە قەراخ لێویەوە شۆپی دیار بوو. دەستەکانی، یان تۆ بڵێ دوو چنگووڕی دالاشێکی پیری لێقەوماو، بەرز کردەوە و بە پاڕانەوەوە وتی:

ـ چی بکەم، عەباسجان، برام؟

عەباسجان وتی:

ـ چیت هەیە بیکەی؟ ئەیانەوێ قسەت لەگەڵ بکەن. کارێکی نییە! جگە لەوەش... کێ چووزانێ؟ ڕەنگە بیانەوێ خەڵاتیشت بکەن!

قەدیر، دەم داچەقاو و سەرسووڕماو لە بەرامبەر براکەیدا ڕاما. عەباسجان درێژەی دا:

ـ ڕەشمەی کەرداری، داری دەشتەوانی، یانیش... ڕەنگە پێمەڕەی جووتیاری.

داماو و سەرلێشێواو قەدیر وتی:

ـ عەباسجان... برام... بلێ؟!

عەباسجان پێی نایە ناوداڵان و قەدیر بە دوایدا ئاتەکی جاکەتەکەی گرت و بە پاڕانەوەوە وتی:

ـ بڵێ عەباسجان... عەباسجان... پێم بڵێ چی ئەبێ؟!
عەباسجان ئاوڕی لە براکەی دایەوە و وتی:
ـ بۆ وا وەکوو پیرەکان خۆت کۆم کردۆتەوە؟! بڕۆ با بڕۆین ئیتر! مەگەر ناتەوێ لە ڕوورەشی دەرت بهێنم؟
ـ بڕۆین... بۆ نا... بابڕۆین... ئەڕۆین... ئەڕۆین برا گیان، ئەڕۆین!
عەباسجان لە دەرگاکە چووە دەرەوە و قەدیر بە بێ توانای بیر کردنەوە، وەکوو مەڕێکی بێوەی بە دوایدا پێی نایە ناو کۆڵان و لە ترسی ئەوەی نەکا بە هەنگاو لێی هەڵبڕێ، بە دوای سێبەرەکەی عەباسجاندا ڕۆیشت.

کۆتایی بەرگی شەشەمی کەلیدەر

# بۆ بەرگی ٧

